# کتێبی

# شۆڕش

# و




**نوسینی: بەهزاد حەسەن**

**کتێبی شۆڕش و دەسەڵات**
**نوسینی: بەهزاد حەسەن**

**پێشکەشە بە**

# گیانی هەڵچووی گەنجان

## پێڕست

پێشەکی
بەشی یەکەم

ڕۆژژمێری ڕاپەڕین

1– کورد و پەیوەستبوون بە مێژووەوە
2– دەسەڵاتی کوردی و ڕاونان و ڕاوکردنی عەقڵ
3– گەنج و شۆڕش و گۆڕان
4– ڕۆحی شۆڕش
5– بکوژوببڕ خۆتانن بۆ ناڕۆن؟
6– دەسەڵات و دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات
7– چەند وانەیەکی قوتابخانەی شۆڕشی گەلی میسر و ڕاپەڕینی ئەم جارەی کورد
8– بێدەسەڵاتی دەسەڵاتی کوردی
9– بەسەرچوونی زەمەنی دیکتاتۆر
10– کاتی ئەوە هاتووە هەموو لاپەڕە ڕەشەکانی پارتی و یەکێتی هەڵدرێتەوە
11– خاڵە لاوازەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارەی کورد
12– شۆڕشی سپی دەبێت بەردەوام بێت
13– ئەنفالی کورد بەدەستی کورد
14– ئەشکەنجەدان
15– کۆنفیدرالیزم وەک دوا چارەسەری کێشەی کورد لە ئێراقدا
16– دەسەڵاتی کوردی وەک دژی گەشەی سروشتی
17– دەستبەردارنەبوونی دەسەڵاتی کوردی
18– لاوازی ئیرادەی شۆڕشی کورد
19– ترس لە ئازادی
20– ئەڵقەی ون لە ڕاپەڕینی ئەم جارەی کورددا
21– سومبولی ئازادی شاری هەولێر
22– ڕاپەڕینی کوردستان لە نێوانی بەرداشی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا
23– نیشتیمان وەک بەهەشت، نیشتیمان وەک دۆزەخ
24– ئێمە و دەسەڵات
25– هاوکێشەی ئەقڵ و گێلێتی

26– حەتمیەتی گۆڕان
27– بەجیهانیبوون و نەتەوایەتی
28– کاتێک مرۆڤەکان یەکتری دەکوژن
29– گرەوی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لەسەر میللەت
30– ئێمە بۆ نەمانتوانی ئەم جارە ڕاپەڕین بەئەنجام بگەیەنین؟
31– پێداویستی گۆڕان لە بزوتنەوەی گۆڕاندا
32– سیاسەت بە جۆرێکی تر
33– کێشەی ئازادی
34– ئازادی و بەرپرسیارێتی
35– کورد و هێزی چەکدار
36– خودی دەسەڵات چیە؟
37– بەمەیمونکردنی مرۆڤ
38– زەمەنی دزراوی ئێمە
39– دەسەڵات و بەرپرسیارێتی
40–ئەگەر ئەمجارەش
41– دەنگی ویژدان
42– دەسەڵاتدارێتی و ئەقڵانیەت
43– پێداویستی دەسەڵات/ پێداویستی شۆڕش
44– دادگایکردنی سەرۆکەکان
45– ئۆپۆزیسیۆنی ئۆپۆزیسیۆن
46– کاتی ئەوە هاتوە "ئەنجومەنی ڕاوێژکاری شۆڕشی کوردستان" دابمەزرێت
47– ئەقڵیەتی دەسەڵات
48– دەسەڵات و تێکشکاندنی ئیرادە
49– پێداویستی ئۆپۆزیسیۆن، شۆڕش و دەوڵەت
50– تیرۆری دەسەڵات
51– ترسی ژیان، ترسی مردن و ترسی دەسەڵات
52– زەمینە و زادگەی دیکتاتۆر
53– شەڕی پژاک و پەکەکە بۆ لەناوبردنیان نیە، بەڵکو بۆ پارێزگاریکردنی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیە
54– داخستنی ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە" و کەلەڕەقی سیاسی
55– شۆڕش

56– کێ شۆڕش دەکات؟
57– دیسانەوە دەسەڵاتی کوردی و بزوتنەوەی گۆڕان
58– پێداویستی سەرکوتکردنی دەسەڵات
59– کۆمەڵگای حەق
60– سنورەکانی دیموکراتی، یاخود دیکتاتۆریەتی ئەقڵانیەت
61– ئایا ئێمە دەتوانین سیستەمێکی دیموکراتی دابمەزرێنین؟
62– ئازادی و دادپەروەریی
63– بوونی بینراو و بوونی نەبینراو
64– کورد بۆ ناتوانێت لە هەرێمی کوردستانی ئێراقدا ڕاپەڕێت؟
65– ڕاپەڕین لە نێوانی بەرگری دەسەڵات و بەرگری جەماوەردا
66– کۆمەڵگای دیموکراتی، بەبێ ئازادی چەوساندنەوە
67– کەلتوری شەڕ، یاخود شەڕئەنگیزیی مرۆڤ
68– پێداویستی شەڕ
69– بەرەنگابونەوەی شەڕ

**بەشی دووەم**

**هەندێک بابەتی پەیوەندیدار بە سیاسەت و دەسەڵاتەوە**

**70– تایبەتمەندێتی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان**
71– حیکمەت و سیاسەت
**72– دیموکراسی و مافی هاووڵاتیبوون**
**73– بەجیهانیبوون و بەربەریەت**
**74– دەسەڵاتی کوردی و پرسی دەسەڵات**
**75– نوسەر و خوێنەر**
**76– ڕۆشنبیریی و دەسەڵات/ پێداویستی ڕۆشنبیری**
**77– هەندێک بابەتی پەیوەندیدار بە دەسەڵاتدارێتی و پەیوەندی ئازادیەوە**
78– هەندێک بابەتی تری پەیوەندیدار بە پەیوەندیی دەسەڵاتدارێتیەوە

## پێشەکی

دەسەڵات ئەو وشەیەی لێیدەترسین، یاخود ئەو وشەیەی سامی خۆی هەیە و زۆرجار دەمانەویت خۆمانی لیَلادەین، یاخود لە خۆمانی دورخەینەوە، وەک ئەوەی ژەهراویی بێت، گلاو بێت. دەسەڵات زۆر جار بۆنی ناپاکی، غەدر، زۆرلێکردن، پێشێلکردن، مافخواردن و خراپبەکارهێنانی لێدێت.

هەڵبەتە  بە گشتی دەسەڵات مێژوویەکی زۆر خاوێنی نیە، هەربۆیە هەتا ئێستا لایەنە خراپکارییەکانی زاڵە و ناهێڵێت بە ڕوەکەی تری ئاشنابین، کە ڕەنگە هونەری بەڕێوەبردن بێت، ڕەنگە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییەکی قورس و گران بێت.

لە هەموو ئەوانەش گرنگتر، ڕەنگە پیادەکردنی جۆرێک لە دادپەروەریی بێت.

ئەوانە کێن دەسەڵاتیان لە دەستدایە؟ مرۆڤ چۆن دەگاتە دەسەڵات؟ ئایا ئەوانەی لە دەسەڵاتدان جۆرێکی ترن لە مرۆڤ؟

دەسەڵات بەدەستەوەگرتن، دەسەڵاتبەسەرداشکاندن، واز لەدەسەڵات نەهێنان، بەرنەدانی جێگە و پلەی باڵا.... دەبێت دەسەڵات چ جادویەک بێت ئەوەی دەستیپێدەگات، نایەوێت دەستبەرداریبێت؟

چێژی ئەوەی لەسەرەوە بیت، ئەوەی هەموو ئەوانی تر لە خوارەوە بن، چێژی بەیەکەمبوون، ئەوەی کەسی ترت لەپێشەوە نەبێت. لە هەموو چێژەکانیش گەورەتر، چێژی قسەڕۆشتن، چێژی فەرماندەرکردن، ئەمانەش خۆیان لە خۆیاندا یەک چێژی تر پڕدەکەنەوە ئەویش چێژی سەلماندی خودە، سەلماندنی بیروبۆچونە تایبەتییەکانە بەبیَ هیچ ڕێگرێک. بە واتایەکی تر پڕکردنەوەی ئارەزوەکان و خواستەکانی ئەقڵە، پێداویستییەکانی ئەقڵە... بەبیَ گریَ و هەوڵدانی نەهێشتنی ناکۆکی نێوان ئاسۆی بیرکردنەوە و واقعی بەردەستە یاخود واقعی مومکین.

تیاژیانی ئەو ساتانە، مۆتۆڕی دروستکردنی ساتەکانی دواترە و پتەوکردنیانە، دۆزینەوە و داهێنانی نوێی چێژبینینە لەخود. بەرەڵاکردنی ئاوەزی ویست و خواستەکانی ئەقڵە، ئەو ئەقڵەی بەهیچ شتێک تێرنابیَ و گەر بەری بەرەڵابێت هێشتا ئەم جیهانە، ئەم گۆی زەوییە بچوکە بۆی.

کەم تا زۆر هەر یەکێک لە ئێمە خاوەنی ئەقڵێکی شاراوەی لەو جۆرەین. ئەمە سیفەتی خامی ئەقڵە. ئەرکی ئەقڵ پاراستن و دابینکردن و مسۆگەرکردنی ژیانە بەبیَ هیچ هەلومەرجێکی ئەقڵانی (لۆجیکی) بەیەکدادانی ئەم ئەقڵانە ئەو ململانێیەی لێکەوتۆتەوە کە پێی دەڵێین کێشەی دەسەڵات.

ئەم کۆمەڵە نوسینە، بەشێکی لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی ئەم دوایەی کوردستاندا نوسراوە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕوداوەکانەوە هەیە. بەشەکەی تری کۆمەڵێک وتاری پەرشوبڵاوە لەسەر دەسەڵات کە هەندێکیان زوتر بڵاوکراونەتەوە و هەندێکی تریان لە کۆمەڵی دەستنوسەوە پاکنوسکراون کە تەمەنی هەندێکیان دەگەڕیتەوە بۆ پانزە بیست ساڵێک لەمەوبەر، کە زیاتر کاتی خۆی بۆ خۆڕۆشنبیرکردن نوسراوان، بەڵام لەسەرێکەوە پەیوەندیان بە دەسەڵاتەوە هەیە و ئەمڕۆ دەسەلات و شۆڕش بابەتێکی ئەکتیڤە.

لەو هیوایەدام کە ئەوەندەی پرسیارم وروژاندبێت، ئەوەندەش ڕوناکیم خستبێتە سەر هەندێک پرسیاری تر.

زۆربەی ئەم بابەتانە لە ماڵپەڕێکدا بڵاوکراونەتەوە بە ناوی دەسەڵاتەوە لەسەر ئەم ناونیشانە:

http://desellat.blogspot.com

بۆ پەیوەندیکردنیش دەتوانرێت ئەم ئیمەیلە بەکارببرێت:

deselat@gmail.com

بەهزاد حەسەن

# بەشی یەکەم
## ڕۆژژمێری ڕاپەڕین

**کورد و پەیوەستبوون بە مێژووەوە**

**19.03.2011**

**ئەوانەی لە دوای ڕاپەڕین، پەڕینە سەر کورسی و داگیریانکرد، ڕاپەڕینیان ئەتکرد و لەباریانبرد. کۆمەڵێک چەکداری تینوی دەسەڵات بوون کە بە حوکمی قاچاخبوونیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە دەسەڵاتی ناوەندیی، هەموو خووڕەوشتێکی دەسەڵاتداریان وەرگرتبوو، هەموو کونوقوژبنێکی دەسەڵات شارەزابوون، بەڵام لە پێچەوانەی دەسەڵاتدا بوون، واتە ئاوێنەی دەسەڵات بەبێ دەسەڵاتی فیعلی، بەڵام ئامادە.**

**لەبەرئەوە کاردانەوەیەکی سروشتی بوو کە یەکسەر بچنە سەر کورسی دەسەڵات و دەسەڵاتە داچەپێنراوەکەیان، خەوە بۆدروستبووەکەیان بێننەدی، ئەویش ئەو چەپێنراوە دەرونییە بوو کە چەندین ساڵ لە شاخ داخیان بۆ دەخوارد.**

**نەوەی نوێ تینوی دەسەڵات نیە، بەڵکو لە دەسەڵات بێزارە، ئەم جیاوازییە جیاوازی دوو پێکهاتەی دەروونیە. کە یەکێکیان دەیەوێت دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت و ئەوی تریان دەیەوێت لایبەرێت.**

**ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر کورسی دەسەڵاتە، نە بە قسەی خۆش، نە بە ئارەزووی خۆی واز لە کورسی ناهێنێت، نە بە نامە و نە بە پاڕانەوە دەستبەرداری نابێت.**

**دەسەڵاتبەدەستی کورد لە جیهانی مۆدێرندا، لەهەلومەرجێکی نائاسایدا دەستی بەسەر کورسی فەرمانڕەوایەتیدا گرتووە، کە هی کۆتاییەکانی سەدەی ڕابوردووە. جگە لەوەی کە کورد بەدرێژایی مێژوو خاوەنی هیچ شێوەیەکی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتیی نەبووە، واتە پەستانێکی مێژووی هەمیشە، بە ئێستاشەوە، لەسەر دەرونی کورد هەبووە و هەیە کە خاوەنی دەوڵەت و دەسەڵاتداریێتی خۆی نیە. هەر ئەوەشە کە سەرەتای ڕاپەڕینی 1991 ڕادەستی چەکدارەکانی شاخ کراو میللەت چاوەڕێی پێگەشتن و دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵیان دەکرد. ئەوەی هەتا ئەمڕۆش دانەمەزراوە و پێنەگەیشتووە.**

**ئەمڕۆ ڕۆژی پاڵاوتنی حسابە، نەک تەنها لەگەڵ دەسەڵاتبەدەستان، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵگا، دابونەریت، مێژوو... ئێمە لەوەتەی هەین و مێژوو هەیە لە مێژوویەکی وەهمیدا دەژین. تایبەتمەندێتی مێژووی ئێمە، تایبەتمەندێتی ئەم ڕاپەڕینەش دەستنیشاندەکات. بەدرێژایی ئەو مێژووەی کە میللەتانی چواردەورمان کە لەهەمان کاتدا بۆ ئێمە میللەتی باڵادەست بوون و ئێمەش ژێردەستە، ئەوا ئێمە خاوەنی بڕیار و ئیرادەی خۆمان نەبووین و لێخوڕدراوین. واتە بەدوای مێژوودا ڕاکێشراوین و خۆمان دەستمان نەبووە لە داڕشتنیدا. هەربۆیە تاکی ئێمە بێئیرادە بووە و نەبۆتە خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆ، ئەوەی کە پێداویستی یەکەمە بۆ پەیوەستبوون بە کۆمەڵگا و بە مێژووەوە.**

ناكرێت كاریگەریی ڕەخنەو نوسینی چەندین ساڵە بەرامبەر دەسەڵاتبەدەستانی كوردستان نەخوێنرێتەوە، بەڵام دینەمۆی ڕاستەقینەی ئەم ڕاپەڕینەی ئێستا شەپۆلی ئەو ڕیزە شۆڕشەیە كە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرپابووە. دەنا دەسەڵاتدارەكان خۆیان بۆ چەند دەیەیەكی تر لەخۆئامادەكردندا بوون و وەچەكانیان ئامادە دەكرد بۆ ڕادەستكردنی دەسەڵات لەدوای خۆیان. هەربۆیە نەک هیچ كاتێک ئامادەنەبوون وەڵامی ڕەخنە و نامە بدەنەوە، بەڵكو ئامادەش نەبوون گوێی لێبگرن.
لەوەدەچێت چارەی میللەتی كورد هەر وابێت كە كاریگەرییەكی دەرەكی بتوانێت ببێت بەهۆی تەقینەوە جەماوەریەكان، وەک هۆكاری ڕاپەڕینە جەماوەرییەكەی 1991 كە دەرئەنجامێكی لاوەكی شەڕی ئەمریكا و ئێراق بوو، ئەوەی ئەو بارەی ڕەخسان و میللەتی كوردی بێبەش لە هەموو شتێک توانی بیقۆزێتەوە، بەڵام ئەنجامەكەی ئەوە بوو كە بینیمان چۆن هەر بە فەریكەیی خورا.
دەسەڵات بۆ ئامادە نییە واز لە دەسەڵات بێنێت؟ لە ڕاستیدا وەڵامی ئەو پرسیارە ئاسانە. یەكەم ئەوەی خاوەنی سامانێكی زۆر بێت، هەتا بۆی بكرێت دەستبەرداری نابێت. دووەم تەنها خاوەندارێتی سامان نیە كە دەسەڵاتبەدەستان واز لە دەسەڵات ناهێنن، بەڵكو ئەو حەقەی بەخۆیان ڕەوا بینیوە كە خاوەنی ئیرادەی خەڵک بن، ئەوەی وەک مرۆڤ سەیرنەكرین بەڵكو وەک سەرەمەڕ. واتە ژێردەستخستنی چارەنوسی هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن، بە هەموو ئەو داردەست و دەزگایانەی دایانمەزراندووە كە ئەو مەبەستەیان بۆ جێبەجێدەكات، ئیتر گرنگ نییە لەڕێگەی كوشتن و گرتن و دەمكوتكردن و كڕین و داپڵۆسینیشەوە بێت.
ئەو دوو خاوەندارێتییە وا دەكات كە دەسەڵاتدار خۆبەخۆ بەپێی ئەو پێگەیەی بۆخۆی دروستكردووە، لە سەرجەم دانیشتوانی ژێر ڕكێفی خۆی جیاببێتەوە و ببێت بە مەخلوقێک كە لە سیفەتە مرۆڤایەتییەكەی داماڵرێت و ببێت بە ئامێرێكی بێ ڕۆح و بوونی بە بوونی كورسییەكەیەوە ئاوێتە ببێت.
ئەمەیە كە دەبێت بگۆڕدرێت نەک دەموچاوەكان. واتە لە دەسەڵاتدارێتییەوە بۆ فەرمان-ڕەوایەتی. ئەوسا پێگەی دەسەڵات بە زەبروزەنگ داگیرناكرێت، بەڵكو بە لێهاتوویی پڕدەكرێتەوە. پێگەی دەسەڵات پێگەیەكی تاكەكەسی نیە، واتە ئارەزوی تاكەكەس پڕناكاتەوە، بەڵكو پێگەیەكی كۆمەڵایەتییە تاكەكەس دەیباتەبڕێوە و ئیشوكارەكانی جێبەجێ دەكات.
هەربۆیە دەسەڵاتبەدەستانی ئێمە دەستبەرداری پێگەكەیان نابن هەتا لە ژێر پاڵەپەستۆیەكی جەماوەری گەورەدا نەبن، ئامادە نین لە بچوكترین خاوەندارێتی خۆیان دابەزن. كاتێک گوێ

له داخوازییه‌کان ده‌گرن که گڵۆڵه‌یان که‌وتبێته لێژیی. ته‌نانه‌ت ئه‌وساش بۆ پارێزگاریکردنه له‌وه‌ی له‌ژێرده‌ستیاندا ماوه‌ته‌وه.
کورد به درێژایی مێژووی نوێ، له‌دوای به‌ناو سه‌ربه‌خۆیی میلله‌تانی چواده‌ور و ناوچه‌که، هیچ کاتێک بواری ئه‌وه‌ی بۆ نه‌ڕه‌خساوه که ببێته خاوه‌نی خۆی، هه‌لی ئه‌وه‌ی بۆ نه‌گونجاوه تاکی مرۆڤی کورد بخولقێنێت، ته‌نانه‌ت له‌دوای ڕاپه‌ڕینیشه‌وه هه‌میشه کورد به خودی خۆی، به کۆمه‌ڵگا، به نیشتیمان نامۆ بووه. هه‌میشه هه‌ستی میوانبوون له ماڵه‌که‌ی خۆیدا زاڵبووه به‌سه‌ریدا، هه‌میشه ئه‌وه‌ی فه‌رمانڕه‌وایه‌تی کردووه، به خودی کورد بێگانه بووه. هه‌ربۆیه لێشاوی کۆچی کورد له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتبه‌ده‌ستانی کوردا ده ئه‌وه‌نده‌ی سه‌رده‌می حوکمڕانی به‌عس بووه.
جیاوازی ڕاپه‌ڕینی پێشوو له‌گه‌ڵ ئه‌م ڕاپه‌ڕینه‌دا ئه‌وه‌یه که یه‌که‌م کورد ده‌یگووت ته‌نها له ده‌سه‌ڵاتی به‌عس ڕزگارم بێت ئیتر به جه‌هه‌نه‌م. سته‌مکاری و سڕینه‌وه له ئاستی ده‌روونییه‌وه گوازرابۆوه بۆ له‌ناوبردنی به‌کۆمه‌ڵ، واته نه‌هێشتنی جه‌سته‌یی و ڕاماڵینی به هێرشه یه‌ک له‌دوای یه‌که‌کانی ئه‌نفال. دووه‌م ڕاپه‌ڕینی ئه‌م جاره بۆ ڕزگارکردنی ڕۆحی کۆیله‌ی کورده نه‌ک جه‌سته به پله‌ی یه‌که‌م. ته‌واوکردنی ئه‌و پرۆسه‌یه‌یه که ڕاپه‌ڕینی یه‌که‌م ڕزگارکردنی ده‌رونی مرۆڤی کوردی به‌دوادانه‌هات، به‌ڵکو به‌کۆیله‌ی کرده‌وه له جه‌سته‌یه‌کی برسیدا.
ئه‌مڕۆ ئاڕاسته‌ی ڕه‌وتی مێژوویی ناوچه‌که به ئاقارێکدا ده‌ڕوات که بۆ یه‌که‌مین جار کورد فرسه‌تی ئه‌وه‌ی هه‌یه به مێژووی جیهانییه‌وه په‌یوه‌ست بێته‌وه. واته ته‌نها شۆڕشێک نیه دژی سته‌مکاریی و زوڵم و زۆر، به‌ڵکو له‌هه‌مان کاتیشدا په‌یوه‌ست بوونه‌وه‌یه به مێژووه‌وه، به جیهانه‌وه. بۆ یه‌که‌م جار له ڕۆڵێکی لاوه‌کی و په‌راوێزخراوه‌وه ده‌توانێت پێگه‌یه‌کی مێژوویی بۆخۆی بپچڕێت و کاریگه‌ری هه‌بێت له‌سه‌ر نه‌خشه‌ی ناوچه‌که و له‌وێشه‌وه له جیهاندا، به شێوه‌یه‌ک که بخوێنرێته‌وه و سه‌نگێکی هه‌بێت، نه‌ک هیچ حسابێکی بۆ نه‌کرێت وه‌ک هه‌مێشه له په‌راوێزی چه‌ند میلله‌تێکدا بووه که خۆیان به‌په‌راوێزکراون و خاوه‌نی مێژوییه‌کی ساخته و هه‌ڵبه‌ستراون.
واته ئه‌رک و ئامانجی ئه‌م شۆڕشه خۆڕسکه، ئه‌م شه‌پۆله هاتووه، گه‌لێک گه‌وره‌تره له‌وه‌ی که ته‌نها نارِه‌زایی و خۆپیشاندانی کۆمه‌ڵێک گه‌نج بێت. سه‌رکه‌وتنی ئه‌م شۆڕشه نه‌خشه‌ی ناوچه‌که هه‌مووی ده‌گۆڕێت. هه‌ربۆیه له به‌رژه‌وه‌ندی هیچیه‌ک له ده‌سه‌ڵاتدارانی ناوچه‌که نیه که سه‌ربکه‌وێت به ده‌وڵه‌تی ئێراقیشه‌وه. واته ئێمه ته‌نها دژی سته‌مکارییه‌کی خۆماڵی ناوه‌ستینه‌وه، به‌ڵکو له‌هه‌مان کاتدا چرایه‌کی سه‌وزیش هه‌ڵده‌که‌ین بۆ میلله‌تانی چوارده‌ور دژی سته‌مکاره‌کانی ناوچه‌که و ده‌مانه‌وێت وه‌ک مرۆڤێکی سه‌رده‌میانه وه‌ک چۆن له‌ناوه‌ندی جیهاندا ده‌ژین، به‌وشێوه‌یه بژین. واته له‌گه‌ڵ مێژوودا، نه‌ک وه‌ک تا ئێستا ڕاکێشانی لاشه‌یه‌کی مردوو به دوای مێژوودا.

سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە، هەڵبەتە لەسەر یەک مەسەلە وەستاوە، ئەویش خۆڕاگری و ئیرادەی خەڵکە. هیچ هێزێک نیە بتوانێت ئەو ئیرادەیە تێکبشکێنێت ئەگەر میللەت خاوەنی بێت، تەنانەت ڕای جیهانیش ناچار دەکرێت دوای ئەو ئیرادەیە بکەوێت، نەک وەک تا ئێستا کە ئێمە دوای کۆمەڵێک دەسەڵاتداری بێئیرادەی پاشکۆ کەوتووین.
تایبەتمەنێتی ئەم ڕاپەڕینە، ئەم شۆڕشە بەستراوەتەوە بە مینتالیتیتی کوردەوە ئەویش بەستراوەتەوە بە جەوهەری مرۆڤی کوردەوە کە پێکهاتەیەکە لە مێژووی ژێردەستەیی و ڕەزیلکردنی وەک میللەتێکی جیاواز و میللەتێکی بەسروشت کەمتر دڕندە چونکە بواری مێژوویی ئەوتۆی بۆ نەڕەخساوە کە داگیرکاربێت، بەڵکو زیاتر پارێزگارکار بووە. لە لایەکی تریشەوە ئەو زەمەنە دورودرێژەی ژێردەستەیی، کردویەتی بە مرۆڤێکی زیاتر ئاشتیخواز وەک لەوەی شەڕخواز بێت.
گریمانەی سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەسەر کۆمەڵێک کۆڵەکە وەستاوە، لەهەمووی گرنگتر ساتە مێژووییەکەیەتی کە پڕاوپڕە. دوو، ئامادەیی خەڵکە بۆ گۆڕانکاری، کە لە جێگەی خۆیدایە. سێ، لاوازی دەسەڵاتە لە هەموو بوارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کە ڕۆژانە دەیسەلمێنێت. چوار، دەسەڵاتدارێتی ناتوانێت لە هیچ جێگەیەکەوە پاڵپشت بۆ بەردەوامی دەسەڵاتەکەی پەیداکات، چ لە ناوچەکە و چ لە جیهاندا، یەکەم بە حوکمی ئەم ساتە مێژووییە، دووەم بە حوکمی ئەو مێژووە ناشیرینەی کە بۆ خۆی خولقاندوویەتی. واتە ئیمانی سەرکەوتن لە جێگەی خۆیدایە و تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتووە و بەکەمترین خوینڕشتن بەرەوپێشەوە دەچێت.

**دەسەڵاتی کوردی و ڕاونان و ڕاوکردنی عەقڵ**

31.03.2011

**یەکەم: ناسینەوەی دەسەڵات.**

**پێکهاتەی ئەقڵییەتی دەسەڵاتی کوردی، بنەمایەکی ئەقڵی نیە، هەر بۆیە بەکارهێنانی ئەقڵییەتی دەسەڵاتداریێتی کوردی، هەر لەسەرەتاوە هەڵەیە و توشی ئەشکالیاتمان دەکات. بۆیە باشترە، یاخود ڕاسترە باری دەرونیی و پێکهاتەی کەسایەتی دەسەڵاتدار ڕونبکرێتەوە. ئەوسا لە کۆی دامەزراوەکانیشی تێدەگەین کە ئەو پێکهاتە دەرونییە چۆن چۆنی کۆمەڵگای کوردی لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردوودا بەڕێوە بردووە.**
**ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای کوردی لە دوای ڕاپەڕینەوە، وەک هەموو کۆمەڵگایەکی تر ناچار بووە بەردەوامی بە بژێوی ژیانی خۆیبدات، بەڵام لەژێر بارێکی نائاسایی و قورس و گرندا، بە نەداری و کولەمەرگی، مەمرەمەژی. لەژێر ترس و دڵەڕاوکێ و هەڕەشەی دەسەڵاتی ناوەندا، پێش ڕوخاندنی لەلایەن ئەمریکاوە. بەڵام هێشتا خەڵکی هەر ڕازی بوو، چونکە بۆ یەکەم جار بوو بتوانێت هەناسەی ئازادی هەڵبمژێت. خەڵک تامەزرۆی ئازادی بوو، نەیدەزانی ڕەنگی چۆنە، دەنگی چۆنە. ئازادی برسێتی بۆ ماوەیەک لەبیربردبوونەوە.**
**کەم کەس هەیە ئەو برسێتی و نەبوونییەی لەبیرچوبێتەوە. فرۆشتنی دەرگا و پەنجەرەی ئەو ماڵەی تیایدا دەژیت. هەڵدانەوەی گۆڕی باپیران بۆ پلاتینی ئەژنۆی. سواڵکردنی مامۆستای قوتابخانەکان............**
**باری دەروونی کۆمەڵانی خەڵک، لەلایەک بەنەمانی هەڕەشەی ڕاستەوخۆی ڕژێمی بەعس سوکبوو بوو، لەلایەیەکی ترەوە لە جیهانی چواردەور دابڕابوو. ئەو نوزەیەی لە ڕەوە بەکۆمەڵەکەیدا گەشتە جیهان، بە ماچوموچێکی سەدام کپبووەوە. میللەت خۆی بەرامبەر دەسەڵاتێک بینییەوە کە پێی نامۆ بوو. دەسەڵاتێک کە تەنها زمانەکەی کوردی بوو. وەکو باران باری و وەک شاخ لەسەر سنگی خەڵکی قوتبوەوە.**
**ساڵانی سەرەتای ڕاپەڕین، بێکەسترین و دابڕاوترین میللەتی دونیا میللەتی کورد بوو. چەکدارەکانی شاخ خۆیان کرد بە پاڵەوانی شار. سەرەتا بە ماچێ، دەستی سەربازەکانی بەعسیان گرت و هێنایانەوە بۆ شارەکان و خۆیان لە پەنایدا دانیشتن.**
**میللەت پڕبوو، توڕەبوو لە دووبارە هاتنەوەی دەبابە و پۆستاڵ بۆ ناوجەرگەی شار و دوبارە چاودێریکردنیان. بەرگی سەربازی و چەک و پۆستاڵ، هیچ شتێکی تر ناهێنێتەوە یاد لە داپڵۆسین و کوشتن و بڕین، لە ئەنفالکردن زیاتر. هاتنەوەی هێزی سەربازی سەدام،**

ئەوەی ڕاگەیاند کە نە ڕاپەڕین و نە ڕەوە بەکۆمەڵەکە هیچی لێنەکەوتەوە زیاتر لەوەی چەکدارەکانی شاخ هاتنەوە ناو شار. کە دەوترێت چەکدارەکانی شاخ مەبەست پێشمەرگە نیە، بەڵکو سەرکردایەتییەکەیەتی، کە ڕۆحی شۆڕشگێڕێتییان دەمێک بوو مردبوو. دوا تروسکەی شۆڕشگێڕێتی پارتی لەدوای هەرەسی 1975وە کوژاوەتەوە و یەکێتی لە دوای مفاوەزاتی 1984وە.

بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر شۆڕش لە ئانوساتی خۆیدا سەرنەکەوێت، یا خامۆش نەکرێت، ئەوا هەتا درێژبێتەوە، ئەگەری بوونی بە بازرگانی زیاد دەکات هەر وەک ئەوەی کە لەلای ئێمە ڕویداوە. یاسر عەرەفات کە مرد چوار ملیار دۆلاری لەپاش بەجێما بۆ خێزانەکەی، لە کاتێکدا نیوەی زیاتری فەلەستینییەکان هەتا ئێستاش هەژارن و لەژێر چادردا دەژین.

ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی ئەو دەسەڵاتی کوردییە کە ئەمڕۆ ئەوە بیست ساڵە دەستی بەو کورسییەوە گرتووە کە سەدام حوسەین بۆی دانابوون. ئەگەر ڕاپەڕینی جەماوەری دووەم نەبوایە کە کەرێتێکی تر شارەکانیان لە دارودەستەکەی سەدام حوسەین پاککردەوە، ئەوە هەتا ڕوخاندنی سەدام، دەسەڵاتدارە کوردییەکان لەژێر چەتری ئەودا حوکمی زاتییەکەیان دەچەسپاند.

دەسەڵاتبەدەستانی کورد ئەو ساڵانە خەریکی چی بوون؟ گومرگ کۆکردنەوە، سەرانە وەرگرتن، باج سەندن، داڕوتانی دانیشتوانی کوردستان و تاڵانکردنی ئەو سامانە کەمەی لەژێر دەستی بەعس ڕزگاری بوو بوو. بەوەشەوە نەوەستان، دوو "سەرکردەکە، دوو ئەقڵیەتەکە" لەسەر داهات و ناوچەی نفوز،گیانی خەڵکە ڕەشوڕوت و برسییەکەیان بەردایە یەکتری. سێ پارێزگاکەیان دابەشی دوو کرد. ئەمە درێژەی هەبوو کە دەکاتە نزیکەی سیانزە ساڵ. ئەو ساڵانە ناگێڕدرێنەوە، هەر ڕۆژێکی هەزار چیرۆکی برسێتی و قاتوقڕی و دزی و جەردەیی تێدایە.

ئەوە بەرهەمی دوو "ئەقڵە" دەسەڵاتبەدەستەکەی کوردستان بوو.

میللەتێکی ماندووی وەک کورد لەدوای سی ساڵ داپڵۆسینی ڕژێمی بەعس، لەدەمی گورگ بەربوو، کەوتە بەر دەمی شێرەوە.

دروستبوونی دیکتاتور ڕوداوێکی ناوازەی مێژوو نیە، بەڵکو بە گشتی مرۆڤایەتی لەژێر زەبری دیکتاتۆریەتەوە چاوی هەڵهێناوە. چ مێژووی کۆن و چ مێژووی نوێ، پڕە لە ناوی سەرکردە و پاشا و میر و جەنەڕاڵ کە ئاڕاستەی مێژوویان بەو ئاقارەدا بردووە کە ئەمڕۆمانی دروستکردووە. دکتاتۆرییەت هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە و هەر دەستەیەکی بچوک سیاسەتی جیهان دادەڕێژێت و ڕوداوە مێژووییەکان لەپێشەوە دروست دەکرێن. هەربۆیە هەتا ئەمڕۆ سێ بەشی مرۆڤایەتی لە هەلومەرجێکی ناشایستەدا ژیان بەسەر دەبەن.

*دروستنەبوونی فەزای ئازادی گشتی، واتە خاکێکی بە پیتوفەڕی سەوزبوونی دیکتاتۆرییەت. دکتاتۆرییەت لە فەزایەکدا دروست دەبێت کە داگیرنەکراوە، واتە هێشتا بۆشە، بەتاڵە لە فیکر و بۆچوون. یەکەم فرسەت کێ دەستی بەسەردا گرت، بۆخۆی دەیچنێت و بە ئارەزو و خواستی خۆی ئەو فەزایە پڕدەکاتەوە. کۆمەڵێک دیکتاتۆری بچوک دروستدەکات کە فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن و سەرکوتی هەموو دیکتاتۆرەکانی تر بکەن کە سەریانهەڵنەداوە. واتە هەریەکە لە ئێمە لەو هەلومەرجانەدا دیکتاتۆرێکی شاراوەمان تێدایە کە سەرکوتدەکرێت، بەوەش بەکۆیلەبوونمان فەراهەم دەکات.*

**دووەم: ڕاونان و ڕاوککردنی ئەقڵ.**

**لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دوایدا کە دەسەڵاتی کوردی لەسەر حوکم بووە، مێژووی جیهان گەلێک هەنگاوی خێرای بەخۆوە بینیوە لە بواری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ڕاگەیاندن و گەیاندندا، لەگەڵ ئاسانی دەستپیاگەشتنیاندا. کە دەکرا کوردستان بکرایە بە جێگەیەک شانبەشانی ئەوروپا، بەڵام بۆنەکرا؟**
**لە جێگەیەکی تردا باسمان کردووە، ئەو تاقمەی دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت، ماوەیەکی دورودرێژ بوو، تینووی دەسەڵات گرتنە دەست بوون، دەمێک بوو خەمی میللەتیان لەبیرچوبوەوە. میللەت تەنها بەردەبازێک بوو بۆ چونە سەر کورسی دەسەڵات.**
**ئەوەندەی خەریکی پێگەقایمکردنی خۆیان بوون، ئەوەندە نەیاندەتوانی و ناتوانن بپەرژێنە سەر باری گوزەرانی میللەت. دەیانویست پێڕابگەن و خەونی چەپێنراوی چەندین ساڵە بێننەدی، کە ساڵانی شاخ لەسەر دەرونیان کەڵەکەی کردبوو.**
**لەسەرەتای دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات لەو بەشەی کوردستاندا، کە بە کوردستانی ئێراق ناودەبرێت، لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە، هێشتا ڕەنگوبۆی شارستانییەت بە کۆمەڵگای کوردییەوە مابوو. ئەو ڕەنگوبۆیەی ساڵەهای ساڵ لە دژوارترین هەلومەرجدا کورد توانیبووی بۆخۆی پێکبهێنێت. لەدوای ئەوەوە کۆمەڵگای کوردی بوو بە زیندانێکی داخراو، دابڕاو لەجیهان. ڕۆژبەڕۆژ ڕوخساری دەسەڵاتی تازە دەردەکەوت و ڕۆژبەڕۆژ دەموچاوی شارستانییەت دەشاردرایەوە. کۆمەڵگا بۆ دواوە دەڕۆشت و دەسەڵات پێگەی قایمدەکرد و لە کۆمەڵگا جیادەبۆوە. پرۆسەی بەلادێیکردنی شار دەستیپێکرد. وەنەبێت پیلانی بۆ دانرا بێت، بەڵکو ماهییەتی/ ئەقڵییەتی ئەو دەسەلاتبەدەستانە هەر ئەوەندە بوو.**
**سەرەتا لە برسێتیدا ڕۆحی خەڵکیان دەکێشا، لەدوای ڕوخانی سەدامیشەوە لە دەریای دۆلاردا مەلەیان دەکرد دور لە چاوی خەڵک. هیچ کاتێک کاتیان نەبووە بپەرژێنە سەر میللەت. هیچ کاتێک ڕێگەیان نەداوە ئەقڵێک بەشداری دەسەڵات بکات. ساڵانێکی درێژ هەموو**

وزەی خۆیان بۆ منافەسەکردنی یەکتری سەرفکرد تا ڕێکەوتنە ستراتیجییەکەیان کە وەک برا بیخۆن، دوایش لە ژێرەوە بەردەوامیان بەهەمان دژایەتیکردندا و هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە.
ڕێگری یەکەم لە نەگەڕانەوەی کوردی هەندەران بۆ کوردستان، دەسەڵاتی کوردی بوو. کەم کورد هەیە لە ئاوارەیدا خەونی بە گەڕانەوەوە نەبینیبێت، هەڵبەتە زۆربەیەک گەڕایەوە و ڕاونرایەوە، بەوەی یا هیچ کارێکی پێنەدەسپێرا، یاخود ئەگەر خاوەنی سەرمایەیەکی بچوکیش بوایە، دەبوایە لەگەڵ مەسوولێکدا ڕێکبکەوێت و پشکی بداتێ، ئەوەش بە هەموو کەسێک قبوڵ نەدەکرا. لەو هۆکارانەش گرنگتر کە خەڵک نەیدەتوانی بگەڕێتەوە، دروستکردنی فەزایەکی نادروستی کۆمەڵایەتی بوو. فەزایەک لە درۆ، فەزایەک لە ساختەکاری، ئازادییەکی ڕوکەش، بەرەڵاییەکی بەرفراوان....دزییەکەی ئاشکرا..
هەڵبەتە کۆمەڵگایی کوردی هەر لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی بەعسەوە جگە لەسەرکوتکردن و کوشتنوبڕین، بەپێی سیاسەتێکیش پەراوێزخرابوو. واتە هەتا دەتوانرا ڕێگە لە گەشەی ئابوری و بازرگانی و ڕۆشنبیری دەگیردرا هەر بۆئەوەی لەو ئاستە پاشکەوتوویەدا بهێڵرێتەوە کە ئاسانتر کۆنترۆڵ بکرێت. دەسەڵاتی کوردی ئەو بەجێماوەیەی کە وەرگرت، دەستی لێنەدا، بەڵکو ئەو فەزایەی کە دروستیان کرد، بوە هۆکارێکی تر بۆ کۆچی لاوی کورد بەرەو ئاوارەیی. ئەوەندەی گەنج لە دوای ڕاپەڕینەوە بەرەو هەندەران کەوتنەڕێ، چارەکی ئەوە لەژێر دەسەڵاتی بەعس هەڵنەهاتبوو.
دەسەڵاتی کوردی ساڵانێکی زۆریش کتێبەکانی سەدامیان لە قوتابخانەکاندا بەکار دەهێنا کە لە بەغداوە دەگەشتە کوردستان بە ڕەسمی سەدام حسێنەوە کە تەلەبەکان بۆیان نەبوو بیدڕێنن.
دەسەڵاتی کوردی هیچ کارێکی ڕاستەقینەی نەکرد لە سیستەمی پەروەردەدا، بە پێچەوانەوە شێواندی. هەموو ئەو بوارانەی پەیوەندی بە بنیاتنانی ژێرخانی ئابورییەوە هەیە، وەک پیشەسازی، کشتوکاڵ، خزمەتگوزاری ڕێگەوبان و ئاو و کارەبا، قوتابخانە و نەخۆشخانە... بە ئاستەم ڕوەکەی ڕوشێنراوە. دانیشوانی لادێکان نەیانتوانی بگەڕێنەوە گوندە وێرانکراوەکانیان، چونکە هیچیان بۆنەکرا، ئەوەی کە تا ئەو کاتەش مابوەوە، بۆ کرێکاری و بژێوی ژیانی ڕویکردە شارەکان.
هەزارویەک بواری ئیشتیاکردنی ئەقڵ هەبوو کە ئیشی تیابکرێت، نە خۆیان هیچیان کرد، نە هێشتیان کەس بەلایدا بچێت. ئەوەی لە بەرژەوەندی ئەوان بوو، مانەوەی کۆمەڵگا بوو لەو دارزانە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەدا، کە باشترین دەرفەتی دزی و تاڵانکردنیش هەر دەکەوێتە ئەو کایەیەوە.
لە کۆمەڵگایەکدا ئەگەر ئەقڵ ئیش نەکات، ئەوا بە ناچاری غەریزە جێگەی دەگرێتەوە. هەڵسوکەوت بە غەریزە هەڵسوکەوتێکی دڕندانە و بگرەوبەردەیە، ژیانی بێ یادگە و بێ

ڕابوردووییە، بە غەریزە ژیان مرۆڤ لە بستێک زیاتر بەردەمی خۆی نابینێت. داهاتووی دەبێتە سەراب، مێژووی کورتدەبێتەوە بۆ بەردەوامی ئێستای...لە کۆتاییدا مرۆڤێکی پاسیڤی لێدەردەچێت کە خەمی کۆمەڵگا خەمی ئەو نیە و ئەوەی پێویستە ئەوەیە دوای ژیانی خۆی بکەوێت.

ئەوە ئەو بوارانە بوو کە دەسەڵاتی کوردی هێنایە ئاراوە کە بتوانرێت کۆمەڵگا بە ئاسانترین شێوە لێبخوڕدرێت و بە هەموو شتێک هەڵخەڵەتێنرێت و چەواشە بکرێت.

سوپاس بۆ ئەو دابڕانە مێژووییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەستی پێکرد، سوپاس بۆ ئەوەی ئێمەشی گرتەوە، سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی بەشداری لەم گۆڕانکارییە گەورەیەدا دەکەن، کە دامەزراندنی مێژووە بۆ یەکجار لە ناوچەکانی ئێمەدا، بۆ پێکهاتنەوە و بونیاتنانی مرۆڤە.

ئەو دوو دەسەڵاتبەدەستە تەنها یەک مافیان لە کوردستاندا ماوە، ئەویش ئەوەیە کە ئازادیان لێبسەنرێتەوە.

## گەنج و شۆڕش و گۆڕان

16.03.2011

1

**بزوتنەوەی گۆڕان**

**بزوتنەوەی گۆڕان سەلماندی کە حیزبێکی سیاسییە نەک بزوتنەوەیەکی جەماوەریی. ئەوەندەی لە مانەوەی خۆی دەترسێت، کە بۆتە ڕێگر لە بەشداریکردنێکی چالاک لە خۆپیشاندانەکاندا، ئەوەندە لەگەڵ داواکاری جەماوەردا ناڕوات. ترسی ئەوەی تاوانباربکرێت بە پیلانی ئەو، چالاکییەکانی کورتکردۆتەوە لە چوارچێوەی میدیادا و لە گۆڕەپانی واقیعدا سست و کەمتەرخەمە.**

**ئەگەر ڕۆژی یەکەم و دووەم حیزبە دەسەڵاتدارەکان پیلانی لەناوبردنیان داڕشتبوو، ئەوا دەبوایە لەدوای شەشەم ڕۆژەوە ئەوەندە دڵنیاییان وەربگرتایە کە ترسەکە ڕەویوەتەوە و پیلانەکە بەهەر شێوازێک بێت نەچووە خانەی جێبەجێکردنەوە، دەبوایە بڕژانایەتە ناو جەماوەرەوە. کەچی وەک بزوتنەوەیەک لە پاشەکشەدایە و وەک حیزبێک لە چالاکیدایە بۆ چارەسەری دیبلۆماسی و گفتوگۆ. هەتا ئەم ساتە وەختە لە حەزەری خۆیدایە و لە گومان و دودڵیدا چەقی بەستوە. لە نێوەندێکدا ماوەتەوە کە ئایا جڵەوی بزوتنەوەی جەماوەری لەدەستدایە، یاخود دەسەڵاتی سیاسی چاوەڕێیەتی، هەر وەک ڕەفتار و کرداری حیزبە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانی تر.**

**ئەم حەزەرەی بزوتنەوەی گۆڕانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەقڵییەتە حیزبایەتییەی ڕابەرایەتی دەکات و وەک بزوتنەوە نەیتوانیووە لەو ئەقڵییەتە ڕزگاری بێت کە دەبێت حیزبێکی سەرکردە بێت و پێشڕەوی جەماوەر بکات. بەداوای لێبوردنەوە دەتوانین بڵێین بزوتنەوەی گۆڕان بەرەو دۆڕان دەڕوات ئەگەر زۆر بەخێرایی ئەو ئەقڵییەتە حیزبایەتییە لەخۆی جیانەکاتەوە و نەڕژێتە ناو جەماوەرەوە. بزوتنەوەی گۆڕان و هەموو ئەو حیزبانەی تر کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن لەقەڵەم دەدەن، بەشێکی بچوکی خەڵکی ڕاپەڕیوون، نەک سەرکردە و بڕیاردەر.**

**هێشتا ڕاپەڕین و شۆڕش لەسەرەتادایە، زۆر لایەن و کەسایەتی دەیانەوێت خاوەندارێتی بۆ پەیدابکەن.**

2

ڕاپەڕین موڵکی هیچ حیزبێک نیە، ئاوڕدانەوەیەکی خۆڕسک و سروشتی کۆمەڵانی خەڵکە بۆ ژیانی ئێستای خۆیان. وشیاریی بەکۆمەڵی خەڵکی ڕاپەڕیوو، سات بەسات ڕابەرایەتی دەکات. سەردەم سەردەمی گۆڕانە گەورەکانە، ئەوەی ڕودەدات بۆیەکەمجارە لە مێژووی ناوچەکەدا و بگرە لە مێژووی جیهانیشدا کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەرفەتی ئەوەی هەبێت بە بارێکی سروشتیی خۆیدا کۆبێتەوە و بڕیاری چۆنێتی ژیانی بدات لەسەر بناغەی دادپەروەری و ڕێزی مرۆڤ. ئازادی پڕ بە مانای وشەی ئازادی لە ژیانبووندا و لە مرۆڤایەتی بووندا، دژ بە هەموو درۆ و خڵەتاندنێک و سوککردنێک. دیموکراتییەتێک کە دیموکراتیەتی ڕۆژئاوایی تێپەڕێنێت بەوەی لەژێر پەردەوە هیچ بڕیارێک و ڕێکەوتنێک نەبێت کە میللەت لێی بێئاگابێت. دامەزراندنی دیموکراتییەتی نوێ لەژێر فشاری شەڕی سارد و گەرمدا نیە، لەژێر سێبەری براگەورەدا نیە، ئەجندای سیاسی هیچ دەوڵەتێکی تر ناچەسپێنێت.

بەمانایەکی تر ئەم شێوازە نوێیەی ڕاپەڕین واتە مردنی سیاسەت، ئەو سیاسەتەی ئەمڕۆ دەیناسین و هەمیشە هەر ئێمە قوربانییەکەی بووین. شۆڕشی نوێ، شۆڕشی گەنجان بۆ لەگۆڕنانی سیاسەتە بەهەموو حیزبەکانییەوە، دواماڵئاوایی لێکردنی تابووتی حیزبە. دامەزراندنی حیزب هەڵەیەکی مێژوویی نامرۆڤایەتییە. ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی ئەم دواییانە، سەرەتایەکە بۆ ڕاستکردنەوە و کۆتاییپێهێنانی ئەو هەڵە مێژووییە و بۆ یەکمجار مرۆڤ و کۆمەڵگا و دەوڵەت دەبنەوە بەیەک.

زۆربەی زۆری تیۆرییەکانی شۆڕش و ململانێی چینایەتی و گۆڕانی سیاسی و هەڵبژاردن و... لێرەدا پوچەڵ دەبنەوە و چۆکدادەدەن بۆ ئیرادەیەک کە ئیرادەی وشیاری کۆمەڵانی خەڵکە، ئەویش لەوەدا چڕدەبێتەوە کە من و تۆ وەک یەک مافی ژیانمان هەیە.

بەپێی نەریتی سیاسی ئەمڕۆ، ڕەخنەگرتن لە ئۆپۆزیسیۆن دەرژێتە خانەی بەرژەوەندی حیزبی دەسەڵاتدارەوە. ئەمەیە گەمەی سیاسەت کە دەمانەوێت لێی دەربازبین، کە دەبێت تێیپەڕێنین. سیاسەتێکمان ناوێت یاریکردن بێت بە چارەنوسی میللەتەوە لەسەر حیسابی بەرژەوەندی حیزبێک یا ئۆپۆزیسیۆنێک.

بارە سروشتییەکەی کۆمەڵگا سادە و ساکارە، ئەمە سەرەتایەکە بۆ جیهانێکی ئازاد کە چیتر لەژێرپەردەوە سیاسەت پەیڕەونەکرێت.

دەرکەوتن و ڕوهەڵماڵینی بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکا لەسەر جیهان، ئەو سەرەتایەمان پێدەڵێت کە چیتر پێویست ناکات لە جیهاندا شاراوە هەبێت. ڕەنگە ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەئاگاییهاتنەوەیەکی ڕۆژئاوای بەدوادابێت کە چیتر نەتوانن جیهانە لەبیرکراوەکەی خوارخۆیان وەک مێگەل لێخوڕن. ڕەنگە سەرەتایەک بێت بۆ وشیارییەکی گەردوونی کە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییش تێبگات کە چیتر مرۆڤی میللەتەکانی تر

دڕنده و بەربەری و دزوجەردە نین، بەڵکو مافی بەمرۆڤبوونیان هەیە. وشیارییەک کە تاکەکانی ڕۆژئاوا تێبگەن و قبوڵی نەکەن کە دەوڵەت و بازرگانەکانیان میللەتانی بەزۆردواخراو بڕەتێنن و بیانڕوتێننەوە.

3

ئێوە ئەی گەنجانی مەیدانی ئازادی، مەشخەڵێکتان بەدەستەوەیە، بەردەوامیی مەشخەڵی گەنجە میسرییەکانە، جگە لە کۆمەڵگای کوردی دەیگەیەننە ناوچەکە و بەردەوامی بە ڕوناکییەکەی دەدەن. کوژاندنەوەی ئەو مەشخەڵە هەوڵ و تەقەلای حیزبە دەسەڵاتدارەکانە و ئەوەش کارێکی مەحاڵە و مردنێکی بەکۆمەڵی ئێمەشە. ئەمە ئەو ڕۆڵە مێژووییەیە کە مێژوویەکی زۆرە چاوەڕێتانە کە لەم ئانوساتەدا بەدەست ئێوەوە بێت. ئێمە هەموومان تەمەنێکە چاوەڕوانی ئەم چرکەساتەین، هیچ هێزێک نیە لە دنیادا لەژێر دەستتان دەربهێنێت.

ئەم جۆرە شۆڕشە نە سەرکردەی دەوێت، نە حیزبی پێشڕەو، نە ڕابەر و نە ئایدلۆژیا. هەریەک لە ئێوە سەرکردەیەکی مەیدانین. هەر هەمووتان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەتانەوێت ئازادبن لە ڕادەربڕیندا، لە هەڵسوکەوتدا، لە کردار و ئیشکرندا. ئازادبن لە ئیرادەدا. ئەمە گێرەشێوێنی نیە، ئەمە پێویستی بە عەقڵی فەیلەسوفانە نیە کە ئازادی چییە. کەس نیە نەزانێ ئازادی پەیڕەوبکات گەر سەرکوت نەکرێت، کەس بە کۆیلەیی لەدایکنابێت. کۆمەڵگا و شۆڕش بەرپرسیارێتی هەمووومانە، ئەوە دەسەڵات و ڕەفتارە سیاسییە قێزەونەکانیەتی کە نیشتمانمان لێدەبێزرێنێت و بە خود و بە یەکتری و بە کۆمەڵگا نامۆمان دەکات. ئەم جیهانە هی هەمووومانە، ئەم گۆی زەویە هی هەمووومانە، ئەم گەردوونە هی هەمووومانە.

ئالێرەدایە کە ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی جارێکیتر یاخود بۆ یەکەم جار تێکەڵی ڕێچکەی ژیان دەبێتەوە و لەگەڵیدا دەبێتەوە بەیەک. لێرەدایە کە دەبێت دەسبژێر و ئەوانەی سەرەوە دابەزن بۆ ئاستی شەقام و پێکەوە سرودی ئازادی بڵێنەوە. ئاخۆ دەبێت ئاواتی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی چیتر بێت لە ئازادی زیاتر. لەوێدایە، لە ئازادیدایە کە هەزاران خونچەی ڕۆشنبیری دەمدەکاتەوە و چیتر دەستەیەک نابێت بەناوی دەستبژێرەوە.

یەکێک لە سیفەتەکانی شۆڕشی نوێ، شکاندنی قاڵب و لەسنوردانی مرۆڤەکانە. چیتر حیزب، ئایدۆلۆژیا، دین ناتوانێت مرۆڤەکان یەکڕەنگ بکات. ئەم سەردەمە سەردەمی مردنی سیاسەت، ئایدۆلۆژیا و حیزبە. سەردەمی مردنی بزوتنەوەی دینیی و بە سیاسەتکردنیەتی. سەردەمی ڕوبەڕوبونەوەی ڕاستەوخۆی مرۆڤە لەگەڵ حەقیقەت، لەگەڵ خودا بەبێ هیچ نێوەندێک.

## ڕۆحی شۆڕش

**16.03.2011**

شۆڕش حاڵەتێکی نائاسایی کۆمەڵگایە/ شڵەقاندنی گۆمێکی مەنگە و هەژاندنی فەزایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی چەقبەستووە. شەپۆلی شۆڕش ئاسۆیی و شاقوڵیی/ لەسەرەوە بۆ خوارەوەی کۆمەڵگا/ گەورە و بچوک دەگرێتەوە.

شۆڕشی نوێ واتە تواندنەوەی تاک لە کۆ-دا بۆ دروستکردنەوە و داڕشتنەوەی تاک. ئەو ڕۆحە شۆڕشگەڕییە، شکاندنی خودە و نەمانی کاتیی تاکە کەسە لە ڕۆحێکی جەماوەریدا کە کەس خاوەنی نیە و ئاڕاستەکەی گەشتن بە ئامانجێکی هاوبەشە.

شۆڕش وەک ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی، ئەوەی زۆربەیەک دەگرێتەوە، ئەقڵەکان دەبڕێت و یەکیاندەخات. دەبێتە پێکهاتەیەکی ئەقڵی بەکۆمەڵ و ئەقڵی تاکەکەس سەربەخۆیی خۆی لەدەستدەدات و لەو ئەقڵە بەکۆمەڵەدا دەتوێتەوە. ئاستی ئەو ئەقڵە کۆیە، ئاستی مامناوەندی پێکهاتەکانییەتی، واتە ناتوانێت تێڕوانینێکی فەلسەفی قوڵی بۆ ژیان هەبێت، بەڵکو ئەقڵێکی هەنوکەییە و لە ئێستا و لێرەدا قسەدەکات، بڕیار و کردەوەکانی سات بە ساتە.

ئەو ئەقڵە گشتگیرە وەک چەردەیەکی لێدێت کە تاکەکان لەژێریدا، لەگەڵ ونبونیاندا خۆیان دەدۆزنەوە، واتە ئەو کاتە بوونیان دەبێت کە سەر بەو ئەقڵەن، پێناسەی تاکەکەسی خۆیان بە شێوەیەکی کاتی وەلاوە دەنێن و پێناسەیەکی کاتی لەو ئەقڵە گشتگیرە وەردەگرن تا کۆتایی شۆڕش.
ئەو ئەقڵە گشتگیرە ڕۆڵی پارێزەر و پشتوپەنا دەبینێت و گەرمی یەکبوونەوە دەداتە تاکەکان. لە پەنای ئەو ئەقڵەدا، تاکەکان یەکسانن. گوڕوتینی ئەو ئەقڵە، بوێریی و هێزوتوانایەکی نائاسایی دەبەخشێتە تاکەکان. خۆراکی ڕۆحیی تاکەکان لەو ئەقڵە چالاک و بزاوتەوە، کە سات بەسات نوێدەبێتەوە وەردەگیردرێت. چوست و چالاکی ئەو ئەقڵە لەوەوەدێت کە نانوێت و هەمیشە کارایە و بە بەردەوامی خۆی تازەدەکاتەوە. وره و گوڕ و توانا و زۆرجار موعجیزە دەئافرێنێت. لە هەمووی گرنگتر، شکاندی قاڵبی ترسە و واڵاکردنی جەوهەری ڕۆحەکانە و کردنەوەی دەروازەی بێسنوری خودەکانە بەڕوی خۆیاندا، کە زۆربەیەک دادەچڵەکێنێت نەک هەر بەرامبەر ئەوانی تر، بەڵکو لەپێش هەموو کەسدا بەرامبەر خودی خۆی ڕادەچڵەکێت کە کێیە و کە چییە و کە چی لەتوانایدایە بیهێنێتە بەرهەم. واتە تەقاندنەوەی ئەو وزە

شاراوەیەی هەریەک لە ئێمەدا کەڵەکەیە، چ وەک ئەوەی چەپێنراوە، چ وەک ئەوەی دەرکپێنەکراوە.
جەوهەری بوێریی و چاونەترسی و مرۆڤدۆستی و پارێزەریی دەبێتیە جیاکەرەوەی ئەو ئەقڵە. بە شێوەیەتی تر، تواندنەوە لە بۆتەقەی لێبوردن و خودی خێر–دا کە هەر تاکێک/ گەردێکی ئەو ئەقڵە کۆیە، ئامادەیە بۆ گشت ببێت بە قوربانی. ئەمە جۆشوخرۆشی شۆڕشە، ئەمە ئەقڵێکی گەورەی خوایانەیە.
ترسی دەسەڵاتدار لە شۆڕشی جەماوەری لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ئەم شۆڕشە ناگیردرێت واتە ملموس نیە/ دەموچاوی نیە. ترسە گەورەکە لەوەدایە کە تاکەکەسێکی دیاریکراو نیە، حیزبێک نیە، لایەنگرانی ئاڕاستەیەکی ئایدۆلۆژی جیا نیە، کاری سەرکردە و تاقمێک نیە کە دەستگیربکرێن و بکوژرێن، ماڵێک نیە خاپور بکرێت، جێگایەک نیە لەچواردەوری داببڕدرێت، شۆڕش لە هەموو لایەک و لە هیچ جێگایەکیشدا نیە، شۆڕش هەموومانین و هیچیشمان نین. دەستێک و دەمێکی گەورەیە و پەیامی داڕمانی دەسەڵاتی پێیە. ئەم جۆرە شۆڕشانە دەکرێت بە ئاو بچوێنرێت، ئاو تا ئەو کاتەی دەبێت بەلافاو، بێدەنگ و ئارام و بێ بەرگرییە، بەڵام لەداوای ئەوەوە دەبێت بە دەنگ و لێشاو، بەبێ بەربەست و بەرگری شارێک/ مەملەکەتێک ڕادەماڵێت.
هیچ ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی نیە کە بتوانێت ئەوەندە مرۆڤەکان لەیەکتر نزیکبکاتەوە جگە لە شۆڕش. لێکنزیککردنەوەیەک لە ئاستی لەیەکتردا توانەوە، ئاخاوتنێک لە ئاستی خۆشەویستیدا، ڕۆحی دەستگرتنێک لە ئاستی ئیشقدا. شۆڕش هێنانەوەی گەنجێتییە بۆ هەموو تەمەنەکان، نوێبونەوەی ڕۆحەکانە، پاکبونەوەی دەرون و ڕامالینی ڕقوکینە و دوبەرەکییە بە دەسەڵاتیشەوە. ئەوەی دەسەڵات زراوی لێچووە، ئەو هەستی لێکنزیکبونەوەیە و ئەو خۆشەویستی و دڵپاکییەیە.

شۆڕش ڕۆحێکی هەڵچووە، مل دانانەوێنێت ئەگەر بشپەڕێندرێت، چونکە 'من' ی تیا نیم. ئەو 'من'ەی هەموو شتێکی بۆخۆی دەوێت، تەنانەت ئەوی تریش.

هەموو ئەو زوڵم و زۆرانەی دەسەڵات لە سالانی فەرمانڕەوایەتیدا پەیڕەوی کردوە، لە شۆڕشدا دێنەوە مەیدان و جارێکی تر ڕودەدەنەوە، دێنەوە سەر ڕوبەری یاد و زیندو زیندو دەبنەوە، وەک ئەوەی ئێستا ڕوبدات. هەموو دەرد و برینەکان دەمدەکەنەوە، هەموو چارەسەرە پینەکراوەکان هەڵئەتەقنەوە، هەموو دەنگە کپکراوەکان بەردەبن.

## بکوژوببڕ خۆتانن بۆ ناڕۆن؟

## 25.03.2011

ماوەی بیست ساڵە دەمانکوژن، بیست ساڵە ڕۆحمان دەکرۆژن، چل ساڵە بە لاڕێدا دەمان بەن، بۆ ناڕۆن؟ چاوەڕوانی فەرموون؟ یاخود چاوەڕوانی نافەرموون؟ بیست ساڵە چیتان بەسەرمان نەهێنا؟ بیست ساڵ تەمەنی گەنجی ئێمە لە ئەستۆی ئێوەدایە، بیست ساڵ تەمەنی چوار ملیۆن مرۆڤ، مەگەر چەند هەزار ساڵێک زیندانی بکرێن، تا چەند ساتێک لەو هەمووە تەمەنە بەفیرۆڕۆشتوەی گەنجان پڕبکەنەوە.
بیست ساڵە چیتان لێنەکردین؟ چل ساڵە بەکێتان نەفرۆشتین؟ یەکەم ڕۆژ بۆ نەتان ووت بە حوکمی زاتییەکەی سەدام حوسەین دەیژەنین؟ چەند هەزارتان دەربەدەرکرد؟ ڕێگەی چەند هەزاری ترتان گرت نەگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان؟ چیتان بەم نیشتیمانە نەکرد؟ ئەو نیشتیمانەی ئێمە خۆشماندەوێت و کەچی هەر ڕوت و برسین و هەر ئێوە خۆشاوەکەی هەڵدەلوشن.
ئەو نیشتیمانەی کردتان بە هەزار پارچەوە، ئەو نیشتیمانەی لە دوای بیست ساڵ بکوژیی و ببڕیی خۆتان، نەتان وێرا بستێک لە سێ شارەکەی حوکمی زاتی زیاتر بڕۆن. کوا کەرکوک و خانەقین؟
هەر وابزانن ئەمە ڕۆژی قیامەتە و پێمان بڵێن بە چەندتان فرۆشت؟ ئێوە لەم بیست ساڵەدا چیتان کرد، جگە لە گیرفان پڕکردن؟ ئێوە میللەتێکتان سەربڕی و کزە لە جەرگتانەوە هەڵنەسا، ئێوە ئامادەن هەموومان بکەنە قوربانی کورسییەکانتان و بێخەم لەسەری دانیشن.
*چیتان پێنەکردین؟ زیندانێکدان پێدروستکردین و خۆمانتان کرد بە زیندانەوان. بیست ساڵە جەنگەڵێکتان خولقاندووە، نە جێگەی پیری تیادەبێتەوە نە گەنج نە ژن نە منداڵ. بستێک نیە بۆ منداڵیی، پەنجەرەیەک نیە بۆ ژن، شەقامێک نیە بۆ گەنج، ژوورێک نیە بۆ پیر تیا بحەوێتەوە.*
جەنگەڵێکتان دروستکردووە ئەوەی نەتوانێت بە نینۆک و دان پاروی دەمی پەیداکات، دەبێت ببێت بە پیاوی ئێوە و قامچی بوەشێنێت. کایەیەکتان پێکهێنا لە درۆ و دزی، لە جیاتی پەروەردە، هەموومانتان فێری قۆڵبڕین کرد. لەجیاتی دڵنەوایی بیست ساڵە ترس و دوبەرەکی سەوزدەکەن، گومان بڵاودەکەنەوە، ئەشکەنجەی ڕۆحمان دەکەن و جارەجارەش بۆ چاوترساندن، کوشتنێک لەملا و داپڵۆسینێک لەولا، جگە لەوەی هەمیشە زیندانەکانتان پڕبووە لە گەنج و بازاڕی لێدان و کەرامەت شکاندیان هەمیشە گەرم بووە.
بیست ساڵە ئاوی خواردنەوەتان پێڕانەبینین، ڕوناکیتان لێشاردینەوە، واتان دەزانی ئیتر ئێمە ناتوانین تروسکایی ببینین.

ئێوه چونکه کوردێتیتان لەبیرچۆتەوه نازانن که کورد کۆڵنەدەره و ساڵەهای ساڵی ژێردەستەیی وای فێرکردووه که بەردەوامی به ژیان و بەرگری بدات. ئەم ڕاپەڕین و شەپۆلی شۆڕشی ڕۆژهەلاتەش نەبوایه، زەمینه لەباربوو بۆ خەباتی نهێنی. کورد ناتوانێت له زۆڵم و زۆر بۆ ماوەیەکی درێژ بسرەوێت.

ئەو خوێنه هەڵچووەی چەندین ساڵه له بەرگریدایه، به ئاسانی بۆ ئەبەد لەخشتەنابرێت. ئێوه کوردێتیتان لەبیرچۆتەوه و لەلای ئێمه تۆخبۆتەوه. ئێمه توشی گرێی دەرونی بووین ئەوەنده وتمان ئێمه و ئەوان، وتمان ڕاپەڕینەو ئیتر ئەو گرێ دەرونییه دەرەوێتەوه، کەچی "ئێوه" هاتن و گرێیەکەتان ئەستور کرد.

بیست ساڵه مەیدانی سیاسەتان داگیرکردووه و ئەمڕۆبەسبەیمان پێدەکەن، پێمان بڵێن چیتان کردووه. بیست ساڵه چاوەڕوانین گوفتارێکتان ببێت به کردەوه و نەیتوانی له قاوغی درۆ دەرچێت.

بیست ساڵ له تەمەنی ئێمه زیندانی مێژوویەکی ساختەی ئێوەیه. ئێمه تەنها مانگێکه مەیدانی ئازایمان خولقاندووه، هەرچی دیواری مێژووه ساختەکەتان هەیه درزی تێکەوتووه، وا خەریکه بۆ یەکەم جار بناغەی مێژوویەکی ڕاستەقینه هەر لەو مەیدانی ئازادییەوه دادەمەزرێت. ئەوه مەیدانی ئازادی نیه "دەستی له پشته" بەڵکو بازوی گەنجانه و مێژوویەکی نوێ دەنوسێتەوه. ئەوه مەیدانی سیاسەتەکەی ئێوەیه دەستی درێژی بەرژەوەندی سیاسی ناوچەکه هەڵیئەسوڕێنێ و ئێوەش وەک داشی دامه خۆتان به دەستیانەوه شلکردوه، لەهەرکوێتان دانێن هیچ ناڵێن، بەومەرجەی وەک داشی دامه تەنها خۆتان بمێننەوه و بلەوەڕن.

## دەسەڵات و دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات

## 28.03.2011

ئەو كۆمەڵگايانەی بە دەسەڵاتێكی تاكڕەوی بەڕێوەدەچن لەگەڵ تێپەڕبوونی كاتدا وشكهەڵدێن و بەرە بەرە لە زیندوێتی دەكەون. تا دەگەنە ئەوەی هەر قاوغەكەیان دەمێنێتەوە و ناوەرۆكەكیان پوچەڵدەبێتەوە.
پرۆسەی هەڵچوونی لەژێرەوە، لەناو جەماوەرەوە بۆ سەر كورسی دەسەڵات، ڕەنگ و دەنگی میللەتێكی زیندووی پێیە كە لە یەكتر ناسینەوە و لە نوێنەرایەتی كردنەوە بەرەو بەئەنجام گەیاندنی خواستەكانیان دەسەڵات دەگرێتە دەست. بە وتەیەكی تر تا ئەو كاتە هێڵی پەیوەندی جەماوەر و دەسەڵاتی تازەی دەستبەكار، هێشتا وشك نەبوە و هێشتا كەس نە باش نە خراپی لێنەبینیووە، لەبەرئەوە ساتی دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات خاڵی سفرە و بە هیچ لایەكدا لاسەنگی تێنەكەوتووە.
هیچ بەرهەڵستكارێكیش نیە بۆ دەسەڵات، مەبەست لە پاشماوەی دەسەڵاتی پێشوو نیە وەك بەرهەڵستكار، بەڵكو بەرهەڵستكاری ئەو سیستەمەی لەژێر دامەزراندندایە. ترسەكەش هەر لێرەوە دەستپێدەكات كە لە ساتی دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتەدا، هیچ بەرهەڵستكارێكی ئەو دەسەڵاتە ئامادە نەبێت. ئەو هۆكارەی ڕێخۆشكەرە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتێكی تاكڕەو لەفەزایەكی بەرەڵادا، كە بتوانێت بە ئارەزووی خۆی، تەنها و تەنها لە بەرژەوەندی خۆیدا كاربكات. بەبێ چاوی ئۆپۆزیسیۆن، بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەك لە هیچ لایەكەوە و دەستیان والابێت بۆ بەكارهێنانی ئەو پێگەیەی كەوتۆتە ژێردەستیان. سات، ساتی بێ یاساییە و قسەی فەرمانڕەوا دەستبەجێ دەبێتە كردەوە و جێبەجێدەكرێت.
ئا لێرەوەیە خراپبەكارهێنانی متمانەی خەڵكی دەستپێدەكات. ئێرە خاڵی وەرچەرخانە، خاڵی دەستپێكردنی لاسەنگی تەرازووی دادپەروەرییە، خاڵی بەناچاریی درۆكردنی دەسەڵاتبەدەستانە بەرامبەر ئەو جەماوەرەی لە پشتیان بووە، چونكە ناتوانن نوێنەرایەتیان بكەن. هیچ ڕێسا و پەیڕەوێك نیە كە پەیوەستبن پێوەی. ئەوەی هەیە ئەوان وەك تاكە مرۆڤ خاوەنی چ بیروڕایەك، چ بۆچونێكن و تا چەند خاوەنی ویژدانێكی كۆمەڵایەتین كە ئەو پێگەیەی ژێردەستیان كەوتوە لەبەرژوەندی خۆیان بەكاری نەهێنن. ئەمەش كە لەسەر ئاست و مەزاجی تاكەكەس وەستابێت، تا ڕادەیەكی زۆر مەحاڵە كە ئاڕاستەی ئەو ڕوداوە مێژووییەی كەوتۆتە دەستیان بە ئاقارێكی تەندروستی مێژوویدا بڕوات. هەر بۆیە خاڵی دەستپێكردن، خاڵی سفر مەترسیدارترین خاڵە كە دەسەڵات دەست بەكار دەبێت، ئەگەر

وشیارییەکی پێشوەخت و ئامادە لە پرۆسەی ئەو دامەزراندنەدا ئامادە نەبێت، یاخود دەستەیەک لە نوێنەرایەتی جەماوەر سەرپەرشتی و بەشداری ئەو دەسەڵاتە نەکەن.
لێرەدا دەبێت هەڵوێستەیەک بکەین. ئێمە لە جیهانێکدا دەژین سنوری دەوڵەتەکان زەمەنی مێژوویی دیاری دەکات بۆ ئەو مرۆڤانەی کەوتونەتە ئەو سنورەوە. ئەم لەیەکدابڕانە مێژووییە لەگەڵ یەکتردا، لەسەر ئاستی جیهانی، دەلالەتی ئەوەیە کە مرۆڤایەتی هێشتا نەگەشتۆتە یەک مێژوو. هەر میللەتە و هەر دەوڵەتە بەجیا لەوانی تر گەشەی کردووە و ئەمەش بۆتە هۆی پێشکەوتن و پاشکەوتن لەیەکتری. حوکمی دەگمەنیی و خۆپەرستی مرۆڤیش وایکردوە کە ئەو خۆجیاکردنەوە و لەیەکتردابڕانە زیاتربکات هەتا ئاستی بەجەنگهاتن لەسەر دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکاندا و لەسەر دەستبەسەراگرتنی ناوچە ستراتیژییەکاندا. ئەو دوژمنایەتییەی مرۆڤ بۆ خۆی دروست کردووە، بۆتە ڕێگری خۆناسینەوەی لەگەڵ خۆیدا وەک یەک ڕەگەزی مرۆڤایەتی.
هەر میللەتە و بە جیا مێژوویەکی تێپەڕاندووە، ئەمڕۆ ئەوەندە لەیەکتری دورکەوتوینەتەوە، وا هەست دەکەین هەریەکەمان لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتووین. ئەوەندەی خاڵی جیاوازی هەیە ئەوەندە خاڵی هاوبەشمان نیە. ئەمە دەلالەتی ئەوەیە داڕشتنی مێژوو بە حوکمی بەرژەوەندی مرۆڤایەتی نەچووە بەڕێوە. بەڵکو لە بەرژەوەندی چەند کەسێکدا ئاڕاستەکراوە، یاخود لەبەرژەوەندی چەند میللەتێکدا، بەبێ ئەوەی حساب بۆ مرۆڤەکانی ژێردەست، یاخود میللەتانی چواردەور بکرێت.
هەڵە مێژووییەکان لێرەوە دەستپێدەکەن کە بەرژەوەندی تایبەتی خراوەتە پێش بەرژەوەندی گشتییەوە. ئەوەیە کە مێژوو بەلاڕێدا دەبات و مرۆڤەکان و میللەتەکان و دەوڵەتەکان لەیەتر جیادەکاتەوە.
ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چۆنێتی پێکهاتنی دەسەڵاتی تاکڕەوی لە جیهاندا، بە شێوەیەکی گشتی ئەو دەسەڵات گرتنەدەستە، زۆربەی زۆری لە بارودۆخێکی نائاساییەوە کەوتۆتەوە، وەک شۆڕشەکانی دژی داگیرکاری بێگانە، یاخود بەهۆی ئایدۆلۆژییەکی توندڕەوەوە کە دەبێتە هۆی ڕوخاندنی دەسەڵاتێکی بەڕێژە لاواز، وەک شۆڕشی کۆمۆنیستی یاخود مەزهەبی. لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا کرداری دەسەڵاتگرتنە دەست لەڕێگەی توندوتیژییەوە بەئەنجام گەشتووە، کە زۆرجار زۆری تیابەکارهاتووە و قوربانییەکی زۆری لێکەوتۆتەوە. زۆرجار بەسەر کۆمەڵگایەکدا سەپێنراوە کە ئامادە نەبووە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە.
لەکۆمەڵگای دیموکراتیدا کاتێک ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەکرێت، هەمیشە بەرەی بەرهەڵستکار ئامادەیە و دەمێنێتەوە. لە پێش ئاڵوگۆڕ و لە دوای دەسەڵاتگرتنە دەستیش. گرنگی ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسییە لەوەدایە، نوێبونەوەی ژیانی سیاسی و زیندوبونەوەی هەستە جەماوەرییەکەیەتی، کە زۆرجار لەدوای چوار ساڵ وردە وردە هێڵی پەیوەندی دەسەڵات و

هاووڵاتی ژەنگ دەگرێت و لێکترازان و لێکتێنەگەشتن دروست دەبێت. لە لایەکی تریشەوە لەدوای چوار ساڵ جەماوەر دیسان هەستی بەشداربونەوە و مافی بڕیاردانی دەسەڵاتبەدەستانی خۆیان لا دەجوڵێت و دەبێت بەشداری بکەن لە پێکهێنانی فەرمانڕەوایەتییەکی نوێدا بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەموو ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ڕویانداوە. کەسانێک بێنە پێشێ کە توانای ئەو ڕوبەڕوبونەوانەیان هەبێت کە چارەنوسی نوێی ئەو میللەتەیە لەو مێژووەی کە تیایدایەتی و بەرژەوەندییەکانیان باشتر بپارێزێت و لە هەوڵی گوزەرانی باشتردا بێت بۆ نەوەکانی داهاتوو. واتە ئاستەمە سیستەمی حوکومڕانی بگاتە ئاستی وشکهەڵهاتن کە هەر چوار ساڵێک کۆمەڵگا بجوڵێت و ژیانی سیاسی خۆی نوێکاتەوە.

گرفتی سەرکەوتنی شۆڕشی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەستپێکرنەوەیە لە خاڵی سفرەوە، سڕینەوەی دەسەڵاتی تاکڕەوێتییە و دامەزراندنی دەستورە کە مافی هەمووان بپارێزرێت و ئازادی بەرقەرار بێت. کەم تا زۆری شۆڕشەکانی پێشووش بەو ئامانجانەوە ئەنجامدراوە، دوایش دیموکراتیەت بوە بە دیکتاتۆرییەت، دەستور بوە بە پارێزەری ئەو دیکتاتۆرییەتە، ئازادی کراوەتە کۆیلەیەتی بۆ دەسەڵات و شۆڕش، یاسا بوە بەو نەریتەی کە دەسەڵاتدارێتی پەیڕەوی ناکات.

هەڵبەتە ئەمڕۆ ئێمە لەسەردەمێکی تردا دەژێین و هەموو ئەو ئەزموونانەشمان لەبەرچاوە و لەیادماندایە. شۆڕشی نوێ دژی داگیرکاری بێگانە نیە، هەڵگری ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی و مەزهەبی نیە. شۆڕشی نوێ دەتوانرێت لە ڕستەیەکدا کورتبکرێتەوە، ئەویش ئیعتیبارهێنانەوەیە بۆ مرۆڤ کە بۆ هەتاهەتایی سوکایەتی پێنەکرێت. ئەگەر ئەو پرنسیپە پەیڕەوبکرێت، ئەوە بەو مانایەدێت کە دیموکراتییەت دەچەسپێت، مافی مرۆڤ پێشێل ناکرێت، مێژوو بەلاڕێدا نابرێت، بەرژەوەندی کۆمەڵگا پێش بەرژەوەندی تاکەکەس دەکەوێت. هەموو ئەوانەش هۆکاری سەرەکین کە کۆمەڵگا پەیوەست بێتەوە بە مێژووی جیهانەوە.

تاکی کۆمەڵگاکانی ئێمە سەدان ساڵە چاویان لە مێژووییەکە لەبەردەمیانەوە دەگوزەرێت بەبێ ئەوەی مافی ئەوەیان هەبێت تیایدا بەشداربن. جیاوازی ئەم شۆڕشە نوێیە لەگەڵ شۆڕشەکانی پێشوو ئەوەیە کە پەیامێکی گرنگی پێیە بۆ ڕۆژئاوا کە چیتر ئەم میللەتانە مەڕومالاتی بەردەستی دەسەڵاتدارانیان نین و چیتر قبوڵناکرێت حسابی هیچیان بۆ بکرێت. ئەمە تەنها شۆڕشێک نیە دژی ستەمکاریی خۆماڵی، بەڵکو دژی ستەمکاریی جیهانیشە. پەیامەکە ڕون و ئاشکرایە، ئەوەی نەیەوێت لە کۆمەڵگاکەیدا پەراوێز بخرێت، ناشیەوێت لە جیهانیدا پەراوێز بخرێت، چ وەک تاک، چ وەک میللەت.

## چەند وانەیەکی قوتابخانەی شۆڕشی گەلی میسر و ڕاپەڕینی ئەم جارەی کورد.

## 30.03.2011

لە پێش هەموو وانەکانەوە هەڵوەشاندنەوەی تیوەرییەکانی پێشوی شۆڕش و چۆنێتی هەڵگیرسانی شۆڕشە.
هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژوو.
پوچەڵکردنەوەی حیزبە سیاسیەکان.
پێویست نەبوونی سەرکردەی نمونەیی.
بزوتنەوەیەکی ئاشتیانە.
بەڕێوەبردنێکی گەنجانە و وشیارییەکی کەڵەکەبوو.
نەوەی سێیەم ئەوەی بوو بە زاراوەیەک لە شۆڕشی میسردا، ئەو نەوەیەیە کە نە سەر بە دەسەڵاتە نە سەر بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی ئۆپۆزیسیۆنە. نەوەیەکە بە شێوە گشتییەکەی بڕوایان بە سیاسەتە باوەکەی سەردەم نەماوە، بڕوایان بە سەرکردەیەکی تاک و تەنها نیە لەدایکبێت و ڕزگاریانبکات.
نایانەوێت تێکەڵاوی فڕتوفێڵی سیاسەت بن. سیاسەت بە بارە سروشتییەکەی، ساکارەکەی وەردەگرن وەک ئەوەی لە ئێستا و لێرەدا و پێداویستییە ڕۆژانەکان و ڕێزلێگرتنی وەک مرۆڤێک نەک قێزلێکرنەوەی و مامەڵەکردنی وەک ئاژەڵێک.
شۆڕشی گەنجانی میسر هەموو پاکییەکانی گەنجانی لەخۆگرتبوو، (لەئامێزگرتنی ژیان بەمانا قوڵەکەی) نەویستنی شەڕ، نەویستنی ئاژاوە، نەویستنی گێرەشێوێنی، نەویستنی کوشتنوبڕین، نەویستنی درۆکردن و درۆلەگەڵکردن.
هەر لەیەکەم ڕۆژەوە هاواریان دەکرد ناشکێنین، وێراننناکەین، خاپورناکەین. بەو مانایەی ئەمە نیشتمانی ئێمەیە، ئێمە لێرەدا دەژین و دەمانەوێت پارێزگاری لێبکەین نەک کاولیبکەین، ئێوە ئەی دەسەڵاتداران نامۆن بەم گەل و نیشتمانە و دەبێت بڕۆن.
جگە لەسوتاندنی مۆڵگەکانی حیزب لە یەک دوو ڕۆژی یەکەمدا، ئەوا بە پێچەوانەوە، بوون بە پەرژینی پاراستنی هەموو دامودەزگا دەوڵەتیی و موڵکە گشتییەکان، لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی دەسەڵاتدا بە بەرەڵاکردنی دزوجەردەی زیندانەکان و بە کڕینی کۆمەڵێکی تری بەکرێگیراو بۆ تێکدان و دزی و کوشتن و تاڵانکردن.
یەکێک لەو تاکتیکانەی حیزبی دەسەڵاتدار ئەوە بوو کە لە پاش دوو سێ ڕۆژی یەکەم هێزی ئاسایش و پۆلیسی لە شەقامەکانی شار کشاندەوە بۆئەوەی خەڵک بکەونە تاڵانی و ئەوکاتە

سوپا دابەزێت بۆ نەهێشتنی تالآنی و دزی و دەست بەسەر بارودۆخەدا بگیردرێتەوە و خۆپیشاندەران بە گێرەشێوێن و تالآنکەر بدرێنە قەڵەم، بەڵام کاتێک سوپا دابەزی نە دزی هەبوو نە تالآنی، بە پێچەوانەوە باوەشی گەرمی گەلێک هەبوو کە هاواری دەکرد سوپا و گەل یەک دەست و بازووە.
پاکیی گەنجان هەر زوو کەوتنە دروستکردنی لیژنەی پارێزگارییکردن و هەر زوو توانیان لەو پلانانە تێبگەن و بەپێچەوانەوە بونە ڕێگری دزی و تالآنی کە لە لایەن پیاوانی ڕژێمەوە بە فەرمانی سەرویان بەڕێوەدەچوو.
یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی تری شۆڕشی گەنجان ئەوە بوو کە بە هیچ شێوەیەک پەلاماری پۆلیس و ئاسایشیان نەدا جگە لە بەرگریکردن لەخۆ.

ئێمەی کوردیش بەدرێژایی مێژوو بە گێل لەقەڵەمدراوین، بە نەزان بەمێگەل کە پێویستمان بە شوانێک هەیە لێمانخوڕێت.
سەردەمی سەرکردەی هەڵکەوتوو نەما، هەر یەک لە ئێمە سەرکردەیەکین، ئێمە پێویستمان بەکەس نیە لێمانخوڕێت، ئێمە دەمانەوێت خاوەنی خۆمان بین نەک سەرکردەیەک خاوەنمان بێت. ئێمە ئەوەندە وشیاریمان بەسە کە چەپمان لە ڕاستمان بکەینەوە. هەموو کەسێک بە بەرژەوەندییەکانی وشیارە.
سیاسەت مانای دزی و فێڵکردن نیە، بەڵکو شێوازی بەڕێوەبردنە،بەڕێوەبردنێک کە جێگای هەموومانی تیابێتەوە. ئازادی ژیان بەبێ داپڵۆسین، دابینکردنی کەرامەتی مرۆڤ کە هیچ هێزێک نەتوانێت تێکیبشکێنێت، سەربەخۆیی تەواوی دادگا، دەوڵەت، یاسا.
لەسەرێکی ترەوە ڕاپەڕینی گەلی میسر نزیکەی بیست ساڵێک بەدوای ڕوخاندنی بلۆکی کۆمۆنیزمی و ڕوخانی دکتاتۆرەکانی ئەوروپای ڕۆژهەلآتدا دێت، بەڵام هەڵبەتە هێشتا درەنگ نیە. ئەو سەردەمی شەڕی ساردەی ئەوسا و جیهان، سیاسەتێکی تر بوو وەک ئەوەی ئەمڕۆ، کە کرانەوەی جیهان و تێگەشتنێکی ئاسانتر بۆ کۆمەڵانێکی زۆرتر لەبەردەست دایە.
کورد بیست ساڵ لەوەوپێش هەلومەرجی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی ژێردەستەی ڕژێمی بەعسی بۆ گونجا و بەئەنجامی گەیاند، بەڵام شۆڕش و دەستکەوتەکانی لە لایەن چەند تاقمێکی چەکدارەوە دزرا و خۆیان کردە خاوەنی دەستکەوتەکانی.
کورد هەتا ئێستا شۆڕشی نەکردوە سەرکەوتوو بوو بێت، هەموو بزوتنەوەکانی پێشوو تەنها شێوەیەک بووە لە بەرگریکردن لە مانەوە. ئێمە هەرگیز خاوەنی دەوڵەت نەبووین، ئێمە هەرگیز خاوەنی حوکمەت نەبووین، ئێمە هەرگیز خاوەنی پەرلەمان نەبووین.
ئەوەی کە هەیە کۆمەڵێک دزوجەردەیە، بە زەبری پارە و هێز خۆیان سەپاندووە بەسەر میللەتدا و خۆیان وەک نوێنەری پیشاندەدەن.

ئێمە هەتیو نەکەوتوین هەتا باوکێکی دڵسۆز بێت و نازمان هەڵبگرێت، ئێمە چیتر مێگەل نین چاوەڕوانی سەرکردەیەک بین لێمان بخوڕێت. نە پێویستمان بە جیڤارا هەیە، نە گاندی نە ماندێلا، نە بە مەهدی ڕزگارمان بکات.
ئێمە ئێستا مرۆڤی تەواوین لە عەقڵی خۆمان زیاتر پێویستیمان بە کەسی تر نیە، یا ئەوەتا بە ئازادی دەژین، یا ئەوەتا بە سەرشۆڕی دەمرین، لەو نێوانەدا هیچ بوارێکی تر نیە بۆ ژیان. هەرکەس، هەر گەنجێک ئەم کۆمەڵە پرنسیبە سادانە لەخۆیدابببینێتەوە، لە جێگەی خۆیەوە سەرکردەیە. دزی و جەردەیی نەکات، دادپەروەر و حەقپەرست بێت، پارێزەری سامانی میللەت بێت و بەفیڕۆینەدات. پرنسیبە گشتییەکانیش لە چەند خاڵێک تێپەڕناکات.
حوکمەتێکمان ناوێت دزیمان لێبکات، حوکمەتێکمان ناوێت درۆمان لەگەڵ بکات، نیشتمان موڵکی هەموومانە، حوکمەتێکمان ناوێت داپڵۆسین و ئەشکەنجە پەیڕەوبکات.

**بێدەسەڵاتی دەسەڵاتی کوردی**

**06.04.2011**

ئێمە ناتوانین دەسەڵات بڕوخێنین، چونکە شتێک نییە ناوی دەسەڵات بێت. هەوڵی ئێمە بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی دەسەڵاتە، ئەوەی ئەمڕۆ نیە و ئێمەی لە بۆشاییەکی گەورەدا قەتیس کردووە. میللەت بیست ساڵە هاوار دەکات کە دامودەزگایەک هەبێت بیبینێت، دامودازگایەک هەبێت بیخوێنێتەوە، گوێی لێبگرێت، بەڵام نەبووە و ئێستاش نیە و لەژێر سایەی ئەم شێوازی حوکمڕانیەشدا دروست نابێت. ئاشی دەسەڵات بیست ساڵە بەبێ دەستور دەسوڕێتەوە.

بیست ساڵە هاواری سیستەمی پەروەردە و نەخۆشخانە دەکەین. بیست ساڵە داوبێدادمانە بەدەست نەبوونی دادەوە، بیست ساڵە هاواری پەیداکردنی هەلی کار دەکەین، هاواری فرسەتی یەکسانی دەکەین.

هاوولاتی ئەم سەرزەمینە بەرەڵاکراوە و بەجێهێڵراوە بۆ خۆی کە ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە، کە بژێوی ژیانی دابینبکات و جێگەی خۆی بکاتەوە، لەکاتێکدا کە شادەماری ئابوری هەرێم لەژێر دەستی دەسەڵاتدایە و بە سیستیماتیکی دەیدزێت. ئەوەی کە ماوەتەوە و دەبێت شەڕی لەسەر بکرێت، خاکوخۆڵەکەیەتی، ناواخنە بەبەهاکەی داگیرکراوە و لە نێوانی دەستەیەکی زۆر بچوکدا دابەشکراوە.

کە کوردێک پێدەنێتە وڵاتێکی ڕۆژئاوایی، ئەوەی یەکسەر هەستی پێدەکات، هەبوونی سیستەمێکی چالاک و زیندووە کە هەمیشە کارایە و وەستانی بۆنیە. لە یەکەم هەنگاوەوە هەست بەوە دەکات کە دەسەڵاتێکی زیندووی ئامادە لە هەموو بستێک و ساتێکی زەمەنی ئەو وڵاتەدا، بەبێ جیاوازی بوونی هەیە. لە هەموو بارێکی کۆمەڵایەتیدا، ڕوخسارێکە و لە خزمەتدایە.

دەسەڵات نابینرێت و کەچی لە هەموو کوچە و شەقام و ماڵێکدا، لە هەموو دامودەزگایەکی گشتی و تایبەتی و دەوڵەتیدا ئامادەیە. هەموو مرۆڤەکانی بڕیوە و بە هەموویاندا تێپەڕیوە و لە سیستەمێکدا کۆیکردونەتەوە کە هەموویان، هەمیشە لەبەرچاوبن. بە شێوەیەک کە هەموو هاووڵاتییەک هەستبکات کە بەشدارە و پشتگوێنەخراوە و ژیانی لە مەترسیدا نیە و پارێزراوە. ئەو سیستەمە بە *یاسا و دەستوور دەچێت بەڕێوە، یاسا و دەستوور بەرهەمی ئەقڵە*. هەموو کەسێک لەو پەوەستبوونەوەیەدا، هەست دەکات ئازادە. تاکەکەس خاوەنی کەسایەتی خۆیەتی و بڕیاردەری ژیانی تایبەتی خۆی لەدەستدایە. ئەوە بەهێزیی و بەتوانایی و زیندوێتی ئەو دەسەڵاتانە دەردەخات.

ئەوەی کە باسکرا لەلای ئێمە بە بۆشی هێڵراوەتەوە. دەسەڵات لە هیچ جێگایەکدا بە لاوازیشی بوونی نیە. لەلای ئێمە کەس نیە لەو پێگەیەی کە تیاگیرساوەتەوە، هەست بەبوونی دەسەڵات بکات لە هیچ ساتێکی ژیانیدا، سەر بە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگاش بێت.
مرۆڤ هەستدەکات بەرەڵاکراوە و بە هیچ شتێکەوە نەبەستراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا ئازاد نیە. هەمیشە ترس لەسەر ژیانی هەیە و هیچ دەسەڵاتێکی بینراو و نەبینراو ناتوانێت زەمانەتی ژیانی بکات و دڵنەوایی ژیانێکی پارێزراوی پێببەخشێت. لێرەوەیە کە دەسەڵاتی بۆشایی دروستدەبێت. ئەو دەسەڵاتەی دەستوپێ و دەمی ئەم بونەوەرانەی ئەم سەرزەمینە دەبەستێتەوە. لە ڕاستیدا ناتوانین بە خۆمان بڵێین هاووڵاتی چونکە لە هەموو سیفەتێکی هاووڵاتیبوون داماڵراوین.
دەسەڵاتی بۆشایی بەزەبری هێز دەبرێت بەڕێوە. ئەوە خاڵی بێدەسەڵاتی دەسەڵاتە کە ئەو بۆشاییە گەورەیە بە چەکدار پڕدەکاتەوە.
لەسەر هەر کوچە و کۆڵانێک مۆڵگەیەکی حیزب، بازگەیەک، پۆلیسخانەیەک، دەزگایەکی ئاسایش و بەدواداچوون.... دەیەها ناوی تری هێزی دەستوەشێن لەسەرپێیە. لە هەموو ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی دەسەڵات، ئێمە تەنها هێزی بینراوی دەستبەچەک دەبینین. دەسەڵات ماسولکەکانی خۆیمان نیشان دەدات لە جیاتی خزمەتگوزایی.
لە جیاتی قوتابخانە و نەخۆشخانە و شانۆ و سینەما و....زیندانی گەورەتر و گەورەتر بنیات دەنێت. جێگەی لێدان و هەڵواسین و ئەشکەنجە، بە ئاشکرا و بە نهێنی دادەمەزرێنێت.
دەسەڵات لە دوو بەڵگەنامەدا هاونیشتیمانیانی خوی دەناسێت، لەدایکبوون و مردن. ئەگەر نەختێکیش بزێو بێت، ئەوا مەلەفێکیشی لە ئاسایش بۆ دەکرێتەوە. لەوە زیاتر دەسەڵات نایەوێت هاونیشتیمانی بناسێت و هەمیشە لەگەڵ یەکتر بەنامۆیی دەمێننەوە.
*دەسەڵاتی لای ئێمە دوو بازووی پڕ لە چەکە بۆ سەرکوتکردن و دەمێکە بۆ چەواشەکردنی حەقیقەت.*

دەسەڵاتی ئێمە هەمیشە لە یەک شتدا ئامادەیە، ئەویش پەلاماردانە. بچوکترین هەڕەشە یاخود مەترسی، دەیەها هێزی ئامادەی هەیە بۆ سەرکوتکردن و دەمکوتکردن و زیندانیکردن. وەنەبێت ئامادەیی تیابێت وەڵامی ترس و هەڕەشەی دەرەکی بداتەوە، دەیەها ساڵە وڵاتانی دراوسێ تۆببارانی سەر سنورەکان دەکەن و دەسەڵاتیش فزەی لەخۆی بڕیوە.
ئەو ئامادەباشییە تەنها بۆ ترسی ناوەکییە کە دەکاتە کۆمەڵگای کوردی خۆی. بیست ساڵە نەیتوانیوە یەک سانتیمەتر لە حوکمی زاتییەکەی سەدام حوسەین پێ بەرێتە پێشەوە و ناوچەکانی تری کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی ناوەندیدایە، بیخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی. واتە

ئەم دەسەڵاتە توانای ڕووبەڕووبونەوەی کێشە سەرەکییەکانی میللەتی کوردی ئەم هەرێمەی نیە. لە ترسی مانەوەی خۆی هەموو سیاسەتێکی مەرکەزی بەغدا و ناوچەیی قبوڵدەکات. بە مەرجێک کورسی دەسەڵاتەکەیان لەق نەبێت.
ئەوانە بێدەسەلاتی دەسەڵاتی کوردی دەردەخەن کە تاکە ئامادەبوونێکیان لەناو خەڵکدا، هێزی چەکدارە. پڕکردنەوەی هەموو ئەو بۆشاییانەی کەوتۆتە نێوان خۆی و میللەتەکەی، بە لەڕوخستن و پیشاندانی بەردەوامی چەکدارەکانیەتی لە هەموو کوچەو کۆلانێکدا.
دەسەڵاتێک کە بێدەسەڵاتە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگادا، بە ناچاریی دەبێت پەلاماری ژێردەستەکانی بدات، ناتوانێت جڵەو بۆ میللەت شلکات چونکە مافەکانی خواردووە و ژیانی پێشێلکردووە. بەردەوامبوونی دەسەڵاتەکەی لەسەر ئەو سەرکوتکردنانەیە. دەسەڵات دەستی کراوەیە بۆ داپڵۆسین و هیچ دامودەزگایەک، یاسایەک، دەستوورێک نیە کە ڕێگەی لێبگرێت، یاخود لێیبپرسێتەوە، هەر بۆیە بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو پێگەیە نابێت و چۆڵی ناکات. هەر بۆیە بەناچاریی دەبێت هەموو دەنگێک کپبکرێتەوە کە داوای مافی خۆی بکات. دەبێت بازاڕی زیندانی هەمیشە گەرم بێت.
دەسەڵاتدارانی کورد دیسانەوە بەناچاری دەبێت سادیست بن، دەبێت ئازاربدەن. دەسەڵاتێک کە نەتوانێت ئەقڵ بخاتەگەڕ، دەبێت بە غەریزە هەڵسوکەوت بکات. لەو پێگەی دەسەڵاتەشەوە کە بۆخۆی بەڕەوا بینیوە، چێژ لەو نائەقلانییەتەی خۆی وەردەگرێت و دەیەوێت وەک مەفهومی ئەو خودایە بژی کە بکوژوببڕ خۆی بێت و کەس نەبێت لەسەر ڕێگای بوەستێتەوە.

## بەسەرچوونی زەمەنی دیکتاتۆر

19.04.2011

ئێمە لە زەمەنێکدا دەژین کە چیتر دیکتاتۆر ناتوانێت تیایدا بژی. زەمەن زەمەنی گەلە، زەمەنی زۆرینەیە نەک کەمینە، نەک بەو واتایەی کە کەمینە جێگەیەی نابێتەوە، بەڵکو فەرمانڕەوایی بۆ زۆربەیەک کە هەمیشە بێبەش بوون لە هەموو حەقی بوونێک و کەمینەیەک هەموو حەقێکیان بە خۆیان دابوو زۆرینەیەک داڕوتێنن و ملکەچکیانکەن بۆ ئیرادەی خۆیان.

ئەمڕۆ ئیتر زەمەنی وشیارییە کە هەموو جیهان تیایدا بەشدارە، بە ڕۆژئاواشەوە. ئەو ڕۆژئاوایەی خۆی بێدەنگکردوە و خۆی لە گوناحەکانی پاککردۆتەوە. ئەمڕۆ وەک تەماشاکەر بەسەرساممییەوە دەڕوانێتە ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک ئەوەی ئەوان لەسەر ئەستیرەیەک بن و ئەوەی لە لای ئێمەش ڕودەدات، ئەستێرەیەکی تر بێت. ڕۆژئاوا یادگەی خۆی لە ڕوداوەکاندا دەسڕێتەوە، بێئاگایی خۆی، بێبەرپرسیارێتی خۆی ڕادەگەێنێت، بەوەی کە ڕودەدات پەیوەندی چەند فەرمارەوایەکی دیکتاتۆرە لەگەڵ گەلەکانیاندا و ئەوان سەدان ساڵە دیموکراتییەتیان چەسپاندووە و هەموو کەس بە ئازادی ژیاوە و دەژی.

بە دەنگی بەرز و ئاشکرا لەوە زیاتر ناوترێت کە بۆچی ئەو دیکتاتۆرانە لەو زەمەنی دیموکراتییەتەدا نزیکەی نیو سەدەیە مێردەزمەی سەر سنگی میللەتەکانیانن و بە دار و قامچی سەرکوت و دەمکوتیان دەکەن.

جگە لەو دەستە بچوکەی لەو وڵاتانەدا کە وەک دیکتاتۆر ژیاون و دەژین، مەگەر ڕۆژئاوا سودمەندی یەکەم نەبووە لە مانەوەی ئەواندا و هیچ کاتێکش کوشتنی مرۆڤەکانی ئەو میللەتانە نەبۆتە هۆی ئەوەی پەیوەندی بازرگانی خۆیان بۆ ساتێکیش ڕاوەستێنن و هەمیشە بێدەنگیان هەڵبژاردوە وەک لەوەی بیوروژێنن.

زەمەنی دیکتاتۆرەکان بەسەرچوو، تەنانەت ئەمڕۆ پێش ئەوەی بە کردەوە لەسەر کار لابرابن، مەعنەوی شکاون و لە ناوچوون. تەنها مەسەلەی ڕەوینەوەی ترس نیە لە داپڵۆسین، بەڵکو وشیاریی مێژوو گەشتۆتە دوا قۆناغی بۆ دیکتاتۆرەکان.

تونس، دوا بەدوا میسر ئەو ڕاستییەی چەسپاند و بانگی حەقیان دا بە گەلانی ژێردەستەی دیکتاتۆرەکان، بەوەی زەمەنی دیکتاتۆرییەت بەسەرچوو.

لە پێش هەموو دەسەڵاتێکەوە، ڕۆژئاوا گەشتۆتە ئەو ڕاستییەی کە ناتوانێت لەمەودوا مێژوو تەنها لە بەرژەوەندی خۆی بچنێت. ئەمڕۆ ئیتر باس لە بەها مرۆڤایەتییەکان تەنها نوسراوی سەر بەڵگەنامەکان نیە، بەڵکو واقیعێکە دەبێت قبوڵبکرێت و بچەسپێنرت، نەک تەنها بۆ ڕۆژئاوا، بەڵکو بۆ هەموو میللەتانی جیهان.

**هەتا ئێستا مافی مرۆڤ تەنها ڕۆژئاوای گرتبوەوە و تەنها مرۆڤەکانی ئەوان لێی بەهرەمەند بوون. ئەمڕۆ ئیتر واقیعێکی ترە و دەبێت هەموو تێیدا بەشدار بن.**
**ئەمە دامەزراندنی مێژووی ڕاستەقینەیە بۆ یەکەم جار، کە هەموو بەشداری ئەو مێژووە بین بەبێ جیاوازی ڕەگەز، زمان، ئاین.**
**هەموو مرۆڤایەتی دەبێت بە خۆیدا بچێتەوە، هەڵەکە هی یەک و دوان نیە، هی هەموومانە و دەبێت مێژوو ڕاستبکریتەوەوە بەو ئاڕاستەیەی کە دەبێت پیابڕوات، نەک بەو ئاڕاستەیەی کە دەمانەوێت پیابڕوات.**

**کاتی ئەوە هاتووە هەموو لاپەڕە ڕەشەکانی پارتی و یەکێتی هەڵدڕێتەوە**

**20.04.2011**

ڕەنگە هەتا ئەمڕۆش هێشتا کۆمەڵێک هەبووبن کە کەمێک ڕێز بۆ ئەو دوو حیزبە بهێڵنەوە، یاخود گومانیان هەبووبێت لەوەی کە هەمیشە قامچی بەدەستبوون. بەحوکمی ئەوەی ئەم دەسەڵاتە کوردییە یەکەمجارە لە مێژووی نوێدا ڕوودەدات، زۆربەیەک چاوپۆشیکردوە لەوەی ڕابوردوویان هەڵمالڕێت، چونکە دەسەڵاتبەدەستن. زۆربەیەکی تریش دەرفەتی ئەوەی بەو دەسەڵاتە داوەتەوە کە ساوایە، بەڵکو گەورەبێت و ئاقڵ بێت.

ئەمڕۆ ئیتر دەبێت هەموو ئەو گومان و چاولێپۆشینە ڕونبێتەوە بەوەی ئەمانە لەوەتەی دروستبوون هیچ کاتێک شۆڕشگێڕنەبوون، هیچ کاتێک بەرژەوەندی میللەتیان لەبەرچاو نەبووە. مێژووی ئەم دوو داربەدەستە لەسەر دوبەرەکی و خیانەت و چەواشەکردنی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد پێکهاتووە. هەموو ئەو خوێنڕشتنانەی پێشوو بەناوی شۆڕشەوە، ڕاستەوخۆ ڕژاوەتە بەرژەوەندی مانەوەی ئەو دوو بنەماڵەیەوە.

ئەوان بەرپرسیاری یەکەمن لە شەهیدبوونی یەک بەیەکی ئەو پێشمەرگانەی لەژێر ناوی ئەو دوو حیزبەدا بوون و بەدەستی حکومەتی ناوەندی لەناوچوون. شۆڕشی چەکداری کوردیی هیچ کاتێک سەرنەکەوتووە، ئەو مێژووە پڕ لە خوێناوییەی ئەو دوو بنەماڵەیە، لە پێش ئەوەی چاوی بە خوێنی دوژمن سور بوو بێت، بە خوێنی کورد سوربووە. هەرزانترین خوێن خوێنی خۆماڵییە، بێخاوەنە و کەس لەسەری هەڵناداتێ.

ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات، ڕوداوێکی ناوازەی ئەم دەسەڵات بەدەستانەی ئەمڕۆ نیە، بەڵکو پێکهاتەی سەرەکییانە. ئەوان بە کوشتن ماونەتەوە و بە خیانەت دەستیان گەشتووە بە دەسەڵات و بە سەرکوتکردن دەیبەنبەڕێوە.

هەڵەی ئێمە ئەوەیە بە دەسەڵات ناویان دەبەین، دەنا هیچ کاتێک نەیانتوانیووە ئەلفوبێی دەسەڵات دامەزرێنن. ڕەحمەت لە کفندزی پێشو کە بەعس بوو، ئەو سیاسەتی فاشیستیانەی پەیرەو دەکرد، بەڵام ئەم دوو بنەماڵەیە سیاسەتی مافیایەکی خێڵەکی دەیانبات بەڕێوە. حەزئەکەن لە هەموو یاسایەک و پێناسەیەکی جیهانی مرۆڤایەتی بەدووربن. حەز دەکەن لە هەموو چاوێکی جیهانی کە مرۆڤ ببینێت، بەدووربن. ئەوانە حەزدەکەن مافیائاسا هەموو ژیانیان بە نهێنی و شاراوە بەسەربەرن. ئەوەشی بێتە سەر ڕێیان بیسڕنەوە و بە نهێنی لەناویبەرن.

ئەم تاقمە مافیایە وەک هەموو مافیایەکی تر، پیاوکوژ دەکڕن، دروستی دەکەن و لە ڕۆژی پێویستدا بەکاریدەهێنن.

مرۆڤ سەرسامدەبێت کاتێک دەیەوێت نمونەیەک لە مێژوودا بدۆزێتەوە بۆ بەراوردکردنی ئەم بەناو سەرکردەی شۆڕشانە و چۆنێتی ڕەفتاریان، هەرچەندە کە دەگمەن نیە، بەڵام بە ئاسانی دەیەها نمونە لە ئەزموونی مافیاکاندا دەدۆزیتەوە.
ئەمڕۆ ئەو دڕندەیە لەخەوهەڵسا و مەترسی لەسەر ژیانی دروست بوو، بە ڕاست و چەپدا دەست دەوەشێنێت و کەس ناپارێزێت، ئەگەر نزیکترین کەسی خۆشی بێت. دڕندەکە خەریکە بێشەی لێتێکدەچێت، منداڵەکانی خۆشی لێدەرناکات و هەمووی دەسوتێنێت. یا من، یا هیچمان.
ئەمە بەڵای مێژووە و بەسەر سەرماندا دەخولێتەوە، هەتا ڕۆژێک زوتر لەناوببرێت هێشتا کەمە. ئەمە دێوە گەورەکەیە لەسەر ئاوی کانییەکە دانیشتووە و لە خۆی زیاتر ناهێڵێت کەسمان مەلەی تێدابکەین، هەتا ڕۆژێک زوتر تیری ڕزگارکەر ناوچەوانی بسمێت، هەر درەنگە.

**خاڵە لاوازەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارەی کورد**

**21.04.2011**

**لەدوای دوو مانگ خۆپیشاندانی هێمنانە و تا ڕادەیەک شەرمنانەی گەنجانی کوردستانی ئێراق، دامودەزگا سەربازییەکانی دەسەڵاتی کوردی لەم ساتەدا بە خێوەتێکی ڕەش، بە زەبری چەک و داپڵۆسین تا ڕادەیەک ئەو بڵێسەیەیان دامرکاندۆتەوە. هەرچەندە ژێر ئەو خێوەتە ڕەشە سەربازییە و ئەو خۆڵەمێشی ترس و تۆقاندنە، پڕە لە پشکۆ و ڕەنگە جارێکی تر کڵپە بکاتەوە.**

**ئەمە نابێتە ڕێگری ئەوەی کە کۆمەڵێک خاڵی لاوازی ئەو بزوتنەوەیە، بوو بە هۆی ئەوەی بەلێدانێکی هێزی سەربازی بە ئاسانی کپبکرێتەوە.**

**نەبوونی ئەزموونی لەو شێوە خەباتە و جیاوازی لەگەڵ ڕاپەڕینی پێشوو ئەوەیە، ڕاپەڕینی پێشوو پەلاماردان و تۆڵە سەندنەوە و شەڕی دەستەویەخە بوو. ئەمجارە دەویسترا ئەو ڕوبەڕوبونەوەیە لەگەڵ دەسەڵاتی خۆماڵیدا ڕونەدات، بەڵکو بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە بتوانرێت قەناعەت بە زۆربەی میللەت بهێنرێت و برژێنە سەر شەقام و داوای مافی خۆیان بکەن. بەڵام نەتوانرا، بۆ نەتوانرا؟**

**کورد فێری خەباتی چەکدارییە و ئەمە یەکەمجارە خەباتی شارستانیانە بەرپابکات.**

**کورد فێری خەباتی نهێنییە و ئەمە یەکەمجارە خەباتی ئاشکرا بکات.**

**دەسەڵاتدارانی کورد ئەوەندە لە دەسەڵاتی پێشووەوە فێربوون کە سیاسەتی تۆقاندن و کوشتن و بڕین دەتوانێت ترس بخاتەوە دڵی زۆربەیەکەوە کە هێشتا لە ترسە کۆنەکە ڕزگاریان نەبووە.**

**لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردودا هیچ کارێک نەکراوە لەسەر تێکشکاندنی کەسایەتی کوردیی و دامەزراندنەوەی ئەو کەسایەتییە. میللەتی کورد بریندارە و برینەکەی ساڕێژ نەبۆتەوە، دەسەڵاتی کوردی بە ڕوپۆشێکی تەنک داپۆشیوە. بە هاتنەوەی جلوبەرگی سەربازی و داگیرکردنی کوچە و کۆڵانەکان، زەمەنی بەعس دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی و ساڵانێکی دورودرێژ لەژێر ئەو پاڵەپەستۆ دەرونییەدا ژیانمان بەسەربردووە، بەبێ ئەوەی توانیبێتمان لەو کاتەدا ئاڕاستەکەی پێچەوانە بکەینەوە.**

**میللەتی کورد لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا گەشتبوو بە هیچێتی. لەلایەک دەسەڵاتێکی بەزەبروزەنگ و ئامادەی پڕچەک، لەلایەک کۆمەڵێک چەکداری لاوازی شاخ کە هیچ ئومێدێکیان پێنەبوو بۆ شارنشینان، هیچ هیوایەکیان سەوزنەکردبوو. نائومێدی گەنجەکانی دەخواردەوە و تەمنیانی دەسوتاند.**

دەسەڵاتدارانی خۆماڵی زۆر چاک ئەو ڕاستییە دەزانن. کە مرۆڤی کورد دەمێکە تێکشکاوە و بە ئاسانی سەرپێی خۆی ناکەوێتەوە. بەتایبەتی ئەوەش دەزانن کە دەسەڵاتەکەی خۆیان لەسەر درۆ بەندە و هیچ هەنگاوێکیان نەناوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی لەژێر دەستی بەعس ڕزگار بکرێت.

ڕاستە دەوترێت کورد ئازا و دلێر و چاونەترسە. بەڵام ئەو سیفەتانە هی زەمانی دەرەبەگایەتییە و لە قوژبنێکی یادگەی کورددا ماوەتەوە کە بۆ مرۆڤی ئەمڕۆ ناخوات. مرۆڤی کورد هەزاران جار دوای ئەو سیفەتانەی تێکشێنراوە و تەنها قاڵبەکەی ماوەتەوە.

کەی میللەتی کورد بەرامبەر تورک و عەرەب و فارس ئازا بووە؟ لە چ قۆناغێکی مێژوویدا دەتوانین نمونەیەک بدۆزینەوە؟

حوکمی ژێردەستەیی کورد، کوردی لەمەڕ مەڕترکردووە. کورد لە هەموو جیهاندا مسالمە، نەک لەبەرئەوەی ئاشتیخوازە، بەڵکو لەبەرئەوەی دەترسێت و هیچ کاتێک بواری ئەوەی نەبووە ببێتە خاوەن ئیرادە.

کاتی ئەوە هاتووە دان بەو حەقیقەتە تاڵەدا بنێین، ئێمە لە ترسدا لەدایکدەبین، لەترسدا گەورە دەبین، لە ترسدا ژیان بەسەر دەبەین و لە ترسدا دەمرین و منداڵەکانیشمان بە هەمان شێوە.

ئەوەی نەیتوانی خەڵکێکی زۆر بێنێتە سەر شەقام، ترس بوو، گومان بوو، دوودڵی بوو. هەموو ئەو پێکهاتە دەروونییەی سەدام بۆی چنیبووین.

وشیاریی ئەمڕۆی میللەتی کورد هیچی کەمتر نیە لە وشیاریی عەرەبی یەمەن و لیبیا، بگرە لە زۆر لایەنەوە ڕەنگە بەرزتریش بێت. ئەوەی کە ئەمڕۆ ناتوانین وەک ئەوان بەردەوام بین، تەنها ئەو کەسایەتییە لاوازەیە کە بۆ مرۆڤی کورد خولقێنراوە. ئەو هەستی بەپەرواوێزکراوییە کە بەدرێژایی مێژووییەک هەر مرۆڤی پلە دوو بووە.

ئەوەی ئێستا و لێرەدا پێویستە ئیشی لەسەر بکرێت، ڕەوینەوەی ئەو ترسەیە لە دڵی مرۆڤی کورددا. ئەمڕۆ جیهان لە قۆناغێکی تردایە. دەسەڵاتدار ناتوانێت میللەتێک بکوژێت، تەنها دەتوانێت ترس پەخشبکات. ئەوەی ئەمڕۆ دەسەڵات دەیکات، زیندووکردنەوەی یادگەی ترسی فەوتان و ئەشکەنجە و لێدان و زیندانیی و لەسێدارەدانەکانی سەدام حوسەینە.

پەتای ترس زۆر بەخێرایی بڵاودەبێتەوە و یەکودوو هەمووان دەگرێتەوە، میللەتی کورد لە یادگەیدا ترس پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە بە تایبەتی بینینی لێدان و جلوبەرگی سەربازی و ئەشکەنجە، زنجیرەیەک لە ترسە کۆنەکە دێنێتەوە پێشی پێشەوە و دەیکاتەوە بە ئەمڕۆ. بەرئەنجامەکەی سەرکزکردن و نائومێدییەکەی جاران ئەکتیڤ دەبێتەوە و هەوڵی مانەوە بە زیندوێتی دەبێتەوە بە پلە یەک و ئازادی دەبێتە پلە دوو.

ئەم حاڵەتە دەروونییە دەبێت دیسانەوە ڕامالڕێتەوە و ڕۆحی شۆڕش پاکیبکاتەوە و ئازادی ببێتەوە بە پلە یەک و ئەوە بچەسپێتەوە کە مرۆڤی ژێردەستە ناژی و بوونی نیە و ئەوەی ئیرادەی خۆی لەدەستدەدات، دەبێتەوە بە مەڕی بەردەستی قەساب کە هەموو ساتێک چارەنوسی سەربڕینە.

ئیرادەی میللەت لەسەرکەوتنی شۆڕشێکەوە دروست دەبێت، ئێمە ئەو سەرکەوتنەمان بەدەستنەهێناوە. ڕاپەڕینەکەی پێشوو بەنیوەناچڵی هەر زوو لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە لەباربراو و نەیان هێشت ببێت بە شۆڕشێکی کامڵ. هەر زوو لە بەرژەوەندی ئەو دوو دەسەڵاتدارە هەڵپرۆسکێنرا و لەو نێوانەدا میللەت نەبوو بە خاوەنی ئیرادەی سەرکەوتن.

هەرکەس لەدەست بەعس ڕزگاری بوو، چووەوە ماڵی خۆی و ئیرادەی تەسلیمی ئەو دوو حیزبەکرد.

تاکە جیاوازییەک لە نێوانی سلێمانی ژێردەستی یەکێتی و هەولێر و دهۆکی ژێردەستی پارتی، ئەوەیە کە پارتی وەک حیزبێکی دیکتاتۆری توانیویەتی دەسەڵاتی تاکڕەوی خۆی بچەسپێنێت و یەکێتی وەک حیزبێکی لەرزۆک و شەقوشڕ نەیتوانیوە. دەنا میللەتی کورد هەمووی لە یەک حاڵەتی دەروونییدا دەژی.

## شۆڕشی سپی دەبێت بەردەوام بێت

22.04.2011

دەبێت تەنها جارێکیش بێت کورد سەرکەوێت. دەبێت ئیرادەی سەرکەوتن بەدەست بهێنرێت. بەبێ ئەو ئیرادەیە، ئێمە هەر بێ شوناسین، ئێمە هەر بێناوین. ئێمە دەبێت بیسەلمێنین کە دەتوانین. دەبێت بیسەلمێنین کە مێشکمان ئیش دەکات و هیچمان کەمتر نییە لە میللەتانی چواردەورمان.

بۆ یەکەمجار و بۆ هەتاهەتایی پێبنێنە مێژووە و دیاردە دزێو و ناشیرینەکانی جیهانی سیاسەتمان بسڕینەوە. جاشایەتی و بوون بە پیاوی ئەم و ئەو لە پارتە سیاسییەکان داماڵین. سەرۆک و سەرکردە و سەرۆکایەتی، بکەینەوە بە وەزیفە و مەنسەبی هەتاهەتایی لێجیاکەینەوە.

شۆڕشی سپی دەبێت سەرکەوێت، ئێمە لەوەتەی هەین چاوەڕێی ئەم شۆڕشە سپییەین کە دڵ و دەرونمان پاکبکاتەوە، بمانکاتەوە بە مرۆڤی تەواو.

هەڵبەتە ئێمە لە بنەڕەتدا مرۆڤی تەواوین و ئەوەی ئێمەی شێواندووە هەموو ئەو کایە دەسەڵاتدارێتیە ئامادەیەیە کە ڕۆژانە ڕۆحمان دەکوژێت، کە ڕۆژانە منداڵیمان زەوت دەکات، کە گەنجێتیمان دەسڕێتەوە و گەورەبوونمان دەکاتە کۆیلەیی.

باشترین نمونە، هەموو ئەو گەنج و خیزانە کوردانەن کە لە ڕۆژئاوادا دەژین. بە هەموو ئەو بارە دەرونییە بریندارەوە، بە هەموو ئەو پاڵەپەستۆ ڕۆحییەوە، لەپاش پێنج شەش ساڵ کە گەمارۆی دەرونییان لەسەر لادەچێت، کە هەست دەکەن ئازادن و ترسی کوشتن و بڕینیان لەسەر لاچووە، کە لە دواڕۆژیان دڵنیادەبن و دەبینن منداڵەکانیان دواڕۆژێکی پڕشنگدار چاوەڕاوانینان دەکات، ئەوسا وردە وردە سروشتی دەبنەوە و دەبنەوە بەو مرۆڤەی هەمیشە کە ویستویانە ببن. هەزارەها نمونەمان لە بەردەستدایە کە لە هەموو کۆڕو کۆمەڵە و کۆبونەوەکاندا، دەتوانرێت بە ئارامی و دیموکراتیانە گفتوگۆبکرێت و بیروڕا بگۆڕدرێتەوە. لێرەدایە کە ئێمە دیسانەوە مرۆڤی تەواوین و ئەوەی سەرمان لێدەشێوێنێت، فەزای ئەو دەسەڵاتدارێتییە کە بستێکی بۆ هەناسەدانی ئازادی نەهێشتۆتەوە و لە ڕۆژئاوادا دەگەینەوە بەو فەزایە.

هەزارەها کورد لە ئەوروپا دیسان خوێندنی تەواوکردۆتەوە و توانیوییەتی ژیانی خۆی ببات بەڕێوە.

ئەوەی لە ئێمەی کورددا کەمە ئەو بوێریەیە کە بۆ ئەمڕۆ پێویستە. زاڵبوونە بەسەر ئەو ترسەدا لە نائاگاییماندا، کە لە دەرونماندا کەڵەکە بووە و وەک مێردەزمەیەکی بەکۆمەڵی لێهاتووە بەسەر سنگمانەوە.
ئەوەی ئێمە نیمانە، شوناسە، ناسنامەیە و ئێرەیی بە هەموو میللەتێک دەبەین کە خاوەنی شوناس بێت، تەنانەت بە تورک و عەرەب و بە فارسیشەوە.
تا ئەو کاتە مرۆڤی تەواوین کە لێمان دەپرسن ئێوە کێن، ئیتر لەوێدا یا بێدەنگ دەبین یاخود بە سارد و سڕیەکەوە دەڵێین کوردین، کە خۆمان ناتوانین پێناسەی بکەین، هەر بۆیە چاوەڕێی ئەوەش ناکەین کە بەرامبەرەکەمان لێمان تێبگات.
دەبێت شۆڕشی سپی سەرکەوێت، ئەگەر هەر هەمووشمان تیاچووین. ئێمە بە درێژایی مێژوو ئەنفال دەکرێین و هەر نەگەشتووین بە شوناسی خۆمان.
بە ئەنفال نابینە خاوەنی شوناس، بە سەرکەوتن دەبینە خاوەنی. بە سەرکەوتن ترسمان دەڕەوێتەوە و دەتوانین ئێمەش سنگمان دەرپەڕێنین و بڵێین ئازادین. ئەمە دوا ساتەکانی مێژووە بۆ گەشتن بەو ئامانجە، ئەگەر ئەمجارە بەدەستی دەسەلاتدارانی کورد ئەنفال بکرێینەوە، ئەوا بۆ هەتاهەتایی لە ناودەچین و پێویست ناکات هیچ هەوڵێکی تر بدەین.
ئەوەی ئەمڕۆ دەڵێین کوردین، بەو هیوایەوەین کە ناواخنێکی بۆ پەیدا بێت. دەنا لە دوای ئەو ئەنفالەوە، ناوبردنی ئەو قاوغە بۆشە هیچ بەدوای خۆیدا ڕاناکێشێت، کە ئێمە هیوای دوا ساتی مێژووییمان دۆڕاندبێت.

## ئەنفالی کورد بەدەستی کورد

## 23.04.2011

ئەو هێزە چەکدارە زۆرەی ئەمڕۆ بە کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە، بە تایبەتی لە پارێزگای سلێمانی بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی مەدەنی بێچەک، ڕویەکی تری ئەو ئەنفالەیە کە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردوودا بەدەستی دەسەڵاتدارانی کوردەوە بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا هاتووە. خودی بوونی ئەو هێزە چەکدارە لەژێر سایەی دوو حیزبی حاکمدا، ئەنفالکردنی ئەو هەموو گەنجەیە کە دەرفەتی تریان بۆ نەڕەخساوە لەوەی زیاتر ببن بە داردەستی ئەو دوو لایەنە. لە هەمان کاتدا ئەنفالکردنی قەوارەیەکی سەربازییە کە ناوی لەشکری کوردستانە. کە دەبوایە پارێزەر و بەرگریکەری کۆمەڵگای کوردی بوایە. ئەمڕۆ دەرئەنجامی کۆتایی بەهەدەردانی ئەو هەموو توانا مادی و مەعنەویە دەبینین کە لەو هێزەدا خەرجکراوە و هەمووی لە قوتی خەڵکی کوردستان دەرچووە.

*بە پارەی قوتی خۆت، لە باشترین ڕۆڵەی گەنجی خۆت، هێزێکی چەکدار دروستدەکرێت و دەکرێتە دەسکەلایەک بەدەستی دوو بنماڵەوە بۆ سەرکوتکردنی خۆت.*

ئەو گەنجانەی لەو چارەنوسە ڕزگاریان بووە، ئەنفالێکی تر باوەشی بۆکردونەتەوە، ئەویش دامەزراندنە لە بەناو دامودەزگای حکومیدا. حوکمەت وەک خێرکردن پێیان دەفرۆشێتەوە. بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وا لە هەموو کەسێک دەگەیەنرێت کە حوکمەت چاکەیەکی گەورەی لەگەڵدا کردووە و لە نەداری ڕزگاری کردووە و مانگانەیەکی بۆ بڕیوەتەوە. ئەم شعورپێدانە یەکسەر هەموو مافەکانی ئەو هاووڵاتییە دەسڕێتەوە کە مافی خۆیەتی خاوەنی کارێک بێت و بە توانا و ڕەنجی خۆی گوزەرانی خۆی پەیدابکات، زۆربەیەک لەو دامەزرێنراوانە خاوەنی بڕوانامەن و چەندین ساڵیان بە ڕەنجی خۆیان و خێزانەکانیان لە خوێندندا بەسەربردووە.

هەموو کەسێک وا تێدەگەێنرێت کە ئەگەر لە دامەزراوێکی حکومیدا موچەخۆر بێت، دەبێت ملکەچی فەرمانەکانی حوکمەتیش بێت، دوابەدواش دەبێت بیروبۆچوونی لەگەڵ حوکمەتدا هاوڕابێت، دەنا ڕەنگە هەر لەسەرەتاوە دانەمەزرێنرێت یاخود چاوەڕوانی ئەوەبێت کە نانبڕوابکرێت. بەوپێیە بەشێکی تری گەنجی چالاکی کۆمەڵگا لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دوایدا دیسانەوە ئەنفالکراوەتەوە بە سەرکزکردن و پارێزگاریکردنی جێگەی کارەکەی.

کۆمەڵگای کوردی چونکە ژێردەستە و سەرکزکراوی دەسەڵاتی پێشووە، ئەم دەسەڵاتە خۆماڵییەی خۆشمان بە هەمان شێوە درێژەی داوە بەو سیاسەتە و بە دەرامەتێکی کەم خەڵکانێکی زۆری ناپێویستیش دادەمەزرێنێت، هەڵبەتە نەک بە ئاسانی، بەڵکو دەبێت

خاوەنەکەی چەندین جار ڕەزیل بکریت و بگاتە ئاستی پاڕانەوە و چەند ناسیاویکیش دەستی تیابێت.
گەنج لەڕیگەی گەشتن بەو پێگەیەدا، لەو ساتەوەی کە خوێندن تەواو دەکات تا دادەمەزرێت، لەو پرۆسەیەدا، لە هەموو ئیرادەیەک دادەماڵرێت و بە ڕوە ناشیرینەکەی واقیع ئاشنا دەبێت. ئەو داشکانە ناوەکییەی بەرامبەر خودی خۆی کە بەزەحمەت هەڵدەسێتەوە، کە ئەم تاکە بچوکە نەک ناتوانێت جیهان بگۆڕێت، بەڵکو زۆر بەزەحمەت دەشتوانێت پاروی ڕۆژانەی پەیدابکات. هەربۆیە کە دەگاتە وەزیفەکە، کۆمەڵێک بەهای دۆڕاندووە لەو قومارخانەیەی "حوکمەت" بۆی ئامادە کردوە.
داماڵین و داتاشین وردە وردە سەرپێدەکەوێت، داماڵین لە هەموو ئەو بەهایانەی بۆخۆی بە ڕەوای بینیوە، داتاشینی ئەو پەیکەرەی ئەو وەزیفەیە پێویستی پێیەتی پڕیبکاتەوە.
بەشێکی تری ئەنفالکراو هەموو ئەو گەنجانەن کە لە کوردستاندا جێگەیان نەبۆتەوەو بەرەو هەندەران دەرکراون. ئەوەش ئەو گەنجانەن کە پاشەکەوتی خۆیان و خێزانیان داوەتە دەم چارەنوسێکی نادیار و بەرەو نامۆیی سەریانهەڵگرتوە.
هەموو ئەو کوردانەی لەژێردەستی دەسەڵاتدارێتی پێشوودا بەرەو هەندەران هەڵهاتبوون، ئەنفالی دەسەڵاتی خۆماڵی ڕێگەی پێنەدان بگەڕێنەوە باوەشی نیشتیمان کە بەهەزارەها خەڵکی پێگەشتوو و ئامادە بۆ خزمەت، لەدوای ڕاپەڕینەوە دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.
ئەوەی لەو سەرمایە گەورەیەی ئیفلیج کراوە، دەمێنێتەوە خاکوخۆڵەکەیەتی کە دەتوانرێت بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت.
کۆمەڵگای کوردی وەک زۆربەی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان، سێبەشی لە گەنج پێکهاتووە. کە چارەنوسی زۆربەی گەنج بەو ئاقارەدا ئاڕاستە دەکرێت، ئەوا شادەماری کۆمەڵگا مرداردەکرێتەوە و زیندوێتی لێدەبڕدرێت. ئێمەی ئاشنا بە ئەنفال لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی دەسەڵاتی کوردیشدا هەر ئەنفال کراوینەتەوە، ئەگەر شێواز و ڕوخسار و زمانەکەشی گۆڕدرابێت.

## ئەشکەنجەدان

## 01.05.2011

بەدرێژایی مێژوو دەسەڵات ئەشکەنجەی بەرمبەر بە نەیارانی، بەرامبەر بە دوژمنانی بەکارهێناوە. ڕەنگە ئازاردانی جەستەیی کۆنترین شێوازی چۆکپێدادانی مرۆڤی بەرامبەر بێت. ئەمە لە حاڵەتێکدایە ئەوەی دەستگیرکراوە نە دەتوانێت، نە بۆی هەیە بەرگری لە خۆی بکات، لە بارێکی پاسیڤدا دەهێڵرێتەوە و چاوەڕوانی ئازاردانە. هیچ دەسەڵاتێکی نیە ئەو ئەشکەنجەدانە بوەستێنێت، مەگەر مەرامی ئەو جەلادانە بهێنێتەدی و نەفی ئیرادەی خۆی بکات.

ئازار زمانی لەشە و خاوەنەکەی ئاگاداردەکاتەوە کە حاڵەتێکی نائاسایی هەیە و دەبێت وریابێت و بیوەستێنێت و چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. کەم و زۆری ئەو تەوژمە هەستەی دەنێردرێت بۆ مێشک لە سەر کەم و زۆری حاڵەتەکە بەندە.

ئەشکەنجەدان جۆری زۆرە، جەسەدیی و دەرونیی، هەر لە لێدانی ڕاستەوخۆی لەشەوە تا دەگاتە هەڵواسین، چاوبەستنەوە و ترساندن و نینوک دەرهێنان و بڕینەوەی پەنجە و...هتد. هەمووشی بە یەک مەبەست ئەنجام دەدرێت، ئەویش تێکشکاندنی مرۆڤی بەردەستە.

ئەشکەنجەدان سەرەتاییترین و دڕندانەترین شێوازە بەرامبەر مرۆڤی بەرامبەر بەکار دەبرێت کە بە دوژمن و نەیار دەبژێردرێت و بە درێژایی مێژوویش، دەسەڵاتدارێتی پەنای بۆ بردوە وەک ئاسانترین و خێراترین وەسیلە بۆ گەشتن بە ئامانجەکانی.

ئەشکەنجەدان سەرەتا وەک سزایەک، وەک تەمێکردنێک بەکارهێنراوە بەرامبەر ئەوانەی بە تاوانبار لەقەڵەمدراون، یاخود دادگا بۆی بڕیونەتەوە. دوابەدواش بووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە سیستەمە تۆتالیتارییەکان و بەرامبەر بەرهەڵستکارانی بەکارهێنراوە. ئەمڕۆش بەشێکی زیندووی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانە و بەکاردەهێنرێت بۆ خۆپاراستن بەرامبەر هەموو بیروڕایەکی جیاوازی سیاسی.

ڕەنگە کەم میللەت هەبێت وەکو کورد ئەوەندە شارەزای ئەشکەنجەدان بێت. بەدرێژایی مێژووی نوێ ئەشکەنجەدان لەلای کورد بابەتێکی زیندوو و ڕۆژانە بووە. کەم میللەت هەیە ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان بە درێژایی مێژوویەک باڵی کێشابێت بەسەر فەزای دەرونی هاونیشتیمانیەکانیدا. کەمی ڕێژەی دانیشتوانی کورد لەچاو ئەو گرتن و ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدانەی ئەزموونی کردووە، وای کردووە کە نەتوانرێت لە بەشێکی کۆمەڵگادا بشاردرێتەوە و سنورداربکرێت، بەڵکو هەمیشە هەموو میللەتی گرتۆتەوە و باڵی ڕەشی

بەسەر دەرونی هەمووواندا کشاندووە، بە تایبەتی لە کوردستانی ئێراق کە جموجۆڵی سیاسی تیا زۆرتربووە.
ئەشکەنجەدان لە تەمێکردنەوە بۆ بێدەنگکردن، بۆ لاوازکردن و بۆ تێکشکاندن، ئەگەر هەر نەشگەشت بە مەرام، ئەوا دوا چارەسەر سڕینەوەیەتی وەک جەسەد، واتە کوشتنی.
ئێمەی کورد سەردەمانێک شایەتی ئەوە بووین کە هەموو هەفتەیەک لەسێدارەدراوێک دەنێژرا، پرسەیەکی شاراوەی بۆ دەگیرا و هەموو شاریش پێیدەزانی. هەموو ڕۆژێک هاوڕێیەک دیارنەدەماو لەژێر ئەشکەنجەدا لە زیندانێکدا دەینالآند. هەتا ئێستاش کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی هەزارەها لەو کوردانە لەخۆ دەگرێت کە لەژێر سایەی ڕژێمی پێشودا زیندان بوون و ئەشکەنجەدراون.
ئەمڕۆ هەر ئەو زیندانە سیاسیەی دوێنی، هەر ئەو پێشمەرگەیەی دوێنی، ئەو گەنجەی تەمەنی لە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی پێشووەوە دەستپێدەکات، لەلایەن دەسەڵاتبەدەستانی کوردەوە دەگیرێن و ئەشکەنجە دەدرێن، بە هەمان مەبەستی پێشوو، هەمان دەمکوتکردن، هەمان تێکشکاندن، هەمان سڕینەوەی کەسایەتی و ژێرپێخستنی کەرامەتی.
ئێمەی کورد ڕیسەکەمان بووەوە بە خوری، دڵی قوربانییەکانمان شکاندەوە، برینی خێزانی قوربانییەکان جارێکی تر کولایەوە. ئێمە گەشتینەوە بە خاڵی سفر.
لێرەوە دەبێت دەستپێبکەینەوە، بەڵام ئەمجارە بە دەرونێکی ترەوە، لەژێر ڕۆشناییەکی تردا کە مرۆڤ و مرۆڤبوون چەقی پرسیارەکانە و ئەو دەستنیشانی ئاڕاستەی خەباتی ئەم جارە دەکات.

**کۆنفیدرالیزم وەک دوا چارەسەری کێشەی کورد لە ئێراقدا**

**05.05.2011**

**ئەوەی هەمانە: سەرزەمینێک، میللەتێک، سامانی سروشتی سەرزەمین و ژێرزەمین، کەمێک وشیاری، مێژوویەکی ژێردەستەیی، کەلتورێکی خۆماڵی "کوردەواری".**
**ئەوەی نیمانە: دەوڵەت. دەستورێک مافی مرۆڤی پێ بپارێزرێت، دامەزراویی کۆمەڵایەتی کە ژیانی ڕۆژانەمان ڕێکبخات، یاسا کە دادپەروەریی بچەسپێنێت. هەموو ئەو بنەمایانەی پێویستن بۆ ژیانێکی هاوچەرخ و جیهانی.**
**لەجیاتی ئەوانە، ئێمە چیمان هەیە کە بۆشایی دەوڵەت، دەستور، یاسا، دامەزراوی کۆمەڵایەتی، پەیوەستبوونەوە بە مێژووی جیهانەوەی پڕکردبێتەوە؟**
**لەجیاتی دەوڵەت، خاوەنی بەناو فیدراڵین لەگەڵ ئێراقدا، کە لە زەمینەی واقیعدا تەنها حوکمی زاتیە، خاوەنی تەلاری پەرلەمانین وەک جێگرەوەی بارەگای حیزبەکان، لە جیاتی دەستور و یاسا، بەڵێن و قسەی سەرکردەی دوو حیزبەکە، لە جیاتی دامەزراوی کۆمەڵایەتی، کۆمپانیای دوو حیزبەکە و ڕێکخستنی حیزبایەتی و بەحیزبیکردنی هەموو دامودەزگا حکومییەکان و بواری خوێندن و تەندروستی...... لەجیاتی پەیوەستبوونەوە بە مێژووی جیهانیەوە، نقومبوون لە لۆکاڵییەتی بیرکردنەوەی دوو حیزبەکە. بەمەش دابڕان و بەلاڕێبردنی مێژووی ئێمە بە ئاڕاستەیەکدا کە تەنها ئەو دوو حیزبە سودمەندبن و بڕێژێتە بەرژەوەندی ئەوانەوە.**
**بە شێوەیەکی تر، واتە لەدایکبوون لە حیزبدا، گەورەبوون لە حیزبدا، گۆشکردن بە بیروهۆشی حیزب، هەڵسان و دانیشتن و نانخواردن بە فەرمانی حیزب. بەوەش میللەت لە هەموو بنەمایەکی شارستانی داماڵراوە و سنورەکانی ژیان و مێژووی بۆ کورتکراوەتەوە کە تەنها لەخزمەتی چینی دەسەڵاتداراندا بن.**
**ئەوەی هەمانە، میللەت و سەرزەمین و سامان، بەس نیە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن. ئەو تۆزە وشیاریەی هەمانە بەس نیە بۆ پێکهێنانی ناسنامە. ئێمە پێوستمان بە بیرکردنەوەی گەورەتر هەیە، پێویستمان بە ئۆپۆزیسیۆنێکی بەگوڕتر و بوێرتر و چالاکتر هەیە. ئۆپۆزیسیۆنێک خەونی چەندین نەوە لەخۆبگرێت. بیری دەوڵەتی کوردستان بەخێوکات و پەروەردەیکات.**
**تاکە چارەسەری هەموو قەیرانەکان لەم ئانوساتەدا بۆ میللەتی کورد لە چوارچێوەی ئێراقدا، کۆنفیدرالیزمە. بە کۆنفیدرالیزم دەبینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان لە سنوری ئێراقدا. بوون بەخاوەنی دەوڵەت پێویستی بە دەستور و یاسا و دانپیانانی نێودەوڵەتی هەیە. لەو**

ڕێگەیەشەوە دەبەستریێنەوە بە جیهانەوە. پەیوەستدەبینەوە بە مێژووەوە، ڕزگارمان دەبێت لەو سنوقە لۆکاڵییەی دەسەڵاتدارانی کورد بۆیان دروستکردووین، ئێمەش دەبینە بەشداری کەلتورێکی جیهانی و بە ئاسانی لە ماڵەکانی خۆماندا دەمکوت و سەرکوت ناکرێین.
بۆچی ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەمڕۆ ناتوانن ئەو ئامادەییەی ڕاپەڕینی کوردستان لە پرۆژەیەکی سیاسی و چارەسەرێکی ڕیشەیی مەسەلەی کورد لە ئێراقدا، گەڵاڵە بکەن ؟
ئایا ناوێرن؟ ناتوانن؟ پێیان وتراوە نەکەن؟ یاخود تەنها کێشەکەیان ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتدارانە بڕۆن و چۆڵی کەن و ئەمان بچنە جێگایان، ئەوسا ڕەنگە کەمێک کرانەوە بە ئەنجام بگەیەنن؟ ئەی خەون و ئاوات و دواڕۆژی میللەت لە کوێدا جێگە دەکەنەوە؟ کورد چۆن دەبێت بە خاوەنی شوناس؟ کورد چۆن لە کلکی ئێراق دەکەنەوە؟ کورد چۆن لە پلە دوویی دەکەوێت؟
ئەگەر میللەتێک خاوەنی ئیرادە و وشیارییەکی پێگەشتوو بێت، نەک دەوڵەتان و سیاسەتی جیهان ناتوانێت تێکیبشکێنێت، بەڵکو مرۆڤی ئەستێرەکانی تریش ناتوانن ڕێز لەو ئیرادەیە نەگرن. ئۆپۆزیسۆن ناتوانێت بڵێت کە هەلومەرج و بارودۆخی نێودەوڵەتی لەبار نیە بۆ خستنەڕوی ئاوات و هیوای گەلێکی وەک کورد. ئەگەر گریمانەی ئەوە هەبێت کە نابێت کورد لە ئێراق جیابێتەوە، ئەوا وەک وتمان کۆنفیدرالیزم باشترین چارەسەری ئەمڕۆیە، نەشیش دەسوتێ نە کەباب، واتە نە جیادەبینەوە و نە پێکەوەش دەژین، هەریەکە لە چوارچێوەی ئەو سنورەدا کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت ئێراق، دەبینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان.
بۆ ئێمەی کورد ئەو سەروەری و سەربەخۆییە هاتنەدی خەوێکی هەزار ساڵەیە، بۆ میللەتی عەرەبیش لەدەستدانی بەشێک لەو خاکە داگیرکراوەیە کە بە درێژایی چەندین سەدە دەیبرەتێنن. ململانێکە دەبێت لێرەوە دەستپێبکات کە چۆن لە چوارچێوەی دەستورێکدا قەناعەت بەو بەشەی ئێراق بهێنرێت کە ئەوە مەحاڵ نیە ئەگەر لە ڕاستیدا ئێمە ***بمانەوێت***، واتە ***ئیرادەمان*** هەبێت، ئەوا وەک وتمان هەموو جیهانیش دەگاتە ئەوەی کە ڕێز لەو ئیرادەیە بگرێت.
دەستبەرداربوون لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی گەورە، داسەپاوێکی مێژووییە کە دەبێت قبوڵبکرێت. چارەسەری کێشەی کورد لە هەریەک لەو چوار دەوڵەتەدا بەجیا بۆتە ئەمری واقیع، بۆ زیاتر زانیاری، بگەڕێرەوە سەر بابەتی ***تایبەتمەندێتی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان***

## دەسەڵاتی کوردی وەک دژی گەشەی سروشتی

## 07.05.2011

من بۆ ناتوانم بیر لە خۆم بکەمەوە، بیر لە ژیانم بکەمەوە، بیر لە مرۆڤ بکەمەوە؟ من بۆ ناتوانم بیر لە جیهان بکەمەوە، بیر لە گەردوون بکەمەوە، بیر لە خودا بکەمەوە؟
چی ڕێ لە من دەگرێت؟ من بۆ ئەوەندە بچوککراومەتەوە کە ناتوانم سەربەرزبکەمەوە؟
هەرچیەک کە بوونی هەیە، بە گەردونیشەوە، لە گەشەکردنێکی بەردەوام دایە، لە جوڵەدایە. وەستان و چەقبەستن بوونی نیە. ئەم گۆی زەویەی ئێمەی مرۆڤ لەسەری دەژین، ملیۆنەها ساڵە لە گەشەکردن و گۆڕاندایە. تەنانەت دوو ڕۆژی تەمەنی وەک یەک نیە، بە هەموو پێکهاتەکانیەوە.
کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەشێکی ئۆرگانیی سروشتە و وەک هەموو زیندەوەرەکانی تر پێویستی بە ژینگەیەکی لەبار هەیە بۆئەوەی گەشەی سروشتی خۆی بکات، بەڵام ژینگەی مرۆڤ تەنها لەوەڕ نیە وەک ئاژەڵ، تەنها زەویەکی بەپیت نیە وەک ڕوەک. مرۆڤ بونەوەرێکی قسەکەرە، بیرکەرەوەیە، لەورێگەیەشەوە لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندی دروستدەکەن و پێکەوە دەژین. مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، واتە هەست بەخۆکردنی لەڕێگەی ئەوانی ترەوە دەستەبەر دەبێت. ئەو فەزا کۆمەڵایەتیە پێویستە ئازاد بێت بۆئەوەی تاکەکان بواری خۆدەرخستن و خۆدەرهاویشتنیان بۆ برەخسێت، لەو فەزا ئازادەدا، لە پەیوەندی و بەریەککەوتن لەگەڵ ئەوانی تردا، دەتوانێت خۆی بدۆزێتەوە کە چیە و کە کێیە. بەمەش پێگەیەک داگیردەکات، یاخود دەیخولقێنێت کە بونی خۆی تیا بسەلمێنێت. لەو ڕێگەیەشەوە بە بوونی خۆی دەگاتەوە و لەگەڵ سەردەم و ئەو مێژووەی تیایدا لەدایکبووە دەگونجێت.
کاتێک لەڕێگەی دەسەڵاتدارێتیەکەوە، بە هۆی دەستەیەکەوە، ئەو فەزا ئازادە تەسکدەکرێتەوە، دەگمەنیی دەخرێتەوە، تاکەکانی کۆمەڵگا بە ئاڕاستەیەکدا دەبرێن کە بە پلەی یەکەم دەسەڵاتبەدەستان سودمەندبن تیایدا. کاتێک ئاشتی و ئارامی هەڵدەگیردێت و ترس لەجێگەی نیشتەجێ دەبێت، دەبێتە هۆکاری دەستخستە ناو ڕەوتی سروشت و لەهەمان کاتدا مێژووەوە، چونکە مرۆڤ جیا لە بونەوەرەکانی تر تەنها ڕەهەندی سروشتی نیە، بەڵکو لەناو مێژوودا دەجوڵێتەوە و گەشە دەکات. هەموو دەست تێوەردانێت لەو ڕەوتە، شێواندن و ڕێگە لێگرتنە لە گەشە سروشتیەکەی خۆی. ئەگەر بکرێت بچوێنرێت بەوەی کە وەک ئەوە وایە بەردێک بخرێتە سەر نەمامێک و چاوەڕوانی ئەوەی لێبکرێت کە گەورەبێت. ئەو نەمامە یا ئەوەندە بەهێز دەبێت کە وردە وردە پاڵ بە بەردەکەوە دەنێت، یاخود هەوڵدەدەدات خۆی لێ لادات و لە کەنارییەوە گەورە بێت. ئەگەر هیچیانی پێنەکرا، ئەوا

هەتا بەردەکە لەسەری بمێنێتەوە ناتوانێت گەورەبێت، کە ڕەنگە بە زیندوێتی ماوەیەکی زۆریش لەژێر بەردەکەدا بمێنێتەوە.
هەموو مرۆڤێکیش بەجیا ژینگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، جگە لە ژینگە گشتیەکەی کۆمەڵگا کە تیا لەدایکدەبێت و تیا گەورە دەبێت. دیسانەوە یا دەبێتە ڕێگر، یا دەبێتە ڕێخۆشکەری گەشەی داهاتوی.
کە مرۆڤ نەخۆش دەکەوێت، لەش/ مێشک پەیامێک دەنێرێت، کە یا خراپبەکارهێنراوە، یا پشتگوێخراوە، یاخود خاوەنەکەی بۆتە ڕێگری گەشە سروشتیەکەی کە پێویستە چارەسەر بکرێت. نەخۆشی ئاگادارکردنەوەیە کە پرۆسەی گۆڕان و گەشەکردن نابێت بوەستێت. ئەوە سروشتی مرۆڤایەتیە لە هەر جێگەیەکەوە هاتبێت. ئێمە ئیش لەسەر فاکتاکان دەکەین، نەک لەسەر ئەوەی بۆ وایە.
ئەمڕۆ ئێمە لە کوردستانی ئێراقدا چیتر ژێردەستەی داگیرکەری بێگانە نین. خاوەنی کۆمەڵگاین و خۆمان فەرمانڕەوامان هەیە و ماوەی بیست ساڵە فەرمانڕەوایەتی بەدەستەوەیە، بەبێ ئەوەی تەنانەت دەموچاوەکانیش بگوڕدرێن. ئێمە لە بەردەم کۆمەڵگایەکی نەریتیداین کە سوپای هەیە، ئاسایشی هەیە، دەزگای هەواڵگری هەیە، دەستی گرتوە بەسەر سامانی سروشتیدا، پەیوەندی ناوچەیی و تاڕادەیەک جیهانی هەیە. بە کورتیەکەی ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین، مانەوەی خۆی بە پشتبەستن بەو ئابوریەی لەژێر دەستیدایە، بەو دەزگا میدیایەی بەکاریدەهێنێت و بەو هێزە سەربازیی و ئاسایش و هەواڵگریەی هەڵیدەسوڕێنێت، مسۆگەرکردوە. واتە ڕوبەڕوبونەوەکەمان لە ناوەوەی کۆمەڵگادایە نەک وەک پێشو لەدەرەوە کە دوژمنێکی بێگانە یاری بە چارەنوسمان دەکرد و لەسڕینەوەی ئیرادە و شوناسماندا بوو. ئەمڕۆ دوژمنی دەرەکیمان نیە، بەڵکو هەر دوژمنمان نیە و لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیداین. لە دەرکپێکردنی پێویستی مرۆڤداین، دەمانەوێت لە دەرگای مێژوو بدەین، دەمانەوێت بە مرۆڤ بژمێردرێین. ماوەی بیست ساڵ بە نیسبەت مێژووەوە ماوەیەکی کەمە، بەڵام بۆ ئێمەی ستەم دیدە یەکسەر دەچێتەوە سەر هەموو ئەو مێژووە ژێردەستەییەی کە بەسەرمان بردوە. ماوەی بیست ساڵ لەم سەردەمەدا زۆرە، لە حاڵەتێکدا کە دەزانین ماوەی پەنجا ساڵی ڕابوردوو، مرۆڤایەتی چەندین بازی گەورەی داوە لە هەموو بوارەکانی تەکنەلۆژیا و زانست و کۆمەڵناسی و فەلسەفە و هتد. مرۆڤایەتی بازێکی گەورەی داوە لە بواری مرۆڤایەتیدا، ئەوەی لەو ماوە کورتەدا ڕویداوە، بەرامبەر بە چەندین سەدەیە. لەو ماوەیەدا شێوازی فەرمانڕەوایەتی گۆڕانێکی دیموکراتیانەی بەخۆوە بینیوە. داڕمانی سیستەمی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی لە جیهاندا، بەربەستێکی گەورەی لەبەردەم گەشەی کۆمەڵگای ئازاددا لابرد و هیوایەکی تری دایەوە بە میللەتانی سەرکوتکراو.

ئەو مێژووەی بۆ ماوەی هەفتا ساڵ بەدەستی کۆمۆنیستەوە لایەکی جیهانی سڕکردبوو، بەربوو و ئەو کۆمەڵگایانەی بردەوە بارە سروشتیەکەی خۆیان.
دەسەڵاتبەدەستانی ئێمەی کورد درەنگ بە دەسەڵات گەشتن، زەمەنەکەیان لەگەڵ کۆمۆنیزمدا بەسەرچووبوو، بەڵام ئەمڕۆ جڵەویان لەدەستدایە. وەکو درەنگ پیاگەیشتن، بە هەڵپە کەوتنە گیانمان و مێژوویان بۆ کورتکردینەوە و کردیان بە سەروەری خۆیان، لە قاڵبی حیزبدا بەرهەمیانهێناین و لە درۆدا پەروەردەیان کردین. لە زەمەنێکدا دەستیان خستە قورگی ئازادی کە ناتوانرێت میللەت سەرببڕێت. دەیانەوێت ئەقڵیەتێک پەیڕەوبکەن و داچەسپێنن کە خەریکە دەچێتە مۆزەخانەوە.
لە زەمەنێکدا دەیانەوێت دەم و گوێ و چاومان داخەن کە تۆڕی پەیوەستبوونەوە هەموو جیهانی بڕیوە. ئەوی بۆ سەدام حوسەین بۆ ماوەی سی ساڵ چوەسەر و جڵەوەی مێژووی ئێراقی بەدەستەوە بوو، بۆ ئەمان پرۆسەیەکی مەحاڵە. ئەم بیست ساڵەی ڕابوردوو، لە سی ساڵی پێش خۆی ناچێت. یا ئەوەتا دەبێت زۆر بە زەبروزەنگتر بن، یا ئەوەتا هەموو ئامڕازەکانی پەیوەستبوونەوە قەدەغەبکەن وەک ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ئنتەرنێت و مۆبایل و کۆمەڵگا تەلبەند بکەن و ڕێگەی هاتوچوی دەرەوەی وڵات ببڕن، وەک ئەو هەوڵانەی حوسنی موبارەک و قەزافی و علی ساڵحی یەمەن کە بۆیان نەچوەسەر.
دەسەڵاتبەدەستانی کورد لە ماوەی بیست ساڵدا نەک هەر دەیانتوانی کوردستان بکەن بە دوبەی، بەڵکو دەیانتوانی بیکەن بە ئەوروپایەکی بچوک و میللەت و مێژوو هەتا هەتایە شانازیان پێوە بکات. هەموو تواناکان ئامادە بوون، زۆربەی هەلومەرجەکان لەبار بوون، چاوی جیهانمان لەسەر بوو دەتوانرا هەموو کۆمەکێک وەربگیردرێت. زۆربەی کوردی هەندەران ئامادە بوون بگەڕێنەوە و کوردستان ئاوەدان بکەنەوە و بازوی لێهەڵماڵن و کۆمەڵگایەکی نوێ بنیاتبنێنەوە. ئێوە نەک هەر ڕێخۆشکەر نەبوون ئەو هەموو گەنجە ئامادەکرا و پڕ لە گیانی دیموکراتیە بگەڕێتەوە کوردستان، بەڵکو حەزیشتان دەکرد ئەوەی تۆزێک بیربکاتەوە، چۆڵیبکات و بۆتان بەجێبهێڵێت. خوا ڕەحمی بە کورد کرد کە ئەوروپا سیاسەتی پەناهەندەیی زۆر تەسککردەوە.
نە خۆتان هیچتان کرد، نە هێشتان کەسی تریش هیچ بکات. ئەمڕۆ ڕوبەڕوی چارەنوسی کردارەکانی خۆتان بونەتەوە،بەرامبەر بە میللەت و بە مێژوو و بە جیهان، دەتانەوێت ڕاییگرن و دوایبخەن. چارەنوسی ئەمڕۆتان لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردودا چنیوە و بە ئاسانی نە دەسڕدرێتەوە، نە دەتوانن لێی دەربازبن.
ئێوە ئەو بەردەن لەسەر دڵی گەشەکردنی مێژووی ئێمە کە دەبێت لاچن و ئێمەش بگەینەوە بە گەشەی سروشتیی و مێژوویی خۆمان.

ئەوەی لەسەرەتادا وتمان کە بۆچی ئێمە ناتوانین بیر لە خۆمان، لە مرۆڤ، لە جیهان، لە گەردوون، لە خودا بکەینەوە، بۆ کۆتایی ئەم باسە، وەڵامە پوختەکەی ئەوەیە: چونکە ئێمە لە هەموو جوانیەکی ژیان بێبەری کراوین. نازانین چێژ چیە، خۆشی چیە، تەنانەت ئێمە مرۆڤی پلە دووش نین، ئێمە بووین بە بونەوەرێک لە خوار مرۆڤەوە. پێستی پشتمان ئەستورە بۆ قامچی و دەستمان گەورە بۆ ئیش. بۆمان نیە دەنگ لە ئاستیاندا بەرزبکەینەوە، چاومان نابێت لە زەوی زیاتر ببینێت. بۆمان نییە خۆمان بە خاوەنی هیچ بزانین. لە وڵاتی خۆشماندا دەبێت بەدزیوە بژین.

ئەوە وەسفی کۆیلە ڕەشپێستەکانی دووسەدساڵ لەوەوپێش نیە، ئەوە بارودۆخی زۆربەی میللەتی کوردە لەسەدەی بیست و یەکەمدا لە سایەی دەسەڵاتی کوردیدا.

ئێمە بوینەتەوە بە کۆیلە و چەند سەد کەسێکیش بوون بە خوا.

## دەستبەردارنەبوونی دەسەڵاتی کوردی

09.05.2011

بۆچی دەسەڵاتبەدەستانی کوردستانی ئێراق دەستبەرداری دەسەڵات نابن؟ پێش هەموو شتێک دەبێت زاراوەی دەسەڵاتبەدەستان، ڕونبکرێتەوە. کێن ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە؟ دەسەڵاتی چیان لەژێر دەستدایە؟

لێرەدا دەبێت بەخێرایی بگەڕێینەوە بۆ ئەو جیاوازیانەی دەکەوێتە نێوان دەستەواژەی دەسەڵات لە سیستەمی دیموکراتیدا و سەرجەم سیستەمەکانی تر کە نەبونەتە دیموکراتی.

سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتێکی ئەوروپی، لەدوای ململانێیەکی توند و سەختی هەڵبژاردن کە دەگاتە ئەو پۆستە، نابێتە خاوەنی هیچ، لەوەی زیاتر ئیمتیازێکی تاکەکەسیە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو جڵەوی ئەو پۆستە دەگرێت بەدەستەوە، وەک باڵاترین وەزیفەی حکومی. جگە لەوەی کە بەرپرسیارێتی تەواوی حوکمەتی لە ئەستۆدایە، مانەوەی لەو پۆستەدا کەوتۆتە سەر ئاستی لێهاتوویی و سەقامگیری کۆمەڵگا، بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا. واتە هەر لەسەرەتاوە ئاشکرایە کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە و جگە لە ئیمتیازێک هیچی تری پیاهەڵنەواسراوە.

ئەو دەسەڵاتانەی کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دیموکراتیەوە نەهاتۆنەتە گۆڕێ، ئەوا جگە لە ئیمتیازەکەی کە باڵاترین وەزیفەیە لە کۆمەڵگادا، هەڵبەتە ناتوانین بڵێین لە حوکمەتدا چونکە ئەم شێوازی حوکمڕانیانە هەموو شتێک دەگرێتەوە، ئەوا خاوەندارێتیەکیشی لەگەڵدایە. لە هەمووی گرنگتر، دەسەڵاتدار دەبێتە بڕیاربەدەستی یەکەم لە هەموو ئیشوکارەکانی حوکمەت و حیزب و کۆمەڵگادا. زۆربەی پۆستە باڵاکان، بە بڕیاری دەسەڵاتدار بەسەر خزموکەسوکاردا دابەشدەکرێت. سامانی وڵات دەخرێتەگەڕ و دەچێتە گیرفانی دەسەڵاتدارەوە. بە کورتیەکەی کۆمەڵگا بە گشتی دەکرێت بە ماڵێکی گەورە و دەسەڵاتدار دەبێتە خاوەن ماڵ و وەک باوکێکی دڵڕەق دەکەوێتە گیانی منداڵەکانی بۆ خۆشگوزەرانی خۆی و مانەوەی ئەو دەسەڵاتەی ژێرچنگی خستوە.

ئەوەی ئەمڕۆ دەیبستین لە میدیاکانەوە، لە ئۆپۆزیسیۆنەوە کە هەڵوەشاندنەوەی حوکمەت ئنقیلاب نیە، هەڵەیە. سەرۆکی هەرێم خۆی دەزانێت کوێی دێشێت و کورت و کرمانجی دەڵێت ڕوخاندنی حوکمەت کودەتایە و ڕاستیش دەکات.

لە ئەوروپا ئاسایە حوکمەت هەڵوەشێتەوە و حوکمەتێکی تازە دەستبەکاربێت، بەڵام دەوڵەت ناڕوخێت. دەوڵەت موڵکی کەس نیە و موڵکی مێژووە، میللەت بە چەندین نەوە پێکیهێناوە. هەڵوەشاندنەوەی حوکمەت و دەستلەکارکێشانەوەی سەرەک وەزیران، تەنها چەند تاکە

کەسێک پۆستەکانیان لەدەست دەچێت و دەستەیەکی کاراتر دەسەڵات دەگرنە دەست. هەموو دامودەزگاکانی تر لە جێگەی خۆیان دەمێننەوە و ئیشوکاری کەس دواناکەوێت.

ئەگەر ئێستا بگەڕێنەوە بۆ سەرەتا و بپرسین دەسەڵاتبەدەستانی کورد کێن؟

سەدام حوسەین، سەرۆکی کۆماری ئێراق بوو، سەرکردەی حیزب بوو، سەرکردەی گشتی سوپای ئێراق بوو. کوڕەکانی، خزمە نزیکەکانی هەموو پۆستە هەستیار و باڵاکانیان لەلایەن سەدامەوە پێبەخشرابوو. سامانی نەوت لە خزمەتی دەستە و تاقمەکەیدا بوو. ئایا دەکرا سەدام حوسەین بە ئاسانی واز لەو هەموو ئیمتیازە بهێنێت؟ یاخود بە ئارەزوی خۆی دەستلەکاربکێشێتەوە؟ دەسەڵات لێرەدا ئیمتیازێکی شخسی نیە، بەڵکو خاوەندارێتی وڵاتێکە بە میللەتەکەیەوە. ئەو بە تەنها خۆی و خێزانەکەی لە تای تەرازویەکدا و باقی میللەتیش لە تاکەی تریدا، بەبێ ئیرادەی ژیان و وەک کۆیلە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرا.

بە نەمانی سەدام حوسەین، ئەو دەسەڵاتە زەبەلاحە داڕما بە هەموو سوپا و دەزگای ئاسایش و هەواڵگری و ....هتد تا دەگاتە حوکمەت و وەزارەت و دەوڵەت. واتە هەمووی هەر خۆی بوو، یا هاووێنەکەی. ئەم شێوە دەسەڵاتدارێتیە میللەت و مێژوو دەکاتە قوربانی خواست و ئارەزوەکانی تاکە کەسێک. بەردێکی گەورەیە لەسەر دڵی خەڵک و لەسەر چەقی مێژوودا و لەسەر درۆ و چەواشەکاری بەندە.

تۆ بڵێت دەسەڵاتبەدەستانی کورد پەڕۆیەکیان لە سەرۆکی کۆماری پێشوی ئێراق دانەدڕیبێت؟ چۆن دەستبەرداری دەسەڵات دەبن کە خۆیان بە خاوەنی هەمووومان بزانن؟ کە هەموو سامانی کوردستان لەژێر دەستی خۆیاندا بێت؟ کە بەزەبری هێز و سەرکوتکردن ئیرادەی ئازادی میللەتیان داگیرکردبێت؟ کە خاوەنی حوکمەت و لەشکر و دەزگای ئاسایش و..هتد بن؟

تۆ بڵێیت ئەوەندە تێنەگەشتبن کە هەڵوەشاندنەوەی حوکمەت و پەرلەمان بەرە لەژێر دەسەڵاتی تاکڕەوایەتیان دەردەهێنێت؟

## لاوازی ئیرادەی شۆڕشی کورد

## 11.05.2011

**ئەوان دەزانن چیان دەوێت، ئەوە ئێمەین ناتوانین بەرپەرچیان بدەینەوە**
**بۆچی دەسەڵات ئێمە بە دوژمنی خۆی سەیر دەکات؟**
**تا ئەو کاتەی میللەت سەری کز بێت و بێدەنگ بێت، دەسەڵات نە بە دۆست، نە بە دوژمن میللەت ناداتە قەڵەم. ئەوەی لە دەسەڵات نزیک بێتەوە دۆستە و ئەوەی دورکەوێتەوە دوژمنە. ئەوەی دەکەوێتە ئەو نێوانە شیاوی ئەوەی تێدایە کە بە هەردوو لا ببێت. هەر لە سەرەتاوە ئێمە خاوەنی کۆمەڵگایەکی هاوئاهەنگ نین. دەسەڵات دەسەڵاتە و میللەتیش هەر میللەتە. بە واتایەکی تر کۆمەڵگا دابەشکراوە بۆ دوو چینی بەرامبەر یەک کە لە هەموو ئانوساتێدا بەرژەوەندیەکانیان لە یەکتر گیردەبێت و پەیوەندی نێوانیان دەبێتە ململانێ، تا دەگاتە ڕوبەڕوبونەوە و زۆرجار توندوتیژیی.**
**دەسەڵات بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی، خاوەنی دامودەزگایەکی بەرفراوانە، هەر لە بوونی لەشکر و ئاسایش و خاوەنداریێتی زیندان و دادگا و چەکداری تایبەتی و ...هتد. میللەت خاوەنی هیچ یەک لەو ئامڕازانە نیە لە بوونی خۆی زیاتر. هەر ئەو بوونەیە کە دەسەڵات لێیدەترسێت، کاتێک خۆپیشاندان دەکات.**
***کورد ئەوەندە ژێردەستەیی بینیوە، فێری سەبرێکی سەیر بووە. ئەوەندە سەرکوتکراوە، بۆتە خاوەنی کەسایەتیەکی تێکشکاو. ئەوەندەی دۆڕاندووە، نائومێد بووە. ئەوەندە جەرگی براوە، دڵی ناسک بۆتەوە. ئێمە لە شەڕەکانماندا سەرنەکوتووین، لە ڕوبەڕوبونەوەکانماندا تەنها شکستمان هێناوە. هەتا ئەمڕۆ تەنها بۆ جارێکیش سەرنەکەوتووین. ئێمە لە خەباتدا قاڵ نەبووین، بەڵکو لە بێدەنگکردندا. لە سەرکەوتندا ئازاد نەبووین، بەڵکو لە ژێردەستەیدا سەرکزکراوین. پێکهاتەی کەسایەتیمان پێکهاتەیەکی لەرزۆک و بەهەڵبەزودابەزە.***
**بیری نەتەواتەتی، نیشتیمانپەروەری نەبۆتە ئەو لێشاوەی هەموومان ببڕێ و سەرتاپای کۆمەڵگا لە خەوی خەفڵەت ڕاچڵەکێنێت. ئێمە هەتا ئێستاش لە بارودۆخی سروشتیدا دەژین. کوردبوون، هاونیشتیمانی بوون، هاووڵاتی بوون هێشتا گەلاڵە نەبووە. تەنها ئاخافتن بە زمانی کوردی بەس نیە بۆئەوەی میللەت و هاونیشتیمانی و هاووڵاتی پێکبهێنێت. هەتا ئێستا لە لادێکانماندا مرۆڤ بە ساکاری خۆی دەژی، ئەگەر وازی لێ بهێنرێت. کێشەکە لەوەدایە کە وازی لێناهێنرێت. ئێمە قەوارەیەکمان نیە دڵنیایی بداتە ئەو مرۆڤانە کە دەتوانن لەو ژیانە سروشتییەی خۆیاندا بژین. دەسەڵاتێک نیە لە دوبارەبوونەوەی ئەنفال بیپارێزێت. لەم جیهانە جەنگەڵەدا ئەو ساکاریی و سادەییە بەدەرد ناخوات. دەبێت وشیاریەک هەبێت،**

قەوارەیەک هەبێت، دەسەڵاتێک هەبێت کە خەمی هەموو هاونیشتیمانیان بخوات و ژیانیان لە مەترسی بپارێزێت.

*هیچ یەک لە بزوتنەوەکانی کورد نەیتوانیوە ئەو لێشاوە بێت کە هەموو کۆمەڵگا ببرێت و تۆوی هەستکردن بە نیشتیمان بچێنێت. کورد نەبووە بە کورد، نەبووە بە هاونیشتیمانی کوردستان، هەر بۆیە ئاساییە بە هەموو شتێک ببێت، بە هەموو میللەتێک ببێت، جگە لە کوردبوون. بەوەدا دەزانین بۆ کورد هێندە خۆفرۆش و چاشی هەبووە و هەیە. چونکە خۆی وجودی نیە. ساغبونەوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتدارێتیەکدا، ناسنامەیەکی ئامادەی پێدەدات، جگە لە ئیمتیازە مادیەکانی.*

*بە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، نەبوینە خاوەنی ئیرادەیەکی بوێر و ئازا و چەسپاو. ئەوەندەی لەو هەوڵانەدا فەشەلمان هێناوە، بە چارەکێکی سەرکەوتوو نەبووین. هەر بۆیە هەتا ئێستا نە دەزانین ئازادی چیە، نە دەتوانین ببینە خاوەنی ئیرادەیەکی نەگۆڕ و چەسپاو. هێشتا ناتوانین ڕاپەڕین بکەینە شۆڕش. بەخۆماندا ڕانافەرمووین کە دەتوانین دەسەڵات بگۆڕین.*

دەسەڵاتبەدەستانی کورد خۆیان ساغکردۆتەوە کە کێن، کە چین. بەرەی خۆیان، سنوری خۆیان، بەرژەوەندی خۆیان لە میللەت جیاکردۆتەوە و دەزانن کە چیان دەوێت. ئەوە ئێمەین کە دودڵ و ڕاڕاین و هێشتا داوای چاکسازی دەکەین و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە داوای مافە سەرەتاییەکانمان دەکەین. ئەوان بە بەرژەوەندی خۆیان وریان و ڕون و ئاشکرا دەزانن چەند لە قازانجیانە لەم بارودۆخەدا میللەت ڕاگرن و دەتوانن بە ژمارە و بە موڵک سامانەکانیان بژمێرن و ڕاستەوڕاست بزانن ساڵانە و مانگانە چەندیان دەستدەکەوێت.

ئەوان دەزانن چیان دەوێت. ئەوان نایانەوێت کەس هاوبەشی بەشیان بێت. نایانەوێت لەو پلەوپایەیەی ژێر دەستیانخستوە بێنە خوارێ.

*ئەمڕۆ ئەوان خۆیان یەکلاکردۆتەوە کە میللەت دژ بە بەرژەوەندی ئەوانە، واتە دوژمنە. ئەوە میللەتە کە ناتوانێت پێناسەی خۆی بکات کە بە دەست دەسەڵاتدارانەوە چەوساوەیە و بە کۆیلە کراوە و ئازادی لێ زەوتکراوە. ئەوەی لە چاوی میللەتدا بەهەدەردانی سامانی گشتیە و گەندەڵی دارایی و سیاسەتی نادروستی نەتەوایەتیە، بۆ ئەوان ڕێکورەوان سیاسەتێکە دەرژێتە سود و قازانجی ئێستا و دوارۆژی خۆیان و خانەوادەکەیانەوە. ئەوان ئەوەی خزمەتیان دەکات پاداشتی دەکەن، ئەگەر پیاوکوژیش بێت، دەبێت وابێت، چونکە ئەوان دەزانن کە چی دەکەن و کێ پەروەردە دەکەن. بۆ ئەوان ئەوە گەندەڵی نیە، بەڵکو شانازییە کە داردەستێک توانیبێتی قەوارەکەیان لە "دوژمن" بپارێزێت. هەربۆیە بەلایانەوە زۆر ئاساییە کۆنە موستەشار و ئەنفالچی و کۆنە ئەمن و بەعسی، دەسەڵاتی کوشتن و بڕینی پێبدریت و پاداشتیش بکرێت.*

لیبیا، سوریا و یەمەن سێ دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و بە نەتەوە عەرەبن. قەزافی، بەشار ئەسەد و علی ساڵحیش سێ دیکتاتۆری بە ڕەگەز عەرەبن، ئەمڕۆ میللەتی ئەو سێ وڵاتە دوژمنی پلە یەکی ئەو سێ دەسەڵاتەن کە بەرژەوەندیەکانیانی خستۆتە مەترسیەوە. ئەو میللەتانە بە دوژمنیان ناناسن، بەڵکو بە دز و سەرکوتکەر و لەڕێ لابەری کۆمەڵگا دەیانناسن. ئەو میللەتانە، یاخود ئەو بەشانەی میللەتی عەرەب، دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ مێژوو، یاخود بۆ یەکەمجار بەشداریی ڕەوتی مێژوویی بکەن. ئەمڕۆ بوون بە سەرسەختترین دوژمنی دەسەڵات کە دەیەوێت وەکو "جاران" دەمکوت و سەرکوتیانبکات و بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات. هەر بۆیە هەتا دەتوانن بەزەبروزەنگ پارێزگاری لە پێگەی دەسەڵاتیان دەکەن. ئەگەر سێ بەشی میللەتیش سەرببڕن بە خەیاڵیاندا نایەت، چونکە ئەوان دەمێکە لە میللەت و لە نەتەوایەتی و لە نیشتیمانپەروەری بونەتەوە، دەزانن چیان دەوێت و دەیانەوێت لەسەری بەردەوام بن.

ئاخۆ چ جیاوازیەکیان هەیە لەگەڵ دەسەڵاتبەدەستانی کوردا؟

**ترس لە ئازادی**

**13.05.2011**

**جام دەڵێت بشکێم نەک بزڕێم. ئەم دەسەڵاتەی ئێمە زڕاوە و بە زەبری هێز قاوغەکەی خۆی ڕاگرتوە. ئەوەی تا چەند ئەو پارچە پارچانە پێکەوە ڕادەگیردرێت، لەسەر هیمەتی جەماوەر وەستاوە کە کەی پاڵی پێوە دەنێت و دەیشکێنێت.**

**زمانی ڕاگەیاندنی دەسەڵات زۆر لە خوار بازاڕییەوەیە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ میللەت زۆر دڕندانە و شەڕئەنگیزانەیە. ئەوەی پێی دەوترێت لۆژیکی ئەقڵ، لەدەستیداوە و پەلەقاژێی مەرگ پەلاماری هەموو گریمانەیەکی پێدەدات کە خۆی پێڕزگاربکات.**

***دەسەڵات لە گرێبەستی نەنوسراوەی نێوان خۆی و میللەتدا گەورەترین بەندی لەدەستداوە، ئەویش دۆڕاندنی متمانەیە.*** **ئەوەی بەدەستیەوە ماوەتەوە، کۆمەڵێ چەکدار، پارە لەگەڵ ئەو کەسانەی هەتا ئێستا لەبەری ئەم دەسەڵاتە دەخۆن. لە ڕاستیدا بە ژمارە لەچاو کۆی میللەتدا لەسەدا یەکیش پێک ناهێنن. ڕۆژ بە ڕۆژ قەوارەی دەسەڵات بە درۆکانی، لە چاوی خەڵکدا بچوکدەبێتەوە و پەتی بڕوای جەماوەر بە دەسەڵاتەوە لە یەکەم تەقەوە لە خۆپیشاندەران، پچڕاوە.**

**دەسەڵات لە دەمێکدا گیانەڵا دەدات کە ئەو سەرمایە زۆرەی پێکیەوە ناوە، فریایناکەوێت، کە خەڵکانێک نەبن فریوبدرێن. واتە لە ڕاستیدا دەسەڵات هەموو گەمەکانی خۆی تاقیکردەوە پێش ئەوەی پەنا بۆ هێزی چەکدار ببات وەک دوا چارەسەر، کە هەموو کاتێک پەنابردن بۆ توندوتیژی، وەک دوا کارت بەکار دەهێنرێت. ئەوەی ئەمڕۆ لە کوچە و کۆڵانەکانی کوردستاندا دەیبینین، ئەو گرتن و ئەشکەنجەدان و سەرکوتکردن و پەخشکردنی ترس و هەڕەشە کردنە، هەمووی دەلالەتی بەکارهێنانی دوا کارتی دەسەڵاتێکە کە بڕوای بە مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدارێتیدا نەماوە. بە کورتیەکەی دەسەڵات دەستی لەخۆی شۆریوە، بەڵام ئەوەی** ***ونە*** **و ئا لێرەدا دەبێت لەسەری ڕابوەستین، ئەوەیە دەسەڵات چاوەڕێی بەرامبەرەکەیەتی کە ڕوبەڕوی ببێتەوە و دیار نیە. دەسەڵات چاوەڕێی ئەو دەستەیە پاڵەکەی پێوە بنێت و دایڕمێنێتە خوارەوە، لە سەرەمەرگدایە و چاوەڕێی دوا فیشەکی ڕەحمەتە. دیسان بەڵام کوا ئەو هێز و دەستوبازوە کە ئەو دەمانچەیە هەڵگرێت و ئەو فیشەکە بتەقێنێت؟**

**دانیشتوانی هەولێر و دهۆک بۆ نەیانوێرا خۆپیشاندان بکەن؟ خەڵکی شاری سلێمانی و دەوروبەری بۆ چونەوە ماڵەوە کە چەکدارەکان مەیدانەکانی ئازادیان داگیرکرد؟ بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ بە ڕەسمی نەچونە ناو خۆپێشاندەرانەوە؟ هەڵەکە لە کوێدایە؟**

دەسەڵات ئامادەی دوا ڕووبەڕووبونەوەی خۆیەتی و مەیدانەکە هەر خۆی تێدایە و بەرامبەرەکەی ونە. لە کاتێکدا دەزانین کە هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بەرگەی ئیرادەی ڕاپەڕیوی میللەت بگرێت و نمونە زیندوو و نزیکەکان هەر لە چواردەوەری خۆماندایە.
ئەی کەواتە لە کوێدا دەبێت بە دوای وەڵامدا بگەڕێین؟
کەس بڕوای بەم دەسەڵاتە ناماوە، میللەت خاوەنی ئیرادەی ڕوخاندنە، بەڵام ڕوانگەی بۆ دامەزراندن تەڵخ و نادیارە. ئەوەی لێی بەگومانە، دوای ئەم دەسەڵاتەیە و بڕوا ناکات کە ئازاد بێت. ئەوەی خەڵک لێی دەترسێت ***ئازادیە***. چۆن بڕوا بکات کە دەتوانرێت دەسەڵاتێک دامەزرێنرێت کە کەسی تیا فریو نەدرێت، درۆ لەگەڵ کەسدا نەکرێت، دزی لە میللەت یاساغ بێت و کەس بە ناحەق زیندان نەکرێت و مافی کەسی تیا پێشێل نەکرێت؟ بە چیدا بڕوا بکات وەکو مرۆڤ سەیر دەکرێت؟ چۆن دڵنیابێت کە ئیتر بەسوک سەیر ناکرێت و سوکایەتی بە کەرامەت و کەسایەتی ناکرێت؟ ئەوەی هاتووە و ڕۆشتوە هەمان مامەڵەی لەگەڵدا کردوە و درێژەی بە ڕەتاندن و بەهیچ سەیرکردن و بێنرخکردن داوە، بە چیدا بزانێت ئەوەی کە دێت جیاوازە و کۆتایی بەو سەردەمە دێنێت؟
*لە هەمووی گرنگتر چۆن ئازاد بێت؟ ئازادی مانای چی؟ ئایا ئیتر کەس ناتوانێت ئیرادەی ژیانی داگیرکات؟ ئایا ئیتر کەس مافی ژیانی لێناسەنێتەوە؟ ئایا تا مردن ژیانی خۆی و خێزانەکەی مسۆگەر دەبێت؟ ئایا دڵنیا دەبێت لە دوارۆژی منداڵەکەی؟ ئایا دەتوانێت بەبێ ئەوەی بترسێت و توشی لێپرسینەوەی ئاسایش بێت، ڕەخنەبگرێت؟ ئایا ئیتر کەس نیشتیمانەکەی تاڵانفرۆش ناکات و لێی بەهرەمەند دەبێت؟ چۆن بڕوا بەو هەموو ناز و نازداریە بکات کە دەشێت تێیبکەوێت؟ ئەو کە فێری مەرمەرەژی و ڕاونان و تۆقاندن و قۆڵبڕین و خڵەتاندن و درۆلەگەڵدا کردن و حەقخوران بووە، چۆن دەتوانێت بڕوا بەوە بێنێت کە لە هەموو ئەوانە ڕزگاری دەبێت و* ***ئازاد دەبێت****، سەربەست دەبێت، لە ژیانی خۆیدا سەربەخۆ دەبێت؟*
ئەوەیە ترس لە ئازادی، ئەوەی کە ئێستا لەبەردەستدایە ژیانە کولەمەرگیەکەیە و پێستی سەردەرکردنەکە. نە شەڕ نە ئاشتی، کێ ئازایە بمێنێتەوە و سەرکزکات.
*وەک چۆن دەسەڵات تاڵە مویەکی بە دەسەڵاتەکەیەوە ماوەتەوە، هەر بەو شێوەیەش ئەمرۆ مرۆڤی کورد تاڵە مویەکی بە ترسەوە ماوەتەوە. ئەو تاڵە موانە ئالودەی یەکتر بوون و پێکەوە دەپسێن. لە ساتەوەختی پسانی تاڵەموی ترسدا، ساتەوەختی ڕوخانی ئەم دەسەڵاتە نامرۆڤانەیەیە و سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵگایەکە کە ئازادی بەردی بناغە و هێز و توانایەتی. لە ئازادیدا نرخەکان دەچنەوە جێگەی خۆیان و بەهاکان دەردەکەون و بەهرەکان خونچە دەکەن. ژیان تەنها لە ئازادیدایە و هەموو فۆرمەکانی تری ژیانی ژێردەستەیی پێی ناوترێت ژیان، کە مرۆڤ ئیرادەی ژیانی خۆی لە دەست خۆیدا نەبێت.*

## ئەڵقەی ون لە ڕاپەڕینی ئەم جارەی کورددا

## 14.05.2011

تا ڕاپەڕینی پێشووی کوردستان، هێشتا سۆز و خۆشەویستی و ئینتیمایەک بۆ نیشتیمان مابوو. خەڵک ئومێدی هەبوو کە تروسکایی ئایندەیەکی گەشتر چاوەڕێی دەکات. خۆشەویستی ژیان و بنیاتنانی بە شێوازێکی نوێ، ئەو گوڕە بەهێزە بوو کە توانای بەردەوامبوونی دەبەخشیە کۆمەڵانی خەڵک. ئەوە جگە لە ستەمی کەڵەکەبووی چەندین ساڵە کە ڕق و نەفیکردن و بێبەریکردنی پەخش دەکرد و هەتا گوڕوتینی ئەو ڕقە ئەستورتر دەبوو، خۆشەویستی بۆ ژیان و بۆ مرۆڤ و بۆ کورد گەورەتر دەبوو.

ساڵانی ژێردەستەیی بەعس، ئەو چەند مەرگی دادەباران، ئێمە دە ئەوەندە ئیشقی ژیانمان لا سەوز دەبوو. بەعس ڕۆژگاری لێدەکردین بە شەوەزەنگ و ئێمەش مۆمی ژیانمان دادەگیرساند. ئەو دوژمن بوو بە هەموو شێوەیەک دەیویست لەناومان بەرێت، ئێمەش لە داوای مافی ڕەوای خۆمان هیچی ترمان نەدەویست، مافی ژیانمان.

لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردوودا، نەک هەر نەمانتوانی ئەو خۆشەویستیی ژیانە پەروەردە بکەین، بەڵکو ئەو تۆزە سۆزی ژیانەش کە تیاماندا مابوەوە، وەک قۆناغی یەکەم، بوو بە بێزاری لە ژیان. سەرەتا هێشتا دەسەڵاتی کوردی بڕوای لەلای خەڵکی مابوو، یەکەم جار بوو کورد فەرمانڕەوای خۆی ببینێت. لە سەردەمێکی ئاڵۆز و هەڵبەزودابەزدا دەژیاین، دواڕۆژ تاریک و لێڵ بوو. ساڵانی سەرەتا، هاتنەوەی دەسەڵاتی بەعس هێشتا لە ئارادا بوو. بەناچاری میللەتی کورد لە دەسەڵاتبەدەستەکانی خۆی زیاتر، هیچ پەناوپشتێکی تری نەبوو. دەسەڵات ئەم پەیوەستبوونەوەی لە قازانجی خۆی قۆستەوە، دوابەدواش پێگەی خۆی پێ قایمکرد و بە تەواوەتی پشتی لە میللەت کرد.

دەسەڵاتی بەکردەوەی دەسەڵاتبەدەستانی کورد لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسەوە دەستپێدەکات، بەو مانایای کە ئیتر بۆ میللەت ڕونبووەوە کە ئەو دەسەڵاتدارێتیە کۆمەڵگاکەی بەڕێوە دەبات. لەو مێژووەوە ناشیاویی ئەم دەسەڵاتە لە فەرمانڕەوایەتیدا یەکالادەبێتەوە و ڕوبەڕوبونەوەکان دێتە خودی کۆمەڵگای کوردییەوە. میللەتی کورد ماندوو بوو، ئەوەی بیری لێنەدەکردەوە، شۆڕش و ڕاپەڕین بوو، بەڵکو هێشتا ئومێدی بە هەڵبژاردن و چالاککردنی دەسەڵات وچاکسازی مابوو.

شۆڕشی تونس و میسر لەلایەک و دزی و بەتاڵانبردنی سامانێکی زۆری کوردستان لەماوەی دە ساڵی ڕابوردوودا لەلایەن دەسەڵاتبەدەستانەوە، لەلایەکی ترەوە بوو بەو زەمینەیەی کە

**جارێکی تر کورد ڕاچڵەکێتەوە و بیەوێت بۆ یەکەم جار بە ئازادی بژی. لە ماوەی دوو مانگی خۆپیشاندانیدا، دەسەڵات خۆی پێنەگیرا و ڕوی ڕاستەقینەی خۆی دەرخست، کە ڕەنگە نەک هەر زۆربەی دانیشتوانی کوردی توشی شۆک کردبێت، بەڵکو خودی دەسەڵاتیش توشی شۆک بوو کە بۆی دەرکەوت چەندە بەرامبەر بە میللەتەکەی خۆی دڕندەیە.**

**ئەم قۆناغە خێرابوو، واتە دەرکەوتنی ڕقی دەسەڵات بەرامبەر بە میللەت کە کاردانەوەکەی دیسان بە ڕق دەردەبڕدرێتەوە.**

***جیاوازی ئێمە لەگەڵ ئەو میللەتانەی لەم دواییەدا ڕاپەڕینیان ئەنجامدا، لەم خاڵەوە دەستپێدەکات. ئەوان دەمێک بوو ڕوبەڕوی ڕقی دەسەڵات بووبوونەوە، ڕقی دەسەڵات بووبوو بە خۆشەویستی نیشتیمان و یەکتری. ئەوەی گرەویان لەسەر بردەوە ئەو خۆشەویستیە بوو کە هەموویانی پێکەوە گرێدابوو. ئەوەی ئێمە دەبێت لێوەی فێربین و تێبیگەین کە بە ڕق ناتوانرێت دەسەڵاتی ڕق بسڕدرێتەوە. چونکە ئەو دەسەڵاتەی بە ڕق دەڕوات، ڕق لەجێگەی دادەنیشێت.***

**ئێمە لەمڕۆوە دەبێت ڕاپەڕین دەستپێبکەین کە ڕقی دەسەڵات بۆ زۆربە ئاشکرا بوو. بەرپەرچدانەوەی ئۆپۆزیسیۆن بە پلەی یەکەم و جەماوەر بە پلەی دووەم، هەتا ئەم ساتەوەختە ڕقاوییە و بەپەلەیە بۆ ڕوخانی ئەم دەسەڵاتە، بەبێ ئەوەی توانیبێتی تۆوی خۆشەویستی لەنێوان خەڵکدا بچێنێت و نیشتیمان بە ماڵی خۆی بزانێت.**

**ئەوەی هەتا ئێستا ونە و ئیشی لەسەر نەکراوە ئەو خۆشەویستییە کە لە دۆخی گەڵاڵەبووندایە و دەبێت هەوڵی جددی بۆ بدرێت. ساتە وەختی ئێستا، ساتەوەختی گەرماوگەرمە و هێشتا لە قۆناغی ڕق بەرامبەر ڕقدا پانتایی بیروهۆشی گەنجانی داگیرکردوە. کۆتایی هاتنی ستەم، کۆتایی هاتنی ڕقە و کۆتایی هاتنی ڕق، سەرەتای خۆشەویستییە. گرفتەکە لەوەدایە کە کاتێک خۆشەویستی بواری ئامادەبوونی نەبێت، ئەوا ڕق ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە و ئەوەش هەر کارەسات بەدوای خۆیدا دێنێت. پەیوەستبونەوەی ئەمڕۆی دەسەڵات و کۆمەڵانی خەڵک لەسەر ئەو ڕقەیە کە هەر توندوتیژی و ستەمی لێدەکەوێتەوە. هاوارکردن "بە ئاشتی، بە ئاشتی" ئاشتی ناخاتەوە، بەڵکو ئەوەی ئاشتی دەخاتەوە خۆشەویستییە و ئەو نهێنیە بوو کە گەلی میسر گرەوی لە دەسەڵاتداران پێبردەوە و هەموو هەوڵێکی دەسەڵاتداران بۆ پەرتکردن و تەفرەدان و بڵاوەپێکردنیان، لە ئاستی ئەو خۆشەویستییە گەورەیەی نێوانیاندا بۆ یەکتری و بۆ نیشتیمان، شکستی خوارد.**

***ئەوەی ئێمە بە وشە پێی دەڵێین خۆشەویستی، لە ڕاستیدا ئەو وزە گەورەیەیە کە گەردوونی لەسەر بەندە، بە خۆڕایی نیە هەموو پێغەمبەرەکان، مامۆستا گەورەکان بە بەردی بناغی ژیانی دادەنێن و مرۆڤی گەورە لەدڵەوە لە دوژمنەکانی خۆشدەبێت و لێی دەبورێت، چونکە ئەو دەزانێت کە "دوژمن" لە ڕق زیاتر نازانێت و هێشتا فێری خۆشەویستی نەبووە.***

**سومبولی ئازادی شاری هەولێر**

**15.05.2011**

"دەیانەوێت لە کوردستان هەڵبێم، من هەولێریشیان بۆ بەجێناهێڵم" سەردەشت عوسمان.

زەمانی بەعس، ئەگەر کوردێک چالاکیەکی سیاسی هەبوایە، ئەگەر هەستبکرایە دژی ڕژێم چرپەچرپی کردوە، یاخود ئەگەر ڕێکخراوێک، شانەیەک کەشف بوایە، ئەوا ئاسایش هەڵیدەکوتایە سەری و دەستگیری دەکرد و پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر بەرەو "دادگای شۆڕش" دەبرا. لەوێ بە تاوانبار لەقەڵەمدەدرا و بە ڕەسمی ناوی تۆمار دەکرا، ئەگەر تاوانەکەی بۆ ڕژێم مەترسیدار بوایە، فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچوو.

ئەو پرۆسەیە چەندە شکڵیە و چەندە نادروست و ناڕەوایە، بەڵام وەک دامەزراوێکی دەوڵەتیی بەڕێوەدەچوو.

دەسەڵاتدارانی کورد، کوردی دۆ نەدیو، لەجیاتی گرتن و لێپرسینەوە و دادگا، ئازادیخوازان دەفڕێنێت و بەدزیوە ئەشکەنجەی دەدات و هەر بەدزیشەوە دەیکوژێت و دەیەوێت شوێنەوارەکەی ونبکات و بیشارێتەوە و خۆی نەکات بە خاوەنی.

ئەم هەڵسوکەوتە ترسنۆکانەیەی دەسەڵاتی کوردی، لە مێژوودا دەگمەنە نمونەی بدۆزرێتەوە مەگەر لە کردارە تیرۆریستیەکاندا، یاخود لە جیهانی مافیاکاندا شێوەی لەو هەڵسوکەوتە بەدیبکرێت.

سەردەشت عوسمان هەم گەنج و هەم خوێندکار و هەم ڕۆژنامەنوس بوو. وەک هەموو گەنجێکی ئازاد، لە وڵاتێکی ئازاددا مافی ژیانی هەبوو، بەڵام سەردەشت نە گەنجێکی ئازاد بوو، نە لە وڵاتێکی ئازاددا دەژیا، هەربۆیە لەپای داوای ئازادیدا ڕفێنراو کوژراو و لاشەکەی لە دوور فڕێدرا. وەک ئەوەی ئەم مرۆڤە سەر بەم شارە، سەربەم نیشتیمانە، ئەم وڵاتە نەبێت و تەنێکی نامۆ بێت و دەبێت هەڵکەندرێت و لە دوور فڕێبدرێت.

دەسەڵات نەیوێرا تەرمەکەی لە شاری هەولێردا فڕێبدات، نەوەک گومانی لێبکەن. ئەمە لە ئیشی کێ دەچێت کە ئەوەندە دەترسێت؟

***لەدوای ئەشکەنجەیەکی زۆر، بەدەستبەستراوی لە ژێرخانێکی تاریکدا، لەهۆشخۆچوو، دەرگایەک دەکرێتەوە، دوو جەلاد باڵە بەستراوەکانی دەگرن و بەرزیدەکەنەوە، ئەو هێشتا بەئاگانەهاتۆتەوە، جامێ ئاو دەپرژێنە دەموچاوی، بەئاستەم چاوێک دەکاتەوە، ئەو تۆزە ڕوناکیەی لەدەرگاکەوە دێتە ژورێ، هەیکەلی مرۆڤێک بەردەمی گرتووە، بێدەنگە، دەمانچەیەکی بەدەستەوەیە، بەدەستەکەی تری قژی دەگرێت و دەلەرزێت، بە پەلە کۆمەڵێک***

*جنێوی ناشیرین دەدات و دەمانچەکە دەنێتە نێو دەمی، پەنجەی پیادەنێت و چرکەدەکات، لەترساندا فیشەکی لێنەخورپیوە.*

*سەردەشت بزەیەکی وشک دەکات و بواری چەند چرکەیەکی هەیە هەتا کوڕی ئاغا دەمانچەکە سوار دەکات. سەردەشت ڕۆشت، ئەوەتا لە کۆلاندا دوگۆلی دەکات و پاس بە برا گەورەکەی دەدات. ئەوە باوکی بەرەوە ماڵ گەڕایەوە و لەسەری کوچەوە دیارە شوتیەکی بەبن هەنگڵەوەیە. ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی قوتابخانەمە، جلکی نوێم لەبەردایە، شەو تا بەیانی بەخەبەربووم لە خۆشی ئەمڕۆ. دایەگیان لە کۆلێژی ئاداب بەشی ئینگلیزی وەرگیرام، ئەوەی کە دەمویست، ئەوەی خەونم پێوە دەدیت. لێتی ناشارمەوە دایەگیان، بەڵام تو سەری من بە بابم مەڵێ، من ئەو کچەم خۆشدەوێت و دەمەوێت بیخوازم.*

*ڕاکێشانی دەمانچەکە ئەمجارە هەردوو چاوی بە سەردەشت کردەوە. دیسانەوە بە دەستە لەرزۆکەکەنیاوە لولەی دەمانچەکەی خنیەوە دەمی و ......... هەتا سەعاتێکیش کوڕی ئاغا هەر دەستی دەلەرزی.*

**سەردەشت هەتا ئیستاش بڕوا ناکات لە سەر نوسین کەس بکوژدرێت.**

## ڕاپەڕینی کوردستان لە نێوانی بەرداشی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا

19.05.2011

دەسەڵات دەستی والایە بۆ هەموو کردەوەیەک، بۆ دەستبەسەراگرتنی سامانی میللەت، بۆ گرتن و زیندانی کردنی هاووڵاتیان، بۆ ئەشکەنجەدانی بەرهەڵستکاران. ئەوانە هەمووی بەبێ یاسا و بەبێ دەستور بەڕێوە دەچێت. کەس نازانێت دەسەڵات ئەو دەستکراوەیەی لە کێوە وەرگرتووە؟ هیچ خوایەک نیە ئەو دەسەڵاتەی پێبەخشیبێت. میللەت قەد هەڵەی واناکات بڵێت بۆتان هەیە مافمان بخۆن؟ ئایا بۆچی دەسەڵات حەقی کوشتن و بڕین و دزینی هەیە و هاووڵاتیانی ئاسایی بۆیان نیە؟ یا ئەوەتا دەبێت ئەو ئازادییە بۆ هەمووان بێت، یاخود دەبێت کەس بۆی نەبێت مافی یەکێکی تر بخوات.
لەبێ یاساییدا، یاسای جەنگەڵ بەڕێوە دەچێت، گەورە و بەهێز بچوک و لاواز دەخوات. جیاوازی نائاسایی ئێمە لەگەڵ جەنگەڵدا ئەوەیە کە هەموومان سەر بەیەک ڕەگەزین واتە مرۆڤین. ئەوەی دەسەڵاتی بەدەستە دەبێت باقی میللەتەکەی خۆی ملکەچکات، دەنا ناتوانێت یاسای جەنگەڵ بەڕێوەببات. ملکەچکردنی زۆربە، زۆر ڕێگای هەیە، درۆکردن، خڵەتاندن، شاردنەوەی ڕاستیەکان. لە تەنیشت ئەوانەشەوە تۆقاندن، ترساندن و گرتن و لێدان.
ئێمە بۆ لە ئاستی ئەم ڕەفتارانەی دەسەڵات بێدەنگ بووین؟ چۆن لەم هەلومەرجەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانین سودمەندبین و ئێمەش بگەینە ئەو وشیاریەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەین؟ دەبێت چ ئەقڵێک بکەویتەکار و چ ئەقڵێک پەکبخرێت؟ خاڵی جیاوازی و هاوبەشیمان چیە لەگەڵ میللەتانی چواردەوردا؟ ڕۆڵی حکومەتی مەرکەزی لە بەغداد چیە و ڕۆڵی ئەمریکا چۆن دەکەویتەوە لە ئاڵوگۆڕی سیاسیدا لە کوردستاندا؟ ئایا بەرەی ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێت خەونی جەماوەر بێنێتە دی لەڕێگەی دانوسانەوە؟ لە کاتێکدا سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بەشدارینەکردنی ئۆپۆزیسیۆن بە ڕەسمی لەو خۆپیشاندانانەدا کە ماوەی دوو مانگی خایاند؟ بۆ نەیانتوانی سەروبەری جەماوەر ڕێکبخەن و لەو حاڵەتی هەڵچونەدا بەرنامە و پڕۆگرامی بۆداڕێژن و ئەو خۆبەخۆییە ئاڕاستەبکەن و ئەجیندایەکی ڕون و ئاشکرا داڕێژن؟ لە حاڵەتێکدا کە دەیانزانی خەڵکی کوردستان ئەزمونی لەو جۆرەی نیە و فێری ڕێکخستنی سیاسی و خەباتی ئاڕاستەکراوە.
ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بەو هەموو ئەزمون و ڕێکخستن و بەو کۆمەڵە ئەندامەی پەرلەمانیانەوە بترسن بچنە سەر شەقام، دەبێت گەنجی بێ ئەزمونی پەرشوبڵاوی ئەم وڵاتە، بە چ ئومێدێکەوە بتوانن سنگیان بنێن بە گوللەوە؟

هۆکاری دامرکاندنەوەی خۆپیشاندان، ئۆپۆزیسیۆن دای بەدەستی دەسەڵاتەوە. دەزانین کە دەسەڵات لە خۆپیشاندان دەترسێت و ڕۆخاندنی نزیکدەکاتەوە، بەڵام ئەوەی مرۆڤ لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی تێناگات بۆ لە خۆپیشاندان دەترسان؟ ئەوان چیان هەبوو بیدۆڕێنن؟ لە کاتێکدا دەیانبینی کە چۆن دەسەڵات شپرزەبووە و لە جەماوەر و ئۆپۆزیسیۆن دەترسێت و هەرچی پێبکرێت و بۆی بوترێت بەرامبەر جەماوەر و ئۆپۆزیسیۆن دەیکات؟ ئایا زیرەکی دەسەڵات بوو کە توانی ئۆپۆزیسیۆن لە جەماوەر بکاتەوە، یاخود نەویرانی ئۆپۆزیسیۆن بوو ئەو هەلەی دا بەدەست دەسەڵاتەوە کە جەماوەر لە ئۆپۆزیسیۆن داببڕێت و دەبابە بێنێتە سەر شەقام و ئەوانیش تەنها پارێزگاری بارەگاکانی خۆیان بکەن؟

دوای دوو مانگ لە خۆپیشاندان، ئۆپۆزیسیۆن هەر قەناعەتی نەکرد تێکەڵی خۆپیشاندان بێت، ئەو دوو مانگەش بەس بوو بۆ دەسەڵات کە تێبگات ئۆپۆزیسیۆن نایەوێت لەو ڕێگایەوە دەسەڵات بڕوخێنێت/ بگۆڕێت. بەشداری ئۆپۆزیسیۆن لە پاڵپشتیکردنی مەعنەوی دەرنەچوو بۆ خۆپیشاندەران، ئەوەی کە بەکەڵکی ڕاپەڕینی سەرشەقام نەهات و لەو ڕێگەیەوە بەشوودرا.

هەبوونی لایەنگرانی ئۆپۆزیسیۆن، کەم تا زۆر، لە سەراسەری کوردستاندا، دەیانتوانی ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە ببینن لە کاتێکدا دەیانبینی پارتی بە هیچ شێوەیەک ناهێڵێت کەس خۆپیشاندان بکات. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن قەناعەتی بکردایە و تێکەڵی خۆپیشاندەران ببوایە. ئەوا ئەوەندە بەس بوو وەک کرۆکی خۆپیشاندان لەو ناوچانەدا بە ڕێکخراویی بڕژێنە سەرشەقام و خەڵکەکەش ترسیان بشکایەو دوایان بکەوتنایە. بەڵام نەیانکرد و خۆپیشاندان لە ناوچەکانی سلێمانیدا تەوق بوو.

ئایا کەس هەیە پێشبینی ئەجیندای ئۆپۆزیسیۆن بکات؟

ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی سێ مانگدا بەسەر یەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانداندا، دەسەڵات بە تەواوەتی دڵنیا بووەوە کە ئۆپۆزیسیۆن لە بزوتنەوەی سەرشەقام دابڕاوە و دەتوانێت دەعوەتی سەر مێزی مفاوەزاتیان بکات و بزانێت چیان دەوێت. داواکاری ئۆپۆزیسیۆن هەرچیەک بێت، ناگاتە داواکاری جەماوەر. ئەمە دەبێتە دوا تاقیکردنەوەی ئەو هێزانە بەرامبەر بە خۆیان و بەرامبەر بە جەماوەریش. پرسیارەکە لێرەدایە کە ئایا لە حاڵەتی فەشەلهێنانی ئەم مفاوەزاتەدا ئۆپۆزیسیۆن غیرەت و هیمەتی ئەوەی دەبێت بڕژێتە سەرشەقام و جەماوەر دوای خۆی بخات؟

لە ڕستیدا ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا پێی دەوترێت ئۆپۆزیسیۆن تەنها بزوتنەوەی گۆڕانە کە پێگەیەکی تا ڕادەیەک جەماوەریی هەیە و هەڵگری بیروبۆچونێکی جیاوازە و ئومێدێکی پێدەکرێت، دوو لایەنەکەی تر دوو بزوتنەوەی ئیسلامین کە وەک زەمەن ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەماوە و وەک دەسەڵاتیش هیچ ترسێکیان لەو بزوتنەوانە نیە. واتە دەورە سەرەکیەکە

**دەتوانێت گۆڕان ببینێت، ئەگەر بیەوێت، ئەگەر شتێکی شاراوەشی هەیە ئەوا لەماوەی داهاتوودا بۆ خەڵکی ڕوندەبێتەوە کە ئایا شایانی ئەوەیە پێی بوترێت ئۆپۆزیسیۆن یاخود لەبەرەی دەسەڵات حسابی بۆبکرێت؟**

## نیشتیمان وەک بەهەشت، نیشتیمان وەک دۆزەخ

## 23.05.2011

لە مێژوویەکی دورودرێژەوە چنگمان بە سەرزەمینێکەوە گیرکردووە و پێی دەڵێین کوردستان یاخود نیشتیمانی کوردان. ئەو سەرزەمینەی باوباپیرانمان و باوباپیرانیان لەسەر هەمان زەوی لەدایکبوون و تیا گەورەبوون و تیایدا مردوون. هەمان ئەو سەرزەمینەشە کە ئەمڕۆ ئێمەی تیا دەژین. زۆربەی میللەتانی جیهانیش بەهەمان شێوە بەردەوامیان بە نەوەکانی خۆیان داوە لەو سەرزەمینەی باوباپیرانیان تیا ژیاون. ئەمە تا ئێرە جێگەی سەرنج نیە، بەڵکو ئەوەی جێی سەرنجە ئەو پرسیارەیە کە دەبێت بکرێت، بۆچی زۆربەیەک لە میللەتان نیشتیمانەکەیان کردووە بە بەهەشت و ئێمە کردوومانە بە دۆزەخ؟
ئەگەر بارەکە هەڵگێڕینەوە و بە دیوێکی تردا تەماشای بکەین، وەک لەوەی هەتا ئێستا تەماشامانکردووە و هەر هەموویمان خستۆتە پاڵ داگیرکەری بێگانەوە و بڵێین ئێمە بۆ داگیرکراوی دەستی بێگانە بووین و هەتا ئێستاش داگیرکراوی بێگانەین؟
یەکێک لە هەرە فاکتەرە گرنگ و بەرچاوەکان ئەوەیە کە ئێمە بەدرێژایی مێژوو نیشتیمانی خۆمان بەهیچ گرتووە، ئێمە هیچ کاتێک خۆمان بە خاوەنی ئەم سەرزەمینە نەزانیوە، ئیحساسمان نەبووە بۆی. ئەوەی ئێمە ڕاهاتووین و پێیان دەڵێین داگیرکەر، لە ڕاستیدا ڕوبەڕوی هیچ بەرگرییەک نەبونەتەوە کە بسڵەمنەوە. ئەوان بەرەو ڕوی سەرزەمینێک ڕۆشتوون کە بێخاوەن بووە، ڕاستە کۆمەڵێ مرۆڤی لەسەر ژیاوە و دەژی، بەڵام خۆیان بە خاوەنی نەزانیوە و نازانن، بەڵکو لەسەری دەژین و بەردەوامی بەو ژیانە دەدەن کە لەسەری ڕاهاتوون. دەبێت سوپاسی یەزدان بکەین کە "داگیرکەران" لە سەردەمانی پێشوودا ئەوەندە بیری ناسیونالیستی بەسەریاندا زاڵ نەبووە، دەنا هەر زوو ئەو سەرزەمینە بێخاوەنەی کەوتبووە ژێردەستیان، پاکیان دەکردەوە لەو مرۆڤانەی لەسەی ژیاون، کە دەکاتە ئێمەی کورد.
***لە ڕاستیدا ئێمە نە چیاکان پاراستوویانین، نە بەرگریمان لە خۆمان، لە زمان و کەلتور و مێژوو کردووە. ئەوەی هەتا ئەمڕۆ ئێمەی هێشتۆتەوە پاسیڤبوونی خۆمانە، لاموبالاتی خۆمانە. ئەو بێبایەخی و گوێنەدانەیە کە هەمانە و هەمانبووە بەرامبەر بەو سەرزەمینەی لەسەری ژیاوین و بەرامبەر ئەو مرۆڤانەی میللەتێک پێکدەهێنن. ئەو بەهیچ سەیرکردنەیە کە لە ژیانەوە دەستپێدەکات و بە میللەت و خاک و نیشتیمان کۆتایی پێدێت. ئەوەی ئێمەی هێشتۆتەوە ناچالاکبوونمانە، سستبوونمانە بەرامبەر هێرش. یاخود وەستان و نەجوڵانمانە بەرامبەر بێگانە. کەس بۆ ئێمە بێگانە نەبووە، هەمیشە بەناوماندا هاتوون و چوون و***

*تێپەڕیوون و ماونەتەوە، بەبێ ئەوەی پەرچەکردارێکمان هەبێت. ئێمە پێناسەی خۆمان پێنەبووە تا دوژمن و بێگانە و داگیرکەر جیاکەینەوە. ئێمە میللەتێک بووین لە ئاو، بێ بەرگری، کەس نەیویستوە و نەیتوانیوە لەوە زیاتر زیانمان پێبگەیەنێت لەوەی کە خۆمان بە خۆمان گەیاندووە.*

تا ئەوکاتەی بێدەنگ بووین، کەس حەقی نەبووە بەسەرمانەوە، لەو ڕۆژەوەی بە دەنگی تۆپ و جەنگی میللەتان ڕاچڵەکیوین و بە جەندرمە و سەرباز کراوین و ڕاپێچی بەرەکانی شەڕکراوین، وتومانە ئێمە خۆ سەربەم نەتەوانەنین لەپای چی بکوژرێن. یەکەم بیکردنەوە، یەکەم کارەساتیش بە دوای خۆیدا دێنێت. باقی چیرۆکەکە زۆربەمان دەیزانین، کوشتن و بڕین لەو سەردەمانەوە دەستپێدەکات کە کورد هۆشی پیا هاتۆتەوە و دەڵێت کوردم و لەسەر ئەم سەرزەمینە مافم هەیە.

*بیری نەتەوایەتی ئێمە پێش بیری نیشتیمانپەروەری کەوتووە. ئێمە هیچ کاتێک خاوەنی نیشتیمانێکی سەربەخۆ نەبووین تا ببێتە بناغەی بیری نەتەوەیی. هەر بۆیە خەمی ڕزگارکردنی میللەتی کورد کەوتۆتە پێش خەمی ڕزگاری نیشتیمان، چونکە کاتێک بەئاگاهاتینەوە، نیشتیمان دەمێک بوو دابەشکرابوو، دەمێک بوو دەیان خاوەنی بەدەسەڵاتی بۆ پەیدا بووبوو، دەیەها شەڕی لەسەر کرابوو، تازە درەنگ بوو بێینەوە مەیدانەکە و بڵێین ئەرێ ئێوە شەڕ لەسەر چی دەکەن، خۆ ئەمە "نیشتیمانی" ئێمەیە؟*

ئێمە بە هاونیشتیمانی نەبووین، چونکە خاوەنی نیشتیمان نین. ئێمە بەهاووڵاتی نابین،چونکە خاوەنی وڵات نین. ئێمە لە هاوشاریی زیاتر تێنەپەڕیووین، ئەو شارانەی لەژێر دەسەڵاتدارێتی میللەتانی سەردەستدا تروسکاییەکی گەشتوەتێ و ئەو تۆزە وشیارییەی ئەمڕۆمان لە ڕۆشنبیری ئەو میللەتانەوە خواستووە.

لە دڵەوە ئازارم دەدادات گەر بڵێم ئێمە لە قەرەج دەچین. نە بەزەویدا نوساوین، نە بە میللەتدا، نە بە مێژوودا، نە بە زمان و فەرهەنگدا، دەبێت چی بێت ئەوەی لە قەرەجێتی جیامان دەکاتەوە؟ ئێمە بۆ دەبێت هەموو لایەنە نێگەتیڤەکانی خۆمان هەمیشە بە داگیرکەراندا هەڵواسین؟ ئێمە چیمانکردوە لەو مێژووە درێژەدا کە لەسەر ئەم سەرزەمینەدا ژیاوین، ناڵێین بۆ مرۆڤایەتی، بەڵکو بۆ خۆمان؟ هەڵبەتە شتێکی ئەوتۆ نیە کە بوترێت.

ئێمە چۆن دەتوانین نیشتیمان بکەین بە بەهەشت کە نیمانە؟ ئێمە هەتا ئێستا هەستی نیشتیمانیمان بە ئاستەم جوڵاوە کە ڕزگاری بکەین. میللەتێکی وەک دانیمارکی کە هەتا ئەمڕۆ لە پێنج ملیۆن تێناپەڕێت، دوو سەد ساڵە خاوەنی دەستور و پەرلەمانە. ڕاستە ناتوانین خۆمان بەوان بەراورد بکەین، بەڵام خۆ دەتوانین وەک دوو وێنە بەرامبەر یەکتری ڕایانگرین و تەماشابکەین و بپرسین بۆ؟ ئەوان بۆ هەمیشە لەسەر زەمینەکەی خۆیاندا ئازاد بوون و ئێمە بۆ هیچ کاتێک نەمانزانیوە ئازادی چییە؟ نیشتیمان چییە؟ میللەت چییە؟ مێژوو چییە؟

ئەوان بۆ توانیویانە نیشتیمانەکەیان بکەنە بەهەشتێک کە بەهرەکانی تیا والآ بێت و جێگایەک بێت کە شایستەی مرۆڤەکانی بێت و لە هەموو پێشێلکارییەک پارێزراو بێت و حەقی تەوای ژیانی هەبێت کە ئازادانە بژی و ئێمەش هەتا ئێستا دەمانەوێت خاوەنی وڵاتێک بین و نیمانە، دەمانەوێت خاوەنی نیشتیمانێک بین و نیمانە، دەمانەوێت خاوەنی دەستورێک بین و نیمانە. لەم ساتە مێژووییەدا دەمانەوێت هەبین و بژین و دەرفەتی ئەوەندەمان پێنادریت، دەرفەتی ئەوەندەمان بۆ خۆمان نەخولقاندووە کە وەک مرۆڤێک بە ڕێز و بە سەربەرزی و ئازادیەوە بژین.

هەموو خەتاکان هی میللەتانی چواردەور و ئیمپریالیستی جیهانی نیە، ئەوەتا بە چواردەورماندا تورک و عەرەب و فارس و...هتد بەلایەنی کەمەوە خاوەنی دەوڵەت و نیشتیمان و تا ڕادەیەک کەلتور و خاوەنی مێژووشن. کەچی ئێمە لەناو جەرگەی ئەو میللەتانەدا لە پلەی سفرداین. ئەگەر بمانەوێت شانبەشانی میللەتانی جیهان بڕۆین، ئاخۆ دەبێ چی بکەین؟

ئەو دۆزوخەی ئەمڕۆ تیایدا دەژین، دەرئەنجامی ئەو مێژووەیە کە ئیشمان تیا نەکردووە، کە هیچمان تیانەکردووە.

## ئێمە و دەسەڵات

## 24.05.2011

هەتا ڕۆژێک زوتر بە ئازادی بگەین، درەنگە.
هەتا ڕۆژێک زیاتر لە دەسەڵاتدابن، هەر زۆرە.
مانەوەی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا گەشتۆتە ئەو ئاستەی حسابی هەموو ڕۆژێک بکەن. لە دەسەڵاتی هەتا هەتایەوە، هاتۆتە سەر ئەوەی کە کۆتایەکەی ببینرێت. لە نادیارەوە بۆ مێژوویەکی دیاریکراو، بۆ مانگ دوو مانگ ... ساڵ. ئومێدی ئەوەی کە ڕۆژی ئازادی هەڵدێ، سەوز بووە و خدوتکەی ڕۆحە گەنجەکان دەدات. هیوای دواڕۆژێکی پرشنگدار لەدەم کەلە و خەریکە هەڵدێت.
لە لاکەی ترەوە، دەسەڵات شپرزەیە، داژماردنی تەمەنی دەستی پێکردووە. کەوتۆتە دەموچاو گۆڕین و لەرەی دەنگ گۆڕین و موکیاجکردنی خۆی. لە من و تۆ باشتر دەزانێت جبەخانە بەکەڵکی نایەت و لە مردن ڕزگاری ناکات. بۆئەوەی جڵەوی دەستپێشخەری لەدەست نەدات، جار جارێک هەڕەشە و جارجارێکیش بە نەرمی دەستێک درێژ دەکات.
هێستریای دەسەڵات لە سەرەمەرگدا، لە هەڵچون و داچونێکی دژبەیەکدا خۆی دەنوێنێت. نائومێدانە دەست بۆ چڵە پوشێکیش دەبات، ڕۆژێک بخاتە سەر تەمەنی.
*دەسەڵاتی کوردی، ئەو گەنجە بیست ساڵەی خاوەنی هەموو موڵک و ماڵێکە، خاوەنی فەرماندەرکردن و دامودەزگای جێبەجێکردن و خاوەنی چەکدار و سەرباز و سەربازگەیە. خاوەنی پارەیەکی زۆری نوستووی ناو بانکەکانی جیهانیشە، کەچی توشی شێرپەنجەی دڵ بووە و سور دەزانێت لای هیچ دکتۆرێک، لە هیچ وڵاتێک چارەسەری بۆ ناکرێت و دەبێت ماڵئاوایی بکات. ئاخۆ دوا ڕۆژەکانی تەمەنی چۆن بەسەربەرێت، لە کاتێکدا دەزانێت دەبێت ئەو هەموو نازونازدارییە بەجێبێڵێت؟ دەسەڵاتی کوردی کێشەیەکی تریشی هەیە، هەرئەوەندە نیە کە دەزانێت دەبێت بمرێت، بەڵکو ترسی دادگای دوای مردنەکەی بە تەواوەتی هەراسانی کردوە و بڕستی لێ بڕیوە. دەسەڵات خەریکە توشی فێ دەبێت. سەرەتای هەواڵەکە دەرگای لەسەر خۆی داخست و تا مانگێک قسەی لەگەڵ کەسدا نەکرد. دواتر کەوتە پەلاماردان و ئەیویست داروبەرد لەداخی ژیانی خۆی بسوتێنێت، دوایی خەڵک و خوا قسەیان بۆکرد و تۆزێک هێوربووەوە. ئێستا دەستێکی لەملایە و دەستێکی لەولا. دەستێکی بە دڵیەوەیەتی و دەستێکی درێژ دەکات بۆ یارمەتی. لە پڕێکدا بە هەردوو دەستی پەلامار دەدات. شارەزایان دەڵێن جگە لەوەی کە دەردەکەی کوشندەیە، دواڕۆژەکانی ژیانیشی شێت دەبێت، دوریش نیە دەستبوەشێنێت.*

ئێمەی میللەت لە گەنج و پیر و منداڵ پێکهاتووین. ئێمە لە مردن ناترسین، ئێمە نامرین، ئێمە خودی ژیانین. ئێمە لە گلەیی زیاتر، دادگایی ناکرێن.
ئێمەی میللەت، ئێمەی هەمیشە دڵ و دەرون گەورە، زۆرجار لەڕادەبەدەر گەورە، دەبێت یارمەتی دەسەڵات بدەین و نەهێڵین زۆر بەو ئازارەوە بتلێتەوە. هەر چیەک بێت لە خۆمانە و نابێت بهێڵین ببێتە گاڵتەجاڕی دەرودراوسێ. دەبێت ئەگەر بەزۆریش بێت قەناعەتی پێبکەین کە زوتر بکشێتە دواوە و خۆی ونکات، ئەگەر هەر نەهاتە سەربار، دەبێت پێشوەخت یارمەتی مردنی بدرێت. ئێمە نابێت دەستەپاچە بوەستین. دەسەڵات نەخۆشە و نەخۆشیەکەی کوشندەیە و لەلای کەسیش چارەسەری نیە، لە ڕاستیدا لە ئێمە زیاتر کەسی تری نیە و کەس شک نابات پەنای بۆبەرێت. دەسەڵات ئەوەندەی خۆمان دەیناسین هەرگیز خۆی ئەو داوایە لە میللەت ناکات و لوتبەرزیەکەی ڕێگەی پێنادات. ئێمە دەبێت خۆمان ئەوە بخوێنینەوە، پێویست بە وتن ناکات.
دەسا ئەی میللەت هەڵمەتێک، ئەم بارە دەرونیە بۆ ئێمەش خۆش نیە. زەمەنی چاوەڕوانیی زەمەنێکی درێژە و هەر نابڕێتەوە. نە ئێمە پێویست دەکات ئەوەندە چاوەڕوانبین تا دەسەڵات بەلادا دەکەوێت، نە پێویستە دەسەڵات ئەوەندە بەو دەردەوە بتلێتەوە. تەنها ساتی بڕیار سەختە، دەنا یەکەم هەنگاو دەروازەی زەمەنێک واڵادەکات، کە لە چەند چرکەیەکدا ئیشی چەند ساڵێک دەکرێت. دودڵی و ڕاڕایی پێناوێت، بەڵکو دلێریی و بوێرییەکی گەرەکە، کە هەر ئەوەندەی هەنگاوی دووەمی بەدواداهات، ئیتر ئەمجارە پێویست بە ڕاوەستان و بیرلێکردنەوە ناکات. هەموو شتەکان ئاشکرا بوون ئێمە ئازادیمان دەوێت و دەسەڵات بەو هەموو نەخۆشیەیەوە ڕێگرە و دەمی مێژووی بەلای خۆیدا چەمانۆتەوە و ناهێڵێت لە خۆی زیاتر کەس لە ئازادی بەهرەمەند بێت.
کورد وتەنی: نەخۆش ئەو کەسەیە بەدیار نەخۆشەوەیە. ئەمڕۆ ئێمە چیتر پێویست ناکات بەدیار نەخۆشێکەوە دانیشین کە ئومێدی ژیانی نەماوە. بە هەڵمەتێک هەم خۆمان ڕزگار دەکەین هەم ئەو.

**هاوکێشەی ئەقڵ و گێلێتی**

**26.05.2011**

**ئێمە لە زەمەنێکدا دەژین یەک و یەک دەکاتە دوو. ئەقڵ لە ئاستێکدایە کە دەتوانێت خۆی بەڕێوەبەرێت. تای تەرازوی ئەقلانیەت، ئەگەر لەسەرو گێلێتیشەوە نەبێت، ئەوا بەرامبەری دەوەستێتەوە. ئەمڕۆ کە زۆربەیەک لە ئێمە دەرکی بە پێداویستیەکانی خۆی کردوە و بە ژیانی خۆی وشیارە و دەزانێت کە سامانی وڵات دەکرێت باشتر دابەشبکرێت و ئەو توانایە لەخۆیدا دەبینێت کە جڵەوی دوبارە داڕشتنەوەی کۆمەڵگا بگرێت بەدەستەوە.**

**ئێمە لە زەمەنێکدا دەژین کە دەستپیاگەشتنی تەکنەلۆژیا دەتوانرێت لە ڕێگەی پارەوە بۆ هەمووان هەمواربکرێت، ئەوەی تەنها بیست ساڵ لەمەوپێش مەحاڵ بوو. ڕاهێنانی ئەقڵ و پێشخستنی، دەتوانرێت لە هەموو ساتێکدا دەستپێبکرێت. ڕۆشنبیریی و زانیاری بۆ هەمووان ئامادەیە و تەنها لەسەر ئەوە بەندە کە زەمینەی بۆ سازبکرێت. ئێمە لە سەردەمی ڕێنیسانسی دووەمدا دەژین، هیچ کاتێک مرۆڤایەتی ئەوەندەی پێشکەوتن بەخۆیەوە نەبینیوە بە یەکجار لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.**

**کۆمەڵگای ئێمە لە چیدا پەکیکەوتووە کە ناتوانێت سەرپێی خۆی بکەوێت؟ ئێمە خاوەنی سەرزەمینێکی بەپیت و فەڕین، خاوەنی سامانێکی سروشتی بەرفراوانین، لە میللەتێک پێک هاتووین، خاوەنی وشیاریەکی مامناوەندین، دەزانین چی لە جیهانی چواردەورماندا دەگوزەرێت. ئەی بۆ کۆنابینەوە؟ چی ئەو بنەمایانەی لەیەکتر دابڕیوە؟ ئەو توخمانەی کە پێویستن بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی تەندروست، ئەگەر هەمووشی ئامادە نەبێت، ئەوا زۆربەی ئامادەیە. ئەی چی وای کردوە کە ئەو توخمانە پێکەوە تێهەڵکێش نەبن؟ چی شیرازەی ئەو توخمانەی لەیەکتر هەڵوەشاندۆتەوە و بەشێوەیەک ڕایەڵی کردۆتەوە کە ببێتە ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگادا و ئازادی لێبڕیوە و زۆربە لە دەگمەنێتیدا دەژی؟**

**ئێمە لە مرۆڤ پێکهاتوین، لەسەر نیشتیمانێک دەژین، سامانێکی سروشتی جۆراوجۆرمان هەیە، خاوەنی وشیاری و ئەقڵین، ئەوەی ماوەتەوە لێکدانی ئەو توخمانەیە بۆ پێکهێنانی یەکەیەک کە ئیشبکات. ئەوەی ئێستا هەمانە:**

**مرۆڤ + زەوی + سامان + دەسەڵات = کۆمەڵگایەکی پەنگخواردوو، کە دەبێت بگۆڕدرێت بۆ:**

**مرۆڤ + زەوی + سامان + ئەقڵ = کۆمەڵگایەکی تەندروست.**

**ئەوەی هەمانە:**

**مرۆڤ + زەوی + سامان + گێلێتی داسەپێنراو = دۆزەخ، دەبێت بگۆڕدرێت بۆ:**

**مرۆڤ + زەوی + سامان + وشیاری = بەهەشت.**

**هەتا ئەمڕۆ ئێمە ناوێرین بژین. ئیحساسی زیندانیبوون زاڵترە لە ئیحساسی ئازادبوون. هەست بەگوناحکردن، گەورەترە لە پاکیزەیی. ترس لە نادیار گەورەترە لە دەرکپێکردنی ئەوەی هەیە....**

**ئەوانە هەموویان وایان کردوە کە خۆمان ڕاکێشینەوەوە ناوەوە، بەدەوری خۆماندا چەردەیەک، دیوارێک هەڵچنین، زیاتر ڕەفز بکەین وەک لە قبوڵ. کورد پەندێکی هەیە زۆر ناشیرینە، بەڵام لێرەدا پڕاوپڕە، کورد دەڵێت حیزیی و سەلامەتیی، ئەو پرنسیبەی ڕۆژانە هەزاران جار بەکاردەهێنرێت. خۆلادان، خۆدزینەوە، دورەپەرێزوەستاندن، حەقنەبوون بەسەرەوە، لەبیرکردن، بەسەرداڕۆشتن، لەکۆڵخۆخستنەوە، بەرپرسیارێتی لەخۆدورخستنەوە، خۆلێدەرکردن، هەمیشە گوناحی ئەوەی بەرامبەرە.**

**ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ پەروەردەی ناو خێزان، ڕاستر بڵێین بەخێوکردن و گەورەکردنی منداڵ، بەبێ پەروەردەکردن. دایک و باوک منداڵەکانیان لە ترسێک دەپارێزن کە نازانن چیە. دایک و باوک خۆیان ئەوەندە سەرکوتکراون، لە هەموو شتێک دەسڵەمێنەوە، ئەوەندە ترسێنراون، چونەتەوە قاوغەکەی خۆیان. ئەوەندە بێبەری کراون، مانەوە بە زیندوێتی هەمیشە لە پلەی مەترسیدایە و لەسەری سەرەوەیە. ژیان هیچی پێنەداون تا بزانن چیە. کۆمەڵگا ئەو فەزایەی دروستنەکردوە کە لە سروشت دایببڕێت و ژیانێکی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگای پێبدات، بە پێچەوانەوە، ڕەوانەی دواوەی کردۆتەوە وەک درێژکراوەیەکی سروشتی کە دەبێت وەک بونەوەرێکی زیندوو خۆی لە هەموو ترسێکی دەرەوە بپارێزێت. سنوری خۆی، سنوری خێزانەکەی، منداڵەکانی، نزیکترین کەسی وەک دایک و باوک، دەبێتە ئەو جیهانەی ژیانی تیابەسەر دەبات. ئەمە کتومت جیهانی سروشتی ئاژەڵە کە بە غەریزە بەردەوامی بە ژیانی دەدات. ئەوەیە چونەوە ناو قاوغی خۆ. واتە تێپەڕنەبوون لە ژیانی بایۆلۆژی هەرچەندە بشتوانێت قسەبکات. ئەم بونەوەرە تا سەر لێواری ئەقڵ هاتوە و سەرەتاتکێیەکی خێرای کردوە و لە یەکەم ڕوبوڕوبونەوەدا، لەیەکەم ترساندان، لە یەکەم سەرکوتکردندا، گەڕاوەتەوە قاوغە بایەلۆژیەکەی کە سەلامەتترینە ئەگەر حەقی هیچی نەبێت، واتە ئەگەر توخنی ئەقڵ نەکەوێت.**

***ترس لە ژیان، ترس لە ئەقڵ، ترس لە ئازادی، دەبنە کۆڵەکەی ئەو زیندانەی مرۆڤ خۆی تیا زیندان دەکات، ئەو زیندانەی پاسەوانی ناوێت و مرۆڤ خۆی دەبێتە زیندان و زیندانەوان.***

**ئەو مرۆڤانە کە دەبنە دایک و باوک، دەبێت چ فەلسەفەیەک بدەنە منداڵەکانیان لە پاراستن و پارێزگاریی زیاتر؟**

**کە پاراستن و پارێزگاریکردنی منداڵ ببێتە ڕێگری ئەوەی لە ماڵ دەرنەچێت "نەوەک توشی شتێک بێت". کە لە گەڕەک دەرنەچیت، کە لە کۆڵان دەرنەچیت، کە لە شار دەرنەچیت، لە هەموو سنورە فیزیایەکاندا تەنها ماڵ دەمێنێتەوە.**

کە کتێبێک فەنتازیای نەجوڵێنێت، کە چیرۆکێ مێشکی نەکاتەوە، کە چێژ لە یاریکردنێک وەرنەگرێت بە چیدا بزانێت ژیان خۆشە؟ ئەو حاڵەتی تەسککردنەوەی ژیانە بەردەوامە تا دەبێتە هەرزەکار و دەبێت بە گەنج و دەبێت بە مرۆڤێکی گەورە "وەکو قاوغ"، بەڵام وەکو دەرون هێشتا منداڵە و ئەزمونی هیچی نەکردوە، چێژی لە هیچ نەبینیوە، نە لەخۆی، نە لە هاورِێ، نە لە گەرِەک، نە لە شار نە لە کۆمەڵگا. ئاخۆ چۆن دڵی بە ژیان خۆش بێت کە وەک مرۆڤێکی گەورە نەزانێت چێژ چیە؟

تێگەشتنی هەڵەی ئاین، پشکێکی گەورەی گوناهەکەی بەردەکەوێت لە پێکهێنانی ئەو بارە دەرونیەی مرۆڤدا. لە بەخشینەوەی ترسدا لە نادیار و لە گوناهکردن و ترساندن لە خودا، لە لایەکی تریشەوە دابرِانی رِەگەزی نێرومێ لەیەکتری.

لە رِاستیدا حەرامەکانی ئاین نیوەی رِۆحمانی داگیرکردوە. هەر لە منداڵیەوە بە ئاگری دۆزەخ دەترسێنرێن، هەر لە منداڵیەوە بە ئاگایی و نائاگایی رِێورِەسمی تێگەشتنێکی هەڵەی ئاین، دەچەقێنرێتە مێشکمانەوە، ئەوەی چۆن چۆنی هەڵسوکەوت بکەین و چیمان بۆ هەیە و چیمان بۆ نیە. هەڵبەتە ئەوانەی کە بۆمان نیە گەلێک زیاترە لەوانەی بۆمان هەیە.

بچوککردنەوەی مرۆڤ بە شێوەیەک لەوەی لە کۆیلەیەکی رِورِەش زیاتر نیە و بۆی نیە لە هیچ شتێک تێبگات و هەموو زانستەکان لەلای خودان. هەم بەهانەیەکی داوەتە دەست مرۆڤ کە پێویست ناکات خۆی ماندوبکات، هەم هەموو دەسەڵاتێکی لە مرۆڤ سەندووەتەوە و لە هەموو بۆچوونێکی ئەقڵیی دایماڵیوە. وێنەی خودای بەشێوازێک پێدەناسێنرێت کە تۆقێنەرە و تۆڵەکەرەوەیە و سوتێنەرە و .... مرۆڤ هەر چۆنێک قاچ خواردانێت، سزایەک چاوەرِوانیەتی.

بەبێ ئەوەی هیچ ببینێت، لە جیهانێکی وەهمیدا، لە نادیارێکدا ژیانە زیندانیەکەی بۆ چنراوە. ئەگەر یەکێک بپرسێت بۆ؟ بۆ ئەگەر ژیانێکی ئاسایی بژیم دەبێت سزابدرێم؟ ئەوە ئیتر مەسەلەکە هەر لە رِێورِەسم دەرچوون نیە، بەڵکو دەچێتە خانەی کفرەوە و هەر لەم دنیایەدا دەبێت دادگایی بکرێت.

هەڵبەتە هێشتنەوەی ئەو هەلومەرجە لەسەر ئەوە بەندە کە کەس پرسیار نەکات، کە کەس بیرنەکاتەوە، کە ئایا لە رِاستیدا وایە؟ ئایا خوداوەند، ئەوەی خولقێنەری هەموو گەردوونە، ئەوەندە دڵی رِەقە و هەرچۆنێک مەخلوقەکانی هەڵەبکەن دەبێت سزابدرێن؟ ئەی ئەگەر خوداوەند مەبەستی نەبووە من ئەم ژیانەی ئێستام ئەزموون بکەم بۆ رِەوانەی خوارەوەی کردووم؟ خوداوەند منی بۆ چییە شەوورِۆژ ملکەچیبم و بیپەرستم و لەم ژیانەش هیچ تێنەگەم؟ من چۆن دەزنم رِاستم کە هیچ کاتێک هەڵەم نەکردبێت؟ باش و خراپی خۆم چۆن هەڵسەنگێنم و رِێگەی رِاست بدۆزمەوە کە خۆم پیانەرِۆشتبم؟ خوا چ پێویستیەکی بە کۆیلە هەیە لێی بترسێت؟

خوا دەبێت بناسرێت، ئەزموون بکرێت، نەک کوێرانە مل شۆڕکرێتەوە و نەوێردرێت سەیری ئاسمان بکرێت. تەنها یەک پرنسیب لە گەردووندا هەیە، ئەویش خۆشەویستیە. لە خۆشەویستیدا تێگەشتن هەیە، حەق هەیە و ڕەوایەتی هەیە. ئەگەر دەتەوێت خودا بناسیت، تەنها لە خۆشەویستیدا بژی.

دابڕانی نێر و مێ لە یەکتری، یەکێکە لە گەورەترین هەڵەی بۆچونی ئاینیی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو. مرۆڤ دەبێت بە ئازادی لەدایکبێت، بە ئازادی بژی، بە ئازادی بڕیاری ژیانی خۆی بدات و بە ئازادی هاوسەری خۆی پەیداکات. ئەگەر مرۆڤەکان ئازاد بن، ئەگەر هەرکەس خاوەنی خۆی بێت، ئەوسا مەسەلەی سێکس لە مەسەلەیەکی تاکەکەسی و تایبەتی هەر یەکێک دەرناچێت. ئەگەر بابەتەکان لە ئازادیدا نەشونمابکەن، دەچنەوە دووتوێی قاڵبەکانی خۆیان، شەرەفی ژن نابەسترێتەوە بە مەسەلەی سێکسەکەوە، هەروەها پیاو. کە مرۆڤ بوو بە خاوەنی کەسایەتی، خۆی سنوری هەڵسوکەوتەکانی دەستنیشاندەکات، نەک وەک فەرمانی کۆمەڵگا و خونەریتی باو کە دەبێت جێبەجێبکرێت.

مرۆڤ ئەوەندە ئەقڵی هەیە کە ئاژەڵ نیە و ئەگەر بەری بۆ بەرەڵابکرێت ئیتر نەگیردرێتەوە. وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد تەنها ترسەکەیە لە ئازادی، دەنا بە پێچەوانەوە مرۆڤ لە ئازادیدا هەڵسوکەوتەکانی ڕێکوپێکتر دەبێت وەک لەوەی دابونەریت و دەسەڵاتێک خوڕەوشتی بەسەردا بسەپێنێت.

لە ئەوروپا کوڕ و کچ وەک یەک ئازادە و باوک و دایکیشیان هەر ئازاد بوون، کەس ڕێگە لە کچەکەی ناگرێت ئەگەر دەستگیرانێکی هەبێت. ئەو پەروەردەیەی لە منداڵیەوە پێداڕۆشتوە، ئەوەندە بیروهۆشی بۆ پەیداکردووە کە چۆن دەژی و چۆن هەڵدەبژێرێت.

ئەگەر ئێمە قبوڵمانبێت خوداوەند بە نێر و مێ ئێمەی خولقاندبێت، ئەی بۆ ڕێگە بە یەکترگەشتنیان دەگرێت؟ مەگەر کوڕ و کچی ئێمە سەر بە خودایەکی ترن کە ناهێڵێت هیچ شتێک لە یەکتری بزانن و بناسن تا شوکردن و ژنهێنان؟

چەپاندنی سێکس، چەپاندنی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگا ئازاد نابێت نێوەی کۆمەڵ نێوەکەی تر نەناسێت. نێر و مێ ئەوەندە لە یەک دابڕاون هەر یەکەیان جیهانێکی تایبەتیان بۆخۆیان دروستکردووە. جیهانی ژنان و جیهانی پیاوان کە هەرگیز لە تێگەشتنێکدا بەریەک ناکەونەوە. تەنانەت کە پێکەوە خێزانێش پێکدەهێنن، ئەوا هەر وەک دوو غەریبە بەرامبەر یەکتر دەمێننەوە.

ئەوانە هەمووی کۆکەیتەوە دەکاتە ئەوەی ئێمە هەمیشە پارویەکی چەورین بۆ دیکتاتۆریەت، ئیتر ئەحمەد و مەحمود هیچ دەورێک نابینێت، ئێمە خۆمان قامچێکە دەدەینە دەستی. ئێمە خۆمان قاچ بەزدەکەینەوە بۆ فەلاقە.

پێش ئەوەی بگیرێن، ئێمە خۆمان لە زیندانەکەدا دانیشتوین.

## حەتمیەتی گۆڕان

## 30.05.2011

لە ئیستاوە تا ساڵێکی تر ئەم دەسەڵاتە گۆڕاوە، هەر بۆیە خۆئامادەکردن هەر لە ئێستاوە پێویستیەکی ڕۆژانەیە بۆ دامەزراندنەوەی کۆمەڵگایەکی سەقامگیر، کە ئەم جارە بە حەقیقی و بە پێویستی دەبێتە نمونە و هۆکاری گۆڕان لە بەشەکەی تری ئێراقدا، چونکە گۆڕانی دەسەڵات لە کوردستاندا، تەنها گەڕانەوەی ئەو مافانە نیە کە لە لایەنی دەسەڵاتی کوردیەوە دەستی بەسەرداگیراوە، بەڵکو گەڕانەوەی بەشە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستانیشە بۆ سەر نیشتیمان.
لە ئێستاوە تا ساڵێکی تر نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆتە ئەو نەخشەیەی کە دوبارە ڕۆژئاوا دەبێت سیاسەتی خۆی، لەسەر بنەمایەکی نوێ لەگەڵیدا دارێژێتەوە. لەسەر بنەمای بەرابەری و ڕێزی هاوسەنگی و ئیعتیبارهێنانەوە بۆ میللەتە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەو نێوانەشدا میللەتی کورد.
هەموو گۆڕانەکانی ئەم سەردەمە دەڕژێنە یەک ڕاڕەوەوە، ئەویش ڕاڕەوی سەردارێتی مرۆڤە لەیەک مێژوودا. بە واتایەکی تر لەناوچوونی لادانە فەرعیەکانی مێژوو کە لە خزمەتی دەستەیەکی بچوکی دەسەڵاتدار دەرنەدەچوو. بۆ یەکەم جار مێژوویەک دادەمەزرێت کە کۆی مرۆڤایەتی تیایدا بەشداربێت. کرانەوەی مرۆڤ بەڕوی یەکتریدا و ڕوهەڵماڵین و داڕمانی ئەو جیاوازیە دەستکردانەی بۆ مرۆڤی میللەتە جیاوازەکان پێکهێنراوە.
ئەم سەردەمە، سەردەمی ناسینەوەی مرۆڤە، سەردەمی سڕینەوەی جیاوازی کەلتوریی و ناوچەیی و ڕەگەزپەرستیە. تەنانەت جیاوازی زمانیش نابێتە ڕێگر لە دەرکپێکردنی یەکتریدا کە مرۆڤایەتی یەک چارەنوسی هەیە لەسەر گۆی ئەم زەویە.
ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕودەدات، گۆڕانە بچوکەکەیە، بزوێنەری یاخود بنەما و سەرەتای ئەو گۆڕانەیە کە لە جیهاندا بەڕێوەیە و هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. گۆڕانە گەورەکە لە ڕۆژئاوادا دەبێت ڕوبدات، ئەویش گۆڕانی ئەو ئەقڵیەتەیە کە هەتا ئێستا هەڵسوکەوتیان پێکردوە لەگەڵ جیهانی دەرەوەی تەوەردا.
ئەمە ئەو ساتە مێژووییەیە کە دەیسەپێنێت بەسەرماندا، بەسەر هەموو ئەوانەی کەوتوینەتە دەرەوەی جیهانی تەوەرەوە، کە بە پێوە ڕاوەستین و بیسەلمێنین کە خاوەنی ئیرادەین و ئامادەی بەشداربوونی چالاکی مێژووین. ئەوەی تر لەسەر کاردانەوەی جیهانی تەوەر

دەوەستێت کە تا چەند دەتوانن بەرگری لەم شەپۆلە بکەن و تا چەند ئامادەن لەو پێگەیەی بۆ خۆیان دامەزراندوە، بێنەخوارەوە.

تێکەڵاوبونەوەی مێژووەکان داسەپاوێکی حەتمیە، هەنگاوێکە بۆ بەرزبونەوەی کۆی وشیاری مرۆڤایەتی بۆ ئاستێک کە بتوانێت بیر لە خۆی بکاتەوە کە بۆ لەدایکدەبێت؟ بۆ دەژی؟ بۆ دەمرێت؟ مەبەست لەم ژیانە چیە؟ هەموو ئەو پرسیارانەی هەزارەها ساڵە کراوە، بەشێوەیەک دێتەوە مەیدان کە هەموو کەس بەشداربێت لە وەڵامدانەوەیدا، نەک تەنها بەدەست کۆمەڵێک فەیلەسوفەوە گیربخوات.

ئەم گۆڕانە خێرایانەی جیهان، کۆمەڵێکی زۆر لە داواکاری لەسەر ئێمە جێدەهێڵێت کە دەبێت فریابکەوین. گۆڕانێکی خێرا لەسەر ئاستی وشیاریی گشتی وەک هەنگاوی یەکەم پێویستە بۆ پێڕاگەشتنەوەی ئەوەی لە کیسمان چووە. جگە لەوەی ئێمە کۆمەڵێک کێشەی هەڵواسراومان هەیە کە ئیشی تیانەکراوە، یاخود بە ئاستەم وروژێنراوە، وەک مەسەلەی نەتەوایەتی، نیشتیمان، زمان و کەلتور، نوسینەوەی مێژوو. ئەو بابەتانەی کە دەشبێت بەچڕی پێداگیری لەسەر بکرێت، مەسەلەکانی مافی مرۆڤە، دامەزراندنی دەستور و داڕشتنەوەی یاسا کۆمەڵایەتیەکانە، سەرلەبەری پەروەردەیە، دامەزراندنی جیهانبینیەکی نوێیە کە لەگەڵ ئەم ڕەوتی گۆڕانە جیهانیەدا بگونجێت.

خۆئامادەکردن ئەرکی یەکودوان نیە، ئەرکی هەموومانە، ئەرکی ڕوناکبیریی لێرەدا دەردەکەویت، لە هەمان کاتدا ئەو بەرپرسیاریە مێژوویەیە کە دووجار ڕوناداتەوە، ئەو بوارەیە کە دەشێت هەموو هێزو تواناکانی تیا تاوبدرێت و تیا ئەزموون بکرێت.

پەرتەوازەیی و هەڵەشەیی ئێمە لەم کاتەدا لە قازانجی مانەوەی زیاتری ئەم دەسەڵاتەی ئێستادایە. کۆمەڵگای کوردی لەم دۆخەی ئێستایدا، شڵەژاوە. پێویستی بە ئارامبونەوەیەک هەیە بۆ ڕایەڵکردنەوەی تواناکان بە ئۆپۆزیسیۆنیشەوە.

هەتا ئێستا ئۆپۆزیسیۆن بەرچاوی ڕون نیە و نازانێت لە چ دەرگایەک بدات، بە کورتیەکەی هێشتا خۆی ساغنەکردۆتەوە و ئامادەی ئەو گۆڕانە گەورەیە نیە، یاخود هێشتا دودڵە لەوەی کە ئایا بەو زۆرانبازیە دەوێرێت یاخود نەء. ئۆپۆزیسیۆن هێشتا توانای خۆی ناناسێت و نەیتوانیوە توانای میللەت هەڵسەنگێنێت. هێشتا بە قەبارەی ئەو گۆڕانەی بەڕێوەیە، ئاشنا نیە و نەبۆتە خاوەنی ئەو جیهانبینیەی بتوانێت لە چوارچێوەی حیزب بێتە دەرەوە و لەوێوە گۆڕانکاریەن خۆماڵی بکات، بەڵکو هەتا ئێستا بەپێچەوانەوە هەڵسوکەوتی کردوە، ئەویش ئەوەیە پشتبەستن بەو بیرکردنەوە خۆماڵیە بۆ گۆڕان و چارەسەری کێشەکان لە چوارچێوەی پینەکردن و چەکوشکاری ئەو دەسەڵاتەی ئەمڕۆ لە مەیدانەکەدا هەیە.

## بەجیهانیبوون و نەتەوایەتی

## 18.05.2011

هێشتنەوە و دەستپێوەگرتنی قاوغی نەتەوایەتی لەلایەن ڕۆژئاواوە هەتا ئەمڕۆ، دەلالەتی ئەو جیاخوازییە کە ڕۆژئاوا بۆ خۆی قبوڵی دەکات. بە واتایەکی تر هێشتا میللەتانێک هەن کە لە خوار/ لەژێر ئەو ستاندارتەوەن کە مرۆڤی ئەوروپی بۆ خۆی قبوڵیەتی. نەتەوایەتی لە قۆناغێکی مێژوویی زیاتر نەبوو لە پەرەپێدانی کەسایەتیی و تەواوکردنی ئەو کەسایەتیەدا. ئەمڕۆ لە جیهانی ڕۆژئاوادا لە نێوانی میللەتانی جیاوازی هەمان سیستەمی دیموکراتیدا، نەتەوایەتی بە کردەوە سڕاوەتەوە و تەنها دیوە ڕەسمیەکەی ماوەتەوە. هەروەک چۆن تەنها بە ڕەسمی سنورەکان لە نێوانی دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا بوونی هەیە، هەر بەوشێوەیەش سەر بە نەتەوەیەکی ئەوروپی تەنها وردە جیاوازیە، کە نە ڕێگرە لە تێکەڵاوبوون، نە لەیەکترتێگەشتن. کاتێک دیالۆگ لە سۆزەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەقڵ، جیاوازییە زمانەوانییەکان و کەلتورییەکانیش بە شێوەیەک تێکەڵاوبوون و مرۆڤێکی پێکهێناوە ناوی مرۆڤی ئەوروپییە. واتە نەتەوایەتی لەسەر ئاستی ئەوروپادا کاری پێناکرێت. لە هەمانکاتدا دەستبەردارنەبوونی قاوغی نەتەوایەتی، بۆتە ڕێگرێک لە یەکترناسینەوەی مرۆڤانەیاندا. ئەمڕۆ ئەگەر زۆر لە خۆیان بکەن، تا ڕادەی ئەوەندە دەڕۆن کە ئەوروپین، واتە دەتوانن بەرامبەر یەکتری وەک ئەوروپییەک هەڵسوکەوت بکەن بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ نەتەوەکانیان بکەن. لەوە زیاتر ناتوانن سنوری ئەوروپا ببڕن و خۆیان وەک مرۆڤێکی جیهانی بناسێنن. لەبەرئەوەی هێشتا لە جیهاندا میللەتانێک هەن کە لە خوار ئەوانەوەن و گەلێکیش هەیە لەسەرویانەوە، ئەویش گەلی ئەمریکیە. ئەوەی لەو نێوانەدا دەیەوێت خۆی بپارێزێت و سەر بە هیچ لایەکیانیش نەبێت، ئەوروپایە. یەکێتی ئەوروپا چەند قازانجی بە میللەتە جیاوازەکانی گەیاندووە، ئەوەندەش زیانی پێگەیاندوە، نە وەک ئەمریکا دەتوانێت تێکەڵەیەک لە میللەتان پێکبهێنێت، نە دەشتوانێت هەتا هەتایە دەست بە قاوغی نەتەوەوە بگرێت. پێناسەی ئەوروپی، پێناسەیەکی میانڕەوە کە تاسەر ناچێتەسەر. لە ڕاستیشدا ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگیە گەلێک قورس و گرانە. لەلایەک هەر میللەتە لە هەوڵی پارێزگاریکردنی کەلتور و زمانی خۆماڵیدایە و لە لایەکی تریشەوە دەبێت ئەوروپیانە بیربکاتەوە. ئەوەش هەمووی لەلایەک، دەبێت لەنێوانی بە ئەمریکاییبوون و بەجیهانیبوونیشدا بمێنێتەوە. ئەوەی لەو نێوانەدا بەکاردەهێنرێت، نەتەوایەتیە. دروستبوونی یەکێتی ئەوروپا بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو دوو جیهانەیە، ئەمریکا و هەموو وڵاتانی دەرەوەی ئەوروپا و مسۆگەرکردنی مانەوەی خۆیەتی لەو نێوانەدا. هەرئەوەشە کە

بۆتە ڕێگری تێکەڵاوبونەوەیەک کە نەتەوایەتی ببێتە لایەنی کەمترین. بۆیە لەهەمان کاتدا کە یەکێتی ئەوروپا هەیە، هەر میللەتەش بەجیا دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەنی کەلتور و زمانی ڕەسمی خۆیەتی. واتە هێشتا نەتوانراوە لەو قاوغە نەتەوایەتیە بێنە دەروە کە سەدەها ساڵە ڕاهاتون لەسەری. بەوەش دروستبوونی ئەمریکا پێداویستیەکی مێژوویی بوو کە میللەتە جیاوازەکان دەستبەرداری نەتەوە ڕەسەنەکانیان ببن و لە دوو توێی گەلێکدا بتوێنەوە. هەرچەندە ئەمڕۆ بەئەمریکیبوونیش دیسانەوە بۆتەوە بەو قاوغەی کە سنوری گەلێک جیادەکاتەوە لە باقی جیهان. ئەو سامانە زۆرەی ئەمریکا ژێرچنگی خستووە بۆتە هۆی ئەوەی خۆی لە باقی جیهان پێجیابکاتەوە و هەوڵدەدات هەتا بتوانێت خۆی لە دابەشکردنی ئەو سامانە بپارێزێت. دیسانەوە ڕێگرێکی تر لەبەردەم بەجیهانیبوونی مرۆڤدا، ئەوەیە کە میللەتێک یاخود گەلێک سامانێکی زۆری پێکەوەناوە و نایەوێت کەس بەشداری بکات. واتە ئەو بەجیهانیبوونەی ئەمڕۆ باسی لێوەدەکرێت، لە خڵەتاندنێکی تری دەسەڵاتبەدەستانی جیهانیی زیاتر نیە بۆ خۆدەوڵەمەندکردنێکی زیاتر. بەجیهانیبوونی ئەمڕۆ ڕێکردنەوەیە، یاخود ڕاستتر نەهێشتنی بەربەستە لەبەردەم سەرمایەدا بۆ قازانجی زیاتر کە لە کۆتایدا دەڕژێتە بەرژەوەندی سەروەرێتی میللەتێک یاخود گەلێکی دیاریکراوەوە کە دەیەوێت سەردەستێتی خۆی بەرامبەر ئەوانی تر بهێڵێتەوە.

بەجیهانیبوون، گەورەترین ڕێگرە لەبەردەم بەجیهانیبوونی مرۆڤدا. هەتا ئێستا مرۆڤ ناتوانێت بەبێ سنور بڵێت من سەر بەجیهانم، بە واتایەکی تر بەبێ جیاوازی شوێنی لەدایکبوون، هاواربکات و بڵێت من مرۆڤم لەسەر گۆی ئەم زەویە لەدایکبووم و ئەم جیهانە نیشتیمانی منە.

ئێمە وەک میللەتی کورد لە کوێی جیهاندا وەستاوین؟ ئێمە نە دەتوانێن خۆمان بە میللەتانی جیهانی سەردەست، واتە ناوەند بەراورد بکەین، نە تەنانەت دەتوانین خۆمان بە میللەتانی چواردەور بەراورد بکەین. ئێمە هەتا ئێستا چوارچێوەیەکی نەتەوایەتیمان نیە خۆمانی پێبناسینەوە، هەتا ئێستا چواردەورەکانمان دان بە بوونماندا نانێن کە لە تەنیشتیانەوە هەین. ئێمە دەسەڵاتبەدەستانی خۆشمان نەفیمان دەکەن و دەیانەوێت نەبین.

تۆ بڵێیت ئێمە لەسەر ئەم گۆی زەویە بەزیادە لەدایکنەبووبین؟ ئێمە تا لە سیاسەتی خۆماڵی دەردەچین، تا لە سیاسەتی ناوچەیی دەردەچین، تا دەگەینە ناوەند، ئیتر کەس نامێنێت بمانخوێنێتەوە.

زەمەنی بەزەیی بەسەرچووە، ئەوەی دەتوانێت جێگەوڕێگەیەک بۆخۆی بکاتەوە، هەموو ئەوانی تر بەڕێزەوە سەیری دەکەن، ئەوەی ناتوانێت، چەرخی سەردەم دەیکات بەژێرەوە وەک ئەوەی کە هەر نەبووبێت. لەونێوانەدا شتێک نەماوە کەس بەزەیی پیابێتەوە.

کێشەکان لە یەک دوو میللەت گەورەترن، ئەو هاوارانەی ئەمڕۆ لە جیهانی عەرەبیەوە دەگاتە جیهانی دەرەوە، هاواری بەشداربوونە، هاواری خۆجێکردنەوەیە، پێش ئەوەی بەتەواوەتی بشێلدرێن. داوای بەزەیی ناکەن، لەداوای مافی خۆیان زیاتر هیچ داوایەکی تریان نیە، دەیانەوێت بخوێنرێنەوە و پێگەیەکیان هەبێت، ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار وەک میللەتێک، دوابەدواش وەک بەشێکی مرۆڤایەتی و لەوێوە وەک مرۆڤی سەر ئەم زەمینە.
هێشتنەوەی نەتەوایەتی هەتا ئەمڕۆ لە جیهانی ڕۆژئاوادا، چۆتە چوارچێوەی سیاسەتەوە و بەئاگایی بەکاردەبرێت، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بەو ئاستە ماددیە بەرزەوە کە ڕۆژئاوا بۆخۆی پێکیهێناوە، بەدرێژایی مێژوویەکی چەندین ساڵە و وەک دەرئەنجامی سیاسەتی کۆلۆنیالیستیانەی کۆن و نوێ، واتە داگیرکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی وڵاتانی دەرەوەی ڕۆژئاوا. ڕۆژئاوا تەنها ئەمریکا و ئەوروپا نیە، بەڵکو یابان و ئوستورالیاشە. لێرەدا دەردەکەوێت ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات چەند دوورییەکی جوگرافیایی نیە، بەڵکو شێواز و ئاستی ژیان و بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیا و زانستە. مەترسی بەکاربردنی بەئاگای بیری نەتەوایەتی لەلایەن جیهانی یەکەمەوە "ڕۆژئاوا"، لە ڕێگرتن یاخود بەربەستگرتن و خاوکردنەوەی گەشەی ڕەوتی مێژوویی مرۆڤایەتیدا خۆی دەبینێتەوە، بەو مانایەی هەتا دەستبگیردرێت بە قاوغی نەتەوایەتیەوە جەخت کردنەوەیە لە بوونی دوو جیهانیی. جیهانێک کە گەشۆتە ئاستێکی بەرزی زانست و تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی ئەقڵ و خۆشگوزەرانیەکی ئازادانە و بەربڵاو. جیهانێکیش کە لە هەموو ئەو ئیمتیازانە بێبەشە و بەدەست نەبونیی و نەداریی و ژێردەستەیی و نەبونی ئازادییەوە دەناڵێنێت. ڕێگرتن لە تێکەڵاوبوونەوەی ئەو دوو جیهانە، ڕێگرتنە لە گەشەی مرۆڤایەتی لە ڕەوتی مێژوویەکدا کە هەموو بنەماکان ئامادەن بۆ ئەو بەیەکبوونەوەیە لەسەر گۆی ئەم زەویە، بە شێوەیەکی گشتی، وەک تەکنەلۆژیا و کامڵبوونی ئەقڵی مرۆڤ.
کە دەڵێین نەتەوایەتی بوە بە سیاسەت. مەبەست لەوەیە لە ناواخنە کەلتوری و مرۆڤایەتیەکەی داماڵراوە و تەنها قاوغەکەی ماوەتەوە و وەک سیاسەتێک بەکاردەهێنرێت. بەکارهێنانی ئەم سیاسەتە دووفاقییە، واتە پارادۆکسالە، لەلایەک لە خزمەتی مانەوەی ئاستی ژیانی ڕۆژئاوادایە و لە لایەکی ترەوە زیان بە گەشەی خودی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا دەگەیەنێت کە ناتوانێت لەو دیوارەی بە چواردەوری خۆیدا هەڵیچنیوە، بێتە دەرەوە. دەستپێوەگرتنی نەتەوایەتی لەبەر ئیمتیازە مادییەکانی، بەردێکی گەورەیە لەسەر ڕێگەی کرانەوەی مرۆڤەکان و هاتنە دەرەوەیان لە قاڵبی نەتەوە و میللەتێکی تایبەتی و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بۆ ناو جیهانێک کە مرۆڤ تیایدا سەردار و ئازاد بێت. ئەمە دەبێتە کرمی داڕزانی ئەو کۆمەڵگایانە کە بەئاگاییەوە دەیانەوێت لەو ئاستەدا بوەستن و دواڕۆژی کۆمەڵگاکانیان بەرەو بۆگەنبوونێکی کەلتوری دەبەن. هەڵبەتە دەستپێوەگرتنی ئەو قاوغەش

**تا زەمەنێک و تا ڕادەیەک دەتوانرێت ڕابگیردرێت، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ خۆمانی تیا دەبینینەوە، ئەو بارودۆخەیە. وەک دەرئەنجامی ئەو مێژووەش جیهانی دووەم هەر بە قوربانیکراویی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی بە ئیرادە و وشیارییەوە دەڵێن بەسە!**

**کاتێک مرۆڤەکان یەکتری دەکوژن**

**31.05.2011**

**کەلتوری کوشتن**

**هەزاران ساڵە مرۆڤەکان یەکتری دەکوژن، هەزاران ساڵە لەگەڵ هەموو کوشتنێکدا، هەنگاوێک لەیەکتری دوردەکەونەوە، بەرە لەیەکتری دەگرن. هەزاران ساڵە مرۆڤ لە خودی خۆی دوردەکەوێتەوە و خۆی لێبۆتە غەریبە، دەموچاوی خۆی پێناناسرێتەوە. تا کار گەشتۆتە ئەوەی بە خەمساردیەوە دەستی بچێتە براکەی خۆی، دراوسێکەی خۆی، هاوشاریەکەی خۆی بکوژێت و ئێوارەش بگەڕێتەوە لای خێزانەکەی و بێخەم بخەوێت.**

**مرۆڤایەتی خەرمانێک فەرهەنگی دوژمنکاریی لەسەر دەرونی خۆی کەڵەکە کردوە، پەروەردەیەکی درێژخایەتی پێویستە بۆ خۆپاککردنەوە و دەرون سافکردن.**

**کوشتن بوە بە کەلتور، دەبێت لە کەلتوری کوشتن ڕزگارمان بێت و لە یادگەشماندا بسڕدرێتەوە بۆ ئەوەی ببینەوە بە مرۆڤ. دەبێت ڕۆژێک بێت ئەگەر کوشتنێک ڕوبدات، هەموو جیهان بێتە دەنگ و بە زەنگی مەترسیدار لەقەڵەم بدرێت.**

**کەلتوری کوشتن و لێدان و سزادان و ئەشکەنجە و ڕەزیلکردن و زیندانیکردن، دەبێت تەنها لە مۆزەخانەدا ببینرێت. کەس مافی ئەوەی نیە چارەنوسی ژیانی مرۆڤێکی تر بخاتە ژێر دەستی خۆی.**

**هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە هەلی ژیانی هەبێت، کەس بۆی نیە ئەو هەلە (هەلی ژیانی مرۆڤێکی تر) بۆ بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە. ئەمە گەورەترین کێشەی ئێمەیە لە ڕاستیدا، ئەو خاڵەیە کە دەبێت ئیشی زۆری تیابکرێت، چونکە پەیوەندی بە بونیاتی ئەو بیرکردنەوە هەیە کە لەسەری گەورەبووین و ئەو ڕوانگەیەیە کە "ئەوی تری" پێدەخوێنینەوە.**

***ئێمە ئەوەمان تیا دروست نەبووە، تیا پەروەردەنەکراوە، کە ئەوی تر وەک ئێمە مافی ژیانی هەیە. هەر لە منداڵیەوە فێری ئەوە دەکرێین کە ئێمە لە دراوسێکەمان باشترین، کە تەنها "من" گرنگم، ئەوی تر، هەموو ئەوانی تر ئەگەر نێچیر نەبن، دوژمنن.***

**ئەم تێڕوانینە ڕێک پێچەوانەی ئەو پەروەردەیەیە کە لە ڕۆژئاوادا پەیڕەو دەکرێت. هەر لە منداڵیەوە ئەو بنچینەیە دادەمەزرێنرێت کە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و بەبێ یەکتری کەسمان هەڵناکەین، هەر بۆیە دەبێت ئەو مافەی بە خۆمانی دەدەین، بە وانی تریشی بدەین. هەر لە منداڵیەوە فێری ئەو دەکرێن کە دەبێت ڕێز لە بەرامبەر بگیردرێت و پێکەوە ژیانێکی کۆمەڵایەتی فێردەکرێن کە بتوانن لەگەڵ یەکتریدا هەڵبکەن، یاخود هەڵسوکەوتبکەن.**

ئەم پەروەردە کردنە لە ماڵەوە، لەلای دایکوباوکەوە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت لە دایەنگە و باخچەی ساوایان و قوتابخانە، تا دەگەنە ئەوەی دیسانەوە لەسەرکار تێکەڵی یەکتری دەبنەوە، بەبێ ئەوەی کەس کێشەی ئەوەی هەبێت کە نەتوانێت لەناو تیمێکدا، لەگەڵ ئەوانی تردا کار بکات.

زیرەکی و گرنگی ئەم سیستەمە لەوەدایە کە لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنی تاکەکاندا، تاکایەتی و کەسێتی هەر یەکێک دروستدەبێت و دەپارێزرێت و گەشەی پێدەدرێت.

پێچەوانەی ئەو حاڵەتە، پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنی تاک، ئەوەی لە لای ئێمە هەیە، تاک بەکۆمەڵایەتی ناکرێت، فێری ئەوەناکرێت ئەوی تر هەمان مافی ژیانی هەیە، بە بارە سروشتیەکەی خۆی، بەکاڵی گەورەدەکرێت و فڕێدەدرێتە کۆمەڵ/ تۆپەڵگاوە.

مەبەست لە تۆپەڵگا بەسوک سەیرکردنی کۆمەڵگا نیە، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی ئەو زاراوەیەیە کە نزیکترین بێت لەو حاڵەتەی کە کۆمەڵگای ئێمە خۆی تیا دەبینێتەوە. ئێمە تاکایەتیمان بۆ دروستنەبوە و بە تۆپەڵ دەژین، واتە هەرکەس بۆ خۆی، بۆ خێزانەکەی خۆی، بۆ منداڵەکانی خۆی دەژی و تیایدا دەژی و ناتوانێت لەو سنورە دەرچێت. ناسنامەکەی بەوانەوە بەستراوەتەوە و بە تەنها ناتوانێت تەعبیر لەخۆی بکات، هەربۆیە ئەو بە تۆپەڵ ژیانە دەبێتە سنوری هەڵسوکەوت و بەرژەوەندیەکانی.

*هەر ئەو ڕاستە، هەر ئەوان ڕاستن، هەر ئەوان لەسەر حەقن، هەموو ئەوانی تر هەڵەن، ناحەقن، درۆدەکەن، پیاوخراپن،... کێشەکان لێرەوە دەستپێدەکات کە ئەوی تر هەمیشە گومانی لەسەرە و دەشێت بە هەموو شتێک ببێت، بە دۆست، بە دوژمن، بە نێچیر، بە هاوڕێ.. ساغنەبونەوەی ئەوی بەرامبەر کێشەیەکی گەورەیە و دەلالەت لە ساغنەبونەوەی "من" دەکات بەرامبەر خۆم.*

هەربۆیە هەموو ئەوانی تر دەشێت کەمبایەخ بن، دەکرێت بەکاربهێنرێن، دەکرێت هەڵبخڵەتێنرێن. جا کاتێک ئەم تێڕوانینە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت، ئەوا دەشکرێت ڕەزیلبکرێن، قامچیوەشێن بکرێن، زیندانبکرێن و ئەشکەنجەش بدرێن، تا دەگاتە ئەوەی حەقی ژیانیشیان لێبسەندرێتەوە و بکوژرێن.

لە هەمووی تراژیدیاتر ئەوەیە کە لەو ژێرپێخستنەی بەرامبەردا، بچوکترین هەستپێکردن بە قوربانیەکە ڕونادات و بگرە چێژیشی لێوەردەگیردرێت، چونکە ئەوەی بەردەست هیچ نیە لە وەسیلەیەکی یاری زیاتر و هیچ بەهایەکی نیە. بە پێچەوانەوە کوشتنی بەرمبەر دەبێتە هۆی هەست بە ژیانکردنی ئەم، هەڵبەتە هەستپێکردنێکی بۆش، چونکە حەقیقەتی نیە و هەر زوو بۆشایە گەورەکەی ناخی داوای وجود دەکاتەوە و بەدوای خۆیدا وێڵ دەبێتەوە تا نێچیرێکی تری بەردەست دەکەوێت خۆی تیا بەتاڵبکاتەوە..

ئەگەر ئێستا بگەڕێینەوە بۆ کەلتوری کوشتن و هەرکەس لە جێگەی خۆیەوە بەخۆیدا بچێتەوە و بپرسێت: ئایا ئەوەی بەرامبەر بە ڕاستی دوژمنە؟ هەر ئەوەندەی پرسیارەکە کرا، تەمێک لەو نێوانەدا دەڕەوێتەوە. ئەگەر زیاتر قوڵبێتەوە، وردە وردە دیوارەکان دادەڕمێن و ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئێمە نە خۆمان دەناسین نە ئەوان، ئێمە گوێ لەیەکتری ناگرین تا بزانین هۆی جیاوازیەکانمان چیە.

ئەوەی لە ناو کۆمەڵگایەکدا ڕودەدات، بە هەزارەها جار لە نێوانی میللەتە جیاجیاکاندا، لە مێژودا ڕویداوە، ئەوەی زۆر ئاسانترە میللەتێکی تر بکرێتە ئامانج و بە دوژمن بکرێت. هەموو دوژمنکاریەکان بەهەمان پرنسیب کاردەکەن و دروستبوون. پرنسیبی دروستنەبوونی ئەو توخمە لە بیرکردنەوەدا، کە ئەوی تریش هەمان حەقی ژیانی هەیە کە ئێمە هەمانە.

ئەو پرنسیبەی کە من مافی ئەوەم هەیە هەلی ژیانی یەکێکی تر بۆخۆم بەکاربهێنم. ئەو ناتەواویەیە کە هەر یەکە لە ئێمەدا لە ناخیدا بە بۆشی ماوەتەوە بەرامبەر ئەوی تر. ئەو فێرنەبونەیە کە ڕێزی ئەوی بەرامبەر بگرین.

هەموو هەنگاوێک بەرەو ناوەوە، هەنگاوێک لە دەرەوە لە یەکتریمان نزیکدەکاتەوە. هەموو خۆناسینێک، ئەویتر ناسینێکی بەدوادادێت. هەموو فرسەتدانێک بەوی بەرامبەر، فرسەتدانە بە خودی خۆمان. هەموو گوێگرتنێک، دەروازەی گفتوگۆیەک والأدەکات.

جەوهەرێک هەیە بەیەکتریمانەوە دەبەستێتەوە، کە هەموو جیاوازیەکانمان، هەموو دوژمنکاریەکانمان بەرامبەر یەکتری، ناگاتە دامێنی.

من لەو بڕوایەدام کە هەموو کەسێک دەتوانێت بگاتە ئەو ڕوئیایەی کە کاتێک دەبینێت دوو کەس بەشەڕدێن، سەرسام بێت و بڵێت: ئەرێ ئەوانە بۆ لەخۆیان دەدەن؟ لەیەکتردان بەمانای وشە لە خۆ دانە، ئیتر بەڵگە بۆهێنانەوەکەی هەرچیەک بێت.

## گرەوی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لەسەر میللەت

## 01.06.2011

پێشبڕکێ لەسەر ئەوەیە کە کێ گرەوەکە دەباتەوە، گرەوەکە لەسەر میللەتە.
میللەت، ئەو باوەشەی هەموومانی تیاگەورەبووین. باوەشی ئەو هەمووە منداڵەی ئەمڕۆ کە دوارۆژیان بەستراوەتەوە بەم نیشتیمانەوە. کێ دڵی میللەت بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت؟ کێ خۆی بە خاوەنی میللەت دەزانێت و سەر بە میللەتە و لە پێناویدا دەجەنگێت؟ میللەت بڕوای خۆی بە چ لایەنێک دەدات؟ کێ دەتوانێت قەناعەت بە میللەت بکات کە ئەو ڕاسترینە و بەرژەوەندییەکانی دەپارێزێت؟
کارنامەی دەسەڵات بۆ هەمووان ئاشکرایە و مێژوویەکی لە دەسەڵاتداریتی بڕیوە و ئەو فرتوفێڵەی کردویەتی، نە دەشاردرێتەوە نە دەسڕدرێتەوە. ئەوەی کە زیاتر ڕوی لە حەقیقەتی ئەم دەسەڵاتە هەڵماڵی، خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە بوو، بۆ ئەو زۆرینەیەی کە تا ساتەوەختی سەرکوتکردنی دەنگی ئازادی میللەت، هێشتا تروسکاییەکیان لە دەسەڵاتدا دەبینی بەوەی بەرەو باشتر بڕوات. هەڵبەتە دەسەڵاتبەدەستان دەمێکە پێناسەکەیان ئاشکرایە و دەیانەوێت لە زۆربەیەک بیشارنەوە. بەڵام ئەمڕۆ چیتر شاردنەوە دادیان نادات و کەوتونەتە کۆمەڵێک فرۆفێڵی تر بۆ قەناعەتپێهێنانەوەی خەڵکانێک کە هێشتا لەو نێوانەدا ماونەتەوە، واتە نێوانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن. لەڕاستیدا ناتوانین ناوی قەناعەتپێکردنی لێ بنێین، بەڵکو دەبێت باس لە فریودان، کڕین، هەڕەشە، ترساندن، پەیمانپێدان و چاوسورکردنەوە و بێدەنگکردن بکەین.
لە وڵاتە دیموکراتیەکاندا شەڕی دەنگ پەیداکردن، لە هەڵبژاردنەکاندا ڕودەدات، مەبەست لە شەڕ، شەڕی بەرە لەیەکگرتن نیە بە چەک و تەقەمەنی. بەڵکو شەڕی بەدەستهێنانی لایەنگرانە لەڕێگەی قەناعەتپێکردنی زۆربەی هاووڵاتیانەوە، بەوەی ئەوان کاری بۆ دەکەن، بۆ بەرژەوەندی میللەت، ڕاسترینە. دەمێکە لەوە بونەتەوە کە دەبێت هەمووان لە بەرژەوەندی میللەتدابن، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کە چ لایەنێک باشترینە و دەتوانێت ئەو سیاسەتە بەرێتبەڕیوە کە ئەو بەرژەوەندیانە بپارێزێت. ئەوان خولی یەکەمیان بردۆتەوە، ئەو خولەی کە دەبێت هەمووان لە خزمەتی نیشتیمان و هاووڵاتیاندا بن. ئێمە ئەو بنەمایەمان دانەڕشتووە و بازمانداوە بەسەریدا، یاخود دەمانەوێت بازبدەین بەسەریدا. ئەو شەڕەی ئێمە دەیکەین شەڕی دەستەویەخەی ئەوەیە کە کێ دەتوانێت بەلای خۆیدا دایبتاشێت، نەک بۆ میللەت، نەک بۆ نیشتیمان.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لایەنەکەی تر لەلای خۆمان کە ئۆپۆزیسیۆنە، ئەوا پێکهاتوە لە دوو بەرە، بەرەیەکی ئیسلامی و بەرەی بزوتنەوەی گۆڕان، یاخود باڵی نەوشیروان موستەفا. بەرەی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی چەندین ساڵە خەریکی خۆڕێکخستنن، لە بنچینەدا دەرئەنجامی ئەو شەپۆلەی جیهانی ئیسلامی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن، کە لە دوای شەڕی ئەفغانستانەوە هەڵتۆقاون، ئەوا لەم ڕاپەڕینە نوێیانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنها قاوغەکەیان ماوەتەوە. بەرەی ئیسلامی زەمەنی بەسەرچووە بتوانێت سیاسەت بکات و کۆمەڵگا بەڕیوەبەرێت، لە جیهانێکدا ئازادی بۆتە داخوازی یەکەم و دانوسانی لەسەر ناکرێت. لە جیهانێکدا خەڵکی چاوی لەوەیە سەربەست و سەربەخۆ بژی.

بزوتنەوەی گۆڕان بە پلەی یەکەم، پێکهاتووە لەو باڵە نارازییەی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و سەرجەم ئەو کەسانە کە لە دەسەڵات بێزارن و دەیانەوێت گۆڕانێک ڕوبدات کە لەم فەرمانڕەوایەتییەی ئێستا باشتر بێت. ئەوەی جێگەی گومانی خەڵکانێکی زۆری ترە، ئەوەیە بەچیدا بتوانرێت، بزانرێت کە ئەگەر گۆڕان دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەو گۆڕانە ڕادیکاڵە لە کۆمەڵگادا ڕودەدات، لە کاتێکدا هەمووان دەزانن کە زۆربەی سەرکردایەتی بزوتنەوەکە، ئەو کەسایەتیانەن کە لە یەکێتی جیابونەتەوە، ئیتر بە هۆی هەرچیەکەوە بووبێت. لەسەرێکی تریشەوە هەتا ئێستا بە ڕونی خۆیان یەکالآنەکردۆتەوە کە ئایا لەگەڵ شەپۆلی گۆڕانی سەرتاسەری کۆمەڵگادان وەک ئەو ڕاپەڕینانەی لە ناوچەکەدا ڕودەدات، یاخود هێشتا هەر ئارەزویەکیان ماوە لەوەی کە بتوانن چاکسازی لەم دەسەڵاتەی ئەمڕۆدا بکەن. ئەوەی زیاتر ئەو گومانە تۆخدەکاتەوە، بەشدارینەکردنی ئەو بزوتنەوەیەیە بە شێوەیەکی ڕەسمی لە خۆپیشاندانەکاندا و خۆنەزانین بە بەشێک لەو ڕاپەڕینەیە.

گرەوی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لەسەر میللەتە. دەسەڵات دەیەوێت بەزۆر قەناعەت بە میللەت بێنێت کە هێشتا دەتوانێت حوکمی بکات و ئۆپۆزیسیۆن دەیەوێت پێیبڵێت کە ئەو باشترە. لەو نێوانەدا میللەتێک هەیە کە بێخاوەنە. لە ڕاستیدا نە جەماوەر، نە ئۆپۆزیسیۆن جڵەوی میللەتیان بەدەستەوەیە. لە ئێستادا میللەت نە کڕدراوە نە فرۆشراوە، لە ناوەڕاستی دووڕیانێکدا چەقیبەستوە و نازانێت ڕو لە چ لایەک بکات. ئەو بێدەنگییەی ئێستای میللەت، چاوەڕوانبوونی بەرچاوڕونییەکە، یا ئەوەتا دەسەڵات بەزۆر سەرکوتی دەکات، یا ئەوەتا ئۆپۆزیسیۆن دەیفرۆشێت، یا ئەوەتا پشت لە هەردووکیان دەکات و چارەڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە بەوەی کە ڕاپەڕین، ڕامالێینی هەموو ئەو بۆماوانەیە کە لە شۆڕشی چەکداری کوردەوە کەوتۆتەوە و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شارستانیە کە شایانی مرۆڤی ئەم سەردەمە بێت.

**ئێمە بۆ نەمانتوانی ئەم جارە ڕاپەڕین بەئەنجام بگەیەنین؟**

**03.06.2011**

**ئێمەی نارازی بەم دەسەڵاتە، ناتوانین سنگ بە گوللەوە بنێین، دەسەڵات بە ویستی خۆی واز لە دەسەڵات ناهێنێت، ئەو سوارە و ئێمە پیادە دەڕۆین، ئەم ڕوبەڕوبونەوەیە بۆ ڕوینەدا، کەی ڕودەدات؟ چۆن ڕودەدات؟**
**میللەتی کورد دەمێکە خوێنی لێدەڕژێ و سەردەمانێکە ئەوەندە بواری نەبووە برینەکانی قەتماغە ببەستێت. خوێنلەبەرڕۆشتنی بەردەوام، لاوازیی بەردەوامی خولقاندوە و ئەو دەرفەتەی نەداوە تەندروست بێتەوە. میللەتی کورد بە نەخۆشی ناتوانێت بەرامبەر دەسەڵاتێکی پڕچەک بەپێوە ڕابوەستێت.**
**میللەتانی عەرەب بەکردەوە دەمێکە لە شەڕی چەکداری دورکەوتونەتەوە و بواری ئەوەندەیان هەبووە هەناسەیەکی مێژوویی بدەن. تەقینەوەی ئێستایان، ڕوبەڕوبونەوەی کۆتایی دیوارەکەیە، کە هیچ بوارێک بۆ ژیان، بۆ ئازادی نەماوەتەوە، هیچ بوارێکی هەڵهاتن، ڕاکردن، خۆماتکردن نەماوە. یا ئەوەتا ژیان لێرە و ئێستادا، یان مردن لێرە و ئێستادا.**
**هۆکارێکی تر ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتە عەرەبیانە سەردەمێکە جێگیربون و دەقبەستن و وەستانیان لە جێگەی خۆیاندا، بوە بەو گۆمە وەستاوەی کە جوڵەی لێبڕاوە، لە زەلکاو دەچێت، ئەگەر ئەو تەوژمی شۆڕشە نەبوایە، چیتر هیچ بونەوەرێک نەیدەتوانی هەناسەی تیادابدات.**
**نەمانی دووجەمسەری جیهان کە بۆ چەند دەیەیەک دەچێت، هیوای گۆڕینی جیهانی بچوکردەوە بۆ میللەتەکان خۆیان، هەرکەس لە جێگەی خۆیەوە دەتوانێت جیهانەکەی بگۆڕێت.**
**سەرمایەداری و کۆمۆنیستی چیتر لەگەڵ یەکدا ململانێ ناکەن و ئەو جیهانەی ئەوان ناویان لێنابوو جیهانی سێ، ئەو جیهانەی کە هەر لە دورەوە تەماشایان دەکرد و چاوەڕوان بوون بزانن کێ دەیباتەوە. گەورەترین فرسەتی دیکتاتۆرەکانی ئەو جیهانە دەکەوێتە ئەو ساڵانەوە کە بە شەڕی سارد ناودەبرا، چونکە بە ئاسانی و لەو نێوانەدا گەمەیان دەکرد و کەس نەبوو هیچ حسابێک بۆ میللەتەکانیان بکات. ئەوەی گرنگ بوو چ لایەنێک لەو دوو زلهێزە دەتوانێت فەرمانڕەوایانی ئەو جیهانی سێیە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.**
***گەورەترین باج کە لە نێوانی ساڵانی شەڕی سارددا درابێت، بە قوربانیکردنی میللەتانی ئەو جیهانیەیە. ئەمریکا کۆمەڵێ دیکتاتۆری بەخێودەکرد، لەبەرامبەردا سۆڤیەت کۆمەڵێکی تری پەروەردە دەکرد. هەر لە ئەفریقا وە بیگرە تا دەگاتە ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵات و***

*ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەموو ئەو وڵاتانەی کەوتبونە دەرەوەی ئەو دوو تەوەرەوە، میللەتەکانیان بوو بوون بە قوربانی سیاسەتی ململانێی ئەو دوو زلهێزە و فەرمانڕەوایان لە بەری ئەو گەوجێتیەیان دەخوارد و دەستیان واڵابوو بۆ هەموو کردەوەیەک بەرامبەر بە میللەتەکانیان، بەو مەرجەی بەوەفایی خۆیان بۆ یەکێک لەو زلهێزانە دەربڕن.*

هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران لەگەڵ میللەتدا، لەو ساڵانەدا، لە ئاژەڵ کەمتر بوو. میللەت هیچ بەهایەکی نەبوو، دەیەها شەڕی لابەلایان پێدەکرا بەبێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی، بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی ئەوتۆی لە پشتەوە بوو بێت. سەرکوتکردن و بێدەنگکردن و کوشتن و زیندانیکردن، کردارێکی ڕۆژانە و ڕۆتینی ئەو میللەتانە بوو کە دەبوایە ژیانی خۆیان لەسەر ڕابهێنایە.

نەمانی ئەو دوو زلهێزە بە شێوازە دیارەکەی و هەرەسهێنانی کۆمۆنیستیی، دارمانی ئەو ململانێیەی بە دواداهات کە چەند زلهێزێک لەدەرەوە شەڕیان لەسەر ئێمە دەکرد، ئێمەی جیهانی سێ.

لەپاش چەند دەیەیەک دەسەڵاتە خۆماڵییەکان، دەستە سیحراویەکەی پشتیان، کەوتەڕو، میللەت لەوە بەئاگاهاتەوە کە وەک جاران دەستێکی گەورە نیە دەسەڵاتدار بپارێزێت، ئەو ترساندن و تۆقینەی جاران، تەنها قاوغەکەی ماوەتەوە، هیچ پاڵپشتێکی جیهانی و ناوخۆیی نەماوە، ئەوەی کە لەسەریانە پاڵپێوەنانەکەیەتی بەرەو هەڵدێری مێژوو، هەر واشیانکرد.

ئێمەی کورد لەو باس و خواسە کەمێک دورین، نەک وەک دەنگوباس، بەڵکو وەک واقیعی بەکردەوە، چونکە ئێمە وەک میللەتێکی جیاواز گیرۆدەی دەستی چەند دەوڵەتێک بووین کە گەمەیان پێدەکرا.

*دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کورد هیچ پشت و پەنایەکیان لە دەرەوە نیە هیچ دەوڵەتێک نیە بەرژەوەندی لەگەڵ مانەوەیاندا هەبێت، مەگەر کۆمەڵی دز و جەردەی سیاسی بەغداد و ئەنقەرە و تاران نەبێت، دەنا لە ناوەندی جیهانیدا ناتوانن هیچ پاڵپشتێک بۆ مانەوەیان پەیداکەن، ئەوەش لە هەمووی گرنگترە و لە ڕوبەڕوبونەوەی میللەتدا، تەنها خۆیان و چەکدارەکانیانن.*

ئۆپۆزیسیۆن گۆڵی خۆی لە جەماوەری ڕاپەڕیوکرد، بەوەی بێلایەنانە لە نێوانی دەسەڵات و جەماوەردا خۆیان هێشتەوە. ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە لە ڕاپەڕینی ئەم جارەی کورددا. دەشێت هەندێک بە زیرەکی ئۆپۆزیسیۆنی بداتە قەڵەم، بەڵام لە ڕاستیدا فێڵێکە و لە میللەت کراوە.

زوتریش باس لە ئۆپۆزیسیۆن و پێکهاتەکەی کراوە کە ئەگەر بەرە ئیسلامیەکەی لێبکرێتەوە، ئەوا بزوتنەوەی گۆڕان دەمێنێتەوە کە دەیتوانی و دەتوانێت ڕۆڵێک بگێڕێت، واتە لە ڕاستیدا کە باس لە ئۆپۆزیسیۆن دەکەین مەبەستی سەرەکی گۆڕانە.
خۆ هێشتنەوەی گۆڕان لەو نێوەندەدا لە یەک دوو شیکردنەوە زیاتر هەڵناگرێت، لەلایەک بۆ دەسەڵاتی سەلماند کە ئەو هێزەیە لە مەیدانەکەدا کە دەتوانێت بەشداری لەم فەرمارەوایەتیەی ئێستادا بکات بە چەند مەرجێکی چاکسازی و دڵنیایی ئەوەی پێدایەوە کە دژناوەستێتەوە و بەشداری خۆپیشاندانەکان ناکات.
بزوتنەوەی گۆڕان مۆڵەتی دوو مانگی لەبەردەمدا بوو کە خۆی ساغکاتەوە و بەوە شکایەوە کە پشتی لە جەماوەری ڕاپەڕیو کردو ڕووی کردە گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتدا.
یا ئەوەتا بزوتنەوەی گۆڕان باڵێکی تری یەکێتیە و دەیەوێت یەکێتی لەژێر دەستی سکرتێری گشتی دەربهێنێت و سەرکردایەتی یەکێتی بگرێتەوە دەست. ئەم لایەنە هەتا ئێستا گەلێک گومانی لەسەرە، بە حوکمی ئەو مێژوویەی سەرکردایەتی بزوتنەوەی گۆڕان هەیەتی لەگەڵ یەکێتیدا.
بێبەشی ئەو سەرکردایەتیە لە ئیمتیازەکاندا، ئەو کاردانەوەی دروستکردوە کە دەبێت تۆڵەی خۆیان بسەننەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا یەک دەرئەنجام دەدات بەدەستەوە، ئەویش ئەوەیە کە گۆڕان پشتی خۆپیشاندانی دا لە زەوی و فیلێ لێکرد و ئەمڕۆ کارتێکی بەهێزە بەدەستیەوە کە دەتوانێت لەگەڵ دەسەڵاتداراندا، لە مفاوەزاتدا بەکاریبهێنێت.
ئەگەر وەک مێژوو بگەڕێنەوە بۆ ڕاپەڕینی یەکەم، ڕاپەڕینی 1991. ئۆپۆزیسیۆنی ئەو سەردەمەی ڕژێمی بەعس، پارتی و یەکێتی بوو کە وەک دوو هێزی چەکدار و ڕێکخراو، هەماهەنگ لەگەڵ جەماوەری ڕاپەڕیودا، توانیان هێزەکانی ڕژێم ڕامالْن و سەردەمێکی نوێ دەستپێبکەن.
ڕاپەڕینی ئەمجارە، ئۆپۆزیسیۆنێکی بێچەکمان هەبوو، جەماوەرێکی ڕاپەڕیو، شەپۆلی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا، بێدادیەکی زۆری کۆمەڵایەتی، سەرکوتکردن و بێدەنگکردن و دوابەدواش داپلۆسین و پەلاماردان، کەچی ئۆپۆزیسیۆن هەر نەچوە پاڵ جەماوەری ڕاپەڕیو.
ئەمە یەکێکە لەهەرە خاڵە گرنگەکانی بەردەوامنەبوونی ڕاپەڕینی ئەم جارەی کوردستان و سەرنەکەوتنی. بزوتنەوەی گۆڕان بە قەولی خۆیان نیو ملیۆن دەنگیان هێناوە لە دواهەمین هەڵبژاردندا، ئەی بۆ دەهەزار کەسیان نەهاتنە سەر شەقام و پاڵپشتی خۆپیشاندانەکان بکەن؟ مەگەر ئەوان ئەو هێزە ڕێکخراوە نەبوون کە دەیانتوانی لایەنگرانیان بجولێنن؟ بۆ نەیان کرد؟ جەماوەر مۆڵەتی دوو مانگیان پێدان کە بیربکەنەوە و بڕیار بدەن، کەچی هەرچەندە ناویان گۆڕانە، هەر نەجولان.

ئەمە دەچێتە خانەی خیانەتەوە، ئەگەر سیاسەتیان ڕاستنەکەنەوە. هێشتا دەرفەتیان لەبەردەمدا ماوە کە بڕژێنە سەرشەقام و ببنە ئەو هێزە ڕێکخراوەی بتوانن جەماوەر بەرەو گۆڕان ئاڕاستە بکەن.

لە هەموو ڕاپەڕینەکانی پێشودا، لە هەموو ڕاپەڕینە نوێکانی ناوچەکەدا، لە تونس، لە میسر لە یەمەن، لە سوریا.. ئۆپۆزیسیۆن لەبەرەی پێشی پێشەوە بوە و لە بەرەی پێشەوەیە. هیچ کاتێکیش ئەو حەقەیان بە خۆیان نەداوە کە بڵێن ڕابەرایەتی جەماوەر دەکەین و هەر وتویانە کە بەشێکی بچوکی جەماوەرین. لە خۆپیشاندانەوە هێڵی پەوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتدا دروستکردوە و چونەتە سەر مێزی مفاوەزات و لەو حاڵەتەشدا نەیانتوانیوە وەک نوێنەری هەموو جەماوەر قسەبکەن.

*کەچی ئۆپۆزیسیۆنەکەی ئێمە لە خۆپیشاندانەکاندا **بێلایەنیان** هەڵبژارد. من تیناگەم چۆن بە خۆیان دەڵێن **ئۆپۆزیسیۆن**؟ یا ئەوەتا ئۆپۆزیسیۆنەکەی ئێمە شازە، یا ئەوەتا لە ڕاستیدا نەشازە.*

هەر ئەوەیە کە گومانی زیاتر دەکەوێتە سەر بزوتنەوەی گۆڕان، بۆ بەشداری خۆپیشاندانەکانی نەکرد؟ بۆ نارژێتە سەرشەقامەکان؟ بەرپرسیارێتی یەکەمی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینی ئەم جارەی کورد، دەکەوێتە ئەستۆی بزوتنەوەی گۆڕانەوە. ئێستاش دەتوانن هەڵوێستیان ڕاستبکەنەوە، ئێستاش دەتوانن بڕوای جەماوەر بەدەست بێننەوە بەوەی سیاسەتێکی ڕون و ئاشکرا لەمەڕ دەسەڵات بخەنە ڕوو و سەنگەری خۆیان بدەنە پاڵ میللەت.

*میللەت دەستی لەدەسەڵات شۆریوە و لەلای ڕونە کە کەڵکی مانەوەی پێوەنەماوە، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن نادۆزێتەوە و نادیارە و نازانێت سەر بە چ بەرەیەکە. گلەییەکە لە ئۆپۆزیسیۆنە کە ڕاپەڕینی ئەم جارە دەرئەنجامی نەبوو، نەک لە زەبروزەنگی دەسەڵات. دەسەڵات دەبێت کاردانەوەی هەبێت و خۆی بپارێزێت، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن بۆ کاردانەوەی نەبوو؟*

لە ڕاستیدا ئەگەر لە یەکەم ڕۆژەوە بزوتنەوەی گۆڕان لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدارییەکی چالاکیان هەبوایە، ئەوا ئەمڕۆ دەمێک بوو دەسەڵاتی تازە بەڕێوە بوو. ڕەنگە چەند خوێنێکی تر بڕژایە، بەڵام کەسوکاریان ئاسودە دەبوون کە بیانزانیایە بەرهەمێکی هەبووە.

*دەسەڵاتیبەدەستانی ئەمڕۆی کوردستان، لە دەمێکی گەورە بۆ چەواشەکردن و دوو بازوی پڕچەک، هیچی تریان پێنیە بۆ میللەت. ئەوەش کە ناتوانن هەموو میللەت بکوژن، لۆژیکی خۆی هەیە و سنوردارە کە تا چەند دەتوانن چەکەکانیان بەکار بێنن. دەسەڵات دۆڕابوو ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن هەڵنەسانایەتەوە.*

## پێداویستی گۆڕان لە بزوتنەوەی گۆڕاندا

## 04.06.2011

دەسەڵاتبەدەستەوەنەبوونی بزوتنەوەی گۆڕان لەم ساتەوەختەی ئێستادا، بواری ئەوەی پێدەدات کە ببێتە ئەو بزوتنەوە ڕاستەقینەیەی کە داواکاری میللەت بکاتە سیاسەتێک و لەگەڵ ڕۆحی سەردەم، سەردەمی گۆڕاندا، بڕوات. کۆبونەوەی جەماوەرێکی زۆر بە دەوری گۆڕاندا، لەماوەیەکی بەڕێژە کەمدا، دەلالەتی پێداویستی بزوتنەوەیەک بوو کە دەمێک بوو زەمینەکەی ئامادە و لەبار بوو، لە دوای ئەو چەقبەستنەی پارتی و یەکێتی لە خراپبەکارهێنانی دەسەڵاتدا بۆ خزمەتکردنی خۆیان و پشتگوێخستنی میللەت.

ناکۆکی سەرەکی لە بزوتنەوەی گۆڕاندا دەکەوێتە نێوان سەرکردایەتی ئەو بزوتنەوەیە و ئەو جەماوەرەی لە دەوری کۆبۆتەوە. جەماوەر، جەماوەری دوای ڕاپەڕینە و داواکاریەکانیان، داواکاری شارستانیە. سەرکردایەتیەکەی، سەرکردایەتی شاخە و سەردەمانێک لە پێگەی دەسەڵاتدا بوون و فەرمانیان بەدەست بووە. خاوەنی ئەزمونی سەرکەوتن و شکست و فرتوفێڵی سیاسیین.

جیاوازی ئەو دوو نەوەیە تەنها تەمەن نیە، بەڵکو جیاوازی دوو ئەزموون و دوو دنیابینیە، دوو بۆچوونی سیاسەت و پێداویستی مێژووییە. گۆڕانی سەردەمیانە دوورە لە تۆڵەکردنەوە و تاکتیکی فروفێڵ لەیەکترکردن و مراوەغەی سیاسی.

گۆڕانی سەردەمیانە ساف و ساکار و ڕون و ئاشکرایە : کۆمەڵگایەکی ئازاد و دادپەروەر و سیستەمێکی دیموکراتی کە جێگەی هەمووانی تیابێتەوە. سەرکردایەتی بزوتنەوەی گۆڕان ئەگەر ئەو دروشمانەش هەڵگرن، ناتوانن پێیانەوە پابەندبن، چونکە ئەو دروشمانە لەم سەردەمە نوێیەدا، لەم شەپۆلی شۆڕشە کۆمەڵایەتیەی ناوچەکەدا، پێویستی بە ئەقڵەتێکی نوێ هەیە کە گەنج و ژیان و دواڕۆژ، بکاتە ئامانج و بزوێنەر و هەڵسوڕێنەر.

دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان کاردانەوەی سیاسەتە هەرە چەوتەکانی یەکێتی بوو، لەگەڵ ناکۆکی ناو سەرکردایەتیەکەی. هەلومەرجی پێکهاتنی ئەو بزوتنەوەیە، ئەوەندەی ئارەزویەکی تاکەکەسی بوو، ئەوەندە بابەتیانە نەبووە کە لەگەڵ پێداویستی کۆمەڵگای کوردیدا لەدایکبووبێت، لە ڕاستیدا دەبوایە هەر لەدوای ڕاپەڕینی یەکەمەوە بزوتنەوەیەکی لەو جۆرە بهاتایەتە ئاراوە، بەڵام قۆرغکردنی سیاسەت لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە، نەیهێشتوە هیچ بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ چاوبەدنیا هەڵبهێنێت.

لێرەدا ناکۆکیەکی ترمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر سەرکردایەتی گۆڕان ئەو کەسایەتیە کۆنانەی ناو سەرکردایەتی یەکێتی نەبونایە، ئەوا پارتی و یەکێتی دەمێک بوو

ڕاپێچیانکردبوو، ئەو هەوڵەی دوای 17ی شوبات، یەکێک بوو لەوانە، بەڵام نەکرا. بەهەرحاڵ ئەوە ڕاستیەکە و هەموو کەس دەیزانێت، بەڵام ئەوەی خەڵک تێیناگات و پرسیاری لا دروستدەکات، ئەوەیە بۆ لە ڕاپەڕینەکەی ئەم جارەی کوردستاندا نەیانتوانی بەشداریەکی ڕەسمی بکەن و تێکەڵاوی جەماوەر ببنەوە؟

گۆڕان بەو هەڵەیەی، فرسەتێکی مێژوویی لەدەستخۆیدا بەوەی کە لەو گرێکوێرەیە ڕزگاری بێت کە باڵێکی یەکێتیە و ناتوانێت سیاسەتێکی سەربەخۆ داڕێژێت. ترسی ئەوەی کە ئەگەر گۆڕان بەشداری خۆپیشاندانەکانی بکردایە، ناوچەگەری لە نێوانی سلێمانی و هەولێردا دروستدەبوو، زۆر نابەجێیە. ئەگەر میللەت بیزانیایە بزوتنەوەی گۆڕان بە ڕەسمی پشتگیری لێدەکات، لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەنگدانەوەی دەبوو، هەر وەک چۆن لە هەڵبژاردنەکەی پێشودا لەگەڵ هەموو چاوسورکردنەوەیەکی دەسەڵات، گۆڕان توانی لە زۆربەی ناوچەکاندا لایەنگران بۆخۆی پەیدا بکات.

گۆڕان ئێستاش دەتوانێت بە فیعلی ببێتە بزوتنەوەیەکی جەماوەریی، ئەگەر لە سەرکردایەتیەکەی جیابێتەوە، چونکە لە ئێستا بەدیلێکی ئەوتوی تر لە مەیدانەکەدا نیە. دەستبەرداربوونی سەرکردایەتی بزوتنەوەکە و بوون بە ڕاوێشکاری، خزمەتێکی گەورە هەم بە خۆیان و هەم بە جەماوەری کوردستان و هەم بەو دەستە گەنجە هەڵکەوتوەی جێگەیان دەگرێتەوە، دەکات.

گۆڕان بەم سەرکردایەتیەی ئەمڕۆیەوە ئەگەر دەسەڵاتیش بگرێتە دەست، لە حیزبێکی نەریتیی دەرناچێت، ئەوەی لەم سەردەمەدا جێگاینابێتەوە. جێنەبونەوە بەو مانایەی کە ناتوانێت باوەشێکی کراوەبێت بۆ لەگەڵداڕۆشتن، بۆ لەخۆداجێکردنەوەی بیری نوێ، بیری گەنج.

گۆڕان بەهەر هۆکارێک دامەزرابێت، ئەگەر بیەوێت ببێتە بزوتنەوەیەکی ڕاستەقینەی جەماوەریی، دەبێت هەر لە ئێستاوە، هەتا درەنگ نەبووە، خۆی لە سەرکردایەتیەکی ڕزگاربکات.

## گۆڕان لە ئەقڵیەتی سیاسیدا
## سیاسەت بە جۆرێکی تر

**05.06.2011**

**ئەقڵی پێگەشتوو سیاسەتی پێگەشتوو بەرهەم دێنێت. ئەقڵی کاڵ سیاسەتی کاڵ و کرچ.**

**لە جێگەیەکی تردا باس لەوە کراوە کە ئەو دەسەڵاتەی بە ڕکوکینە بڕوخێت، ڕکوکینە لەجێگەی دادەنیشێت. ئێمە ناتوانین سیستەمێکی نوێ دامەزرێنین کە کۆنەکەمان بە بوغزوکینە لە دەسەڵات داماڵیبێت. ڕکی دەسەڵات، زەبروزەنگی دەسەڵات، ڕاونان و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی دەسەڵات، سادییەتی دەسەڵات، بەرامبەر بە هاوڕەگەزەکانی خۆی، ئەو شێرپەنجەیەیە کە دەبێت لە کۆمەڵگادا لە ڕیشەوە هەڵکەندرێت. دەبێت ئێمە چارەسەری ئەو شێرپەنجەیە بین، نەک ببین بە شێرپەنجەیەکی گەورەتر و ئەو قووتبدەین.**

**ئێمە لەسەر هەق نین چونکە قوربانین، بەهەمان شێوە دەسەڵاتیش لەسەر هەق نیە چونکە جەلادە. دەبێت ئەو هاوکێشەیە هەڵوەشێتەوە کە جەلاد و قوربانی پێکەوە ڕاماڵێت، نەک قوربانی بکات بە جەلاد و جەلادیش بە قوربانی.**

**ڕاستە یەکەم کاردانەوەی زەبروزەنگ، دەشێت زەبروزەنگ بێت وەک یاسا سروشتیەکەی کار و کاردانەوە، بەڵام بە یەک تۆز بیرکردنەوە دەگەینەوە بە بنەما و هۆکاری ئەوەی مرۆڤ بۆ دەیەوێت ئەم دەسەڵاتە بگۆڕێت. مەگەر بۆ ئەوە نیە نادادپەروەری نەهێڵرێت و خۆشەویستی ژیان لەجێگەی ڕکوکینە دابنێت؟**

**بوغزی دەسەڵات بەرامبەر بە بەرهەڵستکارانی، ڕون و ئاشکرایە، دەیەوێت بە هەر نرخێک بێت لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە. دەسەڵات دەیەوێت بەرهەڵستکارانی ناشیرین بکات، توڕەبکات، دەسەڵات دەیەوێت کاردانەوەی زەبروزەنگەکەی بە زەبروزەنگ بێت. دەسەڵات خۆی فەرمانڕەوایە و ئەو هەقە بەخۆی دەدات سزای ئەو کەسانە بدات کە توندوتیژی بەرامبەر دەکەن. ئێمە نامانەوێت دەسەڵات سزابدەین، دەمانەوێت بیگۆڕین بەوەی کە سزانەدات.**

***دەسەڵات بەوە توڕە دەبێت کە دەستەکەی دەکەوێتە ڕو، ئەوەی لەسەر بەرهەڵستکارانە، خستنەڕوی ڕاستیەکانە و ئاشناکردنی زۆرترین بەشی میللەتە لەو پێشێلکاری و دزی و جەردەییەی دەسەڵات پەیڕەوی دەکات. ئێمە نامانەوێت بەرە لە دەسەڵات بگرین، بەڵکو دەبێت ئەو بەرەیەی دەسەڵات لە میللەتی گرتووە، وردە وردە تەنکبکرێتەوە و کەسانێکی زۆری لێبتەکێنرێتەوە، تا دوا پێگەی لە ناو کۆمەڵگادا نامێنێت و دادەبڕێت. بەوەش تەنها هێزە چەکدارە هەرە مشەخۆرەکانی بەدەوردا دەمێنێتەوە.***

*بەرەگرتن لە دەسەڵات، بارگاویکردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە بەرامبەر بە دەسەڵات بەهەمان ڕکوکینەی دەسەڵات بەرامبەر بە بەرهەڵستکارانی. چاندنی ڕۆحی تۆڵەکردنەوەیە کە لە درێژەدان بە بازنەی کوشتن و بڕین زیاتر نیە، دوابەدواش پێکهێنانی دەسەڵاتێکە کە نەیارەکانی بەهەمان دەردی پێشوو دەبات.*

ڕزگاربوون لەو بازنە ڕەشە، بازنەی بەدوژمنکردنی ئەوی بەرامبەر لەناو یەک کۆمەڵگادا، هەڵسوکەوتکردنە بە ڕحی شۆڕشگێڕیەوە، لێبوردنە لە دڵەوە. لێبوردن بە مانای ئەوە نایەت کە ئەوانەی تاوانیان ئەنجامداوە بەرەڵابکرێن، بەڵکو دەبێت بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت وەک ئەوەی دەسەڵاتیان بەخراپبەکارهێناوە بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی، دادگاییکردنی ئەو کەسانە مانای تۆڵەکردنەوە نیە لێیان، بەڵکو بەری ئەو هەڵسوکەوتە چەوتەیە کە ئەنجامیانداوە.

لێبوردن ئەوەیە کە ئەو هاووڵاتیانە لاوازبوون و تێکەوتوون و نەیانتوانیوە لە کاتی خۆیدا هەڵوێست وەربگرن، هەر بۆیە دەشێت پارسەنگی هەڵەکانیان بدەن. هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانە ئەو ڕۆحەیە کە وردە وردە دووبەرەکیەکان دەکاتەوە بەیەک و گونجاندنێکی کۆمەڵایەتی دەخاتە جێگایان، دڵسۆزی و خیانەتنەکردن بە نیشتیمان هەموو کەسێک دەگرێتەوە و هەرکەس لە جێگای خۆیەوە دەبێتە پاسەوانی نیشتیمان و هاونیشتیمانی. بە کورتیەکەی ڕێژەی باشە زاڵدەبێت بەسەر خراپەدا و ڕوناکی تاریکی ڕاودەنێت. بۆ خوێندنەوەی زیاتر بگەڕێرەوە بۆ بابەتی ڕۆحی شۆڕش.

## کێشەی ئازادی

## 06.06.2011

ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازاد نەبوایە، دەبوایە خوداوەند ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایەتی بکردایە. ئەوساش مرۆڤ لەدەست دەستور و فەرمانەکانی خودا بێتاقەت دەبوون و کۆدەبونەوە و شۆڕشیان بەرپادەکرد لە پێناوی ئەوەی خۆیان ببنە خاوەنی ئیرادەیەکی ئازاد و هەقی هەڵبژاردن لەدەسەت خۆیاندا بێت.

مرۆڤ خاوەنی ئیرادەیەکی ئازادە لە هەڵبژاردنی ژیانیدا، کێشەکەش هەر لێرەوە دەستپێدەکات. کاتێک مرۆڤ خاوەنی ئیرادەیەکی ئازادە، دەتوانێت باش هەڵبژێرێت و دەشتوانێت خراپ هەڵبژێرێت. ڕێژەی ئەو هەڵبژاردنانە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، دەستنیشانی چۆنێتی ئاراستەی کۆمەڵگاکە دەکات. ئەگەر ڕێژەی باشە زاڵبێت، ئەوا کۆمەڵگا بواری ئەوەی تێدایە کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و تا ڕادەیەک دادپەروەرانە و ئازادی تیا بەرجەستە بکرێت. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر ڕێژەی خراپە زیاتر بێت، ئەوا ڕێخۆشکەری کۆمەڵگایەکی سەرکوتکەر و دیکتاتۆریە و ئیرادەی ئازادی تیا دەخنکێت.

کۆمەڵگای کوردی بەم پێوەرە ناپێورێت، چونکە نەگەشتۆتە ئەوەی مافی هەڵبژاردنی هەبێت، هێشتا نەبۆتە خاوەنی ئیرادەی ئازاد. هێشتا دەرفەتی ئەوەی نەبووە ویست و خواست و ئارەزووەکانی والاکات و خۆی ساغبکاتەوە کە چی هەڵدەبژێرێت.

*ئەگەر مرۆڤ لەم جیهانەدا مەڕ بێت، هەمیشە شوانێکی بۆ پەیدا دەبێت. هەمیشە شوانەکان بەدوای مەڕدا ناگەڕێن، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.*

ئیرادەی ئازاد، گرتنەدەسەتی چارەنوسی ژیانە. ئەگەر ئێمە خاوەنی ئیرادەی ئازاد بین، دەتوانین ئەو ژیانە بخولقێنین کە دەمانەوێت. واتە چارەنوسی خۆمان، خۆمان دروستی دەکەین.

*لە ڕاستیدا مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازادە، واتە بەو ئیرادەیەوە لەدایک دەبێت. ئەوەی سەری لێدەشێوێنێت، ئێمەین، ئێمەی گەورە، ئێمەی دایک و باوک، ئێمەی مامۆستا، ئێمەی دابونەریت، ئێمەی کۆمەڵگا، ئێمەی دەسەلات. هەر یەک لە ئێمە چڕنوکێ لەو ئیرادەیە دەگرین، کاتێک ئەو منداڵە گەورە دەکەین، کاتێک هۆشی بەبەردادێتەوە، هیچی بەبەرەوە نەماوەتەوە، نەبووە بە خاوەنی هیچ ئیرادەیەک و لەقاڵبدراوە. دەبێتە ئەو بونەوەرەی کە ئێمە دەمانەوێت، نەک خۆی.*

کە زۆربەی منداڵەکانمان لەو پرۆسەیەدا گەورە بووبێت، پرۆسەی داماڵینی ئیرادە، دەبینە خاوەنی کۆمەڵگایەک، ئەوەی بماننناسێتەوە، دەبێتە خاوەنمان. واتە ئێمە مەڕ بەخێو دەکەین، نەک مرۆڤ.

لە ڕۆژئاوادا ڕێک بە پێچەوانەوەیە، هەر کەس هەڵدەستێت، هەلێک دەخاتە بەر منداڵەکە کە ئیرادەی خۆی تیا بناسێتەوە و خۆی تیا تاقیبکاتەوە و خۆی ئەزموون بکات. هەر لە دایک و باوکەوە تا دەگاتە بەخێوکەر و مامۆستا و دابونەریت و کۆمەڵگا، هەر لایەنێک بواری ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێت کە تەنها خۆی خۆی بێت، بەوەش ئیرادەی ئازادی خۆی دەدۆزێتەوە و دەبێتە خاوەنی و چارەنوسی ژیانی خۆی دەکەوێتە ژێر ئەو ئیرادەیەوە کە چۆنی بوێت بەو شێوەیە دایدەڕێژێت.

کورد وەک هەر میللەتێکی تری جیهان مافی ئەوەی هەیە کە خاوەنی ئیرادەی ئازادی خۆی بێت و خۆی چارەنوسی خۆی دیاریبکات. ئەوەی بۆ تاکێک ڕاستە بۆ میللەتێکیش ڕاستە. لە دوای ڕاپەڕینەوە دەبوایە ئێمەش ئەو بوارەمان بۆ بخولقایە کە ببینە خاوەنی ئیرادەیەکی ئازاد و کۆمەڵگایەکی تەندروست بۆ نەوەکانی داهاتومان ئامادەبکەین.

کەچی ئەو تۆزە ئیرادەی شۆڕشگێڕێتیەی تیاماندا مابووەوە، فرۆشراو پارەکەی چووە گیرفانی ئەو دەسەڵاتبەدەستانەی هەتا ئەمڕۆشمانیان داگیرکردوە کە دەکاتە بیست ساڵ تەمەن. واتە ئەو منداڵەی لە سەرەتای ڕاپەڕیندا لەدایکبووە، ئێستا تەمەنی بیست ساڵە و خاوەنی ئیرادەیەکی دۆڕاوە و دەسەڵات یاری پێدەکات. لە کاتێکدا دەسەڵاتەکەمان کوردیە و داگیرکەری بێگانە نیە.

ئێمە بە ناچاریی، وەک داکەوتەیەکی مێژوویی، وەک داسەپاوێکی واقیعی، دەبێت بجەنگینەوە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو ئیرادە ئازادە. بەبێ ئیرادەیەکی ئازاد نە ژیانی تاکەکەس هەیە نە جارەنوسی میللەت دیارە. ئەم سەردەمە زێڕینە دەبێتە دوا دەرفەتی میللەتی کورد، یا ئەوەتا وەک مەڕ دەمێنێتەوە و بەدوای شواندا دەگەڕێت، یا ئەوەتا جڵەوی ژیانی خۆی دەگرێتە دەست و دواڕۆژی خۆی لەبەرەوە دەچنێت.

## ئازادی و بەرپرسیارێتی

## 07.06.2011

ئازادی کێشەی زۆرە، چونکە بە سادەیی ژیان واتە ئازادی. ژیان بەبێ ئازادی، لەسەر ئاستی تاکەکەس و لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، ناتوانرێت مانایەکی مرۆیی بۆ بدۆزرێتەوە. خراپبەکارهێنانی بەئەستەمی ئازادی، دەبێتە شێواندنی ژیانی ئەو کەسەی/ ئەو میللەتەی خراپبەکارهێنانەکە دەیگرێتەوە و بەریدەکەوێت. هەستیاریی ئازادی هەستیاریی ژیانە لە هەموو بەریەککەوتنەکاندا، لە هەموو ڕوبەڕوبونەوەکاندا، لە پەیوەندیە ساکارەکانەوە، تا دەگاتە پەیوەندی دەسەڵاتدارێتی. ئازادی ئەو توخمە زیندووەیە لەو نێوانانەدا و دەبێت هاوسەنگیی ڕابگیردرێت، دەنا لایەک بەشی لایەک دەخوات و لایەک ئازادی پێشێل دەکرێت.
ئیرادەی ئازاد بۆ ژیان چەندە پێداویستیە، ئەوەندەش بەرپرسیارێتی لەگەڵدایە کە چۆن ئەو ئیرادەیە پیادە دەکرێت. هەتا ئاگایی و وشیاریی بەو ئیرادەیە بەرزتر بێت، لەلایەک بەرپرسیاریەتەکە گەورەتر دەبێت و لەلایەکی تریشەوە بواری خراپبەکارهێنان و باش بەکارهێنانی بەرفراوانتر دەبێت. کەوتۆتە سەر ئەوەی ئەو مرۆڤە لە چ ئاستێکی کۆمەڵایەتی و لە چ کۆمەڵگایەکدا خۆی دەبینێتەوە.
لە کۆمەڵگایەکدا کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی دەستور و یاسا ڕێکخرابێت، بواری خراپبەکارهێنانی سنوردارکراوە و تەسککراوەتەوە. لە ڕاستیدا دەستور و یاسا بۆ ڕێکخستن و جیاکردنەوەی ئازادیەکانە. لە کاتێکدا مرۆڤێک ئازادی مرۆڤێکی تر تیکدەشکێنێت و پێشێلی دەکات، بەپێی یاسا دەبێت سزای ئەو هەڵسوکەوتەی وەربگرێت.
لە کۆمەڵگایەکی وەک ئەوەی ئێمەدا کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی دابونەریت دەڕوات بەڕێوە و هیچ یاسایەکی ئەوتۆ نیە ڕێکیبخات، ئەوا بواری خرپبەکارهێنانی زۆر بەرفراوانە و کردارێکی ڕۆژانەیە و لە هەموو جێگایەکدا بەئەنجام دەگەیەنرێت، چ بە ئاگاییەوە، چ بەبێ ئاگایی، هەر لەناو خودی خێزانەوە تا دەگاتە هەموو پەیوەندیەکانی تری ناو کۆمەڵگا، لەهەمووی زەقتر پەیوەندی دەسەلاتدارێتیە بە کۆی میللەتەوە.
بەپێی دابونەریت هەر لە ناو یەکماڵدا فەرزی ئیرادەی کوڕ دەکرێت بەسەر کچدا، باوک بەسەر کوڕدا، باوک بەسەر هەموو خێزانەکەدا، براگەورە بەسەر برابچوکدا. ئەم وردە پێشێلکاریە ڕۆژانەیە کاریگەری دەرونی و سنووردارکردنی ئازادیە بۆ ئەوانی تری ناو ئەو پەیوەندیە.
باوک نایەوێت لە پێگەی خۆی بێتە خوارە و ڕێگەبدات ئەندامەکانی تریش ئازادی خۆیان پیادەبکەن. لێرەدا باوک تەنها ئازادیەکەی وەرگرتووە و پەیڕەوی دەکات بەبێ

بەرپرسیارێتی، واتە سنوری ئازادیەکەی خۆی کشاندوە بەسەر ئازادی ئەندامەکانی تری خێزانەکەدا.

*هەموو زیادڕەوییەک لە ئازادیدا، پاشەکشەپێکردنی ئازادی ئەوانی ترە لەو کایە کۆمەڵایەتیەی کە ئەو زیادڕەوییەی تیا ڕودەدات. هەتا پێگە کۆمەڵایەتیەکان بەرزتربێتەوە، ئازادی هەڵسوکەوت و بڕیاردان گەورەتر دەبێت و بەوەش بەرپرسیارێتیەکە گەورەتر دەبێت.*

*بە واتایەکی تر هەتا ڕوبەر و پانتایی پێگەی دەسەڵاتدارێتی خەڵکانێکی زۆرتر بگرێتەوە، بەرپرسیارێتی ئەو ئازادیەی ئەو پێگەیە خولقاندویەتی ناسکتر و هەستیارتر دەبێتەوە و لە نزیکەوە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی ئەوانی ترەوە هەیە.*

دەسەڵاتدارێتی ئێمە ئازادیەکی ڕەهای بۆ خۆی ڕەخساندووە، بەبێ هیچ بەرپرسیارێتیەکی ئەوتۆ کە شایانی باس بێت. واتە دەستکراوەیە بۆ هەموو هەڵسوکەوت و کردار و فەرمانێک کە بیەوێت جێبەجێبکات، بەبێ ئەوەی سنورێکی دەستوریی و یاسایی هەبێت چوارچێوەی ئەو هەڵسوکەوتە دیاریبکات.

پەیوەندیە ڕۆژانەکانی هاووڵاتی کە سنوردارە و ژمارەیەکی کەم تێوەی دەگلێن، ئاسانتر دەتوانرێت ڕێکبخرێت. کێشەکە لە پەیوەندیی دەسەڵاتدارێتیدایە کە ئاڵۆز و تێکپچڕاوە و پێویستی بە ساغکردنەوە هەیە. هەتا کایەی ئەو پەیوەندیە هەڵکشێت، کەسانێکی زۆرتر دەگرێتەوە و پاڵەپەستۆی بەرپرسیارێتیش زیاتر دەبێت و هەموو فەرمان و یاسا و ڕێسایەک دەبێت بەوردی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و دەبێت ڕون و ئاشکرابێت.

ئەو کەسانەی لە لای ئێمە بە بەرپرس ناویان دەبرێت، لە ڕاستیدا نە ئازادیان هەیە نە بەرپرسیارێتی، بەڵکو ملکەچی حیزبەکانیانن. دوو حیزبە دەسەڵاتبەدەستەکە لە ڕێگەی دوو پیاو و بنەماڵەکانیانەوە ئاڕاستە دەکرێن. هەرەمی ئەم پێکهاتەیە لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە و تەنها لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی باڵای هەرەمەکەدا خراوەتەگەڕ.

*واتە لە ڕاستیدا ئەوەی حیزبی دەسەڵاتدار هەڵدەسوڕێنێت، خاوەنی ئازادی فەرمان و هەڵسوکەوتە و گەورەترین دەسکەوتیش هەر بەر ئەو دەکەوێت. هەتا بەرەو خواری هەرەمەکە داچۆڕێین، ملکەچیەکە زیاتر دەبێت و دەسکەوتەکان کەمتر. ئەرکی حیزبیش دەبێت بە هەڵسوڕاندنی کۆمەڵگا بەو پێیەی فەرمانی پێدەکرێت.*

ئەم پێکهاتەیە دەکەوێتە دەرەوەی کایەی ئازادی و بەرپرسیارێتیەوە، هەربۆیە ناتوانرێت ئەو زاراوانە بەکارببرێت. ئەوەی لەو پەیوەندییە دەسەڵاتدارێتیەوە دەکەوێتەوە، مەفهومی کۆیلایەتیە، واتە قۆناغێک پێش ئازادی و ئیرادەی ئازاد و ئازادی و بەرپرسیارێتی.

ئێمە ناتوانێت باس لە بەرپرسیارێتی ئازادی بکەین، کە ئازادی نەبێت. ئیرادەی ئازاد ناخولقێت کە کۆمەڵگا کۆیلە بێت. مرۆڤ ناتوانێت چارەنوسی ژیانی خۆی لەدەست خۆیدا

بێت کە یەکێکی تر بڕیاری بۆبدات. میللەت ناتوانێت چارەنوسی خۆی دیاریبکات کە لە پێناوی بەرژەوەندی چەند دەستەیەکدا خرابنەگەڕ و هەڵسوڕێنرێن.

لەو بارودۆخانەشدا ئەوەی بە تەواوەتی ناتوانرێت باسی لێوە بکرێت، ژیانە. ئەوەی لەسەرەتادا دەستمان پێکرد، بەوەش کۆتایی پێدێنین، ژیان لە ئازادیدا هەیە و ئازادیش لە ژیاندا.

***کاتێک مرۆڤ ئازادی لێ زەوتدەکرێت، کە مافی ئیرادەی ئازاد—ی لێدەسەندرێتەوە، لە سیفەتی خوداوەندیی دادەماڵرێت و دەبێت بە مەخلوقی ڕووت. مرۆڤ کاتێک کامڵە کە لە هەمان کاتدا خالق و مەخلوق بێت. ئیرادەی ئازاد مافی بڕیاردانی ژیانی پێدەبەخشێت و چارەنوسی خۆی لە سنوری بەرپرسیارێتی ئەو ئازادیەی هەیەتی، دیاری دەکات. بەو پێەش دەبێتە خولقێنەری ژیانی خۆی وەک مەخلوقێک. مرۆڤ کە بچوککرایەوە بۆ ئەوەی تەنها مەخلوق بێت، بە هەموو شتێک دەکرێت و بەهایەکی ئەوتۆی نابێت کە جیابکرێتەوە لە شتە خولقێنراوەکانی تر.***

## کورد و هێزی چەکدار

## 08.06.2011

ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی ئێراقدا خاوەنی چەندین جۆری هێزی چەکدارە کە سەر بە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەن. هەرگیز کورد لە مێژوودا ئەوەندە هێزی چەکداری نەبووە، لە کاتێکدا کە پێویستی پێنیە. هیچ کاتێک کورد بەدرێژایی مێژوو نەیتوانیوە ئەوەندە هێز کۆبکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دوژمنەکانی. بەڵام لەو سەردەمەی کە ڕاستەوخۆ لە جەنگدا نیە، بۆتە خاوەنی لەشکر و سوپا و هێزی تایبەت و... جۆرەهای تریش.
پێکەوەنانی ئەو هەمووە هێزە، لەدوای دەسەڵات بەدەستەوەگرتنی کورد، تەنها ناگەڕێتەوە بۆئەوەی کە کورد هیچ کاتێک بواری نەبووە دەسەڵات بەدەستەوەبگرێت و هێزی تایبەتی خۆی دروسبتکات، بەڵکو بە پلەی یەکەم بوار بۆ دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی ئێستا ڕەخسا کە هەرلایەک بە پەلە لەشکرێک پێکەوە بنێت بۆ خۆپاراستنی لەوی تر.
ئەوەی لە ساڵەکانی شەڕی ناخۆدا بینیمان، ئەو خۆئامادەکردنە بوو بۆ ئەو ڕووبەڕووبونەوەیە. هێشتا ڕژێمی سەدام لە ئێراقدا فەرمانڕەوا بوو، ئەمان لەسەر ئەو تۆزە داهاتە و جڵەوی دەسەڵاتبەدەستەوەگرتن، کەوتنە شەڕەوە. دوژمنە سەرەکیەکەی کورد کە ئەنفالی بەسەر کوردا هێنابوو، لە بەغداد پێیان پێدەکەنی و لەشکری دەنارد بۆ یارمەتی لایەکیان.
لە کاتێکدا ئەو دوو حیزبە کوردیان بەرامبەر یەکتری پڕچەک دەکرد، زۆربەیەک نانی ڕۆژانەی نەبوو بیخوا. قووتی خەڵک بەزۆر داگیردەکراو ئاودیودەکرا و دەکرا بەچەک و دەنرا بەسنگی ئەو کوردانەی لە نەبوونیدا بووبونە چەکداری لایەنێکیان. هەر لایەک لەژێر ناوچەی نفوزی خۆیدا، خەڵکی دەکڕی و لایەنەکەی تری پاکدەکردەوە.
ئەوە چیرۆکی پێکەوەنانی ئەو هەموو لەشکرو سوپاو هێزە چەکدارەی دەسەڵاتبەدەستانی ئەمڕۆی کوردە لە کوردستانی ئێراقدا کە تەنانەت یەک ڕۆژیش لەگەڵ داگیرکەران نەخراونەتەگەڕ. ئێمە دوا شت کە پێویستمان بوو لەشکر و سوپا بوو، کەچی دوو حیزبەکە یەکەم شت لەشکرو سوپایان لێدروستکردین و پێدروستکردین و لە خۆماندا تاقیانکردەوە.
بەدرێژایی ساڵانێک ئێران و تورکیا تۆپبارانی سنورەکانی هەرێمیان دەکرد، کەچی هێزە چەکدارەکانی دوو حیزبەکە لە شوێنی خۆیان نەجوڵان، بەڵام لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایەی کوردستاندا، بە فیکەیەک هەموویان لەناو شارەکاندا ئامادەبوون بۆ سەرکوتکردنی هەموو ئەو گەنجە بێچەکانەی زۆر بە هێمنی، لەو مەیدانی ئازادیانەوە کە بۆخۆیان ناویان لێنابوو، کە دوژمنی میللەتی کورد نەبوون، کە ڕۆڵەی ئەم میللەتە بوون، کە داوای ژیانێکی

ئازاد و دادپەروەریان دەکرد بۆ هەمووان، هێزی چەکداری دوو حیزبەکە دارژانە سەریان و وەک ئەوەی ئەو دوژمنەیان دۆزیبێتەوە کە چەندین ساڵە کورد ئەنفال دەکات و نەفی لە بوونی دەکات، کەوتنە گیانیان، بە لێدان، بە ئەشکەنجەدان، بە جنێو و سوککردن، بە هەڕەشە، بە زیندانیکردن..... هەتا ئێستاش کەسانێک هەیە کە ڕەنگە باوەڕنەکات کە ئەوەی داپڵۆسین، هێزی چەکداری کورد بوو بێ.

کەواتە ئایا کورد چ پێویستیەکی بە هێزی چەکداری لەو جۆرە هەیە؟ ئایا هەر لە بنەڕەتدا کورد نەک هەر لە کوردستانی ئێراقدا، بەڵکو لە پارچەکانی تریشدا، پێویستی بە هێزی چەکدار هەیە، لە سەردەمێکدا کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی سپی، ناوچەکەی گرتۆتەوە؟

ئێمە بەدرێژایی مێژوویەک نەک هەر بە هێزی چەکدار، بەڵکو هەتا ئەم ساتەوەختەش بە دانوسانیش نەمانتوانیوە مافە سەرەتایەکانمان لە میللەتە داگیرکەرەکان وەربگرینەوە، ئایا دەتوانین بە چەک ڕوبەڕوی سوپای تورک و ئێران و سوریا و ئێراق ببینەوە؟

جگە لەوەی سەردەمی شۆڕشی چەکداری بەسەرچووە، ئێمە لە بزوتنەوە چەکداریەکانماندا تەنهاماڵوێرانی بەدوادا هاتووە بۆ میللەتی کورد، لە کاتێکدا لە هیچ یەکێک لەو بزوتنەوە چەکداریانە، بەزەبری چەک نەمانتوانیوە هیچ ئازادییەک، هیچ سەربەخۆییەک بەدەست بێنین.

کاتی ئەوە هاتووە چەک فڕیدەین و وەک میللەتێکی زیندوو بڕژێنە سەر شەقامەکان و داوای مافی ژیانبوونمان بکەین. ئەم سەردەمە سەردەمی ڕاپەڕینی وشیارییە، سەردەمی ئیرادەی ئازادە، هیچ سوپایەک لە جیهاندا ناتوانێت ئیرادەی میللەتێک تێکبشکێنێت، ئەگەر بیەوێت بە ئازادی بژی و سەربەست بێت.

کاتی ئەوە هاتووە بە هێزە چەکدارەکانماندا بچێنەوە و ئەو هەمووە گەنجە لە تراژیدیای کوشتن وبڕین ڕزگاربکەین. بە کوشتن، نە دوژمن کۆتایی دێت، نە میللەت، لەو نێوانەدا ڕێگەچارەی ئەقڵانیەت گەلێک زۆرە.

ئەوەی چەکبەدەستبێت، ئامادەی کوشتنیشە. بائەو دەستانە لە چەک دامالین، ئەوسا هەر خۆی دەگەڕێت بەدوای قەڵەمێکدا، بەدوای خاکەنازێکدا، بەدوای کارێکدا کە دەستەکانی پێ پڕبکاتەوە.

## خودی دەسەڵات چیە؟

## 09.06.2011

ڕەنگە پێناسەی دەسەڵات زۆر و فرەڕەنگ بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە چەند لایەنێک هەیە کە قسەکردنی زیاتر هەڵدەگرن و پێویستیان بەشیکردنەوەی زیاتر هەیە. سەردەمانێکی زۆر بە ئێستاشەوە، هەمیشە زانین و زانست خۆی لە خۆیدا دەسەڵات بووە و ئێستاش دەسەڵاتە. ئەوەی خاوەندارێتی کردبێت، وەک چەکێک بەرامبەر ئەوانی تر بەکاریهێناوە و هەوڵیداوە لەژێردەستی خۆیدا بمێنێتەوە وەک نهێنیەک کە ئەوانی تری پێ ملکەچک کات، یاخود بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بهێنێت.

دەسەڵاتشکاندن بەسەر بابەتێکدا، بەسەر کار و پیشەیەکدا، بەسەر هەبوونێکدا، چ مادی چ ڕۆحی، بەردەوامیی بە هەستی بوون دەدات. هەموو ئەنجامدانی کارێک، فەرمانێک کە لەو ڕێگەیەوە بڕوات، وزەی ژیان تازە دەکاتەوە و گوڕێکی نوێ دەبەخشێت. بەرهەمهێنان، ڕاپەڕاندی کار، هەڵسوڕاندنی ئیشێک، فەرمانێک. کە توانای بەسەردابشکێت، دەبێتە ئەو خوراکە ڕۆحیەی کە ئەو مرۆڤە بتوانێت لەسەر ئەو کارە بەردەوامبێت.

پێگە کۆمەڵایەتیەکە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی، ئەو ڕۆڵە گەورەیە نابێنێت، ئەگەر ئەو مرۆڤەی لەو پێگەیەدا پڕاوپڕ خۆی تیابدۆزێتەوە و دەسەڵاتی بەسەردابشکێت و چێژ لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی وەربگرێت. واتە دەسەڵاتبەسەرداشکاندنی بابەتێک، دوابەدوا بەرهەمهێنان و بەئەنجامدانی ئەرکێک، دوابەدواش چێژلێبینی ئەو پرۆسەیە، هەمووی پێکەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو مرۆڤە بوون و بەردەوامبوونی خۆی لەو پێگەیەدا ببینێتەوە و هەتا بۆیبکرێت بیپارێزێت.

ئەم چێژوەرگرتنە ڕۆحیە جەوهەرێکی قوڵتری هەیە وەک لەوەی تەنها ئەرکی شان سوککردن بێت. هەموو مرۆڤێک هەست دەکات کە دەبێت کارێک بەئەنجام بگەیەنێت، دەنا ژیانی بێمانایە. بەئەنجام گەیاندنی کارێک لەو جێگە و پێگە و سەردەمەدا کە مرۆڤ خۆی تیادەبینێتەوە، سەلماندنی بوونیەتی لەو ساتەوەختەدا. ئێمە بەڕێکەوت لەدایکنەبووین، بەڵکو درێژکراوەی بوونێکی گەورەترین کە هەمیشە لە گەشەکردن و ئاڵوگۆڕ و خولقاندندایە. ئەو چێژە ڕوکەشەی لە بەرهەمهێنان و هەڵسوڕان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانەوە پێیدەگەین، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی خولقاندن، یاخود چێژی خولقاندن.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چێژی دەسەڵات، دەتوانین بڵێین کە هەموو مرۆڤێک، لە قۆناغێکی ژیانیدا، لە یەکێک لە بوارەکانی ژیاندا، باشترینە. لەو بڕوایەوە کە هیچ مرۆڤێک لە جیهاندا بەزیادە لەدایکنابێت، ئەوا هەموو کەسێک جێگایەک هەیە کە پڕیبکاتەوە. واتە

**هەموو کەسێک دەبێت بوارێک هەبێت کە خۆی تیابدۆزێتەوە و چێژ لەخۆی و لە تواناکانی وەربگرێت.**

***واتە دەسەڵات، لە بنەڕەتدا دەسەڵاتبەسەرداشکاندنە، نەک فەرزکردنی خود بەسەر پێگەیەکدا کە هی ئەو نیە. دەسەڵات، پڕکردنەوەی پێگەیەکی کۆمەڵایەتیە بەپێی توانا، نەک داتاشینی پێگەیەک بۆ کەم توانایەک.***

***هەموو پێگە هەستیارەکانی کۆمەڵگای کوردی لە کوردستانی ئێراقدا، بۆ کەم توانایەک داتاشراوە و چێژ لە کایەیەکی دەسەڵاتدارێتی دەبینێت کە هی ئەو نیە و خۆی فەرزکردوە بەسەریدا، واتە بە زۆر جێگەی خۆی کردۆتەوە و توانای بەسەریدا ناشکێت، چونکە هی ئەو نیە، هەر بۆیە پێگە سیاسیەکانیش پوچەڵ دەبنەوە و بەها کۆمەڵایەتیەکانیان لەدەستدەدەن. بەو پێیەش نەبوینەتە خاوەنی فەرمانڕەوایەتیەک کە بتوانێت لە هەق بدوێت، لە حاڵەتێکدا کە خۆی بە ناهەق پێگەیەکی داگیرکردوە.***

## بەمەیمونکردنی مرۆڤ

13.06.2011

چەرخی کۆمەڵگای کوردی بەدەست دێوێکی شاخدارەوە، بەپێچەوانەوە دەچەرخێ و لەو وەرچەرخانەدا مرۆڤەکان بەمەیمون دەکرێنەوە.
هەموو منداڵێک کە لەدایک دەبێت، فریشتەیەک لە سەر زەوی دەکەوێتەوە. ئەوەی ناهێڵێت ئەو فریشتەیە ببێت بە مرۆڤ، ئەو کارگەیەیە کە کۆمەڵگای تێخزێنراوە و بەدەست دەستەیەکەوە هەڵدەسوڕێت و لەوسەرەوە بەمەیمونی بەرهەمدەهێنرێتەوە. بەمەیمونکردنی مرۆڤ ئاسانترە لەوەی کە ڕێگەی پێبدرێت وەک مرۆڤ بژی. هەموو هەلومەرجەکان ئامادەن بۆ داماڵینی ڕوی مرۆڤایەتی لە مرۆڤ و کردنەوەی بە مەیمون.
دەسەڵاتبەدەستنانی کورد پێویستیان بە مرۆڤ نیە، جگە لەوەی کە مرۆڤ نین، دژی بەمرۆڤبوونیشن. هەربۆیە دەبێت چەرخەکەیان شەوڕۆژ وا بسوڕێت کە لەگەڵ هەر لەدایکبونێکدا ئامادەبن بۆ بەمەیمونکردنی.
بەمرۆڤبوون کردارێکی سەخت و پەروەردەیەکی بەردەوام و مێژوویەکی دورودرێژی پێویستە. هەندێکجار چەندین نەوە دەخایانێت بۆ ئەوەی سەر ڕاستە بکەوێت. کرداری بەمەیمونکردنی مرۆڤی پێنەگەشتوو، نانەڕەقە و قامچیەکی بەسە.
دەسەڵاتبەدەستانی ئێمە ئەو کۆمەڵگایەیان ڕادەستکرا کە ڕژێمی پێشوو لە ناوەڕاستی ئەو پرۆسەیەدا بوو. هێشتا ئەو زەمانە ڕوی مرۆڤایەتی بە مرۆڤی کوردەوە تۆختر بوو، چونکە لە بەرگریدا بوو.
ئەمڕۆ لە دوای بیست ساڵ فریودان، ئەو مرۆڤەی بەرهەمیانهێناوە، لەڕوی مرۆڤایەتی داماڵڕاوە. بونەوەرێکیان خستۆتەوە کە ناتوانێت سەرپێی خۆی بکەوێت. بە ئیرادە لاواز و بە تەماح گەورە. بە ئەقڵ بچوک و لەبیرکردنەوەدا هەژار. دابڕاو لە مێژوو، بەرەڵا لە ئاکار.
ئەوەی ئێستا و لێرەدا پێویستە، ڕاوەستاندنی ئەو چەرخەیە و ئاڕاستە کردنەوەیەتی بەرەو ڕێڕەوی مێژوویی ژیان، ئەوەش کاری دەوێت و ئەرکی تاک و دوان و سیان نیە، بەڵکو ئەرکی نەوەیەکە کە دەبێت وشیار بکرێتەوە و بە ڕوی ڕاستەقینەی خۆی ئاشنا بێتەوە. دەبێت قبوڵی نەکات بەمەیمون بکرێت و بڕیاری مرۆڤبوونی خۆیبدات.
*دەسەڵاتبەدەستان تەنها داهات و سامانی میللەت نادزن، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو دزیەیان مسۆگەر و بەردەوام بێت، دەبێت سەرتاپای میللەت لە خەوی غەفڵەتدا بمێنێتەوە. دەبێت نە چاو و نە گوێ و نە دەمی هەبێت. دەبێت مەیمون بێت و بە نانە ڕەقەیەک ڕازیبێت و ئەگەر یاخی بێت بە قامچیەک بچێتەوە جێی خۆی.*

پرۆسەی بەمەیمونکردن، شێوازی زۆر لە خۆدەگرێت، لەوانە: پشتگوێخستنی ئەقڵ، بە برەودان بە غەریزەی مانەوە، قوڵبونەوە لە جەسەددا، بە دورکەوتنەوە لە ڕۆح. نقومبوون لە لۆکاڵیبووندا، بە سڕینەوەی جیهان و دەرگالەسەرداخستنی کۆمەڵگا. درۆکردنی بەردەوام، تا بە ڕەوایەتیکردنی. پەروەردەکردنی مرۆڤی بەئامێرکراو، کە هەر کاتێک قورمیشبکرێت، بکەوێت ئیش و داپلۆسێت، بەبێ ئەوەی بپرسێت بۆ. هێشتنەوەی ڕەگەزی مێ لەژێر دەسەڵاتی نێردا، مەیمونئاسا هەر کاتێک نێرێک ویستی، بە ئاسانی بپەڕێت.
تەسکردنەوەی فەزای کۆمەڵگا بۆ کۆمەڵێک مشەخۆر و بەقوربانی کردنی پاشماوەکەی کە منداڵ و پیر و ژن و هەژار و کاسبکار و مامۆستا و فەرمانبەر دەگرێتەوە.
چۆن لەم کابوسە ڕزگارمان بێت؟ ئەمە تەنها ژیانی من و تۆ نیە، بەڵکو ژیانی منداڵەکانیشمانە کە پێویستیان بە نیشتیمانێک هەیە تیا گەورەبن و تیایدا بژین، بەبێ ئەوەی ناچاربن کە بەجێیبێڵن و لە وڵاتێکی تردا پەناهەندەبن.
مرۆڤبوون بەبێ کتێب لە جیهانی ئەمڕۆماندا ئەگەر مەحاڵ نەبێت، ئەوا زۆر دژوار و سەختە. مەسەلە نەبوونی کتێب نیە، بەڵکو نەخوێندنەوەی کتێبە و تەرجومەنەکردنیەتی بۆ واقیعی بەکردەوە، بەزیندوێتی ڕانەگرتنی ڕۆژانەی نوسینە. لەگەڵدانەڕۆشتنی ڕوداوە جیهانیەکانە، ئەگەر بەشێوە ڕوکەشەکەشی بێت. پڕکردنەوەی ئەو بۆشایە گەورەیەی نێوان کتێب و مرۆڤەکان، یەک دنیا کەلتور و دامەزراو و مرۆڤە، کە بە بەردەوامی ئیشی تیادەکرێت و دادەڕێژرێتەوە و پاکدەکرێتەوە و پوخت دەکرێتەوە و گەشەی پێدەدرێت.
کۆمەڵگای کوردی لە نەخوێندەواریدا هێڵراوەتەوە، نەک کە نازانێ بخوێنێتەوە، بەڵکو کار بە دەقی نوسراو ناکات. هەر لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتەوە تا دەگاتە نزمترین ئاستی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگا. نێوانی نوسین و ژیان، دابڕانێکی گەورە لێکیانجیادەکاتەوە. هەتا ئێستا نوسین ئەو گوڕوتینەی نیە کە بتوانێت بگاتەوە بە ژیان. مرۆڤەکانی کۆمەڵگای ئێمە بە شێوەیەک شێوێنراون کە ناپەرژێنە سەر کتێب، سەر فکر و هیچ کاتێک لە مێژوویاندا فکر سەرچاوەیەک نەبووە بۆ ژیان، بەڵکو چەند کەسێک بۆ بێتاقەتی دەرکردن شیعریان نوسیوە و لە دیوەخانەکاندا خوێندویانەتەوە. فکری ئێمە لە شیعر تێنەپەڕیوە، هیچ دیوارێکی نەڕوخاندووە، هیچ مێشکێکی نەکردۆتەوە کە بزانێت چی لە ژیاندا دەگوزەرێت.
ئەمە دەرئەنجامێکی گشتیە و تاکوتەرا ناگرێتەوە، مەبەست ئەوەیە کە تاک و تەنها هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ ناخولقێنێت کە بە مێژووەوە دیاربێت. ئەوەی ئێستا هەمانە ئەو کۆمەڵگا نەخوێنەوارەیە لە پڕێکدا لە جەنجاڵی جیهانێکدایە کە بەس فریای فێربوونی پەلاماردان بوون، بۆ ئەوەی فریابکەون، بەبێ ئەوەی بزانن فریای چی بکەون. ئەوەی دەیبینن دنیایەکی خۆشگوزەرانی ماددییە، بەڵام پشتی ئەو بەهایانە نابینن کە بنەمای ئەو خۆشگوزەرانیەی

ئەفراندووە، ئەویش ئەو ئەقڵەیە کە و بیردەکاتەوە و دەق دەنوسێت و دەیخوێنێتەوە و بە واقیعی کردەوەی دەکات.

*بەبێ فکر ئێمە بە هیچ کەنارێک ناگەین. نە ژمارەی قوربانیەکان، نە شەهیدەکان، نە هەوڵدانەکان نە خۆماندووکردنەکان، ناتوانێت لە نەزانیەوە بمانپەڕێنێتەوە و بمانکاتەوە بە مرۆڤ. هەربۆیە کرادارى بەمەیمونکردنەوەمان ساکارتر و ئاسانترە و کەمترى تێدەچێت بۆ هەموو ئەو دەسەڵاتبەدەستانەی دەستاودەستمان پێدەکەن.*

کەلتورى نوسین و خوێندنەوە و بەکارهێنانى بەکردەوەی، دەبێت بەڕەسمى بکرێت، هەر لە فەرمانڕەواوە تا دەگاتە بەخێوکردنى منداڵ و پەروەردەکردن و بڕینى هەموو کۆمەڵگا.

هەتا ئێستا خوێندنەوە و نوسین لەلای ئێمە لە ئارەزویەکی تاکەکەسی دەرنەچووە، ئەوەی ناتوانێت کاردانەوەی لە کۆمەڵگادا هەبێت. ئەو دابونەریتە نەنوسراوەیەی چەندین ساڵە لە جێگەی دەقی نوسراو کارییێدەکرێت، ئەوەندە ئەستور بووە کە بە ئارەزو و ئاواتی تاکەکەسی نابڕدرێت و تەنها خدوتکەی ڕوەکەی دەدات.

ئەوەی ئێمە پێویستمانە ڕامالینى سەرتاپای ئەو ناکەلتورییەیە و دامەزراندنى کەلتورێکە کە کە بورای ئەوەی تیا نەبێت مرۆڤ بکرێتەوە بە مەیمون.

نهێنى ئەوەی لە ئەوروپا دیکتاتوریی ناتوانێت بگەڕێتەوە سەر حوکم، ئەوەیە کە مرۆڤەکان بوون بە مرۆڤ و ناتوانرێت بکرێنەوە بە مەیمون.

## زەمەنی دزراوی ئێمە

## 15.06.2011

نیشتیمان هەر ئەو پارچە زەویە نیە مرۆڤی تیا لەدایک دەبێت. منداڵیی چاوی تیادەکاتەوە و کۆڵان، دەرگا بەسەر "شوێن"دا دەکاتەوە. ئێمە لەدایکبووی نیشتیمانین و هەتا مردن پێویستمان پێیەتی. مرۆڤ بەمانای وشە ڕەگوڕیشەی نەبینراوی هەیە لەو جێگایەی تیایدا لەدایک دەبێت، هەروەک هەموو ڕووەکێک کە ڕەگوڕیشەی هەیە لە خاکدا. دڵخۆشبوون بە کەلاوەی نیشتیمان، تەنها دڵخۆش بوون نیە بەوەی مرۆڤ منداڵیی تیا بەسەربردووە، بەڵکو ئەو دڵخۆشبوونە ئەو پەیوەستبوونەوەیەیە بە هەموو ئەو تاڵە نەبینراوانەوە، بە زادگەکەیەوە.

زەمەنی منداڵیی زەمەنێکی کراوەیە، کە دەبێتە سەرچاوەی ئەو زەمەنەی لە گەورەبووندا مرۆڤ تیایدا دەژی. زەمەنی گەورەیی تەنها درێژکراوەی زەمەنی منداڵی نیە، بەڵکو دوریی بۆدانانی ئەو سەرچاوە پڕەیە کە لە منداڵیدا دەبینە خاوەنی.

*لە منداڵیدا لە زەمەنی ئێستادا، دەبینە خاوەنی سبەینێ و دوێنێ بە تێکپڕاوی. لە گەورەیدا تەنها تاڵ تاڵ ئەو زەمەنە وەردەگرینەوە و ڕۆژانەمانی پێدەچنین، بەوپێیەش دەبینە خاوەنی مێژوویەک کە لە دوێنێوە دەستپێدەکات و لە ئێستادا بەردەوامە و سبەینێ دەهێنێت.*

ئەمە هەمووی سروشتیە و هەستی پێناکرێت تا ئەو کاتەی وەک گەورەیەک مرۆڤ ناچاردەکرێت ئەو سەرچاوە زەمەنیەی، ئەو مێژووەی بپچڕێت و لێیجیابێتەوە.

تا نزیکەی حەوت ساڵی، مرۆڤ لەو زەمەنە کراوەیەدا دەژی، ئەو دەریای زەمەنە بنەمای هەموو تەمەنە و قوم قوم لەو دەریایە بەدرێژایی تەمەن دەمیپێتەڕدەکرێت و مرۆڤ دەچێتەوە سەر ئەو سەرچاوەیە و وێستێک دەکات و وێنەی خۆی تیا دەبینێتەوە و دیسانەوە بەجێیدێڵێتەوە. لە کاتێکدا لەوە دڵنیایە کە تەنها هی خۆیەتی و هەموو کاتێک دەتوانێت بێتەوە سەر ئەو دەریاچەیە.

نیشتیمان تەنها پانتایی شوێنێک نیە کە لەسەری لەدایک دەبین، بەڵکو ئەو دوورییە زەمەنیە تایبەتیەشە کە هەریەک لە ئێمە بۆ خۆمانی دەچنین.

ئێمە بۆ لە نیشتیمانی خۆماندا بێ نیشتیمانین؟ بۆ هەست بە غەریبی دەکەین؟

لەگەڵ تێپەڕبوونی هەرساڵێکی تەمەندا، ئێمە کەمتر و کەمتر دەتوانین خاوەنی زەمەنی خۆمان بین. هەر لە ناو خودی خێزانەوە، وردە وردە کاتەکانی منداڵ بەرتەسکدەکرێتەوە و هەتا گەورەتر دەبێت، چواردەور زیاتر داگیریدەکات. کاتێک بەتەواوەتی گەورە دەبێت، هەموو زەمەنەکەی داگیرکراوە و تەنها دوورییە جوگرافیاییەکەی ماوەتەوە لەسەری

بوەستێت، بەبێ ئەوەی خاوەنی زەمەنی خۆی بێت. بەمەش پەتی پەیوەندی بە سەرچاوەی زەمەنە کراوەکەی منداڵیەوە دەپچڕێت و ناتوانێت پێوەی پەیوەستبێتەوە، ناتوانێت هیچی لێهەڵهێنجێت، ناتوانێت هێڵی بەردەوامبوونی لەگەڵدا بدۆزێتەوە. بەمەش لە ماڵەکەی خۆیدا دەبێتە غەریبە و لە نیشتیماندا دەبێتە پەناهەندە.

پچڕانی ئینتیما بە خودەوە، سەرەتای پچڕانی ئینتیمایە بە هەموو ئەو پێداویستیە ڕۆحیانەی بۆ مرۆڤێک پێویستە، وەک مێژوو، کۆمەڵگا، مرۆڤ، کە بتوانێت بە سروشتی لە چواردەورەکەیدا هەڵسوکەوتبکات.

*زەمەنی ئێمە کێ دەیخوات؟ کێ، چی گەنجێتیمان هەڵئەپرۆسکێنێت و گەورەیمان لە قاڵبدەدات و لە تەمەنی سی ساڵیەوە پیرمان دەکات و لە چلدا کەنارمان دەخات و لە پەنجادا خانەنشین و چاوەڕانی مردن کردن؟*

زەمەنی ئێمە داگیرکراوە و لە ماڵەکانی خۆشماندا خاوەنی هیچ کاتێک نین کە هی خۆمان بێت. زەمەنی هەموو کۆمەڵگا بە لاڕێیەکی مێژوویدا ئاڕاستە دەکرێت. زەمەنی مێژوویی ئەوەیە کە هەر یەک لە ئێمە خاوەنی زەمەنی خۆمان بین و ئازادبین. کۆی ئەو زەمەنانە دەکاتە مێژووییەکی ڕاستەقینە و لە ڕاڕەوی مێژووی جیهاندا جێگەی خۆی دەکاتەوە و تێیدەڕژێتەوە.

ئاڕاستەکردنی کۆی زەمەنی کۆمەڵگا بە لاڕێیەکی مێژوویدا بۆ مەبەستێکی دیاریکراو پەیڕەو دەکرێت. هەموو بەلاڕێبردنێکی مێژوویی، کردارێکی سەخت و دژوارە و دەبێت بە زەبروزەنگ بەڕێوە بچێت.

بەرژەوەندی دەسەڵاتبەدەستانی ئێمە لەوەدایە کە خاوەنی زەمەنی هەمووومان بن و هەناسەمان لەژێر پەلەپیتکەی ئەوندا بێت. مرۆڤ تەنها لە شوێندا ناژی، بەڵکو پێویستی بە زەمەنیش هەیە کە هاناسەی تیابدات.

*دەسەڵات وادەخوازێت زەمەنت نەبێت بیربکەیتەوە، ئەگەر بیریشتکردەوە، بۆ ئەو بیربکەیتەوە. ئەو پێویستی بە بێدەنگی هەموو ئەوانی ترە کە بۆ ئەو بیرناکەنەوە و زەمەنەکانیان تەسلیمی ئەو نەکردوە.*

دەسەڵاتبەدەستانی ئێمە دەستەیەکی بچوکن و کۆمەڵێ بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان هەیە لەدوی کەوتوون. لەو هەلومەرجە مێژووییەی کەوتۆتە ژێردەستیان، ڕێگە بەهیچ بەرژەوەندیەکی تر نادەن ڕکەبەرایەتیان بکات. هەتا ئەو کاتەی دەتوانن بەرگری لە خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان دەکەن، بە هەموو ئەو هێز و سامانەی خستویانەتە ژێر ڕکێفی خۆیان.

*بەکۆیلەبوون بریتیە لەوەی کە یەکێکی تر خاوەنی زەمەنەکەی تۆ بێت. ئێمە هەمووومان کۆیلەی دەسەڵاتێکین کە دەستیگرتووە بەسەر کۆی زەمەنەکاندا و دەیەوێت لە بەرژەوەندی خۆی بەگەڕیبخات.*

*دەسەڵاتی ئێمە ئەگەر چەند بنەماڵەیەکیش بن، هەر بەمانای یەک کەس دەگرنەوە، چونکە لە تەماحی تاکەکەسی دەرناچێت. دەسەڵات پرۆژەی زۆرە بۆ بەرژەوەندیەکانی، پێویستی بەوەیە چەندین کەس لە خۆی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی. هەموو یەکێک کە بۆ ئەو ئیش دەکات، زەمەنەکەی خۆی خستۆتە سەر زەمەنی ئەو. بەو پێیە دەسەڵات لە یەک کاتدا خاوەنی چەندین زەمەنی خۆیەتی، یاخود خاوەنی زەمەنی هاوشێوەی خۆیەتی.*

بۆئەوەی هەموو کەس ببێتەوە بە خاوەنی زەمەنەکەی خۆی، دەبێت هەموومان وەک یەک ئازاد بین. ئازادی ئێمە لە ئازادی هەڵسوکەوتی دەسەڵات کەمدەکاتەوە و بەرژەوەندیەکانی دەگێڕێتەوە قاڵبە تاکەکەسیەکەی خۆی کە بە تەنها بەپێی تواناکانی خۆی پڕیبکاتەوە، نەک بە خاوەنداریێتی زەمەنی ئێمە.

لێرەدا ڕوبەڕوبونەوەکان ڕودەدات و ئەو خاوەنی دەسەڵاتی چەکبەکارهێنان و بەرگری لەخۆکردنە بەهەموو ئەو تواناییانەی ژێردەستی خۆی خستووە. دەسەڵات تائەو کاتە دەتوانێت بەرگری لەخۆی بکات کە خاوەنی زۆربەیەک لە زەمەنەکانی ئێمە بێت و خۆی تیا بەرجەستەبکات.

کاتێک ئێمە وردە وردە دەبینەوە بە خاوەنی زەمەنی خۆمان و بۆ بەرژەوەندی خۆمان بەکاریدەهێنین، ئەوا دەسەڵات لە ڕاستیدا خۆی گۆجە و ناتوانێت هیچ کارێک ئەنجامبدات. ئەوە ئێمەین بەرژەوەندیەکانی دەپارێزین و لەجیاتی ئەو کاردەکەین و دەرخوادیدەدەین.

ڕاستکردنەوەی ئەم بارودۆخە خوارڕۆشتووە، لە ئەستۆی هەموو ئەو کەسانەدایە کە دەیانەوێت خاوەنی ژیانی خۆیان بن. کەس نیە نەیەوێت خاوەنی ژیانی خۆی بێت، تەنها ئەوەیە کە هەندێکمان زوتر دەرکی پێدەکەین و هەندێکمان درەنگتر.

دەسەڵاتبەدەستانی ئەمڕۆ گرەوەکەیان لەسەر ئەوانەیە کە درەنگ دەرک بە ژیانی خۆیان دەکەن.

## دەسەڵات و بەرپرسیارێتی

16.06.2011

هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی سەدەهای ساڵە کۆمەڵگای کوردی بەدەستیەوە دەناڵێنێت، ئەم دەسەڵاتبەدەستانەی ئەمڕۆ لێیبەرپرسیارن. ماوەی بیست ساڵە جڵەوی فەرمانڕەوایەتیان بەدەستەوەیە و یەک بست کۆمەڵگای کوردیان نەبردۆتە پێشەوە. بە پێچەوانەوە، بونەتە هۆکاری پاشەکشە و داڕزانی ئاکاری کۆمەڵایەتی و دابەزینی ئاستی بەکارهێنانی ئەقڵ و بۆگەن بوون لە زیادەڕۆیی بەکارهێنانی غەریزەدا.
دەسەڵاتی کوردی لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردودا هەر خواردویەتی و هیچی بۆ کۆمەڵگا بەرهەم نەهێناوە لە خەساندنی زیاتر. یەک کێشەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، زانستی، زمانەوانی...هتد چارەسەر نەکردووە و لە قوڵکردنەوەی ئەو کێشانەدا بەردەوام بووە، لە کاتێکدا بەرپرسیاری یەکەمە لە چارەسەرکردنیاندا.
دەسەڵاتی سیاسی کە حوکمەت دادەمەزرێنێت و ئەرکی کۆمەڵگا دەخاتە سەرشانی خۆی، بەرپرسیارێتی مێژوویی تەنها جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئێستا و ئێرەی کۆمەڵگا نیە، بەڵکو دەبێت هەموو هەڵە مێژوویەکانی پێش خۆشی بگرێتە ئەستۆ و ڕاستیان بکاتەوە.
لەو بەرپرسیارێتیە مێژووییە ناپەڕێنەوە بەوەی کە ئەوان فەرمانڕەوا نەبوون و دەستیان نەبووە لەو هەڵانەی پێشودا کە پشکی بەرپرسیارێتیان بەرنەکەوێت. هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر کورددا هاتوە بەدەست ڕژێمەکانی پێشوەوە، سارێژکردنەوەی هەموو برینەکان و ئیعتیبار بۆهێنانەوەی ڕوی مرۆڤایەتی مرۆڤی کورد، کەوتۆتە ئەستۆی ئەو دەسەڵاتەی ماوەی بیست ساڵە فەرمانڕەوان و لە بچوککردنەوەی مرۆڤی کورد و پشتگوێخستنی وەک نەتەوە، وەک میللەت، وەک خاوەنی نیشتیمان، وەک خاوەنی دەوڵەت، دوابەدواش وەک مرۆڤێک، هیچی زیاتریان نەکردوە.
دەسەڵات نە بەرپرسیارێتی بیست ساڵی ڕابورددووی هەڵگرتووە، نە بەرپرسیارێتی مێژوویی، نە خۆی کردوە بە خاوەنی هەموو ئەو ناهەقیانەی بەرامبەر بە کورد کراوە.
ئایا دەسەڵاتی کوردی چ بەرپرسیاریەتێکی هەڵگرتووە؟ لە کاتێکدا خۆی بێبەری کردوە لە هەموو ئەو پرسانەی پەیوەستە بە میللەتەوە؟
کیمیاباران و ئەنفال و ڕاگوێزان و بەعەرەبکردن و دێهات سوتاندن و زیندانیانی سیاسی و کەسوکاری لەسێدارەدراوان و هەزارەها تاوانی تر کە دەرهەق کورد کراوە و ئەم دەسەڵاتە کوردیە تەنها بۆ پڕوپاگەندە و چاوبەستن و ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی بەکاریهێناوە.

هەتا ئێستا وا باوبووە کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، لەبەر مانەوەی خۆیان، ڕێزیان لە کوژراوەکانی خۆیان گرتووە و بە شەهید کراون و کەسوکارەکانیان بە چەندین جۆر خەڵاتکردن بێدەنگ کردووە. کەچی ئەم دەسەڵاتە کوردیەی لەهیچ ڕژێمێک ناچێت تەنانەت ڕێز بۆ کوژراوەکانی خۆشی دانانێت.
ئەوەی بەناوی بێسەروشوێنەکانی شەڕی ناوخۆوە ناوی دەرکردوە، وەک ئەوە وایە لە کۆریاوە هاتبن و هەتا ئەمڕۆش کە چەند هەزارێکن، هەر دەکرێت بەژێر گڵەوە و بە مقاشیش ورتەیەک لەدەمی دەسەڵاتدارانەوە دەرناهێنرێت کە چۆن بێسەروشوێن کراون، نەک بە شەهید حساب بکرێن و خەڵات بکرێن و ڕێزیک بۆ ئەو مرۆڤانە دابنێن کە بەکوشتیان داون و کەسوکاریان بەسەربکرێتەوە.
ئەگەر ئەوە بەرپرسیارێتیەکەیان بێت بەرامبەر بە چەکدارەکانی خۆیان، ئەی دەبێت چۆن بچنە ژێرباری ئەوەی کە بەرپرسیارێتی کەسوکاری کیمیاباران و ئەنفالکراو و ڕاگوێزراو و زیندانیکراوان و..... بگرنە ئەستۆی خۆیان؟
ئاخۆ بەرپرسیارێتی دەسەڵاتبەدەستانی ئێمە ئەبێ چی بێت؟ یەک لە سەر سێی کوردستانی ئێراق، سەر بە فەرمانڕەوایەتی ناوەندە و فەرمانڕەوایانی کوردیش ماوەی بیست ساڵە مێش میوانیان نیە، یاخود ببورن خۆ ناکرێت کێشەی خاک و نیشتیمانیش هەر بەرپرسیارێتی ئەوان بێت. ئەوان نیشتیمانیان بۆچیە لە کاتێکدا سێ پارێزگاکەیان دابەشی دوو کردووە و دەمیان تێژەنیوە و لەبەرەوە دەیخۆن.
ئەی ئەگەر ئێمە بپرسین و بڵێین، ئێمە ئەم دەسەڵاتەمان بۆچیە؟ هەڵبەتە ناتوانین یەک هۆی شیاو بدۆزینەوە بۆ دەستپێوەگرتنی ئەم دەسەڵاتە.
*ئێمە خاوەنی دەسەڵاتێکین بەبێ بەرپرسیارێتی. دەسەڵاتێک تەنها خۆی بە خاوەنی هەق دەزانێت و خۆی بە خاوەنی خێروبێری ئەم نیشتیمانە دادەنێت و تەنها لە بەرژەوەندی خۆیدا دەیخاتەگەڕ، بەبێ ئەوەی هیچ بەرپرسیاریەتێکی مێژوویی بەرامبەر بە کۆمەڵگا و میللەت و دوارۆژی میللەت هەڵگرتبێت. بە کورتیەکەی ئەوەی بۆی لواوە هەتا بتوانێت دەستبەرداری نابێت و کەسیشی ناوێت بەشداری بکات و هیچ بەرپرسیاریەتێکیشی ناوێت بیخاتە سەرشانی خۆی.*

## ئەگەر ئەمجارەش

## 22.06.2011

ئەگەر ئەمجارە شۆڕشی کۆمەڵایەتی سەرنەکەوێت، دەبێت هەریەک لە ئێمە پەیکەرێکی بچوکی سەرکردەکانمان لە ماڵەکانماندا هەبێت و بەیانیان لەگەڵ لەخەوهەڵسان سوژدەیان بۆ بەرین و ماچیان بکەین و ستایشیان بکەین و سوپاسیان بکەین کە ئەمڕۆش لە سایەی سەری ئەوانەوە لە ژیانداین.
ئەگەر ئەمجارەش نەمانوێرا ئازاد بین و ملکەچیمان هەڵبژاردەوە، پێویستە ناوی خۆمان لە مێژوودا بسڕینەوە و منداڵەکانمان فێربکەین کە هیچ کاتێک لەسەر گۆی ئەم زەویە میللەتێک نەبووە باناوی کوردەوە و هیچ سەرزەمینێکیش نەبووە ناوی کوردستان بوو بێت.
ئەگەر نەمانوێرا سەربەخۆ بین، هەر لەئێستاوە دەست بەنوسینەوەی مێژوو بکەینەوە و بۆ جیهانی بسەلمێنین کە میللەتێک هەیە نایەوێت سەربەخۆبێت، نایەوێت خاوەنی سەروەریی بێت، فێری ژێردەستییە و هەمیشە دەبێت شوانێک، دووان، سەدان شوان لێیبخوڕێت. میللەتێک هەیە ڕکی لە ئازادی و سەربەخۆیی و سەروەرێتی دەبێتەوە. نایەوێت سەربەرز بژی. پێویستە هەر هەموومان ئیمزا لەسەر ئەو دانپیانانە بکەین و بە ڕەسمی بە جیهاندا بڵاویبکەینەوە.
ئەگەر ئەمجارەش نەمانتوانی ببینە خاوەنی دەوڵەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ هەموو میللەت مسۆگەر نەکرێت، پێویستە لەسەر هەر یەکێکمان پاکانایەک بۆ سەرۆکەکان پڕبکەینەوە و بێبەری خۆمان و منداڵ و منداڵی منداڵەکانمانی تیا بەیان بکەین لە هەقی هەبوونی دەوڵەت و هەموو مافێک کە بە خوێی چێشت پێمان بگات.
ئەگەر ئەمجارەش ئەم شەپۆلە بەجێمانبێڵێت و دەستمان لێیببێتەوە، دەبێت هەریەک لە ئێمە بەدەستی خۆی نەمامی ئەو جەنگەڵستانە بچێنێت کە لەوەودوا تیایدا دەژێن. لە هەموو پیرەدارێک پەیکەرێک بۆ سەرکردە قامچیبەدەستەکانمان داتاشین و سەری کوچە و کۆڵانەکانمانی پێبڕازێنینەوە.
ئەگەر ئەمجارەش ئەم شەپۆلە ئێمەش نەبرێت، بۆ مردن باشین و هیچ پێویست ناکات چیتر خەو با ژیانێکی ئازادەوە ببینین و بڵێین ئێمەش مرۆڤین و بەشێکین لە مرۆڤایەتی. نەخێر ئەوسا بەشێک نین لە مرۆڤایەتی، بەڵکو پاشماوەی نمونەی میللەتێکی ترسنۆکین کە ناوێرین ئیرادەی ژیان بەکاربێنین.
ئەگەر ئەمجارەش بە مێژووەوە پەیوەست نەبینەوە وەک میللەتێکی سەربەخۆ، پێویستە لە ئێراق و سوریا بە عەرەبی و لە ئێران بە فارسی و لە تورکیا بە تورکی قسەبکەین.

**چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانە دەبێتە هەقی ڕەوای میللەتانی عەرەب و فارس و تورک و ئێمەش چەپڵەلێدەری فەرمانڕەواکانیان.**
**ئەگەر ئەمجارەش هەر چاوەڕوانی مفاوەزات بین بەڵکو کورد شتێکی دەستکەوێت، وەک شەستەکان، حەفتاکان، هەشتاکان، نەوەدەکانی سەدەی پێشوو، ئەوا لە سەدەی بیستویەکیشدا هەر ئەوەندە دەسکەوتی دەبێت و دەبێت بێشەو سەربنێینەوە و ئازادی و سەربەخۆیی ئەو خەیاڵپلاوە بێت کە بۆ منداڵەکانمانی بکەین بە چیرۆکی شەوانەخەوێ.**

## دەنگی ویژدان

## 23.06.2011

ئایا دەکرێت لە کۆمەڵگایەکدا بژین کە مرۆڤ ئەوەندە دڵنابێت لە ژیانی دەرگای ماڵی دانەخات و ترسی لە هیچ کەسێک نەبێت هەڕەشە لە ژیانی بکات، ئازاری بدات، خراپبەکاریبێنێت، فریویبدات؟ ئایا دەکرێت لە هەرکویَ پێویستی بە یارمەتی بێت، ئەو کەسەی لێوەی نزیکە لەو کاتەدا دەستی بگرێت و یارمەتی بدات؟ ئایا دەشێت ئەو کۆمەڵگایە دامەزرێت کە گەورە و بچوک بە هاوسۆزی و هاوئاهەنگیی پێکەوە بژین وەک ئەوەی هەموو کەسی یەکتری بن و خەمی یەکتری بخۆن؟

کۆمەڵگایەکی لەو شێوەیە چی پێویستە و چۆن دادەمەزرێت؟ ئایا جگە لە دەستور و یاسا، چ پەروەردەیەک دەتوانێت لا تاریک و شەڕانیەکی مرۆڤ، وەرگێڕێتە سەر خێرخوازیی و ئاشتی و ڕوناکی و خۆشەویستی؟ ئایا لایەنە دڕندەکەی مرۆڤ هەتاهەتایە هەر کێوی دەبێت و هەرگیز ماڵیناکرێت؟ ئایا ڕاستە ئێمە هەمووومان هەڵگری هەردوو لایەنەکەین بەڕێژەی زۆروکەم و لەبارودۆخی جیاوازدا، ئەو لایەنە زاڵ دەبێت کە دۆخەکەی بۆ لەبارترە؟ ئایا هیچ مرۆڤێک هەیە لەم ژیانەدا لەسەدا سەد جێگەبڕوا بێت؟

ئەگەر ئێمە هەمووومان لە خێر و شەڕ پێکهاتبین، ئەی جیاوازیەکانمان لە چیدایە؟ ئەو مرۆڤەی کە هێمنە و لەسەرخۆیە، دەشێت بکەوێتە هەڵوێستی واوە کە ئارامیی و ژێرێتیی لەدەستبدات و زۆرجاریش پەلامار بدات. ئەو جەللادەی کارەکەی ئەشکەنجەدانی مرۆڤە، دڵداری دەکات و خێزان پێکەوە دەنێت و منداڵی دەبێت و خۆشیشی دەوێت و وەک هەموو باوکێکی ئاسایی دەیپارێزێت.

ئایا لە بنەڕەتدا هەمووومان وەک یەکین و تەنها کەموزۆری ڕێژەی باشە و خراپە لەیەکترمان جیادەکاتەوە، یاخود ئەو دەنگەی ناوەوەمان کە پێی دەوترێت ویژدان، هەندێک هەیەتی و هەندێک هێشتا تیایدا دروستنەبووە؟ ئایا دەشێت مرۆڤێک لەدایکبێت ویژدانی نەبێت؟ یاخود تەنها جیاوازیەکان لەوێوە دروست دەبێت کە هەندێکمان هەر لە تەمەنێکی زووەوە دەنگی ویژدانی تیاکپدەکرێتەوە و تا لە گەورەبووندا بەتەواوەتی نوزەی لێدەبڕێت و تەنها قاوغێکی بەلەش زیندوو، بەڕۆح مردوویی دەمێنێتەوە؟

واتە باشیی و خراپیی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی زیندوێتی و چالاکی دەنگی ویژدان، ئەی دەنگی ویژدان چیە؟ ئەوەی سەر بە ڕەگەزی مرۆڤ بێت، بەبیَ دەنگی ویژدان لەدایک نابێت. لە ویژداندا ئێمە هەمووومان یەکدەگرینەوە، یاخود لە ویژداندا یەکیین، واتە مرۆڤین. ئەو کاتانەی کە بەرامبەر یەکتری لەسەدا سەد بە ویژدانێکی بەئاگا و زیندووەوە لەگەڵ یەکتردا

هەڵسوکەوت دەین، مەحاڵە بتوانین ئازاری یەکتری بدەین. چونکە لەو دۆخەدا، بەرامبەرەکان بەهاکانی یەکتری وەک بەهای خۆیان دەبینن و هیچ لایەکیان ناتوانێت ئەوی بەرامبەر پێشێل بکات، چونکە وەک ئەوە وایە کە خۆی پێشێل بکات. ئەمە ڕەنگە لە واقیعی ڕۆژانەدا دەگمەن بێت، بەڵام ئەمە حەقیقەتێکە کە هەموو مرۆڤێک خاوەنیەتی.
کەموزۆری بەئاگایی لەو هەستە ناوەکیەی بەیەکترمان دەبەستێتەوە، کەوتۆتە سەر زیندوێتی و چالاکی دەنگی ویژدانمان بەرامبەر یەکتری. ئەو کاتانەی بە تەواوەتی دەتوانین دەست بخەینە قورگی یەکتری، ئەوە ئەو کاتانەیە کە دەنگی ویژدان تیاماندا خنکاوە و دەمێکە مردووین.
مرۆڤ بە ڕێکەوت لەسەر گۆی ئەم زەویە نەکەوتۆتەوە، بە هەزارەها تاڵی نەبینراوەوە لە تۆڕێکی گەورەتردا، بەستراوەتەوە بە سەرچاوەیەکەوە. گۆی زەوی لەخۆیەوە نەگونجاوە بۆ ئەوەی مرۆڤی تیا پەروەردەبێت، ئەو هاوسەنگیەی لە سروشتدا هەیە بەبێ بیرکردنەوەیەک ڕاناگیردرێت.
ئەو مرۆڤانەی هەست بە گوناه دەکەن، خاوەنی ویژدانێکی زیندوون. مرۆڤ بۆ هەست بە گوناه دەکات، کاتێک هەڵەیەک بەرامبەر مرۆڤێکی تر دەکات، یاخود دەبێتە هۆی ئازارێک بۆ یەکێکی تر؟ ئایا لێرەدایە کە دەتوانین پێناسەیەک بۆ ویژدان بەڕونی ببینینەوە. دەنگی ویژدانمان دەزانێت کە ئێمە هەموومان سەر بەیەک سەرچاوەین و ئازاردانی یەکێکی تر، ئازاردانی خودی خۆمانە. لەڕاستیشدا زۆرجار هەست بە گوناهکردن، گەلێک بەئازارترە لەو هەڵەیەی کە ئەنجامدراوە. واتە مرۆڤ خۆی سزای خۆی دەدات، چونکە بە نائاگایی دەزانێت هەڵەی بەرامبەر بە خۆی کردوە.
ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەی سەرتا، کە بۆ ناتوانرێت کۆمەڵگایەکی گونجاو و لەبار بۆ مرۆڤ دامەزرێنرێت. ڕەنگە نەتوانریت لەسەدا سەد ئەو پەروەردەیە پەیڕەوبکرێت کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ، هەمیشە بە ویژدانێکی بەئاگا و زیندووەوە لەگەڵیەکتریدا هەڵسوکەوتبکەن. هەربۆیە لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا لەگەڵ ئەو هەموو وشیارکردنەوە و پەروەردەکردنەدا، بەناچاری هەتا بۆیانبکرێت کونوکەلەبەری هەموو خراپبەکارهێنانێک دەکرێتە یاسا و ئەو بوارانە هەتادێت بەرتەسکتر دەکرێتەوە، بەوپێیەش ئەو کۆمەڵگایانە خاوەنی زۆرترین یاسای ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکانن و ژمارەشیان هەر ڕو لەزیادبوونە.
ئەوەی دەکرێت ئەوەیە کە بتوانرێت زۆرترین مرۆڤی کۆمەڵگا بەدەنگی ویژدانەوە ژیان بەسەربەرن، بەوپێیە سیفەتی باشە باڵڕادەکێشێت بەسەر کۆمەڵگادا و خراپەکاران دەبنە کەمینە و لە ڕیزی کۆمەڵگا بێبەش دەبن.
لەلای ئێمە بەپێچەوانەوەیە، ئەوانەی بەدەنگی ویژدانەوە دەیانەوێت بژین، کەمینەن و هەمیشە لەلایەن زۆرینەیەکی بێویژدانەوە ڕاودەنرێن. ئێمەش دەبێت ئەو بارودۆخە

**هەڵگێڕینەوە، ئەگەر بمانەوێت خاوەنی کۆمەڵگایەک بین کە مرۆڤ ببێتەوە بە خاوەنی بەهاکانی خۆی و ژیانێکی ئاسودە بژی و لە دوارۆژی دڵنیابێت.**

## دەسەڵاتداریتی و ئەقڵانیەت

26.06.2011

دەسەڵات بە دیوە ناشیرینەکەیدا.
دەسەڵات وەک زاڵبوون، زاڵبوون بەسەر ئیرادەیەکی ئازادی بەرامبەردا، سڕینەوەی بیروبۆچونە جیاوازەکەی، یاخود ڕاستکردنەوەی لەسەر ئیرادە و بۆچونی خۆی، بۆ بەکارهێنانی وەک ئامڕازێک، داردەستێکی دەستی بۆ جێبەجێکردنی ئیشوکارەکانی، ئەو ئیشوکارانەی کە خۆی پیاڕاناگات، واتە مرۆڤە ئیرادە سڕاوەکە دەبێت بە درێژکراوەی مرۆڤە زاڵەکە.
مرۆڤ بۆ حەزدەکات زاڵبێت بەسەر مرۆڤێکی تردا؟ چ چێژێکە وا لە مرۆڤ دەکات ئەوی تر مردارکاتەوە و هەڵیسوڕێنێت؟ چ ئازادییەکە مرۆڤ دەیگاتێ کە مرۆڤێکی تر ڕیسوا دەکات؟ لە چ بەشێکی کەسایەتیدا حەزدەکات و دەیەوێت زاڵبێت و فەرمان دەربکات و فەرمانەکانی جێبەجێبکرێت؟
ئەقڵ، ئەو تێکپچڕاوەی کە وەزیفەیەتی سەرداریتی خاوەنەکەی مسۆگەر بکات و لە ژیاندا باشترین هەلی مانەوەی بۆ بڕەخسێنێت، تاوانباری یەکەمە. وەزیفەی ئەقڵ پارێزگاریکردنی هەڵگرەکەیەتی، ئەقڵ گوێ لەکەس ناگرێت، ئەگەر لە قازانجی نەبێت، ئەقڵ کەس ناناسێت لە خۆی زیاتر. هەموو کارەساتە مرۆییەکان، ئەقڵ هێناویەتی بەسەر مرۆڤایەتیدا.
ئەقڵ چیە؟ هەموو مرۆڤێک کە لەدایکدەبێت، دەبێت میکانیزمێک هەبێت کە بیپارێزێت لە مەترسی و لە لەناوچوون ئاگاداریبکاتەوە.
هەموو بونەوەرێک دەبێت ئەو میکانیزمەی هەبێت، دەنا ناتوانێت پاریزگاری لە ژیانی بکات، ناتوانێت وەچەی دواڕۆژی مسۆگەر بکات، یاخود درێژە بە مانەوە و بەردەوامی خۆی بدات.
مرۆڤ لەو یاسایە بەدەرنیە و بگرە لە هەموو بونەوەرەکانی تر میکانیزمی بەرگری بەهێزترە و خاوەنی مێشکێکی گەورەیە کە دەتوانێت بیربکاتەوە و ئەگەرەکان لێکبداتەوە و پێشبینی خراپترین و باشترین بکات و لەو نێوەندەدا ڕێگای مانەوەی خۆی دەستنیشانبکات. مرۆڤ بونەوەرێکی وریا و زرنگە لە خۆلادان لە مەترسی و لە خۆپاراستن و لە بەردەوامبوونی ژیانیدا، بەهۆی ئەوەی خاوەنی مێشکێکە و ئەوەی پێی دەڵێین ئەقڵ، لەوێدا دەگوزەرێت. دەتوانێت پلان دانێت، دەتوانێت خاوەنەکەی بەکردەوەوە بخاتەگەڕ، دەتوانێت دەرئەنجامەکان شیبکاتەوە و لێوەی فێربێت، دەتوانێت ئەزموونبکات و ئەزمونەکانی کەڵەکە

بکات و دەرئەنجامی نوێی لێهەڵهێنجێت. دەتوانێت زانیاری و ئەزمون ئەمباربکات و لەکاتی پێویستدا بیهێنێتەوە پێشەوە و کەڵکی لێوەربگرێت.

ئەقڵ توانایی بیرهێنانەوە و زیندوکردنەوەی یادگاریە کۆنەکان و هێنانەوەی سەر شانۆی ئێستا و بینییەتی و خۆی وەک ئەکتەرێک و ڕەخنەگرێک دەتوانێت تەماشابکات و بەشداریشبێت تیایدا.

ئەوەی ئەقڵ پێی قبوڵ ناکرێت ژێرکەوتنە، هەڵەکردنە، لەدەستدانە، نشوستی هێنانە. ئەقڵ هەموو دۆڕاندنێک ڕەفز دەکات و تەنها بیر لەبردنەوە دەکاتەوە و تەنها بردنەوەی پێ قبوڵە. ئەقڵ بۆ ئەوە هاتۆتە ئاراوە کە پارێزگاری ژیان بکات، هەربۆیە هیچ کاتێک ناتوانێت ژێرکەوتن قبوڵبکات، چونکە هەموو بیرێکی ژێرکەوتن، بەرەو مردنی دەبات و ئەقڵ وەزیفەکەی لە ژیاندایە و ناتوانێت مردن قبوڵ بکات.

لە فەرهەنگی ئەقڵدا ژێرکەوتن و مردنی تێدا نیە، چونکە دەزانێت هەموو سەرولێژبونەوەیەک لە مردن نزیکی دەکاتەوە و سوریش دەزانێت لەگەڵ مرندا دەبێت ئەویش بمرێت. ئەقڵ لەگەڵ مردنی فیزیکی مرۆڤدا دەمرێت و وەزیفەکەی تەواو دەبێت، هەربۆیە هەتا دەتوانێت پارێزگاری لە مانەوەی فیزیکی مرۆڤ دەکات.

ئەقڵ لاسایکەرەوەیەکی ناتەواوی ڕۆحە، ئاوێنەیەکی شێواوی ڕۆحە، دەیەوێت جێگەی بگرێتەوە. هەموو هەوڵێکی ئەو لاسایکردنەوەی، وەک ئەوەی لە ژیاندا دەمێنێتەوە و هەتا هەتایە هەر دەژی، دەیەوێت وەریگێڕێتە سەر ژیانی مادی و وەزیفەکەی خۆی لەبیردەچێتەوە کە کاتییە و نایەوێت بڕوا بەوەبهێنێت کە دەمرێت. ئەقڵ هیچ هەستێکی نیە بەرامبەر ئەوانی تر لە خۆی زیاتر.

ئەوەی کە باسی مرۆڤایەتیە، ناکەوێتە بازنەی ئەقڵەوە، بەڵکو دەبێت لەجێگەیەکی تردا بۆی بگەڕێین، ئەوەی پێی دەوترێت وشیاریی، وشیاریی لە ئاگایی وجوددایە و گەورەتر لە ئەقڵ و لەسەرو ئەقڵەوەیە، ئەو بوونەیە کە ئەقڵ دەیەوێت لاسایی بکاتەوە و لە جێگەی دابنیشێت و خۆی لێببێت بە ئەو.

ئەقڵ دەیەوێت بە زاڵبوونی خۆی و بێئیرادەکردنی ئەویتر و کۆنترۆڵکردنی "سڕینەوە و مردارکردنەوەی" ڕێگە بۆ خۆی و مانەوە و بەردەوامبوونی خۆی خۆشبکات و ڕێگە پاکبکاتەوە. ئەقڵ تەنها خۆی دەناسێت و تەنها خۆی دەپەرستێت. کە دەڵێین خۆپەرستی مرۆڤ لەکوێوە سەرچاوەی وەرگرتووە، دەبێت بزانین کە مرۆڤ خاوەنی ئەقڵێکی سەربەخۆی خۆپەرستە کە تەنها لەبەرژەوەندی خاوەنەکەیدا کاردەکات. هەتا ئەقڵ زۆرتر زاڵبێت بەسەر وشیاریدا، مرۆڤەکە خۆپەرستتر دەردەچێت و بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، واتە هەتا وشیاریی زاڵتربێت، ئەوا مرۆڤەکە کەمتر خۆپەرستە و زیاتر خۆی لەگەڵ ئەوانی تردا دەگونجێنێت و لەگەڵیان بەشدەکات.

تاوانباری یەکەم ئەقڵە، لە کاتێکدا لە نائەقڵانیەتدا، هاواری ئەقڵانیەت دەکەین و دەمانەوێت بەلایەنی کەمەوە دادپەروەرییەک لە سایەی ئەقڵدا فەراهەم بکەین.
ئەقڵ پێویستی بەدەسەڵاتە بۆ جێبەجێکردنی وەزیفەکەی، لە جیهانێکدا کە دەزانێت پڕە لە ڕکابەر و دەبێت لەگەڵیاندا بکەوێتە ململانێوە. کاتێک ئەو ئەقڵە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەک ئەوەی ئێمەدا دەسەڵات دەگرێتە دەست، بە سروشتە خامەکەی خۆی هەڵسوکەوت دەکات.
سروشتە خامەکەی ئەوەیە کە لە سنوری خۆی دەرناچێت، ئەوانی تر ناناسێتەوە کە سەر بەڕەگەزی ئەون، هەموو فڕوفێڵێک دەخوات و کراوەیە بۆ بەکارهێنان، شتێک نیە بەناوی ئاکاری کۆمەڵایەتیەوە، پێکهاتەی خێڵایەتی بەرهەمی ئەو ئەقڵەیە و دەسەڵات بە شێوەی هەرەمی دادەچۆڕێتە خوارەوە، بەبێ ئەوەی ئەوانەی ژێرەوە هیچ دەسەڵاتێکی بەکردەوەیان بەدەستەوە بێت، بەڵکو تەنها ئامڕازن. سروشتە خامەکەی ئەقڵ ڕێگە بەخۆی دەدات ئەوانی تر ئەگەر لەسەر ڕێگەیدا وەستان، پاکیانبکاتەوە و ڕایانماڵێت. کوشتن و لێدان و ئازاردانی هەموو ئەوانەی دەبنە هۆی هەڕەشە لەسەر مانەوە و بەردەوامی ئەو ئەقڵە، کارێکی ڕەوا و ڕێگەپێدراوە، بەبێ ئەوەی بچوکترین موچوڕکە بە "لەشیدا" بێت. ئەم ئەقڵە ڕێگە نادات دەنگی ویژدان بچوکترین گومان و دوودڵی تیا دروستبکات، بە واتایەکی تر دەنگی ویژدان بەتەواوەتی خنکێنراوە.
دەسەڵاتبەدەستانی ئێمە خاوەنی ئەقڵێکن لەو جۆرە. گۆڕینی ئەو ئەقڵیەتە، گۆڕینی هەموو کۆمەڵگای پێویستە، پێویستی بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە ئەو ئەقڵیەتانە ڕامالێت.
پینەی کێشەکان هەتاسەر ناکرێت و چاکسازی لەو ئەقڵیەتەدا، ئاسنی سارد کوتینە. بۆ نمونە ئایا دەکرێت کەلتوری کوشتن و لێدان و ئەشکەنجە لە ڕێگەی پەروەردەیەکەوە لە سایەی ئەو ئەقڵیەتەدا بنەبڕبکرێت، لە کاتێکدا دەسەڵات ڕەوایەتی بەخۆیداوە کە موممارەسەی بکات؟ ئایا دەکرێت باسی ئازادی بیروڕادەربڕین بکرێت، لە کاتێکدا دەسەڵات هەموو ئازادییەکی تەنها بەخۆیداوە و ئەوەی لەسەر ڕێگەیەدا دەوەستێت دەیسڕێتەوە؟ ئایا دەکرێت چاکسازی لەدابەشکردنی سامان و داهاتی وڵاتدا بکرێت، کە بۆ دەسەڵات ئامڕازی مانەوەیە و بە موڵکی خۆی دەزانێت؟ ئایا دەکرێت چاکسازی لە خودی دەسەڵاتدا بکرێت، بەوەی کە زۆربەش پشکی هەبێت لەو دەسەڵاتەدا، لە کاتێکدا مانەوەی ئەو دەسەڵاتە لەسەر ئەوە بەندە کە دەبێت هەرەمی بێت و تەنها ئەوانەی سەری سەرەوە بڕیاربەدەستبن؟
ئەو ئەقڵەی لەسایەی ئەو دەسەڵاتەی ئێمەدا خۆی هێشتۆتەوە و پارێزگاری لەخۆی دەکات، بە ئاسانی نەدەستبەرداری دەسەڵاتەکەی دەبێت، نە وازدەهێنێت، نە دەهێڵێت کەس بەشداری بکات. ئەو ئەقڵە تا دوا گوڕی هێز و دەسەڵاتی بەرگری لە مانەوەی خۆی دەکات، هەروەک قەزافی و عەلی سالح و بەشار ئەسەد و....هتد.

## پێداویستی دەسەڵات/ پێداویستی شۆڕش

## 06.07.2011

کورد هەموو شۆڕشەکانی پێشووی، یاخود ڕاستر هەوڵەکانی شۆڕشی پێشووی بۆ سنوردانانی کوشتن و بڕین و ڕاگواستن و....بووە. بۆ مانەوەی جەسەدی و بەرگری لە مانەوەی میللەتێک بوە.

لە جیهانی ئەمڕۆدا ناتوانرێت دەستبەرداری دەسەڵات ببین، بە واتایەکی تر لە جیهانێکی ئازاددا ناژین کە دەسەڵاتی تیا نەبێت و مرۆڤ ئەوەندە گەشەیەی کردبێت کە بتوانێت خۆبەخۆ لەڕێگەی ڕێکخراوە خۆماڵیەکانەوە، تا دەگات بەسەرەوە ئیشوکاری خۆی ڕێکبخات و پێویستی بە دەسەڵاتێکی مەرکەزی نەبێت لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا، یاخود لە سنوری میللەت و نیشتیمانێکدا. لەلایەکی ترەوە جیهان دابەشی دەسەڵاتی جیاجیایە و هەموو دەوڵەتەکان بەناچاری دەبێت پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن بەرامبەر بە بەرژەوەندی دراوسێ و ناوچە و جیهان. ئەوە لەسەر ئاستی دەرەوە، لەسەر ئاستی ناوەوەی کۆمەڵگا، هەموو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان، ئەرکی دەسەڵاتە کە جێبەجێیان بکات.

ئەوانە قاوغی دەسەڵاتن و مانەوەی کۆمەڵگا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەستراوەتەوە بە مانەوەی ئەو قاوغانەوە. بەڵام لە کاتێکدا کە دەبینین دەسەڵات دەبێتە ڕێگری گەشەی خودی کۆمەڵگا، پێداویستییەکی تر دێتە ئاراوە، ئەویش پێویستبوونی شۆڕشە. لە جێگەیەکی تردا باسی پێکهاتەی دەسەڵات کراوە، دەسەڵاتدارێتی و ئەقڵانیەت،کە کاتێک دەسەڵات کورتدەکرێتەوە بۆئەوەی لەخزمەتی تاقمێک، دەستەیەک، بنەماڵەیەکدا بێت، ئەوا هەموو خێروخێراتی کۆمەڵگا دەرخواردی ئەو دەسەڵاتە دەدرێت و هەر برسییە.

ئێمەی کورد لە کوردستانی ئێراقدا لە بارودۆخێدا دەژین لەم ساتە زەمەنیەی ئێستادا کە هەردوو حاڵەتەکە لەیەک کاتدا پێداویستی خۆیان خستۆتەڕوو و پێویستی بەکردەوەکردنیان هاتۆتە مەیدانی سەلماندنەوە. پێویستمان بە دەسەڵاتێکە کە بتوانێت کۆمەڵگا ڕێکبخات و پێویستمان بە شۆڕشێکە ئەو دەسەڵاتە دامەزرێنێت. پێویستمان بە شۆڕشێکە لە ئەقڵی تاکەوە بمانپەڕێنێتەوە ئەقڵی بەکۆمەڵ. ئەگەر ئەقڵ ڕێکخەری ژیانی تاکە مرۆڤێک بێت بۆ باشتر ژیانی، ئەوا ئەقڵانیەت لە دەسەڵاتدا ئەو ئەقڵە بەکۆمەڵەیە کە دەتوانێت ژیانی کۆمەڵگا بە باشترین شێوە بەڕێوەبەرێت. جیاوازی دەسەڵاتداریتی ئێمە و دەسەڵاتداریتی ئەورووپی، یاخود دەسەڵاتدارێتییەکی دیموکراتی، لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەقڵیەتی دەسەڵاتدارێتی ئێمە لە فەرمانڕەوا تێناپەڕێت، واتە ئەو ئەقڵەی کە تەنها پارێزگاری لە خۆی دەکات و دەسەڵاتی

بەدەستەوەیە (بگەڕێرەوە سەر دەسەڵاتداریتی و ئەقڵانیەت) لە کاتێکدا لە سیستەمێکی دیموکراتیدا هەمان ئەقڵانیەتە، واتە ئەقڵ فەرمانڕەوایە، بەڵام ئەقڵێکی بەکۆمەڵ کە پاریزگاری لە کۆی ئەقڵەکانی کۆمەڵگا دەکات، واتە هەموو مرۆڤەکانی کۆمەڵگا.

شکاندنی سنوری ئەو ئەقڵەی کە تەنها لە پاریزگاریکردنی فەرمانڕەوادایە بۆ گشت کۆمەڵگا، پێویستی بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە هەمووان تیایدا بەشدار بن و هەمووانیش لەبەری بخۆن.

ئێمە ئەقڵانیەت ڕەفز دەکەین، چونکە بوونی حەقیقی مرۆڤ لە ئەقڵانیەتدا دەرناکەوێت. ئەقڵ تەنها ئامرازێکە کە مرۆڤ، کۆمەڵگا دەتوانێت بەکاریبهێنێت بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی، بەڵام بوونی حەقیقی دەکەوێتە وشیارییەوە کە لە تاک، لە کۆمەڵگا، لە میللەت، لە نیشتیمان دەچێتە دەرەوە و هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە و بگرە دەگاتەوە بە ئاگایی گەردوونی. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە وەک هەنگاوی یەکەم پێویستمان پێیەتی، دامەزراندنی ئەو ئەقڵانیەتەیە کە هەموو کۆمەڵگا دەگرێتەوە و تەنها لە سەرکردە و فەرمانڕەوادا گیرناخوات.

ئەوەندەی ئێمە پێویستمان بە دەسەڵاتدارێتیەکە کە ژیانی ڕۆژانەمان بۆ ڕێکبخات و دابینیبکات، کە ببێتە هۆکاری گۆڕینی ئەو گێرەشێوێنییەی ئەمڕۆ هەیە و سنورێک بۆ پیاوکوشتن و دزی و درۆی دەسەڵات دابنێت، ئەو دەسەڵاتداریتیەی کە تەنها لەخۆیدا گیریخواردوە و کۆمەڵگای کردۆتە ئەو کێڵگەیەی تەنها خۆی لێی دەوەڕێ.

## دادگایکردنی سەرۆکەکان

## 07.07.2011

ئەگەر تەنها بە تاوانی کوشتنەکان، سەرکردەکانمان دادگایی بکرێن و بۆ هەر کوشتنێک ساڵێک حوکم بدرێن، ئەوا دەبێت سەدان ساڵ لە زینداندا بن. ئەگەر لە سەر هەر بستێکی نیشتیمانی فرۆشراو، مانگێک حوکم بدرێن، دەبێت هەزاران ساڵ لە زینداندابن. ئەگەر لەسەر ساڵێکی تەمەنی سوتاوی گەنجێتیمان، دیسانەوە مانگێک حوکم بدرێن، دەبێت هەتا ئەبەد لە زینداندابن.

دەبێت حیکمەتی سەرکردەکانی ئێمە، ئەو سەرکردانەی بەزۆر خۆیان وەکو سەرکردە سەپاندووە، لەچیدا بێت؟ لەوەی هەتا ئێستا نەیانتوانیوە ناوچە دابڕاوەکان بخەنەوە سەر کوردستان؟ دەبێت بوێریەکانیان لە چیدابێت، لەوەی کە ناوی دەوڵەتی کوردستانینان بە زماندا نایەت و ناوێرن باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەن؟ دەبێت ئازایەتیەکانیان لە چیدا بێت، لەوەی چەندین ساڵە ئێران و تورکیا سنورەکان بە تۆپ دەکوتن و ئەمانیش فزەیان لە خۆیان بڕیوە؟ دەبێت حیکمەتی سەرکردەکانی ئێمە چی بێت، لە پاش بیست ساڵ دزی ژێربەژێر و ئاشکرا لە دەرامەتی خەڵکی کوردستان، هەتا ئێستاش نەوێرن باسی سەروەت و سامانی کەڵەکەبوویان بکەن؟

*دەبێت ئەو نهێنیە چی بێت ماوەی بیست ساڵە درۆدەکەن و میللەت هەڵدەخڵەتێنن و پەیمانی بێکردەوە دەدەن و بۆشیان دەچێتە سەر و هەتا ئێستاش لەسەر تەختی دەسەڵاتداریێتی دانیشتوون و یاری بە ئەقڵ و مێشک و دوارۆژی میللەتەوە دەکەن. یا ئەوەتا ئێمە گێلین و ئەوانیش دەزانن کە گێلین و بۆیان دەچێتەسەر، یا ئەوەتا ترسنۆکین و ئەوانیش دەزانن کە ترسنۆکین و بەچاوسورکردنەوەیەک دەچینەوە قاوغەکانی خۆمان و ئەوانیش دەتوانن بەردەوامبن لە جەردەیی و لە قامچیوەشاندن و کەسیش نەبێت سنورێکیان بۆدابنێت. یا ئەوەتا هەم ترسنۆکین و هەم گێلین و دەسەڵاتیش باشترین بارودۆخی خۆی لەو دوانەدا دەبینێتەوە و هەتا دەتوانێت پاڵپشت و دروستکەری ئەو دوو حاڵەتەیە و لە پەنایاندا بێخەم ئەلەوەڕێ.*

ناکرێت نە گێل بین و نە ترسنۆک و ڕێگەشمان بەم دەسەڵاتە دابێت ماوەی بیست ساڵ وەکو بێگانە و کۆیلە و زیادە مامەڵەمان لەگەڵدا بکات و تەمەنی هەموومانیان دەرخواردی بنەماڵەکانیان دابێت و ئێمەش مرۆڤی ئاقڵ و تەواوبین و هیچیشمان نەوتبێت و هیچیش نەڵێین. بە هەموو لۆژیکێک ناگونجێت و ناهاوسەنگ دەوەستێتەوە و ناکۆکە بە هەموو ئەقڵێکی مرۆڤایەتی.

دەبێت ئەو دەستە سیحراویەی دەسەڵات چی بێت لە قورگمانی توندکردوە و نوزەی لێبڕیوین و ئێمەش تەنها جارجارەیەک ڕەخنە دەگرین؟
ئەی ئێمە بۆ هەتا ئێستا ئەم دەسەڵاتەمان قبوڵکردوە و لەجێی خۆمان ناجوڵێینەوە؟ بۆ هیچ کاردانەوەیەکی بەکردەوەمان نیە، لە بۆڵە بۆڵ و گلەیی و گازندە زیاتر؟ دەسەڵات بە ڕەخنە تەنها خدوتکەی دێت و پێدەکەنێت، لەکاتێکدا ئەو بەکردەوە ئازادی هەڵسوکەوت و ئابوری و فەرمانڕەوایەتی لەژێردەستی خۆیادا هێشتوەتەوە و بەپێی ئارەزوەکانی هەڵیاندەسوڕێنێت.
ئێمە نەک بۆ ماوەی بیست ساڵ، بۆ هەزار ساڵی تریش کاردانەوەمان لە ڕەخنە و بۆڵەبۆڵ دەرنەچێت، دەسەڵات هەر لاشی لێناکاتەوە. ئێمە تەنانەت وەک وڵاتە عەرەبیەکانیش ناتوانین بڵێین بڕۆن بەجێی بێڵن، ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر توانیمان بڕژێینە سەر جادە و داوای مافی بەمرۆڤبوونی خۆمان بکەین.
ئەم دەسەڵاتەی ئێمە کەم نمونەیە لە ئەزمونی حوکمڕانی جیهاندا، چونکە لەم شێوەیە بەدەگمەن ڕویداوە، یاخود هەرنەبووە. دەسەڵاتی ئێمە خاوەنی چوارچێوەی دەوڵەتێک نیە کە سنورێکی نێودەوڵەتی هەبێت و لەلایەن جیهانەوە دانیپیادانرابێت. دەسەڵاتبەدەستانی ئێمە ئەو شۆڕشگێڕە جەربەزانە نەبوون کە بەزەبری هێز توانیبێتیان بستێک لە نیشتیمان لە دەستی دوژمن ڕزگاربکەن و فەرمانڕەوایەتی خۆیانی تیا تاودەن و دەرودراوسێ ڕێزی تایبەتیان هەبێت بۆیان.
دەسەڵاتبەدەستانی ئێمە هەڵتۆقاوی هەلومەرجێکی سیاسین کە لە ناوچەکەدا بەر لە بیست ساڵ لەوەوبەر ڕویداوە. واتە هیچ سیفەتێکی ڕەوایەتیان نیە نە لەلایەن میللەتەوە، نە لەلایەن جیهانی دەرەوە. ئەو سێ پارێزگایەی کەوتۆتە ژێردەستیان، دور لەچاوی هەموو جیهان، دور لەچاوی هەموو دەستور و یاسایەکی نێودەوڵەتی توانیویانە و دەتوانن بە ئارەزوی دڵی خۆیان بیبەتێنن، چونکە هیچ سیفەتێکی شەرعیان نە لەناوەوە، نە لەسەر ئاستی جیهاندا نیە. ئەوە هەمووی لەلایەک، کە دەڵێین لە هیچ دەسەڵاتێکی تری جیهان ناچێت، لەلایەکی ترەوە، دڕندەیی ئەم دەسەڵاتەیە کە لەژێر سێبەری ئەو هەلومەرجەی تیا خولقاوە و لەناو ئەو تارماییەی کە هیچ شەرعیەتێکی نێودەوڵەتی نیە، ئەوا توانیویەتی و دەتوانێت بە ئارەزووی پێویستیەکانی سەرکوتبکات و بکوژێت و ببڕێت بەبێ ئەوەی دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی هەبێت و پێکهاتە خێڵەکیەکشی ڕێگەنادات هیچ ئەقڵێک توخنی کەوێت.
بەمە دەگەینە دەسەڵاتێک کە لە جیهاندا ناوازەیە و ئێمەش میللەتێکین لەمەڕ مەڕترین و... ئەوەی هەستاوە ئەسپی دەسەڵاتی خۆی بەسەرماندا، لە ناومادا تاوداوە هەر لە عەرەب و تورک و فارسەوە. ئەمڕۆش دەسەڵاتی کوردی ئەلفوبێیەک فێربووبێت، ئەوا لەو مێژوە دێرینەی ژێردەستەییمانەوە فێربوە و هەرە شێوە ناشیرینەکەی ئەجوێتەوە.

وەک وتمان ئەم دەسەڵاتبەدەستانەی ئێمە بە دروشمی "بڕۆن بەجێیبێڵن" لە شوێنی خۆیان ناجوڵێن و هیچ سیفەتێکی شارستانی و شەرعیەتی نێودەوڵەتیان پێوە نیە. لە ڕاستیدا ناتوانین ناوی دەسەڵاتی کوردیشی لێبنێین، بەڵکو لە نائامادەیی دەسەڵاتدا ئەم تاقمە جڵەوی کاری خۆیان گرتوە بەدەستەوە و باجەکە ئێمە دەیدەین. واتە شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئێمە نەک هەر پێداویستی مێژووییە، بەڵکو بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی شەرعیشە.

لە غیابی دەسەڵاتدا ئەم گێرەشێوێنیە ڕێگەی پێدراوە و ئەم دزوجەردەیە مافیای دەست لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگن بۆ کوشتنی هەموو بزاوتێک لە دژیان بەرپابێت. میللەت ناحەقی نیە دەترسێت، بەڵام ئەم دورگەیەی ئێمەی تێکەوتووین و ئەو مافیایەی دور لەچاوی جیهان دەیەوێت درێژە بە مانەوەی خۆی بدات، هەر دەبێت ڕوبەڕوببنەوە و هەرگیز وەک هەموو مافیایەکی تر، ناتوانن میللەت هەمووی سەرببڕن.

ئەم دەسەڵاتبەدەستانەی بەزۆر خۆیان سەپاندوە، ناتوانن بڕۆن، ناتوانن دورگەی بەهەشتیان بەجێبێڵن، هەتا دوا فیشەک دەمێننەوە.

ئازایەتی لەوەدایە کە چۆن دەستگیردەکرێن و دەدرێنە دادگایەک کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردا، سەربەست و سەربەخۆ دادگایی بکرێن.

## ئۆپۆزیسیۆنی ئۆپۆزیسیۆن

## 12.07.2011

ئێمه نه دەسەلاتمان له دەسەلات دەچێت و نه ئۆپۆزیسیۆنیشمان له ئۆپۆزیسیۆن و له ڕاستیشدا نه جەماوەرمان له جەماوەر دەچێت. هەمووومان هەمووومان هەڵدەخڵەتێنین و ئەوەی لەو نێوانەدا براوەیە، دەسەلاتە. ساکاری و ساویلکەیی میللەتی کورد سەراپای کۆمەڵگای داپۆشیوە و هەتا لەسەرەوەی هەرەمی دەسەلاتداریتی بێیتە خوارەوە، ئاستی ساویلکەیی بەرفراوانتر دەبێت و بەرزدەبێتەوە، تا دەگاتە ئاستێک که مرۆڤمان هەیە ناتوانێت یەک حەرف بخوێنێتەوە. کۆی کۆمەڵگا له مێژەوە له تاریکیدا هێڵراوەتەوە، بەمانای وشەش لەڕێگەی نەبوونی کارەباوە، کۆمەڵگایەکی چوار پێنج ملیۆنی ماوەی بیست ساڵە کارەبای پێویستی بۆ دابیننەکراوە که هەر هیچ نەبیت ماڵەکانیان بەشەو ڕوناکبکەنەوە.
میللەتی کورد له کوردستانی ئێراقدا، لەو ڕۆژەوەی سنوری ئێراق کێشراوە، هیچ کاتێک خاوەنی سەروەت و سامانی خۆی نەبووە و هەر بەشخوراو و داپڵۆسراو و پلیشاوە بوە.
ئەمڕۆ میللەتی کورد بەدەست کۆمەڵێک دەسەلاتبەدەستی کوردەوە، ئەگەر خراپتر نەژی، ئەوا بەدڵنیاییەوە باشتر ناژی. ئەو کاتەی میللەت ڕاپەڕینی یەکەمی دژی ڕژێمی پێشو ئەنجامدا، نه خاوەنی هیچ بوو، نه لەهیچ دڵنیابوو. میللەت شەڕی مان و نەمانی دەکرد، یا ئەوەتا له زوڵم و زۆر ڕزگاری دەبێت، یا ئەوەتا یەکجار لەناودەچێت.
دیسانەوە له پاش تێپەڕبوونی بیس ساڵ بەسەر ڕاپەڕینی یەکەمدا، میللەت هەر خاوەنی هیچ نیه و ئەوەی جیاوازە، دەسەلات له بەغداوە گوازراوەتەوە هەولێر و سلێمانی. لەڕاستیشدا واتە نزیکتر و له پەناوە و له ڕەگەزی خۆت، که باشتر دەتناسێت و باشتر داخت دەکات.
ئەمڕۆ ئێمه خاوەنی دەسەلاتێکین که نائەقلانیەت باڵی کێشاوە بەسەریدا و خاوەنی نزمترین ئاستی شارستانی و دابونەریتی مرۆڤایەتی نیه. خاوەنی هیچ ئیرادەیەکی سیاسی نیه که یەک هەنگاو پرسی کورد له ئێراقدا نەک بەرێتە پێشێ، بەڵکو بارودۆخێک بچەسپێنێت که هاووڵاتی ئاسایی دڵنەوایی ئەوەندەی هەبێت که ژیانێکی ئاسایی بژی. لاوازی ئیرادەی دەسەلاتبەدەستان له ئاستێکدایه که به ئاستەم له بەرژەوەندی بنەماڵە و سەرکردە تێدەپەڕێت.
سەرکردەکانی ئێمه تەنانەت ئیرادەی جوابدانەوەی بەغدایان نیه، نەک سیاسەتی تورک و فارس که به هەموو سیاسەتێکیان پێجێبەجێدەکەن و ژێربەژێر دەمێکە حسابی براگەورەیان

بۆکراوە. بێئیرادەیی دەسەڵاتی کوردی لەسەر ئاستی ئێراق و ناوچەکە، لە ئاستی ئیرادەی چەکدارە کوردەکانی ڕژێمی پێشودایە. دەسەڵاتێک هەموو سیاسەتێکی دراوسێکانی قبوڵبێت و تاکە مەرجی مانەوەی دەسەڵاتەکەی/ دەسەڵاتپێدراوەکەی بێت، دەبێت چ ئیرادەیەکی بۆ دواڕۆژی میللەتی کورد هەڵگرتبێت. ئەو دروا‌سێیانەی بەبەرچاوی جیهانەوە حاشا لە بەشەکانی تری میللەتی کورد دەکەن و دەسەڵاتبەدەستانی ئێمە، بازرگانی نەوتیان لەگەڵدا دەکەن و سنورەکانیان بۆ دەپارێزن و دەنگی نارەزایەتی کوردی ژێر دەسەڵاتیان کپدەکەنەوە. چەکدارە کوردەکانی ڕژێمی پێشو ئەرکیان چی بوو؟ مەگەر کپکردنەوەی دەنگی ئازاد و کوشتنی پێشمەرگە و سنورپاراستنی ژێرڕکێفی سەدام حوسەین نەبوو.

کورد کەی لە دەوری بێئیرادەیی دێتەدەرەوە؟ ئاخۆ کوردانی تورکیا و ئێران چیمان پێدەڵێن؟ کاتێک کە ئێمە ئەوەندە سپڵە و بێوەفا دەرچووین بەرامبەریان و بەسەر لاشەو خوێنی ئەواندا لەمدیوەوە بازرگانی لەگەڵ ڕژێمەکانی ئەو وڵاتانەدا دەکەین.

ئایا ئەم دەسەڵابەدەستانە نەیاندەتوانی وڵاتێکی تر بدۆزنەوە بۆ بازرگانی و یەک تۆز کەرامەتی نەتەوەییان بپاراستایە؟ ئایا نەیاندەتوانی هەر هیچ نەبێت هەندێک سوکە مەرجی سیاسیان هەبوایە وەک ئیعتیبارێک بۆ میللەتی کوردی بەشەکانی تر کە ئەوانیش باشتر تێبگەشتنایە لە بارودۆخی هەرێمی کوردستانی ئێراق و ناوچەکە و جیهان؟

ئەوە دەسەڵاتە بێئیرادە و بێ سیاسەتەکەمانە، ئەوەش هیچ شورەییەکی تیانیە و هیچ نهێنیەکیشی تیانیە کە ئەوەن کە هەن و تەنها وتەنها بەر لوتی خۆیان دەبینن و هەتا ئێستا بۆیان گونجاو و لەبارە و هەتا بتوانن وازی لێناهێنن. بەڵام کێشەکەی ئێمە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەسەڵاتەدایە کە هەتا ئێستا خۆی لەقەرەی ناوەرۆکی بابەتەکان نەداوە و نایەوێت/ ناوێرێت/ نازانێت کە ئەم دەسەڵاتە لەچی پێکهاتووە و چۆن بەرەنگاری دەبێتەوە.

دەسەڵاتبەدەستانی ئێمە تا سەر ئێسقان نوقمی نائەقڵانیەتن، لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و فەرمارەوایەتیاندا. ئۆپۆزیسۆن لە ژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا دروستبووە و تا ڕادەیەکی زۆر هاووێنەی دەسەڵاتە و هەمان پێکهاتەی حیزبیی ئەوی هەیە و بە هەمان سیاسەت بە هامان ئەندازەی ئەو بەرپەرچیدەداتەوە.

کاردانەوەی ئۆپۆزیسیۆن هەتا ئێستا لە تەوەری دەسەڵات دەرنەچووە، هەرچەندە بنکەیەکی جەماوەریشی هەبێت. حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش خەڵکانێکیان لەدەورە، دەنا کاریان بڕی نەدەکرد. هەبوونی جەماوەر بەدەوەری ئۆپۆزیسیۆنەوە، دەلالەت لەوە ناکات کە حەقیقەتی مێژوویان هەڵگرتووە و دەبێت هەموو میللەت چاوەڕێی دەستی ئەوان بن و پشتوێنی لێبکەنەوە. لەڕاستیدا ڕێک لەم بارودۆخەی ئێستای ئێمەدا و لەم ڕاپەڕینەی ئەمجارەدا، گورزی گەورە ئۆپۆزیسیۆن وەشاندویەتی، نەک دەسەڵات. دەسەڵات هەرچیەک بکات بە کوشتن و گرتن و لێدان و ئەشکەنجەشەوە، پارێزگاری لەمانەوەی خۆی دەکات بۆ

لەدەستنەدانی جڵەوی فەرمانڕەوایەتی. بەڵام ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی ئێمە هەمانە، بە هەمان نەفەسدرێژی دەسەڵات یاری بە میللەت دەکات.
ئۆپۆزیسیۆن گەمەی سیاسی دەکات نەک ڕابەرایەتی شۆڕش یاخود ڕاپەڕین. هەڵبەتە لە ڕاستیدا ئۆپۆزیسیۆنێک لەسایەی ئەم دەسەڵاتەی ئێستادا پێکهاتبێت، هەر ئەوەندەی لەباردا دەبێت و ئەگەر لایەنە ئیسلامیەکان جیاکەینەوە کە لە ناواخنی سیاسەت بەتاڵبونەتەوە و تەنها قاوغن، ئەوەی هیچ کاتێک مەترسیان لەسەر دەسەڵات نەبووە، ئەوا بزوتنەوەی گۆڕان دەمێنێتەوە. دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان هی پێش ئەم ڕاپەڕینە جەماوەریەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بزوتنەوەیەکە لەسەر لاشەی مردارەوەبووی یەکێتی دروستبووە و بۆ وەرگرتنەوەی میراتیەکەیەتی. هەربۆیە بزوتنەوەیەکی هێواش و بەرەبەرە و شەرمن و هەنگاوی حەزەر و داواکاریەکانی لە تموحی سیاسەتی دەسەڵات دەرناچێت.
ئێمە لە گەرمەی ئەو ئاڵوگۆڕە ڕیشەییەی ناوچەکەدا، خاوەنی ئەو دەسەڵاتە نەریتیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین و خاوەنی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە ڕەسمیەین کە گەمەی سیاسی نێوانیان ڕاپەڕینی ئەم جارەیان بۆ ماوەیەک دواخست، نەک لەباربرد، چونکە ڕاپەڕین بەردەوامە و کڵپەی لە دڵی میللەتدا هەر زیندووە.
ئەگەر بمانەوێت لە بازنەی ئۆپۆزیسیۆن/ دەسەڵات بێینە دەرەوە، دەبێت ئۆپۆزیسیۆنی ئۆپۆزیسیۆن بین. بەو واتایەی سنوری بیرکردنەوەی حیزبایەتی تێپەڕێنین، ئەگەر بمانەوێت بگەینەوە بەو شەپۆلەی کە خەریکە لە ناوچەکەدا دەسەڵاتی ستەمکاری ڕادەماڵێت. ئێمە لەم بارودۆخەدا پێویستمان بە ئەنجومەنێک هەیە بۆ ڕاوێژکاری شۆڕش، نەک بۆ ڕابەرایەتی کردنی. ئەنجومەنێک پێکهاتبێت لە باشترین ئەقڵە بیرکەرەوەکانی میللەتی کورد، کە تەنها کاری ڕاستی هەڵهێنجان بێت بە وەرگرتنی دەرسەکانی شۆڕشی نوێی میسر و وڵاتە دراوسێکانی تر.
میللەت هەمیشە زیندووە و پێویستی نە بەسەرکردەی نمونەیی هەیە، نە بە حیزبی ڕابەر. ئەوەی پێویستی پێیەتی هەموو ئەو زانیاریە شاراوانەیە کە دەستی پیاناگات و بە هەزار درۆ پێچراوەتەوە. ئیشی ئەنجومەنێکی لەو شێوەیە دەبێت ئەوە بێت کە بتوانێت هەموو ئەو ڕاستیانەی کە پێیدەگات لەبارەی دەسەڵات و پێکهاتەی دەسەڵات و کۆمەڵگای شارستانی و مێژووی مرۆڤایەتی، بتوانێت بە زمانێکی سادە و ساکار و پاراو بیخاتە بەردەم جەماوەرەوە و بەدواداچوون بۆ هەموو هەڵسوکەوت و هەنگاوێکی دەسەڵات بکات و گەرماوگەرم ئاشکرای بکات.
ئێمە خاوەنی میللەتێکی سادە و ساکارین بە ئاستەم بەر شارستانیەت کەوتوین، زۆربەی دانیشتوان بنەمای وشیارییان نیە کە بگەڕێنەوە سەری و بتوانن ئەوەی لە چواردەوریان ڕودەدات، هەڵسەنگێنن و دەرئەنجامێکی لێوە بەدەست بخەن. ئەوەی دەسەڵاتبەدەست بووە

هیچ کاتێک ئەوەندە بواری بە زۆربەی میللەت نەداوە کە دەستی بگاتە سەرچاوەی زانیارییەکان و هەمیشە کورد سەرکوتکراو بووە.
پێداویستی ئەنجومەنیکی ڕاوێژکاری بۆ شۆڕشی نویێ ئەوەیە کە بتوانێت میللەت لە هەڵخڵەتاندن و بەکارهینان بپارێزێت. کورد لەوەتەی هەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەڵدەخڵەتێنرێت و لەخشتە دەبرێت و خراپبەکاردەهێنرێت.
جێگەی داخە هەندێک نوسەر و ڕۆشنبیر، بەبێ مەبەست ڕۆڵێکی سلبیان هەبوو لە ڕاپەڕینی ئەم جارەی کوردستاندا، بەوەی یەکەم نەیانتوانی ئەنجومەنێکی لەو شێوەیە پێکبهێنن، دووەم بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆن لاواز بوون و دەرکیان بە ڕازو نیازی ئۆپۆزسیۆن نەکرد، سێیەم بونە ڕێگری ڕاپەڕینی خۆڕسکی میللەتی کورد بە لاسایکردنەوەیەکی نەشارەزایانەی ڕاپەڕینەکانی تونس و میسر. دەرکیان بەوە نەکرد کە هەر میللەتە و هەر کۆمەڵگایەی لەگەڵ ئەوەی لە ستەمکاریدا هاوبەشن، ئەوا هەندێک تایبەتمەندێتی و ڕەسەنایەتی خۆیان هەیە کە جیایان دەکاتەوە لە کۆمەڵگاکانی تر. بەهەمان شێوە دەسەڵاتدارە ستەمکارەکانیش بەڕواڵەت لەیەکتر دەچن بەڵام لەبواری ڕۆژانە و بەکردەوەدا، هەریەکەیان شێوازێک و ڕێگایەکی تایبەتیان هەیە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی میللەت.
نە حوسنی موبارەک عەلی و نە عەلی ساڵح قەزافیە و نە هیچیشیان بەشار ئەسەدن. لە هەمان کاتدا دەبینین ئەو ئاقارەی شۆڕشی میسر پیاتێپەڕی، هەمان ئەو ئاقارە نیە کە لە یەمەن و لیبیا و سوریا هەیە. هەرچەندە لە ڕواڵەتدا دەبینین میللەت دژی دەسەڵاتدارانی ستەمکار شۆڕش بەرپادەکەن. هەربۆیە لاسایکردنەوە، یاخود هەوڵدان بۆ دوبارەکردنەوەی دەقاودەقی ئەزمونی میللەتیکی تر، هەڵەیەکی گەورەیە و باجەکەش وەک هەمیشە هەر میللەت دەیدات.
هەرچەندە پشکی گەورە بەر ئۆپۆزیسیۆن دەکەوێت لەبەردەوامنەبوونی ڕاپەڕینی ئەم جارەدا، بەڵام سنوردارکردنی ڕاپەڕینی ئەمجارەی کوردیش لە مەیدانی شارەکاندا، بوە هۆی گۆجکردنی ڕاپەڕینی خۆڕسکی جەماوەر و باجی ئەو لاسایکردنەوەیە بوو کە بۆ کورد نەدەشیا کە پاشخانێکی ڕۆشنبیریی و شارستانی نیە، هەربۆیە جگە لە سستبوونی ڕاپەڕین و حەسربوونی لە چەند شارێک و لەناو شارەکانیشدا لە چەند مەیدانێکدا، توانرا بە هێرشیکی سەربازی سەرکوتبکرێت و ئەو بەشە کەمەی جەماوەریش بنێردرێنەوە ماڵەوە.
ئۆپۆزیسیۆنی ئۆپۆزیسیۆن بەو مانایە دێت کە بتوانرێت هەموو ئەو نوسەر و ڕۆشنبیرانە تێپەڕێنرێت کە توانای شێکردنەوەی حەقیقەتی مێژوییان نیە.

**کاتی ئەوە هاتوە "ئەنجومەنی ڕاوێژکاری شۆڕشی کوردستان" دابمەزرێت**

**13.07.2011**

**ئەگەر میللەتێک بیەوێت بژی، دەبێت چارەنوسی خۆی بگرێتە دەست. میللەتی کورد هەتا ئێستا نەیویستوە سەربەست بژی و چارەنوسی خۆی بەدەست خۆیەوە بێت، هەربۆیە هەتا ئێستا بەم بەناو فەرمانڕەوایەتیە کوردیەی کوردستانی ئێراقیشەوە، ژێردەستەیە و نەبۆتە خاوەنی ئیرادەی ژیان. ئەمڕۆ پاڵەپەستۆی ئەو چارەنوسە لەسەر هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە دروست بووە و چاوەڕێی جڵەوگرتنەدەست دەکات. ئەمڕۆ ئەو هەلومەرجە زیوینیەیە کە کوردیش دەتوانێت وەک میللەتێکی سەربەست و سەربەخۆ بژی، بەبێ ئەوەی میللەتێکی تر، تاقمێک، بنەماڵەیەک ئیرادەی ژیانی زەوتکات و وەک بێگیانێک مامەڵەی لەگەڵدا بکات.**

**پێداویستی شۆڕش، پێداویستی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دادپەروەرە و هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی ئامادەیە و ئەوەی کە ماوەتەوە گوڕوتینی میللەتە کڵپە بکات و گڕبسێنێت و داگیرسێت و جڵەوی چارەنوسی خۆی بگرێتە دەست.**

**هەموو شۆڕشێک پێویستی بە ڕێکخستن و ڕێنمایی هەیە، بۆ هەڵبژاردنی باشترین هەلی گونجاو لەکاتی گونجاودا. کورد لە هەموو میللەتێکی تر زیاتر پێویستی بە ڕێنمایی هەیە بۆئەوەی لەم گێژاو و گێرەشێوێنیەی ئێستا دەربیهێنێت و چاوساغیەکی بکات. لەوەتەی کورد هەیە چەواشە دەکرێت، نەک هەر لەبەرەی دوژمنانەوە، بەڵکو لەلایەن سەرکردە و بزوتنە کوردەواریەکانی خۆشمانەوە.**

**پێداویستی دامەزراندنی ئەنجومەنێک بۆ ڕاوێژکاری شۆڕشی ئەم جارەی کوردستان، بۆ دورخستنەوەی شۆڕشە لە هەموو بەلاڕێبردنێک و پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکانی میللەتی کوردە کە هیچ بەرژەوەندییەک نەکەوێتە سەرویەوە. لەهەمان کاتدا دەبێت ئیشی ئەوە بێت هەلومەرجی تایبەتی دەسەڵاتی کوردی شیبکاتەوە و شێوەی گونجاوی ڕوبەڕوبونەوەی دەستنیشان بکات، بەپێی تایبەتمەندێتی کۆمەڵگای کوردیی و پێکهاتەی دەسەڵاتەکەی.**

**شۆڕشی میسر نمونەیی بوو لە ناوچەکەدا، دەتوانرێت گەلێک دەرسی لێوەربگیردرێت، بەبێ ئەوەی لاسایبکرێتەوە یاخود هەوڵی ئەوە بدرێت کە کتومت وەک ئەوان ڕاپەڕین ئەنجام بدرێت.**

**ئەنجومەنی ڕاوێژکاری دەتوانێت توانا پەرتوبڵاوەکانی میللەتی کورد لەژێر چەترێکدا کۆبکاتەوە و بەیەکتریان بناسێنێتەوە، بەوەی کە ڕەوەندێکی زۆری پەنابەری کورد لە ڕۆژئاوادا دەژی و خاوەنی چەندین بەهرەی جیاوازن و دەشێت لە دواڕۆژدا بەردی بناغەی**

دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شارستانی هاوچەرخ بن لە کوردستاندا. کەم کورد هەیە لە ڕۆژئاوادا هەست بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە میللەتەکەی نەکات و نەیەوێت ڕۆژێ لە ڕۆژان بگەڕێتەوە زێدی باووباپیری، ئەوەی کە سەرمایەیەکی گەورەیە و دەسەڵاتبەدەستانی ئەمڕۆی کوردستان بەهیچ شێوەیەک نایانەوێت ڕو لە کوردستان بکەنەوە، چونکە ئەوانەی هەندەران فێری دەنگی ئازاد بوون و لە دیموکراتیەت شتێک فێربوون.
ئەنجومەنی ڕاوێژکاری شۆڕشی کوردستان پێداویستییەکی هەنوکەییە و هیوادارم لە هەموو ئەوانەی کە هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن ئاوڕێکی جدی لێبدەنەوە و لە هەوڵی دامەزراندنی ئەنجومەنێکی لەو جۆرەدا بن.

**ئەقڵیەتی دەسەڵات**
21.07.2011

**دەسەڵات و دۆڕاندن/ ئەقڵیەتی بەرگریی**

**ئەقڵیەتی خام و ئەقڵیەتی پێگەشتوو**

**ئەقڵی خام یاخود ئەوەی بە غەریزە ناودەبرێت، نزمترین ئاستی ئەقڵە کە وەزیفەکانی لە پارێزگاریکردنی هەڵگرەکەی تێناپەڕێت. ئەقڵ ئەگەر پەروەردە نەکرێت لەو ئاستەی خۆیدا قوڵدەبێتەوە و تەنها بەردەمی خۆی دەبینێت. ڕەنگە ئەمە مەترسیدارترین ئەقڵ بێت، بە تایبەتی لەسەردەمی نوێدا، چونکە گەورەبوون بەو ئەقڵەوە هەموو ئەزمونێک، زانیارییەک دەرخواردی بەروپێشچوونی خۆی دەدات، یاخود لە بەرژەوەندی خۆیدا دەیخاتەگەڕ. هەموو ئەو شتانەی/ کەسانەی دەکەونە سەرڕێی، دەشێت بوارێکی بەکارهێنانی بۆ ئەم تیابێت.**

**ئەم ئەقڵە ئەگەر هیچ کەسێک، چواردەورێک، کۆمەڵگایەک نەبێت پەروەردەیبکات، خۆی خۆی پەروەردە دەکات بەوەی کە تەنها خۆیەتی. خۆی ناوەندی ژیانە، ناوەندی کۆمەڵگایە، ناوەندی جیهانە. ئەقڵی خام ناتوانێت کەسی تر لە دەرەوەی خۆی قبوڵ بکات، وەک ئەوە وایە لە خۆیدا جام بووبێت/ داخرابێت.**

**ئەو ئەقڵە یا دەبێتە فەرماندەرکەر یا دەبێتە فەرمانبەر بە ڕێژەی زۆر و کەم بەپێی هەلومەرجەکان دەگۆڕێت. بەو واتایەی کە هەردوو سیفەتەکە لە خۆیدا هەڵدەگرێت و بەپێی بارودۆخەکان ئاڵوگۆڕدەکات. ئەگەر هەلی بەردەمی بۆ فەرماندەرکردن بگونجێت نکوڵی لێناکات و ئەگەر لەخۆی گەورەتر هاتە بەردەمی، ئامادەیە فەرمانبەربێت و فەرمایشتەکان جێبەجێ بکات. جەللاد و قوربانی دوو دیوی ئەم ئەقڵەن.**

**بە تێپەڕبوون لەم ئەقڵە دەکەوینە ئاستێکەوە لەسەروی ئەو غەریزەیەوە، یاخود ئەو ئەقڵە سەرەتاییەوە و پێدەنێنە ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە لەسەر بنەمای پەیوەستبوونەوە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت. دەگەین بە ئەقڵێک بەناوی ئەقڵی بەڕێوەبردنەوە، ئەو ئەقڵەی خۆی لە ڕێکخستن و جێبەجێکردنی ئەرکەکاندا خۆی لەگەڵ ئەوانی تردا دەبینێتەوە. ئەقڵێک کە گشتگیرە و جێگەی زۆربەی تیا دەبێتەوە لەسەر ئەو بناغەیەی ژیانی هەمووان بەیەکەوە بەستراوەتەوە و تاڵی و شیرینی، پێکەوە هەموومان دەگرێتەوە.**

**بۆ گەشتن بە ئاستی ئەقڵی بەڕێوەبردن، پێویستمان بە پەروەردە هەیە، بە فەزای ئازاد هەیە کە مرۆڤ هەر لە منداڵیەوە بتوانێت گەشە بە بەهرەکانی خۆی بدات و لە**

**پەیوەستبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا، لە بەریەککەوتن لەگەڵ ئەوانی تردا بتوانێت ببێتە خاوەنی ئەو گۆش و هۆشە کە ئەوانی تریش وەکو ئەون و مافی تەواوی ژیانیان هەیە و هەرکەس بەپێی تواناکانی خۆی مافی بەشداربوونی کۆمەڵگا و بازاڕی کار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی لەبەردەستدایە.**

**ئەوەی کە پێی دەوترێت ئەقڵانیەت، لەسەر بنچینەی ئەو ئەقڵەوە پێکهاتووە. ئەقڵێک کە جێگای ئەوی تری تێدا دەبێتەوە و ڕوبەڕوبونەوەکان لە ئاستی هێزی فیزیاویەوە دەگۆڕدرێتە سەر هێز و توانای ئەقڵیی.**

**کاتێک ئەقڵیەتی زۆربەی زۆری کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ئەقڵی خام پێکدێت، تێهەڵکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان تەنها یەک بوار لەبەردەم هاووڵاتیاندا دەهێڵێتەوە، ئەویش یا سەر بە دەسەڵاتیت یاخود ژێردەسەڵات کەوتوویت، یا جەلادیت یا بویتە قوربانی، بواری سێیەم بوونی نیە.**

***ئەوەی کە هەموو بونەوەرەکان لە هەوڵی دەسەڵات و هەڵکشاندان بەرەو سەرەوە، میکانیزمی کۆمەڵگا بەو ئاڕاستەیەدا دەستنیشانی دەکات و لە دەرەوەی بیرکردنەوەی تاکەوەیە. واتە ئەوەی دەستی لە ئەڵقەیەکی دەسەڵات گیر بوو، نایەوێت دەستی لێبەربدات، چونکە خۆهەڵواسین بە پاپۆڕی دەسەڵاتەوە حەقی بەشداربوون لە ژیاندا مسۆگەر دەکات، حەقی بەزیندوێتی مانەوە. دەسەڵات لە بارودۆخێکی لەو شێوەیەدا لە بەلەمی ڕزگارکەر دەچێت ئەوەی بتوانێت دەستی پێوەبگرێت یاخود سەرکەوێتە سەرەوە، ئەوا بە دڵنیایەوە لە مردن ڕزگاری بووە. واتە ئەقڵیەتی دەسەڵات تەنها دەسەڵاتبەدەستان خاوەنی نین، بەڵکو ئەقڵیەتێکە هەموو کۆمەڵگا بەشدارە تیایدا و هەمووان هەڵگری هەمان ئەقڵیەتن بە ڕێژەی کەموزۆر و بەپێی پێگە کۆمەڵایەتیەکانیان. کە دەوترێت ئێمە هەموومان دیکتاتۆرین، مەبەست لەوەیە هەموومان هەڵگری تۆوی دکتاتۆریەتین، چونکە لە کۆمەڵگایەکدا گەورەبووین کە نەیهێشتووە هیچ ئەقڵێک جگە لە ئەقڵی خام پەروەردەبێت.***

***کۆمەڵگا بە گشتی لە پەیژەی دەسەڵاتدارێتی دەچێت لەسەر حەوزێکی ئاگر، ئەوەی دەست بە پلەی یەکەمیشەوە بگرێت لە سوتاندن ڕزگاری بوە، ئەوانەی دەتوانن چەند پلەیەک سەرکەون، ژیانیان مسۆگەرترە و ترسی مردنیان کەمتربۆتەوە، ئەوانەی لەسەری سەرەوەن، دەتوانن هەمیشە هەڕەشە لە هەموو ئەوانەی خوارەوەی خۆیان بکەن کە دەیانخەنە حەوزە ئاگرەکەوە.***

**هیچ کەسێک بە ئارەزوی خۆی جێپێی خۆی بەرنادات بۆ یەکێکی تر. بە شێوەیەک ژیان بە دەسەڵاتەوە گرێدراوە کە لە دەرەوەی دەسەڵات ژیان تەنها موجازەفەیەکی نائومێدییە و**

هەموو ساتێک لە مەترسی لە ناوچوندایە. مرۆڤ بێکەس و بێ پشتوپەنایە و کەس لەسەری هەڵناداتێ، کەس بەسەری ناکاتەوە، کەس دەستی یارمەتی بۆ درێژناکات، تەنیا و تەنیایە، داماڵڕاو لە هەموو حەق و ئیمتیازێک، هیچ کەس حسابی هیچی بۆ ناکات. تەنها هیمەتی خۆیەتی ئەگەر بیەوێت لە ژیاندا بەردەوام بێت و کۆڵنەدات.

ئەگەر مرۆڤ لە دەوڵەتە ڕۆژئاوایەکاندا تەنها ژمارەیەک بێت، ئەوا لە کۆمەڵگاکانی ئێمەوماناندا ئەوکاتە حسابی بۆ دەکرێت کە دەستی گەشتبێتە پەیژەی دەسەڵات. دەسەڵاتبەدەستان لە توانایاندا نیە واز لە دەسەڵاتەکانیان بهێنن، چونکە هیچ پێگەیەکی تر نیە کە بیانگرێتەخۆ. هەربۆیە هەتا دەتوانن بەرگری لە دەسەڵاتەکەیان دەکەن و هەموو ئەوانی تریش چاویان بڕیوەتە ئەو پێگەیە. کێشەکە لە ئەحمەد و مەحوددا نیە، بەڵکو لە کۆی کۆمەڵگادایە و دەبێت سەرلەبەری بگۆڕدرێت بەوەی کە ئەقڵ وەک قۆناغی یەکەم بکەوێتە کار و بتوانێت بەبێ جیاوازی کۆمەڵگا لە ئامێزبگرێت. ئەوسا جیاوازیەکانی تر لەڕێگەی گفتوگۆوە بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

کایەی دەسەڵات وەک کایەی موگناتیس وایە و بارگەی پۆزەتیف و نێگەتیف هەڵدەگرێت. ئێمە هەموومان، لەهەر جێگەیەکی جیهاندا بین، خۆمان لە کایەی دەسەڵاتدارێتیدا دەبینینەوە. هیچ کەسێک لە کایەی دەسەڵاتداریتی بەدەر نیە، ئەوەی مەبەستە ئایا لە چ کایەیەکی دەسەڵاتدارێتیدا دەتوانین وەک مرۆڤ هەناسە بدەین و جێگەمان بێتەوە.

هەموو دەسەڵاتێک چەقی قورسایی هەیە، چەقی قورسایی دەسەڵات هێزی ڕاکێشان و پاڵپێوەنانی هەیە، لێکچووی خۆی ڕادەکێشێت و نەیاری خۆی دوردەخاتەوە. ئەگەر ناوەرۆکی دەسەڵات پۆزەتیڤ بێت، هەموو ئەو هێز و توانا پۆزەتیڤانەی کۆمەڵگا بە دەوری خۆیدا ڕادەکێشێت و لە خۆی کۆدەکاتەوە و نێگەتیڤەکانیش لە خۆی دوردەخاتەوە، یاخود کەناریان دەخات. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر چەقی دەسەڵات نێگەتیڤ بێت، ئەوا تەنها نێگەتیڤەکان بەرەو خۆی ڕادەکێشێت و پۆزەتیڤەکانیش بەرەو دەرەوە پاڵپێوەدەنێت. هەڵبەتە هیچ دەسەڵاتێک نیە لە سەدا سەد پۆزەتیڤ یاخود نێگەتیڤ بێت، بەڵکو هەمیشە ڕێژەیەکی کەم لە بارگەی بەرامبەر جێگەی خۆی لە دەسەڵاتدا دەکاتەوە. هەمیشە کۆمەڵێک خەڵکی باش لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆردا جێگەی خۆی دەکاتەوە و دەتوانێت سنورێک بۆ دەستدرێژیەکانی دەسەڵات دابنێت، بە پێچەوانەشەوە هەمیشە کۆمەڵێک مشەخۆر بواری دزی و تالانی، یاخود تاوانکردن لە سیستەمێکی دیموکراتیدا دەدۆزنەوە و خراپبەکاریدەهێنن.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەقڵیەتی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگایەکی وەک ئەوەی ئێمەدا کە سەرتاپای لە سەر ئەقڵیەتی سەرەتایی، یاخود خام پێکهاتووە، ئەوا دەزانین کە مەفهومی دەسەڵات

نەک هەر بۆ هاووڵاتی ئاسایی ڕوننەبۆتەوە، بەڵکو لەلای دەسەڵاتدارانیش مەفهومێکی ون و نادیارە. ئەوەی پیادەی دەکەن کتومت ئەحکامەکانی ئەقڵی خامە، کە وەک وتمان ئەقڵێکی نەزۆکە و تەنها خاوەنەکەی دەناسێت.

کاتێک کە دەسەڵاتێکی بەرفراوان دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەو ئەقڵەوە، ئەو کەسایەتیە سروشتیە بە شێوەیەک فویتێدەکرێت کە سەدان جار لە قەبارەی خۆی گەورەتر دەنوێنێت، بە شێوەیەک کە لە ئەنجامدا خۆشی باوەڕ دەهێنێت کە ئەوەندە گەورەیە و دابەزینی یەکێکە لە مەحاڵەکانی دونیا. لە بەرامبەریشدا ئەوانەی کە کەوتونەتە دەرەوەی بازنەی ئەو دەسەڵاتەوە، کە زۆربەی میللەت دەگرێتەوە، بچوکدەبنەوە بەشێوەیەک کە نەک هەر هیچ ڕیزێکیان لێناگیردرێت، بەڵکو هیچ حسابێکیان بۆ ناکرێت کە سەر بە ڕەگەزی مرۆڤن.

دەسەڵاتبەدەستانی ئێمە لەو ئەقڵیەتە بەدەر نین و میللەتی ئێمە لەو گێژاوی دەسەڵاتەدا خۆی دەبینێتەوە و هیچ مەفهومێکی لا ڕون نیە. نە دەسەڵاتدار، نە میللەت ناتوانێت سنوری دەستپێکردن و دەستپیاڕاگەشتنی دەسەڵات بدۆزێتەوە و دیاریبکات. نە سنورێک هەیە بۆ دەسەڵاتدارێتی، نە سنورێک هەیە بۆ ژیانی مەدەنی. لە هەموو سات و جێگەیەکدا دەسەڵات دەتوانێت هەڕەشەی مردن بەسەر هەمواندا بەبێ جیاوازی دابارێنێت، بەبێ ئەوەی تەنانەت خۆشی بتوانێت سنوری دەستدرێژیەکانی خۆی دیاریبکات.

ئەو دەسەڵاتانە چارەسەریان نیە، هیچ ئاغایەک ڕێگە بە نۆکەرەکەی خۆی نادات قسە لە قسەیدا بکات، هیچ پاشایەک خزمەتکارەکەی ناخاتە سەر خوانەکەی.

چارەسەری ئەو کۆمەڵگایانەی ئەو دەسەڵاتانە دەخولقێنێت، تەنها ئازادییە، تەنها لە ئازادیدا دەتوانرێت مرۆڤەکان لە تەڵەی دەسەڵات ببنەوە و ژیانێکی ئاسایی پێکەوە بنێن. لە ئازادیدا بونەوەرەکان دەبنەوە بە مرۆڤ و لە ئازادیدا ئەقڵ دەتوانێت گفتوگۆ بکات و گوێ لەیەکتری بگیردرێت. تەنها لە ئازادیدایە کە دەتوانرێت ئەوی تر قبوڵبکریت وەک ئەوەی کە هەیە و هەمان مافی ژیانی ئەوانی تری هەیە. لە ئازادیدا مرۆڤ خۆی دەناسێتەوە و بەو پێیەش ئەوی تریش دەناسێتەوە.

پرسیارەکە ڕەنگە لێرەدا بێت چۆن بەو ئازادییە دەگەین؟ لە کاتێکدا دەزانین دەسەڵات و ژێردەستەی دەسەڵات پێکەوە قوربانی ئەقڵیەتێکن کە دەبێت پێکەوە ڕاماڵدرێن، دەنا هەمان دەسەڵات لەبەرگێکی نوێدا دیسان لەدایک دەبێتەوە. ڕامالینی ئەو ئەقڵیەتە و گەشتن بە ئازادی سەرتاسەری و دامەزراندنی سیستەمێکی ئەقڵانی کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بەشداربن لە خۆشی و ناخۆشی ژیاندا، بە بەرپاکردنی شۆڕشێک، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەئەنجام دەگەیەنرێت. ئەمڕۆش کەم کەس هەیە نەزانێت شۆڕشی کۆمەڵایەتی چیە و چۆن

**بەسەرکەوتن دەگەیەنرێت و چۆن مەفهومی دەسەڵات و دەسەڵاتدارێتی بۆ هەتاهەتایە دەگۆڕێت.**

## دەسەڵات و تێکشکاندنی ئیرادە

23.07.2011

کاتێک دەسەڵات دەبێتە ئامێری تۆقاندن، لە سیفەتی بەڕێوەبردن دەردەچێت و دەبێتە کورەی ئاگر و مەرگ پەخشدەکاتەوە و پەردەی ترس بەسەر ژیاندا ڕادەکێشێت و دودڵی و دڵەڕاوکێ دەخاتەوە. ئەمە دەبێتە سیفەتی هەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە نایانەوێت لەوە تێبگەن کە زەمەنیان بەسەرچووە و دەیانەوێت بە زەبری زۆرکردن، زۆربە ملکەچبکەنەوە بۆ ژێر ئیرادەیان. ئیرادەی ژیان ئیرادەی ئازادیە و لە ئازادیدا هیچ دەسەڵاتدارێک ناتوانێت ئیرادەی خۆی بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت، هەربۆیە یەکەم هەنگاوی دیکتاتۆریەت لە تێکشکاندنی ئیرادەی ئازادی زۆربەوە دەستپێدەکات. تێکشکاندنی ئیرادە بە بڵاوکردنەوەی ترس و بەکردەوەکردنی ئازاردان و سوککردنی بەهای مرۆڤەکان دەستپێدەکات.

مرۆڤ بونەوەرێکی ناسکە و چەندین ساڵی دەوێت تا سەرپێی خۆی دەکەوێت، هیچ بونەوەرێکی تر لە سەر گۆی ئەم زەویە ئەوەندە کاتی ناوێت بۆئەوەی پشت بە خۆی ببەستێت. مرۆڤ چەندین ساڵ پێویستی بە ناز و خۆشەویستی و چاودێریی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت ژیانی خۆی بەڕێوەببات. بەهەمان شێوە مێشکی مرۆڤ جگە لەوەی کە چەندین ساڵی دەوێت تا پێدەگات، پێویستی بە پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێنان هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی ڕاست و دروست کاربکات و وەزیفەکانی خۆی جێبەجێبکات. مرۆڤ هەتا تەمەنێکی گەورە لەسەرو بیست ساڵێشەوە، هێشتا هەر پێویستی بە چاودێریی و ڕاوێشکاریی و ڕێگەنیشاندان هەیە. کرداری فێربوونیش هەرگیز تەواو نابێت و هەتا کۆتایی تەمەن بەردەوامی هەیە. ئەوە پێکهاتەی ناسکێتی مرۆڤە کە دەسەڵاتێکی زۆردار دێت و ئەوەی هێشتا لە پێگەشتندایە تێکیدەشکێنێت و هەر بە نەمامی دەیچەمێنێتەوە و دەیکاتە گۆچان و ئەوانی تری پێ سەرکوت دەکات.

هەر وەک چۆن پێگەشتن و گەشەکردن کردارێکی لەسەرخۆیە و کاتێکی زۆری دەوێت، بە هەمان شێوەش تێکشکاندن و سوککردنی بەهاکانی مرۆڤ، پرۆسەیەکی درێژخایەنە و زەمەنێکی دەوێت تا ترس دادەچۆڕێتە زۆربەی دڵەکانەوە. بەڵام بە پێچەوانەی پەروەردەوە، ترس دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی پێویستی بەوە نیە کە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی کەسەکە بکرێت، بەڵکو ناڕاستەوخۆ بەدەنگ و ڕەنگ و بە باس و گێڕانەوەش وەک نەخۆشی بڵاودەبێتەوە و دەتوانێت گەورە و بچوک بگرێتەوە.

*کاتێک ترس ڕەشماڵی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا ڕادەخات، ترسی گرتن لە خودی گرتن گەورەتر دەبێت و ترسی ئەشکەنجەدان لە ئەشکەنجەدان و ترسی مردن لە خودی مردن خۆی. شکاندنی ترسی شتەکان، خودی شتەکان پوچەڵ دەکاتەوە، ئەوسا نە گرتن ترسی هەیە نە ئەشکەنجەدان ئازاری هەیە نە مردن. ئەوەی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا ڕوویداوە و هەتا ئەمڕۆش لە لیبیا و یەمەن و سوریا بەردەوامە، شکاندنی ترسی شتەکانە، نەک نەهێشتنی گرتن و لێدان و ئەشکەنجە و ڕێگرتن لە کوشتن.*

دەسەڵاتدارێتی کوردی ئێستا دەیەوێت ترس بکات بە پرۆسەیەکی گشتگیر و پەخشیبکات. ئەوەی کە توانی ڕاپەڕینەکەی ئەمجارە بە هێرشێک دامرکێنێتەوە، هێزو توانای چەکدارەکانی نەبوو، بەڵکو پاشماوەی ئەو ترسە کەڵەکەبوەی ڕژێمی پێشوبوو کە بە دەیان ساڵ لە گرتن و ئەشکەنجە و لەسێدارەدان کۆماری ترسی پێدروستکردبوو، کە هەتا ئێستاش لە دەرونی مرۆڤی کورددا زیندووە و بە هێرشێک هەمووی هاتەوە مەیدانەکە و لە یادگەدا ژیایەوە. دەسەڵات دەیەوێت ئەو ترسە تەوزیف بکاتەوە. گرەوی دەسەڵات لەسەر ئەوە بەندە کە تا چەند دەتوانێت ئەو ترسە بە زوترین کات پەرشکاتەوە و هەمووانی پێکڕبکاتەوە. هەڵبەتە ئەم زەمەنە زەمەنی سەدام حوسەین نیە و جیهان ئەو جیهانەی ئەو سەردەمە نیە، بەڵام دەسەڵاتێکی دۆڕاو کە هیچ شتێکی تری بەدەستەوە نەمابێت، پەنا بۆ چڵە پوشێکیش دەبات ڕۆژێک بخاتە سەر تەمەنی.

ئیرادەتێکشکاندن زەمەنی بەسەرچووە و جیهان ناتوانێت چاوپۆشی لێبکات، دەسەڵاتی کوردی نەک وەک لیبیا و سوریای پێدەکردێت، نەوەک وەک تونس و میسریش خۆی دەدات بەدەستەوە. هەتا بتوانێت گەمەی سیاسی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا دەکات و کاتی ڕاپەڕینە سەرتاسەریەکە دوادەخات. کورد بە هەڵپەیە و ئەگەر ئەمجارە تەقیەوە، دەسەڵات فریای چەند فیشەکێک ناکەوێت و سەرانی هەرە تاوانبار، بەرەو ئەوروپا هەڵدێن و کۆمەڵگایەکی شڵەقاو بەجێدێڵن.

دەسەڵاتگرتنەدەستی ئۆپۆزسیۆن لەدوای ئەم دەسەڵاتدارێتییەوە دەبێتە کارەسات و فلیمەکە لەسەرەوە دەستپێدەکاتەوە. ئەوەی گرنگە لە دوای نەمانی ترسەوە، لەدوای تێکشکاندی دیواری بێدەنگی و لەدوای ئیرادە بەبەرداهاتنەوەی مرۆڤی کورد، ئەوەیە کە جارێکیتر ڕێگە نەدرێت تاکە حیزبێک، دەستە حیزبێک خۆی بکاتە پێشەنگ و دیسانەوە ئازادییەکان پێشێلبکاتەوە. ئازادی کۆمەڵگا، ئیرادەی ئازدی تاک بەتاک، دەبێت ببێت بە بەردی بناغەی ئەو کۆمەڵگایەی کە سبەینێی نەوەکانمان دەستنیشادەکات.

**پێداویستی ئۆپۆزیسیۆن، شۆڕش و دەوڵەت**

27.07.2011

بۆئەوەی ببینە خاوەنی نیشتیمان، شۆڕشمان پێویستە. بۆئەوەی شۆڕش بەرپابکرێت، باوەشی ئۆپۆزسیۆنێکمان دەوێت میللەت بگرێتە باوەش، نەک دوژمنایەتی دەسەڵات بکات.. بۆئەوەی دادپەروەری بەرقەرار بێت، پێویستمان بە دەوڵەتێکە لەسەر بنچینەی ئەقڵ دامەزرابێت و ئەو هەستەمان تیا دروستبکات کە هەمووومان سەر بە نیشتیمانێکین و هەمووومان بەشدارین لە خۆشی و ناخۆشیەکانیدا.

لە هەموو میللەتێک زیاتر پێویستی دەوڵەت لەلای کورد کەڵەکەبووە. ئەگەر شۆڕشی کۆمەڵایەتی بۆ میللەتانی ناوچەکە تەنها دامەزراندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا بۆ ئێمە سەرەڕای دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دامەزراندنی دەوڵەت و بوون بە خاوەنی نیشتیمانیش لەخۆی دەگرێت.

ئێمە نازانین لە کوێوە دەستپێبکەین و داوای چی بکەین، ئێمە لە دوای ڕاپەڕینی 1991 نەبوون بە خاوەنی هیچ، بەپێچەوانەوە ئێمە قەزیەکەشمان دۆڕان کە ناوی قەزییەی کورد بوو.

پێداویستی دەوڵەت، شێوەیەک لە شێوەکانی دەوڵەت بۆ کورد، پڕکردنەوەی بۆشاییەکی گەورەیە کە بە قوڵایی ناخماندا چۆتە خوارێ و تاک بە تاکی کۆمەڵگای بڕیوە. نەبوونی دەوڵەت، واتە نەبوونی نیشتیمانێک کە هاووڵاتیان لەخۆی بگرێت. لەوەتەی چاوی مێژوویمان بە چواردەوردا کراوەتەوە، کۆمەڵێک میللەتی تر خاوەنی دەوڵەت و نیشتیمانی ئێمەش بوون. نیشتیمان ئەو پارچە زەوییەی مرۆڤی میللەتەکانی تر خۆیان بە خاوەنی دەزانن و تیایدا لەدایک دەبن و تیایدا گەورەدەبن، ئێمە لە جێگەیەکدا لەدایکدەبین و گەورە دەبین کە بەهی خۆمانی نازانین، یاخود ڕاستر خاوەنێکی تریشی هەیە. ئێمە هەرگیز نەمانتوانیوە هەستی نیشتیمان بکەین، یاخود خۆمان بە خاوەنی نیشتیمان بزانین، ئەو جێگایەی/ ئەو ماڵەی کە بتوانین بگەڕێینەوە سەری.

ڕاپەڕین ڕویدا و ڕژێمی بەعس لە سێ بەشی کوردستانی ئێراق ڕاونرا و کەچی نەبووین بە خاوەنی نیشتیمان، نەبووین بە خاونی دەوڵەت، تەنانەت نەبووین بە خاوەنی حوکمی زاتیەکەی چل ساڵ لەوەوبەری ڕژێمی بەعسیش کە بڕیاڕبوو بدرێت بە کورد. هەستی

بێنیشتیمانی هێندەی تر لە ناخماندا قوڵدەبووەوە و شەپۆل شەپۆل دەمانویست لەو دۆزەخە هەڵبێین.

ئەمڕۆ لە دوای بیست ساڵ کاولکاری نیشتیمان و داڕزانی حوکمی زاتی و دانەمەزراندنی بنەمای دەوڵەت، ڕوبەڕوی کۆمەڵێ چەکدار بوینەتەوە کە جڵەوی فەرمانڕەوایەتی و سامان و دەرامەتی ئەم بەشەیان لەدەستدایە ونایانەوێت میللەتی کورد هەناسەیەکی ئازادی بدات.

ئێمە لە ماوەی ئەم بیست ساڵەشدا نەبووین بە خاوەنی بزوتنەوەیەک کە بتوانێت ببێتە بەرهەڵستکاری ئەو فەرمانڕەوایانە و بەرپەرچی ڕەوشتە چەوتەکانی هەڵسوکەوتەکانیان بداتەوە، ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن سیاسەت. نەبووین بە خاوەنی ئۆپۆزسیۆنێک کە ئەم دەسەڵاتبەدەستانەمان لێنەکات بە دوژمن و باوش بۆ میللەت و نیشتیمان بکاتەوە.

بزوتنەوەی گۆڕان لە هەلومەرجێکی نائاسایدا دروستبووە، ڕاستەوخۆ لە بەربەرەکانی یەکێتییەوە بۆ بەربەرەکانێی هەردوو دەسەڵاتبەدەستانی ئەمڕۆی کوردستانی ئێراق کە دەکاتە پارتی و یەکێتی. ئەمڕۆ بمانەوێت و نەمانەوێت جارێکی تر مەیدانی سیاسی کوردستان بۆتەوە بە دوو بەش، بەرەیەک گۆڕان و بەرەیەک پارتی و یەکێتی، یاخود بەرەی دەسەڵاتبەدەستان.

ئێمە ساڵانێکی زۆر بەدەست ململانێی پارتی و یەکێتیەوە ئازارمان چێشتوە و کۆمەڵگای کوردیان وەک هەمیشە لەیەکتر دابڕیوە و کردویاتە دوژمنی یەکتری. ئێمە ئەزمونی تاڵی شەڕی پارتی و یەکێتی دەبوایە وانەیەکی فێربکردینایە کە هەرگیز دوبارەمان نەکردایەتەوە. هێشتا "بێسەروشوێنانی" ئەو شەڕە نەدۆزراونەتەوە و ئاشکرانەبون، ئێمە لە لایەکی ترەوە بوینەوە بە خاوەنی ململانێیەکی دوبەرەکی لە کوردستاندا و لەو نێوانەشدا ئەوەی هەمیشە باجەکەی دەدات، هەر میللەتە ڕەش و ڕوتەکەیە.

ئێمە لە یەکەم ڕۆژی دەسەڵاتبەدەستەوەگرتنی پارتی و یەکێتیەوە، پێویستمان بە ئۆپۆزسیۆنێک، یاخود بە بزوتنەوەیەک هەبووە کە لە بەرامبەر ئەو دوو هێزەدا باوەش بۆ میللەت بکاتەوە، ئەوەی هەتا ئەمڕۆ دروستنەبووە و بزوتنەوەی گۆڕان دیسانەوە کۆمەڵگای کوردی شەقپێبردەوە و هەلی دروستبوونی ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەی لەباربرد و لە جێگەی دانیشتوە. ئێمە پێویستمان بە بزوتنەوەیەکە کە خەمخۆری هەموو میللەت بێت، نەک لایەنێکی سیاسی، نەک کەسایەتیەکی دیاریکراو، نەک کۆمەڵی ئامانج و داواکاری هەنوکەیی، بەڵکو چارەنوسی میللەتێک بگرێتە ئەستۆی خۆی.

ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی، نە ڕێکەوتنێکە لە بیروباوەڕی کوردایەتیەوە هاتبێت کە بەرژەوەندی میللەتی کورد بکاتە ئامانج، نە ڕێکەوتنێکی ستراتیجیە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی

دۆژمنێکی سەرەکی کە هەڕەشە لە بوونی کورد بکات. ڕێکەوتنی ستراتیجی پارتی و یەکێتی تەنها لەسەر دابەشکردنی سامان و دەرامەتی کوردستانە لە نێوانی خۆیاندا. هەرکاتێک بچوکترین شڵەژان بکەوێتە ئەو نێوانەوە، ئەوا پارتی و یەکێتی وەک پیشەی چەندین ساڵەیان دیسانەوە دوژمنی سەرسەختی یەکترین.

تەنانەت لەگەڵ ئەو ڕێکەوتنەشیاندا، هێشتا نەیانتوانیوە کێشە کۆنەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن و هێشتا دابەشکردنی ناوچەی پارتی و یەکێتی هەر وەک خۆی ماوەتەوە، هەر یەک لەلای خۆیەوە ئیحتیاتی خۆی بەرامبەر ئەوی تر وەرگرتووە لە هەموو تێکچونەوەیەکی نێوانیاندا. واتە نەک تەنها بە ڕوکەش و کاتی یەکیان قبوڵە، بەڵکو لەسەر ئەرزی واقیع هێشتا دوژمنی یەکترین و باوەڕیان بەیەکتری نەهێناوە.

ئەمڕۆ کە دوژمنێکی تریان بۆ پەیدا بووە، لەسەر ئەوە کۆکن کە بە هەردوولا نەهێڵن سەربەرزبکاتەوە، ئەویش گۆڕانە. گۆڕان بۆ ماوەیەکی کاتی توانیویەتی پارتی و یەکێتی کۆبکاتەوە بۆ دژوەستانەوەی خۆی، بەڵام لە هەمانکاتدا ناکۆکی پارتی و یەکێتی قوڵکردۆتەوە و تازەبۆتەوە و هاتۆتەوە ئاستی سەرەوە. هەموو ئەو ناکۆکیانەی نێوانیان، کە هیچ کاتێک لە ڕیشەوە چارەسەر نەکراوە، جارێکی تر هاتۆتەوە مەیدانەکە و پارتی و یەکێتی ناچار کردۆتەوە کە بە خۆیاندا و بە یەکتریدا بچنەوە. سەرەڕای ئەوەی ناکۆکیەکی گەورە هەیە لە نێوانی پارتی و یەکێتیدا لە چۆنێتی ڕوبەڕوبونەوەی بزوتنەوەی گۆڕاندا.

ڕاستە گۆڕان ئۆپۆزسیۆنی پارتی و یەکێتیە لە دەسەڵاتدا، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع کێشەی دوبەرەکی کردووە بەسێ بەرەوە، کە بە میللەتەوە دەکاتە چوار بەرەی جیاواز.

ئێمە پێویستمان بە ئۆپۆزسیۆنێک هەبوو کە ئەوەندەی تر کۆمەڵگای کوردی لەیەکتر دانەبڕێ، نەک هێزێکی تر فڕێبداتە ناو مەیدانی ناکۆکیەکانەوە. ئۆپۆزسیۆنێک کە پارتیبوون و یەکێتیبوون بکاتەوە بە کوردبوون، نەک هێزی سێیەم دامەزرێنێت و ڕوبەڕوبونەوەی نێوان هەر سێ لایەنەکە تیژکاتەوە. ئۆپۆزسیۆنێک کە ڕۆحی هاونیشتیمانی بوون و ڕۆحی یەکپارچەیی بچێنێت، کە دوو حیزبە سەرەکیەکە چۆکدادەن لەبەردەم گەورەیی و لێبوردەیی و دڵسۆزیی ئەو هێزە بۆ نیشتیمان و بەرژەوەندی میللەت، ئەو هێزە خۆکردە خۆڕسکەی لە ناودڵی میللەتەوە هەڵقوڵابێت. بە شێوەیەک کە نەتوانن هیچی بەرامبەر بکەن، زیاتر لەوەی تەسلیمی ببنەوە، بەلایەنی کەمەوە لایەنگرانی ئەو دوو حیزبە وەک قۆناغی یەکەم.

پێداویستی شۆڕش بۆ ڕاماڵێنی هەموو ئەوانەیە، بۆ دامەزراندنی هەموو ئەو بنەمایانەیە کە لەم ژیانەدا لێی بێبەش کراوین. هەموو مرۆڤێک کە لەدایکدەبێت مافی ژیانی هەیە، ئەوەی

لەو مافە بێبەشی دەکات، سیستەمی فەرمانڕەوایەتیی ئەو کۆمەڵگایەیە کە چاوی تیادەکاتەوە. ئێمە ئەگەر گوناحێکمان هەبێت، ئەوەیە کە بە کوردی لەدایکبووین، ئەوەی خۆی لە خۆیدا گوناح نیە و بۆ ئێمە نەک هەر بوە بە گوناح، بەڵکو بوە بە تاوانیش.

پێداویستی شۆڕش لە گێڕاندنەوەی مافە سروشیەکانەوە دەستپێدەکات کە هەمووومان مافی بەشداربوونمان لە ژیاندا وەک یەکە، شۆڕش بۆیە بەرپادەکرێت کە ئەو مافانە لە سیستەمێکدا جێگیر بکرێت و هیچ کەسێک نەتوانێت یاری بە چارەنوسی هاوڕەگەزەکەی خۆی بکات.

ئێمە تەمەنێکی زۆرمان لەو ڕێگایەدا خەرجکردوە و ئەمڕۆ بە هیچ گەشتووین، نە خۆمان، نە منداڵەکانمان هەتا ئێستا ئاسۆی ژیانێکی ئاسایمان لێوە دیار نیە. شۆڕش دەبێت سەراپای کۆمەڵگا ببڕێت و سەرلەنوێ دایڕێژێتەوە، گرنگ ژمارەی قوربانیەکان نیە، بەڵکو دەرئەنجامەکەیەتی، چونکە ئێمە دەمێکە قوربانین و لەخۆمان بوردووە کە زیندووین. هەڵبەتە نە ژیاوین و نە دەزانین ژیانی بێ ترس و لەرز چیە و نە بەهای ئازادی لە چیدایە، چونکە ئەزموونمان نەکردوە، هەربۆیە شۆڕش ئەگەر بەسەرکەوتن بگات، قوربانیەکان لە ئێمە ئاسودەتر دەبن بەوەی توانیبێتیان کۆمەڵگایەک دامەزرێنن شایانی بەمرۆڤبوون بێت.

**تیرۆری دەسەڵات**

01.08.2011

**کاتێک کردەوەیەکی تیرۆریستی لە کۆمەڵگایەکدا ڕوودەدات، هەموو خەڵکی دەمی لێدەکاتەوە و دەبێتە باس و خواسی گەورە و بچووک، لە پێش هەمووشیانەوە دەمی دەسەڵات، ئەوەی دەزگای ڕەسمی ڕاگەیاندنەکانی لەژێردەستدایە. بەڵام کاتێک دەسەڵات پلان دادەڕێژێت بۆ تیرۆرکردنی کەسێک یاخود کۆمەڵە کەسێک، دەچێتە خانەی پارێزگاریکردن لە ئاسایشی نەتەوەییەوە و ئەگەر پەردەی لەسەر هەڵنەماڵرێت، نەک هەر کەس باسی ناکات، بەڵکو دەچێتە خانەی نهێنیەکانەوە و دەسەڵات هەتا بۆی بکرێت نوکوڵی لێدەکات،خەڵکیش ژێربەژێر و بەدزییەوە باسی لێوەدەکەن و دەبێتە ترسێک و دەچێتە دڵیانەوە.**

**دەسەڵات بەو هەموو دامەزراوەیەوە بڕیاری کوشتنی یەکێک لە هاووڵاتیەکانی خۆی دەدات کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بێچەکە و بەلایەنی زۆریشەوە، چالاکێکی سیاسیە کە بیروباوەڕێکی جیاوازی هەیە، یاخود دەیەوێت لەڕێگەی فیکرەوە خەڵکانێکی تر هانبدات دژی دەسەڵاتدار بوەستنەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا مرۆڤێکی مەدەنیە و خاوەنی بۆچونێکی جیاوازە لەوەی کە دەسەڵات هەڵگریەتی.**

**تیرۆری دەسەڵات مێژوویەکی کۆنی هەیە و زۆربەی دەوڵەتانی جیهان پەیڕەویان کردوە و دەیکەن، تەنانەت ئەوانەی خۆشیان بە دیموکراتی دەدەنە قەڵەم. تیرۆری دەسەڵات لە ڕوبەڕوبونەوەی خۆپیشاندانەکاندا کە لە دژیان بەرپادەکرێت، بە ڕۆژی ڕوناک ئاشکرا دەبێت، وەک ئەوەی ئێستا لە لیبیا و یەمەن و سوریادا دەیبینین.**

**تیرۆری جەسەدی هەمیشە دوا چارەسەرە بۆ ئەو دەسەڵاتبەدەستانەی کە تێدەگەن، بەڵام یەکەم کاردانەوەی ئەو دەسەڵاتانەیە کە تەنها ئەو زمانە دەزانن، زمانی کوشتن. دەسەڵاتبەدەستانی دیکتاتۆر نایانەوێت کارلەکاربترازێت و بکەونە دیالۆگەوە، ئەوان میللەتیان وا پەروەردە کردوە کە تەنها ملکەچیی بزانن. ئەوەی لەو یاسایە لابدات، خوێنی دەکرێتە کاسەوە.**

**تیرۆری دەسەڵات، بە پێچەوانەی تیرۆری تاکەکەس و گروپەوە، زیاتر سیستیماتیکە و چەندین دامەزراوەی لەپشتەوەیە، هەر ئەوەشە کە مەترسدارترین تیرۆر، تیرۆری دەسەڵاتە، چونکە لە پێگەی هێز ودەسەڵاتەوە بەئەنجام دەگەیێنرێت.**

دەسەڵات خاوەنی هێز و چەکە، ئیمکانیاتێکی بەرفراوانی لەبەردەستدایە و فەزایەکی کراوەی زەمەن و جێگەی بۆ ڕەخساوە کە تا ڕادەیەکی زۆر هەمیشە ئامادەیە، تەنها بڕیاردانەکە دەستنیشانی کات و شوێنەکەی دەکات، واتە هەست دەکات ئازادە و کەس لەسەرویەوە نیە کە لێیبپرسێتەوە، هەر بۆیە بە وردی پلانی تیرۆرەکان دادەڕێژێت و بەکردەوەی دەکات.

*کێشە فەلسەفیەکە لێرەوە دەستپێدەکات کاتێک دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ تیرۆرکردنی هاووڵاتیانی خودی ئەو دەوڵەتە بەکاردەهێنرێت. دەوڵەت موڵکی شخسیی هیچ کەس و تاقمێک نیە کە فەرمانڕەوایەتیان لەدەستدایە، بەڵکو دەوڵەت کەسایەتیەکی سەربەخۆی زیندووە و ژیانی کۆمەڵگا لە حەقدا ڕادەگرێت، یاخود دەبێت بەو شێوەیە بێت. کاتێک دەسەڵات دەست دەبات بۆ تیرۆر، ئیتر لە حەقانیەت دەکەوێت، ئەگەر دیموکراتیترین ڕژێمیش بێت و چوار ساڵ جارێکیش دەموچاوەکان بگۆڕێت.*

ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە دیموکراتیترین دەوڵەت هەژماردەکرێت، لە کاتێکدا سیاسەتی تیرۆری مەدەنی یەکێکە لە کۆڵەکەی مانەوەی ئەو دەوڵەتە و هەمیشە سیاسەتێکی کارابووە بەرامبەر هەموو ئەو عەرەبانەی کەوتونەتە سنوری دەوڵەتی ئیسرائیلەوە. ئەمریکا بە هەمان شێوە نەیارەکانی دەسڕێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کەوتونەتە دەرەوەی سنوری ئەمریکاوە.

ڕژێمە دیکتاتۆرەکان هەر لەسەرەتاوە مەفهومی دەوڵەتیان لەباربردووە و ئەوەی هەبوە و هەیە دامەزراوەیەکی پۆلیسیی سەرکوتکەر و داپلۆسێنەر لەجێگەی دەوڵەت دانیشتوە و بەناوی دەوڵەتەوە ژیانی سیاسی کۆمەڵگا، یاخود ژیانی سەرکردەی تاکوتەنها و حیزبی ڕابەر دەبات بەڕێوە.

ئێمە ناتوانین بڵێین بە پەڕینەوە لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراتی، ئیتر لە تیرۆری دەسەڵات ڕزگارمان دەبێت و ڕێگەخۆش دەبێت بۆ دەوڵەتی حەقانیەت، بەڵام هەنگاوی یەکەمە کە دامەزراوەی دەوڵەتیی دروستبێت و دەشێت لەسەر ئەوەوە بنیاتی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دەوڵەتێکی سەربەخۆ وەک دامەزراوەیەکی بێلایەن پێکبهێنرێت.

کورد بە پێچەوانەی زۆربەی دەوڵەتانی جیهانەوە لە ڕێگەی هێزی چەکدارەوە لە هەوڵی قاڵبێکی دەوڵەتدا بووە کە خۆی پێداپۆشێت، نەک دەستبگرێت بە سەر شێوەیەک لە شێوەکانی دامەزراوەی دەوڵەتیدا.

دروستکردنی پەرلەمان و هەڵبژاردن لە پێگەی جیاوازی هێزی یەکێتی و پارتییەوە دروستبووە. دابەشکردنی پەنجا بە پەنجا و دوابەدواش تەوافوق و ڕێکەوتنی ستراتیجی،

بەپێی تەرازوی هێزەکانیان کێشراوە و سنوری دەسەڵات و ناوچەی نفوزیان پێ جیاکردۆتەوە.

تیرۆری دەسەڵات پارتی و یەکێتی ناگریتەوە، چونکە خاوەنی دەوڵەت و دەستور و ڕەوایەتی نین تاوەکو بڵێین دامەزراوەی دەوڵەتییان خراپبەکارهێناوە. ئەوەی هەیە دوو هێزی چەکدارە و بەزەبری هێز خۆیان سەپاندووە بەسەر شانوملی میللەتدا و دەڵێن کە نوێنەر و فەرمانڕەوای کوردن. واتە دەتوانن بە ئاشکرا و بە نهێنی تیرۆر بەرامبەر هەموو کەسێک، هێزێک، گروپێک بەکار بهێنن کە دژیان دەوەستێتەوە.

ڕەوایەتی ئەوان لە هێزی چەکەوە هاتوە و نە بە پەرلەمان دروستکردن، نە بە هەڵبژاردن، نە بە میدیا ناتوانن حەقیقەتی خۆیان پەردەپۆش بکەن.

ئەو دوو هێزە چەکدارەی ئەمڕۆ جڵەوی فەرمانڕەوایەتیان خستۆتە ژێر دەستی خۆیان و ماوەی بیست ساڵە بۆیان چۆتەسەر، خۆیان سەرچاوەی تیرۆرن و ئەگەر بمانەوێت ببینە خاوەنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی، دەبێت هێزی چەکدار لەو دوو حیزبە داماڵرێت و دەستورێک دابمەزرێنرێت کە بەرژەوەندی تاکی کۆمەڵگای کوردی لەبەرچاوبگرێت. ئەوسا دەتوانرێت باس لە دامەزراندنی پەرلەمان و هەڵبژاردن و دامەزراوەی دەوڵتیی بکرێت.

ئەگەر کۆمەڵگا خاوەنی سیستەمێکی دامەزراوەیی دەوڵەتیی و دوابەدواش دەستورێک بێت و ڕژێمێکی دیموکراتی پەیڕەو بکرێت، ئەوا هیوای ئەوە هەیە کە سنورێک بۆ تیرۆری دەسەڵات دابنرێت. لەپێش ئەوەوە، مەحاڵە باس لە بەزەیی و لێبوردەیی دەسەڵات و سەروەری یاساوە بکرێت.

**ترسی ژیان، ترسی مردن و ترسی دەسەڵات**

03.08.2011

**کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت، لە هەموو شتێک دەترسێت، لە ژیان دەترسێت. منداڵ هەرچیەک فێردەبێت، بۆ ئەوانی بەرامبەری فێردەبێت، بۆئەوەی قبوڵبکرێت. منداڵ لە پشتگوێخستن دەترسێت و نایەوێت ڕەفز بکرێت، دەترسێت هەلی ژیانی لەدەستبدات. منداڵ بەنائاگایی دەزانێت فرسەتێکی لەبەردەستدایە و بۆ ماوەیەکی سنوردارە و دەبێت خۆی لە تێکشکان و دۆڕاندن و ژێرکەوتن بپارێزێت. ترسی ژیان هەتا مردن بەردەوامە و زۆربەیەک هەرگیز فێرنابن بە ئازادی بژین و بە بەردەوامی لە ژیان و ژێرکەوتن و دۆڕاندن دەترسن.**

**ترسی مردن کاتێک زاڵدەبێت کە مرۆڤ دەگاتە هەرزەکاریی. منداڵ هەر لەمنداڵیەوە لە تێکەڵەیەک لە ترسی ژیان و مردندا گەورە دەبێت، بەڵام ئەوەی کە زیاتر زاڵە، سەرەتا ترسی مانەوەیە. کە پێ دەنێتە هەرزەکاریەوە و تا ڕادەیەک لە مانەوەی وجودی مسۆگەر دەبێت، ئەوسا پێدەنێتە ژیانەوە. لەگەڵ ژیاندا مردن سەرەتاتکێ دەکات و جێگەی ترسی ژیان دەگرێتەوە. هێشتا جێپێی ژیان خۆش نەبووە، مردنیش دەبێتە سەرباری خەمەکان.**

**هەتا تەمەن بەرەوە پێشەوە بڕوات، ترسی ژیان و مردن کەمتردەبێتەوە و جێگیربوونێکی کاتی بەخۆیانەوە دەبینن و زیاتر دەچنە پشتی پەردەوە، جارجارەیەک لە بۆنەی جیاجیادا سەردەردەهێننەوە. گەمەی ترسی ژیان و مردن جێگۆڕکێ دەکەن و هەرجارەی یەکێکیان چالاک دەبێت و دەبێتە بڕیاردەری زاڵ.**

**هەموو ئەوانە دەچنە خانەی سروشتی ژیانەوە و لە کۆمەڵگا شارستانیەکاندا بە وردی چاودێری دەکرێت و لەکاتی پێویستدا، هەمیشە دەستی یارمەتی ئامادەیە. جگە لەوەی کۆمەڵگا بە جۆرێک ئامادە کراوە کە جێگەی هەموو تەمەنێکی تیاببێتەوە و هەرکەسەو بەپێی تەمەنی خۆی لەو جیهانەدا دەژی کە پێویستی پێیەتی، هەمووی لەژێر چەتری کۆمەڵگایەکی ئازاددا.**

**کۆمەڵێ جیهانی بچکۆلەی گونجاو بۆ هەمووان و بۆ هەموو تەمەنێک لەبەردەستدایە، بەشێوەیەک کە کەس هەست نەکات مافی تەمەنی جیهانەی خوراوە. بەوپێیە مرۆڤ گەشەی سروشتی خۆی لە فەزایەکی هێمندا دەباتەسەر و هێدی هێدی ترسی ژیان و مردنی دەڕەوێتەوە و لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت کە بە ئارەزووەکانی، خواستەکانی خۆی بگات و بیانسەلمێنێت.**

لێرەدا هیچ ترسێک نیە بەناوی ترسی دەسەڵاتەوە کە لە کۆمەڵگاکانی ئێمەو ماناندا هەر لەسەرەتاوە تیکەڵی ترسی ژیان و مردن دەبێت و دەبێتە کوچکەیەکی زیندوو کە دوو ترسەکەی تر لەخۆیدا کۆدەکاتەوەو دەبێتە کۆڵەکەی ترسەکان.

سێ کوچکەی ترس لە ئێمەدا لەگەڵ لەدایکبووندا لە پێشمانەوە، لەبەردەمماندا گەورە دەبێت و وردە وردە تەمەنمان دەخوات، تەمەنمان دادەخورێنێت بەرەو داڕزان. ئێمە فریای ئەوە ناکەوین لە ترسی ژیان تێبگەین، ترسی مردن زاڵ دەبێت و دەسەڵات جڵەوی ژیان دەگرێتە دەست خۆی و بڕیاری ژیان و مردن دەدات. ئێمە هەمووومان دەبێت لەژێر ئەو ترسەدا ژیانە هەرە سەرەتایەکانمان بوگزەرێنین. هیچ کاتێک کاتی ئەوەمان نیە هیچ یەک لە ترسەکان لێکبدەینەوە و لێیتێبگەین، چونکە ترسی دەسەڵات بۆتە پێشەنگ و دەبێت لەژێر سێبەری ئەودا بیر لە ژیان و مردن بکرێتەوە.

ئێمە کاتێک لەدایک دەبین هیچ گوناحێکمان نەکردوە، کەچی ژیانمان داگیرکراوە و دەبێت بەو ئاڕاستەیەدا بڕوات کە دەسەڵات بڕیاری لەسەر دەدات. دەسەڵات دەیەوێت لە ترسدا ژیانمان بەسەر بەرین و تروسکایی ژیان نەبینین. نەزانین کێین و نەزانین کێ نین. دەسەڵات دەیەوێت هەبین و نەبین، بەو واتایەی ڕەنگمان هەبێت و دەنگمان نەبێت. ئەو قاڵبەکانمانی دەوێت، نەک ناواخنەکانمان.

ئێمە پێش ئەوەی لە ترسی ژیان و مردن تێبگەین دەبێت ترسی دەسەڵات بڕەوێنینەوە. ئێمە ناتوانین لە ژێر سێبەری ترسی دەسەڵاتدا مانایەک بۆ ژیانمان پەیدابکەین. ترسی دەسەڵات ترسێکی سروشتی نیە و دەسەڵاتبەدەستانی ئێمە خولقاندویانە و کردویانە بە بەشێکی "زیندوی" ژیانمان.

ئەگەر بمانەوێت منداڵەکانمان بە سروشتی لە ترسی ژیان و مردن بگەن، دەبێت لە ئێستاوە کۆمەڵگایەک ئامادەکەین کە دەسەڵات ترسهێنەر نەبێت، بەڵکو پارێزەر و پشتوپەنا بێت، ئەوەی لە کۆمەڵگا شارستانیەکانی تری جیهاندا دەیبینین. ئەوسا هەموو لێکدانەوەکان بواری گفتوگۆکردنە و دەشێت مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە ترسی ژیان و مردن تێپەڕێنێت و مەفهومێکی تر لە جێگەیان دابنێت.

## بۆچی ئەقڵ ئیشناکات؟ بۆچی کار بە ئەقڵ ناکرێت؟

ئەو دەسەڵاتەی لە دەسەڵاتی ئەقڵ گەورەترە و توانای ئەقڵ قووتدانی هەیە و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم هەموو گۆڕانێکی ڕاستەقینەدا، دەسەڵاتی غەریزەیە یاخود غەریزەی بەدەسەڵاتە.
گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەم بیست ساڵەی دەسەڵاتی کوردی و بپرسین ئایا هیچ کراوە بۆ گۆڕانی ڕاستەقینە؟ هیچ بەرنامەیەک هەبووە بە ئاگایی و وشیارییەوە پیلانی بۆ دانرابێت و کۆمەڵگا لە بارێکەوە بگوێزێتەوە بۆ بارێکی پێشکەوتووتر؟

ئایا دەسەڵاتی سیاسی کوردی مەبەستیان بووە ئەو بارودۆخە وەک خۆی بمێنێتەوە؟ یاخود ڕاستر بڵێین، ئایا لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی سیاسیدا نەبووە کە کۆمەڵگا وەک گۆمێکی وەستاو بمێنێتەوە؟

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕێگرەکان، یاخود میکانیزمی ئەو کۆمەڵگایەی لە ئێستا و ئێرەدا خۆی تیادەبینێتەوە و ئەوەی کاری پێدەکرێت لە چی پێکدێت، مەبەست لە ئاست و شێوازی پەیوەندییەکانە کە چۆن تێهەڵکێشکراوە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەک خێزان، پەیوەندی ژن/ پیاو، باوک/ منداڵ، دایک/ منداڵ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تر وەک خزمایەتی، کەسوکار، دراوسێ، پەیوەندییەکانی سەر کار و شوێنە گشتییەکان/ خزمەتگوزارییەکان، دوابەدواش پەیوەندییە سیاسیی و حیزبایەتییەکان لەگەڵ کۆی کۆمەڵگادا.

لێرەدا بەناچاری دەپرسین، ئایا ئەقڵی ئێمە لە قۆناغی منداڵیدایە؟ ئایا ئێمە هەتا ئێستا ئێشمان هەر بە هەست کردووە؟ ئێمە بۆ ناتوانین سود لەو ئەقڵانییەتە جیهانییە وەربگرین، کە لە هەمان زەمەندا دەژین؟

هەرچەندە دەزانین یەک زەمەنیی مانای یەک مێژوویی ناگەیەنێت؟ ئەوەش دیسانەوە دەبێتەوە بە پرسیار کە بۆ مێژووی ئێمە جیاوازە لە مێژووی ئەوان؟

ئایا ئێمە پاشماوەی مرۆڤایەتیین و هەر دەبێت بەو شێوەیە بمێنینەوە؟
ئایا ئەقڵ پەیوەندی بە هەژاری و دەوڵەمەندییەوە هەیە؟ ئایا ئەقڵانییەت کە زادەی ڕۆژئاوایە، تەنها پەیوەندی بە ڕەگەزی ئارییەوە هەیە؟

ئێمە بۆ ناتوانین ئەقڵ بەکاربهێنین؟ ئایا گۆڕانی سیستەمە سیاسییەکان دەتوانێت ئەقڵانییەت و گۆڕان مسۆگەر بکەن؟

کێ دەتوانێت ئەو گۆڕانانە دەستنیشانبکات و لێی بەرپرس بێت؟ ئایا دانانی دەستور لە وڵاتێکدا دەتوانێت گۆڕان دابین بکات؟ کێ پەیڕەویی لە دەستور دەکات؟ کێ دەیپارێزێت؟
پەروەردە لەسەرەوە بۆ خوارەوە، یاخود لە خوارەوە بۆ سەرەوە؟
ئەوەی کە ئێمە خۆمانی تیادەبینینەوە، ئەوەیە کە ئەقڵ ئیش ناکات. هەموو سیستەمەکانی فێربوون، تەنها ئەقڵیان ڕوشاندووە و نەگەشتونەتە ناوەرۆکی ئەقڵ و فێری بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن و بڕیاردان نەبوون.

هەموو سیستەمەکانی پەروەردە تەنها خوێندەواری سەرەتایی، ئەلفوبێی خوێندن و نوسین فێری مرۆڤەکان دەکەن، نەک بیانکاتە خوێندەوار.

لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ لەدایکدەبێت ئەقڵ پێویستی بە پەروەردەکردن هەیە هەتا دەمرێت.
کە گۆڕان لەم میللەتانەدا ڕونادات، مانای ئەوەیە کە ئەقڵ ئیشناکات و بە ناچاری بە غەریزە دەجوڵێنەوە، بە غەریزە هەڵسوکەوت دەکەن، دوابەدواش بە غەریزە دەژین.

ئەوەش خۆی لە خۆیدا کردارێکی ئازاراوییە بۆ زۆربەیەک کە نایەوێت بە غەریزە بژی و بە ناچاری دەبێت ملکەچی کۆمەڵێک فەرمانی کۆمەڵگا بێت کە بە غەریزە دەجوڵێتەوە.
لە زەمەنێکدا کە ئەقڵانییەت بوونی هەیە لەسەر ئەم گۆی زەوییە، لەسەردەمێکدا کە زۆربەیەک دەتوانێت بیناسێتەوە و کارپێبکات، کە دەیەوێت ئیش بکات و لە جوڵەدا بوونی هەبێت. زۆربەیەک کە خۆی خاوەنی ئەقڵە و دەبێت بیدۆڕێنێت، ئەویە لەباربردنی شاڕەگی کۆمەڵگا.

خەساندنی ئەقڵ بەدەست غەریزە کوشتنی خاوەنەکەیەتی وەک ڕۆح و هێشتنەوەیەتی وەک لەش. ئەنجامەکەی مرۆڤێکی بێباکی ساردوسڕ وەک کاغەز دێت و دەچێت بەبێ ئەوەی بتوانێت بەردێک بخاتە سەر بەردێک.

ژیان لە غەریزەدا ژیانێکی بێ مێژووە، بێ یادەوەرییە، بێ ڕابوردوو و داهاتووە. ژیانێکی ساتیی لەم ساتەوەختەدایە بێ هیچ پەوەستبوونەوەیەک. ساتی پەلامار و بەرەنگارییە. خۆشەویستی و ڕق لەیەک ساتدا دەتوانێت چەند دەموچاوێک بگۆڕێت. خۆشەویسترین دەشێت ببێت بە دوژمن و دوژمن دەشێت ببێت بە خۆشەویسترین.

به غەریزە ژیان، واتە نەبوونی یادگە کە بە ئەقڵ بچێتەوە سەری. لەبیرچونەوەی خێرا و نەبوونی هەڵوێست و بەردەوامی بە ژیان لە نالەبارترین هەلومەرجدا، دەبێت بە جیاکەرەوەی.

نائامادەیی ئەقڵ، یاخود بوار پێنەدانی، واتە دروستنەبوونی مرۆڤ، ڕێزی مرۆڤ، مافی مرۆڤ و ئازادی. کە ئەوانە فەراهەم نەکرا، ئەو بونەوەرە دەچەوسێنرێتەوە، ئازار دەدرێت، نەفی دەکرێت، لێدەدرێت و ئەشکەنجە دەدرێت، دەکوژرێت و تەنانەت حیسابی مەڕێکیشی بۆ ناکرێت.

دوبارەبوونەوەی کۆمەڵگا لەسەر شێوەی خۆی، واتە پێنەگەشتنی ئەقڵ. بە پێچەوانەشەوە، پێنەگەشتنی ئەقڵ دەبێتە هۆی بەردەوامی کۆمەڵگا لەسەر شێوازی خۆی.
ئەو کۆمەڵگایانەی ئێمە تیایدا دەژین، دەتوانین پێیان بڵێین کۆمەڵگای پێش مرۆڤایەتی و سەرو جیهانی ئاژەڵ. هەتا بە تۆپەڵ بژین، تاکایەتی و بیرکردنەوە ئیش ناکات، کە تاک بتوانێت بڕیاری ژیانی خۆی تیابدات، کە چۆن بیربکاتەوە و چۆن هەڵبژێرێت.
هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی لەسەر بنەمای غەریزە دامەزراوە، هەڵەیە. ئێمە هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان لەسەر غەریزە دامەزراندوە.

ئەگەر ئەقڵ پەروەردە نەکرێت، ڕۆح پێناگات. زۆربەی بیروباوەڕە ئاینییەکان لە ئاستی هەست تێناپەڕن وناگانە ڕۆح. خواپەرستی تەنها لە ڕوکەشدا ئەگیرسێتەوە، ئەویش لە ترسدا نەک لە تێگەشتندا.

لە غەریزەدا دەبێت بچوک خزمەتی گەورە بکات و گەورەی پێی دەبێتە دیکتاتۆر. کە ئەقڵ ئیش نەکات، مرۆڤ لە هەستەکاندا گیردەبێت، هەموو ساتێکی هەڵچوون و داچوونە لە نێوان ڕق و چێژدا. ناتوانرێت حسابی لەسەر بکرێت چونکە پنتی ئەقڵی تیا ونە.
لە غەریزەدا، پیاو پلە یەکە و ژن بێ پلە و منداڵ پلە سفر.

لە غەریزەدا دەتوانرێت تازەترین تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوا بۆ پڕکردنەوەی چێژ بەکاربهێنریت، یاخود بۆ تەقاندنەوەی ڕق. ئێمە هەرگیز ناتوانین بە غەریزە ڕەخنە لە ئەقڵانییەتی ڕۆژئاوا بگرین. ڕەخنەگرتن لە ئەقڵانییەت، ئاگاییەکی دەوێت لەسەرو ئەقڵەوە، نەک لەژێر ئەقڵدا.
خۆپەرستی ئەقڵانییەت جیاوازە لە خۆپەرستی غەریزە. لە غەریزەدا تەنها بەرپێی خۆت دەبینیت، بستێک، ساتیک لەدوای ئەوەوە، بوونی نییە. لە خۆپەرستی ئەقڵانییەتدا، پلانی داهاتوو هەیە.

له ئەقڵدا ئیدراک بەوەی تر دەکرێت کە لە تەنیشتەوە بوونی هەیە، ئەوی بەرامبەر. لە غەریزەدا تەنها من هەم. ئەوی تر تەنها نێچیرە، یا لە من دڕندەترە. پێکەوە ژیانمان تەنها لەو ململانێیەدا دەگیرسێتەوە. هەموو کەس یا دوژمنە، یا نێچیرە. ئەوە ئەقڵ نیە کە بڕیاردەرە، گرفتەکە لێرەوە دەستپێدەکات، بونی من بە لەناوبردنی تۆ یاخود بەژێردەستخستنت/ مردارکردنەوەت/ داماڵینت لە سەربەخۆیی و لە ئیرادە/ بەکارهێنانت، دەچەسپێت.

لە غەریزەدا کە مرۆڤ بە تۆپەڵ دەژی، ئەندامانی خێزان، کەسوکار خزم، هەڵگری شەرەفی یەکترین و بەرگری لێدەکەن. لە ئەقڵانییەتدا شەرەف تاکەکەسییە و هەر کەس خۆی بەرپرسە لێی.
لە غەریزەدا دیالۆگ نیە، بەڵکو فەرمان و ئەرک هەیە لەسەرەوە بۆ خوارەوە. مەحاڵە لە غەریزەدا دیالۆگ دروست بێت.

غەریزە بازنەیەکی داخراوە و ڕۆژانەی بونەوەرەکە دوبارە دەکاتەوە و دەیخواتەوە.
لە کۆمەڵگای غەریزەدا، ئیراد لە کەس ناگیردرێت کە بیەوێت تەنها خۆی لە پێشەوە بێت و چواردەورەکەی پێشێل بکات. درۆ بکات و دەست ببڕێت و دزی بکات و خۆی بباتە پێشەوە و خۆی دەرخات. ئەوە هەمووی دەلالەتی ئەوەیە کە نیە و دەیەوێت هەبێت، لە غەریزەدا بوون نیە بۆیە بە هیچ ناگات و بەردەوام لەو هەوڵە ناکەوێت. بە کورتییەکەی مرۆڤبوون لە غەریزەدا جێگەی نابێتەوە.

هەموو کەس وا بەرهەم هێنراوە و هەموو هەر لەو هەوڵەدان کە سەرەتاتکێی وجود بکەن، ئیتر چ شاعیر بێت، چ نوسەر بێت، چ مامۆستا، چ لێپرسراو، چ سیاسی.
فەزای کۆمەڵگای غەریزە هەموو خوێندەوارێک قووت دەدات، هەموو فکرێکی تازە، هەموو زانستێک، هەموو گەنجێک. بونەوەر تا ئەو کاتە دەتوانێت بیر لە ئازادی بکاتەوە کە هێشتا بەر فەزای ژیانی ڕۆژانە نەکەوتووە، لە دوای ئەوەوە ون دەبێت، یاخود هەڵدەلوشرێت.
خوێندکاران هەر لە دوای تەواوبوونی زانکۆوە، ئیتر وەک ئاردی ناو دڕکیان لێدێت و وردە وردە لەگەڵ شەپۆلی کۆمەڵگادا دوای غەریزەی خۆیان دەکەون. ئەوەندە شۆڕشگێڕ و نەوەی نوێن، تا زاکۆ تەواو دەکەن. ئەوەندە ڕزگارکەرن تا ژن دێنن و خێزان پێکەوە دەنێن.
لە کۆمەڵگای غەریزادا هیچ کێشەیەک لە بنەڕەتەوە چارەسەر ناکریت، بەڵکو تەنها پینە دەکرێت، برین هەرگیز سارێژ نابێت، بەڵکو قەتماغە دەبەستێت. هیچ گرفتێک بەدیلی بۆ نادۆزرێتەوە، چونکە بیرکردنەوە لە غەریزەدا جێگەی نابێتەوە. هەربۆیە هیچ کاتێک دوور بینین نیە، بیرکردنەوەی گەورە نیە، توانای دیتنی ڕوداوەکانی مێژوو نیە.

**لە کۆمەڵگای غەریزەدا کۆمەڵگا لەژێر حوکمی قەدەردا دەژی، هیچ کاتێک ناتوانێت خاوەن ئیرادە و سەربەخۆیی بێت.**

**لە وڵاتی غەریزەدا، ناسنامە و بەها بوونی نیە، چونکە بونەوەرەکان دەرک بە ناسنامە ناکەن، بەها هێشتا دروست نەبووە، شارستانییەت جێگەی نابێتەوە.**
**ئەی چی فەرمانڕەوایی وڵاتی غەریزە دەکات؟**
**ئەو قەدەرە قووتدەرە چییە کە هەموومان لوشدەدات؟**
**ئەو فەزا سیاسی و کۆمەڵایەتییە باوە چۆن تێکدەشکێنریت؟**
**وڵاتی غەریزە بە خوونەریتی باو، بە "پیاو ماقوڵان" دەچێت بەڕێوە. بە هەموو ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە نەنوسراوەتەوە و هیچ یاسایەک، دەستورێکیان لە پشتەوە نیە.**

**زۆرجار دواکەوتوویی و پێشنەکەوتن و گەڕانەوە بۆ دواوە، دەگێڕدرێتەوە بۆ دین و خێڵایەتی و ستەمکاری ڕۆژهەڵاتیی، هەرچەندە ئەوە لایەنێکیەتی، بەڵام بە گشتی هۆکارە سەرەکیەکە ئەوەیە کە هەموو کۆمەڵگا بە غەریزە دەڕوات بەڕێوە.**

**یەکەم هەنگاو کە دێیتە ڕۆژهەڵاتەوە، ڕووبەڕوی ڕکوکینە دەبیتەوە، ڕووبەڕوی گومان دەبیتەوە، ڕووبەڕوی بێ بڕوایی، ناجێگیریی کەسایەتی. هاوسەنگیی ئەقڵیی لە غەریزەدا جێگەی نابێتەوە، ئەقل لە هیچ وتارێکدا، لە هیچ بنەمایەکی کۆمەڵایەتیدا، لە گفتوگۆدا، لە پەیوەندیەکاندا جێگەی نابێتەوە. لە هیچ جێگایەکدا کردارێکی ئەقڵانی نابینیت کە جێگەی بوبێتەوە.**

**دەیەها ساڵە هەموو هەڵسوکەوتەکان وەکو خۆیانن و هەر هەموویان زەمەنیان بەسەرچووە و ئەمڕۆ هەموویان هەڵەن. هەر لە هەستان و دانیشتن و خەوتن و نانخواردن و ژنهێنان و... بگرە هەتا دامەزراندنی دەسەڵات و پەیوەندییە سیاسیەکانیش، هەر هەمووی وەک خۆیەتی و ئەقڵ نەیتوانیوە یەک بست بگۆڕێت.**

**سەرکردە خۆکردەکانی ئێمە نەک هەر وەڵامیان پێنیە بۆ پرسی لەو جۆرە، بەڵکو هەرگیز ئەو پرسانەش ناکەن کە چۆن گۆڕان ڕودەدات.**

**کێ دەبێت پرسیار بکات؟ لە کوێوە دەستپێبکەین؟ هەتا بەم شێوازە بڕوات کۆمەڵگای غەریزە خۆی خۆی بەرهەم دێنێتەوە و تەنها لە خوونەریتی نێگەتیڤدا قوڵدەبێتەوە، وەک ئاهەنگی ژنهێنان و مزگەوت کردنەوە و...**

هەر خۆکردە سەرکردەیەکی ئێمە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بسەلمێنێت، خێرا مزگەوتێک دەکاتەوە.

(فرانسوا میتران پێش ئەوەی بمرێت گەورەترین کتێبخانەی لە پاریسدا کردوە، کە وەک ڕەمزێک لەداوای خۆی بمێنێتەوە)

لە کۆمەڵگای غەریزەدا، ئازادی دەبێتە بەرەڵایی، مافی ژنان دەبێتە گاڵتەجاڕی و سۆزانی دروستکردن. پیاوێک ئەقڵ توخنی نەکەوتبێت، ناتوانێت ڕێز لە خۆی و ڕەگەزەکەی بەرامبەری بگرێت.

کۆمەڵگای غەریزە شورەیی و پیاوەتی و دەست بەسنگەوە گرتن و خێرکردن و کاسە دراوسێتییە. کۆمەڵگای سواڵکەر و بۆیاخچی و پاقلەفرۆشە، کە دەیەها ساڵە هەر وەک خۆیەتی. کەم کەس دەپرسێت هەتاکەی بەو شێوەیە بمێنێتەوە.
کێ بیر لە منداڵ دەکاتەوە؟ نەک هەر ئیشکردنی لە دەرەوە، بەڵکو وا باوە هەر کە منداڵ خڕەڵە بوو، ئیتر دەبێت لەماڵەوە ئیشی پێبکرێت. گەورە فەرمان دردەکات و منداڵ دەبێتە خزمەتکاری، چ کوڕ، چ کچ.

*ئەو میللەتەی منداڵیی لە منداڵەکانی زەوت دەکات، گەورەکانی گەورە نابن.*

تەنانەت ئەقڵ میوانی نوسەر و ڕۆژنامەوان و شاعیریش نیە، لەم کۆمەڵگا غەریزییەدا. ڕۆژنامە و گۆڤار و بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنیش هەر خەریکی قوڵبوونەوەیە لە غەریزە و هەستیارییەکاندا. شێوازی خوێندنەوەی دەنگوباس، وەک دەیەها ساڵ لەوەو پێشە.
ژن ئەگەر ببێت بە وەزیریش، هەر ژنی ماڵەوەیە، پیاو ئەگەر بێ ئیشیش بێت، هەر سەرداری ماڵەوەیە، منداڵی ئەو نێوانەش، خزمەتکاری هەردوو لایە.
لە کۆمەڵگای غەریزەدا، سستی ئەقڵ ئەو بونەوەرانەی داڕژاندوە، ئەگەر دەوڵەمەند بێت، خەریکی بەزم و سەفایە و ئەگەر هەژاریش بێت، خەمی ورگیەتی. کەس بەلای ئەقڵدا ناچێت.
ئەم سیستەمە تەنها خزمەتکار و پاسەوان، ئاغا و نۆکەر دروست دەکات، شەرەفی باوک و برا دەبەستێتەوە بە پاکیزەیی کچ و خوشکەوە.

عەرەبانە و مارسیدس لە تەنیشت یەکەوە دەبینرێن و ئەوی سەر عەرەبانەکە و ناو مارسیدسەکە وەک یەکن.

کێ ئێمە پەروەردە دەکات؟ منداڵ لەلای ئێمە پەروەردە ناکرێت، بەڵکو بەخێودەکرێت و گەورە دەکرێت. مامۆستا فێری خوێنەواری دەکات و مەکتەب ئیمتیحانی دەکات و شەهادەی دەداتێ.

ئەی کوا پەروەردە؟ دایک و باوک منداڵ پەروەردە ناکات، چونکە خۆی پەروەردە نەکراوە و نایزانێت. مامۆستا ناتوانێت پەروەردە بکات چونکە لە بەرنامەدا نیە و خۆشی پەروەردە نەکراوە. مەلا ناتوانێت پەروەردە بکات چونکە خۆشی چەواشەیە. ئەی دەسەڵاتی سیاسی چی دەڵێت؟ هیچ، بۆ؟ چونکە نایەوێت شتێک هەبێت بەناوی پەروەردەوە.

چۆن/کەی پەروەردەی ئەقڵ بکەین؟ کێ بیکات؟
لەژێر دەسەڵاتی خۆماڵی کوردیدا، هیچ پەیوەندییەکی ئەقڵانی ڕوینەداوە. هیچ شارستانییەتێک ڕوی لەم مەملەکەتەی ئێمە نەکردووە. بە پێچەوانەوە سی ساڵ چوینەتە دواوە. ئێستا لەسەرەتا و ناوەڕاستی هەشتاکان دەچین.
کە بواری ئەقڵانییەت دانەمەزرێت، هیچ ئەقڵێکیش نیە ڕەخنەی لێبگیردرێت.
کە باس لە ئازادی دەکرێت، لە بەرامبەر سەرکوتکراو و دەمبەستراو و لەشبەستراودا دەکرێت. مرۆڤی ئازاد لە ئەقڵانییەتدا دەژی، ئەوی تر لە غەریزەدا دەمێنێتەوە، نەک لەبەرئەوەی نایەوێت لە ئەقڵانییەتدا بژی، بەڵکو لەبەرئەوەی ڕێگەی پێنەدراە، چونکە سەرکوتکراوە.

مرۆڤی ئاقڵ کێیە؟ چییە؟ ئەو مرۆڤەیە کە وشیارە بە لەشی خۆی، بە بەرژەوەندی خۆی، بە چێژەکانی، بە دوارۆژی، بە چواردەوری خۆی. مرۆڤی ئاقڵ دوور دەبینێت و کاری بۆ دەکات. مرۆڤی ئاقڵ کەس ناناسێ لەخۆی زیاتر، خۆی تەوەری جیهانە، ژیان لەوەوە دەستپێدەکات و بە کۆتایی ئەو، جیهان کۆتایی دێت.
مرۆڤی ئاقڵ دڕندەیەکی وشیارە، مرۆڤی نائاقڵ دڕندەیەکی بێئاگایە.

– ئەقڵانیەت چییە؟

تاکایەتیبوونی خۆرئاوایی، بەکۆمەڵایەتیی کردنی کۆمەڵگای دروستکردووە. بەکۆمەڵایەتیی کردنی هەموو پەیوەندییەکانی بەدوادا هاتووە. بۆتە هۆی ڕاماڵینی شتە خۆییەکان. بنەمای ژیانی تاکەکەس لە ستانداردێکدا داڕێژراوە کە هەمووان تا ڕادەیەکی زۆر وەک یەک بژین، بەبێ ئەوەی سنوری کەسایەتی و تاکایەتی تاکەکەس بەزێندرابێت. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی دوو کەس وەک یەک بیرنەکەنەوە، لەهەمان کاتیشدا تێگەشتنێکی گشتی و ڕون و ئاشکرا هەبێت کە بە ئاسانی یەکتری بناسنەوە.
هەموو پەیوەندییەک بەپێی یاسا ساغکراوەتەوە و لە هیچ جێگایەکدا جیاوازی مرۆڤەکان ناکرێت.

بەکۆمەڵایەتی کردنی کۆمەڵگا، بواری هەموو تاکێک دەدات بیر لە ژیانی خۆی بکاتەوە. سیستەمی دەسەڵاتدارێتی هیچی لە سەرشانی تاک نەهێشتۆتەوە کە بیکات، تەنها ژیانی

خۆی، دوارۆژی خۆی و بەختیاریی خۆی نەبێت. کۆمەڵگا ساف و بێگرێ لەبەردەم تاکدا کراوەیە، لە هەر جێگایەکدا پێویستی بە یارمەتی هەبێت و پەکیبکەوێت، دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە و جارێکی تر سەرپێی خۆی بکەوێتەوە.

هەموو پەیوەندییەکان بەپێی یاسا دارێژراون و لە هیچ جێگایەکدا جیاوازی مرۆڤەکان نیە. بەکۆمەڵایەتیکردنی کۆمەڵگا، بواری تاکەکان دەدات بیر لە ژیانی تایبەتی خۆیان بکەنەوە. ئەو سیستەمەی دامەزراوە، بەرپرسی یەکەمە لە پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی هاووڵاتیان.

ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەمووان، ئەو فەزا کراوەیەیە کە تەنها لێهاتوویی و توانا و ژیریی تاکەکان هۆکاری یەکەمە بۆ پڕکردنەوەی پێگە جیاوازەکانی کۆمەڵگا. بەوە دەوترێت چەسپاندنی حەق و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئەو هەلەیە بەبێ جیاوازی بۆ هاووڵاتیان دەڕەخسێنرێت، تاکەکان بەپێی تواناکانی خۆیان پلەوپایە بەرزونزمەکان پڕدەکەنەوە و حەقی خۆیان وەردەگرن. لێرەدایە کە دادپەروەریی لە حەقدا دەچەسپێت.

هەتا لەکۆمەڵگایەکی ڕۆژئاواییدا خۆمان ببینینەوە، ئەم پەرەوکردنی حەقە پڕاوپڕی دادپەروەریی دەوەستێتەوە، بەڵام کاتێک ئەو پرنسیبە لە سنوری ڕۆژئاوا دەچێتە دەرەوە و لە پەیوەندییە جیهانییەکاندا پەیڕەو دەکرێت، ئەوا هەموو ئەو میللەتانەی دەرەوەی خۆرئاوا کە لە ئاستێکی نزمتردان، حەقیان دەفەوتێت.

هەلی یەکسان بۆ میللەتە جیاوازەکانی جیهان نەڕەخساوە. ڕۆژئاوا ماوەی چەند سەدەیەکە بە کەمتر و بە نزمتر لەقەڵەمی داون و ئەو حەقەی بە خۆی ڕەوا بینیوە کە بەکاریان بهێنێت.

بۆ نەهێشتنی ئەو ئەشکالییەتە، ئەوەیە کە حەق لە دادپەروەریدا جێگە بکەینەوە بەوەی هەموو کەس/ هەموو میللەتێک یەکسانە و دەبێت هەمان حەقیشیان هەبێت. بەو پێیە دەگەینە ئەوەی بڵێین حەق لە دادپەروەریدایە و دادپەروەریش لە حەقدا. بەمەش دەگەین بە دیموکراتییەتی جیهانی، نەک تەنها دیموکراتییەتی خۆرئاوایی و کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان کە هەتا ئێستاش مەبدەئی دادپەروەریی لەو حەقەدا دەبیننەوە کە خۆیان بۆ خۆیان داناوە و میللەتانی تر لەوان کەمترن و دەبێت حەقیشیان کەمتر بێت.

حەق و دادپەروەریی لە ئەقڵانییەتدا دەخەملێت و ئەقڵانییەت لە ئازادیدا. ئەوانەش لە پرۆسەیەکی مێژوویی دورودرێژدا گەڵاڵە بوون و لە سەرزەمینی خۆرئاوا ڕویانداوە. ئێمەی دەرەوەی ئەو تەوەرە، یەک دوو سەدە بێئاگابووین کە چی لەڕۆژئاوادا دەگوزەرێت.

لەو مێژووە دوورودرێژەدا پەیوەندی دەسەڵاتداریێتی لە دەسەڵاتداریێتیەکی ڕەهاوە گۆڕاوە بۆ دەسەڵاتداریێتیەکی واقیعی. لە نوێنەرایەتی خواوە بۆ نوێنەرایەتی گەل. ئەوە گەورەترین ئاڵوگۆڕە لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا ڕویدابێت. دەسەڵاتداریێتی لە ئاسمانەوە دادەبەزێتە سەرزەمین و لەو حەقە دروسکراوە خوایانەیە دادەماڵرێت کە دەسەڵات بۆخۆی ڕەوایەتی پێبەخشیبوو.

هەتا ئێستا نەتوانراوە بە بەڵگەوە بسەلمێنرێت کە ڕاستەوخۆ نوێنەری خودا لەسەر زەوی فەرمانڕەوایەتی کردووە. هەموو ئەو دەسەڵاتدارانە لە تێگەشتنێکی هەڵە و داتاشینێکی بەمەبەست لە بیروباوەڕە ئایینیەکانەوە، ئەو حەقەیان دروستکردووە و بەستویانەتەوە بە دەسەڵاتەوە، کە نوێنەری خوداوەندن لەسەر زەوی. بەمەش دەسەڵاتی ڕەها و هەتا هەتایی بۆ ئەوان بمێنێتەوە و فەرمانیان نابێت ڕەتبکرێتەوە. لەو حاڵەتەشدا میللەت دەبێت بە ڕەعیەت و فەرمانڕەوا بڕیاری مان و نەمانیان دەدات. واتە داماڵینی ئیرادە لە باقی گەل و حەقی بەکارهێنانی لە لایەن دەسەڵاتداریێتیەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی.

دەسەڵاتی کوردی نە بنەمایەکی ڕۆحی هەیە، نە وەک دیکتاتۆرە گەورەکان تەماحی داگیرکردنی جیهانیان هەیە. نە ناپلیۆنن و نە هیتلەرن، نە ستالین و مۆسۆلینی، تەنانەت بە سەدام حوسەینیش نابن.

ئێمە لەسەر چ بنەمایەک بوین بە ڕەعیەت؟ ئەوان بە چ حەقێک ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەیان داوە بە خۆیان؟ سەدام حوسەینمان بینی ڕوخا و گیرا و لەسێدارەدرا و نوێنەری خواش نەبوو.

دەسەڵاتی کوردی پشتی بەو ترسە بەستووە کە لە هەر یەک لە ئێمەدا ڕەگێکی قوڵی هەیە. ئەوان ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕژێمی پێشودا دەسەڵاتیان دەستاودەست کرد و واریسی شەرعی ئەو دەسەڵاتەن کە لەسەر ترس دامەزرابوو.

ئێمەی سەرجەم میللەتیش، جگە لە دەسەڵات لە ئازادیش دەترسین. ئێمە هەرگیز ئازاد نەبووین، وەک هەموو نادیارێکی تر حەقی خۆمانە بترسین و لێی بەگومان بین. ئێمە هەمیشە ئاواتەخوازبووین ئازاد بین، بەڵام بە کردەوە، بە هەڵسوکەوت مومارەسەمان نەکردوە. ئێمە هەر کپ بووین، هەر سەرکز بووین. ئەقڵ ناتوانێت لە ژێردەستەییدا گەشەبکات هەر بۆیە هەمیشە لە ئیحساس/ غەریزەدا ماوینەتەوە، ئەوەی بوینەتە زەمینەی ئەم دەسەڵاتبەدەستانەی ئێستامان.

ئەقڵ پێوستی بە پەروەردە هەیە لە منداڵییەوە. پەروەردە کۆمەڵگایەکی ئازاد و ئارام و چەسپاوی دەوێت. مرۆڤبوون ئەقڵی دەوێت، بەهرەیەکی خواکرد نیە. ئەقڵ ئەگەر لە منداڵیەوە سەرکوتبکرێت، گەشەناکات و پێناگات.

ئەمڕۆ دەزانرێت کە ئەگەر منداڵ لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانیدا سێ چوار مانگ بە خەستی پشتگوێبخرێت، بە جۆرێک زیان بە مێشکی خۆی دەگەیەنێت کە پێوەی لەدایکنەبووە، تۆڕی پەیوەسبونەوەی عەسەبەکانی مێشکی دادەخرێت.

بەشێکی مێشک هەیە کە لە منداڵیدا گەشەدەکات و بەرپرسیارە لەوەی کە خاوەنەکەی ئازادانە و سەربەخۆیانە بیربکاتەوە لە گەورەبوونیدا. ئەگەر ڕێگەی لێبگیردرێت و هەلومەرجی گونجاوی بۆ نەڕەخسێت، لەبەرامبەردا میکانیزمی بەرگریی لەو منداڵەدا بەهێز دەبێت و لە ترسدا دەژی و گەورە دەبێت. زیاتر مەیلی تەنیایی و خۆدابڕان و خۆجیاکردنەوە زاڵدەبێت بەسەریدا. ئەو بوێرییەی کە پێویستە زۆربەی زۆری مرۆڤ هەیبێت، لەو منداڵانەدا دروستنابێت و بە گەورەییش هەر خۆپارێز دەبن. ئەو منداڵانەی سەرکوتدەکرێن و گرنگیان پێنادرێت و پشتگوێدەخرێن، ڕووبەڕوی ئەو چارەنوسە دەبنەوە.

بە پێچەوانەشەوە کاتێک ئێمە مێشکی منداڵ دەوروژێنین،بە گۆرانی، خوێندنەوە، یاری، نیگارکێشان و جموجۆڵ و ...هتد. زۆرتر و زۆرتر تاڵی پەیوەندی لە نێوانی ئەو خانانەی ئەعسابدا دروستدەبێت کە بەکاردەهێنرێن.

ئێمە زۆربەمان لەو بارودۆخانەدا، لە ترسدا، لە سەرکوتکردندا، لە نەبوونیی و پشتگوێخستندا لەدایک دەبین و گەورە دەبین.

نەوێرانی ئێمە وەک گەورە، تەنها پەیوەندی بە ئاگایی و نائاگاییەوە نیە، بەڵکو بەشێکی پەیوەندی بە فیزیۆلۆجی و دەمارەکانی مێشکەوە هەیە کە لە کاتی منداڵیدا بواری بۆ نەڕەخساوە گەشەی ئاسایی خۆی بکات. گەشەکردنی مێشک بەهۆی کاریگەریەکانی چواردەورییەوەیە. ئەو خانانەی مێشک کە بەکارنابرێت، دەمرێت و هیچ خانەیەکی نوێش بە لایەنی زۆرەوە لە جێگەیان دروستنابێتەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت تەنانەت سەرکردەکانیشمان ئەو بوێرییەیان تێدا نیە کە نەک تەنها بۆ سەرکردە پێویستە، بەڵکو بۆ مرۆڤێکی ئاساییش پێویستە.

سەرکردەکانی ئێمە هیچ کاتێک نەیانوێراوە باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەن. هەمیشە بەکەم ڕازی بوون و سازشیان پێخۆشتربووە.

ئازایەتی لە بوێرییەوەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە ماوەیەکی زۆر مومارەسەمان کردووە ئازایەتی نەبووە، بەڵکو سەرچڵی و دەرئەنجامی میکانیزمی بەرگری بووە. واتە بەرپەرچدانەوە و کاردانەوە، نەک کردەوەی بە ئیرادە.

مرۆڤ ئەگەر بە هەلومەرجی ژیانی بەئاگا بێت، هەڵبەتە بە گەورەیی دەتوانێت وەک پرۆسەیەکی وشیاریی کار لە خۆیدا بکات و تا ڕادەیەکی زۆر خۆی لەو دۆخە دەرونییە ڕزگاربکات.

ئەمڕۆ دەسەڵاتبەدەستانی کورد هەست دەکەن کە خەریکە بارودۆخەکەیان لەژێردەست دەردەچێت، بۆیە بە هەموو شێوازێک دەیانەوێت جڵەو بگرنەوە دەست. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردوودا گەشەیەکی کەمی ئازادیی، ئەو بنەمایەی خوڵقاندووە کە مرۆڤی کوردیش بوێرێت بڵێت مافم هەیە بەسەر ژیانەوە. ئەو دەنگە کزەیە کە دەسەڵات دەیەوێت کپی بکاتەوە و بیسڕێتەوە و کۆمەڵگا وەک سەردەمی بەعس لێبکاتەوە.

## شەڕی پژاک و پەکەکە بۆ لەناوبردنیان نیە، بەڵکو بۆ پارێزگاریکردنی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیە

12.09.2011

تۆپارانکردنی سنورەکانی هەرێمی کوردستانی ئێراق لەلایەن ئێران و تورکیایەوە و کێشەی کورد و کێشەی پەکەکە و پژاک.

کێشەی کورد لە تورکیا، کێشەی پەکەکە و تورکیا نیە و بەهەمان شێوەش لە ئێراندا کێشەی پژاک و ئێران، هەموو کێشەی کوردی ئەو بەشە نیە.

هەردوو پارتی پژاک و چارەسەری کوردستان کە بۆ ئێران و ئێراق لەلایەن پەکەکەوە دروستکراوە، بۆ پاڵپشتی و ڕەوایەتی بەخشین بوو بۆ پەکەکە. پەکەکە بەستراوەتەوە بە عەبدوڵا ئۆجەلانەوە.

کێشەی ئۆجەلان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی ئێراقدا بەستراوەتەوە بە قبوڵنەکردنی دەسەڵاتبەدەستانی هەرێمەوە لەلایەن سەرکردایەتی پەکەکەوە، کە هەر ئۆجەلان خۆیەتی. دەسەڵاتبەدەستانی هەرێم خۆی لە پارتی و یەکیتیدا دەبینێتەوە، ئەو دەسەڵاتەش دوابەدوا لە خودی بارزانی و تاڵەبانیدا دەگیرسێتەوە.

پەکەکە هەر زوو ویستی بارودۆخی شێوا و هەڵوەشاوەی کوردستانی ئێراق، لە دوای ڕاپەڕینی کوردستانەوە، بقۆزێتەوە و بیکات بە بنکەیەک بۆ لێدانی تورکیا. دروستکردنی پژاک و پارتی چارەسەری کوردستان، دوای فەشەلکردنی ئەو سیاسەتەیان بوو کە هەموو کورد بکەن بە پەکەکە، دەنا سەرەتا لاوانی کوردی هەرێم دەکران بە پەکەکە و ڕەوانەی شەڕی ئەودیو دەکران. ئەوە جگە لە شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەریەک لە پارتی و یەکێتی بۆ مانەوە و ناوچەی نفوزی خۆی لە کوردستانی ئێراقدا.

ئەمڕۆ پەکەکە و پژاک کە دەڵێن قەندیل چۆڵ ناکەین و بە موڵکی خۆمانی دەزانین، لەلایەک دوا بنکەیانە لە هەرێمی کوردستاندا و لەلایەکی تریشەوە هیچ جەماوەرێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەماوە لە ناوەوەی هەرێمدا کە پاڵپشتیان بێت. لەسەرێکی تریشەوە ئەوان هەموو کوردستان بە موڵکی خۆیان دەزانن، لەو ڕوانگەیەوە کە هەموو کوردێک پەکەکەیە، یاخود پەکەکەیەکی لە خۆیدا حەشارداوە.

مانەوەی قەندیل لەژێر دەستی پەکەکە و پژاکدا، چەندە سەرسەختی ئەو دوو پارتە، کە لە حەقیقەتدا یەک پارتە، دەردەخات، ئەوەندەش بێدەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دەخاتەڕوو، چ بەرامبەر ئەوەی کە ناتوانن سنوری هەرێمی کوردستان بپارێزن، چ وەک ئەوەی ناتوانن ڕووبەڕوی ئێران و تورکیا ببنەوە. ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا ویستبێتیان وەک کارتێکی سیاسی

بەرامبەر بە ئێران و تورکیا بەکاریبهێنن، ئەوا نەک هەر سەرکەوتوونەبوون، بەڵکو کێشەیەکیان ناوەتەوە کە بۆیان پینەناکرێت. هەروەک چۆن بۆ ماوەیەکی زۆر ئیسلامیەکان، ناوچەی هەورامانیان لەژێردەستدا بوو، لەبەر ئێران نەیاندەوێرا توخیان بکەون، هەتا بە موشەکی ئەمریکی هەڵتەکێنران و ناوچەکەیان کەوتەوە ژێردەست.

بە پێچەوانەوە پەکەکە بە زەبری هێز خۆی سەپاندوە، دەنا پارتی و یەکێتی دەمێک بوو، نەک لەبەر ئەوەی قەندیل کەوتۆتە هەرێمی کوردستانەوە، بەڵکو لەبەر خاتری براگەورەکانی ئێران و تورکیا، ناوچەکەیان پێچۆڵدەکردن.

تۆپباران و هەڕەشەکانی ئەم دوایەی تورکیا و ئێران بۆ سەر سنوری هەرێم، لە قازانجی پارتی و یەکێتیدا دەستپێکردەوە و وەک دەستێکی سیحراوی، لە کاتی خۆیدا تۆپباران و شەڕی پژاک و پەکەکە هاتەوە مەیدان و سەرنجی هەمووانی ڕاکێشایەوە. بێدەنگییەکەی جارانی یەکێتی و پارتی بوو بەدەنگ و گەورەکراو لە هەولێری پایتەختیشدا ڕێگە بە خۆپیشاندانی دژی تۆپبارانەکان درا و چەند سەد کەسێکێش هاتنە سەر شەقامەکان.

ئایا پارتی و یەکێتی کارتە سیاسیەکەیان باش بەکارهێنا؟

لێدانی پژاک و پەکەکە بۆ لەناوبردنیان نیە، بەڵکو بۆ پارێزگاریکردنی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیە لە هەرێمی کوردستانی ئێراقدا. ئێران و تورکیا باش دەزانن و دەرکیان بەوە کردوە کە سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی سپی لە هەرێمی کوردستاندا، نەک هەر ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندیان دەدات، بەڵکو پریشکی ئەو شۆڕشەش کوردەکانی ئەو دوو دەوڵەتە دەگرێتەوە و بارودۆخێک دەهێنێتە ئاراوە کە ناتوانرێت کۆتاییەکەی ببینرێت. ئەوەی لەبەردەستدایە، واتە دەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانی، دەمێکە ئەمسەروسەری خوێندراوەتەوە و لە هەموو مەترسییەک بەتاڵکراوەتەوە.

واتە جگە لە بەرژەوەندییە ئابورییەکان کە ساڵانە بە ملیارەها دۆلار مەزەندە دەکرێت لە نێوانی هەرێمی کوردستان و هەریەک لە ئێران و تورکیادا، ئەوا بەرژەوەندییەکی گەورەتری سیاسی لەپشتەوە خۆی مەلاس داوە، ئەویش مانەوەی دەسەڵات بەم شێوەیەی ئێستای لە کوردستانی ئێراقدا، زەمانەتێکی کاتی نەتەقینەوەی بارودۆخی بەشەکانی تری کوردستانی ئێران و تورکیا، بۆ کاتێکی نادیار دوردەخاتەوە.

ئەوەی کە زیاتر ئێران و تورکیای هانداوە پارێزگاری لە دەسەڵاتبەدەستانی ئەمڕۆی کوردستانی ئێراق بکەن، ڕاپەڕین و شۆڕشی گەلانی سوریایە بە میللەتی کوردی ئەو پارچەیەشەوە، کە خەریکە لە سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە. واتە ئەوەی لە ناوچەکەدا ماوەتەوە و هێشتا بە تەواوەتی پریشکی شۆڕشی بەرنەکوتووە، کوردانی ئێران و تورکیایە و تاکە پەرژینێکیش لەو پریشکە بیانپارێزێت، مانەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیە و سەرنەکەوتنی شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵکی هەرێمی کوردستانی ئێراقە. بەتایبەتی کە بینیان

بۆ ماوەی دوو مانگ چۆن زەمینی دەسەڵاتداریتی لەرزاند و لەبەر چەند هۆکارێک نەتوانرا بەردەوامی بەو خۆپیشاندانانە بدرێت، کە لە جێگەی تردا باسکراوە و پێویست ناکات لێرەدا دوبارە بکرێتەوە.

واتە تۆپبارانکردن و سەرباز هێنانە سەر سنور و شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ پژاک و پەکەکەدا، بەتایبەتی لەم کاتەدا و گەورەکردنی قەبارەکەی بەو شێوەیەی کە سیناریۆکە لە ڕاستی بچێت و حوکمەتی بەغدا و ئەمریکا باسی لێوەبکەن و ئێران و تورکیا زۆر بە جدی وەریبگرن، ئەوا تەنها لەباربردن و لەبیربردنەوە و دورخستنەوەی شۆڕشی هەڵچوی ناوچەکەیە لە هەرێمی کوردستان کە ڕاستەوخۆ ئێران و تورکیاشی پێوەبەستراوەتەوە، نەک تەنها لەبەر ئەوەی هەریەک لەو دوو وڵاتە بەشێک لە نیشتیمانی کوردانیان لەژێر دەستدایە، بەڵکو لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا، هەرێمی کوردستان دەبێتە دوا سنور، یاخود دەروازەی گۆڕانکارییەکان.

## داخستنی ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە" و کەلەپەقی سیاسی

13.09.2011

**سیاسەتکردن لەداخدا...**

**ماوەی یەک دوو هەفتەیە دەنگوباسی داخستنی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە لە ئارادایە و هیچ هۆکارێکی دیار و ڕەسمیش نابینرێت کە بۆچی دەبێت ڕۆژنامەیەک دابخرێت کە توانیبێتی لەماوەی ڕابوردودا پەردە لەسەر زۆرترین گەندەڵیەکانی دەسەڵاتدارێتی پارتی و یەکێتی هەڵماڵێت و زۆرترین ڕاپۆرتی کەموکورتیەکانی ئەو دەسەڵاتدارێتیە بخاتەڕو؟**

**ڕۆژنامەی ڕۆژنامە نە ئاستەنگی ئابوری هەیە، نە گوێ بە فرۆش و قازانج دەدات و نە لە نوسەریشی کەمە، بە پێچەوانەوە ئەوەی هەستی بە نادادپەروەریەک کردبێت و دەستی قەڵەمی گرتبێت، ئەوا خێرا گەیاندویەتیە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەتەوە. ڕۆژنامە پەیامێکی سیاسی پێبوو کە بیگەیەنێت و پێش ئەوەی ئەرکەکانی بەئاکام بگات بە بڕیارێک دادەخرێت.**

**ئێستا ئەگەر بپرسین بۆ دەبێت ڕۆژنامەیەک، لەو ئاست و ئابوری و پڕ نوسەرەدا، لەم تەنگەژە سیاسیەی کوردستاندا کە پێویستی بە زۆرترین شیکاری و وردکردنەوە هەیە، دەبێت دابخرێت؟ لە کاتێکدا کە بەیەکێک لە ڕۆژنامە جدیەکان هەژماربکرێت و هیچ کێشەیەکی یاسایی و ئابوریشی نەبێت؟ ئاخۆ سەرچاوەی ئەو بڕیارە لە کوێوە هاتبێت؟**
**ئایا هەڕەشەیە؟ ڕێکەوتنی ژێربەژێرە لەگەڵ دەسەڵاتدا؟ بەشێکە لە گەمەی مەرجی پێشوەختی دەستپێکردنەوەی مفاوەزات؟**

**یاخود لە هەمووی گرنگتر، سەرەتای پەرشوبڵاوەپێکردنی بزوتنەوەی گۆڕانە و وەک یەکەم هەنگاو داخستنی ڕۆژنامەکەیەتی؟**

**ئایا ئەوەی سەرەتا ڕۆژنامەیەکی دامەزراند، هەر ئەویش حەقی داخستنی هەیە لەدوای ئەوەی کە جەماوەری خۆی پەیداکرد و بوو بە ئەمری واقیع و لە ڕەمزی تاکەکەس جیابووەوە؟ ئایا ئیتر نابێت بە موڵکی هەموو ئەو کەسانەی بەشداری لە بڵاوکردنەوەی ئەو ڕۆژنامەیەدا دەکەن و هەریەکە لە جێگەیەی خۆیەوە مافی ئەوەی هەیە لێی بپرسرێت کە ئایا کاتی ئەوە هاتوە ڕۆژنامەکە دابخرێت، یاخود نەء؟ بە چ حەقێک تاکەکەسێک کە خۆی بە دامەزرێنەری ڕۆژنامەکە دەزانێت، ئەو مافە بەخۆی دەدات کە حەقی ئەوەشی هەیە کە بەبێ**

پرسوڕای بەشداربوەکانی دوای بڕیاری دامەزرادن، بڕیاری داخستن هەر لەدەست خۆیدا بمێنێتەوە؟ ئایا ئەو سیاسەتە سیاسەتێکی دیموکراتی لێدێتە بەرهەم ئەگەر دەسەڵات بگرێتە دەست؟

هەنگاوی دووەم چی دەبێت؟ داخستنی کەی.ئێن.ئێن.؟ هەنگاوی دوای ئەوە هەڵوەشاندنەوەی بزوتنەوەی گۆڕان و بێئومێدکردنی هەموو ئەو ڕۆحانەی دەیانەوێت ژیانیان بۆ گۆڕانی کۆمەڵگا پەخش بکەن؟

هۆکارێکی تری داخستنی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە دەشێت ئەوەبێت ئێمە، هەموو ئەو ئێمەیەی کەوتوینەتە دەرەوەی دەسەڵاتداریێتی و ئۆپۆزیسۆنەوە، هیچ کاتێک حسابی مەڕیشمان بۆ نەکرابێت، لە کاتێکدا نەک هەر زۆربەی میللەت پێک دەهێنین، بەڵکو خودی میللەت و ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری لەسەر شانی ئێمەیە.

یەکێک لە ڕیکلامەکانی کەناڵی کەی.ئێن.ئێن. ئەوەیە کە "کەناڵی ئێوەیە" کام ئێمە؟ ئەو ئێمەیەی کە چەپڵە بۆ سیاسەتێک لێبدەین کە بەبێ پرسوڕای ئێمە بەڕێوە دەچێت؟ ئەو ئێمەیەی کە بۆمان نیە پرسیار بکەین و بڵێین بۆچی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە دادەخەن؟ لەبەر کام هەڵەی سیاسی، یاخود کام ڕێکەوتنی سیاسی چارەنوسی بە مەرگ دەسپێردرێت؟ پرستان بەکام سەرنوسەر و دەستەی نوسەران و خوێنەرانی ڕۆژنامە کرد کە وا باشترە لەم تەنگەژە سیاسەیەی ئەمڕۆدا ڕۆژنامەی ڕۆژنامە دابخرێت؟

هەڵبەتە لەسەرێکی ترەوە زۆر باشترە ئێستا دابخرێت و هەموو نوسەر و کارمەندەکانی ڕو لە میدیا ئەهلەیەکان بکەن، لە پێش ئەوەی تێکەڵاوی دەزگای خەندان بکرێن و لەوێ لە ڕۆژنامەی ئاسۆدا بەشوبدرێنەوە.

کەلەڕەقی سیاسەت لە ئەزموونی ئاوهادا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا ئێمە لەسەردەمی شۆڕش و گۆڕانکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین و هەموو ئاڕاستەکان ڕو لە ئازادی و سەربەخۆیی و مافی مرۆڤ دەکەن، کەچی لەلای ئێمە ئۆپۆزیسۆنێک کە خەڵکانێکی زۆر ئومێدیان لەسەر دانابوو، تاکە ڕۆژنامەیەکی هەبێت، ئەویش بە بڕیاری سەرکردەکەی دابخرێت. دەبێت ئیتر چ ئومێدێک بۆ زۆربەی زۆری خەڵکی مابێتەوە کە چاوەڕوانی هیمەتی بزوتنەوەی گۆڕان بن؟

هەرچەندە لەسەرێکی ترەوە ڕەنگە حەقیقەتی ئەو بزوتنەوەیە، بەم هەنگاوەی، زیاتر بۆ زۆربەیەک ڕونبێتەوە و چیتر هیچ هیوایەک بەو بزوتنەوەیەوە هەڵنەواسن و ڕێگەچارەی خۆیان بدۆزنەوە و چارەنوسی خۆیان و دواڕۆژیان بگرنە دەستی خۆیان، بۆ گەشتن بە ئازادی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەک کە بەدەست تاکەکەسێکەوە گیرنەخوات و هەمیشە بەرژەوەندی زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی لەبەرچاوبگرێت.

**شۆڕش**
20.09.2011

ئایا دەکرێت لە دیکتاتۆریەتەوە بپەڕیتەوە بۆ دیموکراتی، بەبێ ڕاپەڕینی جەماوەری و بەرپاکردنی شۆڕش؟ ئایا هیچ سیستەمێکی دیکتاتۆری ڕێگە بەو ئاڵوگۆڕە دەدات؟ ئایا بۆ نمونە لە ئێراقی سەدام حوسەینی دوێنێدا، دەکرا خەڵکی ئومێد لە دڵیدا سەوزبێت، بەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕژێمی بەعس بەرەو دیموکراتی و مافی مرۆڤ و ئازادی هەنگاو دەنێت؟ ئایا دەکرێت لە ئێرانی ئێستادا خەڵک چاوەڕوانی هەڵگەڕانەوەیەکی لەو شێوەیە بێت؟
ئەی جەماوەر کەی ئامادەی ڕاپەڕین دەبێت؟ کەی لە زوڵم و زۆر پڕدەبێت؟ تا چەند بەرگەی پاڵەپەستۆی ڕژێمی دیکتاتۆری دەگرێت؟
ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، ئایا دەکرێت شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە فەرەنسا، کە ئازادی و یەکسانی و برایەتی دروشمەکانی بوو، لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیادا بەراورد بکرێت کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئامانجی بوو؟ ئەو بازە مێژوویە چیە بۆ دواوە کە زیاتر لە سەدەیەکیشیان نێوانە، کەچی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتدا بۆ دیکتاتۆریەت بەرپادەکرێت و لە ڕۆژئاواشدا، بەر لە سەدەیەک بۆ ئازادی و یەکسانی و برایەتی؟ لە کاتێکدا کۆمەڵگای ژێردەستی پاشایەتی ئەو سەردەمەی فەرەنسا و کۆمەڵگای ڕوسی سەردەمی قەیسەرەکان، لە زۆر بارەوە لەیەکدەچوون کە هەردووکیان لەسەربنەمای فیودالیزمی دامەزرابوون.
بیروباوەڕی شۆڕشی فەرەنسا بوو بە هەوێنی هەموو ئاڵوگۆڕەکانی تر و هەموو کیشوەری ئەوروپای تەنیەوە. لەبەرامبەریشدا، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا بەرە بەرە تەشەنەی کردە زۆربەی وڵاتە دواکەوتوەکان، ئەوەی بە جیهانی سێ ناوزەند دەکرێت، بە تایبەتی لە دوای ڕزگاری نیشتیمانی لە دەستی داگیرکەرانی بیگانە.
یەکەم ئەو دابڕانە مێژوویە چیە کە ئەو جیاوازیە دروست دەکات، دووەم بۆ نەتوانرا شۆڕشی بەناو سوشیالیستی سەربگرێت و بوو بە دیکتاتۆریەت، کە هەتا ئەمڕۆش ماکەکانی دەسەڵاتبەدەستانی زۆربەیەک لە ڕۆژهەڵات و وڵاتە پاشکەوتوەکانی گرتۆتەوە؟
ئا لێرەدایە کە دەکرێت بوترێت بەلاڕێبردنی مێژوویی و ئاڕاستەکردنی لە ڕێگەی تاکە ئایدیایەکەوە، دەبێت قوربانیەکی زۆری بۆ بدرێت، هەتا سەرڕێ دەکەوێتەوە. ئەوەی لە ڕوسیا لە ساڵی 1917دا ڕویدا شۆڕشی جەماوەری دەرخواردی ئایدیایەک درا و ماوەی حەفتا ساڵ میللەتانی ژێر دەستی ئەو سۆشیالیزمە باجەکەیان دا.
شۆڕش شۆڕشی جەماوەرە دژی زۆڵم و زۆر و چەوساندنەوەی ئەو دەسەڵاتەی لەسەر کارە، شۆڕش هی ئایدۆلۆژیایەک نیە بەسەر جەماوەردا بەزۆر داسەپێنرێت و ئارەزوەکانیان، لە

پێناوی گەشتن بەدەسەڵاتی ئایدیایەکدا، ئاراستەبکرێت و بەکارببردرێت. حیزبی سیاسی شۆڕش ناکات، بەڵکو ململانێی دەسەڵات دەکات و دەیەوێت خۆی لە جێگەی دانیشێت.
داواکاری و پێداویستی خەڵک ڕون و ئاشکرایە، دەیانەوێت ئازاد بژین، دەیانەوێت سەربەست بژین، دەیانەوێت وەکو مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، دەیانەوێت برسی نەبن و هەموویان لە پیت و فەڕی وڵاتەکەیاندا بەشداربن.
داخوازی خەڵک سادە و ساکارە و دەزانن کە دەسەڵات بۆیان پڕناکاتەوە، بۆیە پەنا دەبەنە بەر شۆڕش. هاوکێشەی خەڵک و دەسەڵات پێویستی بە هەزار پارتی سیاسی و فروفێڵی ئۆپۆزسیۆن نیە و وەکو ڕۆژی ڕوناک دیار و ڕونە. ئەوەی بەناوی خەڵکەوە دەیەوێت بە دەسەڵات بگات، دەیەوێت فێڵێکی تر لە جەماوەر بکات.

## کێ شۆڕش دەکات؟
23.09.2011

**کێ شۆڕش هەڵدەگیرسێنێت؟ کێ شۆڕش بەڕێوەدەبات؟**
**بۆچی دەوترێت شۆڕشی گەنجان؟ گەنج لە چیدا شۆڕشگێڕە؟**

گەنجێتی یاخود هەڕەتی ژیان، بەو مانایەی مرۆڤ سەرەتای ژیانی دەستپێدەکات و هێشتا ناسکە و توشی گێژاوی ژیان نەبووە و فڕوفێڵ و خڵەتاندن، هێشتا نەیهەژاندووە. ژیان هەر ڕوە شیرینەکەی دەرکەوتووە و ڕوە ناشیرینەکەی شاراوەیە. گەنج پڕە لە ژیان و دەیەوێت داگیریبکات، دەیەوێت ئەزمونی بکات، دەیەوێت لەخۆی بێتە دەرەوە و بەکردەوەی بکات.

گەنج دەیەوێت خۆی تاقیبکاتەوە و تامی ژیان لەسەر لەشی، دەرونی لە نزیکەوە بەرکەوێت. لە هەمووی گرنگتر، گەنجێتی بەو توێژە دەوترێت کە هێشتا فڕوفێڵی ژیان فێرنەبوون و هێشتا کەسایەتیان ساغنەبۆتەوە و نەکەوتونەتە داوی "من"ەوە.

تا تەمەنی گەنجێتی، مرۆڤ لە ڕۆحێکی بەکۆمەڵدا دەژی، وەک درێژکراوەیەکی سروشتی کە لە لەدایکبونەوە دەستپێدەکات. ژیان هێشتا زیاتر خەیاڵە وەک لەوەی واقیع و حەقیقەت بێت. گەنج بەبێ ئەوەی کەس پێیبڵێت بە سروشتی، بەنائاگایی خۆی بە یەکێک لەوانی تر دەزانێت. گەنج ناتوانێت خۆی لەدەرەوەی ئەوانی تردا ببینێتەوە و دوای تاکایەتی ژیانی خۆی بکەوێت. گەنج بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ گەنجەکانی تردا دەبینێتەوە و هەمیشە دژی "گەورەکانن" کە ژیانیان داگیرکردوە، کە ڕێگری ژیانی ئەوانن.

سروشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ هەر لە منداڵیەوە دەردەکەوێت و لەگەڵیدا گەورە دەبێت و لە گەنجێتیدا بە تەواوەتی بەرجەستە دەبێت کە مرۆڤ لەگەڵ هاوڕەگەزەکەی خۆیدا نرخ و بەهایەکی هەیە و وجودیان پێکەوە بەستراوەتەوە.

ئەوەی زۆربەی گەنج توشی سەرسوڕمان دەکات، ئەو کاتانەیە کە ڕاستەوخۆ ڕوبەڕوی ژیانی گەورەکان دەبێتەوە و دەبێت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات. گەنج لێرە بەدواوە توشی پەرتبوون دەبێت، لە ڕاستیدا توشی ئازاری ژیان، ئازاری وجود دەبێت، بەبێ ئەوەی بزانێت، یاخود بتوانێت وشەی لەسەر دابنێت. گەنج ناچاردەکرێت خۆی لە توێژەکەی بپچڕێنێت، خۆی جیابکاتەوە، خۆی داببڕێت. لەڕاستیدا ئەمە مەرگی یەکەمی مرۆڤە کە لە سەرچاوەی ژیانی خۆی دادەبڕێت و دەبێت لەوەودوا خۆی ژیانی خۆی بەرێتبەڕێوە. واتە تائەوکاتەی بەرپرسیارێتی ژیانی خۆی هەڵدەگرێت، هێشتا هەر گەنجە و نەکەوتۆتە داوی ژیانی گەورەکانەوە.

هەڵبەتە ئێمەی گەورە پیاوان، سەرمان لەژیان شێواندوە، نەک تەنها بۆ خۆمان، بەڵکو بۆ هەموو توێژەکانی تری کۆمەڵگاش وەک گەنج و منداڵ و ژن. ئێمەین شیر و تیر لە یەکتری

دەسوین و دوژمنایەتی یەکتر دەکەین و یەکتری خراپبەکاردەهێنین و لە هەوڵی زاڵبوون و چەوساندنەوەی یەکتریداین.
توێژەکانی تری کۆمەڵگا هەڵەنین لەسەر ئێمە ڕاستبکرێنەوە، بەڵکو ئەوە ئێمەی گەورە پیاوانین کە ژیانمان لە هەمووان شێواندوە و لە بەرژەوەندی تایبەتیدا دەمانەوێت لێیخوڕین و ئاراستەی بکەین. هەربۆیە هەموو کردارێکی ژیان ئازاراویی و ژەهراویی و پڕ لەژانە بۆ زۆربەی زۆری کۆمەڵگا.
منداڵ و گەنج و ژن بە سروشتیەکەی خۆیان ژیانیان بۆ هەموان دەوێت. ئەوە ئێمەین ڕێگەیان لێدەگرین و پەرشوبڵاویان دەکەینەوە و بەگژیەتریاندا دەکەینەوە. ئەوە ئێمەین مێژوومان بەلاڕێدا بردوە و دەمانەوێت هەتاسەر بەوشێوەیە ڕایبکێشین. ئەوەش گەنجانن کە دەیانەوێت کۆتاییەک بۆ ئەو بەزۆر ڕاکێشانە دابنێن و ژیان بخەنەوە ڕاڕەوە سروشتیەکەی خۆی و کۆمەڵگا ببێتەوە بە مۆڵکی هەمووان و هەمووان بتوانن وەک یەک بەشداربن تیایدا.
گەنج جگە لەوەی خاوەنی ئەو تێڕوانینەیە، خاوەنی وزەیەکی بەکارنەهاتوی لێوانلێوی ژیانە کە دەیەوێت بیتەقێنێتەوە، کە دەیەوێت ئەزمونی بکات. بەڵام وەک وتمان لە هەمووی گرنگتر، ئەو ڕۆحی بەکۆمەڵەیە کە هێشتا لە گەنجدا هەر زیندوە و بەدەستی گەورە مردارنەکراوەتەوە، کە لە ڕاستیدا هەڵگری حەقیقەتی ژیانن و ژیان دەبێت لەو ڕۆحە بەکۆمەڵەدا ببرێتەسەر.
تاکایەتی و دابڕانی تاکەکەس، ئەو خۆپەرستیەی لێوەبەرهەمدێت کە لە ژیانی خۆرئاوادا دەیبینین. هەڵبەتە دەبێت مرۆڤ ببێت بە خاوەنی کەسایەتی خۆی و خۆیبناسێت و خۆی لەناو ئەوانی تردا بناسێتەوە، بەڵام لەو ڕۆحە بەکۆمەڵەی کە هەمووومان بەشدارین تیایدا و هەریەکەمان بەشێکی بچوکی پێکدەهێنین، واتە لەهەمان کاتدا کە خاوەنی کەسایەتی خۆمانین، دورین لە خۆپەرستیەوە کە هەموو شتێکمان تەنها بۆ خۆمان بوێت.
ئەوەی لە ڕۆژئاوادا دەیبینین، دروستکردنی تاکەکەسە بەبێ ئەوەی ڕۆحێکی بەکۆمەڵی لە پشتەوە بێت و منداڵ هەر لە منداڵیەوە ئەوەی فێردەکرێت کە تەنها پشت بەخۆی ببەستێت و تەنها بۆ خۆی بژی. هەربۆیە کێشە کۆمەڵایەتیەکان و تەنهایی و دابڕان و جیابونەوە، هەمیشە کێشەیەکی زیندووە و لەو ئاراستەیەی کە مێژووی ئەمڕۆی پیاتێپەڕ دەبێت، چارەسەر ناکرێت.
گەنجێتی لە ڕۆژئاوادا کە لە جیهانی منداڵ جیابووەوە و مردنی یەکەمی جیابونەوەی دەستپێکرد، ئیتر هەر بەو ئاراستە تەنیایەدا دەڕوات کە بە زەحمەت زیندودەبێتەوە، واتە چەقبەستن لەخودی خۆیدا و پشتکردنە هەموو ئەوانی تر و پەیوەندی دروستکردن، تەنها لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش.

شۆڕشی گەنجان ڕۆحبەبەرداکردنەوەی کۆمەڵگا و هێنانەوەیەتی بۆ سەر ڕاستەی ژیان، تازەکردنەو و بەخشینی گوڕوتینی نوێیە کە کۆن ڕادەماڵێت و بەربەست و ڕێگری ڕێچکەی ژیان پاکدەکاتەوە.

هەربۆیە گەنج شۆڕشگێڕە، چونکە هێشتا لە ڕەگی سەرچاوەی ژیان نەپچڕاوە کە ژیان لە هەموومان پێکدێت و ئێمە پێکەوە دەتوانین پڕاوپڕ بژین و گەنج دیسان دەتوانێت بە ڕوخساری حەقیقەتی ژیان بمانناسێنێتەوە، ئەو ڕوخسارەی ئێمە لە بەرژەوەندی خۆماندا ناشیرینمان کردوە.

**دیسانەوە دەسەڵاتی كوردی و بزوتنەوەی گۆڕان**
24.09.2011

ئێمەش وەک زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوابەدوا، بووین بە خاوەنی دەسەڵاتێكی خۆماڵی كە چەقیبەستووە بە كوردسی دەسەڵاتەوە و نە دەڕوات و نە بۆمان دەگۆڕدرێت. نە وەک میسر و لیبیا و سوریا دەتوانین ڕاپەڕین بكەین و بەردەوامی بە خەباتی خۆپیشاندان بدەین، نەوەک جاران دەتوانین شاخەكان بگرین و شەڕی پارتیزانی دامەزرێنینەوە.

ئەوەی هەتا ئەمڕۆ بۆمان ڕونبوەتەوە، بێ توانایمانە لە ڕوبەڕوبونەوەی دەسەڵاتێكدا كە هەتا دوێنێ دەستمان بە پشتیەوەبوو بۆ دامەزراندنی. دەسەڵاتێک ئەوەندە لەخۆیدا ڕادەفەرموێت كە بە هێزی چەک و جبەخانە و ژمارەیەكی زۆری چەكدار، ڕوبەڕوی میللەت بێتەوە، كە هەتا دوێنێ باوەڕمان نەدەكرد بۆ سەركوتكردنی دەنگی ئازاد بخرێنەگەڕ.

ئەمڕۆ دەزانین كە ناوێرین ڕاپەڕین ئەنجام بدەین، یاخود ناتوانین كە لە هەر دوو حاڵەتەكەدا یەک دەرئەنجام دەدات بەدەستەوە، ئەویش هێشتنەوەی دەسەڵاتە بەم شێوەیەی ئەمڕۆ، ئەوەی پارتی و یەكێتی ماوەی بیست ساڵە پیادەی دەكەن.

ئایا بزوتنەوەی گۆڕان دەتوانێت ئەم دەسەڵاتە نەرمبكات و بەشێوەی گفتوگۆ و پەڕینەوەی ئاشتیانە بۆ دیموكراتیەت، بتوانێت كۆمەڵگا بگەیێنێتە ئاستێكەوە كە دەستاودەستكردنی دەسەڵات بەپێی دەستور، لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بێنێتە ئاراوە؟

ئایا گۆڕان دەتوانێت لەو ڕێگەیەوە مافی تاكی كورد فەراهەم بكات و ئازادی بۆ كۆمەڵگا بەرقەراربێت و سوكایەتی بەكەس نەكرێت و كەس بەبێ هۆ زیندانی نەكرێت و ئەشكەنجە و لێدان و نانبڕین بنەبڕ بكرێت؟ ئەگەر نا، ئەی ئەلتەرناتیڤی ئەم بارودۆخە دەشێت چی بێت؟

پێش ئەوەی ئێمە بڕوا بەوە بێنین كە بزوتنەوەی گۆڕان دەتوانێت ئەو گۆڕانكاریانە لە دەسەڵات و كۆمەڵگای كوردیدا بكات، ئەوا لەو بڕوایەدا نیم كە خودی بزوتنەوەی گۆڕان ئەوەی لە خەیاڵدا بێت و ئیشی لەسەر بكات، یاخود لە توانایدا بێت و پلانی بۆ داڕشتبێت كە بە ئەنجامی بگەیەنێت. پرسیارەكە لێرەدا دروستدەبێت ، ئەی گۆڕان چی دەوێت؟

گۆڕان نەیویست بەشداری خۆپیشاندانەكان بكات و بە هەزار لاڵانەوە توانی باوەڕ بە دەسەڵات بێنێت كە لە پشتیەوە نەوەستاوە و كەسی هاننەداوە بۆ خۆپیشاندان و ماوەی دوو مانگی خۆپیشاندان جوڵەیەكی تێنەكەوت و دەسەڵات لێی دڵنیابوو كە بەشداری خۆپیشاندان ناكات و بە گورزێک بڵاوەی پێكردن. ئەوە لەلایەک، بۆ جەماوەری ڕاپەڕینیش ڕونبووە كە بزوتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەریدا نیە بۆ گۆڕینی دەسەڵات لە كوردستاندا. لەلایەكی ترەوە دەبینین گۆڕان نە توانای نەرمكردنی دەسەڵاتی كوردی هەیە و نە نیازی

**ئەوەیە کۆمەڵگایەکی دیموکراتی خاوەن دەستور بێتە ئاراوە کە تاکی مرۆڤی کورد ئازادانە بتوانێت بیروڕای خۆی دەرببڕێت و ببێتە خاوەنی مافەکانی خۆی وەک مرۆڤێکی سەردەم.**
**ئایا گۆڕان گەرەنتی ئەو گۆڕانکاریە ئاشتیانەیە دەکات کە کۆمەڵگای کوردی بپەڕێنێتەوە بۆ سیستەمێکی دیموکراتی و خاوەن دەستور و پاراستنی ئازادی تاکەکەس؟ ئەگەر وەڵامەکە "بەڵێ"یە، ئەی کەواتە بۆ هەتا ئێستا هیچ بیروبۆچونێکی ڕەسمی لەو بارەیەوە نەخراوەتەڕو؟ ئەگەر "نەء" کەواتە ئەم گێرمەکێشەیەی لەگەڵ دەسەڵاتدا چیە؟**
***ئایا پێویست ناکات لەمڕۆ بەدواوە وەک هەموو تاکێکی بێئومێدی کورد لە دەسەڵاتی کوردی، گۆڕانێش بخرێتە پاڵ ئەو دەسەڵاتە و بەردێکیش لەسەر وشەی ئۆپۆزسیۆن دابنرێت تا ئەو کاتەی بە مانای وشە ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی کوردی دادەمەزرێت؟***

**پێداویستی سەرکوتکردنی دەسەڵات**
25.09.2011

**میللەتی کورد یەکێکە لەو میللەتانەی درەنگ بەئاگادێتەوە و زۆربەی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانیش کاتێک بەرپابوون، کە ئیتر هیچ چارەسەرێکی تر نەماوە لەوەی کە کەمێک بەرگری لەخۆی بکات. هەڵبەتە ئەوەندەی زیانی گەیاندوە، ئەوەندە بەرگری نەکردوە، چونکە هیچ یەکێک لەو بزوتنەوانە بە ئەنجامی سەرکەوتن نەگەشتون.**

**کورد هەتا ئەمڕۆ، هەرێمی کوردستانی ئێراقی لێدەرچێت، ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی میللەتێکی تردایە و هەموو ئەو بزوتنەوە چەکداریانانەی تورکیا و ئێرانیش لە ماڵکاولی بۆ کوردستان، هیچی تری لێنەهاتۆتە بەرهەم و هیچیشی لێنایەتە بەرهەم، ئەگەر هەر لەسەر بزوتنەوەی چەکداری بەردەوام بن.**

**سیاسەتی سەکوتکردنی کورد وەک میللەت، وەک کەلتور و وەک ئەوەی کە میللەتێکی جیاوازە، ئەو بزوتنەوانەی پێکهێناوە، بەڵام ئەوەندە ئاگایی لێنەکەوتۆتەوە کە زۆربە وشیاربێتەوە و جگە لە بزوتنەوەی چەکداری کە دەشێت ڕێگە چارەی تریش هەبێت بۆ گەشتن بە ئامانج. هەمیشە وشیاریەکە هی بزوتنەوە چەکداریەکە بووە، نەک بە پێچەوانەوە.**

**تورکیا، وەک ئێران و سوریا و ئێراق نیە و سەرێکی بە ئەوروپاوەیە، واتە دەنگێک لەوێ بکەوێتەوە، لە ئەوروپاوە دەبسترێتەوە، کەچی کورد بە پلەی یەکەم پشتی بە هێزە چەکدارەکەی خۆشە کە لە شاخەکاندا گیریان خواردوە و جارجارەیەک هەڕەشەیەک دەکەن و دەیانەوێت لەژێر پاڵەپەستۆی سەربازیدا ئەنقەرە بچێتە سەر مێزی مفاوەزات. بەڵام بیریان لەو دەیەها ملیۆن کوردە نەکردۆتەوە کە بڕژێنە سەر شەقامەکان و دوای مافی ژیانی خۆیان بکەن، بەبێ ئەوەی بیر لە پاڵپشتێکی چەکداری بکەنەوە.**

**مەگەر سەرکوتکردنی دەوڵەتی تورکی هەتا ئێستا ئەوەندە نەبوە کە بیروهۆشی میللەتێکی بیست ملیۆنی بهەژێنێت و ببێتە ئەو پاڵنەرەی کە ئاستی ئاگایی بەرزکاتەوە و بتوانن داوای مافی خۆیان بکەن؟**

**ئایا ئەو چەند سەد پێشمەرگەیەی کوردستانی ئێران دەتوانێت چ کاریگەریەکی هەبێت لەسەر چارەنوسی کوردستانی ئێران؟ جگە لە ماڵوێرانی و کوشتن و بڕینی ڕۆڵەی کورد زیاتر؟ ئایا**

بەو هێزە چەکدارەی دەیەها ساڵە بەو شاخانەوەن، توانیویانە ئاستی ئاگایی مرۆڤی کورد بەرزبکەنەوە و ئامادەی شۆڕشی ڕزگاریخوازی بکەن؟

ئایا سەرکوتکردن و نەفیکردنی کورد وەک میللەتێکی سەربەخۆ، خۆی لەخۆیدا بەس نیە بۆ ئەوەی وشیاری بکەوێتەوە و میللەت لێی بەئاگابێتەوە؟ مەگەر مرۆڤ لەم سەردەمەشدا هەر دەتوانێت بەزەبری چەک مافاکانی بسەنێتەوە؟

هێزی چەکدار هی زەمانێکە کە نەخوێندەواری باڵادەست بوە و هەموو ئامرازی پەیوەستبونەوەیەک لە لولەی تفەنگەوە بیستراوەتەوە. ئەم سەردەمە سەردەمی کۆمپیوتەر و تەلەفونە و ئەوەندەی بابەتێک لە ئینتەرنێتدا دەتوانێت کاریگەری بخاتەوە، هەزار فیشەک دروستیناکات. ئەمە جگە لەوەی پیاوکوشتن هەر پیاوکوشتنە و ئەو بەرگریەی بە وشە دەکرێت، سەد تفەنگ ناتوانێت پارسەنگی بداتەوە و ئەوەندەی ئەمڕۆ ڕێز لە وشە دەگیردرێت، ئەوەندە خەڵک ناتوانێت ڕەوایەتی بۆ زەبری هێز بدۆزێتەوە، لە جیهانێکدا کە هەمووی بەیەکەوە پەیوەستبوەتەوە.

ماوەی بیست ساڵە سێ پارێزگای هەرێمی کوردستانی ئێراق بەدەست دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیەوەیە و هەتا ئەمڕۆش ئێمە لێوان لێوین لە سەرکوتکردنی ڕژێمی پێشوو، بەو دەلیلەی کە ڕاپەڕینی ئەمجارە بە هێزی چەکدار و لێدان و گرتن و ئەشکەجە سەرکوتکرا، هەموو یادەوەرەکانی ڕژێمی پێشوو زیندوو بوەوە و لە مەیدانەکاندا بینرایەوە.

سەرکوتکردنی ڕژێمی بەعس، جگە لەوەی چەندین هێزی چەکداری دروستکردبوو، بوە هەوێنی ڕاپەڕینی 1991، هەرچەندە وەک فاکتەرێکی دەرەکی، شەڕی ئێراق و ئەمریکا، بوە هۆی سەرکەوتنی ئەو ڕاپەڕینە و ئەو بەئاگایی بوونە جیهانیە بوو بە پاڵپشتی، کەچی هێزە چەکدارەکانی بەناو بەرگری کوردیی، بە ڕێکەوتنێک لەگەڵ سەدام حوسەیندا، چاوی جیهانیان لێکردین و ئێمەش کەوتینە ژێر دەستی دەسەڵاتیان.

*سەرکوتکردنی دەسەڵات تا ئەو کاتە پێداویستیە کە میللەت وشیار دەبێتەوە و دەپرسێت بۆ؟ بۆ من سەرکوتدەکرێم؟ بۆ وەکو ئەوانی تر من مافی ژیانم نیە؟ ئەم جیاوازیەی من بۆ دەبێتە هۆی سەرکوتکردنم؟ ئەگەر لەو کاتانەدا میللەت نەیتوانی بە ئازادی خۆی بگاتەوە، ئەوا سەرکوتکردن دەبێتە نەریتێک و سەرکزی لێدەکەوێتەوە. واتە قبوڵکردنی ئەمری واقیع کە دەبێت وابێت و پەیڕەوبکرێت.*

ئالێرەدایە کە ئیتر سەرکوتکردن ترسناکە و دەگاتە ئاستی تێکشکاندنی مرۆڤەکان و شێواندنیان و لەقاڵبدانیان بەو شێوەیەی کە دەسەڵات دەیەوێت.

ئێمە لە دوای ڕاپەڕینی یەکەمەوە، وەک تێکەوتنێک تێکەوتین و نە بە ئازادی گەشتین، نە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی پێشوداماینەوە. ماوەی بیست ساڵ لە گێژاوی ئەوەی داخۆ ئەم دەسەڵاتە کوردیە دەتوانێت ئاوات و خواستەکانی مرۆڤی کوردی ئەم هەرێمە بێنێتە دی، یاخود هەر چاوپۆشی لێدەکات؟ هەتا ڕاپەڕینی هەڤدەی شوبات کە ئیتر هیچ بوارێک بۆ گومان نەمایەوە کە ئەم دەسەڵاتە، تازە بە تازە دەست دەکاتەوە بەسەرکوتکردن.

مێژووی سەرکوتکردنی ئێمە درێژە و میللەت لەو ئاستەدایە کە بە ئاسانی بەم دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیە لەخشتەنابرێت. ئەوەی میللەت چاوەڕوانی بوو ڕویدا، واتە دەرکەوتنی ڕوی حەقیقی دەسەڵاتبەدەستانی کورد.

ئێمە چیتر لەم سەردەمەی ئەمرۆماندا پێویستمان بە زەمەنێکی دورودرێژی سەرکوتکردن نیە بۆ ئەوەی ماهیەتی دەسەڵات کاریگەر بێت لە دروستکردنی ئەو ئاگاییەی کە پێویستە بۆ ئەوەی خەڵک لە هەوڵی ئەوەدا بێت ئەم دەسەڵاتە بگۆڕێت و سیستەمێک پێکەوە بنێت کە شایانی مرۆڤی هاوچەرخ بێت.

## کۆمەڵگای حەق
26.09.2011

بۆئەوەی شایانی ناونیشانی مرۆڤ بین، دەبێت کوشتن بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، سەرنوگوم بکەین. دەبێت کاریگەریەکانی لەسەر بیرکردنەوە و بواری بەکردەوە کردنی ئەوەندە تەسکبکرێتەوە کە بواری سەرهەڵدانی دەگمەن بێت و بخرێتە قاڵبی کێشەی تاکەکەسەوە. بەو مانایەی لە بیری کۆمەڵ دەربهێنرێت و وەک ڕێگەچارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان، ئەلتەرناتیڤ نەبێت. چ بۆ دەسەڵات و چ بۆ بەرهەڵستکارانی دەسەڵات و چ بۆ کۆمەڵ و تاقمە کۆمەڵایەتیەکانی تر و بە گشتیش وەک بیرکردنەوە و ئاگایی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا.

ڕاپێچکردنی کەلتوری کوشتن بۆ پشتی پشتەوەی بیرکردنەوە و داچەپاندنی، ڕێگە بۆ چارەسەری ناتوندوتیژی خۆشدەکات بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو.

شاخ چەند کوردی پاراستوە، ئەوەندەش کوردی لە جیهانی چواردەوری دابڕیوە. دوابەدواش بوە بە پەنای یاخیبوون بۆ هەموو ئەوانەی نەیانتوانیوە لەو کۆمەڵگا خۆماڵیەدا جێگەیان بێتەوە، ئیتر بە هەر هۆیەکەوە بووبێت. بۆ خۆپاراستنیش، هەمیشە چەک بوە بە هاوڕێ و هاودەم. چەکبەدەستبونیش دەسەڵاتی بەکارهێنان دەبەخشێت، بە حەق و ناحەق، بەتایبەتیش کە مێشکێکی بیرکەرەوەی لە پشتەوە نەبێت.

یاخیبوون و هەڵهاتن لەناو میللەتی کورددا بوە بە کەلتور و دەرئەنجامەکەشی شکستی کۆمەڵگایە کە ئەو هەموو گەنجە پێگەشتوە ڕو لە هەندەران دەکات و کۆمەڵگای پێ پوچ دەبێتەوە. لە سی ساڵی ڕابوردودا ئەوەندەی گەنجی کوردی ئێراق ڕوی لە هەندەران کردوە، کە ئەگەر بۆ زۆربەیەکیان بکرایە بمانایەتەوە، ئەوا ئەمڕۆ باری کۆمەڵایەتی کوردی لە ئاستێکی تردا دەبوو کە دەسەڵات نەیتوانیایە بە ئاسانی بیچەمێنێتەوە.

ئەو کۆمەڵگایانەی کە هەڵکەوتە سروشتیەکان کەمتر بوون بە هۆکار، وەک جەنگڵ و شاخ، بۆ بەتاڵکردنەوەی پاڵەپەستۆی ناویان، زیاتر پەنایان بۆ بیرکردنەوە بردوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، وەک لە یاخیبوون و دوابەدواش کوشتن و بڕین وەک چارەسەر.

ڕەنگە کەم میللەت هەبێت وەکو کورد ڕوی لە ڕاکردن کردبێت. ئاسانترین ڕوبەڕوبونەوەی کێشە، ڕاکردنە. ئێمەش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو چارەسەرەمان هەڵبژاردوە. هەڵبەتە شێوە و چۆنێتی و زۆریی هەڵاتنەکان لە بەشێکی کوردستانەوە تا بەشێکی تر جیاواز بووە. ئەوەی ئاشکرایە، ئەوەیە هەتا پاڵەپەستۆکان لەسەر بەشێک زیاتر بوبێت، ڕاکردنەکان لەو

بەشەدا زۆرتر بوە، بۆ نمونە کوردستانی ئێراق لە هەموو بەشەکانی تر زیاتر کورد هەڵهاتوە، وەک هەمیشەش لە پێشدا و زۆربە هەر گەنجەکان بوون.
کۆمەڵگای ئەمریکی چەند دیموکراسی بێت و چەند ئازادی تاک بەرفراوان بێت، نابێتە ئەو کۆمەڵگایەی مرۆڤایەتی شانازی پێوەبکات، چونکە کەلتوری هێز و کەلتوری کوشتن بەشێکی دانەبڕاوی پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەیە.
کاتێک مرۆڤکوشتن دەبێتە ڕێگەچارەی کێشەکان، چ لەسەر ئاستی دەسەڵات و چ لەسەر ئاستی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، چیتر ناتوانرێت حەق بچەسپێنرێت، ئەگەر دەستور و یاساش پایەگوزاری ئەو کۆمەڵگایە بێت.
هەرکاتێک مێشکی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا لەچەک داماڵرا، ئەوسا ڕو لە ئەقڵ دەکات و ڕێگەچارەی زۆر زیاتر خۆی والادەکات.
ئێمەی کورد ئەگەر چەکداریش نەبین، بەو ئەقڵیەتەوە بیردەکەینەوە کە "ئەگەر ئێستا دەمانچەیەکم پێئەبوو، ئەوسا خۆم دەمزانی چیم دەکرد" واتە هەمیشە بوونی چەک، بوونی هێز ئامادەیی هەیە و پانتاییەکی گەورەی لە بیروهۆشماندا داگیرکردوە.
لەجیاتی ئەوەی بەرە لە یەکتری بگرین و بە دوژمن سەیری یەکتری بکەین، دەشێت سەرێک بەرزبکەینەوە و بپرسین ئاخۆ ئەم سەرزەمینەی کە هەردووکمانی لەسەر وەستاوین، جێگەی هەردووکمانی تیانابێتەوە؟

## سنورەکانی دیموکراتی، یاخود دیکتاتۆریەتی ئەقڵانیەت
04.10.2011

هەڵبژاردنی دیموکراتی کە بە یاسا ڕێکخراوە، لەگەڵ دروستبوونی پارتە سیاسیەکاندا، هەمووی لە ژێر کاریگەری ئەو میدیا زەبەلاحەوەیە کە شەو و ڕۆژ لەکارکردندایە و وەستانی بۆ نیە. ئازادی ڕادەربڕین، هۆکاری ئەو میدیایەیە کە دەبێت هەمیشە هەڵسوڕێت و کارا بێت، بۆ لە قاڵبدانەوە و ئاڕاستەکردنی ئەو بیروباوەڕانە، بەو ئاقارەی کە بەرژەوەندی میللەتێکی تایبەت لەخۆدەگرێت. واتە لە هەمان کاتدا کە ئازادی بیروڕا دەربڕین دابینکراوە، هەر بە هەمان یاسا، واتە ئازادی بیروڕا دەربڕین، ئەو بیروڕایانە ئاڕستە دەکرێت کە لە سنورێکی تایبەتی دەرنەچن. ئەوەی دەستنیشانی ئەم سنورە دەکات، ئەقڵانیەتە. ئەقڵانیەت ناهێڵێت کۆمەڵگا بۆ نمونە، بەرەو فاشیەت بڕوات، یاخود بەرەو کۆمۆنیستی، یاخود بەرەو کۆمەڵگایەکی ئیسلامی. لێرەدا سنوری دیموکراتیەت بەر دیواری دیکتاتۆریەتی ئەقڵ دەکەوێت و ناهێڵێت لەوە زیاتر بڕوات. ئەو ئەقڵانیەتەی باسی لێوەدەکرێت، ئەقڵانیەتێکی سنوردارە، واتە خۆپەرستە بەوەی سنوری بیرکردنەوەی لە چوارچێوەی میللەتەکەیدا، دەوڵەتەکەیدا جێگیر دەبێت.

بەریەککەوتنی ئازادی بیروڕادەربڕین و دوابەدواش ئاڕاستەکردنی بە ئاقارێکی دیاریکراودا، یاخود هێشتنەوەی لە چوارچێوەیەکدا کە نابێت لابدات، ناکۆک دەوەستێتەوە. بە لایەکی تردا دیموکراتیەت بوارێکی بەرتەسکە لە یاری ئەقڵدا کە دوابەدوا هیچی پێنیە بە تەنها بیڵێت، واتە دیموکراتیەت بواری بەتاڵکردنەوەی دیکتاتۆریەتی ئەقڵە، ئەقڵی تاکڕەو کە گەمە لەگەڵ خۆیدا دەکات و دوابڕیاڕیش هەر خۆی دەیدات.

لەسەرێکی ترەوە، هەتا ئێستا مرۆڤایەتی نەگەشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت مومارەسەی ئازادی بە ئازادی بکات، واتە هەر دەبێت ڕاستبکرێتەوە و ئاڕاستەبکرێت. ئەوەی ئەمڕۆ بەناوی ئازادی و دیموکراتیەتەوە بە زۆربەی خەڵک دەفرۆشرێتەوە، لە ڕاستیدا تەنها لایەنی کەمیەتی. ئازادی و دیموکراتیەت لە کۆمەڵگایەکدا دادەمەزرێت کە هیچ مێژویەکی نە لە پێشەوە هەبێت، نە لە دواوە، لە هەمان کاتدا ئەقڵ گەشتبێتە ئەو ئاستەی کە خۆی و تەنها خۆی بڕیاری چارەنوسی بیرکردنەوەی لەدەستدا بێت و خاوەنی ئیرادەی ئازادی خۆی بێت. ئەوەش دەبێت زۆربەی زۆری کۆمەڵگا لەو ئاستەدا بێت.

سنوری ئەقڵانیەت لە نێوانی پارتە سیاسیەکاندا ئەمسەروسەری دەردەکەوێت. لەوپەڕی ڕاسترەوەوە هەتا دەگاتە ئەوپەڕی چەپڕەو. ئەقڵانیەتی میانڕەو هیچ کاتێک بوار نادات بەتەنها جەمسەرێکی ئەو پۆلینکردنە، دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵکو هەمیشە دەبێت لە کەمێک ڕاستڕەو، یاخود کەمێک چەپڕەو تێنەپەڕێت. چونکە لە ڕاستیدا ئەمسەروسەری ئەو

سیاسەتە دەبێتەوە بە دیکتاتۆریەتێکی ڕووت. واتە سنوری ئەو دیموکراتیەتەی ئەمڕۆ هەیە لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا لەسەروخواری هەمان ئەقڵانیەتدا جێگەی خۆی دەکاتەوە.

بەڵگەهێنانەوە بۆ ڕاستی و دروستی بۆچونەکان، یەکێکە لەو ئامرازانەی لایەنە جیاجیاکان بەکاریدەهێنن بەرامبەر یەکتری و بۆ ڕاکێشانی لایەنگران و قەناعەت پێکردنی زۆربە، کە هەر لایەنە و خۆی بە ڕاسترین دەزانێت و بەڵگە بۆ بۆچونەکانی دەهێنێتەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە بەڵگەکان نیە، بەڵکو ڕاستگۆیی و بەدەستهێنانی متمانەیە لە ناو پێگە کۆمەڵایەتیەکاندا، دەنا هەموو دیکتاتۆرێکیش بەڵگەی خۆی هەیە کە بۆچی ئەو سیاسەتەی گرتۆتەبەر و وازی لێناهێنێت و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە زۆربەیەک قەناعەت پێبێنێت کە ئەو ڕاستە، یاخود ڕاسترینە.

جیاوازی ئەقڵیەتی دیموکراتی و دیکتاتۆری لەسەرکوتکردنی لایەنێکی/ ئاستێکی ئەقڵیدا دەردەکەوێت بۆ لایەنەکانی/ ئاستەکانی تر. پەڕینەوە لە ئەقڵیەتی دیکتاتۆریەتەوە بۆ ئەقڵیەتی دیموکراتی، قبوڵکردنی هەموو بیروبۆچونەکانی ترە، وەک ئەوەی کە لایەنەکان/ ئاستەکانی تری ئەقڵە. بەوپێیە پەنانابرێتە بەر سەرکوتکردن، بەڵکو ڕوبەڕوبونەوەکە دەبێتە دیالۆگی ئەقڵانەیەت و بەڵگە هێنانەوە بۆ ڕاستی و دروستی بیروبۆچونەکان. لە دوای ئەوەوە دەگەینە ئەو ئاستەی کە یەکتری ئەشکەنجە نەدەین، بەڵکو ململانێی سیاسی بکەین.

لە جێگەیەکی تردا باسی ئەقڵیەتی خام و ئەقڵیەتی پێگەشتوو کراوە، کە یەکەمیان دیکتاتۆریەت بەرهەم دێنێت و دووەمیان بەرەو دیموکراتی هەنگاو دەنێت (دەسەڵاتدارێتی و ئەقڵانیەت).

*هەمان ئەقڵیەتی دیموکراتی کە لە ڕۆژئاوادا زاڵە، بۆ جیهانی دەرەوەی ڕۆژئاوا ئەو دیکتاتۆریەتەیە کە بەرژەوەندیەکانی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت و دەیانڕەتێنێت و وڵاتەکانیان وەک تەنەکەی خۆڵ بەکاردەهێنێت. دیموکراتی و دیکتاتۆریەت دوو ڕوی یەک دراون ئەویش ئەقڵە.*

لەسەرو دیموکراتیەت و دیکتاتۆریەتەوە، یاخود لەسەرو ئەقڵانیەتەوە، ئاگایی هەیە. واتە تەنها مەوداکانی ئەقڵ نیە کە بتوانرێت پەنای بۆ ببرێت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەڵکو بوارێک ماوە کە مرۆڤ پێیبگات و بەکاریبهێنێت بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و ئازاد کە حەقیقەتی وجودی تیا بسەلمێت.

ئەمڕۆ کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە نێوانی دیکتاتۆریەت و دیموکراتیەدا، کە هەردوکیان بەرهەمی ئەقڵن، گەمارۆدراوە و بچوککراوەتەوە کە لەو دوو سنورە تێنەپەڕن. هەربۆیە بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ لەم جیهانەدا ئازاد نیە و میللەتەکان لە چوارچێوەی سنورەکاندا، خزێنراونەتە ناو یەکێک لەو دوو سیستەمەوە و دەبێت یەکێکیان قبوڵبکات، یاخود لە هەوڵی

بەدەستگەشتنی یەکێکیاندابێت، بەبێ ئەوەی لە هیچیاندا بتوانێت بە ئازادی تەواوی خۆی بگات.

تەنگژەکانی دیموکراتیەت گەلێک گەورەترە لە تەنگەژەکانی دیکتاتۆریەت، چونکە هەنگاوێک نزیکبۆتەوە لەوەی بە تەواوەتی ڕزگاری بێت و مرۆڤ بۆ یەکەم جار دەموچاوی خۆی بناسێتەوە، بەڵام ڕێگەی پێنادرێت و هەمیشە دوادەخرێت و دادەپلۆسرێت و هەڵدەخڵەتێنرێت، بەبێ ئەوەی جەستەیی هیچ دەستدرێژیەکی بکرێتەسەر. جیاوازی دیکتاتۆریەت و دیموکراتیەت لەوێدا دەردەکەوێت کە لە دیکتاتۆریەتدا ڕێگەنادرێت مرۆڤەکان بگەنە ئەو ئاستەی کە توشی گێژاوی وجود بن، بەڵکو هێشتا هەموو ئازارەکان لەسەر جەستە ڕاستەوخۆ دەبێت بچێژرێت، واتە هێشتا هەنگاوێک لە دواوەیە.

## ئایا ئێمە دەتوانین سیستەمێکی دیموکراتی دابمەزرێنین؟

06.10.2011

ئایا لە جیهانی ئەمڕۆی سیاسەتدا، ئێمەی دانیشتوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە پێش ئەم مێژووە نوسراوەی ئەمڕۆوەوە، کە یەکەمین شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەخۆوە بینیوە و لەو کاتەوە لەشەڕوشۆڕ نەکەوتوە، دەتوانرێت سیستەمێک دابمەزرێنێت کە مرۆڤ تەوەر و بنەما و ئامانج بێت؟ واتە سیستەمێک کە هەموو مافەکانی تاکی مرۆڤی تیا بچەسپێت و هیچ کەسێک، دەسەڵاتێک نەتوانێت پێشێلی بکات؟

ئایا لە وڵاتێکی وەک ئێراق کە مێژووی بە خوێن نوسراوەتەوە، لە تورکیایەک کە بەزەبروزۆر دامەزراوە، لە ئێرانێکدا کە ئەشکەنجە کەلتورێکی بەردەوام و مێژویەکی هەزارەها ساڵەی هەیە، لە سوریایەکدا کە نەفی لە وجودی کورد دەکات و گرتن و کوشتن و ئەشکەنجە کارێکی ڕۆتینی ڕۆژانەیە، دەتوانرێت سیستەمێک دابمەزرێت کە کەرامەتی مرۆڤی تیا پارێزراو بێت؟

تورکیا زیاتر لە حەفتا ساڵە دەیەوێت لاسایی ئەوروپا بکاتەوە و خۆی بە ئەوروپی بداتە قەڵەم بە گۆڕینی ئەلفوبێ لە عەرەبیەوە بۆ سەر لاتینی و بە زۆر جیاکردەوەی ئاین لە دەوڵەت و..... لەگەڵ هەموو ئەو ڕوکەشکارییە مۆدێرینیەتەی دەیەها ساڵە دەیەوێت دەموچاوی ڕاستەقینەی خۆی پێبشارێتەوە، کەچی کە دەگات بە مافی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ هێشتا سوڵتان فەرمانڕەوایە و هەر ئەو قامچی بەدەستە و کەسیش بۆی نیە بڵێت کوا ئەو دەستور و یاسایەی کە دەبێت پەیڕەو بکرێت و تورکیا لە دەوڵەتێکی ڕۆژهەڵاتیەوە بگوازێتەوە بۆ دەوڵەتێکی مۆدێرن، نەک ئەوروپی؟

تورکیا لە چاو ئەو سێ دەوڵەتەی تردا بە هەزار ئاو شۆراوەتەوە، لە کاتێدا کرداری گرتن و لێدان و ئەشکەنجە بەشێکی دانەبڕاوە لە پاراستنی ئەو دەوڵەتە و کردارێکی ڕۆژانەیە، نەک بە تەنها بەرامبەر بە کورد، بەڵکو بەرامبەر بە تورک و لە وڵاتەکانی تریشدا بەرامبەر بە فارس و عەرەب.

هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئیسرائیل یەکێکی ترە لەو دەوڵەتانەی کە گوایە سیستەمی دیموکراتی پەیڕەو دەکات و چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن دەکرێت و حوکمەت دەستاودەست دەکرێت، لە کاتێکدا پەیڕەوکردنی ئەشکەنجە و لێدان و گرتنی هەڕەمەکی فەلەستینیەکان، بەشێکی زیندوی مانەوەی ئەو دەوڵەتەیە و دیسانەوە ڕۆژانە پیادەدەکرێتەوە.

ئەمریکا کە خۆی بە پێشەنگی جیهان دادەنێت لە ئازادی و دیموکراتیەتدا، یەکێکە لەو وڵاتانەی لەدەرەوەی وڵاتەکەی خۆی، ئەشکەنجە و لێدان و گرتنی هەڕەمەکی، لە ئێراق و

ئەفغانستان و گاوتانامۆ... وەک ئامرازێکی بەکار پەیڕەو دەکات، بەرامبەر هەموو ئەوانەی گومانی "دوژمنیان" لێدەکرێت.
ئەگەر ئەوە بارودۆخی ئەو وڵاتانە بن کە خۆیان بە دیموکراتی دەدەنە قەڵەم، ئەی دەبێت ئەو وڵاتانەی کە جیهان بە دیکتاتۆریان ناودەبات، دەبێت چ ڕەفتارێک بەرامبەر بە میللەتەکەی خۆیان بکەن؟
ئایا دیسان دەپرسین ئێمە چۆن دەتوانین بگەینە سیستەمێک کە مافی مرۆڤی تیا پارێزراوبێت، لە وڵاتێکی ژێردەستەی دیکتاتۆریەتی ڕۆژهەڵاتیدا؟ لە کاتێکدا دەبینین وڵاتێکی وەک ئەمریکا لەم سەردەمە نوێیەدا گەڕاوەتەوە بۆ دواوە و دیسانەوە پەنا دەباتەوە بەر پەیڕەوکردنی ئەشکەنجە و لێدان و سووککردنی مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتیەکان؟ ئایا ئێمە هیچ دەرفەتێکمان هەیە بتوانین سیستەمێک دامەزرێنین کە مرۆڤ و بەهاکانی چەقی بابەتەکان بێت؟
ئایا میللەتێکی دواکەوتووی وەک کورد، لەچاو وڵاتە خۆرئاوایەکاندا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەبێ ئەوەی لە مێژووی نوێدا خاوەنی دەوڵەت و سەربەخۆیی بوبێت، دەتوانێت لە سیستەمێکدا مافی مرۆڤی هاووڵاتیان بپارێزێت، لەو بەشەی ئەمڕۆ بە هەرێمی کوردستانی ئێراق ناودەبرێت؟
ئەگەر پرسیارەکە هەڵگێڕینەوە و بڵێین بۆ ناتوانین سیستەمێکی وەک وڵاتێکی ئەوروپی دامەزرێنین، لە کاتێکدا زۆربەی هەلومەرجەکان لە ئارادایە و ببینە نمونەی ناوچەکە و میللەتانی تریش چاومان لێبکەن؟
ئێمە هەرچی چەشنی ژێردەستەییە بینیومانە، چەندین جۆری ڕژێمی دیکتاتۆریمان ئەزمون کردوە، لەسەر جەستەمان لێدان و گرتن و ئەشکەنجە و لەسێدارەدان و کوشتن و ڕاونان و ڕاگوێزان و ئەنفال و بەرگریی و پێشمەرگایەتی و ڕووبەڕووبونەوەمان ... چێشتوە.
بە واتایەکی تر، وەک بارودۆخی دەرونیی ئامادە و تینوی ئازادی و سەربەخۆیی و دادپەروەرین. لەلایەکی ترەوە خاوەنی سامانێکی سروشتی دەوڵەمەندین و لە وانەش گرنگتر فرسەتێکی مێژووی هەڵکەوتوومان بۆهاتەپێشێ، کەچی هەر چوینەوە سەر هەمان ڕێچکەی هەموو ئەو دەسەڵاتبەدەستانەی هەزارەها ساڵە لە ناوچەکەدا بەردەوامن، واتە سەرکوتکردنی ئازادیەکان و پێشێلکردنی مرۆڤ و مافەکانی.
ئێمە بۆ نەمانتوانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤدۆست دامەزرێنین؟ ئایا ئەگەر گەرماوگەرم هەر لە دوای ڕاپەرینی 1991ەوە وردە وردە بنەماکانی ئەو کۆمەڵگایەمان دارشتایە، نەماندەتوانی لە دوای ڕوخانی ڕژێمەکەی سەدام حوسەینەوە بگەینە ئەو خەون و خەیاڵەی مرۆڤی کورد کە چەندین ساڵە خەوی پێوە دەبینێت؟

ئایا کاریگەری وڵاتانی تورکیا و ئێران و سوریا، لە کاریگەری دەنگی پاڵپشتی جیهانیی گەورەتربوو کە نەتوانرێت ئەو کۆمەڵگایە دابمەزرێنرێت؟ یاخود هۆکاریً سێیەم دێتە ئاراوە کە ئەویش ئەو تاقم و بنەماڵەیەی جڵەوی دەسەڵاتیان گرت بەدەستەوە، نەیانهێشت هیچ هەنگاوێک بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد و دادپەروەر بنرێت؟

ئایا بۆ وڵاتە ئەوروپیە ڕۆژهەڵاتیەکان، لە دوای ڕوخانی دیواری بەرلینەوە، بە ماوەیەکی زۆر کورت توانیان هەموو کۆمەڵگا لە ئەقڵیەتی دیکتاتۆریەتەوە بگۆڕنە سەر دیموکراتیەت و پاراستنی مافی مرۆڤ و بەهاکانی، کەچی ئێمە لە ماوەی بیست ساڵی ئەم سەردەمە نوێیەدا، پایەی دیکتاتۆریەت قایم بکەین و دروستی بکەینەوە؟ ئایا نەفرەتی خوداوەندەکان هەر بەر ئێمە کەوتوە، ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

ئەوەی لەو نێوانەدا دیارنیە، ئیرادەیە، ئیرادەی بنیاتنان و دامەزراندن، ئەوەی هەبوە و هەیە ئیرادەی داگیرکردن و داڕوخاندنە. ئەو مرۆڤانەی ئیرادەی ژیانیان تیا زیندوە، هەرگیز کۆڵنادەن و هەمیشە لە هەوڵی باشتردان و دەیانەوێ کۆمەڵگایەکی کەمێک دادپەروەرانە بێتە ئاراوە کە زۆربە لێی سودمەند بێت. ئەوەی دیارە دەسەڵاتی حیزبە کە تەنها خۆی و بەرژەوەندیەکانی خۆی دەبینێت و تەنها دەسەڵاتی خۆی پتەو دەکات، نەک داڕشتنی بنەمای کۆمەڵگایەکی شارستانی، یاخود هاوچەرخ.

هەڵبەتە لەم سەردەمە نوێیەدا کە بە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەناوبانگە و هەموو جیهان کەم تا زۆر ئاگای لە یەکترییە، ئەوا هەمیشە گەل ئامادەیە بۆئەوەی ئەو کۆمەڵگایەی تیا دەژی، باشتری بکات و دواڕۆژی خۆی و منداڵەکان دابینبکات. بەڵام ئەوە دەسەڵاتداریێتی سیاسیە کە ڕێگرە لەبەردەم کرانەوەی کۆمەڵانی خەڵکدا بەڕوی ژیان و یەکتریدا.

*دەسەڵاتی حیزبی سیاسی وەک هەموو فکرێکی لەقاڵبدراوی تری دینی، مرۆڤ بەرتەسکدەکاتەوە و جیهانبینیەکی ساختەی دەداتێ کە لەسەری بڕوات، بەبێ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ گەشەی سروشتی کۆمەڵگا بە تایبەتی، و لەگەڵ گەشەی مێژوو بە گشتی، بڕوات.*

*دروستبوونی حیزبی سیاسی بە نیسبەت کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە هەڵەیەکی مێژووییە و گەمەیەکی سیاسیە بەدەست دەسەڵاتی سیاسیەوە، هەربۆیە هەتا ئەمڕۆ درێژە بە ژیانی دەدرێت و لەوپەڕی چالاکی خۆیدایە. بە شێوەیەک کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئاڕاستەکراوە کە بەبێ حیزبی سیاسی کۆمەڵگا ناتوانرێت ببرێت بەڕێوە.*

ڕێکخستنی کۆمەڵگا هیچ پەیوەندیەکی بە حیزبی سیاسیەوە نیە و پێداویستیەکە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئیشوکاری هاووڵاتیان. لێرەدا دەشێت بپرسین ئایا کۆمەڵگا ناڕوات بەڕێوە ئەگەر لە حیزبە سیاسیەکان داماڵرێت؟ ئایا ئەنجومەنێک، بەهەر ناوێکەوە بێت، ئەنجومەنی باڵا، ئەنجومەنی گەل... ناتوانێت بەپێی دەستورێک وڵات بەرێت بەڕێوە؟

هەڵبەتە ئەگەر لە حیزبە سیاسیەکان بپرسیت دەڵێن نەخێر و ئەگەر لە زۆربەی هاووڵاتیانیش بپرسیت دەڵێن بەڵێ دەتوانرێت کۆمەڵگا بەبێ حیزبی سیاسی بەدروستی ببرێت بەڕێوە. ئێمە هەمووومان ئەو چاوبەستەمان لێکراوە کە ژیانی سیاسی واتە حیزبی سیاسی و هەتا ئەو مەتەڵە هەڵنەهێنرێت، هەر لەژێر دەستی حیزبەکاندا دەستاودەستمان پێدەکرێت و لە هەڵخڵەتاندنێکەوە بۆ هەڵخڵەتاندنێکی تر پەیمانمان پێدەدرێت.
دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد، پێویستی بەوە نیە ناوی دیموکراتی بێت، دیموکراتیەت خولقێنراوی ئەقڵیەتی حیزبایەتیە کە لە گەمەی دەسەڵاتداراندا بەکاردەهێنرێت. ئەگەر کۆمەڵگا لە ئەقڵیەتی حیزبایەتی پاکبکرێتەوە، دەگەینەوە بەو مرۆڤە کۆمەڵایەتیەی لە مێژووی خۆیدا ئیش دەکات و دەگاتەوە بەو ئازادیەی دەیەها ساڵە حیزب لێی زەوتکردوە. بەوپێیە خۆی خۆی دەبێت و پێناسە لە حیزبەوە وەرناگرێت کە دەبێ کێ بێت. لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانرێت سیستەمێک دابمەزرێنرێت کە گەرەنتی هاووڵاتیەکانی خۆی بکات کە چیتر کوشتن و بڕین و گرتن و ئەشکەنجە، بەشێک نەبێت لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و ئەو ترسە بۆ هەتاهەتایی دەشێت بڕەوێنرێتەوە.

## ئازادی و دادپەروەریی
09.10.2011

ئایا دەکرێت بیر لە ئازادی بکرێتەوە بەبێ دادپەروەریی؟ یاخود بواری ئازادی هەیە بەبێ ئەوەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی جێگیربکرێت؟

بەکارهێنان هەزار شێواز لە خۆی دەگرێت، هەر لە خراپبەکارهێنانی ئابورییەوە، تا دەگاتە خراپبەکارهێنانی جەستەیی و دەرونی و خراپبەکارهێنان وەک فێڵلێکردن و خڵەتاندن و ڕاستی شاردنەوە و هەڵەشەکردن و بەلاڕێدابردن.

ئازادی مرۆڤ کاتێک بەرجەستە دەبێت، کە دادپەروەریی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی داڕشتبێت. دادپەروەریی لە هەموو بەریەککەوتنەکاندا ئامادە بێت، بەوپێیەی کەس نەتوانێت مافی یەکێکی تر پێشێل بکات، یاخود بۆ خۆی بەکاریبهێنێت، لەو کاتانەدا کە مرۆڤەکان بەرامبەر یەکتر/ لەگەڵ یەکتردا یەکسان دەبن و هەمان ماف و ئەرکیان دەبێت بەپێی پێگە کۆمەڵایەتیەکانیان، تەنها ئەوسا دەتوانن بەرامبەر بە خودی خۆیان و ئەوانی تریش ئازاد بن.

گەورەترین بێدادی لە سەر ئاستی جیهاندا کە کرابێت و هەتا ئەمڕۆش بەردەوام بێت، بەکۆیلەکردنی میللەتانی جیهانی دەرەوەی ڕۆژئاوایە لەلایەن دەسەڵاتبەدەستانی جیهانی ڕۆژئاواوە. هەر لە بەکۆیلەکردنی جەسەدییەوە تا سەرپێشۆڕکردن و سیاسەت پێپڕکردنەوە و دزینی ئابوری و جەنگ بەسەردا سەپاندن و کوشتن و بڕین. میللەتانی دەرەوەی جیهانی دەرەوەی تەوەر ساڵانێکی زۆر ڕاستەوخۆ ژێردەستەی ئیمپریالیستی جیهانی بوون و لە دوای ڕزگاربونیشەوە لە ڕێگەی فەرمانڕەوا خۆماڵیەکانیانەوە، درێژەیان بەهامان ژێردەستەیی داوە بە ناڕاستەوخۆ.

کاتێک میللەتێک ژێردەستەی میللەتێکی تر دەبێت، زۆربەی زۆری میللەتی سەردەست بەشدارە لە خێروبێری ئەو میللەتە ژێردەستەیەدا، چ ڕاستەوخۆ وەک بازرگان و خاوەن کارگەکان، چ ناڕاستەوخۆ وەک هەموو ئەو بەروبوومەی ڕو لە وڵاتەکەیان دەکات بەبێ ئەوەی نرخی تەواوی پێدرابێت. واتە بێدەنگبوونی میللەتی سەردەست لەو ڕاوڕوتکردنە، نیشانەی بەشداربوون و پشکی خۆشگوزەرانیانە.

ئەوان خۆیان بە ئازاد دەدەنە قەڵەم کە توانیویانە میللەتێکی تر سەرشۆڕبکەن و بۆ خۆیان بەکاریبێنن. نادادپەروەریی لە جیهاندا لەوێوە دەستپێدەکات، کاتێک میللەتێک، یاخود چەند میللەتێک خۆیان بە بەرزتر دەزانن لە ئاست میللەتەکانی تردا، لەوێ بەدواوە مێژوو لە بەرژەوەندی خۆیان بەسەر ئازادی میللەتەکانی تردا لێدەخوڕن.

دەسەڵاتی سیاسی لە خۆرئاوادا پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، دەگونجێنێت، بە شێوەیەک کە بتوانێت باشترین باری کۆمەڵایەتی، بەپێی ئەو سیاسەتەی نوێنەریەتی، بەرێتبەرێوە. دەسەڵاتی سیاسی خۆی ڕاستەوخۆ خاوەنی کۆمپانیا و بازرگانی نیە، بەڵکو نێوەندێکە کاروباری هەردوولا دەکەوێتە سەرشانی، واتە ڕێکخستنی بازاڕی کار و سەرمایە و بارودۆخی کۆمەڵایەتیش لەو نێوانەدا دەبێت هاوسەنگی ڕابگیردرێت.

تاکی ئەو کۆمەڵگایانە هەمیشە دەیەوێت ببێت بە خاوەنی زیاتر و ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی سیاسی تاوانبار ناکات، ئەگەر کەمتری هەبێت. تاکی ڕۆژئاوایی ئەوەندە ئاگایی پەیداکردوە، دەزانێت دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، هەر ئەوەندە بڕەکات و لە پشت ئەو فەرمانڕەوایەتیەوە دەسەڵاتێکی گەورەتر فەرمانڕەوایە.

لە کۆمەڵگاکانی ئێمەی دەرەوەی جیهانی تەوەر، لەبەرئەوەی فەرمانڕەوا کراوە بە فەرمانبەری دەسەڵاتێکی گەورەتر، هەمیشە دەسەڵاتی ئەوەی هەبووە و هەیە کە خۆی ڕاستەوخۆ حوکمی میللەتەکەی بکات و خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەهابێت لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتدارێتییەی بۆی دیاریکراوە. واتە تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگەپێدراوە خۆی بە خاوەنی سامان و میللەتیش بزانێت و بە پێی ئارەزووەکانی، کۆمەڵگا لێبخوڕێت.

هەر بۆیە تاکی ئێمە هەمیشە دەزانێت کە ڕاستەوخۆ ئەو نادادپەروەرییەی کە خۆی تیا دەبینێتەوە، بەستراوەتەوە بە دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە.

گوڕی شۆڕشگێڕی تاکی ڕۆژئاوایی بۆ دادپەروەری جیهانی، لە نێوانی خێرکردن و منداڵ هەڵگرتنەوە لە جیهانی دووەمدا، گیری خواردوە و هیچی تری پێناکرێت. تاکی ڕۆژئاوایی هەرئەوەندە دەسەڵاتی بۆهێڵراوەتەوە کە ئەگەر تۆزێک لە ژیانی تاکەکەسی خۆی زیاتر بیربکاتەوە و بەو ئازادییەی هەیەتی، بیەوێت دادپەروەرییەک جێگە پێبکاتەوە و ویژدانی خۆی پێ ئاسودە بکات.

دەسەڵاتی ناوەند ئەو ئازادییەی فەراهەم کردوە کە هەر کەس بتوانێت ژیانێکی مسۆگەر دابین بکات و قەناعەتی بە زۆربە هێناوە کە وڵاتانی دەرەوەی تەوەر دواکەوتویەتیەکانیان خۆیان لێی بەرپرسیارن و خۆیان نەیانتوانیوە پێشبکەون، هەرچەندە کەسانێکی زۆریش هەن کە هەست بە نادادپەروەریی جیهانی دەکەن، بەڵام چالاکییەکانیان لە دەستپێشخەری تاکەکەسی دەرناچێت و هیچ کاریگەرییەکی سیاسی لێناکەوێتەوە.

میللەتانی سەردەست لە جێگایەکی نائاگاییاندا دەزانن تەواو ئازاد نین، لە کاتێکدا دەسەڵاتدارێتی ناوەند بەرپرسیاری یەکەمە لە ڕەتاندن و پاشخستنی زۆربەی میللەتەکانی تری جیهاندا، هەربۆیە هەمیشە سۆزێکیان بەرامبەر بە میللەتانی دەرەوەی جیهانەکەیان

هەیە و حەزدەکەن خێریان پێبکەن، هەڵبەتە بۆ خۆڕزگارکردن لە ئازاری ویژدان و خۆبەتاڵکردنەوە کە هەر ئەوەندەیان لەدەست دێت.
زۆربەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بەشێک لە بودجەی ساڵەنەیان تەرخان دەکەن بۆ یارمەتی وڵاتە "دواکەوتوەکان/ داگیرکراوەکان"، هەڵبەتە وەک بەشێک لە سیاسەتی سەرپێدانەواندن و بێدەنگکردن و وەخستنەگەڕی ئەو پارەیە کە سەد ئەوەندە بەرهەم دەهێنرێتەوە و دەگەڕێتەوە.
دەرکپێکردن و هەستپێکردنی بێدادی و نەبوونی ئازادی ئێمە، ڕاستەوخۆیە و ڕۆژانە لەسەر جەستە و دەرونمان ئەزمونی دەکەین، یاخود ڕاستر ناچار دەکرێین کە خۆمانی تیا ببینینەوە.
ڕۆژئاوا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو سەروەرێتی و دەسەڵاتەی ژێردەستی نابێت، وەک هەموو پێگەیەکی تری دەسەڵات بەرگری لێدەکات و چاوپیادەخشێنێتەوە و بەردەوامی پێدەدات، ئەگەر ئەوانەی کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو دەسەڵاتە بەرگرییەکی ئەوتۆ نەکەن کە سنورێک بۆ دەسەڵاتیان دابنێن، یاخود پاشەکشەیان پێبکەن.
ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ بەرەنگاری دەسەڵاتدارێتی جیهانی ببینەوە، لەکاتێکدا فەرمانڕەواکانی خۆمان وەلاوە نەنابێت و ئاگایی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگای نەبڕیبێت، بە شێوەیەک کە چیتر سەرشۆڕکردن و بەکەمتر سەیرکردن وەک میللەت و دەوڵەت، قبوڵ نەکرێت.
بەهاری عەرەبی دەبێت زۆربەی زۆری وڵاتانی دەرەوەی تەوەر بگرێتەوە، ئەوسا ئەگەر بتوانرێت پاڵەپەستۆیەکی بەرگریی بەرامبەر بە دەسەڵاتی ڕۆژئاوا دروستبکرێت کە پاشەکشە بکات و دان بە میللەتەکانی تری جیهاندا بنێت کە بەشدارن لە پێکهێنان و ڕەوتی مێژوودا و تەنها پاشکۆ و زبڵدانی وڵاتانی خۆرئاوا نین. ئەوسا دەتوانرێت بیر لە دادپەوەریی جیهانی و ئازادی ڕاستەقینە بکرێتەوە، نەک تەنها بۆ کۆمەڵێ میللەتی هەڵبژاردە، بەڵکو هەموان هەست بەو ئازادییە بکەن و لە بەروبوومی دادپەروەریی بێبەش نەبن.

## بوونی بینراو و بوونی نەبینراو
11.10.2011

بینراو لە نەبینراوەوە هاتووە، نەبینراو هەر هەبووە، چونکە هیچ شتێک لە هیچەوە دروستنابێت. هیچ بوونی نیە، ئەوەی کە هەیە بوونە. بوون سەرەتا و کۆتایی نیە، بوون بێسنورە. ئەوەی کە دەبینرێت لایەنی کەمی ئەو بوونەیە و سەرەتا و کۆتایی هەیە و سنوردارە، واتە تەمەنی هەیە.

کێشەی ئێمە لەگەڵ بووندا، بوونی بینراوە، ئەوەی پێی دەڵێین ژیان، زەوی، ئەستێرە، گەردوون. ئێمە لە کێشەی ئەم بوونە تێناگەین ئەگەر لە بوونی نەبینراو دایبماڵین، هەربۆیە زۆربەی کات هیچ کێشەیەکمان بۆ چارەسەر ناکرێت، چونکە دەمانەوێت لەو سەرەتایەوە، سەرەتای بوونی دیارەوە، دەستپێبکەین.

کێشەی ژیان لەسەر گۆی ئەم زەوییەوە، یاخود لەسەر هەر گۆی زەویەکی تر، لەوێوە دەستپێدەکات کە لەبوونی نەبینراو دادەبڕدرێت و هەوڵ دەدرێت هەموو وەڵامەکان لەو سنورەدا، سنوری ژیاندا، دەستەبەربکرێت.

بوون لە ژیانی بینراودا، زبرە، ڕەقە، دڕندەیە، ئەوەش وەک سەرەتا واپێویست دەکات، تا تێگەیشتن دەگاتە ئەو ئاستەی ئەم ژیانە دەبێتە دیاردەیەکی گوزەر لە بوونی نەبینراودا.

دەشێت ئەم ژیانە بینراوە لەبەر ڕوناکی بوونی نەبینراودا هێوربکرێتەوە و جارێکی تر دابڕێژرێتەوە، بەوەی ژیانی سەر گۆی زەوی گەشتێکی فێربوون و چێژوەرگرتنە، بەبێ ئەوەی کەس ئازاری کەس بدات.

وەک وتمان، وەک سەرەتا ئەم بوونە بینراوە، یاخود ئەم ژیانە، زبرو ڕەق و دڕندەیە. هەموو بونەوەرێک لە هەموو بونەوەرێک دەترسێت، هاوڕەگەزەکانی خۆی نەبێت، بەڵام لە مرۆڤدا پێچەوانە دەبێتەوە، مرۆڤ بە پلەی یەکەم لە مرۆڤی هاوڕەگەزی خۆی دەترسێت. مرۆڤ خۆی لە مرۆڤەکانی چواردەوری خۆی دەپارێزێت، مرۆڤ ئەگەر بزانێت مرۆڤەکەی بەرامبەری لە خۆی لاوازترە، پەلاماری دەدات، بەکاریدەهێنێت. مرۆڤ هێشتا دوژمنی خۆیەتی و ناتوانێت بە دۆست سەیری هاوڕەگەزەکەی خۆی بکات. بۆ ئەو مەبەستەش چەکی بەرهەم هێناوە، بۆ هێرش و بۆ بەرگری. زمان و میللەت و سنوری جیاکردۆتەوە، قەڵا و دەوڵەتی دروستکردوە، لەشکر و سوپای پێکەوەناوە.

لەو ڕۆژەوە هەتا ئەمرۆ مرۆڤ لە دوبەرەکایەتی یەکتر نەکەوتووە و تەواو نەبووە. هەتا ئێستا تێنەگەشتوە کە زبریی و ڕەقیی و دڕندەیی، پێداویستی مانەوەی ژیانی بینراوە لە قۆناغێکدا. مانەوە لەو قۆناغەدا، دەرخواردانی هەموو پێشکەوتنێکی ترە بۆ ئەو ململانێیەی

قۆناغەکەی بەسەرچوە و ڕێکردنەوەیە لەبەردەم هەموو هێزێکی دەرەکی تردا کە دڕندایەتی خۆی داسەپێنێت.

ئەم بەگژیەکداهەڵچونە بواری پەیوەستبونەوە بە ڕەگەوە لاواز دەکات و مرۆڤ دوردەخاتەوە لە سەرچاوە نەبینراوەکەی و دەیکاتە بونەوەرێکی بێ دایک و باوک. مەترسیەکەش هەر لەوێدایە، چونکە ئەوسا خۆی لێ دەبێت بە سەرداری ژیان و گەردوون و دەیەوێت داگیریبکات. هەڵبەتە بونەوەری تریش زۆر پێش مرۆڤی سەر ئەم زەویە، بەو هەڵەیەداچوون و چارەنوسیان لە ونبوون زیاتر نەبووە و نابێت، هەرچەندە بە گەشەیەکەی زۆر بەرزیش گەشتبن.

مرۆڤ وەک بونەوەرێک کە تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە دەیەوێت دەسەڵاتی بەسەر هەموو بوونێکی بینراودا بشکێت، دەیەوێت جێگەی بوونی نەبینراو بگرێتەوە، یاخود خۆی لێدەبێت بەو. کێشە گەورەکەی بوونیش هەر لەوێوە دەست پێدەکات، کاتێک مرۆڤ وەک بونەوەرێک، دەیەوێت لە جێگەی خودا دابنیشێت. خودا بەو تێگەشتنەی کە سەرچاوەی بوونی بینراوە.

## کورد بۆ ناتوانێت لە هەرێمی کوردستانی ئێراقدا ڕاپەڕێت؟
23.10.2011

**تەوەری یەکەم:**
**نەبوونی قەوارەیەکی نەتەوەیی/ نەبوونی سنورێکی دیاریکراوی نیشتیمان.**
پەرتبوونی کوردستان بە سەر چوار دەوڵەتی دراوسێدا، پەرتبوونی ئەو هێزو توانایەیە کە میللەتێک پێویستی پێیەتی بۆئەوەی هەست بە خۆی بکات. هەر پارچەیەک نە دەتوانێت خۆی بە میللەتێکی سەربەخۆ بداتە قەڵەم، نەدەشتوانێت بلکێتەوە بە پارچەکانی ترەوە. هەریەکەیان بەجیا نێچیرێکی بێدەسەڵات و گەمارۆدراوە، کە هێزی ئەوەی نیە هەستێتە سەرپێ.
هەست بە کەمایەتی کردن لەچاو میللەتی سەردەستدا حەقیقەتە و کورد لەو چوار دەوڵەتەدا بەڕێژەی میللەتانی دەسەڵاتدار، کەمایەتییە. دووەم ژێردەستەیە، بەوە فرسەتی دروستبوونی وشیاری بە نیشتیمان و کۆمەڵگا بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە. کورد خۆی لە چوارچێوە و سنوری دەوڵەت و دەسەڵاتبەدەستێکدا بینیوەتەوە کە هی خۆی نەبووە و هیچ ئیرادەیەکی ئەویشی تیا نەبووە لە نەخشە و سنوری ئەو وڵاتانەدا.
لە کاتێکدا دەزانین میللەتانی تری جیهان لە سەردەمی ژێردەستییاندا لەلایەن کۆلۆنیالیستە ئەوروپیەکانەوە، ژێردەستیی بوو بە هۆکار و بزوێنەری وشیاری و ڕزگاریی نیشتیمانی لێکەوتەوە، کەچی لەلای ئێمەی کورد بەپێچەوانەوە شکاوەتەوە، بەوەی کە ژێردەستیی ئێمە کپکردنی وشیاری لێهاتۆتە بەرهەم و نەتوانین و خەمساردی لێکەوتۆتەوە.
هۆکاری ئەوەی کە ژێردەستەیی ئێمە نەبۆتە وشیارییەکی کامڵ بۆ ڕزگاریی نیشیمان، ئەوەیە سنوری ئێراق و سوریا و تورکیا کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە چەسپێنراوە و سێ وڵاتی تازەی خولقاندووە کە ئێمە بەشێکی بچوکی هەریەکێک لەو دەوڵەتە تازانەیەن و لەچاو میللەتی سەردەستدا کەمینەین. ئەو بەشەش کە بەر ئێران کەوتووە و بەدرێژایی مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەی لەگەڵ میللەتەکانی تری ئێراندا بەسەربردووە، لەپڕێکدا، لە دوای هەمان جەنگەوە، دەبینێت پارچەیەکی بچوک و میللەتێکی بەڕێژە کەم بەرامبەر دەسەڵاتی فارس بەجێهێڵراوە.
ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت مێژووی بەکردەوەمان لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەستپێدەکات، واتە میللەتێکی تازەین و لە سنوری ئەو دەوڵەتانەدا، لەچاو میللەتی سەردەستدا کەمایەتیین. ئەوە حەقیقەتێکە کە دەبێت قبوڵی بکەین، بۆئەوەی خاڵی لاوازی ئێستامان بدۆزینەوە.

دەوڵەتی عوسمانی کورتکرایەوە و بوو بە دەوڵەتی ئەو تورکیایەی ئەمڕۆ سنورەکانی دەبینین، عەرەب پارچەپارچەکراو ئێراق و سوریا و.... وڵاتانی تری لێدروستکرا. ئێران سنورەکانی ئەمڕۆی چەسپێنرا و وەک دەوڵەتێکی بەهێز لەناوچەکەدا مایەوە و دەسەڵاتیش هەر لەلای فارسەکان چەقیبەست. واتە میللەتەکانی دراوسێمان لە جێگەی خۆیاندا مانەوە و بوون بە دەوڵەت، بەپێچەوانەوە ئێمە گوێزراینەوە ناو چوار سنورەوە و لە سفرەوە دەستمان پێکردۆتەوە. هەربۆیە دەڵێین ئێمە میللەتێکی تازەین و لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە وەک چوار کەمایەتی چوار دەوڵەت هاتوینەتە ئاراوە.

ئەوە خاڵی لاوازی یەکەمی کوردە کە ناتوانێت وەک میللەتێک هێزوتوانای خۆی بدۆزێتەوە و نیشتیمانەکەی دەستنیشان بکات.

ئەو بارودۆخەی میللەتی کورد خۆی تیابینیوەتەوە، گەلێک کێشەی بەدوای خۆیداهێناوە، وەک کەمایەتیەک لە ژێردەستی میللەتێکدا کە لە جێگەی خۆیدا دانیشتوە و کوردیش وەک نامۆیەک کە نە میوانە و نە هاووڵاتیی، نە خاوەنی نیشتیمانە، نە خاوەنی دەسەڵات، دوابەدواش نە خاوەنی کەلتورە نە مێژوو.

کورد لە مێژووە تازەکەیدا هەر خەریکی زیندوکردنەوەی مێژوو بووە. بەو واتایەی هەر خەریکی پارێزگاریکردنی زمان و کەلتور و ڕیشە دۆزینەوە و دامەزراندنەوەی خۆی بوە.

تەوەری دووەم:

دوو میرنشینیی

بارودۆخی کوردستانی ئێراق، بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی 1991یەوە، تایبەتی خۆی هەیە، بەوەی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووە تازەکەیدا دەستی گەشتووە بە شێوەیەک لە دەسەڵاتدارێتی، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتدارێتی ناوەندییەوە حوکم ناکرێت.

لەم هەرێمەدا کە بە هەموو شێوەیەک سەر بە دەوڵەتی ئێراقە، هێشتا سنورێک نیە کە نیشتیمانی کوردان دەستنیشانبکات.

ئایا سنوری پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆک، سنوری هەرێمە، یاخود هەموو ئەو ناوچانەش دەگرێتەوە کە لە ماوەی سنورکێشانی ئێراقەوە تا ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس، وردە وردە لەو هەرێمە دابڕاون؟

ئەمڕۆ بە کردەوە دەسەڵاتی بەناو کوردی تەنها سێ پارێزگاکەیان لەژێر ڕکێفدایە، ئەوەی دابەشی دوو میرنشین کراوە، میرنشینی بەرزانی و تاڵەبانی. ئەوەی بۆتە هۆکاری دووەم لە دروستنەبوونی وشیاری نەتەوایەتی و هەست بە کەمکردن و مانەوە لە قەوارەی کەمایەتیدا.

کورد ئەوەندەی لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی ڕابوردوودا دوودڵ بوە بەرامبەر بە سنوری نیشتیمانەکەی، هەرگیز ئەوەندە لە سنوری هەرێمی کوردستانی ئێراق، دوودڵ نەبووە.

سەردەمی ژێردەستەیی، کورد لە پێناوی کوردستاندا خەباتی دەکرد، واتە هەموو ئەو ناوچانەی لە دێرزەمانەوە کوردنشین بوون و کوردی تیاژیاون. سنوری خەیاڵی کورد لە حەمرین و خانەقینەوە دەستیپێدەکرد و لە سنجار کۆتایی پێدەهات، کەچی لە ئەرزی واقیعدا لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک دەرنەچوو.

واقیع هەر بەوەوە نەوەستا بەڵکو لەو سێ پارێزگایە دوو میرنشینی سەردەمی سۆران و بادینانی زیندوو کردەوە و کورد بووەوە بە خاوەنی. واتە گەڕاینەوە بۆ سەردەمی عوسمانی، بەڵام لە سەردەمی نوێدا. سەردەمی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و شۆڕشی گەلانی ئازادیخواز، بۆ ئێمە بوەوە بە زیندانی دەرەبەگاتی و پیادەکردنەوەی ئاغا و نوکەر.

لە دوای ڕاپەڕینەوە، قۆناغێکی نوێ بەسەر مێژووە تازەکەی کوردا هاتوە، ئەویش پەرتبوونە. ئەم پەرتبوونەی پارتی و یەکێتی خستویانەتەوە، هەموو هەوڵەکانی پێشووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی هەڵوەشاندۆتەوە و گەڕاندویەتیەوە بۆ خاڵی سفر. ئەوەی نائومێدییەکی تری لە دڵی خەڵکدا سەوزکردوە بەوەی کە هەنگاوێکی تر لە ڕزگاربوون دوورکەوتونەتەوە.

تەوەری سێیەم:

زۆری هێزی چەکدار

دوو بنەماڵە، دەرەبەگە، فەرمانبەدەستەکەی، دوو پەرتەکەی سێ پارێزگاکە، یاخود دوو میرنشینەکە، لەچاو ڕەعیەتی ژێر فەرمانڕەوایاندا و لە ترسی یەکتری، دوو لەشکری ئامادەی جەنگیان دامەزراندوە کە کورد بە درێژایی مێژوو ئەوەندە هێزی چەکداری نەبووە.

هەرێمی کوردستانی ئێراق لە ئەرزی واقیعدا لە سێ پارێزگا پێکهاتوە. پارێزگای دهۆک بە حوکمی ئەوەی دانیشتوانەکەی کوردی بادینین، هەر لە سەردەمی مەلا مستەفاوە پارتی بە موڵکی خۆی زانیوە و بنکەو بنەمای ناوچەی بادینان بوە، بە ئاستەم یەکێتی توانیویەتی لەو ناوچەیە نزیک بێتەوە. لەبەرامبەردا، یەکێتی لە پارێزگای سلێمانیدا کە دانیشتوانەکەی کوردی سۆرانین، بنکە و پەنای تیاداکوتیوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە پارێزگای هەولێرە کە ئەو دوو هێزی چەکدارە ماوەی چەند ساڵێک خوێنیان لەسەر ڕشت و دوایش بەیاریدەی هێزی سەربازی ڕژێمی پێشوی ئێراق، بەلای پارتیدا شکایەوە و لەو کاتەوە لە ژێر ڕکێفی ئەودایە.

سلێمانی و هەولێر ئەو دوو پارێزگایەن کە چەقی قورساییەکان دەکەوێتە سەریان و زۆرترین گۆڕانکاریش بەر سلێمانی کەوتووە. دهۆک کاریگەری ئەوتۆی نیە لە سەر ڕێڕەوی ڕوداوەکان و زیاتر لە جێگەی خۆی چەقیوە و ئاڵوگۆڕی قورسە، بە حوکمی پێکهاتە هۆزایەتیەکەی. پارتی و یەکێتیش ئەم ڕاستیانە دەزانن، هەربۆیە هەموو چڕبونەوەکانیان لەو دوو پارێزگایەدا کۆدەبێتەوە.

واتە بە فیعلی هەرێمی کوردستانی ئێراق لە دوو پارێزگا پێکهاتوە کە گرنگی سیاسی هەیە و ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا، واتە لەدوو گۆڕەپانی سیاسی زیاتر نیە کە بزوتنەوە و چالاکی سیاسی و ڕاپەڕینی تیاڕوبدات. بە واتایەکی تر بەرتەسکی بواری جموجۆڵی جەماوەری و چڕبونەوەی لە نێوانی دوو شاردا. دوو شارەکەش دابەشی دوو هێزی چەکدار کراوە کە یەکێکیان سەر بە پارتیە ئەوی تریش سەر بە یەکێتی. بەمەش مەودای جموجۆڵ کەڕەتێکی تر تەسک دەبێتەوە بەوەی سلێمانی لەبەرامبەر یەکیتیدا وەستاوە و هەولێر لەبەرامبەر پارتیدا.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی بەردەوامنەبوونی ڕاپەڕینی هەڤدەی شوباتی 2011 ئەو دابەشبوونەی جەماوەری هەرێمە لە ڕوبەرێکی بچوکدا لەگەڵ ئەو هەموو هێزە چەکدارەی هەر یەکێک لەو دوو لایەنە پێکەوەیان ناوە.

هێزە چەکدارەکانی ئەو دوو لایەنە هیچ ڕەهەندێکی نیشتیمانیان نیە و لە سیفەتی پێشمەرگایەتی داماڵڕاون. دوو هێزی ئاسایش، دوو هێزی موخابەراتی، دوو هێزی سەربازی، دوو هێزی دژە تیرۆر، دوو هێزی پۆلیس.... و هتد. جگە لە چەندین یەکەی سەربازی تایبەتی و شخسی و نهێنی، هەموو ئەوانە لە پارێزگاریکردنی دوو سەرەک خێڵەکەدان. واتە خاوەنی بیرکردنەوەی تایبەتی نین و لەسەرەوە داڕێژراون کە دەبێت ئەرکەکانیان چی بێت.

ئاسۆی بیرکردنەوەی ئەو دوو هێزە چەکدارە، بەستراوەتەوە بە ئاسۆی بیرکردنەوەی خاوەنەکانیانەوە، کە ئەوانیش لە ترسی یەکتری و پارێزگاریکردنی خۆیان وەک دەسەڵاتبەدەست، ناتوانن نە نەتەوەیی بیربکەنەوە نە نیشتیمانی. ئەوەی دەیانەوێت هێشتنەوەی ئەو دەسەڵاتەیە کە کەوتۆتە ژێردەستیان.

بەمە ئێمە لە وڵاتانی تری دونیا جیادەبینەوە بەوەی کە یەکەم، خاوەنی یەک هێزی سەربازیی نین، دووەم ئەو هێزانە نیشتیمانی نین، بەڵکو دوو خاوەنی هەیە کە هەریەکەیان لەو دوو ڕوبەرە جوگرافیایەکەی لەژێر ڕکێفیاندایە، پارێزگاری لە خاوەنەکانیان دەکەن. واتە ئومێدی ئەوەی کە ئەم هێزانە ببن بە یەک هێزی نیشتیمانی کە پارێزگاری لە گەل و نیشتیمان بکەن، زۆر لاوازە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتەوە بەو خاڵەی کە جەماوەر نەتوانێت هیچ ئومێدێک بە هێزی چەکدار ببەستێت وەک پارێزەری.

تەوەری چوارەم:

بەتاڵکردنەوەی جەماوەر بە ئۆپۆزسیۆن

لە ماوەی بیست ساڵدا، دوو دەسەڵاتبەدەستەکەی سێ پارێزگاکە نەیانتوانی ئەو دوو میرنشینە بکەنەوە بەیەک . نەیانتوانی ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان بخەنە سەر

میرنشینەکانیان. نەیانتوانی بۆ میرنشینەکانیان ژیانێکی مسۆگەر دابین بکەن. نەیانتوانی ئازادی بە ڕەعیەتەکانیان ڕەوا ببینن.

نائومێدی لە هەموو ئاستێک دەرچوو، بێدادی خەڵکی هەراسان کرد و میران هەر تێریان نەخوارد.

لەو نێوانەدا دەنگی ناڕازایی بەرزبوەوە، زۆرتر لەوەی بە یەک دوو قامچی بێدەنگ بکرێت. بەرهەڵستکارێک هەڵتۆقا، وتی ئێوە دەنگ مەکەن من حەقتان دەسێنم. بەو پێیە "ئۆپۆزسیۆن" لەدایکبوو، جەماوەری بۆ ماوەیەک هێورکردەوە و نائومێدییەکی تری خستە سەر کەڵەکەی نائومێدییەکانی تر.

هەڵبەتە خۆیان ناویان لە خۆیان ناوە ئۆپۆزسیۆن و لە دوای دروستبوونی گۆڕانەوە ئەو ناوە بڵاوبوەوە. ئیسلامیەکان هەمیشە توانراوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و دەستیدەستیان پێبکرێت و لەژێر چاودێریدا بهێڵرێنەوە. لەگەڵ پەیدابونی گۆڕاندا ئەوانیش گوڕێکیان تێکەوتەوە و پێکەوە بەرەی ئۆپۆزسیۆنیان داتاشی.

گۆڕان لە نێوانی دوو دەسەڵاتبەدەستەکەی سێ پارێزگاکەدا، لەگەڵ داواکاریی کەمایەتی میللەتێکی دابەشکراودا، لە نیشتیمانێکی بێسنوری نیوە داگیرکراودا، نەیتوانیوە هاوسەنگی هاوکێشەکان ڕابگرێت. لەبەرئەوەی ئەرکەکە قورسە و ئەوانیش وەک باڵێکی جیابوەوەی یەکێتی، دەبوایە و دەبێت لە نێوانی پارتی و یەکێتی و جەماوەردا پێگەیەک دروستبکەن و بتوانن بمێننەوە و کاریگەریشیان هەبێت، ئەوا زۆربەی سیاسەتەکانیان کە دەبێت ئەو هەمووە وردەکارییەی بۆ بکەن، کورتدێنێت. ئەوان ناتوانن هاوسەنگی نێوانی دولایەنە دەسەڵاتدارەکە ڕابگرن و جەماوەریش زویر نەکەن. بە پێچەوانەشەوە ئەوان نەیانتوانی ببن بە "ئۆپۆزسیۆن" و جەماوەر هەڵبژێرن و بەیەکجار پشت لە دوو دەسەڵاتبەدەستەکە بکەن. بەوەش ئاسۆی بیرکردنەوەی بزوتنەوەی گۆڕان نەیتوانی بەرفراوان بێت و نیشتیمان و میللەت لەسەرو هەموو سیاسەتێکەوە دابنێت و بە مانای وشە ببێتە بەرهەڵستکاری سیاسەتە چەواشەکانی دوو بنەماڵە خاوەن میرنشینەکە.

تەوەری پێنجەم:

نەبوونی، یاخود دروستنەبوونی ئیمانی سەرکەوتن/ گەلاڵەنەبوونی وشیاریی

ئەگەر ئەو چوار فاکتەرەی پێشوو کۆبکەینەوە، بەو دەرئەنجامە دەگەین کە میللەتی کورد لە کوردستانی ئێراقدا گەشتۆتە ئەوپەڕی نائومێدی، لەوەی کە تروسکایی ڕزگاربوونی لێوە نزیک بێت.

کورد چوارچێوەی دەوڵەتێکی نیە تیا بجەنگێت. سنوری نیشتیمانەکەی دیاری نەکراوە کە تیا بجوڵێتەوە. تاکە فەرمانڕەوایەک نیە کە سیستەمێکی هەبێت و میللەت بچەوسێنێتەوە. کوردستان نەخشەیەک نیە لە جیهاندا کورد بتوانێت پاڵپشتی بۆ پەیدابکات.
ئێمە لە دەوڵەتی میسر ناچین کە خاوەنی هێزی چەکداری نیشتیمانییە. لە لیبیا ناچین کە خاوەنی چوارچێوەی دەوڵەتێک و سنورێکی دیاریکراو و دیکتاتۆرێکی بەدناو بوو. بارودۆخی ئێمە لە یەمەن و سوریاش ناچێت کە ڕاستەوخۆ جەماوەر ڕوبەڕوی گوللەی هێزی چەکداری دەسەڵات ببێتەوە. هەوو ئەو دەوڵەتانە خاوەنی ڕوبەرێکی گەورەی جوگرافیایین و لیبیای لێدەرچێت، خاوەنی چڕی دانیشتوانێکی زۆرن، کە دوو هۆکاری یاریدەدەری ڕاپەڕینی ئەم جارەیان بوو کە ئێمە نیمانە. ئێمە کەمێک لە بەحرەیەن دەچین بەوەی وەک دانیشتوان کەم و وەک ڕوبەری جوگرافیایی بەرتەسک و وەک ناوچە، پشتگوێخراو، بەڵام لەجیاتی میرنشینێک، ئێمە دوو میرنشینیشمان هەیە کە ئەوەندەی تر بارودۆخەکەی ئاڵوز کردوە.
ئەوانە بە گشتی ئەو هۆکارانەن کە لە ئێستادا بونەتە ڕێگر لەبەردەم خۆپیشاندانی بەرفراوانی جەماوەریدا لە هەرێمی کوردستان و هەمان هۆکاریش بوون کە ڕاپەڕینی شوباتی 2011ەش نەیتوانی بەردەوام بێت.
لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخانەشدا، هێشتا ئێمە تایبەتمەندێتی خۆمان هەیە. ئەوەی کە هاتۆتە ئاراوە ئەوەیە کە نائومێدییەکی بەرفراوان یەخەی بە دەرونی زۆربەمان گرتوە. کەس بە کەس نیە و هەرکەسەش دەیەوێت بەلای خۆیدا ڕایبکیشێت.
تایبەتمەندێتی ئێمە ئەوەیە کە:
بەشێکی میللەتێکی گەورەین و لە ڕەگوڕیشەی خۆمان هەڵکەنراوین و لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە خۆمانی تیادەبینینەوە، کەمینەین. واتە سیفەتی میللەتی تەوامان پێنیە. سنوری نیشتیمانمان هەتا ئەمڕۆ لە هیچ بەشێکدا نەچەسپاوە. واتە خاوەنی سەرزەمینێکی دیاریکراو نین لەسەر گۆی ئەم زەوییە. هیچ دامودەزگایەکی دەوڵەتیی کە ڕەوایەتی سەربەخۆیی و یاسایی هەبێت، بوونی نیە، واتە خاوەنی کۆمەڵگایەک نین کە لە شارستانیەتەوە نزیک بوبێتەوە.
لە هەرێمی کوردستانی ئێراقدا ئێمە دەوڵەتێک نین کە ناوی دەوڵەتی کوردستان بێت و لە سەر نەخشەی نێودەوڵەتیدا دانمانپیانرابێت. بەڵکو ئێمە بەشێکین لە ئێراق و تەنها ڕەگەزەکەمان جیاوازاە. ئەوانە چەندە خاڵی لاوازین، دە ئەوەندەش خاڵی پێداویستی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکە کە شایەنی مرۆڤێکی هاوچەرخ بێت. ئەوانە تایبەتمەندێتی میللەتی کوردی بەشبەش کراوە کە بیسەلمێنێت کە میللەتێک پێک دەهێنێت، کە نیشتیمانێکی هەیە ناوی کوردستانە، کە سنورێک هەیە لە میللەتان و دەوڵەتانی تری ناوچەکەی جیایدەکاتەوە.

له هەرێمی کوردستانی ئێراقدا، ئەرکەکان بەوە خۆی جیادەکاتەوە کە سنوری نیشتیمانێک دیاریبکرێت و کۆمەڵگایەک و سیستەمێک دابمەزرێت کە هەمووومان وەک یەک بگرێتەوە، لە هەمان کاتدا زەمانەتی پارێزگاریکردنی ئەو بەشەی کوردستان لە دەستور و یاسای ئێراق و کوردستاندا بچەسپێنرێت کە ئەوە مافی کوردە و دەتوانێت سەربەخۆیی خۆی وەک دەوڵەتێک ڕابگەیەنێت، چ لە چوارچێوەی ئێراقدا، وەک کۆنفیدرالیزم، چ وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

ئەو بارودۆخە دەرئەنجامێکی سروشتی کۆمەڵگایەکی ژێردەستەیە کە دەیەها ساڵ لەژێر باری دواکەوتووییدا ماوەتەوە و ئاستی وشیاری سنوری ئەقڵی نەبڕیوە. ئەوەی ئەمڕۆ هەیە داڕزانێکی ئاشکرای ئاکار و هەموو خووڕەوشتێکی کوردەواری و مرۆڤایەتییە. کۆمەڵگایەک بەرهەمهاتووە کە بەربەرەڵایە و بە مانای وشە سنور بۆ هیچ هەڵسوکەوتێک دیارینەکراوە، بەڵام هەڵبەتە بە بارە خراپ و ناشیرینەکاندا.

لەگەڵ فرۆشی نەوتدا، چینێک دەوڵەمەندی لەگەڵ خۆیدا هێناوە کە لە دەوری دوو جەمسەری دەسەڵاتەکە کۆبونەتەوە و هیچ ئاڕاستەیەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی و تەنانەت مرۆڤانەشیان نیە لە گیرفانی تایبەتی خۆیان زیاتر. ئەوانە مشەخۆرێکن لە کۆمەڵگایەکی بەربەرەڵادا و لە وڵاتێکی بەربەرەڵای وەک ئێراقدا و لە جیهانێکی بەربەرەڵای سەرمایەدار و بەرژەوەندپەرستی وەک ئەمڕۆدا کە کەس ئاوڕ لە کەس ناداتەوە، ئەگەر بەرژەوەندیەکی تایبەتی تیا نەبێت.

نەوەیەک دەبێت دەستپێشخەری بکات و سەرلەبەری کۆمەڵگا ڕاماڵێت و لە سفرەوە دەستپێبکاتەوە. هیچ جێگایەک نیە کە دەستیلێوەپێبکرێت و دەبێت هەمووی بگۆڕدرێت، دەبێت ئیمانێک و گوڕ و باوەڕێکی نوێ بێتە ئاراوە و بتوانێت بیرکردنەوە بکاتە ئامرازێک کە ئەقڵ بەکاربێنێت، ئەوەی ئەمڕۆ ونە و لە هیچ بستێکی ئەم خاکەدا جێگەی نابێتەوە.

**ڕاپەڕین لە نێوانی بەرگری دەسەڵات و بەرگری جەماوەردا**
26.10.2011

ڕاپەڕینی میسر نمونەیی بوو، نە لە یەمەن توانرا دوبارە بکرێتەوە، نە لە لیبیا و سوریا. ئێمەی کوردیش لە هەرێمی کوردستان، نە لە دوور، نە لە نزیک نەمانتوانی وانەیەکی لێوە فێربین. دەسەڵاتدارانی تونس و میسر، یاخود ڕاستر بن عەلی و حوسنی موبارەک، لەوە تێگەشتن کە گەل وشیاربۆتەوە و چیتر ناتوانن وەک پێشو فەرمانڕەوایەتی بکەن و لەخشتەیان بەرن. بەرگری دەسەڵات لە نزمترین ئاستدا خۆی نواند و ئەوەندە نەبوو کە جەماوەر لەبەرامبەریدا بەرگری بکات، لە خۆپیشاندانی بەردەوام و ڕژانە سەر شەقامەکان و پێداگرتن لەسەر داواکاریەکانیان زیاتر.

قەزافی کە گەلی لیبیای لەسەر شەقامەکان بینی داوای ڕوخاندنی دەکەن، وەک ئەوە وابوو کە لە خەودا ڕاچڵەکیبێت. ئەوەی ئەو هیچ حسابێکی بۆ نەکردبوو ئەوەبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان جەماوەرێک بڕژێتە سەر شەقام و ئەوەندە بوێریان تیابێت داوای ڕوخاندنی بکەن. قەزافی سیستەمەکەی واداڕشتبوو کە هەتا هەتایە خۆی و بنەماڵەکەی لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. نەهێشتنی هیچ بەرهەڵستکارێک، نەبوونی هیچ حیزبێک، نەبوونی هیچ ئازادییەکی تاکەکەسی. بە کورتییەکەی قەزافی توشی شۆک بوو، هەروەک بەشێک لە جیهان کە ڕاپەڕین لە لیبیادا پێش جەزائیر و مەغریب و سوریا کەوت.

هەربۆیە بەهەڵەداوان کەوتە کوشتن و بڕین و سوتاندن و ئەشکەنجەدانی هەموو ئەوانەی لەڕێگەی قەزافی لایاندابوو. بەرگری قەزافی لە خۆی و بنەماڵە و دەسەڵاتەکەیان دیسانەوە نمونەییە و کەم وێنەیە لە جیهاندا کە هێزە چەکدارەکانی هەتا ئەمڕۆش پاش کوشتنی هەر بەرگری لێدەکەن. لەبەرامبەردا هەر لەسەرەتاوە لە پاش مانگێک کوشتن و بڕین، وردە وردە بەرگری چەکداری پەیدابوو، جگە لە پاڵپشتی ناتۆ.

گەلی لیبیاش حەزی دەکرد قەزافی و دەستوپێوەندەکەی وەکو میسر و تونس، تێبگەشتنایە و پەنایان بۆ هێزی چەک نەبردایە و ئەوانیش ناچار نەبونایە چەک هەڵبگرن. یەمەن بەهەمان شێوە، سوریاش بەهەمان شێوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە لەگەڵ بەرزبونەوەی توندوتیژی دەسەڵاتدا، جەماوەر ناچاربووە بەرگری لەخۆی بکات و پەنا بۆ چەک ببات، بەرامبەر بەو چەکەی لەدژی بەکار دەهێنرێت.

لێرەوە دەگەڕینەوە بۆ ڕاپەڕینی هەڤدەی شوباتی هەرێمی کوردستان و ئەو دروشمە بێناواخنەی "بە ئاشتی بە ئاشتی". هێشتا دەسەڵات پەلاماری خۆپیشاندانی نەدابوو، خۆپیشاندەران خەڵکیان هاندەدا کە پەلامار نەدەن و بە ئاشتی خۆپیشاندان بکەن. پاش دوو

مانگ لە خۆپیشاندان و سنورداربوونی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا و سنورداربوونی لە چەند مەیدانێکی شار و شارۆچکەکاندا، هێزە چەکدارەکانی یەکێتی کش ماتی لێکردن و ڕەوانەی ماڵەوەی کردنەوە.
وتنەوەی دروشمی بەئاشتی بە ئاشتی، لە پێش ئەوەی هێزی چەکدار پالامار بدات، تەسلیمکردنی جەماوەر بوو بە دەسەڵات، بەوەی کە جەماوەر هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر بە زەبری دەسەڵات نابێت، ئەگەر پەلاماریش بدات.
ئەگەر ئەو ساتە مێژووییە بوەستێنین و تەماشای بکەین دەبینین بڕیاری پێشوەختی هەندێک بۆ ئاڕاستەکردنی جەماوەر بەوەی کە بە ئاشتی بجولێتەوە لەپێش ئەوەی دەسەڵات پەلاماربدات، لاسایی کردنەوەی ساتێکی مێژوویی شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلی میسر بوو کە ئەوان لە کاتوجێگەی خۆیدا ئەو بڕیارەیاندابوو کە دەیانزانی سوپا پاڵپشتیان دەکات و حوسنی مبارەکیش ئەو تێگەشتنەی پەیداکردوە کە ناتوانێت چیتر بەو شێوازە بەردەوامی بە فەرمانڕەوایەتی وڵات بدات.
بڕیاری پێشوەختی بە ئاشتی بەئاشتی ئەو دەرفەتەی دا بەدەستەوە کە دەسەڵات دەتوانێت هەموو شێوازێک بەکاربهێنێت بۆ پەرشوبڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەوە دەستنیشانکردنی ڕێڕەوی ڕاپەڕینێکە کە نازانرێت بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات تا کاردانەوەکانی بەپێی قۆناغەکان دەستنیشانبکرێت، وەک ئەوەی لە لیبیا ڕویدا و وەک ئەوەی لە سوریا ئێستا ڕودەدات. واتە گەلی لیبیا و سوریاش حەزیان دەکرد بەئاشتی بتوانرایە قەزافی و ئەسەد واز لە دەسەڵات بێنن و ڕێگە بۆ ئازادی بکرێتەوە و خەڵکی بە ئاواتی ژیانیان بگەن، بەڵام ئاڕستەی ڕوبەڕوبونەوەی دەسەڵات، جەماوەری ناچار کردوە کە لەبەرامبەریدا بەرگریبکات و دەست بۆ چەک بەرێت، نەک خۆزگە و ئارەزوی ئاشتی.
دەبێت پێ لەوە بنێین کە ئێمە میللەتێکی دواکەوتووین، نە ئەزموونی مێژوویمان هەیە، نە وشیارییەکی شارستانی. بە ئیحساسێک هەڵدەچین و بە ئیحساسێک دادەچین.
ئێمە فێری شۆڕشین و ناتوانین لاسایی ڕاپەڕینی تونس و میسر بکەینەوە. ڕاپەڕینی ئێمە واتە شۆڕشکردن و پەلاماردان و پاککردنەوەی دامودەزگای حیزبی و بەدیلگرتنی هێزە چەکدارەکانی.
ئێمە خاوەنی ئەزموونی ڕاپەڕینی 1991یەکین. کە جەماوەر پڕبوو، هەڵمەت دەبات و کەسیش ڕێگەوشوێنی بۆ دیاریناکات چۆنچۆنی ئاڕاستەی بکات. ئەوسا ئەگەر بارەگاکانی پارتی و یەکێتی داگیرکرا، ئەوا چەکدارەکانی تەسلیم بە جەماوەردەبنەوە و ئێمەش ئەوسا وەک وڵاتانی تازە هەڵچوو، سیستەمێکی ئازادیخواز هەڵدەبژێرین کە لەگەڵ ئاوات و خواستی گەلی کوردا یەکبگرێتەوە.

## کۆمەڵگای دیموکراتی، بەبێ ئازادی چەوساندنەوە
30.10.2011

ئێمە نە دەتوانین لاسایی دیموکراتیەتی ئەوروپی بکەینەوە، نە چیتر دەمانەوێت لە ژێر باری دیکتاتۆریەتی ڕۆژهەڵاتیدا ژیان بەسەربەرین. ئەوەی پێش هەموو شتێک بۆ کۆمەڵگاکانی ئێمەومانان پێویستە، ئازادیە، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی هەڵسوکەوتکردن، ئەو ئازادیانەش بەبێ بەها دەمێننەوە ئەگەر مافی مرۆڤ پایزراو نەبێت لە ڕێگەی هەموو دەزگا دەستوری و دامەزراوە دەوڵەتیەکانەوە. کاتێک ئەو بنەمایانە چەسپێنرا، ئەوسا دەبێت بیر لە سیستەمێکی فەرمانڕەوایەتی بکرێتەوە کە بەر بە دزی و خراپبەکارهێنانی دیموکراتی بگرێت، واتە ئەو کەلێنانەی کە بە ناوی ئازادی و دیموکراتیەتەوە بواری بۆ دەکرێتەوە.
بۆ نمونە دەبێت تەنها دەوڵەت خاوەنی بانک بێت، هەموو زەویوزاری نیشتیمان بکەوێتە ژێر دەستی دەوڵەتەوە، هەموو سامانە سروشتیەکان موڵکی دەوڵەت بن. بەرپرسیارێتی ئاسایش، تەندروستی، خوێندن، لەگەڵ هەموو خزمەتگوزارییەکانی تردا وەک ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و نیشتەجێبوون و...هتد، ببێت بە ئەرکی دەوڵەت. بەو پێیە ئەرک و بەرپرسیارییەتێکی گەورە دەکەوێتە سەر شانی حوکمەت کە دەبێت لە توانایدا بێت جێبەجێی بکات. بەوەش پێویستی بە یەکەیەکی بەرفراوانی کارگێڕی و کاردابەشکردنێکی گەورە هەیە و دەبێت سەرمایەیەکی گەورەی لەبەردەستدا بێت. دەوڵەت کە ببێتە خاوەنی سامانە سروشتیەکان و داهاتەکانی، دەتوانێت ئیشوکاری هاووڵاتیان بەڕێوەببات. کاتێک ئەمە ڕویدا، شانی هاووڵاتیان سوکدەبێت بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی تاکەکەسی خۆیان ڕێکبخەن، بەوەی تەنها لە ژیانی شەخسی خۆیان بەرپرسیاربن. ئەوسا دەوڵەت دەبێتە ئەو باوکەی کە هاوڵاتیان متمانەی پێدەبەخشن و پەیوەندی دەوڵەت و هاونیشتیمانی دەبێت بە پەیوەندییەکی زیندوو و لێکدانەبڕاو.
دیموکراتی باوی ئەمڕۆ بە مانای فەرمانڕەوایەتی گەل نایەتەوە، بەڵکو بە مانای فەرمانڕەوایەتی سەرمایە دەشکێتەوە. فەرمانڕەوایەتی سەرمایە هەموو ئازادییەک پێشێل دەکات و تەنها خۆی مەبەستە و لە پێناوی خۆیدا دەجەنگێت، واتە مرۆڤ تەنها داردەستە نەک ئامانج، بەو پێیە ئازادییەکان دەرخواردی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە دەدرێن و ئەوسا لە ئازادی دەردەچن و دەبن بە بەرەڵاییەکی ئاڕاستەکراو.
ئێمە، یاخود مرۆڤ بە گشتی ئازادییەکی دەوێت ئازاد بێت، واتە ئاڕاستەکراو نەبێت و لە پێناوی ئامانجێکی دیاریکراودا نەخرابێتەگەڕ، چونکە لە هەمان ساتدا کە ئاڕاستە دەکرێت،

**ئازادی مانای خۆی لەدەست دەدات و دەبێت بە کۆیلەیی، یاخود بە یەکێک لە حاڵەتەکانی چەوساندنەوە.**

**دیموکراتیەتی ئەمڕۆ، دیموکراتیەتی سەرمایەیە، کێ سەرمایەی گەورەتر بوو، مافی زیاترە و پشکی دەنگدانی زۆرترە، بەوپێیە بەرژەوەندییەکانی ئەو هەمیشە لەسەروی سەرەوەیە. ئەو دیموکراتیەتە لە بەرژەوەندی سەرمایەی سەرمایەدارێکەوە تا دەگاتە دەوڵەتێک، تا دەگاتە کیشوەرێک و تا دەگاتە خۆرئاوا بەرامبەر خۆرهەڵات و نیوەی سەروی گۆی زەوی بەرامبەر نیوەی خوارو، دەگرێتەوە.**

***ئازادی ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت خۆی لە قاڵبی هەموو بیرکردنەوەیەک ڕزگاربکات. وەک دین، ئایدۆلۆژیا، حیزب، نەتەوە...***

***هەتا سنوری بیرکردنەوە دەقبەستوەکان تێکبشکێنرێت، ترسی مرۆڤ زیاتر دەڕەوێتەوە و بەوپێیەش لە ئازادی نزیک دەبێتەوە.***

***بیرکردنەوەی مرۆڤ سنوری نیە، مرۆڤ بۆیە دەیەوێت لە قاڵبی بیروبۆچونێکدا خۆی ساغکاتەوە، چونکە لە ئازادی بیرکردنەوە دەترسێت.***

***بوون لە قاڵب نادرێت هەربۆیە تەنها لە ئازادیدا دەتوانێت هەبێت.***

**کە دەڵێین ئێمە ناتوانین لاسایی دیموکراتیەتی ڕۆژئاوایی بکەینەوە، چونکە دیموکراتیەتی ڕۆژئاوایی لەسەر ڕاووڕوتی وڵاتانی دواکەوتوو دامەزراوە. دیموکراتیەتی ڕۆژئاوایی لەسەر شان و ملی هەزارەها و هەزارەها ڕەنج بێوەری ئەو میللەتانەوە بەم ڕۆژە گەشتوە کە کەوتونەتە دەرەوەی ڕۆژئاواوە. ئێمە ناتوانین مۆدێلی دیموکراتیەتی ئەوروپی بەکاربێنین، چونکە ناتوانین لەسەر ڕەنجی میللەتێکی تر بنیاتی شارستانیەت بنێین. هەروەک چۆن دیموکراتیەتی ئیسرائیل لەسەر خوێنی فەلەستینیەکان دامەزراوە، بەهەمان شێوە دیموکراتیەتی ئەوروپی لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤەکانی وڵاتانی دەرەوەی ئەوروپا پایەگوزارکراوە. واتە ئەوەی بەناوی دیموکراتیەتەوە ناسراوە، دیموکراتیەت نیە، بەڵکو دەسەڵاتی سەرمایەیە کە لە جێگەی خۆیەوە پێویستی بە مافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین و هەڵسوکەوت هەیە. بەواتایەکی تر دیموکراتیەت واتە جیاکردنەوەی ئێمە و ئەوان و دەسەڵاتهێشتنەوە لەدەستی ڕۆژئاوادا. ئەو مودێلەی ئەوان، بۆ ئێمە لەسەرابێک زیاتر نیە. ئێمە هەرگیز ناتوانین سیستەمێکی وەک دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دامەزرێنین، چونکە بە کورتیەکەی هیچ دەوڵەت و میللەتێک نەماوە لە خوار ئێمەوە کە بتوانین ئێمەش لەسەر شانوملیان خۆمان پێبگەیەنین. لەلایەکی تریشەوە ڕۆژئاوا جێگەی شەریکی تازە ناکاتەوە.**

**ئەوەی کە ئومێدێک دەبەخشێت، وشیاری گەلان و شۆڕشی نوێیە وەک بەرپەرچدانەوەی چەوساندنەوە و خراپبەکارهێنانی دیموکراتیەت لە پێناوی کۆمەڵێک میللەتی هەڵبژاردەی ڕۆژئاوادا.**

ئەوان واز لە دەسەڵاتی خۆیان ناهێنن، ئەوە ئێمەین دەبێت سنورێک بۆ دەستدرێژیەکانیان دابنێین. میللەت بە میللەت، دەوڵەت بە دەوڵەت لەو ئیمپریالیزمە جیهانیە ببینەوە و پێداگری لەسەر مافی بوونمان وەک هاوولاتی پلە یەک بکەینەوە. واتە پاشەکشەی دەستی خۆرئاوا بە ویست و خواستی خۆی یەک بست ناجوڵێت، بەڵکو دەبێت ناچاربکرێت کە ئێمەش قبوڵبکرێن.

ئەوسا دیموکراتیەتی خۆرئاوا دەبێت بەناچاری بەخۆیدابچێتەوە و مەفهومێکی تر بۆ دیموکراتی و مافی مرۆڤ و ئازادی بدۆزێتەوە کە بە فیعلی هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بگرێتەوە. واتە کرانەوەی ڕۆژئاوا بەڕوی جیهاندا و بەوپێیەش مرۆڤایەتی یەکەم هەنگاو دەنێت بەرەو کۆمەڵگایەکی جیهانی کە ئازادی تاک و میللەت و دەوڵەتەکان یەکسان و بەرابەربن.

## کەلتوری شەڕ، یاخود شەڕئەنگیزیی مرۆڤ
31.10.2011

لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە کەلتوریی و مێژوویی و شارستانیەتەی مرۆڤدا، کە لە هەندێک لایەندا مرۆڤی ئەوەندە ناسککردۆتەوە کە وەک فریشتە بژی، کەچی هێشتا فکرەی شەڕ، ئازاردان، کوشتن، ئەشکەنجەدان و پاڵەپەستۆی دەرونی... هتد. لە بەرۆکی مرۆڤ و مرۆڤایەتی نەبۆتەوە.
زاڵبوونی فکرەی شەڕئەنگیزیی و جێبوونەوەی لە مرۆڤدا، ئەو مرۆڤەی بە نینۆکێک بریندار دەبێت و ئازار دەچێژێت و خوێنی لەبەردەڕوات، هاوکێشەیەکی زۆر ناکۆکە و کۆناکرێتەوە.
پرسیارەکە لێرەدایە، بۆچی فیکرەی شەڕانیبوون بوە بە بەشێک لە پێکهاتەی دەرونی مرۆڤ و هەڵسوکەوتی، لە کاتێکدا خودی مرۆڤ بونەوەرێکی ناسک و لاواز و هەستیارە و بە بچوکترین خوارڕۆشتن بریندار دەبێت، چ وەک لەش و چ وەک دەرون، و کاریگەریی نێگەتیڤی لەلا دروست دەکات؟
شەڕانیبوون سیفەتی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان نیە، بە پێچەوانەوە دەبینین لە مێژوودا هەتا کۆمەڵگا هەنگاوی بەرەو شارستانی نابێت و دەوڵەمەند بوو بێت، زیاتر پەلاماری "ئەوانی" تری داوە. ئەو ئاڕاستەیە هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە و ئەو کۆمەڵگایانەی بە بەرزترین ئاستی شارستانی گەشتوون، پێبەپێی شارستانیەتەکەیان مومارەسەی شەڕیان کردوە و پەلاماری یەکتریانداوە و پەلاماری جیهانی دەرەوەی شارستانیەتەکەشیان داوە.
ئەگەر شەڕانیبوون سیفەتێک بێت لە کامڵنەبوونی ئەقڵ، ئەوا دەبوایە لە جیهانی خۆرئاوادا ئەو دیاردەیە بنەبڕبوایە، کەچی بە پێچەوانەوە دەبینین ئەقڵانیەت لە شەڕانیبووندا تا دوا تنۆکی تەوزیفکراوە.
ئەگەر شەڕئەنگیزیی لە تێنەگەشتنی خودەوە بێت بۆ خودی خۆی و بۆ خوێندنەوەی بەرامبەر، ئەوا لە جیهانی خۆرئاوادا مرۆڤ بەو تێگەشتنە گەشتووە و کەچی سەرچاوەی سەرەکی شەڕ و پێکدادانەکانی جیهان لەوێوە سەرچاوە وەردەگرێت.
لەلایەکی ترەوە ئەگەر بە گشتی سەیری هەر میللەتێک بکەین (ڕەعیەت)، دەبینین زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی خەڵکانی سادە و لێبوردە و خێرخوازن، هەر لە جیهانی خۆرئاواوە بیگرە، هەتا دەگاتە میللەتە دواکەوتووەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا. واتە بە گشتی مرۆڤایەتی لەگەڵ سروشتی بوونی خۆیدا دەگونجێت وەک ئەوەی بونەوەرێکی سنوردار و لاواز و ناسکە و ئەگەر ڕێگەی پێبدرێت، بە سروشتیەکەی خۆی دەژی.
واتە لە حەقیقەتدا ئەوەی هەبووە و ئەوەی هەیە، هەمیشە کۆمەڵێک دەسەڵاتبەدەست هەبووە کە شەڕی بە ڕەعیەت کردوە لەسەر ڕەعیەتێکی تر. ئەو کۆمەڵە دەسەڵاتبەدەستەی بە

بەردەوامی خۆی نوێدەکاتە و پارێزگاری مانەوەی خۆی دەکات، هەمیشە سنورێکی نەبینراو لە نێوانی خۆیان و میللەتەدا دەهێڵنەوە، هەرچەندە ئەو دەستەیەش لە مرۆڤی ئەو میللەتەوە هاتوون.
یا ئەوەتا دەستێکی نەبینراو ئەو کۆمەڵە دەسەڵاتبەدەستە بە ئاڕاستەی شەڕ دەجولێنێت، یاخود ئەو کۆمەڵە سەر بە ڕەگەزی مرۆڤایەتی نین و تەنها قاوغەکانیان مرۆڤن، یاخود مرۆڤن و هۆش و دەرونیان، بە ئاگا و بێئاگا، لەلایەن بونەوەری شەڕئەنگیزی جیهانێکی ترەوە داگیرکراوە. چونکە هەرچۆنێک مرۆڤ بیریلێدەکاتەوە هەستدەکات دەستەی دەسەڵاتبەدەست بە میللەت و مرۆڤایەتیی نامۆیە، لە کاتێکدا سور دەزانین کە زۆربەی زۆری مرۆڤی سەرزەوی خەڵکانی سادە و ساکار و بەبەزەیین. ناکرێت ئەو هاوکێشەیە پارسەنگ بهێنرێتەوە بەوەی کە دەسەڵاتبەدەستان هەمیشە مرۆڤی چاوچنوک و دڕندەن و بە درێژایی مێژووش هەر ئەوانە دەسەڵاتبەدەستەوە دەگرن و هەتا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە و ئێمەی مرۆڤەکانی تری سەر گۆی ئەم زەویە هەمیشە نەزان و گێل و دەبەگ بووین.
لەسەر ئاستی تاکەکەس و ئاستی زۆربەی زۆری خەڵکی، ئەوە دەبینین کە شەڕ پێکهاتەیەکی بنەڕەتی کەسایەتی نیە و ڕۆژانە مومارەسە ناکرێت. واتە سروشتی مرۆڤایەتی وەک جەستە و دەرون زیاتر هەڵگری تۆوی خێرە وەک لە شەڕ، هەربۆیە گومانی ئەوە هەیە کە شەڕ فکرەیەکە داسەپێنراوە، وەک لەوەی زادەی فکری مرۆڤی سەرزەوی بێت.
لەلایەکی ترەوە کە سەیری هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی دەسەڵاتبەدەستانی جیهان دەکرێت، هەستدەکرێت کە ئازادی هەڵبژاردنیان لەدەستدا نیە، بەڵکو لێدەخوڕدرێن بە ئاڕاستەیەکدا کە لە بەرژەوەندی زۆربەی گەلانی جیهاندا نیە. واتە دەسەڵاتبەدەستەکان ئازاد نین و هەربۆیە ئازادی ڕەعیەتیش لەژێر دەستی دەسەڵاتبەدەستی کۆیلەدا پێشێلدەکرێت.
بەرهەرحاڵ ئەگەر فیکرەی شەڕ فکرەی دەستەیەکی بچوکی پشت پەردەشەوە بێت، ئەوا لەسیفەتی مرۆڤایەتی داماڵراون و ئەوانەی وەک نوێنەریشیان لە دەسەڵاتدا کاردەکەن، بەهەمان شێوە لە ڕۆڵی ئامێرێکی ئاڕاستەکراو دەرناچن، ئەوا لە ڕاستیدا لەسەر مرۆڤایەتی حسابیان بۆناکرێت و بەهەموو شێوەیەک دژی مەفهومی مرۆڤایەتین.

## پێداویستی شەڕ
05.11.2011

شەڕ هاوتا نیە بەرامبەر بە خێر. خێر هێز و دەسەڵاتی نیە و بە پێچەوانەوە شەڕ بەبێ هێز و دەسەڵات بوونی نیە. شەڕ دیاردەیە، ئامرازە، کاتیە و وەزیفەیەکی هەیە.
شەڕ بۆ دروستبووە؟ شەڕ بۆ هەیە؟ شەڕ بەو مانا نێگەتیڤ و تاریکەی کە وەک پێکهاتەیەکی مرۆڤی لێهاتوە، بەو مانایەی کەبۆتە دیوەکەی تری مرۆڤ. ئایا مرۆڤ لە دوو نیوەی شەڕ و خێر پێکهاتوە؟ واتە لایەکی ڕوناک و لایەکی تاریک، دیوێکی فریشتە و دیوێکی شەیتان و ئەو دوو لایەنە لە ململانێدان بۆ ئەوەی یەکێکیان زاڵ بێت؟ یاخود لایەنێکیان ڕەسەنە و لایەنەکەی تر پێداویستیە؟
گریمان ژیانی فیزیکی مرۆڤ لەسەر زەوی، بەبێ گرێوگۆڵی لایەنی خراپە بڕۆشتایە بەڕێوە، ئایا ژیانی مرۆڤایەتی دەگەشت بە کوێ؟ ئایا مرۆڤ لە هیچ تێدەگەشت؟ ئایا مرۆڤ دەیتوانی خۆی بناسێت و خۆی پێناسەبکات؟ یاخود وەکو گیانلەبەرێکی بێیادگە و بێ وشیاریی درێژەی بە بەردەوامی خۆی دەدا؟
من لەو بڕوایەدام لەگەڵ ژیان و بوونی فیزیکیدا، تاریکیی وەک پێداویستییەک لەدایک بووە. گەشەکردن ڕوینەئەدا ئەگەر پاڵەپەستۆی تاریکی نەبوایە. ڕوناکی/ خێر سنوری نیە و سەرچاوەیە، تاریکی/ شەڕ دیاردەیەکە بۆ دەستنیشانکردن و تێگەشتن لە ڕوناکی/ خێر، واتە پەیدابوونی وشیاریی بە خود. بەوپێیە لەگەڵ ئەوەی شەڕ پێداویستیە، لەهەمان کاتدا وەزیفەیەکی هەیە و تەنها دیاردەیەکی کاتییە. کێشەکە لەوێوە دەستپێدەکات کە وەک بوونێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت و خۆی لێدەبێت بە سەرچاوە و ڕەسەن. بونی فیزیکی یاخود بینراو بەتەنها بوونی نیە ئەگەر لە بوونی نەبینراوی بکەینەوە.
لەلایەکی ترەوە لەو ساتەوەی دەبینە خاوەنی بونێکی فیزیکی، لە تاریکیداین و کاروانەکە لەوێوە دەستپێدەکات. لەو سەرەتایەدا، ڕێژەی ڕوناکی نزیکە لە ئاستی سفرەوە، بەڵام هەتا تەمەن هەڵدەکشێت، ڕێژەی ڕوناکی بەرزدەبێتەوە و لایەنەکان لە تەمەنی لاوێتیدا بەرابەر دەبنەوە و ململانێکە لەوێوە دەستپێدەکات.
تەمەنی لاوێتی ئەو تەمەنەیە کە مرۆڤ دەیەوێت هەموو جیهان بگۆڕێت و سەرچاوەی خێر بتەقێنێتەوە. لەگەڵ هەر پێکدادانێکیدا لەگەڵ واقیع، هەنگاوێک ئەکشێتەوە ناو خۆی و هەڵوێستەیەک دەکات و دەبێتە هۆکاری بیرکردنەوە. بەوپێیە ماوەیەکی زۆر لە هەڵبەزودابەزدا دەبێت تا خۆی بەلایەنێکیاندا ساغدەکاتەوە، زۆرجار ئەو ململانێ و هەڵبەزودابەزە هەموو تەمەن دەخایێنێت، بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی بتوانێت خۆی بەلایەکدا بدات.

زۆربەی خەڵک خراپ نین، بەڵام لەژێر سێبەری تاریکیدا دەژین، واتە بارودۆخی ژیانیان قبوڵە و ڕازین بەوەی کە هەیانە. بە مانایەکی تر، هەلومەرجی ژیانی مادی/ فیزیکییان وەک حەقیقەتێک قبوڵ کردوە و مەودای بیرکردنەوەیان لەوە زیاتر تێناپەڕێت. ئەو چەقبەستنی زۆربەیەیە کە شەڕ، یاخود بوونی شەڕ دەکات بە زەرورەت، وەک ئامڕازێک کە وشیاری ئازاد بکات. واتە بوونی ئازار زەرورەیە بۆ ئەوەی ڕێز لە چێژ بگیردرێت و دوریەکانی بناسرێتەوە و پۆلین بکرێت.

ژیان ئیجبارییە و لە ژیانیشدا شەڕ زەرورەیە. لەگەڵ ئەو هەموو ئازارانەدا کەچی هێشتا مرۆڤایەتی لە زەرورەتی شەڕ نەگەشتوە و وەک سروشتێکی خۆی، یاخود وەک نیوەکەی تری خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بەوەش هەتا ئەمرۆ شەڕ/ تاریکی نەک هەر وەک هاوتایەکی خێر بوونی هەیە، بەڵکو وەک هێز و دەسەڵاتێکی زاڵ دەردەکەوێت. کێشەکەش لێرەوە دەستپێدەکات کاتێک بۆ ماوەیەکی مێژوویی ئەو بارودۆخە بەردەوام دەبێت، ئەوا لە جێگەی ئەوەی کە تەنها ئامڕازێک بێت بۆ وشیاری، دەبێت بە ئاڕاستەیەکی مێژوویی و مرۆڤایەتی بەرەو فەوتانی خۆی پاڵپێوە دەنێت.

**بەرەنگابونەوەی شەڕ**
07.11.2011

**لە جیهانی شەڕدا، ڕۆژی هەزاران شەڕ لەسەر دەسەڵات و پێگەی زیاتر و نفوزی زیاتر، ڕوودەدات، بەبێ ئەوەی هیچیان لە هیچیان باشتر بن. هەموو ئەو شەڕانەی لە جیهاندا ڕوودەدەن، لەسەر دەسەڵات و نفوزی زیاترە، یاخود بەرگرتنە لە دەسەڵاتێکی دەرەکی کە خۆی بە گەورەتر دەزانێت و ئەو مافە بە خۆی دەدات سەر بە دەسەڵاتێکی بچوکتر دانەوێنێت.**
**ئەی داخۆ شەڕی ڕزگاریخوازی گەلانی ژێردەستە چۆن لەو هاوکێشەیەدا جێگەی دەبێتەوە؟ یاخود پرسیارەکە بە دیوێکی تردا بکەین و بڵێین، ئەو میللەتانەی شەڕی ڕزگاریخوازیان کرد و سەرکەوتن، چ جۆرە دەسەڵاتێکیان پێکهێنا؟ ئایا لە حەقیقەتدا هیچ میللەتێک هەیە ڕزگاری بوبێت، بە میللەتانی وڵاتە ئیمپریالیستەکانیشەوە؟ بێگومان نەخێر، هیچ میللەتێک، بەڵام کە کۆمەڵێک میللەت لە کۆمەڵێکی تر باشتر دەژین، مانای ئەوە نیە لە ڕوناکیدا، یاخود لە "خێر"دا دەژین، بەڵکو ئەوانیش لە هەمان تاریکیدا ژیان بەسەردەبەن، بگرە لە زۆر حاڵەتدا، زۆر تاریکترە، چونکە بە وشیارییەوە لەو تاریکیەدان، یاخود بە وشیاری هەڵیانبژاردوە.**
**لێرەوە دەبێت بە ناچاری بگەڕێینەوە بۆ ئەو دابەشبوونە جیهانییەی ئەمڕۆ، کە بەشێکی بچوکی دانیشتوانی جیهان لەژێر سایەی فەرمانڕەوایەتیەکی چەقبەستوی سەرمایەداری خۆرئاوادا، سێ بەشەکەی تری جیهانی لە هەژاریدا هێشتۆتەوە، بەبێ ئەوەی دەرفەتی "دەوڵەمەند"بوونیان لە ئاسۆوە دیار بێت، خۆرئاوا نەک بە مەفهومە جوگرافیاییەکەی، بەڵکو بە مەفهومە مەجازییەکەی کە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی جیهان دەگرێتەوە.**
**دەسەڵاتی هەرەمی، لەسەرەوە بۆ خوارەوە و ئەوەی لە هەمووان بەهێزتر و دەوڵەمەندترە، مافی بڕیاردان و ئاڕاستەکردنی مێژوویی لەژێردەستدایە، ئەو هەڵە مێژووییەی کە هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە و جەنگەکان لە دنیای شەڕدا لەسەر پلە و پایەی پێگەی بەرزونزمی ئەو هەرەمی دەسەڵاتەیە. پلانی یەکجیهانی و بەجیهانیکردنی دەسەڵات، لەدابەشکردنەوە و داڕشتنەوەی ئەو هەرەمی دەسەڵاتەوە، سەرچاوەی وەرگرتووە و ئەوەش یەکەم جار نیە لە مێژوودا هەوڵی لەو چەشنە دەدرێت. لە مێژوویی کۆندا ڕۆمەکان و لەسەردەمی نوێتردا، ئیمپریالیستی بەریتانییەکان و لەسەردەمی ئێستاشدا، سەرەتا ئەمریکا و دوابەدواش خۆرئاوا بەگشتی.**
**مرۆڤایەتی هیچ شێوازێکی تری دەسەڵاتی بەخۆیەوە نەبینیوە، هەربۆیە بە سروشتی وەرگیراوە و هەموو کەس واتێگەیەنراوە کە دەبێت دەسەڵات لەسەرەوە دابەزێتە خوارەوە و دەبێت هەرەمی بێت.**

داڕوخانی مەفهومی هەرەمی دەسەڵات لەهەر یەکێکماندا، سەرەتای داڕوخانی واقیعی هەرەمی دەسەلاتە. کەس هەیە بڕوا بەوە نەهێنێت کە ئەگەر لەسەدا نەوەدی خەڵک بڕژێنە سەر شەقامەکان، هیچ دەسەڵاتێک نیە بتوانێت خۆی پێرابگیردرێت و هەرەس نەهێنێت؟، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە بەهێزترین دەسەڵاتی جیهانیش بێت؟

*بەرەنگاربوونەوەی شەڕ، نەک هەر بە شەڕ ناکرێت، بەڵکو شەڕ تەنها شەڕ تۆخدەکاتەو و شەڕی زیاتر بەرهەمدەهێنێت. شەڕ/ تاریکی یەک دەرمانی هەیە ئەویش خێر/ ڕوناکییە.*

*ئەو کاتەی مۆمێک دادەگیرسێت، تاریکی خۆی پاشەکشە دەکات، ڕوناکی مۆمەکە شەڕ لەگەڵ تاریکیدا ناکات، بەڵکو ئەوە تاریکییە بەرگەی ڕوناکی ناگرێت، هەمیشە ڕوناکی دەتوانێت لە تاریکیدا جێگەی خۆی بکاتەوە، بەڵام هەرگیز تاریکی ناتوانێت پنتێک لە ڕوناکی داگیربکات، یاخود جێگەی خۆی تیا بکاتەوە.*

مرۆڤ دەبێت لەوە تێبگات کە کەس نایەت ڕزگاری بکات، چ لەدەرەوە و چ لە ناوەوە، چ لەسەر ئەم زەوییەوە، چ لە دەرەوەی ئەم زەوییەوە. ڕزگاربوونی مرۆڤ تەنها لەدەست خۆیدایە، ئەوی ڕۆژێ زوتر تیدەگات، ڕۆژێ زوتر ڕزگاری دەبێت، هەربۆیە خوداوەند هیچ پێغەمبەرێکی نەناردووە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ، چونکە کلیلی وجودی خۆی تەنها بە خۆیەتی و لەگەڵیدا لەدایکبووە.

من ناڵێم نێردراو نیە، بەڵکو نێردراو هەیە، بەڵام لە بوونی یەکەمەوە نیە و بوونی دووەمیش بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی نێردراوی ناردووە، هەربۆیە ئەو هەموو جیاوازی و شەڕی ئاینەکان، مێژووی داگیرکردوە و هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە. بەهەمان شێوەی شەڕی دەسەڵاتەکان و لە ئامانجیشدا یەکدەگرنەوە، ئەویش بەکۆیلەکردنی مرۆڤەکانە و سەردانەواندنیانە بۆ دەسەڵاتە باڵاکان، دەسەڵاتەکانی سەرو خۆیان، چ بینراو چ نەبینراو.

ئەوەی لەو نێوانەدا نەیوتووە من نێردراوی خوداوەندم، ***بودایە***. بودا هەتا ئەمڕۆش لەو بڕوایەدایە کە هەموو مرۆڤێک هەڵگری ڕوناکی خۆیەتی و هەموو کەس دەتوانێت خۆی و ژیانی پێ ڕوناکبکاتەوە. لەوسەردەمانەوە هەتا ئەمرۆ هەمان پرنسیب چالاک و بەردەوامە. بەرەنگاربوونەوەی شەڕی جیهان و تاریکی سەر گۆی زەوی، تەنها بە هەڵکردنی مۆمی مرۆڤەکانە.

ئەم دوو دێڕە شیعرە چ مەحوی بیڵێت یاخود بودا، وەک یەکە و بۆ سەردەمانێکی تریش کە مرۆڤ هەر لە تاریکیدا هەنگاو دەنێت، دەبێتە چرا و مرۆڤ دەبێت هەڵوێستەک بەرامبەری بکات و تێرامانێ کە تاکەی کوێرانە هەنگاو دەنێت.

*بە ئاوی تێگەیشتن ئێمە دنیا، هەر سەرابێ بوو*
*هەموو دەشچن بە خنکان و لە وشکیشە مەلەی مەخلووق*

*له سووقی دەهردا دوکانی هەر کەس مووددەتی عومره گوهەر–دانه به پشکڵ دانه "مەحوی"! مامەڵەی مەخلووق*

ئایا ئێمه دەتوانین چی بکەین لەم جەنگەڵی دەسەڵاتەی ئەمڕۆدا و لەژێر تارمایی ئەم شەڕەدا؟
له ڕوانگەی ئەوەوە کە هەموو مرۆڤێک بە بەهایە و هیچ کەسێکیش به زیاده لەدایک نەبووه، ئەوا هەمیشه دەبێت بیر لەوه بکرێتەوە که ژیانی تاکه مرۆڤێکیش زۆره بکرێته قوربانی، بەڵام ژیان کە لە ئازادیدا چەکەره دەکات، ئەوا ڕازیبوون به کۆیلەیی سڕینەوەی وجوده و سەردانەواندنه بۆ ئەو چارەنوسەی لەدەستی یەکێکی تردایه.
ڕاسته ناتوانرێت له ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کۆمەڵگایەکی حەقانی دابمەزرێنرێت، بەڵام دەتوانرێت سیستەمێک دابمەزرێنرێت (ئەگەر کاتیش بێت، کاتیی بەو مانایەی چەند سەد ساڵێکیش درێژبێتەوە، هەر کاتییه) که بتوانێت له تەوەری مرۆڤ و بەهاکانیدا بخولێتەوە و بیکاته پێوانەی هەڵسوکەوتەکانی. ئەوسا ڕەنگه بوار بۆ مرۆڤەکان والابێت که بتوانن بە حەقیقەتی بوونیان بگەنەوە و له تاریکی تێبگەن.

# بەشی دووەم

## هەندێک بابەتی پەیوەندیدار بە سیاسەت و دەسەڵاتەوە

## بەشی یەکەم

**تایبەتمەندێتی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان**

ڕەنگە زیادڕەوی نەبێت، گەر بوترێت کورد بێوەیترین میللەتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ڕەگەزی کورد وەک فارس و بلوچ و ئەفغانی، سەر بە خێزانی ئێرانییە. ئەم میللەتانە مێژوویەکی دورودرێژیان بەیەکەوە هەیە و خاڵی هاوبەشی کەلتوری و ئاینی و تەنانەت لە زمانیشدا لەیەکەوە نزیکن. کورد لەو میللەتانە بەوە جیادەبێتەوە کە نیشتیمانەکەی لە نێوان چوار وڵاتی دراوسێدا دابەشکراوە و لە هیچ بەشێکیشدا، هەتا ئێستا بە مافی هاووڵاتیبوونی خۆی نەگەشتووە، بە کوردستانی ئێراقیشەوە.
ئەم خەسڵەتی پەرتبوونە یەکێکە لەو تایبەتمەندێتیانەی کاریگەریەکی گەورەی خستۆتە سەر دەرونی میللەتی کورد. لێرەدا بە ناچاری دەگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی مێژوویی کورد و پێداویستی پەیوەستبوونەوەی بە جیهان و مێژووەوە.

**ئێمە لە کوێی سیاسەتی جیهانیدا وەستاوین؟**

**چۆنێتی کێشەی کورد وەک کێشەیەکی جیهانی، پێشینەیەکی مێژوویی.**

دەپرسین بۆچی بیرکردنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئێمە بە ڕادەیەکی زۆر، پابەندی بابەتی لاوەکی و خۆماڵییە؟ هەروەها ئایا ئێمە کەی لە سیاسەتی پەرچدانەوە و کاردانەوەی ڕوداوە سیاسییەکانی جیهان دەردەچین و دەبینە خاوەنی سیاسەتێکی سەربەخۆ؟ ئێمە کەی لە کاردانەوەوە دەچینە خودی کردارەوە؟
لە پێش هەموو شتێکەوە دەبێت ئەوە بزانین کە بارودۆخی ئێمە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە بارودۆخی جیهانیەوە و ئێمەش بەشێکین لە گەمەی سیاسەتی نێودەوڵەتی. چ وەک بازاڕی جیهانی سەیری ناوچەکەمان بکەین، یاخود وەک لایەنی سەربازیی و سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا ئێمەی کورد لە ناوەندیدا مەلە دەکەین. تەنانەت کێشەی کورد لە کێشەی زۆربەی وڵاتانی لابەلای تری ناوچەکە، تایبەتمەندێتی و جیاوازی خۆی هەیە، هەر بە حوکمی جێگای جوگرافیای کوردستان و دەوڵەتانی کوردستان پێوەلکێنراو.
تێنەگەشتن لەو خاڵە گرنگە، هەمیشە بە زیانی میللەتی کورد شکاوەتەوە. چونکە پێچەوانەی ئەوەی لە سیاسەتی جیهانیدا هەڵسوکەوت بکات، لە گێژاوی خۆماڵیدا نوقم بووە و عەقڵییەتی سیاسی لەسەر ئەو ئاستە تەسکە داڕژتووە.
لە ڕاستیدا هەمیشە هەوڵی ئەوە دراوە کە کێشەی کورد لە چوارچێوەی سنوری ئەو دەوڵەتانەدا بهێڵرێتەوە کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە و هیچ کاتێک لە کێشەیەکی ناوەکی

ئەو دەوڵەتانە دەرنەچێت. تەنها تێگەشتن لەو گوتارە (گوتاری کێشەی کورد کە کێشەیەکی ناوەکی ئەو وڵاتانەیە) ئەوە دەسەلمێنێت کە کێشەی کورد کێشەیەکی نێودەوڵەتییە و بە زۆر پەردەی خۆماڵی بەسەردا ڕادەکێشرێت. ئەگەر بپرسین بۆچی کێشەی نەتەوەیی کورد بەستراوەتەوە بە سنوری ئەو دەوڵەتانەوە کە کوردستانیان پێوەلکێنراوە. ئەوا مەبەستی ئەو سیاسەتەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە کوێوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. هەڵبەتە لە پێش هەموو هێز و دەسەڵاتدارێتییەکی خودی ئەو دەوڵەتانەوە، هێز و دەسەڵاتدارێتییەکی گەورەتر، یاخود ڕاستەوخۆ، ڕۆژئاوا بڕیاری ئەوەی لە دەستدایە کە دەبێت چوارچێوەی سنوری ئەو دەوڵەتانە وەک خۆی بمێنێتەوە و کێشەی نەتەوەی کوردیش هەر لەوێدا و بە جیاجیا چارەسەر بکرێت.

ئەو چارەسەرەی ئەوانیش دەیانەوێت، لە زۆر حاڵەتدا بەکارهێنان، یاخود خراپ بەکارهێنان و یاریکردنە بە چارەنوس و پێپڕکردنەوەی بۆشاییەکی سیاسی کە لە ناوچەکەدا ڕوودەدات. هەتا ئێستاش ئەو ئامانجەی دەیانەوێت پێیبگەن، ئەوا پەیڕەوکردنی سیاسەتی کپکردنەوە و نەهێشتنی هەموو بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی کورد بووە، کە تروسکەی هیوای سەرکەوتنی میللەتی کوردی لە خۆگرتبێت.

کەواتە تێگەشتن لە سیاسەتی جیهانی، کلیلی داڕشتنی سیاسەتێکی سەربەخۆی کوردییە کە لە پەرچەکردارەوە بگوێزرێتەوە بۆ خودی کردار، لە بەرپەرچدانەوەوە بۆ کردەوەی سەربەخۆ و داڕشتنی سیاسەتی ڕزگاریخوازی میللەتی کورد کە توانای بەگژداچونەوەی سیاسەتی جیهانی هەبێت، یاخود لە ئاستی بیرکردنەوەی ئەودا بێت و پێبزانرێت لە چ ئاست و ستراتیژییەکدا بڕیاری سیاسی و مێژوویی دەدرێت.

وەک وتمان، لە بەرژەوەندی سیاسەتی ڕۆژئاوایە کە کێشەی کورد خزێنراوەتە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەوە کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە. چونکە بە پلەی یەکەم بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانە بەستراوەتەوە بە چوارچێوەی سنوری ئەو دەوڵەتانەوە کە ئێستا بوونیان هەیە. واتە وەک دەرئەنجامێکی خێرا دەتوانین بڵێین، سەرنەکەوتنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، ناڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوادایە و لە سەرێکی تریشەوە دەتوانین بڵێین لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارێتی جیهانییدایە. تەنها تێگەشتن لەم خاڵە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە تا چ ڕادەیەک چارەنوسی نەتەوەی کورد پەیوەستی سیاسەتی جیهانییە.

لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین ئەگەر لە بارودۆخێکدا کورد بوو بە خاوەنی سیاسەتێکی سەربەخۆی خۆی، ئەوا دیسان ناتوانێت دژایەتی ڕاستەوخۆی سیاسەتی جیهانی بکات و هەتا کورد میللەتێکی ژێردەستە بێت، هیچ دەسەڵاتدارێتییەکی جیهانی سەنگینی بۆ دانانێت. لە سەرێکی تریشەوە، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە بەرژەوەندی سیاسەتی جهانیدا نیە. بەمە دەگەینە خاڵێکی گرنگی تر، ئەویش ئەوەیە کە کورد لە خودی خۆی زیاتر

ناتوانێت پشت بە هیچ هێز و دەسەڵاتدارێتییەکی تر ببەستێت. ئەوەش تەنها بە خۆسەپاندنی دەبێت لەسەر سیاسەتی جیهانی، ئەگەر بیەوێت جێگەی خۆی لەو سیاسەتەدا بکاتەوە.
ئایا کورد دەتوانێت سیاسەتێکی سەربەخۆی خۆی هەبێت لە جیهانی دەسەڵاتداریێتی ئەمڕۆدا، بەبێ ئەوەی هەموو جیهان بکاتە دوژمنی خۆی و بشتوانێت لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا جێگەی خۆی بکاتەوە و بونی خۆی بسەلمێنێت و قورسایی خۆی (مۆرکی خۆی) بخاتە سەر ئەو جیهانە دڕندەیە و بتوانێت ڕەنگی تێدابداتەوە، واتە بواری هەناسەدانی خۆی بکاتەوە؟
پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدینەوە، دەبێت ئەوە بزانین کە دەسەڵاتدارێتی ئەمڕۆی جیهان و تەنانەت داڕشتنی مێژوو و نەخشەی جیهان، لە لایەن ڕۆژئاواوە ئاڕاستە دەکرێت و دەمێکە ئەو جیهانە (جیهانی دەسەڵاتدارێتی) بازاڕی کڕین و فرۆشتن و ئاسمانی هێز و توانا و دەسەڵاتی دابەشکردووە و بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادات هێز و توانا و نەخشەیەکی تر سەرهەڵبدات. هەتا ئەو کاتەی لە بەرژەوەندی ئەو سیاسەتەدا بڕوات، ئەوا ناکرێت و ناشێت دەستکاری چەقی قورسایی هێزەکان بکرێت و جێگاکانیان بگۆڕدرێت، ئەمە حاڵەتی یەکەمە.
حاڵەتی دووەم ئەوەیە، کە هەر کاتێکیش ئیتر لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا نەگونجا و بوو بە ڕێگر، ئەوا ئاساییە کە لە لایەن هەمان دەسەڵاتدارێتییەوە هەڵبوەشێنرێتەوە و شێوازێکی تری پێبدرێت.
حاڵەتی سێیەم ئەوەیە کە بە زۆر بتوانیت جێگەی خۆت بکەیتەوە و خۆت داسەپێنیت بە زەبری هێز و توانا و لێهاتوویی و ڕەوایی خۆت و کێشەکەت. بتوانیت خۆت بە جیهان بسەلمێنیت، یاخود وای لێبکەیت کە گوێت لێبگرێت کە دەبێت جێگەی تۆش ببێتەوە. ئەوەی مەبەستمانە و ئێمەی میللەتی کورد دەگرێتەوە، حاڵەتی سێیەمە، کورد لەوەتەی هەیە خۆی لە یەکێک لە حاڵەتی یەکەم و دووەمدا بینیوەتەوە، واتە ڕەوتی مێژوویی بەبێ ئیرادە و خواستی کورد سەپێنراوە.
ڕۆژئاوا هەتا بتوانێت جیهانی دوو، ئەو وڵاتانەی کە بە دواکەوتوو دەژمێردرێن، لەژێر پاشکەوتوویيدا دەهێڵێتەوە هەتا ئەو کاتەی کە ئیتر لە بەرژەوەندی ئەودا نیە. هەرچەندە دەزانین ناکرێت ڕێگەی گەشەکردن و پێشکەوتن لە سەدا سەد بگیردرێت و بوەستێنرێت، بەڵام دەتوانرێت چەواشە بکرێت و خاوبکرێتەوە و تەگەرەی بخرێتە سەرڕێ و ئازاراوی بکرێت.
ئەوە تەنها بەرژەوەندییەکی ئابوری نیە، چونکە ئەوە دەمێکە مسۆگەر کراوە، یاخود بەوپێیە ژمێردراوە، بەڵکو بە پلەی یەکەم ئارەزوویەکی سیاسیە. لەوەدا کە کێ خاوەنی دەسەڵاتە و کێ بڕیاردەرە و کێ ڕەوتی ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان دیاریدەکات و پیلانی بۆ دادەڕێژێت و بەکردەوەی دەکات.
ئەگەر ئەمە شاڕەگی سیاسەتی جیهانی بێت، ئەوا دەمانەوێت بپرسین کە چۆن دەتوانین سیاسەتێکی گونجاو جێگیربکەین لە ناو ئەو جەنگەڵی هێز و دەسەڵاتدارێتییەدا؟ چونکە لە

ڕاستیدا دەبێت لێرەوە دەستپێبکەین، نەک سیاسەتمان لەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتانە دابڕێژین کە کوردستانیان پێوەلکێنراوە. لەبەر ئەوەی ئەوانیش خۆیان تەنها داردەستێکی پلە دووی سیاسەتی جیهانین و لە پەنایدا دەسەڵاتداریتی و بەرژەوەندی خۆیان دەپارێزن.
ئەگەر لە لایەکی ترەوە بڕوانینە ژیانی ئەمڕۆی جیهان، دەتوانین بڵێین بە شێوەیەک ئاڵۆز و قورس و نالەبارە و خێرایی گۆڕانەکان لە ئاستێکدایە، کە ئەگەر یەکێک نەتوانێت جێگەی خۆی بکاتەوە و ڕەگی خۆی تێدا دابکوتێت، ئەوا ڕەوتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، نەک تەنها بەجێیدەهێڵێت، بەڵکو بە سەریدا دەڕوات و لەبیریدەکات. ئەوەی بەسەر تاکەکەسێکدا ڕاستە و دەسەلمێت. ئەوا بەسەر میللەتێک/ دەوڵەتێکیشدا ڕاستە و دەسەلمێت. واتە ئەگەر میللەتێک نەتوانێت لەسەر نەخشەی جیهان جێگەی خۆی بکاتەوە و بونی خۆی بسەلمێنێت، ئەوا کاردانەوەیەکی ئاساییە کە هەموو هێز و دەسەڵاتێکی چواردەوری هەوڵی لەناوبردنی بدەن و لەسەر تەخت و سامانی دابنیشن و شایی سەرکەوتن بگێڕن.
تێگەشتن لە ڕەوتی مێژووی جیهانیی ئەوەمان فێردەکات کە دەبێت ئێمە خۆمان و تەنها خۆمان ئەرکی ڕزگاری و ئەرکی سەلماندنی بونی خۆمان بەدیبێنین، کە ئێمەش هەین و دەمانەوێت لە ڕەوتی مرۆڤایەتیدا بەشداربین و گوڕی خۆمان دەربخەین. جا کە ئەمڕۆ دەبینین بە هیچ شێوازێک ڕێگە و جێگەمان پێنادرێت سەربەرزبکەینەوە و بڵێین ئێمەش هەین، ئێمەش لە میللەتێک پێکهاتووین، ئەوا دەبێت بەزۆر جێگەی خۆمان بکەینەوە. بەزۆرخۆجێکردنەوە مانای زەبروزەنگ نیە، بەڵکو ژیرییە، بەئاگاییە لە بیروهۆشی جیهان، بە وشیاربونەوەیە بە بوونمان، بە تێگەشتنمانە لە ڕەوتی مێژوویی ئەمڕۆ.
ئەمڕۆ جیهان، جیهانی دەسەڵاتی سەرمایەدارییە و ڕێگەی هیچ شێوازێکی تر نادات لە تەنیشتییەوە/ لە ناویدا بونی هەبێت. هەر وەک ئەوەی کە توانی دوای هەفتاد ساڵ سەرمایەداریی دەوڵەتیی سۆڤیەت چۆک پێدابدات و لە خۆیدا جێگەی بکاتەوە. ئەو تۆزە ڕوناکییەی کە ئەمڕۆ دەبینرێت، ئەو شێوازە بەناو دیموکراتیی و ئازادیەیە، کە لە هەمان کاتدا پێداوستییە بۆ مانەوە و گەشەپێدانی ڕژێمی سەرمایەداریی و ناواخن و بنەمای کۆمەڵگای ڕۆژئاوایە، دەبێت چەقی قورسایی بخرێتە سەر و بەرەو ئاڕاستەیەکی مرۆڤایەتی بەکاربهێنرێت، بە شێوەیەک کە لە جیهاندا جێگای هەموومان ببێتەوە.
ئەگەر لەسەرێکی ترەوە بڕوانینە سروشت و مرۆڤایەتی، دەبینین کە تەنها چاوچنۆکی و چاوبرسێتی مرۆڤ ئەو ڕژێمەی وا داڕژتووە کە ئەمڕۆ دەیبینین، دەنا سامان و بەرهەمی سروشت بەشی دە ئەوەندەی تری دانیشتوانی ئەمڕۆی زەوی دەکات.
بە کورتییەکەی، ڕۆژئاوا جیهان و مێژووییەکی بۆ خۆی داڕشتووە کە لە سایەیدا بحەوێتەوە و هەتا بۆی بکرێت دەیپارێزێت و بە هیچ شێوەیەکیش نایەوێت کەس بەشداری بکات. واتە

دەبێت لەو خۆپەرستی و چەقبەستنەی تەوەر تێبگەین کە دەسەڵاتداریێتی ئەمڕۆی جیهانی لەسەر بەندە، ئەوسا ڕەنگە ئێمەش بتوانین ڕێگەیەکی چارەسەر بۆ خۆمان بدۆزینەوە.

## پێشینەیەکی مێژوویی بیری نەتەوەیی

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە لە ڕەگەوە لە بیر و هەستی نەتەوەیی تێبگەین. چونکە لە ڕاستیدا گەلێک بۆچون و بیروباوەڕی جیاواز هەیە و بە باڵی چەپ و ڕاستدا بەخراپ بەکاریانهێناوە. هەر بۆیە هەوڵ دەدەین لە ڕوانگەیەکی ترەوە بڕوانینە کێشە و بیری نەتەوایەتی، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە بەدوای سەرچاوەی سەرهەڵدانیدا بگەڕێین.
نزیکەی پێنج سەد ساڵێک بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوییدا تێدەپەڕێت لە ئەوروپا و هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە و هەموو بەڵگەکانیش ئاڕاستەی ئەوە دەکەن کە توانای مانەوەی تا سەردەمانێکی تریش هەیە. ئەوەی هەیە وردە وردە شێوازەکانی گۆڕاوە و دەگۆڕێت. هەڵبەتە ئەو شێوازەی ئەمڕۆ دەیبینین، هەمان دەوڵەتی نەتەوەیی پێش پێنج سەد ساڵ لەوەو پێش نیە. ئەو گوڕ و تینەی ئەوسا هەیبووە، ئەمڕۆ نیەتی، بەڵام هەتا ئێستا لە هەمان چوارچێوەی بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا کاردەکات کە کەوتۆتە سنورەکەیەوە. ئەمڕۆ باسی نیشتیمانی باوباپیران ناکرێت و ناتوانرێت خەڵکی بەو لێشاوە بیروبۆچونە بدەنە پێش خۆیان و پەلاماری دەوڵەتێک یاخود میللەتێکی تری پێبدەن.
ئەمڕۆ مرۆڤ لە ڕۆژئاوا تەنها لە بەرژەوەندی خودی خۆیدا چەقی بەستووە و دەوڵەت بەرژەوەندییە گشتییەکانی بۆ دەپارێزێت. لێرەدا دەپرسین ئێمەی کورد لە کوێی ئەو مێژووەداین؟ کۆمەڵگای کوردەواری پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر لە چ ئاستێکدا بووە و ئێمە کەی دەبینە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆمان؟
ئێمە پێش پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەم جار لە لایەن شەرەف خانی بەتلیسییەوە، تا ڕادەیەک هەوڵدراوە مێژووی میللەتی کورد بنوسرێتەوە. ئەوەش لە ڕاستیدا بە زمانی فارسی نەک بە کوردی.
ئەوەی کاتی خۆی بۆ میللەتێکی ڕۆژئاوا بۆتە پێداویستی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کە کۆمەڵانی خەڵکی ئەو سەرزەمینەی بە زمانێک دواون و مێژوویییەکی هاوبەشیان لە پشتەوە هەبووە، توانیویانە دەرگای مێژووی پێ والابکەن و ببنە سەروەر و بڕیاردەری ئەو ڕەوتە کە هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە. ئەوکاتەی دەوڵەتی نەتەوەییان پێک هێناوە، هیچیان لە پشت خۆیانەوە بەجێنەهێشتوە. هەربۆیە دەبێت لە ئێستاوە پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە ئێمە نەک ناتوانین ئەو ئەزموونەی ئەوان دوبارە بکەینەوە، بەڵکو هەموو ئەو مێژووەش کە لە

پێشمانەوە ڕۆشتووە، بۆتە پاڵەپەستۆیەک کە دەبێت لە ژێر چنگی بێینە دەرەوە. هەر بۆیە پێداویستی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ ئێمە هەمان تێگەشتن و ناواخنی نیە وەک ئەوەی هەی بووە بۆ ئەو میللەتانەی کە لە کات و ساتی خۆیدا پێی گەشتوون.
ئەمڕۆ دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێت ئەو گرێ کوێرانەی چەندین سەدەیە لە دەرونی مرۆڤی کورددا دروستبووە، بیرەوێنێتەوە. ئەمڕۆ ئیتر دەوڵەتی نەتەوەیی تەنها چوارچێوەیەکی سیاسی نیە کە میللەتێکی تێبئاخنرێت، بەڵکو یەکێکە لە بنەما ژیانەوەرییەکان کە بەبێ ئەو ژیانی کۆمەڵگا ناچێتبەڕێوە، یاخود نیمچە مەحاڵە.

*مرۆڤی ژێردەستە/ میللەتی ژێردەستە ناژی و بوونی نیە، یاخود خاوەنی بوونی خۆی نیە، بەڵکو بابەتێکە، ئاوێنەیەکە بوون و ژیانی مرۆڤی/ میللەتی سەردەست هاووێنە دەکاتەوە و سەلماندنی بوونی ئەو بەتاڵ دەکاتەوە و بەردەوامی پێدەدات.*
*میللەتی کورد لەوەتەی هەیە بابەتی بەتاڵکردنەوەی نەخۆشییەکانی میللەتانی چواردەور و جیهانە. جێگەی ڕمبازی و تاقیکردنەوە و هێز و توانا لەڕووخستنی دەسەڵاتدارانە. ئەو تەنەکەی خۆڵەیە کە تەنگەتاویی سیاسەتی چوادەوری تیابەتاڵ دەکرێتەوە.*

ئەو سەردەمانەی کە ئاین پێناسەی مرۆڤ بوو لە ئەوروپا، زمان و نەتەوە و سنورێکی دیاریکراو نەبووە کە بە تەواوەتی کۆمەڵانی خەڵک لەیەکتری جیابکاتەوە. ئاین ئەو سەرچاوە ڕەوانییە بووە کە زۆربەی کەس توانیویەتی خۆی تیابدۆزێتەوە و پێناسەی خۆی پێبکات. سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر دەستی کڵێسەدا بووە. کڵێسە بنەمای خوڕەوشت و ئاکاری دارشتووە، بە هیچ شێوەیەک بیری جیاوازکارانە و لێکداپچڕان ڕێگەی پێنەدراوە. لەبەردەم جیهانی ڕەواندا هەموو کەس هاوتابووە و تەنها کاری چاکە و خراپە خەڵکی لەیەکتر جیاکردۆتەوە.
وردە وردە کە کاریگەری ئاینی و خۆپێناساندنەوەی کەمبۆتەوە و پێداویستی پەرەپێدراوی ڕۆژبەڕۆژی پێناسەی مرۆڤ و گەڕان بە دوای چوارچێوەیەکی دیاریکرا و ڕون و ئاشکرای پێناسەی خۆیدا، هاوشانی برەوپێدانی تەکنیک و زانست و گەڕان بە دوای سەرچاوەی شتەکاندا، بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتەوایەتی یاخود زمان/ کەلتوور/ مێژوو/ شێوەی هەڵسوکەوت.. بخرێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە. بۆ تینوێتی شکاندنی ئەو مرۆڤەی هەوداڵی پێناسەیەکی دیار و ڕون و ئاشکرا بوە بۆ خۆی و بۆ چواردەورەکەی. واتە ببێتە ئاوێنەیەک کە خۆی تیا ببینێتەوە و بتوانیت خۆی لەبەرامبەر ئەوانی تردا پێساغبکاتەوە و خۆی پێجیابکاتەوە.

زمان یەکێکە لە هەرە گرنگترین فاکتەری جیاکەرەوە کە کۆمەڵێک لە کۆمەڵێکی تر جیادەکاتەوە. هەر بۆیە نزیکترین فاکتەریشە لە بیری نەتەوەییەوە، چونکە زمانی بیرکردنەوەیە و ئامرازی کۆکردنەوە و لەیەکتێگەشتنی کۆمەڵانێکی خەڵکە لە یەکتری. هەر بۆیە زمان دەورێکی باڵای بینیوە و دەبینێت لە پێکهاتن و گەڵاڵەکردنی بیری نەتەوایەتیدا و هەتا ئەمڕۆش فاکتەری یەکەمە لە جیاکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکدا. هەروەها نزیکترین فاکتەریشە کە مرۆڤ خۆی پێدەناسێتەوە، ئەویش زمانی بیرکردنەوە و ناسینەوەی مرۆڤە بۆ خودی خۆی. ئەو گەڕانەش بە پێکهاتنی هەستی نەتەوایەتی و سەربە ئاووخاکێکی دیاریکراو و مێژوویەکی پێکەوەیی، وردە وردە گەڵاڵە بوە.
گەر لەسەرێکی ترەوە بڕوانینە هەستی نەتەوایەتی، دەبینین لە ڕێگەی تەواوکاری تاکایەتی و سەربەخۆیی مرۆڤەوە ڕۆشتووە و ئەو پێداویستییەی بۆ پڕکردۆتەوە، یاخود دەوڵەمەندی کردووە.
کاتێک ئەو وشیارییە گەشتە ڕۆژهەڵات و بگرە هەموو جیهانی دەرەوەی تەوەر، ئەوروپا نەک هەر تێربوو بوو لە نەتەوایەتی، بەڵکو لێشی دەڕژا و پەلاماری میللەتان و جیهانەکانی تریشی پێدەدا.
شێوەی دروستبوونی هەستی نەتەوایەتی لەو جیهانەی پشت ئەوروپاوە، کاتێک دەست پێدەکات، کە لە پڕێکدا هۆشدەکاتەوە دەبینێت داگیرکەرانی بێگانە خاک و میللەت و سامان و دەرامەتی دەرەتێنن و بە زمانێکی تر دەدوێن. دەبینێت داگیرکەر میللەتێکە هەموو بنەمایەکی تەواوکاری لە خۆیدا تەواو کردوە و هەڵیشی کوتاوەتە سەر ئەم و بۆتە مێردەزمەی سەر سنگی. تەنها ئەوسا بیردەکاتەوە کە ئەویش میللەتێکی جیاوازە و پێویستە فریای خۆی بکەوێت. پێویستە بنەما و ڕەگی خۆی بدۆزێتەوە و بگات بە سەربەخۆیی و قەوارەی تایبەتی خۆی. لێرەدا دەبێت ئەوە جێگەی سەرنجمان بێت کە جیاوازی مێژوویی بیر و هەستی نەتەوەیی لە هەریەکێک لە جیهانەکاندا جیاوازە و شێوەی بەکارهێنانەکەشی دیسانەوە هەر یەکەیان بە ڕاڕەوێکدا دەڕوات.
هاتنە کایەی بیری نەتەوایەتی لە ئەوروپادا بە سروشتی و وەک پێداویستییەکی مێژوویی ئەو قۆناغی گەشەکردنە هاتۆتە مەیدان و وردە وردە لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتن و گەشەی بیروهۆشی مرۆڤدا دەرکەوتووە و تەواوکاری ئەو هەست و هۆشە بووە، کە لە کاتی خۆیدا بۆ پێکهاتنی کەسایەتی مرۆڤ پێویست بووە. لایەنەکەی تریشیان بەشەقی داسەپاندنی مێژوویی میژووی ئەوروپای سەردەست دروست بووە، کە تەنها کاردانەوە و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی کۆڵۆنیالیستی بووە.
دەتوانین بڵێین بیر و هۆشی نەتەوەیی میللەتانی ژێردەست کاتێک دروست بووە کە بەهۆش هاتونەتەوە دژی داگیرکەران بجەنگن و لەدوی سەربەخۆیی خۆیان بگەڕێن. ئاڵۆزی

بیربۆچونی نەتەوەیی ئەو میللەتانە لەوێوە هاتووە، کە تەنها هەڵگری پڕکردنەوە و پێداویستیی کەسایەتی مرۆڤ نیە، بەڵکو هەڵگری بیری ڕزگاربوون و سەربەخۆییشە. واتە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە بابەتی بوون و نەمانیانەوە. لێرەدا دەبێت سەرنجی ئەو خاڵە گرنگە بدەین کە دروستبوونی ناوەرۆکی هەستی نەتەوایەتی لە جیهانی دەرەوەی تەوەر، لە دوای بەکۆلۆنی کردنیانەوە دەستپێدەکات. واتە مێژوویەکی ئەوەندە کۆنی نیە و سەرچاوەی لە ناو خودی ئەو کۆمەڵگایانەوە هەڵنەقولاوە، بەڵکو قاوغی بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی کۆلۆنیالیستییە. کە بە ناچاری بۆ خۆپاراستن کراوەتە دروشمێک و کۆمەڵانی خەڵکیان لەژێردا کۆکردۆتەوە.
ئەوە بارودۆخی ئەو میللەتانە بوە کە ڕاستەوخۆ لە ژێردەستی داگیرکەرانی بێگانەدا بوون. مەبەست لە ڕاستەوخۆ، چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەیە کە بەگشتی خزێنرابوونە ژێر دەستی داگیرکەرێک، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چ میللەتێک یاخود چەند میللەتی تێداژیاوە. بۆ نمونە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراق کە دروستکرا، بەپێی بەرژەوەندی ئنگلیزەکان و ڕێکەوتنیان لەگەڵ فەرەنسییەکاندا دامەزرێنراوە، نەک بەپێی بەرژەوەندی میللەتی عەرەب و کورد.
جا ئەگەر بێینە سەر پێکهاتنی بیری نەتەوەیی میللەتی کورد، ئەوا بێگومان ئەوەندەی تر ئاڵۆز و تێکچڕاوە. چونکە کورد کەوتۆتە نێوانی سنوری چوار دەوڵەتەوە کە هەر یەکەیان تا ڕادەیەکی زۆر، بارێکی مێژوویی خۆی هەیە کە جیاوازە لەگەڵ پارچەکانی تردا. هەر بۆیە دەبێت تا ڕادەیەک بەجیا شیبکرێنەوە بۆ ئەوەی لە بنەمای جیاوازی ئەمڕۆمان بگەین.
پێکهاتنی بیری نەتەوایەتی کوردی، دەکەوێتە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە. میللەتی کورد لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، ناڕاستەوخۆ، هەر لە سەردەمی دەوڵەتانی عوسمانی و سەفەوییەوە ژێردەستەی میللەتانی فارس و تورک و عەرەب بووە. کە دەڵێین ناڕاستەوخۆ مەبەستمان ئەوەیە بە درێژایی ئەو مێژووە و بە تێکڕایی، کورد خاوەنی چەندین ئەمارەتنشین بووە، هەرچەندە زۆربەی کات سەر بە یەکێک لەو دەوڵەتانەش بووە، بەڵام تا ڕادەیەکیش سەربەخۆییەکی ناوچەییان هەبووە. سنورێکی تایبەت نەبووە لە سروشتی زیاتر، کە ناوچەکان لەیەکتری دابڕێت. سنوری دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی و شەڕەکانیان لە سەر ناوچەی دەسەلات، زۆربەی کات لە سەر ناوچەی کوردستان بووە. هەر بەو پێیەی کوردستان کەوتۆتە نێوان ئەو سنورانەوە. هەربۆیە هەمیشەش کورد وەک داردەست و دژ بەیەکتری بەکارهێنراون، بەڵام وەک ڕەگ و ڕیشەی پەیوەندی و هاتوچۆ، زۆربەی کات بۆ هۆز و تیرە کوردەکان هەر بە سروشتییەکەی خۆی ماوەتەوە. لەلایەکی تریشەوە هیچ کاتێک زمانی کوردی قەدەغە نەکراوە و هەستی نەتەوایەتی ئەو دوو دەوڵەتە

هێندە بەهێز نەبووە کە کاردانەوەی هەبێت لەسەر کۆمەڵگای خۆماڵی کوردەواری. هەموو میللەتان موسوڵمان بوون و موسوڵمانانیش هەموو برا بوون.
تەنها جیاوازی سونە و شیعە زۆرجار وەک بەهانەیەک بەکارهێنراوە بۆ هێرش بردنە سەر یەکتری، نەک هەستی جیاوازی نەتەوایەتی. لە ڕاستیشدا دروستبوونی دەوڵەتی مەزهەبی شیعی لە ئێراندا، ڕوداوێکی بەئاگا و بە مەبەست بووە، وەک بەرپەرچدانەوە و بەگژداچونەوەی دەوڵەتی سونی عوسمانی دروست بووە. وەک خۆجیاکردنەوەیەک، نەک پشتبەستن بە بیرێکی نەتەوەیی. واتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەو سەردەمانەدا چەند بیری نەتەوەیی لە ناوچەکەدا لاواز بووە، تەنانەت بۆ میللەتانی سەردەستیش، چ بەسا میللەتی کورد.
ئەوەندەی لەو قۆناغە بگەین، ئەوەیە کە بە گشتی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئەو کاتەش نەبونەتە خاوەنی وشیاری نەتەوایەتی، بە میللەتی کوردیشەوە. لە کاتێکدا میللەتانی ئەوروپایی لەوپەڕی گەشەی دەوڵەتی نەتەوایەتیدا بوون و بیروبۆچوونی نەتەوەیی گەشتبووە ترۆپکی و نیشتیمان ئەو جێگە پیرۆزە بوو کە مرۆڤ دەبوایە گیانی خۆی بۆ بەخت بکردایە.
میللەتی کورد تا ئەو کاتە، کەم تا زۆر، لە ژێر یەک بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا گوزەرانی کردووە. بە کورتییەکەی دەتوانین ناوی قۆناغی پێش مێژووی لێ بنێین. قۆناغی هۆزایەتی و سوارچاکی و دەرەبەگایەتی. کۆمەڵگایەکی داخرا و سەر بە خودی خۆی و نەخوێندەوار و خۆبەرهەمهێنانەوەی لەسەر شێوازی باووباپیران. قۆناغی دابڕاو لە هەموو چەشنە گۆڕانکاریی و پێشکەوتنێک. هەتا ئێستاش لە زۆربەی گوندەکانی کوردستاندا دەتوانرێت ئەو شێوە ژیانە ببینرێتەوە.
ئەو جیاوازیانەی ئەمڕۆ لە نێوان پارچەکانی میللەتی کورددا دەیبینین، لە هەر یەک لەو دەوڵەتانەی کە بەشێکی کوردستانی پێوەلکێنراوە، وردە وردە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دروستبووە. لەگەڵ سنورکێشانی دەوڵەتانی ئێراق و سوریا و دامەزراندنی دەوڵەتی تازەی تورکیا و دیاریکردنی سنوری چەسپاوی ئێراندا هاتۆتە گۆڕێ. دەتوانین بەبێ سێ و دوو دان بەوەدا بنێین کە میللەتی کورد لەو مێژووەوە پێدەنێتە سەردەمی مێژوویی نوێوە. لە مێژووی جموجۆڵە سیاسییەکانی ناوچەکە و بزوتنەوە خۆڕسک و سەرەتاییەکانی میللەتی کوردەوە، کەم کەم و بە ئاستەم هەنگاومان بەرەو مێژوو ناوە و دەینێین.
ئەو داکەوتە مێژووییە بەسەر میللەتی کورددا داسەپێنراوە، بەبێ ئیرادەی خۆی و لەپڕێکدا خۆی لە نێوانی چوار دەوڵەتدا بینیوەتەوە. کارەساتی جەنگی جیهانی یەکەم کوردی ڕاچڵەکان و ناچاری کردوە بکەوێتە خۆی و هۆش بکاتەوە. جگە لەو لایەنە نێگەتیڤانەی

ڕوداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم، بۆ کورد ئەو لایەنە پۆزەتیڤەی هەبوو کە ئەو کۆمەڵگایەی لە گۆمێکی وەستاو چووە، شڵەقا و بووە هۆی ئەوەی کە میللەتی کوردیش بیربکاتەوە و لەو خەوە قوڵەی بەئاگا بێتەوە و بپرسێت کە کێیە و لە کوێی مێژوودایە و چواردەور چییە و میللەت کێیە و کێ سەردارە و کێ ژێردەستەیە و جیهان لە کوێدایە و بەرەو کوێ دەڕوات.
زۆرجار ئێمە تەنها دیوێکی ڕوداوە مێژووییەکان دەبینین و ئەو داسەپاندنە مێژووییانە بە دڕندە دەدەینە قەڵەم. بەڵام دوای ماوەیەکی بەڕێژە کورت لەچاو مێژوودا، دەبینین ئەوسا لایەنەکانی تری دەردەکەوێت و لەو ڕەوتە مێژووییە تێدەگەین کە لە ڕاستیدا سود و قازانجی زۆرتر بووە وەک لە زیان. ڕاستە میللەتی کورد وەک ئەوەی بۆ یەکەم جار دێتە پێش چاو، هەر قوربانی بووە و هەر قوربانی داوە، بەڵام مێژوویەکی پەنجا سەد ساڵە لەچاو مێژووی مرۆڤایەتیدا، تەنها چەند چرکەیەکە و ئەو دەرئەنجامە گرنگە، کە چۆن وانەی لێوەردەگیردرێت. چۆن لەو مێژووە پەنجا سەد ساڵەی ڕابردوو دەگەین و چۆن دەتوانین ئەو ئاڵوگۆڕە خێرایانەی ئەم سەردەمە ئاڕاستە بکەین، بە شێوەیەک کە میللەتێک پێک بهێنێت و چارەنوسێکی هەبێت.
بۆئەوەی زۆر لە باسەکەمان دور نەکەوینەوە، دەڵێین ئەو پێشینە مێژووییە خاوە، یەکەم کەرەسەی دابڕانی کوردە لەیەکتری، لە هەر یەکێک لە پارچەکانی کوردستاندا. چونکە ئێمە خاوەنی یادگەیەکی بەکۆمەڵ نەبووین، لە پێش ئەوەی کە سنوری دەوڵەتی میللەتەکانی تر لەسەر لاشەی ئێمە بکێشرێت. ئێمە ئەو کەرەسە خاوە بووین کە لە مێژووی دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، فۆرممان لەسەر چوارچێوە و شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی ئەو میللەتانەوە وەرگرتووە، کە لەگەڵیاندا خزێنراوینەتە چوارچێوەی سنوری دەوڵەتێکەوە و بۆ یەکەمین جار بە شارستانیەت ئاشنا بووین. ئەوان خاوەن دەسەڵات بوون و ئێمەش پاشکۆ و ژێردەستە. هەربۆیە هەتا ئەمڕۆش بۆمان ئاسانترە و بۆمان لەبارترە وەک تورکێک، وەک ئێرانییەک، وەک عەرەبێکی ئێراقی.. سوریی بیربکەینەوە، وەک لەوەی وەک کوردێک بیربکەینەوە. چونکە لە ڕاستیدا لە قاڵبی ئەو دەوڵەتانەدا ئێمە وردە وردە هۆشمان پیاهاتۆتەوە و خۆشمان وەک وتمان خاوەنی ئەو یادگە مێژوویی و هاوبەشە نەبووین کە بتوانین سەرەڕای جیاکردنەوە و دابڕانمان، بەردەوامی بە هەستی یەکبوونمان بدەین.
ئێمە یەکتری ناناسینەوە، چونکە هەرگیز بە وشیاری یەکتریمان نەبینیوە و لەوەوپێش یەکتریمان نەناسیوە. یەکتریمان بیرناکەوێتەوە، چونکە پێش ئەو پارچە پارچەکردنە ڕوبدات، وشیاریی مێژووییمان نەبووە. هەر پارچەیەک لە فۆرمی ئەو دەوڵەت و میللەتەدا داڕێژراوە و ئاگای لە پارچەیەکی تر نەبووە کە چی تێدا ڕودەدات و ڕویداوە. هەربۆیە زۆرجار دەبینین کە هەست بەیەکتریش ناکەن. واتە ئەو سۆزە دروست نەبووە کە لە یەک

میللەت پێکهاتووین. کاتێک لەدەرەوەی وڵات یەکتری دەبینینەوە، بەچاوی گومانەوە سەیری یەکتری دەکەین و دەپرسین، هەڤاڵ تۆش کوردیت؟

بە شێوەیەک ئاخزێنراوینەتە ئەو چوارچێوانەوە، کە لە خۆمان زیاتر هەست بەوانی تر ناکەین.

لە نێوانی ئەو پەنجا سەد ساڵەی دواییدا، هەر پارچەیەک جیابەجیا کەلتورێکی بۆ خۆی داچنیوە، کە تێکەڵەیەکە لە خوڕەوشتی خۆماڵی کوردی و خوڕەوشتی میللەتی سەردەست. گەر ئەمڕۆ ئەو کەلتورە کوردییەی جیابەجیا پێکهاتوە، بەیەکتری بەراوردیان بکەین، دەبینین جیاوازییەکی زۆر کەوتۆتە نێوانیانەوە. لەسەرێکی ترەوە، گەر کاریگەری کەلتوری میللەتانی تورک و عەرەب و فارسی لێبکەینەوە، دەگەینەوە بەو سروشتە خاوەی پێش سنورجیاکردنەوەکان. هەروەک ئێستاش تا ڕادەیەکی زۆر گەر گوندە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەیەکتری بەراورد بکەین، دەبینین جیاوازییەکی ئەوتۆیان تێنەکەوتووە. بەڵام ئەمڕۆ ناتوانین ئەو دابونەریتە خاوە بکەینە پێشەنگ، بەڵکو ڕەنگە بتوانرێت بکرێتە هەوێنی شێوە لەیەکتر تێگەشتنێک، وەک ڕەگی هاوبەش و بنەما. چونکە دەزانین ئەو سروشتە خاوە هەڵگری ئەو هەستە نەتەوایەتییە نیە کە بناغەی یەکگرتنەوەی لەسەر دابمەزرێنرێت. بەڵکو ئێمە ئەمڕۆ دەبێت لەم قۆناغە مێژووییە بگەین کە تیایدا دەژین و هەست بەو پێویستییە بکەین کە ئەمڕۆ لە بەردەستماندایە.

نە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە نە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، نە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیادا و نە لەسنورکێشانی وڵاتانی ئێراق و سوریادا، هیچ یەکێک لەو ڕوداوە مێژوویانەی بەسەر کورد و نیشتیمانەکەیدا هاتووە، نەبۆتە هۆی ئەوەی کە کورد ببێت بە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆی و تەنانەت نەبۆتە هۆی پێکهاتنی بیرێکی نەتەوایەتیش کە لە سەربەخۆیی نیشتیماندا بەگەڕبخرێت.

هەتا ئەمڕۆشی لەسەر بێت، هەرگیز کورد ئەوەندە ناسیونالیست نەبووە کە ببێتە هۆی یەکخستن و یەکترناسینەوە. نە فریای شۆڕشی ناسیونالیستی کەوتووین، نە فریای شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی. لەدوای بەسەرچوونی کاتی ئەو شۆڕشانەوە کورد هەر بە ژێردەستەیی ماوەتەوە. تاکە شۆڕشێک کە ماوە، شۆڕشی کۆمەڵایەتییە، ئەو شۆڕشەی ئێستا لە ئارادایە، ئەگەر ئەمجارەش کورد نەتوانێت تیاسەرکەوێت، ئەوا باشترە واز لە هەموو هەوڵێکی ڕزگاربوون بێنێت و بە چارەنوسی ژێردەستیی خۆی ڕازی بێت.

ئەمڕۆ ئیتر درەنگە باسی یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان بکرێت، مەگەر موعجیزەیەکی تایبەت بە کورد ڕوبدات و ئەو چوار دەوڵەتە بۆ ماوەیەکی بەرێژە درێژ خەویانلێبکەوێت و وڵاتانی چواردەور ببورێنەوە و جیهانیش لەهۆش خۆی بچێت.

ئەگەر مەیدانەکە بە تەواوەتی بۆ کورد چۆڵبکرێت و بڵێن فەرموو یەکبگرنەوە، کورد هەر ناتوانێت. مێژووی داسەپێنراو بۆتە مێژوییەکی حەقیقی و زەمەنی پینەکردن بەسەرچووە، ساڵ و دوو ساڵ نیە و هۆکارێک و دوانی لێکدابڕان نیە. بەڵکو زەمەنێکی زۆر تێپەڕیووە و ئەوەی پێکهاتووە بەجیا گەورەترە لەوەی کە لێکمان نزیکدەکاتەوە وەک میللەتێک.

ئەمڕۆ ئێمە چوار میللەتی کوردین کە دراوسێی یەکترین و ڕەگێکی مێژوویی هاوبەشمان هەیە. دانپیادان بەم حەقیقەتەدا گەلێک سەرئێشەمان لەکۆڵ دەخاتەوە و دەتوانین لە واقیعی ئەمڕۆدا بژین و هەوڵەکانمان چڕکەینەوە کە هەریەکەمان چی دەتوانین بۆ خۆمان بکەین و چۆن دەتوانین یارمەتی یەکتری بدەین.

ئەو ئاڵوگۆڕە مێژووییانە و پێکهاتنی کەلتوری شێواوی خۆماڵی هەر پارچەیەک بە جیا، نە بەتەواوەتی لە کەلتوری میللەتی سەردەست دەچێت، نە توانراویشە کەلتورێکی سەربەخۆ پەرەپێبدرێت، نەئەوەتا وەکو ڕەگوڕیشە نەریتییەکەی خۆشی مابێتەوە. ئەوەی دەیبینین شێواوی و تێکەڵەیەکە لە هەمووی.

جیاوازی بۆچون و ڕوەتی مێژوویی ئەو دەوڵەتانە لە مێژووی نوێدا، مۆرکی خۆی خستۆتە سەر ئەو جیاوزی بیرکردنەوەیەی هەر پارچەیەک لە پارچەکان ئەمڕۆ خۆیانی تیادەبیننەوە. دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ توشی جۆرێکی تر لە دابڕانی مێژوویی و بێ یادگەیی بوین بەرامبەر بە یەکتری. ئەویش ئەوەیە کە هەر یەک بەجیا لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا دیوارێکی خۆماڵی بە دەوری خۆیدا هەڵچنیوە، کە دوبارە بۆتەوە ڕێگری پەیوەستبونەوە بەیەکترەوە. بۆیە دەڵێین ئەمڕۆ توشی بێ یادگەییەکی تر بوین نەک لەچاو سەیرکردنماندا بۆ جیهانی چواردەور و مێژوو، بەڵکو لەڕێژەی یەکتریدا و بەرامبەر یەکتر.

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، تا ڕادەیەکی زۆر هەریەک بەجیا لە هەوڵی دامەزراندنی بیری نەتەوایەتیدا بووین. بێیادگەیی یەکەم لە سەردەمانی مێژوویی زوترەوە دەستپێدەکات، وەک هەموو میللەتانی تری پێش کۆلۆنیالیستی. واتە بێئاگایی لە ڕەوتی مێژوویی جیهان و بەپەراوێزبوونمان. بێئاگاییمان لە خودی خۆمان و خۆماڵیبوونمان و نەزانینمان کە چی لە جیهاندا ڕودەدات. بێیادگەیی دووەم تا ڕادەیەک ئاگامان لە ڕوەتی مێژوویی جیهان هەیە، بەڵام ئاگامان لەیەکتری نیە وەک ئەوەی پێویست بکات. مەبەست هەر یەک لە پارچەکانە بەرامبەر یەکتری.

هەر پارچەیەک بە جیا سەیری مێژوو و جیهان و گەشەکردنی کردووە، بەپێی سیاسەتی ئەو دەوڵەتەی تێیکەوتووە. دەشێت ئەوە بوترێت کە ناکرێت چاوەڕوانی شەڕێکی تری جیهانی بکرێت بۆ ئەوەی میللەتی کورد لەو بێئاگاییەی ئەمڕۆشی بپەڕێتەوە.

خاڵێکی تری جیاکەرەوە و دابڕێنەر، هەبوونی دوو شێوە زاری سەرەکی گەورەیە لە زمانی کوردیدا. کە دیسان، جگە لەو هەموو سنور و دیوارە، ئەویش بۆتەوە بە نیمچە دیوارێک کە

ڕێگە لە یەکترتێگەشتنێکی سازگار و ڕەوان دەگرێت، ئەگەر هەموو میللەتی کورد تەنها یەک شێوە زاری هەبوایە، تێکەڵاوبون و پێکهاتنەوەی ئاسانتر دەبوو. جگە لەوەش، شێوە نوسینی کوردی بە دوو جۆر پیتی جیاوازە، کە دیسانەوە بۆتەوە ڕێگرێک لەبەردەم ئاڵوگۆڕی بیر و ڕۆشنبیری و لەیەکتێگەشتن. لەڕاستیدا دەبێت دەقە نوسراوەکان وەرگێڕدرێت لە دیالێکتێکەوە بۆ دیالێکتێکی تر، لە ڕێنوسێکەوە بۆ ڕێنوسێکی تر بۆئەوەی بخوێنرێنەوە، وەک هەموو دەقێکی تر کە لە زمانێکی بێگانەوە وەردەگێڕدرێت.

ئەو پارچانەی لە نێو دەوڵەتانی تورکیا و سوریادا جێگەکراونەتەوە، تەنها بە یەک شێوە زاری کوردی دەئاخفن، ئەویش شێوە زاری کرمانجی سەرووە. هەر یەک لە ئێراق و ئێران هەردوو، یاخود زیاتر لە دوو شێوە زاری تیا بەکار دەهێنرێت و نەبۆتە هۆی هەستی جیاکەرەوە و لەیەکدابڕان لە سنوری ئەو دەوڵەتانەدا، لەسەرێکی تریشەوە لە هەر دوو ئەو دەوڵەتەدا، ئەلفوبێی عەرەبی وەک ڕێنوس بەکار دەبرێت. سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە بۆ سەر ئەو کوردانەی کەوتونەتە سنورەکەیانەوە، وەک یەکە، هەرچەندە زۆرجار جیاوازی ئەو دوو دیالێکتە بۆ تەفرەدان بەکارهێنراوە.

## شێوە و ناوەرۆکی سیاسەتی کوردی و تێگەشتنی نەتەوەیی

پێش ئەوەی لە سیاسەتی ئایدۆلۆژی جیهانی بدوێین، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە بە درێژایی مێژوو هەر بزوتنەوەیەکی کوردی لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا دروست بووبێت و بە هەر ناوێکەوە هاتبێتە مەیدان و هەڵگری هەر جۆرە ئایدۆلۆژیا و دروشمێک بوو بێت، تەنانەت ئەگەر خێڵەکیش بووبێت، ئەوا لە پێداویستیەکی مێژوویی نەتەوایەتیدا خۆی بینیوەتەوە. سەرهەڵدانی هەر ڕاپەڕینێک سەیربکەین، دەبینین بەرپەرچدانەوەیەکی باری نەتەوایەتی میللەتی کورد بووە بەرامبەر دەسەڵاتدارێتی سەردەست و زۆر جاریش جیهان، بۆئەوەی بگاتە چارەسەرێک بۆ میللەتێکی ژێردەستە. واتە سیاسەتێکی نەتەوایەتی گرتۆتەبەر، چ بەئاگایی و چ بە نائاگایی. هەرچەندە ئەو هەستە زۆر لاوازیش بووبێت و قاوغی شۆڕشی چینی کرێکارانیشی لەخۆگرتبێت، تەنانەت ئەگەر بزوتنەوەیەکی لۆکاڵیش بووبێت.

هۆی سەرنەکەوتنی بزوتنەوەکانی پێشوو، تەنها ناگەڕێتەوە بۆ دڕندەیی دەسەڵاتدارێتی سەردەستی ئەو دەوڵەتانە و بارودۆخی مێژوویی جیهان. بەڵکو لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئەو بزوتنەوانە و کەمی وشیاری میللەتی کورد بەو مێژووەی کە تیایدا جوڵاوەتەوە.

ئەوەی سەری لە میللەتی کورد شێواندووە لەدوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە، دامەزراندنی سنورە و هێنانەدی هەستی نەتەوایەتییە لە ناوچەکەدا. (سەرەتا دروستبوونی بیری نەتەوایەتییە لە ناوەندی ئەوروپادا، وەک پێداویستییەکی قۆناغی گەشەسەندنی مرۆڤایەتی، دوابەدوا، لە دوای هەڵکوتانی دەسەڵاتداریێتی کۆلۆنیالیستی بۆ سەر جیهانەکانی دەرەوەی تەوەر، لەدوای ئەوانەشەوە هاتنەدی هەستی نەتەوایەتی میللەتانی سەردەست و چواردەوری میللەتی کورد. واتە بە سێ قۆناغ بیری نەتەوەیی گەشتۆتە ئێمە) شەڕوشۆڕەکانی پێشوو زیاتر سروشتێکی ئاینیی یاخود سونەتیی هەبووە. کورد لەو نێوانەدا تەنها داردەست بووە و خۆی خاوەنی بڕیاری شەڕهەڵگیرسان و پەلاماردانی لەدەستدا نەبووە. شەڕوشۆڕی نێوان دەوڵەتانی ئەو سەردەمەش، لەسەرزەمینی کوردەواریدا و لە ناوچەکەدا، سروشێکی نەتەوایەتی لە خۆ نەگرتوە. شەڕ تەنها بۆ ناوچەی دەسەڵات و پیتوفەڕی ناوچەکان بووە. هەڵبەتە زمان و دەستور و خوڕەوشتی دەسەڵاتدار زاڵ بووە و زمانی ڕەسمی و فەرمانڕەوایی بووە، بەبێ ئەوەی ئاگاییەکی نەتەوایەتی ئەو میللەتە سەردەستانەی لە پشتەوە بوبێت. لە هەمان کاتدا ڕێگا لە میللەتانی ژێردەستە نەگیراوە پەیڕەویی لە زمان و خوڕەوشتی خۆیان بکەن. وردە وردە یا ئەوەتا لەگەڵ میللەتی سەردەستدا تێکەڵاوبوون و تواونەتەوە، یاخود بارودۆخێکی مێژوویی هاتۆتە پێشێ کە دەسەڵاتداران لەناوبچن و ئەو میللەتانە بگەڕێنەوە سەر ڕێ و شوێنی باوی خۆیان، یاخود بکەونە ژێر چەپۆکی میللەتێکی ترەوە.

یەکەم هاواری کوردایەتی و پەیدابوونی پێداویستی بیرێکی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، دەگەڕێتەوە بۆ هاوارەکەی ئەحمەدی خانی. ئەویش لە سەرکردەیەکی کوردەوە نەکەوتۆتەوە، بەڵکو لە شاعیرێک و خەمخۆرێکەوە، کە هیچی لەدەسەڵاتدا نەبووە و تەنها واقعی کوردەوای دەرخستووە و ئاواتەخواز بووە کە کوردیش بتوانێت وەک هەموو میللەتانی چواردەوری بە سەربەخۆیی خۆی بگات. واتە لە ڕاستیدا تەنها خۆزگەخواستن بووە.

هەتا ئەو سەردەمە مێژووییە پێداوستی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و یەکپارچەیی و سەربەخۆیی، ئەوەندە بەهێز نەبووە کە ببێتە هۆی دروستبوونی بیری نەتەوەیی و وشیاربوون پێی، کە کورد بە پێوستیی هەوڵی بۆ بدات و خۆی بۆ ئامادە بکات. ڕەنگ بێت هیچ کاتێک کورد بیری لە پێداوستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوەندی نەکردبێتەوە، چونکە پێوستی پێنەبووە و شێوە ژیانەکەی بە ساکاری لە باوەشی سروشتدا ماوەتەوە و بەردەوامی پێداوە. بۆیە هیچ کاتێک ئەوە لە مێژوودا نابینین کە سەرکردەیەکی کورد هەوڵیدابێت بەزۆر هەموو کورد لەژێر دەسەڵاتداریێتی خۆیدا کۆبکاتەوە بە نیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوەندی، بەڵام سەرکردەی کورد دەبینین ببێتە پێشەوای موسڵمانان و دەوڵەتی ئیسلامی دامەزرێنێت.

لێرەدا نابێت ئەوەشمان لەیادچێت کە دراوسێکانی کورد هەمیشە دەوڵەتانی بەهێز و گەورەبوون و خۆی لە خۆیدا بۆتە ڕێگری پێکهاتن و سەرهەڵدانی میللەتێکی بەڕێژە بچوک و لاوازی وەک کورد. بەهەرحاڵ میللەتی کورد بەبێ گیروگرفتێکی ئەوتۆ هەمیشە توانیویەتی گوزەرانی ژیانی خۆی بەڕێوەبەرێت، بە پڕاوپڕی ئەو ژیانە ساکارەی لەو سروشتە دەوڵەمەندەدا کە تیا ژیاوە و ئەو تەنکی دانیشتوانەی کوردستان، لەچاو پانتایی ئەو زەوی و زارانەی کە توانیویەتی و ویستویەتی بەبێ گیروگرفت هاتۆچۆیان تیادا بکات.

کاردانەوەی ئەو بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە بۆتە هۆی ئەوەی کە عەقڵییەتی سیاسی کوردی (هەتا ئێستاش) لەجیاتی سیاسەتی یەکخستن و کۆکردنەوە لە دەوری سیاسەتێکی نەتەوایەتی گشتی و بەرژەوەندی گەلی کورد کە خەمی گەورە و بچوکی ئەو میللەتە بخوات، ئەوا لە سنورێکی تەسکی ناوچەیی زیاتر دەرنەچووە و نەیتوانیوە جیهانبینییەکی گشتی بۆ خۆی داڕێژێت. لە ڕاستیدا، لە مێژووی نوێشدا هەر پارتێکی سیاسی کە دەرکەوتووە و هاتۆتە مەیدانی سیاسەتەوە و پراکتیزەی بیروبۆچونەکانی کردوە، لە دابەشکردن و پەرتکردن و دوبەرەکایەتی و دوژمنایەتی نانەوە زیاتر هیچی تری لە ناو خودی میللەتی کوردا ئەنجام نەداوە. چونکە ئاگایی مێژوویی لە پشتەوە نەبووە کە هەوڵی یەکخستنەوەی میللەتی کورد بدات. زۆربەی زۆری بزوتنەوەکان تەنها لە سیاسەتێکی خۆڕسک و خۆماڵی پێکهاتووە کە کاردانەوەیەکی سروشتی هێرشەکانی دوژمن بووە. بۆیە هیچ یەکێک لەو بزوتنەوانەی پێشوو نەیانتوانیوە لە سیاسەتێکی تەسکی ناوچەیی دەرچن. نەیانتوانیوە سیاسەتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیەک لەخۆ بگرن کە بتوانن لە سنوری ناوچەیی تێپەڕ ببن و پارچەکانی تریش بگرنەوە، یاخود تێوەی بگلێنن. بۆیە دەبینین ئەو بزوتنەوانە زیاتر بونەتە هۆی شەقپێبردنی بنەمای کۆمەڵگای خۆماڵی کوردی کە بە سروشتی پێکهاتووە. ئەو یەکێتییە خۆڕسکەی کە کۆمەڵانی خەڵکی وەک پارچەیەک، بە زمانێک قسە دەکەن و لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دەژین، هەڵوەشاندۆتەوە و زیاتر زیانی پێگەیاندووە وەک لە سود و قازانج، چونکە هیچ یەک لەو بزوتنەوانە بە ئامانجی سەرکەوتن نەگەشتووە.

هەرچەندە ئێمە دەزانین بزوتنەوەی نەتەوایەتی، بزوتنەوەی یەکگرتنەوەی میللەتێکە کە یەک چارەنوسیان هەیە و بەرەو یەک ئاڕاستەی مێژوویی هەنگاو دەنێن. ئەوەی لە لای ئێمە ڕویداوە و ڕودەدات، هەتا ئێستاش هەر بە پێچەوانەوە بووە. بۆ نمونە کە پارتێکی سیاسی کوردی کەوتۆتەوە، تەنها هەوڵی ئەوەی داوە کە ئەندامەکانی ڕو لە زیادی بکەن و تەنها ئەندامانی ئەو پارتە ڕاست دەکەن و تەنها ئەوان مافی ژیانیان هەیە و ئەوی ئەندام نەبێت نەک تەنها جێگەی لەو پارتە سیاسییەدا نابێتەوە، بەڵکو لە کۆمەڵگا کوردەوارییەکەی دوێنێشدا جێگەی نیە و زۆرجاریش ناپاکە و سەر بە دوژمنە و دەبێت لەڕیزی ئەوان لەقەڵەم

بدرێت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێتە مەترسی بۆ پارت و زۆرجاریش درێژەی پێدەدەن کە دەبێتە دوژمنی گەل و نیشتیمان.
مەبەست لێرەدا ئەوەیە هەتا ئێستا ڕێکخراوێک، بزوتنەوەیەک پێکنەهاتوە کە لە سەرو بەرژەوەندی تاکە پارتێکەوە بڕوانێتە کێشەی کورد و خاوەنی بەرنامە بێت و خۆی بە خاوەنی ئەو مەسەلەیە بزانیت و بەرژەوەندی هەموو گەل لە ئەستۆ بگرێت. چ ئەوەی سەر بە پارتێکی سیاسییە، چ ئەوەی کە کابرایەکی بازرگانە و ئاگای لە هیچی تر نیە، چ ئەو منداڵە هەتیوەی نازانێت بۆچی باوکی کوژراوە. ئەوەیە کە دەبێت پێی لەسەر دابگرین، ئێمە پێویستمان بە سیاسەتێکە کە گشتگیر بێت، نەک تەنها لە سەرکەوتن یا ژێرکەوتنی پارتەکەیەوە بڕوانێتە سیاسەت و کۆمەڵگای کوردەواری.

## نەتەوایەتی چییە و چۆن لە بیری نەتەوایەتی تێدەگەین؟

بیری نەتەوایەتی گرێدراوی بەرژەوەندی و داهێنراوی بۆرژوازییەت نیە، وەک ئەوەی هەتا ئێستاش خەڵکانێکی زۆر واتێیگەشتوون. هەر وەک مارکسیەت فێرمان دەکات کە سەرمایەداری پێوستی بە چوارچێوەیەکی نەتەوایەتی هەیە بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکان و گەشەسەندنی. بۆرژوازییەت گەورەترین سودی لە بیری نەتەوایەتی بینیوە و هەتا دوا تنوکی چۆڕاندویەتی و بەکاریهێناوە، وەک هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تر، هەرچەندە پێداویستییەکی مێژویی و کۆمەڵایەتیش بێت، ئەوا دەتوانرێت لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیایەکەوە ئاڕاستە بکرێت و لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدار بەکاربهێنرێت.
بیری نەتەوایەتی زیاتر گرێدراوی تێگەشتنی پێگەشتن و تەواوکاری کەسایەتی مرۆڤە کە وەک پێداویستییەک دێتە پێشێ و زمان دەورێکی سەرەکی تیادەبینێت، پێویستە هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەبێت کە بە زمانی دایکی بئاخفێت و بیربکاتەوە و تیایدا پەروەردەبێت. ئەو چوارچێوە دەرونییە، بۆ جێگیربوونی ئەو کەسایەتییە پێداویستییە و هەروەهاش بۆ گەشەکردنی دوابەدوای، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە ئیتر پێویست ناکات بیری لێبکاتەوە و لەدوای تێربوون دەیەوێت لێی تێپەڕبێت، بەڵام هەموو کاتێک دەبێتە ئەو پەنایەی کە بتوانێت بە ئاسانی بگەڕێتەوە سەری.
تا ئەو کاتەی نەتەوایەتی لە خزمەتی بەرگری مرۆڤ و ژیان و مانەوەیدا کاربکات و هەوڵی پێشخستن و سەرکەوتنی بدات دژی چەوسانەوە و ژێردەستەیی، ئەوا لە ئاڕاستەی مرۆڤایەتیدا دەڕوات و بە هیچ شێوەیەک دژی ناوەستێتەوە. بە پێچەوانەوە دەتوانین بڵێین کە ئەگەر لەبەرچاو نەگیردرێت، ئەوا لەو بارودۆخە مێژووییەدا، مرۆڤایەتی بەشێکی گرنگی ناتەواوە و هەر دەبێت لە کاتێکی تردا بگەڕێتەوە سەری. لێرەدا نابێت ئەوەمان لەیادبچێت

ئەگەر بیری نەتەوایەتی لەوە تێپەڕ ببێت کە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا و هەوڵی ئەوە بدات کە فەرزی میللەتێک بدات بەسەر میللەتێکی تردا، ئەوا ڕاستەوخۆ دژایەتی مرۆڤایەتی دەکات و قەوارەیەکی بۆش و بەتاڵ دەداتە ئەو میللەتە. لە باری دەروونیشەوە تەنها دوژمنایەتی دەخاتەوە لەگەڵ میللەتانی چوادەوردا، کە هیچ بنەمایەکی زانستی و مرۆڤایەتی نیە بۆ ئەوەی بسەلمێنرێت کە میللەتێک لە میللەتێکی تر باشترە. هەر بۆیە دەبێت تا ئەو کاتە دەستڕابگیردرێت بە چوارچێوەی نەتەوایەتییەوە کە بەستراوەتەوە بە بەرگریکردن لە بوون و مانەوەی ئەو میللەتە و پارێزگاری لێدەکات و قەوارەی خۆی لەسەر دادەڕێژێت و هیچی تری ناوێت لەوەی زیاتر کە ئەویش لە تەنیشت میللەتانی ترەوە یەکسان بێت و نە لە ژێر ئاستی ئەوانەوە، نە لە سەروی ئەوانەوە. ئەو کاتە دژایەتی میللەتانی تر ناکرێت، بە ئەندازەی ئەوەی داوای مافی ڕەوای خودی ئەو میللەتە دەکرێت و ئەو ڕکەبەرایەتیی و جیاوازی خستنەوەیە دروست نابێت و هەنگاوی یەکەمە بۆ دامەزراندنی دیالۆگ و ڕێز لە جیاوازی یەک گرتن.

لە کۆتاییدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەوەندەی لە مرۆڤایەتیدا بەشدارین، ئەوەندە جیاوازی زمان لەیەکتریمان جیاناکاتەوە.

نەتەوایەتی زیاتر لەوەی کە ئایدۆلۆژیا بێت، ستراتیژییەتی بەرژەوەندی گەلێکە و ناتوانرێت بخرێتە قاڵبی ئایدۆلۆژیاکانەوە. لەبەر ئەوە دەشێت شێوەی دیموکراتی، یاخود دیکتاتۆری لەخۆی بگرێت. شێوە فاشیستییەکەی بەرەو دیکتاتۆریی دەڕوات و شێوە لیبرالەکەی بەرەو دیموکراتیی. شێوەی تێگەشتن لە نەتەوایەتی ئاڕاستەی دەسەڵاتدارێتییەکە دەستنیشاندەکات. ئەگەر ئێمە لەوە تێبگەین کە نەتەوایەتی بەشێکە لە ناسنامەی کۆمەڵێک خەڵک کە بە هۆی زمان/مێژوو/کەلتوور... لە کۆمەڵێکی تر جیایاندەکاتەوە و ئەوانیش بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان هەیە، ئەوا دەتوانین هەنگاو بەرەو سیاسەتێکی دیموکراتی بنێین. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ئێمەش دان بەوەدا بنێین کە ئێمەش هیچمان کەمتر نییە لە میللەتانی تر و بەوان یەکسانین، تەنها ئەوەی دەمانەوێت ئازادی و سەربەخۆیی خۆمانە و هیچ کاتێک نامانەوێت خۆمان بە باشتر بزانین، ئەوا بنچینەی ئەوەمان داڕشتوە کە ڕێگاخۆشکەری سیاسەتێکی دیموکراتی بین و بەرەو یەکگرتنەوە بڕۆین و دورکەوینەوە لە دیکتاتۆری و فاشستی. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ سیاسەتی دیموکراتی ئەورووپی بکەین بەوەی سەرێکی بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی نەتەوایەتیانەوە.

لە ڕاستیدا ئێمە نامانەوێت ئەوەمان لەیادبچێت کە ئەگەر پەیڕەوی سیاسەتی بەرپەرچدانەوە بکرێت، ئەوا دەبێت سیاسەتی فاشستی و دیکتاتۆری و سیاسەتی زەبروزەنگ پیادەبکرێت، چونکە لە ڕاستیدا ئەو سیاسەتە بەرامبەر میللەتی کورد پیادە دەکرێت. تەنها ئەوساشە کە دەبین بە تەڵەکەوە، چونکە ئەوسایە کە دەتوانرێت بە هەموو چەکێک دژمان بوەستنەوە و بە

هەموو شتێک تاوانبار بکرێین تەنها ئەوە نەبێت کە میللەتێکین بۆ مافی ڕەوای خۆمان هەوڵدەدەین.
دامەزراندنی سیاسەتێکی لەو چەشنە ئاسان نیە و تێگەشتنی گشتی و وشیاری دەوێت. زەبروزەنگ نابێت زەبروزەنگ بخاتەوە، بەڵکو دەبێت وشیاری بخوڵقێنێت کە بۆچی بەرامبەر من ئەو زەبروزەنگە بەرپادەکرێت و بەکاردەهێنرێت و نەفی بوونمی پێدەکرێت. چ وەک ناسنامە و چ وەک جەسەدی.
ئەمڕۆ سیاسەتی جیهان دەیەوێت نەبیت، ئەگەر هەشبیت، ئەوا بەزەبروزەنگ بیت و حەز دەکات هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەو بیت، ئەوەی لە مێژووی نوێدا جیگای نابێتەوە. بگرە زۆر جار بە ناڕاستەوخۆ دەبێتە پشتگیری ئەو سیاسەتە بۆئەوەی هەوڵی لێدان و لەناوبردنی بەدەستەوە بێت. ئەگەر لێرەدا بگەڕێینەوە سەر تێگەشتنی سیاسەتی جیهانی، دەتوانین ئەوە بڵێین کە تێگەشتنی سەعات بە سەعاتی ئاڵوگۆڕی ئەو سیاسەتە، نیوەی چارەسەری کێشەی کوردە. بۆ نمونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەوا بلۆکی کۆمۆنیستی و ڕێبازی مارکسی، یەکێک بووە لە بنەڕەتە نەریتییەکانی شۆڕش و شۆڕشگێڕی دژی ڕژێمی سەرمایەداری و ئیمپریالیستی، دەبوایە کوردیش وەک هەموو میللەتێکی چەوساوە ڕوی تێبکات و باوەشی بۆ بکاتەوە. ئاشکرایە کە هەڵگرتنی ڕێبازی مارکسی، دژیایەتی کردنی سیاسەتی ڕۆژئاوایە، ئەوەی بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی میللەتی کورددا نایەتەوە، بەڵام جارێک بابزانین ئەگەر لە سەرەتادا پ.ک.ک. وەک ڕێبازێکی فیکری سەر بە بلۆکی کۆمۆنیستی نەبوایە، ئایا هیچ سیاسەتی ڕۆژئاوا دەیتوانی لە ئەستۆی خۆی بگرێت، یاخود بە پێچەوانەوە، ئایا پ.ک.ک. دەیتوانی باوەش بۆ هێچ یەکێک لە ڕێبازەکانی سیاسەتی ڕۆژئاوا بکاتەوە، کە بیکاتە نمونە نەک پاڵپشت؟
ئەگەر بەگشتی سەیری سیاسەتی دەروەی ڕۆژئاوا بکەین، ئاشکرایە ئەو سیاسەتە هیچ کاتێک نابێتە پاڵپشتی میللەتێکی چەوساوە، ئەگەر نەبێتە داردەست و لە بەرژەوەندی ئەو کارنەکات. ئەگەر وەک میللەتی کوردیش بڕوانینە کێشەکە، ئەوا سیاسەتی جیهانی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتانەدا نیە کە کوردستانیان پێوەلکێنراوە. هەر بۆیە دەبینین وەک پێداویستییەکی لێهاتبوو کە خۆبەخۆ دەبێت کورد سیاسەتێک هەڵبژێرێت کە سەر بە ڕێبازی بلۆکی کۆمۆنیستی بێت. هەرچەندە سور دەزانین کە سیاسەتی کۆمۆنیستی جیهانیش تەنها قاوغەکەی مابوەوە و لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا لە بەربەرەکانێ و لە ناوەرۆکدا لەدوی جێپێ و ناوچەی دەسەڵات دەگەڕا، بۆ مانەوە و بڵاوکردنەوە و جێقایمکردنی دەسەڵاتداریتی خۆی.

ئەمڕۆ کە بلۆکی کۆمۆنیستی هەرەسی هێناوە، دەبێت بە چاوێکی ترەوە سەیری سیاسەتی جیهان و سیاسەتی کوردیش بکرێتەوە و ئەوە لەبەرچاو بگیردرێت کە ئیتر ڕێبازی کۆمۆنیستی، ڕێبازی ڕزگاریخوازی کورد نیە. دەبێت بگەینە ئەو ڕاستییە کە ئەگەر تەنانەت بە بیروبۆچونەکانی مارکسیش بیر لە شۆڕشی چەوساوە بکەینەوە، ئەوا ناواخنی مارکسیەت ئەمڕۆ بە شێوازێکی تر دەشکێتەوە. ئەویش ئەوەیە، گەر جیهان بۆ مارکس ئەوسا تەنها خۆرئاوا بووە و کرێکاری تێدا بێبەش بووە و تیایدا چەوساوەتەوە، ئەوا ئەمڕۆ جیهانی ڕۆژئاوا هەمووی دەوڵەمەندە و دەوڵەتان و میللەتانی چواردەوری ڕۆژئاوایە کە کرێکارە و دەچەوسێتەوە و بێبەشە. کەواتە لە ئەمڕۆی جیهاندا دەتوانین بڵێین کە بە تێکڕایی دەوڵەتێک توشی تیرۆر دەبێت، بە تێکڕایی میللەتێک لەناودەبرێت و ژێردەست دەخرێت. هەربۆیە دەبێت سیاسەتی کوردی لەوە تێبگات کە شۆڕش بۆ ڕزگارکردنی کرێکار ناکات لەدەستی سەرمایەداری، بەڵکو میللەتێک کرێکارە و دەبێت ڕزگاربکرێت. ئەوسا وەک نمونەکەی پ.ک.ک دەبێت بە پ.گ.ک واتە پارتی گەلی کوردستان. ئەوسا لە جێگەی ئاڵای سوری جۆراوجۆر، تەنها ئاڵای کوردستان بەرزدەکرێتەوە کە دەبێتە ئەو دروشمەی هەموو میللەتی کورد لە ژێریدا کۆبێتەوە بەبێ ئەوەی سەر بە هیچ لایەنێک بێت.
هەر وەک لە جێگایەکی تردا باسکرا، زۆربەی پارتە سیاسییەکان بە ئاگایی، یاخود نائاگایی بونەتە هۆی پەرتکردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکێتییە خۆرسکە سروشتییەی میللەتی کورد، ئەوا بەرزکردنەوەی ئاڵای سوریش دیسانەوە هەمان ئامانج دەپێکێت و لەو ڕێگەیەوە دەڕوات. هەربۆیە زۆر گرنگە ئاڵای کوردستان ببێتە دروشمی ڕزگاریخوازی گەلی کورد. گەلی کورد هەتا هەتایە دەمێنێت، بەڵام ئاساییە پارتێک دروست بێت و لەناوبچێت.

## بیری نێونەتەویی چۆن و لەچی پێکهاتووە؟

ئەوەی پێی دەوترێت پەیوەسبوونی نێونەتەوەیی، یاخود یەکگرتن و یەکگرتنەوەی دوو میللەتی ژێردەستە، بە کورتییەکەی دەتوانین بڵێین کە پڕۆژەیەکی مەحاڵ و ناهاوسەنگە. چونکە ئەو میللەتە ژێردەستانە، نەبونەتە خاوەنی کەسایەتییەکی سەربەخۆ و ناتوانن لەسەر ئاستی سەربەخۆییەوە پەیوەندییەکی هاوسەنگ و هاوتا بەرامبەر یەکتری دامەزرێنن. ئەگەر لە بارودۆخێکی ئاوا تایبەتیشدا، پەیوەندییەکی لەو شێوەیەش دروست بێت، ئەوە تەنها پەیوەندییەکی بەرژەوەندیی کاتییە، یاخود تاکتیکێکی دیاریکراوە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو، تا ئەو کاتەی هەریەکەیان ڕزگاری دەبێت و هیچی تر. واتە پێداویستییەکی کاتی و مێژوویی ئەو کارەیان پێدەکات و لەیەکتریان نزیکدەکاتەوە، نەک تێگەشتنێکی سەربەخۆ کە یەکتری قبوڵ بکەن وەک دوو میللەتی بۆ نموونە نزیک لەیەک، لەلایەنی کۆمەڵایەتی

یاخود مێژوویی، یاخود کەلتوورییەوە. تەنها هاوبەشییەک کە هەبێت، ئەوەیە کە باری دەرونی ئەو دوو میللەتە لەو ساتە مێژووییەدا، لە هێڵە گشتییەکانیدا وەک یەکە، ئەویش هەستی ژێردەستەییە و هەوڵ و خەباتی ڕزگاربوونە. لە ڕاستیدا هەر میللەتێک بەپێی توانا و بارودۆخی مێژوویی خۆی سەودا لەگەڵ شێوەی ئەو جۆرە بەرگرییەدا دەکات کە بۆ ئەو گونجاوترینە. دەتوانین بڵێین ڕاستە کە دەوترێت نەخۆش لە نەخۆش تێدەگات و هەست بە ئازاری یەکتری دەکەن، بەڵام کە یەکێکیان چاکبووەوە، ئیتر ئەو هەستانەی نامێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی لەش ساغان. ئەو جیهانەی کە لە بارودۆخی سروشتیدا دەبێت تێیدا بژی. پەیوەندی دوو مرۆڤی لەش ساغ وەکو پەیوەندی دوو مرۆڤی نەخۆش نیە. بەهەمان شێوە، پەیوەستبوونی دوو میللەتی ژێردەستە و دوو میللەتی سەربەخۆ جیاوازە.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ بکەین، ئەویش پێکهاتنی بیری نێونەتەوەیی سەرەڕای ئەوەی دەبێت لە ئازادییەکی بی سنوردا بەرپابێت، ئەوا دەشگەڕێتەوە بۆ ئەو تێگەشتنەی هەر تاکێک هەیەتی بەرامبەر خۆی و چواردەورەکەی و جیهان. بیری نێونەتەوەیی ئایدۆلۆژییایەک نیە کە میللەتێک، یاخود پارتێکی سیاسی دوای بکەوێت و پراکتیزەی بکات، بەڵکو بیرێکی مرۆڤایەتییە و ئاستی پێشکەوتن و بیرکردنەوەی تاکەکەسیی مرۆڤ دەیگاتێت. هیچ کاتێک، تەنانەت لە سەردەمێکی ئازادیشدا میللەتێک نابێتە هەڵگری ئەو بەناو ئایدۆلۆژیایە بەرامبەر میللەتێکی تر، بەڵکو پرۆسەیەکی خاو و گشتیە و لە ڕێگەی یەکگرتنەوە و تێگەشتنی جیهانیەوە دروست دەبێت کە مرۆڤایەتی هەمووی لە بنەما سەرەکیەکانیدا وەک یەکە و مرۆڤ دەشێت لەیەکتری تێبگات و لەگەڵ یەکتریدا هەڵسوکەوت بکات لەسەر ئاستێکی هاوسەنگی و لەیەکترتێگەشتن. هەموو مرۆڤێکی بەئاگا و وشیار دەبێت هەڵگری ئەو ناوەرۆکە مرۆڤایەتییە بێت و لەوێوە سەردەربێنێت بۆ هەڵسوکەوتە خۆماڵییەکان. واتە بیرکردنەوەی جیهانی و پراکتیزەکردنی خۆماڵی.

دەبێت ئەوە لەیادنەکەین کە مرۆڤ ناتوانێت لە بەرپرسیارێتی و ئەرکی مێژوویی داسەپاو بەسەریدا ڕابکات، بەناوی ئەوەی بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەوڵ دەدات و بە یەکجار لەو ڕێگەیەوە خۆشی ڕزگار دەکات. هەڵەکەی ئێمە یاخود هەڵەی بیری نێونەتەوەیی کە کراوە بە ئایدۆلۆژیایەک، کە لە ڕاستیدا ئایدۆلۆژیا نیە، لەوەدایە کە ئێمە لە ڕەوتی مێژوویی تێنەگەشتوین و لە ڕاستیدا بەپێی ئەو بیروبۆچونە لە بەرپرسیارییەکی مێژوویی ڕادەکەین و تەنها ئەوەش دەکەین بە ڕوپۆشێک بۆ ئەو ڕاکردنە. هەندێک جار تەنها وشیارنەبوونە بە مێژووی خود و چواردەور و جیهان.

من ناتوانم ئەرکی ڕزگاربوونی خۆم بخەمە سەر شانی مرۆڤێکی تر. یاخود بە پێچەوانەوە ناتوانم مرڤێکی تر ڕزگارکەم کە خۆم ژێردەستەبم. من ئەگەر برسیبم، ناتوانم مرۆڤیکی تر تێربکەم و هیچ مرۆڤێکی برسیش ناتوانێ ئەو پێویستییە بۆ من پڕبکاتەوە.

هەر وەک چۆن بیری نەتەوایەتی خۆی لەخۆیدا ئایدۆلۆژیایەک نیە، بەهەمان شێوەش بیری نێونەتەوەیی ئایدۆلۆژیا پێک ناهێنێت. لە ڕاستیدا بیری نێونەتەوەی دەنگدانەوەیەکی کپی بیری یەکگرتنەوەی مرۆڤایەتیە کە بە هەڵە ئەو ناوەی لەخۆگرتووە، چونکە بیری مرۆڤایەتی گەلێگ گشتگرتر و پڕاوپڕترە بۆ ئەوەی هەنگاوی بۆ بنرێت و هەوڵی لەیەکتێگەشتن بدرێت. هەر وەکو پێشتریش ئاماژەی بۆکرا، دەبێت لە جیهانێکی سەربەخۆوە پەلبهاوێژرێتە دەرەوە و یەکتری بناسرێتەوە. نەک لە پەلەقاژێی ژێردەستەیی و وەکو هاوارێکی "منیش هەم" و لەترسی نەمان، وەک دروشمێک بەرزبکرێتەوە.
بۆ نموونە چەندین جار هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی دراوە لە نێوان بزوتنەوەیەکی کوردی و بزوتنەوەیەکی فەلەستینیدا و هیچ کاتێک شتێکی ئەوتۆی لێ نەهاتۆتە بەرهەم و زۆر جاریش لەو ڕێگەیەوە توشی هەڵواسینی سیاسی بووە بە بابەتێکی لاوەکییەوە کە بە زیانی ئەو بزوتنەوە کوردییە شکاوەتەوە. هەڵبەتە زۆربەی ئەو هەوڵدانانە لەڕاستیدا نەزۆک بون. چونکە لە ڕێگایەکەوە کوردی پەلکێشی سیاسەتی نێودەوڵەتی کردووە، کە تەنها دوژمنی بۆ خۆی زیاد کردوە زیاتر وەک لەوەی دۆست بدۆزێتەوە. سەرەڕای ئەوەی ناچاری کردووە هەندێک سیاسەت و بۆچون قبوڵ بکات کە لە بەرژەوەندی کورد نەشکاوەتەوە و زۆر جاریش ناڕاستەوخۆ دژی وەستاوەتەوە. ڕەنگ بێت زۆر جاریش تەنها لە بەرژەوەندی پارتێکی سیاسی یاخود مانەوەی دەسەڵاتداریتی بزوتنەوەیەک لە دەستی سەرۆک پارتێکدا، ئەو هەوڵدانانە ئاڕاستەی وەرگرتبێت.
لەلایەکی ترەوە ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە ئەگەر بزوتنەوەیەکی کوردی بە دڵسۆزانە ویستبێتی پەیوەندییەکی سیاسی لەگەڵ بزوتنەوەییەکی کوردی تری پارچەیەکی تەنیشتدا دامەزرێنێت، ئەوا لە ڕاستیدا گوڕێکی تازەی داوەتە بزوتنەوەی کوردی و تروسکەی هیوایەکی داوەتە میللەتە دابەشکراوەکەی هەردوو پارچەکە. بۆیە لە مێژوودا دەبینین کە هەوڵی لەو چەشنە، خێرا دەسەڵاتدارانی ئەو ڕژێمانەی بەئاگا هێناوەتەوە کە بەهەموو چەشنە ڕێبازێک لەو هەوڵدانانە بدەن و ڕێگەی لێبگرن، یاخود لەناوییبەن.
نەک نەهێشتنی پەیوەستبوونی دوو بزوتنەوەی کوردی، یاخود نزیکبوونەوەیان لەیەکتری، مەترسی دەسەڵاتدارانی برەو پێداوە، بەڵکو لەسەر ئاستی ڕۆشنیریی و ئەدەبیش نەهێڵدراوە میللەتی کورد پەیوەندی دروست بکات. بۆ نموونە لە کاتی ڕاپەڕینەکەی باشوری کوردستاندا، لە یەکێک لەو بەڵگەنامە نهێنیانەی کەوتبووە دەست خەڵکی، ئەوەی تێدا ئاشکرا کرابوو، کە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کوردی لە هەوڵی دروستکردنی، یاخود دامەزراندنی بنکەیەکن بۆ پێکهێنانی زمانی یەکگرتووی کوردی. بەڵگەنامەکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە بە زوترین کات ئەو سەرانە بدۆزرێنەوە و لەناوببرێن.

بیری یەکگرتنەوەی میللەتانی ژێردەستە، یاخود تەنانەت ئەوەش کە دەڵێت چەوساوەکان یەکبگرن، لە ڕاستیدا هەڵەیە و تەنها بەرژەوەندییەکی کاتی و مێژوویی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، نەک تێگەشتنێکی مرۆڤانە و پەیوەندییەکی هاوسەنگ و بەرامبەر. هەڵبەت مەبەست لێرەدا ئەوەنییە کە پشت لە هەموو جیهان بکرێت و تەنها لەخودی میللەتی کورددا چەقببەستین، بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە کە تێگەشتن لە بارودۆخی مێژوویی و ئاڕاستەکردنی تواناکان لەو ڕاڕەوەوە کە پێچەوانەی مێژوو ناوەستێتەوە و تەواوکەر و پڕکەرەوەی ئەرکە مێژووییەکانە. لەم بارودۆخەی ئێمەدا بەرژەوەندی سەرخستنی میللەتێکە کە لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی بێبەشە. هەمان ئەو ئەرکە مێژووییە، ئەوەش دەسەپێنێت بەسەرماندا کە دەبێت لە ڕاڕەوی گشتی چوادەور و جیهان تێبگەین بۆ ئەوەی تیایدا هەڵسوکەوت بکەین و توشی دابڕان و چەواشەیی نەبین. بەڵکو بتوانین وەک پێویست تیایدا هەڵسوڕێین.

ئەگەر ئێمە لە چۆنێتی کێشەکەی خۆمان تێبگەین، ئەوسا دەتوانین لە چوارچێوەیەکی ڕون و ئاشکرادا سیاسەتی ڕزگاریخوازی نیشتمانی داڕێژین. ئەگەر ئامانجەکانمان دیارکراو بێت و بزانین چۆن دەجوڵێینەوە، ئەوا تێکەڵی گێژاوی فکری و ئایدۆلۆژی جیهانی نابین، لە ڕاستیدا ئێمە نامانەوێت ڕژێمی جیهان بگۆڕین جگە لەوەی کە ناتوانین، ئەوا ئەرکی سەرشانی ئێمەش نیە هەموو مرۆڤایەتی ڕزگاربکەین. دەبێت لەو خەیاڵپڵاوە بێینە دەرەوە و بەرپێی خۆمان ببینین کە لە ڕاستیدا ئەوەی ئێمەش دەمانەوێت ئەوەیە کە وەکو ئەوان بژین و وەکو ئەوان هەبین، ئەوسا بەیەکەوە بۆ مرۆڤایەتی هەوڵ دەدەین و خەیاڵی جیهان گۆڕین دەکەینەوە. مرۆڤی ژێردەستە ناتوانێت جیهان ڕزگار بکات، لە پێش ئەوەی خۆی ڕزگارکردبێت. ئەگەر ئەوەندەی توانای هەیە، ئەدی بۆچی خۆی ژێردەستەیە؟

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، ئەوەیە کە ناکرێت پەیوەستی فکر و ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی بین و لە ڕاستیشدا ئەرکی مێژوویی داوای بابەتێکی ترمان لێ بکات و لە ڕاڕەوێکی ترەوە بڕوات. بۆ نموونە، کاتێک دادگایان بۆ ماندێلا دانا، بەزۆری زۆرداری دەیانویست تاوانی کۆمۆنیستی بخەنەپاڵ کە دەیەوێت ڕژێمی ئەفریقای باشور بەرەو کۆمۆنیستی هەڵگێڕێتەوە. ماندیلا ئەوەندە شارەزا و لێهاتوو بوو بە هەموو هێز و توانایەکییەوە بەرگریی لەوە دەکرد کە ئەو لە ژیانیدا کۆمۆنیست نەبووە و هیچ کاتێکیش نەیویستووە کۆمۆنیست بێت. تەنها ئەوەی دەیەوێت وەک ئەوان بژی و ژیانێکی دیموکراتی بۆ ڕەش و سپی دامەزرێنێت. هەمووشمان دەزانین لەسەر ئەو سیاسەتە بەردەوام بوو تا گەشتە ئەو ئامانجەی، کە بتوانێت ڕژێمێکی ئاوا دڕندە هەڵگەڕێنێتەوە. لێرەدا دەبێت سەرنجی دوو خاڵی گرنگ بدەین، یەکەم تێگەشتنی قۆناغی مێژوویی. دووەم گرێنەدانەوەی فکر و ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی بە ڕزگاری نیشتمانییەوە. ماندێلا لە کاتێکدا حاشای لە کۆمۆنیستی دەکرد کە کۆمۆنیستی

تێکەڵاوی زۆربەی زۆری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی بوو بوو. ئەو دەیزانی ڕەشەکانی باشوری ئەفریقا بەو ڕێبازە ڕزگاریان نابێت و گرتنەبەری سیاسەتێکی دیموکراتی، وەڵامدانەوەی پێداویستییەکی مێژووییە.

مێژووی گرێدانی کۆمۆنیستی بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی دژی داگیرکەرانی بێگانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە ڕۆژئاوا بە گشتی لە جیهاندا خاوەنی دەسەڵاتی کۆلۆنی بووە و دژی ڕژێمی سۆڤیەتی ئەوسا بووە. تەنها ڕێگەیەک کە ڕژێمی سۆڤیەتی دەیتوانی دژایەتی ئەمریکا و ڕۆژئاوای پێبکات، لە ڕێگەی ئەو میللەتە ژێردەستانەوە بوو کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتی کۆلۆنیالیدا دەجەنگان. ئەو پاشەڕۆیە هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە و زۆر لە بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ئەمڕۆی جیهان هەتا ئێستاش تەپڵی بۆ لێدەدەن و دوای دەکەون. ئەوەی ئاشکرایە ئەو ململانێیەی سۆڤیەت لەگەڵ ئەمریکادا دەیکرد، لەبەرچاوی کاڵی میللەتە ژێردەستەکان نەبوو، بەڵکو هەزاران جار لەسەر ناوچەی هێز و دەسەڵاتدارێتی سیاسی و جێگاپێی ستراتیژی، دەکڕان و دەفرۆشران و بەکاردەبران، بۆ بەهێزکردنی جێپێی سۆڤیەتی لە دژی ئەمریکا.

دژوەستانەوەی سۆڤیەت لە بیروباوەڕی مرۆڤپەرستییەوە هەڵنەقوڵابوو، بەڵکو لەسەر دەسەڵات بەسەرداگرتنی جیهاندا ڕەنگی دەدایەوە. سۆڤییەت دە ئەوەندەی ئەمریکا سەرمایەدار بوو، دە ئەوەندەی کۆلۆنیستەکان میللەتانی خۆی دەچەوساندەوە و تیرۆری دەکرد. پێش ئەوەی جەنگی جیهانی دووەم دەستپێبکات، ستالین کوشتنی بیست و پێنج ملیۆن کەس لە میللەتانی خۆی بە گەردنەوە بوو.

## پێکهاتەی دەسەڵاتدارێتی ڕۆژئاوا و چۆنێتی خۆجێکردنەوە لە ڕەوتی مێژوویی جیهاندا.

جیهانی تەوەر لەسەر بەرژەوەندی خۆی دامەزراوە و هەتا بۆی بکرێت و بۆی بلوێت، ئەو بەرژەوەندییە پەرەپێدەدات و دەپارێزێت و پتەوی دەکات. ئەگەر لە دەرەوەی تەوەرەوە، میللەتێک، دەوڵەتێک بیەوێت، نەک تەنانەت بەشداری ئەو بەرژەوەندییە بکات و جێگەی خۆی بکاتەوە، بەڵکو تەنها ئەوەندەشی بوێت کە بەرژەوەندی خۆی بپارێزێت، ئەوا بە ئاسانی جێگەی نابێتەوە و تیرۆریستە. هەڵبەتە لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە ڕاستە، چونکە بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی ئەوان تیرۆریستە و ناهێڵێت بە ئاسانی بیخۆن و لە سود و قازانجی بەرژەوەندی ئەوان کەمدەکاتەوە.

ئێمە ناتوانین دژی سیاسەتی جیهانی بجوڵێینەوە و بوەستینەوە، لە هەمان کاتیشدا نامانەوێت ملکەچ و سەرشۆڕ و ژاردەستی سیاسەتی جیهانی بین. ئەوەی لەو نێوانەدا دەشێت بکرێت و ڕێچکەی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوەیە کە بتوانین خۆمان بسەپێنین بەسەر مێژوودا کە

ئێمەش، ئەگەر بەزۆریش بێت، دەمانەوێت جیگەی خۆمان بکەینەوە. چونکە لە ڕاستیدا ڕەوڕەوەی مێژوو بە دەست جیهانی تەوەرەوە دەخولێتەوە و یەکێک لە هەرە سیاسەتە سەرکەوتووەکانی مێژوویی کە تا ئەمڕۆش دەخوات و بەکاردێت، سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەیە. ئەو سیاسەتەی ناوشیاریی و نەزانین ڕێگەی پێدەدات کە بە ئاسانی بچێتەسەر. پشتبەستووە بە دواکەوتوویی و نەخوێندەواری، هەژاری دایکی ئەو دواکەوتووییەیە. واتە سیاسەتی تەوەر هەتا بۆی بکرێت ئەو دایکە بەخێو دەکات و دەیپارێزێت. ئێمەش دەبێت هەر لەوێوە دەست پێبکەین و ئەو دایکە سەرنگوم کەین، کە تەنها و تەنها بە وشیاری و دروستکردنی هیوای ژیانێکی سەربەست دەتوانرێت بەرپەرچی ئەو سیاسەتە بدرێتەوە.
خۆسەپاندن و خۆجێکردنەوە و بەشداربوون لە ڕەوتی مێژوویی جیهانیدا بە بەرزکردنەوەی ئاستی وشیارییەوە بەندە. ئەوسا ئیتر سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە ناتوانێت بەسەر وشیاریی میللەتێکدا زاڵ بێت.

***وشیاری مێژوویی کاتێک دەستدەکەوێت کە توانیبێتمان لە وشیاری ناوەکی و خۆیی هاتبینە دەرەوە، بە شکاندنی ئەو قۆزاخەیەی هەر یەک لە ئێمە بە دەوری خۆیدا چنیویەتی. چۆنێتی شکاندنی ئەو قۆزاخەیە بەستراوەتەوە بە ئاستی وشیاری و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە. هەتا ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤ نزم بێت، ئەوا بە نزمتر و کەمتر ڕازییە. تەنانەت تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە وەکو ئاژەڵیش بژی و تەنها خواردن و خەوەکەی هەبێت. هەتا ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤانەی خۆبەخۆی بەرزبێتەوە، بە زۆرتر ڕازی دەبێت. هەتا بە خودی خۆی وشیار بێت و مانا مرۆڤایەتییەکانی خۆی بناسێت و هەنگاو بەرەو ناسینەوەی دەموچاوی خۆی بنێت، ئەوا ملکەچیی قبوڵ ناکات و ئامادەیە کەمتر بخوات و زیاتر ئازاد بێت. هەتا وای لێدێت ئامادەیە بمرێت و ژێردەستەیی قبوڵ نەکات.***

ڕۆژئاوا دەمێکە سنوری خۆی جیاکردۆتەوە. ئێمە، هەموو ئەو میللەتانەی کە کەوتوینەتە دەرەوەی ئەو تەلبەندەوە، ئەوا لە ڕاستیدا لەچاو ئەو مێژووەدا، زیادەین. ئەو مێژووەی کە ڕۆژئاوا تەنها دەیەوێت بۆ خۆی بچنێت. ڕۆژئاوا نایەوێت دیالۆگی هەبێت لەگەڵ ئەودیو سنوردا و هەموو دەرگاکانی داخستوە و شێوازی دیالۆگ یەکسەرەیە. تەنها ئەو بڕیاردانی مێژوویی لە دەستدایە و ئێمەش تەماشاکەر و سەلمێنەری بڕیارەکان و جێبەجێکەری ئارەزوە سیاسییەکانی ئەوان. ئەوان نایانەوێت گوێبگرن و لە ئێمەش تێبگەن.
ئەوان، ئێمە و ئەوانی دروستکردوە، نەک ئێمە. ڕودانی ئاڵوگۆڕەکان لەسەر ئێمە هێندە خێرایە، کە بواری بیرکردنەوەی لۆجیکی و ژیرانە نادات. هەرچەندە ئەگەر لە لایەکی ترەوە

سەیری زەمەنی خۆمان بکەین، دەبینین بە بۆشی دەڕوات بەڕێوە، بەبێ ئەوەی گۆڕانێکی ئەوتۆ ڕوبدات.

تێگەشتنی ئەو زەمەنە دووفاقییە گەلێک ئاڵۆز و دژوارە. چونکە دەبێت بنەما مێژووییەکەی پەیدابکەین کە لە ناو هەمان مێژوودا دوو مێژوو، یاخود چەندین مێژوو هەیە و هەریەک بە خێراییەکی زەمەنیی جیاواز لەوی تر دەڕوات بەڕێوە. بەڵام کە لە مێژووی سەردەستەوە تەماشای دەرەوەی تەوەر دەکەین و ئەو کاریگەریانەی کە دائەسەپێنرێت بەسەریدا، لە تواناى خێرایی زەمەنی مێژووی ئەو میللەتانە، یاخود ئەو دەوڵەتانەدا نیە کە بتوانن بە هەمان خێرایی هەرسی بکەن. هەر بۆیە زۆر جار کە لە مێژووی سەردەستەوە باس لە چارەسەری سیاسی و دیبلۆماسی دەکرێت بۆ کێشەیەکی دیاریکراو، لەلای ئێمە بەشێوەی نیزە لە سەرسنگ توندکردن دەشکێتەوە، ئەوسا دەڵێن ئێوە لە زمانی دیالۆگ تێناگەن.

لە لایەکی ترشەوە ئەگەر سەیری ڕەوتی مێژوویی ڕۆژئاوا بکەین دەبینین بە خیراییەکی سامناک دەڕوات بەڕێوە و لە هەمان کاتیشدا کات بۆ هەموو بابەتێک، بۆ هەموو کێشەیەک هەیە، زۆر جار بابەتەکان ئەوەندە تاوتوێدەکرێن کە لە تام دەردەچن. واتە هیچ بابەتێک نیە کە مافی تەواوی خۆی پێنەدرێت و بازهەڵدان بەسەر هیچ بابەتێکدا ڕونادات.

شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی گشتەکان بۆ وردەواڵە و چارەسەرکردن لە بەشە هەرە بچوکەکانەوە و هەر یەک بە ڕیتم و خیرایی خۆی، ئەو گشتە پێک دێنێت کە دەبینین بە گشتی زۆر بە خێرایی دەڕوات بەڕێوە.

سەرکەوتوویی بیرکردنەوەی بەتاکایەتی کردن و دابەشکردنی دەسەڵاتداریێتی، ئا لەوێدایە. ڕێک و ڕەوان بە پێچەوانەی دەسەڵاتداریێتی تاکڕەوەوە، کە هەموو دەسەڵاتێک لە ژێر دەستی خۆیدا کۆدەکاتەوە. هەربۆیە زەمەنی ئێمە داگیرکراوە و بە پێی دەسەڵاتدار و چۆنێتی بیرکردنەوە و تێگەشتنی ئەو دەڕوات بەڕێوە. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خاوڕۆشتن و تیژڕۆشتنی زەمەنی مێژوویی بەستراوەتەوە بەو تێگەشتنەوە کە دەسەڵاتداریێتی هەر میللەتێک یاخود دەوڵەتێک هەیەتی بۆ بوونی خۆی و چواردەورەکەی. چۆنێتی بەکارهێنان و هەڵسوکەوتکردن لە کایەیەکی زەمەنی دیاریکراودا، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە شێوەی دەسەڵاتداریێتییەوە.

واتە ئاگاداری و وشیاریی بە ڕەوتی زەمەنیی و وشیاربوون بە مێژوو، دەرگای زەمەن دەکاتەوە، یاخود بەرفراوانی دەکات. زەمەن لەلای ئێمە گوشراوە، یاخود زیاتر لە دەمی کیسەیەکی بەستراو دەچێت کە فوی تێکرابێت و ئێمە هەمووومان لە ناو ئەو کیسەیەدا بمانەوێت هەناسە بدەین. گرنگی ئازادی لێرەدایە کە لەو کیسەیەی بەدەست دەسەڵاتدارەکانمانەوەیە، بتوانین بێینە دەرەوە و هەناسە بە ئازادی خۆمان بدەین و ئاوڕێک لەملاو لەولای خۆمان بدەیتەوە و بتوانیت لە زەمەنە مێژووییەکەی خۆماندا بژین. واتە

لەسەرێکی ترەوە ئێمە ناتوانین هەموو تاوانەکان بخەینە سەرشانی ڕۆژئاوا و خۆمانی پێپاکبکەینەوە. ئەوەندەی ڕۆژئاوا تاوانبارە بەرامبەر مرۆڤایەتی، دە ئەوەندە دەسەڵاتدارەکانی خۆمان تاوانبارن بەرامبەر بە گەل و مێژوو.
هەنگاوی یەکەم بۆ ناو مێژوو، ئەوا بێ سێ و دوو لێکردن ئازادییە. ئازادییەک کە تاکە مرۆڤ بتوانێت خۆی تیادا بناسێتەوە و ڕێزی بگیردرێت و مافی ژیان و ئازادی دەربڕینی هەبێت. ئەوەش تەنها لە کۆمەڵگایەکدا دێتەدی کە بناغەیەکی پتەوی دیموکراتیی دامەزراندبێت. ئەوەش دیسان بە بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری دەتوانرێت ڕێگە و جێگەی خۆی خۆشبکات. وەک میللەتی کوردیش دەبێت هەر لە ئێستاوە هەوڵی دامەزراندنی ئەو دیالۆگە بدرێت، کە ڕێخۆشکەری سیاسەتێکی دیموکراتی بێت و مرۆڤ بتوانێت ڕەنگ و سیمای خۆی تیا بدۆزێتەوە.
لێرەدا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بابەتی جیاکردنەوەمان لە مێژووی تەوەر و تێئاخزنرانمان لە پاشکۆی مێژوو، وەک ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە ڕۆژئاواوە هەیە. ئەوا دەتوانین بپرسین، ئێمە چۆن دەتوانین پێ لەوە بنێین کە هەلومەرجی پێشکەوتن تەنها بۆ بەشێکی مرۆڤایەتی ڕەوایە و ئێمەش هەر لە دواکەوتوویدا گێنگڵ بخۆین؟ ئایا ئێمە خوا هەر بە دواکەوتوویی دروستی کردووین و نوشتەی ئەوەشمان لێکراوە کە هەر هەمان چارەنوسمان هەبێت؟
هەر کاتێک میللەتانی جیهان لە یەک هەلومەرجدا بن و بەشێکی بە دواکەوتوویی بمێنێتەوە، ئەوسا دەتوانین بیر لە جیاوازی و جۆرێتی ژیرێتی بکەینەوە، نەک بەو شێوەیەی ئەمڕۆ کە دەبینین هەلومەرجی پێشکەوتن تەنها بۆ جیهانی ڕۆژئاوایە و میللەتانی چواردەوریش تەنها زبڵدانی گیروگرفتەکانی ئەوان و سەرچاوەی مادەی خاو و هیچی تر. هەڵبەتە نابێت ئەوەمان لەیادبچێت کە ڕێنیسانس لە ئەوروپاوە دەستی پێکردوە و ئەوان کلیلی پێشکەوتن و سەرداریان ڕفاندوە. بەڵام ئەمڕۆ داوی ئەو دووسەد ساڵەی کە میللەتانی چواردەور دەڕەتێنن، ئەوا دەبێت ئێمەش ئاوڕێک بدەینەوە و هەوڵی بەشدار بوون و پێشکەوتن بدەین و لەو پلەدووییە بێینە دەرەوە. هەر هیچ نەبێت لە پاشکۆیەتیی مێژوویی بکەوین.
کورد دەبێت لەوە تێبگات و لەو سیاسەتەی ڕۆژئاواوە ئەوە فیربێت کە زمانی لەیەکترگەیشتن بخوڵقێنێت. واتە فیری ئەو دیالۆگە سیاسییە ببین کە یەکماندەخات و ئامادەمان دەکات وەک یەک پارچە ڕاوەستین، وەک میللەتێک. واتە بەرگریکردن لە مافی بوون وەک ئەو میللەتەی کە لەناو خۆیدا تەبایە و یەک ئامانجی هەیە. ئەوەندەی لە مێژووی ئەمڕۆ تێبگەین و وانەیەکی لێ وەربگرین، ئەوەیە کە ئەگەر تەبایی لە ناوەوەی کۆمەڵگادا نەبێت، ئەوا ئەنجامی پارچە پارچەبوونە و ڕوو لە فەوتانە. تەنانەت ئەگەر لە داهاتووشدا میللەتی کورد بگاتە ئەو قۆناغەی ڕزگاری بێت و بە ئازادی خۆی بگات، ئەوا ناتوانێت پارێزگاری لەو سەرکەوتنە بکات ئەگەر لە ئێستاوە بنەمای ئەو یەکبوونەی

دانەڕشتبێت. نمونەی ئەفغانستان لەبەرچاوی هەمووماندایە، ئەوەندەی ماڵکاولی و وێرانی ڕوی کردە ئەو میللەتە داوی ڕزگاربوونی لەژێر دەسەڵاتی سۆڤییەتی، ئەوەندە زیانی لێنەکەوتبوو کە لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا بوو. هەر بۆیە بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری کۆمەڵانی خەڵک هەر لە ئێستاوە، بەردی بناغەی بردنەوەی سبەینێیە. دەبێت کورد لەوە تێبگات کە لەدەرەوەی یاخود لەسەرەوەی بابەتە تێهەڵکێشراوەکانی مێژووەوە بڕوانێتە بەرژەوەندییەکانی و لە بەرژەوەندی تاکە پارتێکی سیاسی بێتە دەرێ. ئەوسا لە سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە تێدەگات و تەشەنە نادات بە جیاوازیی پارتایەتی و هەوڵی ڕێککەوتن و تێگەشتنی دەدات.

لە ڕاستیدا دروستبوونی دیکتاتۆری لە جیهانی دوودا، بەرئەنجام و کاردانەوەی سیاسەتی ڕۆژئاوایە بە پلەی یەکەم و تێنەگەشتنی سیاسەتی جیهانییە لە لایەن میللەت و دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتانی جیهانی دووەوە، بە پلەی دووەم. یەکەم وەک کاردانەوەی ئەو میللەتانە کە کەس گوێیان لێناگرێت و ڕێگەیان پێنادرێت سەربەخۆ بیر لە چارەنوسی خۆیان بکەنەوە و لە مێژوودا جێگایان نابێتەوە و هەندێ جار مل نادەن کە ڕۆژئاوا سیاسەتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت، ئەوا ئیتر بە دوژمن دەدرێنە قەڵەم و هەزار بێیانوو دەدۆزرێتەوە بۆ لەناوبردنی ئەو دەسەڵاتدارێتییە، کە دەیەوێت کەمێک نیشتمانپەروەر بێت و ڕێگە لە دزی ڕۆژئاوا بگرێت. زۆر جار فەرمانڕەوایان وا ناچار دەکرێن کە بە دەستێکی پۆڵاین لە هەموو بزوتنەوەیەکی بەناو ئۆپۆزیسیۆنیی بدەن کە زیاتر مەبەستی ئاژاوە نانەوەیە، وەک لەوەی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ئەو میللەتەوە بڕوات. زۆر جاریش ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ دەستی فتنە و تێکدەری دەرەکی لە پشتی ئەو بزوتنەوانەوە هەیە کە دەیانەوێت چۆک بە دەوڵەتێکی دیاریکراو دابدەن کە لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوا ناجوڵێتەوە. لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە نابێت چاوپۆشی لێبکرێت، ئەویش ئەوەیە زۆر جار دیکتاتۆرانی جیهانی دوو لە هەموو بزوتنەوەیەکی نیشتمانپەروەرانەیان داوە بەناوی ئەوەی کە دەوڵەتێکی بێگانەیان لە پشتیەوە وەستاوە و دەیانەوێت ئاژاوە بنێنەوە. واتە لە ڕاستیدا زۆربەی کات لەلایەن دەسەڵاتدارانی جیهانی دووەوە ئیمپریالیزم کراوە بە بەهانە بۆ ڕێگرتن لە هەموو جموجۆڵێکی سیاسی کە ڕوناکاییەکی دیموکراتیانەی تیابووە. لە لایەکی تریشەوە نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی جیهانی دوو، کتومت لە بەرژەوەندی جیهانی تەوەرە و هەتا بۆیان بکرێت پارێزگاری لێدەکەن، چونکە ئەو جۆرە ڕژێمانە دەتوانن دەمی میللەتەکانیان ببەستن و وەک مەڕ لێیانخوڕن و لە کاتی زیادەڕۆیشدا سەریان بڕن. هەموو ئەو سیاسەتانەی کە جیهانی ڕۆژئاوا دەیەوێت بیکات. پیشە کۆنەکەی خۆی داوەتە دەست جەلادە خۆماڵییەکان کە باشتر مەڕەکانی خۆیان دەناسن. لە لایەکی تریشەوە ڕۆژئاوا ویژدانی خۆی پاکدەکاتەوە بەوەی کە دەستی ئەوانی تیانیە و ئەو میللەتانە خۆیان

**بەرپرسیارن و هەر ئەوەندە دەهێنن و هەر ئەو جۆرە ڕژێمانەیان تیادەبێت. دیسانەوە دەگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە بڵێین چارەسەری زۆربەی ئەو کێشانە بەستراوەتەوە بە ئاستی وشیاری کۆمەڵانی خەڵکەوە و هاتا بەرزتر بێت، کەمتر دەتوانرێت لەخشتە ببرێت.**
**جیهانی دوو نەک هەر نایەوێت دژبوەستێتەوە، بەڵکو ناشتوانێت. بەڵام زۆر جار ناچاردەکرێت کە ببێت بە دوژمن. لەلایەکەوە جێگای ناکەنەوە لە سیاسەتی جیهانیدا و لەلایەکی تریشەوە دەبێت سەرشۆڕی ئەو سیاسەتە بێت.**

***هەر سەرۆکێک یاخود دەوڵەتێک، ملکەچی سیاسەتی ڕۆژئاوا بێت، ئەوا دەبێت بە دیکتاتۆر بەسەر میللەتەکەی خۆیەوە و دەبێتە چاوڕاستی ڕۆژئاوا و دوژمنی گەل. ئەگەر پشت بە گەل ببەستێت و پشت بکاتە ڕۆژئاوا، ئەوا دەبێتە دوژمنی ڕۆژئاوا و خۆشی دەبێتە دیکتاتۆر بە سەر میللەتەکەیەوە، بەوەی کە پشت دەکاتە مێژوو و ڕێگەی پێشکەوتن و کرانەوە لەبەردەمی خۆیدا دەگرێت. دەبێت سیاسەتێک لەو نێوانەدا بدۆزرێتەوە کە بتوانرێت تا ڕادەیەک شێوەیەک لە دیموکراتی بەرپابکرێت و لەهەمان کاتیشدا دەوڵەت نەبێتە دوژمنی گەل و ملکەچی سیاسەتی ڕۆژئاوا. دەنا لە ڕاستیدا هێشتنەوەی ئەو ناهاوتایی و نابەرابەرییەیە کە ڕۆژئاوا دەیەوێت و هەوڵی بۆ دەدات.***

**ڕۆژئاوا هیچ نرخێک دانانێت بۆ میللەتان و دەوڵەتانی جیهانی دوو. ئا لێرەدایە زیرەکی کە بە چ دیبلۆماسیەتێک دەتوانرێت سیاسەتێکی دیموکراتی دامەزرێنرێت و ببێتە ڕێگای ڕزگاری میللەت و ڕوو لە دیکتاتۆریش نەکرێت. کە دیسانەوە وشیاری سەرکردە و میللەت بەوەی کە چی لە جیهاندا ڕوودەدات و چۆن چۆنی مێژوو دەچێت بەڕێوە، بەردی بناغەی ئەو سیاسەتەیە.**
**ئەگەر لە ڕوانگەی بوونی دەوڵەتەوە، سەیری قۆناغی مێژوویی ئەمڕۆی جیهان بکەین. دەبینین بوونی دەوڵەت پایەگوزاری کۆمەڵگایە و چوارچێوەی میللەت دەپارێزێت، یاخود بەلایەنی کەمەوە دیاریدەکات و هەوڵ دەدات ئەو کۆمەڵگایە بەرەوپێشەوە بەرێت و جێگە و ڕێگەی لە ڕەوتی جیهانیدا دەستنیشان بکات و لە هاوسەنگییەکی نێودەوڵەتیدا جێگای بکاتەوە کە سەنگینی بۆ دابنرێت. هەوڵ دەدات لەگەڵ ئەو ڕەوتە مێژووییەدا بڕوات و ژیانێکی جێگیر و ئاسودە و بەردەوام دابین بکات.**
**دەوڵەت دامەزراوێکی شارستانییە و دەستبەرداربوونی مەحاڵە و مانەوە و بەردەوامی کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە بونی دەوڵەتەوە. ئەو هەڵە گەورەیەی کە دەڵێت هەموو دەوڵەتێک چەوسێنەرە و هەموو میللەتێکیش چەوساوەیە و دەبێت هەوڵی ڕوخاندنی دەوڵەت بدرێت، ئەمڕۆ ئیتر لە هیچ جێگایەکدا جێگای نابێتەوە. هەرچەندە میللەتێکی وەک ئێمە،**

جگە لەوەی کە خۆمان دەوڵەتمان نیە، ئەوا هەتا ئێستای مێژووش تەنها ئەزموونی دەوڵەتی دیکتاتۆر و فاشیستمان هەیە و هەمیشە ویستومانە دەوڵەت بڕوخێنین و ئەوە لە مێشکماندا چەقیوە کە هەموو دەوڵەتێک دڕندە و زۆردارە و دەبێت لەناوببرێت. هەڵبەتە هیچ کاتێک بیرمان لەوە نەکردۆتەوە کەچی لە جێگای دابنێین. جگە لەو خیاڵپڵاوەی کە لەگەڵ میللەتانی سەردەستدا هەوڵ بدەین دەوڵەت بڕوخێنین، بەڵکو لەسایەی ڕژێمێکی تازەدا بارودۆخی ئێمەش چاک بێت.

کەم جار نەبێت، ئێمە بیرمان لەوە نەکردۆتەوە کە خۆمان ببینە خاوەنی دەوڵەت و ئاخۆ ئێمە چمان لە میللەتانی تر کەمتر بێت کە خۆمان بەخۆمانا ڕانافەرمووین و بە خۆمانی ڕەوا نابینین. لە ڕاستیدا هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە لە منداڵێک دەچین کە هیچ شتێک دەربارەی دەوڵەت نازانین و ناشمانەوێت گوێمان لێبێت. هەر وەک وتمان ئێمە لە دەوڵەت و لە ناوی دەوڵەت دەترسین و ئەو ترسە چۆتە نائاگایمانەوە، تەنانەت ناتوانین لەبەرچاوماندا واڵایبکەین کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئێمەش دەبینە خاوەن دەوڵەت. ئێمە نرخ و بەهای دەوڵەت نازانین، بۆیە ناوێرین بیری لێبکەینەوە.

ترسی نەمان و فەوتاندن وا بە شادەمارماندا داچۆڕاوەتە خوارەوە کە نەهێڵێت و بواری ئەو بیرکردنەوەیەمان پێنەدات کە بوون بەخاوەنی دەوڵەت هەموو ترسەکانمان دەڕەوێنێتەوە. هەمیشە بەچاوی گومانەوە ڕوانیومانەتە، تەنانەت بیردۆزی دەوڵەتیش. یەکێک لە هەرە کاریگەرییە بەهێزەکانی سەردەمی نوێ بە نیسبەت کوردەوە، ئەوا بیری کۆمۆنیزم و بەرەی نێودەوڵەتی و ڕزگارکردنی جیهان و مارکسییەتی ڕاستەقینە و..... ئەوەندە نەگبەتین دەمانەوێت تورک و عەرەب و فارسیش ڕزگار بکەین. بیر لەوە ناکەینەوە کە ئەوە ئەرکی ئێمە نیە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میللەتانە خۆیان. ئێمە نامانەوێت دوژمنایەتی ئەو میللەتانە بکەین، بەڵکو ئێمە دەمانەوێت میللەتی کوردیش خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت و دەسەڵاتدارانی ئەو میللەتانە لەو ڕاستییە تێبگەیەنین کە ئیتر ئێمە بەشێک نین لە میللەتەکانیان. ئەو میللەتانە خۆیان بەرپرسیاری شێوەی ڕژێم و جۆرێتی دەسەڵاتدارێتییەکانیانن، نەک میللەتێکی ژێردەستەی وەک ئێمە.

ئەوەی لێرەدا دەبێت پەنجەی بۆ ڕابکێشرێت، ئەوەیە کە هاوگوزەرانی کورد لەگەڵ ئەو میللەتانەدا (تورک، عەرەب، فارس) بە درێژایی مێژوویەکی دورودرێژ، هەروەها شەڕکردنیان شانبەشانی یەکتری دژی داگیرکەرانی بێگانە. خۆی بۆ خۆی مێژوویەکی هاوبەشی دروستکردوە کە دەسەڵاتدارێتی ئەو دەوڵەتانەی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دروست بوون، هەمیشە وەک بەڵگەیەک بەکاریان هێناوە بۆ پێوەلکانی کورد بە میللەتەکانیانەوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئاگایی و وریایی ڕژێمی ئەو دەوڵەتانە بە بوونی میللەتێکی جیاواز لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانیاندا و هەوڵدانیان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی ئەو میللەتەی

که هیچ کاتێک بواری مێژوویی ئەوەی نەبووە کە ناسنامەی تەواوی خۆی دروستبکات، ئاسانتر شکاوەتەوە بۆیان کە هەر لەگەڵ هەستپێکردنیدا لەناوی ببەن. لەلایەکی تریشەوە هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەو دەوڵەتانەوە، بە ئاگاییەوە ناوچە کوردەوارییەکانیان لە ژێر باری دواکەوتوویی و نەخوێندەواریدا هێڵراوەتەوە و بە شێوەیەکیش بە ئابوریی ئەو میللەتانەوە ڕایەڵ کراوەتەوە کە بە هیچ شێوەیەک میللەتی کورد بواری ئەوەی نەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە خۆی دەتوانێت خۆی بژێنێت. سەرەڕای ئەو ڕاستیانە، دیسانەوە سیاسەتێکی چەپەڵی تری ئەو ڕژێمانە هەمیشە ئەوە بووە کە میللەتی کورد لە سنوری دەوڵەتەکانیاندا زیندان بکەن و نەهێڵن هیچ شێوە پەیوەندییەک لە نێوانیاندا دروستبێت کە ببێتە هۆی ئەوەی هەست بە تونای زۆربەیی و قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیان بکەن وەک میللەتێک و هەمیشە هەر کەمایەتی بووە لەچاو دانیشتوانی هەر میللەتێک لەو میللەتانەی کەلەگەڵیاندا خراونەتە ناو یەک سنورەوە. ئەوانە ئەگەر هەمووی کۆبکەیتەوە خۆی لە خۆیدا مێژوویەک پێکدێنێت کە چەندین نەوەی بەو سیاسەتە پەروەردەکردوە کە کورد نەتوانێت خاوەنی بڕیاری خۆی بێت و بە نائاگایی و بەو خاڵە نادیارانەی یاخود شاراوانەی کە باسمان کرد، ببەسترێتەوە بەو میللەتانەوە کە چارەنوسیان یەکێکە و دەبێت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا هەوڵی سەربەستی بدەن.
لە ڕەوتی ئەو مێژووەدا دەتوانین پەنجە بۆ سیاسەتێکی تری ئەو ڕژێمانە ڕابکێشین، ئەویش شەڕی ڕاگەیاندن و کەلتورییە کە توانیویەتی ئەو توێژە خوێندەوارەی میللەتی کورد (بەشێکی زۆری) بە شێوەیەک بلکێنن بە ڕۆشنبیریی و جیهانبینی میللەتەکانی خۆیانەوە، کە بە هیچ شێوەیەک نەتوانن ببنە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆ. هەرچەندە لکاندنێکی ڕوکەش و سەرزارەکیش بێت. ئەوەی لە تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاودەبێتەوە، ئەوا بارێکی سروشتیە کە لەلایەن جەماوەر و ڕۆشنبیری کوردیشەوە ڕێپێی بگێردرێت. بەبێ ئەوەی بزانرێت بەرەو کوێی دەبات و چۆن بە نائاگایی دەیلکێنێت بەو میللەتانەوە. بە حوکمی نەخوێندەواری و نەبوونی هیچ بەدیلێکی تر بە زمانی کوردی، کە ئەگەر هەبوبێتیش (لە سنوری ئێراقدا و لەم چەند ساڵانەی دوایشدا لە ئێران) ئەوا ئەوەندە لاواز و ساکار و ساوا بوە کە پێویستیی خوێندەواری کوردی پڕنەکردۆتەوە و هەمیشە دەبوایە و دەبێت بەزمانی سەردەست بخوێنێتەوە بۆ ئەوەوی بتوانێت لەگەڵ بابەتەکاندا بڕوات و بەجێ نەمێنێت. هەربۆیە زۆربەی خوێندەوار و نەخوێندەواریش (هەتا ئێستاش) بە زمان و کەلتووری سەردەستەوە هەڵواسراوە و خاوەنی ئەو بیرکردنەوەیەیە کە ئەگەر لێی جیابێتەوە بە چیدا بنوسێت.
هەر بۆیە دەبێت لەو ڕوانگە و پێکهاتە مێژووییەوە سەیری نوسەر و ڕۆشنبیری کورد بکرێت کە زۆربەی جار بە نائاگاییەوە بەستراوەتەوە و پابەندی ئەو کەلتوورەیە کە زمانەکان و

کەلتوورەکانی سەردەست بەرهەمی هێناوە و بەرهەمی دێنێت. هەر بۆیە کاتێکیش کورد دەگاتە ئەو وشیارییەی کە دەبێت بەرگریبکات و خۆی لەو بەرەیەدا ببینێتەوە، ئەوا ناتوانێت خۆی لە توێژی بەرگری گشتی دەسەڵاتداریێتی سەردەست ڕزگار بکات و دەیەوێت ڕژێمی سیاسی بگۆڕێت، نەک کورد ڕزگاربکات. کە لە ڕاستیدا دەبێتە جێی گاڵتەجاڕی بەرەی بەرگری میللەتانی سەردەست، چونکە سەرزارەکی و بێ بنەمایە، یاخود لەو ڕوانگە مێژووییە هەڵەیەوە کە بۆی چنراوە، بەستراوەتەوە بەو میللەتانەوە.

کورد ئەگەر تێبگات دەبینێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا نەفی دەکرێت و جێگای نابێتەوە و بەزۆر خۆی بەستۆتەوە بە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو میللەتانەوە کە بابەتێکی تریان هەیە و لە ڕەوتی مێژووییەکی تردا دەجەنگن.

دەبێت لەو ڕاستییە تێبگەین کە خۆهەڵواسینمان بە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو میللەتانەوە لە ڕاستیدا لەوێوە سەرچاوە هەڵدەگرێت کە ئێمە پێویستمان بە ئۆپۆزیسیۆنوەستانەوەی ئەو دەسەڵاتدارێتیانەوە هەیە بۆ کێشە شاراوەکەی خۆمان، نەک بۆ ڕزگارکردنی ئەو میللەتانە. واتە لە کاتێکیشدا لەو بەرەیەدا خۆمان دەبینینەوە، ئەوا بەنائاگایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی خۆمان هەوڵ دەدەین.

جگە لەو گاڵتەجاڕییەی کە هەندێک بزوتنەوەی کوردی دەیانویست و دەیانەوێت، لە ڕێگەی یەکگرتنەوە لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی میللەتانی سەردەستدا، ڕژێمی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتانە بڕوخێنن و بەڵکو لە پاڵیشیدا میللەتی کورد ڕزگاری بێت، یاخود ڕاستر لە ڕوانگەی ئەو بزوتنەوانەوە، بگەنە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، ئەوا لە ڕاستیدا نەزۆکی بیروبۆچونێکی تریشمان هەیە، و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەویش پارتی بەشێکی کوردستان، ڕژێمی دەسەڵاتدارێتی بەشێکی تر دەکاتە پەنا بۆ لێدانی ئەو ڕژێمەی کە ئەو بزوتنەوەیەی لێوە هەڵقوڵاوە. ئەمە کتومت ئەو کاریکاتۆرەیە لە جیهانی سیاسەتدا کە منداڵی پێهەڵدەخڵەتێنن (یاخود میللەتی ساوا). ڕژێمی ئێراق دەکرێت بە پەنا، بۆ ئەوەی لەوێوە کوردستانی ئێران و تورکیا ڕزگار بکرێت، ڕژێمی ئێرانی دەکرێتە پەنا بۆ ئەوەی بەشی ئێراق ڕزگار بکرێت! سوریا دەکرێت بە پەنا بۆ ئەوەی بەشی تورکیا ڕزگار بکرێت. ئەمە ئەو گاڵتە بە چارەنوسی کورد کردنەیە کە هەموومان لە سەردەمی نوێدا خۆمان تیا بینیوەتەوە، واتە سی تا چل ساڵی دوایی. دەنا دەسەڵاتدارێتی ئەو وڵاتانە لە ڕاستیدا پەنای هیچ جۆرە بزوتنەوەیەکی کوردی نیە و بە هیچ شێوەیەک بزوتنەوەیەکی کوردی بەخێو ناکات کە لە سود و قازانجی خۆی تێپەڕێت. هەر کاتێکیش زانرا ئیتر زیانی زیاترە، ئەوا بزوتنەوەکە یا هەڵوەشێنراوەتەوە، یاخود کراوەتە دەرەوە. لە هەندێ بارودۆخی زۆر تایبەتیدا نەبێت، نەتوانراوە سود لە ڕژێمی دەسەڵاتدارێتییەکی دەوڵەتی دراوسێ وەربگیردرێت.

لە ڕاستیدا ئیتر ئەو بەڵگەیە ناخوات کە کورد دۆستی نیە و سنورەکانی چواردەوری، تەنها دوژمنە. دەبێت بیر لەوەبکرێتەوە کە کورد دۆستی نیە جگە لە خۆی. نەزۆکی و ساویلکەیی عەقڵییەتی سیاسی کوردییە کە یەکێک لەو دەسەڵاتدارێتیانە دەکرێتە پەنا و دۆستی بڕواپێکراو کە پشتی پێ ببەسترێت.
بۆچی دەبێت لەو ڕاستییە ڕابکەین و هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەین کە یەکێکی تر کێشەکەمان بۆ چارەسەر دەکات. بۆ هەر دەبێت دۆشدابمێنین و ڕۆڵی بەستەزمان و داماو و لێقەوماو ببینین. مەگەر نازانین ئەگەر بەدەستی خۆمان خۆمان ڕزگار نەکەین، کەس ڕزگارمان ناکات. کەی لە ڕۆڵی بەستەزمانی و قوڕبەسەری دێینە دەرەوە و سنگ دەردەپەڕێنین و دان بەوەدا دەنێین کە تەنها خۆمان دەتوانین سنورێک بۆ تراژیدیای ژیانمان دابنێین. تەنها خۆمانین کە چارەنوسی خۆمانمان لەدەستدایە. دەبێت لەوەش تێبگەین کە ئەگەر بمانەوێت ڕەوایەتی بە کێشەکەمان بدەین، دەبێت هەموو جیهانی تێوەگلێنین، ئەوسا ڕۆژئاوا دەکرێتە بنکەی ئەو جموجۆڵە سیاسییە و دەبێت هەر لەوێوە دەستپێبکرێت. بەبێ ئەوەی هیچ دەوڵەتێک ڕاستەوخۆ تێکەڵاوی کێشەی کورد بکرێت، بەڵکو ئەو بەناو دیموکراتیەتە بقۆزرێتەوە بۆ چالاکی سیاسی و نەهێشتنی دەنگ کپکردنەوەی کێشەی کورد و بەردەوامی پێدانی وەک کێشەیەکی جیهانی سەردەم کە دەبێت چارەسەر بکرێت. دەبێت لە دەرگای ویژدانی جیهانی بدرێت و بەردەوام بین لەسەری. دەبێت ویژدانی مرۆڤایەتی جیهانی بکەین بە پەنا، نەک دەوڵەتانی کوردستان پێوەلکێنراو.

سەرئەنجام

هەر کێشەیەک، چ گەورە، چ بچوک، لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیدا بکەوێتەوە، پێویستی بە چارەسەری پڕاوپڕی خۆیەتی، ئەگەر بمانەوێت لە پاش ماوەیەک هەڵنەداتەوە. هەموو چارەسەرێکی نیوەناچڵ، تەنها پینەکردنێکی کاتییە و ئەوەندەی پێناچێت دەمی برینەکە دەکرێتەوە و نەخۆشییەکە هەڵدەداتەوە، ئەگەر چارەسەرەکەی تەنها دورینەوەیەکی ڕوکەش بوو بێت.

کێشەی نەتەوایەتی کوردی، کێشەی کەمایەتی میللەتێک نیە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا ڕەگەزێکی جیاواز و زمانی دووەم پێکبهێنێت بەڕێژەی زۆربەی میللەتی یەکەم، وەک ئەوەی کە پاشماوەیەکی مێژوویی بێت، بەڵکو کێشەی میللەتێکی تەواوە و ڕەگێکی مێژوویی هەیە و لە ژێر پاڵەپەستۆی سیاسەتی ناوچەیی و جیهانیدا چارەنوسی کەوتۆتە نێوان چوار دەوڵەتی شۆڤێنییەوە.

دابەشکردنی کوردستان ئەنجامی سیاسەتێکی ئیمپریالیستی جیهانی بووە، ئەو میللەتانەی چواردەوری کوردستانیش، لە پێش سنورجیاکردنەوەی کۆتایی، لەچاو میللەتی کورددا، وەک مێژوو، بەهێز و خاوەن دەسەڵات و دەوڵەت بوون. واتە کورد هیچ کاتێک فرسەتی ئەوەی بۆ هەڵنەکەوتووە کە بتوانێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی پێکبهێنێت لە نێوانی ئەو دەوڵەتە بەهێزانەدا و هیچ مۆرکێکی تایبەتیشی نەبووە، کە بتوانێت بۆ ئەو مەبەستە بەکاریبهێنێت. هەمیشە بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە خڵەتێنراوە و بەش بەش خراواتە سەر دەسەڵاتداریێتی ئەو میللەتانە.

لە لایەکی ترەوە، دەمێکە میللەتی کورد ڕاستەوخۆ ژێردەستەی داگیرکەرێکی بێگانە نیە کە لە ڕێگەیەکی دورەوە هاتبێت و دەوڵەت و بنەمایەکی تری لە لایەکی تر هەبێت، کە بواری ئەوەی هەبێت وەک هەموو میللەتە ژێردەستەکانی تری جیهان، لە سەدەی بیستەمدا و بە تایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە توانیبێتی لە ژێر دەسەلاتدارێتی بێگانە ڕزگاری بێت. لە سەر ئاستی جیهانیشدا بتوانێت ڕەوایەتییەک وەربگرێت. بەڵکو پارچە پارچە و بەرەبەرە لە ڕەوتێکی مێژوویی دورودرێژدا لە نێوانی میللەتانی چواردەوریدا کراوە بە پاشکۆی ئەو دەوڵەتانە و خزێنراوەتە ناو سنورە نەتەوایەتییەکانیانەوە.

بەوپێیەی هەمیشە میللەتی کورد لەچاو زۆربەی هەریەکێک لەو میللەتانەدا، بووە بە کەمایەتییەک و نەیتوانیوە بە گوڕ و توانا و هێزی خۆی ئاشنا بێت و نەیتوانیوە وشیاری یەک میللەت ڕێک بخات بۆ ڕزگاری نیشتمانیی و سەربەخۆیی نەتەوەیی. هەر بۆیە بۆتە چوار کەمایەتی میللەتێک لە هەر یەکێک لەو دەوڵەتانەدا جیابەجیا داوای مافی کەلتوری و مافی کەمایەتی خۆی کردووە. وەک ئەوەی بنەڕەتەکانی میللەتێک پێک نەهێنێت و مەرجاکانی میللەت پڕنەکاتەوە، بۆ نمونە وەک کێشەی تورکمانەکانی ئێراق. هەر بۆیە کێشەی نەتەوەیی کوردی تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و چارەسەریشی هەر دەبێت تایبەتی بێت.

لە لایەکی ترەوە دەبینین نیشتمانی کوردان خراوەتە سەر چوار دەوڵەتی جیاواز لەیەکتری و بە ئاگر و ئاسن نوساندویانە بە وڵاتەکانیانەوە، هەرچەندە ئەو دابەشکردن و لکاندنە بەپێی سیاسەتێکی ئیمپریالیستی چۆتە ڕێوە و جیبەجێ کراوە، ئەوا ئەمڕۆ دەستی ئیمپریالیستی بە شێوە دیارەکەی، کشاوەتە دواوە و تەنها دەستە نهێنییەکەی ماوەتەوە و کوردستان لە

نێوانی چوار گورگدا بەجێهێڵراوە، کە هەرچی پێی بوترێت مافی سەرەتایی مرۆڤ چ بۆ کورد و چ بۆ میللەتەکانی خۆشیان دابین نەکراوە.

ئێمەی کورد بە گشتی نە داگیرکراوی دەستی بێگانە بووین و نە ڕزگاریشمان بوە لێیان. ڕک و کینەی ئەو میللەتانەی خاوەن دەسەڵاتن، (ئێراق و سوریا، بەنیسبەت ئێراقەوە پێش ڕاپەڕینی کوردستان)، بەرامبەر سیاسەتی ئیمپریالیستی دوێنێ، کە ساڵانێکی دورودرێژ لەژێر دەستیاندا ناڵاندویانە، بۆتە هۆی ئەوەی سیاسەتی نەتەوایەتی میللەتەکانیان بە شێوەیەک پەرەپیبدەن لە شۆڤێنیش دەربچێت و ببنە داهێنەری سیاسەتی دوای شۆڤێنیزم کە پێکهاتووە لە سیاسەتی دڕندەیی سەرەتایی بە ناوی نەتەوایەتییەوە، بەوەی هەموو ئەو ڕک و کینەیەی بەرامبەر ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی ئیمپریالیستی هەیان بووە و لە ڕەوتی مێژوویی تازەشدا لەسەریان کەڵەکە بووە، بە میللەتی کوردی بڕێژن و هێز و توانای خەسیوی خۆیان لە کورددا تاقی بکەنەوە و خۆیانی تیابەتاڵ بکەنەوە. ئەوەی کە نەیانتوانیوە و ناتوانن بە دوژمنە سەرەکییەکەی جاران بوێرن و پەلاماری بدەنەوە و تۆڵەی لێبستێننەوە، ئەوا هەموو هەناسەدانێکی کوردی بۆتە ئەو بەڵگە بەدەستەوەدانەی کە کۆنە ڕک و کینە و خیشی خۆیان بدەن بەسەر کورددا. ئەوەی باسی نەتەوە و خاک و نیشتیمان بکات، نەک هەر تاوانبار و دوژمنە، بەڵکو لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەشدا جێگای نابێتەوە.

بە نیسبەت تورکیاوە، لەدوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا، ئەوا کورد تورکی شاخاویی بووە و هێشتا تورکی فێرنەبووە. ساڵانێکی دورودرێژ هەرنەفی بوونی کورد دەکرا و فاشیزمی تورکی زۆر لە ناسیونالیزمی عەرەبی تودڕەوتربووە. لە سرودێکی منداڵانی سەرەتاییدا دەڵێت "من زۆر بەختەوەرم کە بە تورکی لەدایکبووم".

لە ئێراندا کورد "هەر بەهی خۆمانمان زانیوە" هیچ کاتێک حیسابی میللەتێکی جیاوازی بۆنەکراوە و سیاسەتی ئەوەی هەموومان هەر ئێرانین بەسەر کورد و ئازەر و بلوچ و عەرەبیشدا سەپێنراوە، بەڵام ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع هەمیشە دەسەڵاتی بەدەست بووە، فارس بووە. لەڕاستیدا ئێران وڵاتی هاوبەشی کورد و فارس و میللەتەکانی ترە کە مێژوویەکی دورودرێژ و تێکەڵاویان هەیە لەگەڵ یەکتریدا. بە حوکمی زاڵبوونی میللەتی فارس و مانەوەی دەسەڵات لەدەستیاندا بۆ مێژووییەکی درێژ، کورد لە هەموو پاشماوەیەکی مێژوویی و کەلتوریی داماڵراوە و هەمووی تەنها بەهی فارس لەقەڵەمدراوە، هەڵبەتە بەناوی ئێرانییەوە، بەڵام بە زمانی فارسی!.

بە هەزارەها کتێب و لێکۆڵینەوە نوسراوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە زەردەشت فارس بووە و زمانی ئاڤێستا زمانی فارسی کۆنە. کە لە ڕاستیدا زمانی ئاڤێستا و پەهلەویی و هەورامی و کوردی نوێ یەک ڕەگی هەیە.

زمانی کوردی و فارسی سەر بەیەک خێزانن، بەڵام بەرە لەژێر کورددەرکێشان و حسابکردنی هەمووی هەر بۆ میللەتی فارس، ئەو بیرە شۆڤێنیستەی لەپشتەوەیە کە تەنها فارس خاوەنی ئەفزەڵیەتە و میللەتەکانی تر تەنها پاشکۆ و کەم بایەخن و هیچ ڕۆڵێکیان نەبووە لە مێژوودا، لە پێکهێنانی کەلتوریی ئێرانیدا.
لە کۆی ئەو حاڵەتانەدا، جیهانی ڕۆژئاوا هەتا بۆی کرابێت، گوێی خۆی لەو کێشانە خەواندوە و هەتا بۆی بکرێت گوێی لێناگرێت و بەکردەوەی خۆی نازانێت و خۆشی بە بەرپرسیار دانانێت.

ئەمڕۆ کوردستانی ئێراق لەداوای هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی کەوتۆتە ژێردەستی دەسەڵاتدارێتی دوو حیزبی کوردیەوە کە گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر مەسەلەی کوردا نەهاتووە. بەڵکو ئاڵۆزتری کردووە. نەئەوەتا کورد ڕزگاری بووبێت، نە وەک جارانیش ژێردەستەی دەسەڵاتێکی ناوەندیی ئێراقە.
ئەمڕۆ جیهان بچوک بۆتەوە و هەر کێشەیەک، لە هەر لایەکی جیهاندا ڕوبدات، کێشەیەکی جیهانییە، یاخود بەهەرحاڵ دەتوانرێت و بواری ئەوەی تێدایە کە بکرێت بە کێشەیەکی جیهانی. کێشەی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدایە، واتە تا ڕادەیەکی زۆر کلیلی هەموو ڕۆژهەڵاتە. هەر لەسەردەمانێکی زووەوە ڕێگای بەستنەوەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا بووە. وەکو لایەنی جوگرافی لەگەڵ ئەوروپادا بستێکی جیاوازە و وەکو مێژوو، چەندین سەدە. دەبێت ئەو کەلێنە پڕبکینەوە و باز بدەینە ناو مێژووی ناوەندەوە.

کێشەی ئێمە، کێشەی لاوەکی چوار دەوڵەتی لابەلای جیهان نیە، بەڵکو کێشەی چەقی جیهانە. تەنانەت بە شێوازی فەرمانڕەوایی دیموکراتی ئەو چوار دەوڵەتە، ناتوانرێت کێشەی کورد چارەسەر بکرێت. هەرچەندە وەک قۆناغی یەکەم نابێت ئەو چارەسەرە دوربخرێتەوە، کە پێویستە بۆ وریاکردنەوە و ئامادەکردن و ڕێکخستن و دامەزراندنی بنکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی میللەتێکی لەبیرکراوی وەک کورد. بەڵام ئەوەی دەبێت لەبەرچاو بێت و هەمیشە داوابکرێت و بەردەوام بیلێینەوە، ئەوەیە کە چارەسەری سەرتاسەری، دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردییە، ئەمە خەو و خەیاڵی هەرزەکارانە نیە، بەڵکو ڕاستیی و ڕەوایەکە کە دەبێت خۆمان بە خۆمانی ڕەوا ببینین، لە پێش ئەوەی میللەتانی تر پێمان ڕەوا

**ببینن. دروستبوونی دەوڵەتی کوردی تاکە چارەسەر و ئاواتی میللەتی کوردە کە دەیەوێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەشدار بێت.**

**وەک وتمان کێشەی کورد کێشەیەکی جیهانییە و دەبێت لە سەر ئاستی جیهاندا چارەسەر بکرێت. هەر وەک چۆن لە سەر ئاستی سیاسەتی جیهاندا خرایە سەر نەخشەی چوار دەوڵەتی دراوسێی کورد کە هیچیان میللەتی کورد قبوڵ ناکەن، بەڵکو تەنها خاکەکەیان دەوێت.**

**لێرەدا ئەگەر نەختێک بگەڕێینەوە بۆ لایەنی دەرونی مرۆڤی ژێردەستە، دەتوانن بڵێین یەکێک لە هەرە ئازارە دەرونییە گەورەکان کە سەرتاپا قەوارەی مرۆڤ دەهەژێنێت، لێسەندنەوەی ناسنامەکەیەتی، یاخود ئینکارکردنی پەوەستبونەوەیەتی بە زمانێک یا کەلتورێکی تایبەتەوە.**

***باری دەرونی مرۆڤی کورد، ئێستا لە قۆناغێکدایە، نە ئەوەتا پێناسێکی سەربەخۆی هەبێت و نە ئەوەتا وەکو جاران سەری کزکردبێت و سەرشۆڕی دەسەڵاتدارێتی میللەتی سەردەست بێت. بە گشتی دەتوانین بڵێین، ئێمە لە ناوەندی پێکهاتنی پێناسەی خۆماندایین و نازانین سەربەکوێین. نە تورکین، نە عەرەبین، نە فارسین... نە کوردین. لە بگرەوبەردەی ئەو پرۆسەیەداین. لە هەژانی دامەزراندنی پێناسێکی سەربەخۆ و بەردان و لە یەخەبونەوەی پێناسی میللەتانی سەردەستداین. ئێمە لەم قۆناغەدا لە ئازار و ژانی لەدایکبووونداین. ڕیش بوە بە ڕیشەوە و دەبێت شانەی بۆ هەڵبگیردرێت.***

***لە قۆناغێکداین، نە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ دواوە، نە دەشتوانین لەو نێوانەدا ڕاوەستین. شەڕ دەستی پێکردوە و بواری پاشەکشە و پەشیمانبونەوەی تیانەماوە. بواری ڕاوەستان و چەقانی ناوەڕاستی تێدانییە و دەبێت بەردەوام بین. ڕاستە هەموو ژانی لەدایکبوونێک، دڵەڕاوکێ وترس و دودڵی دەخاتەوە. بەڵام مرۆڤێکی نوێ دێتە جیهانەوە کە ئەو ژانگرتنە دەهێنێت خۆی بۆ ڕابگیردرێت. پێش هەموو شتێک، بە گشتمانەوە، دەبێت نەهێڵین ئەو منداڵە لەباربچێت، دوایش بە هەموو پەروەردەی بکەین و بیکەینە مرۆڤێک کە جیهان شانازی پێوەبکات. هەر بۆیە دەبێت هەمووومان لەو لەدایکبوونەدا بەشداربین، چونکە لەدایکبوونی میللەتێک، لەدایکبوونی هەر یەک لە ئێمەشە. ئیتر کەس مافی ئەوەی نیە نەبوونی لە پێناسەمان بکات. کەس ناتوانێت بوونمان بسڕێتەوە. دەبێت لەو هەژانی دەرونییە بێینە دەرەوە و بەشداری لە لەدایکبوونی خۆماندا بکەین. ئەوسا تەنها ملکەچی خۆمان دەبین و***

*ئازاد هەناسە دەدەین و ئارام دەنوین. ئیتر پەرەوازەی ئەم وڵات و ئەو وڵات نابین و خۆمان دەبینە خاوەنی وڵات. ئیتر وەکو ئاژەڵ بە چواردەورماندا تەلبەند ناکرێت و کەس وەکو جەللاد بەسەر سەرماندا ناخولێتەوە.*

هەوڵدان بۆ پێکهێنانی پێناسە، ئەرکی یەک و دوو نیە، ئەرکی تاکە نەوەیەک نیە. بەڵکو کردارێکی سەخت و دژوار و ئازاراوییە و دەبێت هەر یەک لە ئێمە تیایدا بەشداربین، ئەگەر بمانەوێت وەکو مرۆڤێکی سەربەست بژین، ئەوە ئەرکێکی مێژوویی سەرشانی گەورە و بچوکی میللەتی کوردە لەم قۆناغە مێژووییەی ئێستادا، لە هەر جێگایەک خۆی دەبینێتەوە. ڕاستە ئێمەش دەزانین میللەتانی تری جیهان لە کوێدان و لە چ ئاستێکی بەرزی بیر و هۆشدان و ژیانیان چەند مسۆگەر و دابینکراوە، بەڵام لەبیرمان دەچێت کە ئەوانیش لە ڕەوتی مێژوویی خۆیاندا ماندووبوون تا گەشتونەتە ئەم ئاستە مێژووییە. ئێستا لەم قۆناغەدا بۆ ئێمە، ئەرک و بەرپرسیارییەکی تر هەیە کە دەبێت ئاوڕی لێبدەینەوە، نەک پشتی تێبکەین. ئێمە لە ڕەوتی دامەزراندنی ئەو پێناسەیە و دروستکردنی ئەو مرۆڤەداین کە بتوانێت بە سەربەستی و سەربەخۆیی و ئاگاییەوە بەشداری مێژووی جیهان و شارستانی بێت. ئەو ئەرک لەخۆگرتنە دەبێتە تێگەشتنی ڕەوتی مێژوویی. واتە دۆزینەوەی ئەو ڕاڕەوەی کە دەبێت هەڵسوکەوتی تیادا بکەین و ئاوات و ئامانجی دیاریکراوی خۆمان هەبێت کە پڕاوپڕی ئەو مێژووە بوەستێتەوە وەک ئەو ئەرکە مێژووییەی ئەمڕۆ داسەپاوە بەسەرماندا.

*مرۆڤ تەنها ئەو کاتە ئازادە کە دەرک بە پێداویستییە مێژووییەکان دەکات و بەو پێیە بەرپرسیاری خۆی دەستنیشان دەکات و کاری بۆ دەکات. هەموو دورکەوتنەوەیەک لەو پێداویستییە مێژووییەی ئەمڕۆی کورد، وەک مرۆڤی کورد، خۆخڵەتاندن و ڕاکردنە لە بەرپرسیاری و لەدەستدانی ئازادییە. هەوڵدان لە پێناوی پێناسەیەکدا بۆ مرۆڤی کورد، هەوڵدانێکی ژیانەوەرییە و هەستی ئەو بوونە دەبەخشێت کە تێیدا دەجوڵێتەوە. ئێمە ناتوانین خۆمان لەو بەرپرسیاریەتە گێل بکەین کە کەوتۆتە ئەستۆمانەوە و لە ڕاستیدا ناتوانین وەک مرۆڤێکی میللەتە سەردەستەکان هەڵسوکەوت بکەین. ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت وەک کورد لەدایک بووین و دەشبێت ڕوبەڕوی ئەو چارەنوسە ببینەوە، نەک لەدەستی هەڵبێین، چونکە هەمیشە وەک بۆشاییەکی گەورە لە دەرونماندا دەمێنێتەوە و نازانین بەچی پڕیبکەینەوە. هەڵبەتە ڕاکردن ئاسانترە، بەڵام ئەو نرخەی دەبێت لەپارسەنگیدا دابنرێت، گەلێک بە بەهاترە لەوەی مرۆڤ دەستی دەکەوێت، ئەویش بەها مرۆڤایەتییەکانی خۆیەتی.*

مرۆڤ دەتوانێت وەک بێئاگایەک پێداویستییە بایەلۆژییەکانی خۆی پڕبکاتەوە و هەقی بەسەر هیچەوە نەبێت، بەڵام ناتوانێت سنگ دەرپەڕێنێت و بڵێت من ئازادم. دیسانەوە دەگەینەوە ئەوەی کە بڵێین، مرۆڤی ژێردەستە، ناژی و ژیان تەنها لە ئازادیدا ڕەنگ دەداتەوە و بەرجەستە دەبێت. هەر کاتێک ئێمەش لە میللەتێکی ئازاد پێک هاتین، ئەوسا وەک میللەتانی تری جیهان لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا بەشدار دەبین و بە هێمنی پەرە بە بەها مرۆڤایەتیەکان دەدەین و هەوڵی لەگەڵداڕۆشتنی شارستانی دەدەین.

**کۆنفیدرالیزم وەک کۆتایهێنان بە کێشەی کورد.**

ئەو بەناو فیدرالییەی دەسەڵاتی کوردی، کە میللەتی کوردی پێدەخڵەتێنرێت، تەنها حوکمی زاتییەکەی 1970یە و ناوەکەی گۆڕاوە. کورد هەر پلە دووە و بە هیچ سەروەرییەک نەگەشتوە. تەنانەت یەک لەسەر سێی نیشتمانەکەی هێشتا لەژێر دەسەڵاتی ناوەندیدایە. فیدرالیزمەکەی ئێراق هەر لە کوردستاندا بۆتە ڕوپۆشێک، نە بەغداد کارییپێدەکات، نەدەوڵەتانی دراوسێ، نە جیهان بەرەسمی ناساندوویەتی.

ئێمە بۆ ئەوەی لەژێر هەستی کەمایەتی بێینە دەرەوە، بۆئەوەی چارەسەری کێشەیەکی درێژخایەنی وەک چارەنوسی میللەتان چارەسەربکەین، بۆئەوەی ئەو دەوڵەتانەی لەگەڵیاندا سنور بەشدەکەین، بەڵگەی ئەوەیان بەدەستەوە نەمێنێت کە دەمانەوێت بەشێک لە وڵاتەکانیان جیابکەینەوە، دەبێت داوای کۆنفیدرالیزم بکەین وەک چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدایە.

کۆنفیدرالیزم سەروەرێتی دوو دەوڵەتی سەربەخۆ دەپارێزێت و دەیبەستێتەوە بەیەکەوە لە یەک سنوری دیاریکراودا. ئەو بابەتانەی هەستیارن وەک وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی دەرەوە و دراوی هاوبەش، دەتوانرێت لە ڕێگەی چەند لیژنەیەکی هاوبەشەوە ڕێکەوتنی لەسەر بکرێت. دەکرێت دەستورێکی هاوبەش هەبێت و هەردوولا لەسەری ڕێکبکەون، دەشکرێت هەرلایەنە و بەپێی تایبەتمەندێتی خۆی بڕگە بۆ ئەو دەستورە زیادبکات بەو مەرجەی ناکۆک نەوەستێتەوە لەگەڵ لایەنەکەی تردا، یاخود لەگەڵ دەستوری گشتیدا.
ئێمە ئەزمونی بیست ساڵ دەسەڵاتی خۆماڵیمان هەیە و بەمانای وشە، بیری دەسەڵاتێکی گەورەترمان کردوە لەسەرو ئەو دەسەڵاتەوە کە بتوانێت لێپرسینەوەیەک بەپێی دەستوور بکات. ئێمە ڕزگارمان نەبوو، بەڵکو کەوتینە چاڵێکی قوڵترەوە دوور لە چاوی هەموو جیهان.

دەسەڵاتدارانی خۆماڵی بیست ساڵە گاڵەمان پێدەکەن و کەس نیە دەستیان بگرێت. ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردیدا بە هیچ ڕێکەوتنێکی ناوچەیی و جیهانییەوە پەیوەستنەبوینەتەوە و لە هەمووی دابڕاوین. جاران لەژێر دەستی ڕژێمێکی ستەمکاری ناوەندیدا کورد و عەرەب و تورکومان و ئاسوری و کلدانی وەک یەک سەرکوتدەکران و جیهان لەو ڕێگەیەوە ئاگای لە ئێمەش بوو، بەڵام ئەمڕۆ لە هەموو ئەو بەئاگاییانە بووین و کەوتینە تاریکی و ڕوپۆشکردن و شاردنەوە لەچاوی هەموو لایەک. بەو پێیەش دەسەڵات فەزایەکی بۆخۆی خولقاند کە بتوانێت بکوژوبڕ خۆی بێت و کەسیش حەقی نەبێت بەسەریەوە، لە هەمان کاتدا دەستی کراوە بێت بۆ هەموو بازرگانیکردنێک بە فرۆشتنی میللەتیشەوە.

کۆنفیدرالیزم دەرمانی کۆمەڵێک برینی ئێمە سارێژدەکات، دەتوانین ببین بە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان، بەوەش ئەو گرێکوێرەیەی لەسەر دڵی هەموماندا دروست بووە، دەرەوێتەوە. بەبێ بوونی ئەو دەوڵەتە ئێمە کێشەی نەتەوایەتیمان لە جێگەی خۆییدایە و یەک بست ناچێت بەولاوە. لە پەیوەستبوونە جیهانییەکاندا پێگەمان دەبێت، لە مێژوودا جێگەمان دەبێتەوە. لە باری دەروونیشەوە، دەبینە خاوەنی کەسایەتییەکی تەواو کە سەر بە میللەتێکین و دەوڵەتێک دەبێتە پشت و پەنامان.

کۆنفیدرالیزم لە ئێراق، تورکیا و ئێران، جگە لەوەی داویەکی ڕەوایە، هەلومەرجی جێبەجێکردنشی بەپلەی یەکەم لە ئێراقدا ئامادەیە، لە تورکیا تاکە چارەسەرە و زەمینەی لەبارە، لە ئێراندا چەند میللەتێکی تر پێکەوە دەژین کە هەموویان مافی ئەوەیان هەیە دەوڵەتیان هەبێت و لە کۆنفیدرالیزمدا یەکبگرنەوە، ئەوەش بە شۆڕشی گەلانی ئێران دێتەدی و بەدور نابینرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕوبدات. ئەوەی دەمێنێتەوە سوریایە لە بواری دامەزراندنی کۆنفیدرالیزم لە هەموو ئەو سێ دەوڵەتەی تر، کەمترە. بە حوکمی کەمی دانیشتوانی کورد و ڕووبەری ئەو بەشەی کوردستان. هەڵبەتە بە هیچ شێوەیەک وەک ماف و داواکاری و خۆزگە و ئاوات، هیچی کەمتر نیە لە هیچ بەشێکی تری کوردستان. کوردستانی سوریا لە باشترین حاڵەتیدا ئەگەر سوریا لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم جارەیدا سەرکەوێت و ببێتە خاوەنی ڕژێمێکی دیموکراتی، ئەوا لە دوای دامەزراندنی کۆنفیدرالیزم لە ئێراق و تورکیا، لە ڕێگەی دەنگدانەوە دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر یەکێک لەو دوو دەوڵەتە کوردییەی لە ئێراق و تورکیادا ئەگەری پێکهاتنی هەیە.

لەسەرێکی تریشەوە کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش دان بەو ڕاستییە مێژووییەدا بنێین کە تازە درەنگە بۆ یەکگرتنەوەی چوار پارچەکەی کوردستان و دامەزراندنی یەک دەوڵەتی کوردی. لە

کاتی خۆیدا نەمانتوانییوە ئەو دەوڵەتە پێکبهێنین کە دەبوایە بکرایە. هەندێک جار مێژوو ئەحکامی خۆی هەیە و ئەوەی بەسەر میللەتی کورددا سەپێنراوە، بۆتە حەقیقەتێک کە چیتر ناتوانین لەژێر باری هەڵبێین.

ئەمڕۆ ئیتر ئێمە چوار میللەتی کوردی دراوسێی یەکترین. ئەو مێژووەی لەگەڵ ئەو میللەتانەدا، بە جیا لەیەکتری بڕیومانە، گەورەترە لەو مێژووەی پێشین کە ئێمە هیچ کاتێک دەوڵەتێکی کوردیمان نەبووە کە یەکپارچە بووبێت و سەربەخۆ بوو بێت. کورد هەمیشە دەتوانێت پشت و پەنای یەکتری بێت و ئەوبەشەی زوتر ڕزگاری بێت لە ستەمکاری میللەتێکی تر یاخود خۆماڵی، دەتوانێت ببێت بە هیوا و بڵندگۆی بەشەکانی تر.

لەیەکدانەوەی کوردستان، لەیەکدانەوەی ئەڵمانیا نیە کە لە بارێکی ئاڵۆز و نائاسایی سیاسیدا، بە کاتیی لەیەکدابڕابوون، بە نەمانی کۆمۆنیستی یەکیانگرتەوە. ئێمە پێش ئەوەی بخرێینە سنوری ئەو دەوڵەتانەوە، سنورێکی دیاریکراوی نەتەوەییمان نەبووە، دەوڵەتمان پێکنەهێناوە، لەگەڵ تورک و فارس و عەرەبدا سنوری کراوەمان هەبووە و هاوبەشی کەلتوریی و دینیمان هەبووە، هەموو پێکەوە لەژێر دەستی چەند دەسەڵاتێکی ناوەندی ستەمکاردا بووین.

ئەوەندەی هەریەکەمان بەو میللەتانە ئاشناین، ئەوەندە کوردی بەشەکانی تر ناناسین. ئێمە دەستەویەخە لەگەڵ ئەو میللەتانەدا وەستاوینەتەوە، هیچ کاتێکیش نەپەرژاوینەتە سەر کوردی بەشەکانی تر، چونکە هەر یەکەمان بە جیا گیرۆدەی دەستی میللەتی سەردەستی خۆمان بووین.

کوردی ئێرانی لێدەرچێت، ئێمە هەموو ئەوانی تر هەستی دەرکراومان هەیە، چونکە لە ڕەگی مێژوویی خۆمان دابڕێنراوین. کوردی ئێران هەست دەکات لەگەڵ میللەتی فارسدا هاوبەشە و لەسەر خاک و ئاوی خۆی دانیشتووە. ئێمە لە ئێراق و تورکیا و سوریا غەریبەین. هەتا ئێستاش لە سوریا بە هاووڵاتی ناژمێردرێین و خاوەنی ڕەگەزنامە نین، وەک بێگانە لەقەڵەمدراوین. تا یەک دوو دەیە لەوەوپێش نەدەکرا لە تورکیا بەکوردیش قسەبکرێت. لە ئێراق کورد ناچار بووە مێژوویەک بۆ خۆی داڕێژێتەوە و لە سفرەوە دەستپێبکاتەوە. جیاوازی پێکهاتەی دەرونیی تورکێک و عەرەبێک و فارسێک چەندە، کوردەکانی ئەو بەشانەش نزیکەی هەمان ئەندازە لەیەکترییەوە دوورن بەڵام لە بارێکی ژێردەستەییدا. تەنانەت زمانی کوردیش ئەو ڕایەڵە دروستناکات کە ئەگەر لە جێگە و کاتێکی تردا یەکتری

**ببینینەوە، بتوانین بە ئاسانی لەیەکتری تێبگەین. زمانی سویدی و نەرویجی چەند لەیەکتری نزیکن، هەرئەوەندەش کرمانجی و سۆرانی لەیەکتر تێدەگەن. ئێمە دیسانەوە ناتوانین بە ئاسانی یەکتری بخوێنینەوە، بەهۆی ئەوەی زۆربەیەک لەو دوو دیالێکتە بە دوو ڕێنوسی جیا دەنوسرێن.**

دەسەڵات و ڕۆشنبیری
ئەو دەسەڵاتەی لە ڕۆشنبیر دەترسێت، دەسەڵات نیە، بەڵکو مافیایە.
ئەو ڕۆشنبیرەی دژایەتی دەسەڵات دەکات، ڕۆشنبیر نیە،بەڵکو سیاسییە.
دەسەڵاتی سیاسی ناڕوخێنرێت، بەڵکو دەگۆڕدرێت.
زۆربەی زۆری ئەو تێگەشتنانەی هەتا ئەمڕۆش باوە و دەیەوێت چۆنێتی دەسەڵاتدار و ڕۆشنبیر دیاریبکات و پێکەوە گرێیانبداتەوە، تێڕوانینێکی چینایەتی هەیە بۆ مێژوو، بۆ کۆمەڵگا و بۆ ژیان. هەموو پەیوەندییەکان لەو ململانێیەدا دەبینێتەوە و بەو پێوانەیەش شرۆڤەی دەکات. ئەو تێڕوانینەی کە لە هەموو جێگە و زەمانێکدا دەیەوێت بە زەبروزەنگ کۆمەڵگا هەڵگێڕێتەوە و بیگۆڕێت.
ئەگەر ئەرکی ڕۆشنبیریی ورياکردنەوە و بەئاگایی هێنانەوەی کۆمەڵانی خەڵک نەبێت لەوەی کە چی لە واقیعدا (واقیعی ڕۆژانە و واقیعی میژوویی) ڕودەدات، ئەوا ئەو ڕۆشنبیرییە بێئاگایە و دەبێت وشیاربکرێتەوە.
ئەگەر ڕۆشنبیریی نەیتوانی تاکەکانی کۆمەڵگا بە خودی خۆیان بناسێنێت و پارێزگارییان لێنەکات، ئەوا هێشتا ئەو ڕۆشنبیرییە لەدایکنەبووە و دەبێت زەمینەی بۆ خۆشبکرێت کە لەدایکبێت.
ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بەرژەوەندی گشتیی میللەتەکەی، لە ئێستا و داهاتودا، لەبەرچاونەگرت، ئەوا چارەنوسی ئەو میللەتە لە ڕەوتی مێژوویی خۆی دەخزێنرێت و لە بازاڕی جیهانیدا وەک کاڵایەک لەڕودەخرێت و دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت.
وەک دەبینین، دوو ستووتمان هەیە لە تەنیشت یەکترەوە/ لە بەرامبەر یەکتردا کە ناشێت تێکەڵاوی یەکتریانبکەین. لەلایەک دەسەڵاتی سیاسی و لەلایەکی تریشەوە ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی.
بە شێوە داماڵراوەکەی، ئاگایی و وریایی دەسەڵاتی سیاسی ناچێتە خانەی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرییەوە. هەردووکیان واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەیانسەپێنێت و پێداویستییەکی ژیانەوەرییە بۆ کۆمەڵگایەکی سازگار. تێهەڵکێشبوون و کاریگەری بەرانبەر، لە ڕەوتێکی مێژووییدا، هاوکێشەیەکی تەواو پێکدەهێنێت. باری چەسپاوی سیاسی، دەتوانێت بواری ڕۆشنبیریی برەخسێنێت کە گەشەی خۆی بکات. ڕۆشنبیریی دەتوانێت بنەمای دەسەڵاتدارێتیەکی زیاتر مرۆڤدۆستانە بێنێتە ئاراوە کە تاکەکانی کۆمەڵگا بتوانن خۆیان والابکەن و ئازادانە لە تێهەڵکێشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونی خۆیان بچەسپێنن. ئەمە بە شێوە تیۆرییەکەی و بەو پێوانەیەی کە دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆشنبیریی، بە هەر

ڕێباز و ڕاڕەوێکدا بڕۆن، دەبێت لە کۆتاییدا بڕژێنە بەرژەوەندیی گشتیی ئەو میللەتەی کە ئەو دیاردانەی تیاهەڵقولاوە.

ئاستەنگی و لاسەنگییەکەش هەر لەوێوە دەستپێدەکات، کاتێک دەسەڵاتی سیاسی لەو ڕاڕەوە لادەدات (بەرژەوەندیی گشتیی میللەت). «هەموو لادانێک لە بەرژەوەندی گشتیی واتە گیرفانی بەرژەوەندیی تایبەتیی خودی دەسەڵاتدار» ئەو کاتانەیە کە دەشێت ویژدانی کۆمەڵانی خەڵک بەئاگا بێتەوە و پەنجەی «وریابە» بەرزکاتەوە و ڕۆشنبیریی وەک ویژدانی کۆمەڵایەتی گەڵاڵەبێت و بەقسەبێت و هەوڵبدات دەسەڵاتی سیاسی بخاتەوە ڕاڕەوەکەی خۆی. ئەمە لە حاڵەتی ئاسایی و لە چوارچێوەی سیاسەتی میللەتێکی دیاریکراودا.

لەسەروو ئەو ئاگاییەشەوە، دەتوانین ئاماژە بۆ ئاستێکی تری ئاگایی بکەین لە ڕەهەندێکی دوورتردا کە دەشێت ویژدانی مرۆڤایەتی لێبێتە زمان ئەویش ئەوەیە کە ئێمە هەموومان لەسەر یەک گۆی زەوی دەژین و سەر بە توخمی مرۆڤین و دەشێت ئەو بەرژەوەندییە جیهانییە لەبەرچاو بگرین.

بەڵام ئەمڕۆ وەک دەبینین هەر میللەتە بەجیا دەیەوێت بەلای خۆیدا ڕایبکێشێت، ئەوا هیچ میللەتێک ناتوانێت/ نایەوێت قوربانی بە بەرژەوەندییەکانی خۆی بدات. واتە بەرژەوەندی هەر میللەتێک لەم ساتەوەختەدا، لە واقیعی مێژوویی جیهانیدا، لەسەر چەند خاڵێک بەندە، لە پێش هەموو شتێکەوە: کە چۆن دەتوانرێت وەک ئەوەی هەیە بمێنێتەوە، ئەوسا چۆن دەتوانێت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جێگەی خۆی بکاتەوە و پێشبکەوێت، لە کۆتایشدا چۆن لە ڕاڕەوی مێژوویدا بەشداربێت.

هەندێک لە ڕۆشنبیرەکانی ئێمە لەوە دەچێت ڕوبەڕوبونەوەی ڕۆشنبیریی و دەسەڵات وەک خەباتێکی کۆمەڵایەتی ڕەها و هەتاهەتایی تێبگەن کە بە هیچ زەمان و جێگایەکدا نەنوسابێت و هیچ حیسابێک بۆ قۆناغی مێژوویی نەکەن. نە دەسەڵات ڕەهایە لە هەموو جێگە و زەمانێکدا، نە بەرهەڵستکاریکردنی. زۆر جار هەڵەی مێژوویی گەورە ڕویداوە لە ئەنجامی تێنەگەشتنی ڕەوتی کۆمەڵگا و قۆناغی مێژوویی تایبەتیدا کە بۆتە هۆی پەشێوی و شڵەژانی سەرتاسەری کۆمەڵگا، بەبێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆی لێکەوتبێتەوە لە زیان و وێرانی زیاتر . ئەوە ئەو حاڵەتەیە کە دەتوانین ناویبنێن تێنەگەشتن،لە ڕۆشنبیریی، لە ئازادی، لە ڕەوتی مێژوویی، لە دەسەڵاتی سیاسی و جیانەکردنەوەی لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان.

دەوڵەت ناڕوخێنرێت، دەوڵەت موڵکی هیچ حیزبێکی سیاسی نیە. دەوڵەت پێداویستی کۆمەڵایەتی/ مێژووی هێناویەتیە ئاراوە کە ناکرێت هیچ کۆمەڵگایەک دەستبەرداری بێت. ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەنی دەوڵەت نین، دەتوانرێت بە کۆمەڵگای پێش مێژوویی ناوببرێت. ئێستا ئێمە لە سەردەمێکدا/لە مێژوویەکدا دەژین، کە بەبێ بوونی دەوڵەت ناتوانین هیچ پێناسەیەک بۆ تاک، کۆمەڵ، کۆمەڵگا، مێژوو بدۆزینەوە. دەوڵەت پێکهاتەی ئەو دامەزراوە

کۆمەڵایەتیانەیە کە پەیوەندییەکانمان ڕێکدەخات و سنوری بەریەککەوتنەکانمان دەپارێزێت/جیادەکاتەوە. بوونی دەوڵەت بەبێ دەسەڵاتی سیاسی وەک لاشەیەکی بێگیان وایە، بەڵام چۆنێتی بەکاربردنی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیانە و ئاڕاستەکردنی بە ڕاڕەوێکی تایبەتیدا، کە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان نەخوێنێتەوە، ڕێگە بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان خۆشدەکات و زەمینەی گۆڕانکاری دەسەڵاتی سیاسی دێنێتە ئاراوە. دەسەڵاتی سیاسی بەپێی یاسا دەستنیشان دەکرێت و تاکەکەس دەورێکی ئەوتۆ نابینێت لە شاڕێی مێژوویيدا (ئەو مێژووەی ئەمڕۆ بۆتە ئەمری واقیع، هەموو لادانێک لەو شاڕێیە لادەبرێت و دەخرێتەوە سەر هەمان ئاڕاستە).

ئەمڕۆ دیاردەیەک نیە لە ئەوروپا، لە جیهانی ڕۆژئاوادا بە گشتی، کە پێی بوترێت ململانێی ڕۆشنبیریی و دەسەڵاتی سیاسی، لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە ئیتر کۆمەڵگا پڕاوپڕی هەقانییەتە و دادپەروەرییە.

بۆ زیاتر ڕونکردنەوە، دەتوانین لە دوو گۆشەنیگاوە ئەو سیستەمانە شیبکەینەوە. یەکەم پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگا. دووەم پەیوەندی سیاسی نێودەوڵەتی.

هەموو ئەو سیستەمانە لەسەر ئەوە دامەزراون کە چۆن باشترین بەرژەوەندیی میللەتەکەیان دەپارێزن و لە ڕەوتی مێژوویيدا جێگەی دەکەنەوە. لەدەرەوەی ئەوەوە ئیتر ئیزدواجییەتەکە دەستپێدەکات. دەسەڵاتدارێتی سیاسی لە چوارچێوەی سنوری دەوڵەتەکەیدا و لەگەڵ دەوڵەتەکانی تری ڕۆژئاوادا، جۆرە پەیوەندییەکی هەیە کە جیاوازە لەگەڵ پەیوەندییەکانی تریدا بە جیهانەکەی ترەوە.

لە دەرەوەی سنوری ڕۆژئاوادا هەموو جۆرە سیاسەتێک و هەموو فڕوفێڵ و تەڵەکەبازییەک دەخوات و سنور بۆ هیچ جۆرە هەڵسوکەوتێک دیارینەکراوە. سیاسەت، سیاسەتێکی ڕەهایە و خوڕەوشت و ئاکاری مرۆڤایەتی دەخرێتە هەمانەیەکەوە و لەودیوو سنورەوە کاری پێناکرێت تا دەگاتەوە سنوری سیاسی دەوڵەتەکەی خۆی.

کە سەربازە فەرەنسییەکان ئەشکەنجەی جەزائیرییەکانیان دەدا، بۆ سەروەری و پایەبڵندی فەرەنسا بوو، بەڵام لە سنوری دەوڵەتی فەرەنسادا ئەوە کفرێکە توانای لێبوردنی نیە و هیچ یاسایەک ناتوانێت پاساوی بداتەوە. هەڵبەتە زەمانێک بوو کە کارێکی یاسایی و دەوڵەتی بوو. سیاسەتێک بوو بۆ پاراستنی پادشا و دەسەڵاتداران پەیڕەودەکرا، بەڵام ئێمە باسی زەمانێک دەکەین کە بەپێی یاسا و لەدوای خەباتێکی زۆر و قوربانییەکی زۆر بۆ چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ، دەبینین پەیڕەوکردنی لە دەرەوەی سنور هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆ نابینێت لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگا و بەپێچەوانەشەوە دەڕژێتە کۆی بەرژەوەندییەکانیانەوە. ئەمە ئیزدیواجییەتی سیاسەتی ڕۆژئاوایە.

که سەربازە ئەمریکییەکان ئەشکەنجەی عەرەبە ئێراقییەکان دەکەن، دەلالەت لە پاشکەوتوویی کەلتووری ئەمریکی ناکات، بەقەدەر ئەوەی دەلالەتە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە جیهانێکی بەرەڵادا کە کەوتۆتە دەرەوەی سنوری ئەمریکاوە و لە ڕاستیدا خاوەنێکی ئەوتۆشی نیە و کێ ئازا و بەهێز و توانایە، دەتوانێت بەشی خۆی/ دەسەڵاتی خۆی .... تیادا بچەسپێنێت.
ئالێرەدایە کە ئیتر ڕوناکبیر ناتوانێت لۆکاڵی بیربکاتەوە و جیهان دەبێتە مەیدانی چالاکییەکانی و مرۆڤ دەبێتە تەوەری بیرکردنەوە و چەقی تێڕوانینەکانی. کێشەکە لەم ئان و زەمانەدا لە جیاوازی بەهای مرۆڤدایە لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تری ئەم سەرزەمینە.
جەلادە بەعسیەکان بەرگرییان لە دیکتاتۆرێکی ئێراقی دەکرد لە زەمان و جێگایەکی تێکپچڕاوی ڕۆژهەڵاتدا، کە دەکرێت بڵێین لەو تێهەڵکێشە ئاڵۆزەدا، ئاست و جیهانبینیی دەسەڵات و جەلادەکانی ئەوەندە بڕیانکردووە و ناڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندیی جیهانی یەکەمدا بوون. بەڵام شوناسی جەلادە ئەمریکییەکان چەند نامۆیە بە قوربانییەکانیان، ئەوەندەش نامۆن بە خودی خۆیان لە زەمان و ئەو جێگایەی شارستانیەتەکەیان لەسەر بنیاتناوە. لە دەرەوەی سیستەمە دەسەڵاتدارێتییەکانیانەوە، دڕندەیەک لە دایکبووە کە بەرگری لە شارستانیەتی خۆی دەکات. ئەمە تەنها دوڕوویی ئەم سیستەمانە نیە بەرامبەر بە مێژوو، بەڵکو کێشەیەکی فەلسەفی قوڵیشە کە مرۆڤایەتی بە گشتی ڕوبەڕوی دەبێتەوە و بە هیچ شێوەیەک ڕوداوێکی لابەلای تێپەڕ نیە، بەقەدەر ئەوەی دەلالەت لە حەقیقەتێک دەکات کە کێشەی مرۆڤبوون دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەویش دڕندایەتی و خۆپەرستی مرۆڤە و هەتا ئێستاش مۆتۆڕی یەکەمە و غەریزەی مانەوە و خۆویستی و بەدەسەڵاتبوون و هێشتنەوەی سەروەری لەدەست کەمێکدایە و ئەو گۆشەیەیە کە جیهان و مرۆڤ و گەردوونی لێوە دەبینرێت. ئەوەیە دوڕوویی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی گەورەترین شارستانیەتیی کە مێژوو بەخۆیەوە بینیبێتی. ڕویەکی بەناو شارستانییەتی خۆی و ڕویەکی دڕندەی دەرەوەی خۆی. ڕویەک مێژووی ڕاستەقینەی تاکڕەوی خۆی، کە کەس/هیچ لە پێشییەوە نیە و ڕویەک مێژووی دروستکراوی ساختەی ئێمە کە لە دەرەوەی جیهانی ڕۆژئاوادایین و بەداوی خۆیاندا ڕاماندەکێشن.
ئەوەی لە میدیاکاندا پیشاندرا و بە هەڵەی دوسێ سەرباز لەقەڵەمدرا، نەک هەر ڕوی ڕاستەقینەی کێشەکە پیشانناداد، بەڵکو ناشیرینتریشی دەکات. ناوشیاریی کۆمەڵێک سەرباز نیە، بەڵکو وشیاریی سیستەمێکی دەسەڵاتدارێتییە کە جیاوازی لە بەها مرۆڤایەتییەکاندا بە ڕەوا دەبینێت. ئەگەر ئیشی جەلاد ئەشکەنجەدانی قوربانییەکەی بەردەستی بێت، ئەوا دەتوانرێت تەنها بەوە تاوانبارکرێت کە ئەنجامیداوە، بەڵام کە سیستەمێکی دەسەڵاتدارێتی خۆی بە پێشڕەوی جیهانێکی پێشکەوتوو دادەنێت، ئەوا تاوانەکە

دە ئەوەندە گەورەتر دەبێت چونکە لە پاش ئەو هەموو پێشکەوتن و شارستانییەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش مێژوویی و ڕوە دڕندەکەی جارێکیتر ئەکتیڤ دەکاتەوە.

ئێستا ئەگەر وایدابنێین میدیا ئەو ڕوداوانەی نەوروژاندایە، ئایا دەسەڵاتدارێتی سیاسی ئەمریکی خۆی دەیخستنەڕو؟ ئایا بەدواداچوون و لێپرسینەوە ڕوی‌دەدا؟ ئایا بۆ هەموو جیهان ئاشکرا دەکرا؟ یاخود دەچووە خانەی نهێنی سەربازییەوە و دوای چل پەنجا ساڵی تر بەپێی یاسا پەردەی لەسەر هەڵدەماڵرا؟ ئەگەر ئەو گریمانەمان وابوایە و ئەوە لە دەسەڵاتی سیاسی بوەشایەتەوە، ئەوا دەمانتوانی بڵێین کە سیاسەت مرۆڤدۆستە و لە قالبی بەرژەوەندی تایبەتییەوە هاتۆتە دەرەوە و جیهان و بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو گرتووە. ئەوسا دەمانتوانی بڵێین کە لە تەفسیری هەڵەی دوسێ سەربازی سەرکەش زیاتر هەڵناگرێت.

ئەوەندەی ئاگادار و شارەزابین لە جیهانی ڕۆژئاوادا، بەهای مرۆڤ ڕون و ئاشکرایە و هاووڵاتیان لە ماف و ئەرکەکانی خۆیان بەئاگان و بەپێی دەستور دەستەبەرکراوە. پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵانی خەڵک دیاریکراوە و ئازادی بەرقەرارە و دیموکراتییەت بەرکەماڵە. کێشەکە لەناو خودی ڕۆژئاوادا نیە، بەڵکو کە بەگشتی سەیری هەموو جیهان دەکەین، ئەوسا کێشەی دوو جیهانیی دەردەکەوێت کە بۆتە دوو مێژووی جیاواز لەناو یەکتریدا. ئەم دوجیهانییە هەر دەمێنێت، هەتا زاراوەی ئێمە و ئەوان دەبێت بە یەک زاراەوە و ئێمە و ئەوان دەبین بە ئێمە. تەنها ئەوسا ناتوانرێت دو سیاسەت، دو جیهانبینی، دو مێژوو پیادەبکرێت. ئێستا «ئەوان» بەئاگان لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان و بەتوانا و بەدەسەڵاتن. «ئێمە» (هەموو ئەوانەی کەوتوینەتە دەرەوەی جیهانی ڕۆژئاواوە، یابان دەکەوێتە جیهانی ڕۆژئاواوە!!) نە بە بەرژەوەندیی خۆمان بەئاگاین, نە لە ئاستی ئەو زۆرانبازییەشداین و بێدەسەڵاتین. ئێمە کێشەی وشیاریی و ڕۆشنبیریمان هەیە نەک ئەوان. ئێمەین دەبێت جێگەی خۆمان بکەینەوە و بگەینەوە ئاستی مێژوو، ئەو مێژووەی ئەوان دایانڕشتووە. تەنها لەوێدا یەکسان دەبینەوە و بارستایی فیزیایی و ڕۆحیمان دەبێت، نەک وەک ئێستا کە تەنها بارستاییەکی فیزیکیمان هەیە و وەک داشی دامە بەبێ ئیرادەی خۆمان دەمانجو ڵێنن.

ئەمڕۆ لە جیهانی ڕۆژئاوادا، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێک، هیچ جیاوازییەک نیە لەنێوان بەهای مرۆڤەکاندا. دەسەڵاتدارێتی سیاسی جیاجیای دەوڵەتەکان، بە ئاسانی دەتوانن لەسەر بەرژەوەندییەکانیان ڕێکبکەون، بەبێ ئەوەی بۆ نمونە ئەڵمانیا بیەوێت فەرەنسا لەخشتەببات و بەکاریبهێنێت. واتە شێوازی ئەو پەیوەستەی نێوان ئێمە و ئەوان، نێوان خۆیان ناگرێتەوە. مرۆڤی ئاسایی ئەو کۆمەڵگایانە دەمێکە بەئاگان کە چی لە پشتی سنورەکانەوە ڕودەدات. باش دەزانن ئاستی مادیی و کۆمەڵگای خۆشگوزەرانیی لەسەر ئەو

ڕاووڕوته بەندە. ئیتر ئەو مرۆڤانە بێدەنگ دەبن و قسەناکەن لە کاتێکیشدا کە سور بزانن ئەو هەموو خێر و خێراتە لە ڕێگەی شەرعییەوە ئەمدیو نەکراوە.
ئەمە کتومت لە پێکهاتەی خێزانێک دەچێت کە باوکەکە بۆ نان پەیداکردن دەچێتە دەرەوە، جا ئەگەر بە ڕاووڕوت و قۆڵبڕین و درۆ و دزیش پەیدایبکات، گرنگ نیە و گرنگ ئەوەیە بە دەستبەتاڵی نەگەڕێتەوە ماڵەوە، ئەندامانی خێزانەکەی هیچ ناڵێن تا ئەو کاتەی کە تێربن و لە هیچیان کەم نەبێت و هەموو ئارەزووەکانیان پڕبکرێتەوە و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێت و دواڕۆژیان مسۆگەر و پرشنگدار بێت. ئەگەر جارجارە منداڵێکیان لە شەرعییەتی ئیشی باوکی بپرسێتەوە، ئەوا زۆر جار لە کەفوکوڵێکی هەرزەکارانە زیاتر هیچی تری لێ ناکەوێتەوە و زوو دەچێتەوە ژێر ڕکێفی باوکی. ئەویش فێر دەبێت کە کەمتر بدرکێنێت و هەوڵدەدات کوڕەکەی "پەروەردە"بکات و بۆی ڕونبکاتەوە کە نانپەیداکردن چەند سەختە و هەندێ جاریش ڕێبازی نامرۆڤانەشی تیابەکاردەبرێت. ئەگەر کوڕەکە هەر سوربوو لەسەر ئەوەی کە دەیەوێت بزانێت ئەو پارەوپولە چۆن پەیدا دەکرێت، ئەوە دەبێتە کێشەیەکی تاکەکەسی خودی خۆی و کەس گوێی لێناگرێت. چونکە نە دەتوانێت قەناعەت بە ئەندامەکانی تری خێزانەکەی بهێنێت، نە خۆشی دەتوانێت بە تەنها یاخی بێت. هەتا ئەو بەڵگەیەکی ئەخلاقی و ڕۆحی دێنێتەوە، باوکی دەیان بەڵگەی مادیی و خۆشگوزەرانی و سەردەستیی پیادەدەکات. باوکیشی ناتوانێت واز لەو ڕاووڕوتە بهێنێت، هەتا لە دەرەوە کەسانێک هەبن ڕێگە بدەن ڕاووڕوتبکرێن.
کەواتە دەتوانین بڵێین ئەوان «دەزانن و بەئاگان» ئەوە ئێمەین کە نازانین و نائاگاین. هەر لێرەشەوەیە ڕێگاکان جیادەبێتەوە و ئەرک و بەرپرسیاریەتەکانیش دابەشدەکرێن. ئێمەین کە ناتوانین ئاگایی سیاسی و ڕۆشنبیریی لێک جیابکەینەوە و ئێمەین کە پێویستمان پێیەتی. ئێمە دەشێت ئاستی وشیاریی بگەینینە ڕادەیەک کە تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمەش بزانن و بەئاگابن کە چی لە جیهاندا ڕودەدات و ئێمە لە کویای ئەو جیهانەدا وەستاوین و چۆن دەتوانین بەرژەوەندییەکانی خۆمان بپارێزین.
تا دەگەینە ئەو ئاستەی کە بەشداربین، هەر لەخشتەدەبرێین و هەموو تێگەشتنەکانی تریش لنگەوقوچ دەوەستێتەوە. لەبەرئەوە ئەرکی ڕۆشنبیریی ئێمە، ئەرکێکی سیاسییە بە پلەی یەکەم، ئەوجا ئەرکێکی مرۆڤایەتییە. تا ئەو کاتەی حیسابم بۆ نەکرێت کە مرۆڤم، با هەتا هەتایە دەهۆڵی مرۆڤایەتی لێبدەم، هیچ دەورێک نابینێت ئەگەر لە مێژوودا دەورێکم نەبێت. تەنها بوونەوە بە یەک جیهان و یەک مێژوو، دەتوانێت هاوسەنگی نێوان مرۆڤەکانی سەرزەوی ڕابگرێت. تەنها کاتێک دەتوانرێت باس لە جیهانیبوون بکرێت کە هەموومان بەشداری ڕاستەقیەی ئەو مێژووە بین. نەک ئەو بەجیهانیبوونەی ئەمڕۆ کە تەنها ڕۆژئاوا دەگرێتەوە. بەڵێ ڕاستە بەجیهانیبوون هەیە و دەمێکە هیچ ڕێگر و سنورێک نیە لە بەردەم

بەرژەوەندیی ڕۆژئاوادا. هیچ میللەتێک/ دەوڵەتێک/ دەسەڵاتێکی سیاسی، لە دەرەوەی ئەو جیهانەوە نیە کە ڕێگە لەو ڕاووڕوتە بگرێت.
ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ پێداویستی ڕۆشنبیریی لە جیهانی سیاسی ئەمڕۆدا، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەو جێگایەی ڕۆشنبیریی لێ نیە، خڵەتاندنی تیا ئامادەیە بە هەمان ئەندازەی ئەو نائامادەبوونە. وشیاریی کۆمەڵایەتی/ کۆمەڵانی خەڵکی بەستراوەتەوە بە ئاستی ڕۆشنبیرییانەوە. ئەو جێگایانەی ڕۆشنبیریی تیا بەهێزە، بنەمای مافی مرۆڤی تیا دامەزراوە. پێکهاتنی تاکی سەربەخۆ و تاکایەتی، دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیریی و ئەو تەوژمەی کۆمەڵگای کۆنی ڕامالیوە و هەڵیوەشاندۆتەوە و لەسەر بنەمای تاک و تاکایەتی دایمەزراندۆتەوە. ئەوە ڕۆشنبیرییە کە کۆمەڵگای لە عەقڵییەتی هۆزایەتی و خزمایەتی ڕزگارکردووە و لە ئاستێکی بەرزتردا پەیوەندییەکانی پێکەوە گرێداوەتەوە کە بۆتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی فەرمانڕەوایی تاکڕەو و حەقیقەتی ڕەها.
بنەمای دیموکراتی و دیالۆگ و قبوڵکردنی بەرامبەر وەک ئەوەی کە هەیە و کردنەوەی بواری یەکسانی بۆ هەموو لایەنێک و تاکێک کە بتوانێت خۆی واڵاکات، ئەوا دەتوانین هەموو ئەوانە بە بەرهەم و ئەرکی ڕۆشنبیریی دابنێین کە خۆی لە شارستانییەتدا دەبینێتەوە. ڕۆشنبیرییەک کە توانیبێتی تاک پەروەردەبکات، کە کەسایەتییەکی سەربەخۆیە و ئازادانە دەتوانێت کامە بۆ ئەو باشترینە، هەڵبژێرێت. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین بەبێ ڕۆشنبیریی و وشیاریی و پەروەردەکردنێکی ئازاد و دروست، ناتوانرێت قسە لەسەر دیموکراتییەت بکرێت. پرۆسەی بە دیموکراتیکردنی کۆمەڵگا، ناکرێت و ناشێت لە پرۆسەی ڕۆشنبیریی و وشیاریی و پەروەردە جیابکرێتەوە.
ترساندن و تۆقاندن و بچوککردنەوەی تاک و سەرکوتکردنی و بەهیچگرتنی مرۆڤ و بەهاکانی، تەنها یەک ڕاستی دەسەلمێنێت ئەویش ئەوەیە ڕێگەنەدراوە ڕۆشنبیریی، بەمانا فراوانەکەی، سەرهەڵبدات و ببێتە ئامڕازێکی بێ وێنە بە دەست مرۆڤەوە کە خۆی پێبپارێزێت لە دەست سیاسەتی سەرکوتکەر. ئەم حاڵەتانە لە جیهانی ڕۆژئاوادا تێپەڕێنراوە و کێشەکە لە نەبوونی دیموکراتی و نەچەسپاندنیدا نیە، چونکە خەڵک وشیارە و تاکەکەس بنەمای کەسایەتی خۆی هەیە و مافەکانی بەپێی دەستور و یاسا چەسپێنراوە و پارێزراوە. تاکەکەسی ڕۆژئاوایی بە ئازادی پەروەردەکراوە و نەتۆقێنراوە و سەرکوتنەکراوە و خاوەنی دەنگی خۆیەتی. هەتا ئێرە و هەتا لە سنوری ڕۆژئاوادا بین هەموو ئەو پرینسیپانە کاری پێدەکرێت و تەواوە و هیچ کەمایەتییەکی نیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە جیهان (ئەم گۆی زەوییە) تەنها جیهانی ڕۆژئاوا نیە. بەڵکو کێشەکە ئەو تێهەڵکێشەی نێوان ئەو جیهانە و دەرەوەی ئەو جیهانەیە کە پەیوەندییەکی نابەرابەر و هاوکێشەیەکی لاسەنگە و نرخ و بەهای

هەموو دیموکراتیەتێک و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و ڕۆشنبیریی، پوچەڵ دەکاتەوە. چونکە ئەو ئازادی و سەربەخۆییە، تەنها بەشێکی بچوکی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە.
باشترین نموونە دەتوانین هەموو جیهان بچوێنین بە دەوڵەتی ئەفریقیای باشور. هەرچەندە سپیپێستەکان داگیرکەر وکۆچکردووی وڵاتەکانی ئەوروپابوون، بەڵام خاوەنی هەموو ئیمتیازێک و ئازادییەک بوون کە ڕەشپێستەکان هەرچەندە خاوەنی ڕەسەنی وڵاتەکەی خۆیان بوون، لە هەموو شتێک بێبەش بوون. سپیپێستەکان، دیموکراتییەتیان پەیڕەودەکرد و هەڵبژاردنیان ئەنجام دەدا و خاوەنی ئاستێکی بەرزی مادیی و کەلتوریی بوون. بە کورتییەکەی خاوەنی هەموو ئەو بنەمایانەبوون کە مرۆڤێکی هاوچەرخ لە ڕۆژئاوادا لە ژێر دەسەڵاتیدایە و بگرە زیاتریش، چونکە ڕەشپێستەکانیش لە ژێر ڕکێفی ئەواندا بوون. ڕەشپێستەکان سێبەشی وڵاتەکەی خۆیان پێکدەهێنا، کەچی لە بچوکترین مافی ژیان بەهرەمەند نەبوون. تەنها ئامڕازێکی هەرزانی بەرهەمهێنان و کۆیلەیەکی چارەڕەش بوون. ئەوبەشەی تری کە میوان بوون، خاوەنی سیستەمێکی مەدەنی و دیموکرات و یاسا و پۆلیس و....هتد بوو. ڕێک بە پێچەوانەوە، هەمان سیستەم بۆ ڕەشپێستەکان سیستەمێکی دیکتاتۆر و پەیڕەوکەری کۆیلایەتیی بوو کە لە چەوساندنەوە و دادۆشین و داپڵۆسین زیاتر هیچی تری بۆ فەراهەم نەکردبوون، لە هەژاری و نەداری و نەخۆشی زیاتر، هیچی تریان پێ ڕەوا نەدەبینین.
ئەمڕۆ هەموو جیهان ئەفریقیای باشورە و ڕۆژئاوا سپیپێستەکانن و هەموو ئێمەی «ئەوانی تر بۆ ئەوان» دەرەوەی ڕۆژئاوا، ڕەشپێستەکانین. ئەگەر خەباتی ماندێلا بخوێنینەوە، دەبینین هیچی نەدەویست لەوەی زیاتر وەک ئەوان بن. ئەو دەیویست دیموکراتی و یاسا و دەستوری دەوڵەت بۆ ڕەش و سپی وەکیەک بێت. بواری کار و خوێندن جیاوازی نەکات لە ڕەنگەکاندا. یاسا سەروەر بێت و ڕەش و سپی لەبەردەمیدا وەکیەک هاووڵاتی بن. هەر وەک چۆن لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا دەژین، ئەوهاش خاوەنی یەک مێژوو بن و قبوڵبکرێن کە مرۆڤن و تەنها ڕەنگی پێستیان جیاوازە. بەڵام ئەم ویست و خواستە هەر لە چوارچێوەی ئارەزودا دەمایەوە ئەگەر خەباتی بێوچان و کۆڵنەدانی لە پشتەوە نەبوایە. چونکە مرۆڤ «بە هەرە داماڵراوییەکەی مەفهومی ئەو بونەوەرەوە» بە ئاسانی و بە ویستی خۆی واز لەو ئیمتیاز و دەسەڵاتە ناهێنێت کە لە ژێر دەستیدا کۆبۆتەوە.
ئەم خاڵەیە کە پێویستی بە هەڵوێستەکردنێکی جدی وفکری و معریفی هەیە. لەلایەک «ئەوان» خاوەنی دەسەڵات و سەروەرین و ئامادە نین بە ئارەزوی خۆیان وازی لێبهێنن، لەلایەکی ترەوە «ئێمە» خاوەنی هیچ نین و کۆیلەین و هیچ یاسا و ڕێسایەک نامانگرێتەوە، با هەر خاوەنی ئاوات و ئارەزوی مرۆڤدۆستانەش بین. ئەمڕۆ خەبات دەتوانێت گەلێ شێوازی تر لەخۆبگرێت، تێگەشتن و وشیاریی سیاسی و بەئاگابوون لە ڕەوتی مێژوویی،

گەلێک زەحمەت و سەرئێشەمان لەکۆڵدەکاتەوە، بەڵام هەروەک چۆن تەنها بە ئارەزووی باشتر ژیان، باشتر ناژیین، ئاواش تەنها بە تێگەشتن و وشیاریی و لێکدانەوەی واقیعی مێژوویی، ناگەینە هیچ ئامانج و دوارِۆژێک. هەر بۆیە لە تەنیشت ئەوانەشەوە، خەباتێکی بێوچان و ئیرادەیەکی نەپساو پێویستە.

ئەمرِۆ دەوڵەتی ئەفریقیای باشور، لە دوای خەباتێکی سەخت و چەندین ساڵە، سنوری تەسک و دیواری رِکوکینە و سپی هەڵوەشاندۆتەوە و لە ژێر سایەی دەوڵەتێکدا رِەش و سپی وەکیەک دەژین. ئیتر گرنگ نیە ئەو دەوڵەت و ئەو دەستورە لەم قۆناغە مێژووییەدا چییە و چۆنە، گرنگ ئەوەیە ئەو جیاوازییانە هەڵگیردرابێت، ئەوسا پێکەوە پاشەرِۆژێکی باشتر و هاوبەش هەڵدەبژێرن.

ئەوەیە ئەمرِۆ جیهان پێویستی پێییەتی، ئەو تێکەڵاوبونەوەیەیە کە جێگای هەمومان ببێتەوە و زاراوەی ئێمە و ئەوان ببێتە ئێمە. ئەو ئێمەیەی هەموو تاکە مرۆڤێکی ئەم زەویە بگرێتەوە. ئەوسا دەتوانین بڵێین مرۆڤی سەر رِوی زەوی چونکە کە کەسی بەرامبەر نەمێنێت ئەوا زاراوەی ئێمەش هیچ مانایەکی نامێنێت. لەرِاستیدا تەنها ئەوسایە کە مرۆڤ لەرِویدێت بەخۆی بڵێت من مرۆڤم.

## کێشەی حیکمەت و سیاسەت

هەتا ئەمرِۆ حیکمەت و سیاسەت دانولەیان بەیەکەوە ناکولێت. پێش ئەوەی بچینە سەرئەوەی بۆچی هەتا ئەمرِۆ ئەو دوو دیاردەیە ناکۆک و زۆرجار دژ بە یەکتر دەوەستنەوە، دەبێت کەمێک لەسەر واقیعی ئەمرِۆمان رِابمێنین.

زۆرجار سیاسەت سەری حیکمەتی خواردووە و هەتا ئەمرِۆش هەر سیاسەتە کە حیکمەتی پێشێلکردووە. لە رِاستیدا دەبێت بگەرِێینەوە بۆ زەمانی پلاتۆن (ئەفلاتون) بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەین کە حیکمەت رِێزێکی هەیە و سیاسەت گوێی لێدەگرێت، دەنا ئەمرِۆ ئەوەندە پچوککراوەتەوە لە پاشکۆیەکی سیاسەت زیاتر، هیچ بەهایەکیان بۆ نەهێشتۆتەوە. دەتوانین بڵێین کە زانین بەگشتی بۆتە ئامرِازێکی بەکار و چالاکی دەستی سیاسەت، ئەو سیاسەتەی پارێزگاری لە دەسەڵاتێکی دیاریکراو دەکات.

بۆ تێرامان لە واقیعی ئەمرِۆمان، پێویستمان بە زانینێکی گەورە نیە کە ببینین چی لە چواردەورماندا رِودەدات و لە کوێی ئەو تێهەڵکێشە جیهانییەداین، ئەو جیهانەی لە رِێی میدییاکانەوە پێشکەشمان دەکرێت. بەڵکو پێویستمان بەوەیە کە بتوانین پشتی ئەو میدیایانە بخوێنینەوە و بپرسین، ئایا کێشەی پێکەوە ژیان ئەوەندە ئاڵۆزە کە نەتوانرێت چارەسەربکرێت؟ ئایا ئێمە ئەوەندە لەیەکتری جیاوازین کە بەهاکانمان لە جێگەیەکەوە بۆ

جێگەیەکی تری ئەم جیهانە بگۆڕدرێت؟ ئایا ئەو بونەوەرەی خۆی بە سەرداری سروشت دادەنێت، بە چ پێوانەیەک دەپێورێت؟ چۆن پێناسەی خۆی دەکات؟ کێ پلەی سەروخوار دابەشدەکات؟ کێ لە چیدا باشترە لە یەکێکی تر؟ کێ بەچی قەوارەی دیاریدەکرێت و لە یەکێکی تر جیادەکرێتەوە؟ ئایا پێداویستی مرۆڤێک کە لە ئەمریکادا دەژی، زۆرتر و جیاوازترە لە مرۆڤێکی تر کە لە ئێراندا دەژی بۆ نمونە؟ ئایا کێشی قورس و سوکبوونی مێشک دەتوانێت سیفەتی مرۆڤبوون ببەخشێت و بیسەنێتەوە؟ ئایا مرۆڤێکی ئەفریقی و مرۆڤێکی فینلەندی وەکیەک خۆیان بە مرۆڤ نازانن؟ باشە ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە لە هەر کوێبین هەر مرۆڤین، ئەی ئەو هەموو جیاوازیی و سنورە چییە کە بەهاکانمان جیادەکاتەوە و فەزڵی ئەوروپییەک دەدات بەسەر ڕۆژهەڵاتییەکدا؟ ئایا ئەقڵ و لۆجیک و تەکنەلۆجیا و زانین نەگەشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانین بە سەر ئەو جیاوازییانەدا تێپەڕببین؟ ئایا پێویستە هەر میللەتەو هەر هۆزەو هەر کیشوەرە بەجیا بۆخۆی پێشبکەوێت و کێشەکانی خۆی بەجیا چارەسەربکات؟ ئایا ئێمەی مرۆڤ هیچ شتێک نیە کە پێکەوە بمانبەستێتەوە؟ ئایا ئەو زەمانە تێنەپەڕیوە کە نەزانرێت چی ڕودەدات لەودیو دیواری سنورەکانەوە؟ ئایا ناشێت بپرسین بۆچی لە تەنیشت گەورەترین و پێشکەوتوترین تەکنەلۆجیاوە، هێشتا سەرزەمین هەیە گاسن و گا بۆ جووتکردن بەکاردەهێنێت؟

ئەمڕۆ هەموو دەزانین کە زانست هەیە، تەکنەلۆجیا هەیە، عەقڵ هەیە کەچی هەر ناگاتە هەموو کەس، لەگەڵ ئەوەی کە سور دەزانین هەیە و ئەگەر بواری فێربوون و دەستپیاگەشتن هەبێت، ئەوا بەلایەنی کەمەوە زۆربەی کەس دەتوانێت بگاتە ئەو ئاستە کە زانست و تەکنەلۆجیا بەکاربهێنێت. ئەی کەواتە بۆ هەموو کەس دەستی پیاناگات؟ دەبێت لەوێوە دەستپێبکەین کە بۆچی ئەو هەموو جیاوازییە خراوەتەوە؟ بۆچی ئەو سنورانە هەڵبەستراوە و مرۆڤەکان، میللەتەکان، دەوڵەتەکان.. پۆلپۆلکراوە؟ هەڵبەتە یا ئەوەتا هەڵەیەکی مێژوویی هەیە، یاخود نابێت بە هەموومان بوترێت مرۆڤ. ئایا دەشێت هەر میللەتەو بە جیا بگاتە مافەکانی مرۆڤ و بە دەستور و یاسایەکی تایبەت، بونەوەرەکانی سەرزەمینەکەی خۆی بپارێزێت؟ ئایا دەشێت بەوە ڕازیبین و قەناعەت بە عەقڵیشمان بکەین کە قبوڵی بکات، کە بەڕاستی ئێمە جیاوازین و هەندێکمان مرۆڤین و هەندێکی ترمان هێشتا نەیگەیشتونێتێ؟ ئەو ڕێگرانە چین لەو نێوانانەدا هەن و چۆن ئەو دیوارانە هەڵچنراون و هەڵدەچنرێن؟

هەڵبەتە لە واقیعی مێژوویی ئەمڕۆدا، ئیتر ناتوانین قەناعەت بەو جیاوازیانە بێنین کە زۆربەیان دەستکردن، یاخود هۆکارەکانیان دروستکراون. دەبێت لە کایەیەکی تردا بۆ وەڵام بگەڕێین. کایەی زانین، زانین بە واتا گشتییەکەی کە هەموو ڕۆشنبیرییەک و زانستێک و فەلسەفەیەک دەگرێتەوە.

«ڕۆژئاوا» چەند زاراوەیەکی سیحراوییە، ئەوەندەش کوشندەیە. ئەوان بە یەک وشە مەسەلەکەیان براندۆتەوە و قەناعەتیان بە خۆیان هێناوە و لەڕاستیدا تا ڕادەیەک قەناعەتیان بە ئێمەش کردووە کە ئێمە «دواکەوتووین». بەڵام ئایا کەڕەتێک دواکەوتوویی، ئیتر هەتاهەتایە هەر دواکەوتووی ڕۆژئاوا و مێژوو و مرۆڤایەتیی و زانست و .....هتد بین؟ ئایا هیچ شتێکی تر نیە لەو نێوانەدا ؟

ئێستا ئەگەر لە حیکمەت و سیاسەت بدوێین، ڕەنگبێت بتوانین پەردە لەسەر هەندێک لایەنی تری ئەو تێهەڵکێشە بدۆزینەوە.

سیاسەت بەواتا جەوهەرییەکەی واتە ئەو ڕێباز و شێوازانەی کە دەتوانرێت لە ڕێگەیانەوە بەرژەوەندیی تایبەتیی بپارێزرێت و «من» لە پێش «تۆ»دا بە هەموو ماناکانییەوە بژیم. حیکمەتیش بە واتا جەوهەرییەکەی واتە ئەو لۆجیکەی کە چۆن بتوانین هەردووکمان پێکەوە بە ئاسودەیی و هاوسۆزیی و هاوئاهەنگیی بژین.

ناکۆکی و دژبەیەک وەستانەوەی ئەو دوو جەمسەرە، یاخود هاوئاهەنگیی و تەواوکەرێتیی یەکتری، لەسەر ئەوە کەوتووە لە چ گۆشەنیگایەکەوە سەیری ئەو هاوکێشەیە دەکەین.

لەلایەکەوە، هەتا ئێستا حیکمەت نەبۆتە جەمسەرێک کە بتوانێت ئەو دژایەتییە بکات و هەر لە ژێر ڕکێفی سیاسەتدا ماوەتەوە و ئەو هەڵیدەسوڕێنێت و پەرەی پێدەدات و لە کاتی خۆیدا بۆ مەبەستی دیاریکراو بەکاریدەهێنێت. لەم حاڵەتەدا هیچ هاوکێشەیەکمان نیە کە دوو جەمسەری دژبەیەکی لەخۆگرتبێت. لێرەدا (جیهانی ڕۆژئاوا) حیکمەت دەبێتە یەکێک لە پێکهاتەکانی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و بەشێکە لە دیموکراتییەت و ناکۆک ناوەستێتەوە.

لەلایەکی ترەوە، دوو جەمسەری دژبەیەکن بەڵام مەیدانی ڕووبەڕووبونەوە و ململانێیان ناتوانێت بکەوێتە هەمان بازنەی دەسەڵاتدارێتییەوە. ڕۆشنبیریی، وشیاریی، ئاگایی یاخود بەگشتی وەک وتمان حیکمەت زۆرجار دەبێتە چەکی بەرگریی و بەرگری لە میللەتێک/ دەوڵەتێک دەکات. ئەگەر هەمان نموونەی دەوڵەتی ئەفریقیای باشور بەکاربێنینەوە، دەبینین ڕۆشنبیریی بۆ سپیپێستێکی ئاسایی، هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ سیستەمەکەیدا پێکنەدەهێنا تا ئەو کاتەی دەگەشتە ئەوەی کە داکۆکی لە ڕەشپێستێک بکات، لەو حاڵەتەشدا ئیتر دەبووە مەسەلەیەکی سیاسی و ئەو سپیپێستە بە ناپاک لەقەڵەمدەدرا، نەک پەیڕەوی حیکمەتی کردبێت. بەڵام هەمان ڕۆشنبیریی بۆ ڕەشپێستێک واتە بەرگرییکردن لە مانەوەی ژیانی، واتە خەباتکردنی بۆ جێکردنەوەی خۆی.

ئەگەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەیری ئەو هاوکێشەیە بکەین ئەگەر دەوڵەتێک، یەکێک لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوا بیەوێت بەرگریی لە جیهانی دەرەوەی ڕۆژئاوا بکات، ئەوا لەلایەن دەستە خوشکەکانییەوە بایکۆت دەکرێت و هەندێک جاریش بە کارەساتی کوشتنێکی سیاسی کۆتایی پێدەهێنرێت. (بۆ نموونە کوشتنی ئۆلۆڤ پالمە، سەرەک وەزیرانی پێشوی وڵاتی سوید).

ئالێرادایە حیکمەت مەسەلەیەکی جدیی و ترسناک پێکدەهێنێت کە دەگاتە ئاستی سیاسەتی ڕەسمی، دەنا لەسەر ئاستی ناڕەسمی واتە لە ناو میدیا و میللەتدا هەرچی دەوترێت با بوترێت (هەرچەندە میللەت دەستی بە هەموو شتێکدا ناگات) چونکە دەوڵەت دەتوانێت وەک پڕوپاگەندەیەکی دیموکراتی بەکاریبهێنێت.

هەر یەک لە وڵاتەکانی جیهان دەتوانرێت بکڕدرێت، کڕبکرێت، سڕبکرێت و گەمارۆی بخرێتە سەر، ئەگەر لە سیاسەتی/ لە بەرژەوەندیی ئەمریکا بیەوێت لابدات.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە حیکمەت ناتوانێت ئازاد بێت و دژ بوەستێتەوە و بەرگری لە ئامانجە مرۆڤایەتییەکانی بکات هەتا لە ژێر باڵی سیاسەتدا بێت. ئەو ئامانجانەی کە جێگەی هەمووماں وەکیەک ببێتەوە و بتوانین من و تۆ پێکەوە بژین بەبێ ئەوەی دوژمنی یەکتری بین و بەبێ ئەوەی بواری ئەو دوژمنایەتییەش ڕۆژێک لە ڕۆژان دروستببێت. ئەمە خەم و خەونی تاکە مرۆڤێک/ میللەتێک نیە، بەڵکو بیرێکی جیهانییە و تەنها لە جیهانێکیشدا دەچەسپێت کە پێکڕا ئازاد بێت و یەک مێژوو پێکیەوەی بەستبێتەوە و ئاستی بیرکردنەوە و وشیاریی مرۆڤەکان/ کۆمەڵگاکان گەشتبێتە ئەوەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتییەکان، پەیوەندییەکی مرۆڤایەتیی بێت. تێهەڵکێشە سیاسییەکان «کامە باشترینە بۆ هەمووان» داڕێژێت لە جێگای «کامە باشترینە بۆ من»، ئەوەی ئەمڕۆ تاکە پرێنسیپە کە کاری پێدەکرێت لەسەر ئاستە جیاجیاکانی دەوڵەتی و نێودەوڵەتیدا.

لە کۆتایشدا دەتوانین بڵێین هەتا بێدادی لە جیهاندا هەبێت، ئەوا ئەو ململانێیە و ئەو کێشمەکێشە هەر دەمێنێت و حیکمەت چەکی بەرگری زۆربەی زۆری کۆمەلانی خەڵکی سەرزەوی دەبێت لەبەرامبەر ئەو سیستەمانەی ئەو بێدادیانە پیادەدەکەن.

## دیموکراسی و مافی هاووڵاتیبوون

بەدیموکراتیکردنی کۆمەڵگا تەنها ئارەزوییەکی سیاسیی نیە، یاخود هەوەستێکی کاتی و تەنگانە کە لە وتارێکی سیاسیدا جێگەی بێتەوە و بویستریت دەنگی ناڕەزایی پێکپبکرێتەوە. دیموکراتییەت تاکتیکێک نیە، بتوانرێت بکرێت بە داردەستی فەرمانڕەوایەتی و بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا بەکاریبهێنێت. دیموکراتییەت لە بنەڕەتدا هەڵوەشاندنەوەی کۆی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگایە و گۆڕینێتی بە سێتێکی تری پەیوەندی.
ڕەنگە ئەو کۆمەڵگایانەی کە وەک ئێمە هیچ شێوازێکی دیموکراتیان بەخۆوە نەدیوە و بەکردەوە ئەزمونیان نەکردووە و لەسەر جەستەیان هەستیان پێنەکردووە، دەشێت تا ماوەیەک، جۆرەها فۆرم و دەموچاوی جیاوازی دەسەڵاتدارێتی نادیموکراتی نیشانبدرێت و بە دیموکراتییەت پێی بفرۆشرێت. لە ڕاستیشدا زۆربەیەک کە لە هیچ شێوازێکی دیموکراتیدا نەژیابن، ڕەنگە بە گۆڕانکارییەکی بچوک و چاکسازییەکی کاتی و دیاردەیەکی ڕوکەش، قەناعەت بکەن کە ئەوە دیموکراتییەتە، یاخود ڕەنگە دیموکراتییەت تۆزێ باشتر بێت.
ئەگەر دیموکراتی لە هەموو ماناکانی داماڵین، ئەوا ناکرێت لە مافی مرۆڤبوون/ هاووڵاتیبوون ڕوتبکرێتەوە و جیابکرێتەوە، هەرچەندە دەبێت ئەو وردەکاریی و جیاوازییەی نێوان مافی مرۆڤبوون و هاووڵاتیبوون ڕەچاوبکرێت و بزانرێت کە مافی مرۆڤ تەنها کڵێشەیەکە، مافە بنەڕەتییەکان لەخۆدەگرێت و گشتیی و جیهانییە و بواری خراپبەکارهێنانی تێدایە. ئەو گشتێتییەی وایلێکردووە کە کەلێنی زۆری تێبکەوێت و بتوانرێت بەناوی دیموکراتییەوە و لەژێر سایەی ئەودا، کۆمەڵانێکی زۆری پێ بچەوسێنرێتەوە و پێی دەمکوتبکرێت. بەڵام کە دەوترێت مافی هاووڵاتیبوون، ئەوە ئیتر لە گشتێتی دێتە دەرەوە و دەچێتە وردەکارییەکانی ڕۆژانەوە و بەکردەوە دەبێت بسەلمێنرێت و ببینرێت و لە بەرهەمەکانی بەهرەداربن. مافی مرۆڤ یاخود ئەوەی بە جاڕی گەردوونی ناسراوە، ئەبستراکتە و زاراوەیەکی فەلسەفی و تیوەری و تا ڕادەیەکیش یۆتۆپیایە و لایەنی کەمی مافەکانی مرۆڤە، بەڵام مافی هاووڵاتیبوون کردەویەکی ڕۆژانەیە و داوایەکی سیاسیی و مێژوویی و شارستانییەتە، لە ڕەوتی کێشمەکێشی کۆمەڵایەتی و بگرەوبەردەی کۆمەڵانی خەڵک و دەسەڵاتدارێتیدا گەڵاڵەبووە و لە ژیانی ئێستا و ئێرەدا بوونی هەیە و لەسەر جەسەد و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی ڕۆژانە، هەستی پێدەکرێت. نمونەیەکی بچوک بۆ بەرجەستەکردنی ئەو جیاوازیانە دەتوانین بهێنینەوە لەسەر مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتیی: "مافی هەموو مرۆڤێکە دەستی بە پێداویستییە تەندروستییەکاندا بگات، وەک دکتۆر و نەخۆشخانە و دەرمان". ئەمە دەتوانرێت لە دیکتاتۆریەتیشدا دەستەبەربکرێت و بخرێتە بەردەستی هاووڵاتیان، یاخود بەناوی دیموکراتییەتیشەوە دەتوانرێت گەورەترین زەلیلکردنی

تیا بەدیبکرێت، کە بەناوی ئازادی و دیموکراتییەتەوە، لەگەڵ هەر چارەسەرییەکەدا جەردەییەکیش ڕوبدات و هیچ لێپرسینەوەیەکیش ڕونەدات. لێرەدا هەرچەندە پرێنسیبێکی مافی مرۆڤ دەستەبەرکراوە، بەڵام مافی هاووڵاتیی نەپارێزراوە و بەپێچەوانەوە پێشێلکراوە و خراپبەکارهێنراوە. ئا لێرەدایە کە هەست بە جیاوازی نێوان مافی هاووڵاتیبوون و دابینکردنی مافی مرۆڤ بە شێوە گشتێکەی دەبینرێت و دەزانرێت کە چ کەلێنێکی گەورە و فرۆفێڵێکی سیاسی خۆی تیا حەشارداوە.

ئەوەی ئێمە گەرەکمانە لەژێر سایەی دیموکراتیدا بسەلمێنرێت، مافی هاووڵاتیبوونە کە بەرهەمی ڕەنجی هەموو مرۆڤایەتییە و بەبێ مافی هاووڵاتیبوون مەحاڵە قسە لەسەر شارستانییەت بکرێت. خودی شارستانییەت لەسەر مافی هاووڵاتییبوون دامەزراوە. سیستەمی مەدەنی، واتای سیستەمێک دەبەخشێت کە هاووڵاتیی تیا خەملێوە و مافەکانی ئەو بونەوەرە بەپێی یاساکان پارێزراوە. دیموکراتییەت بەبێ مافی هاووڵاتییبوون، تەنها دیکتاتۆرییەتێکی ڕەنگکراو و شاراوەیە و بە بچوکترین ڕوشاندنی مافی مرۆڤێک، حەقیقەتەکەی دەردەکەوێتەوە، مەبەستیش لەو ڕوکەشکردنە تەنها خڵەتاندن و چاوبەستکردن و مافپێشێلکردنی ئەوانی ترە. حەقیقەتی دیموکراتییەت لەوەدایە کە مافی ئەوانی تر پێشێلنەکرێت و دەنگیان هەبێت و گوێیان لێبگیردرێت.

ئەگەر ئێمە قەناعەت بەوە بێنین کە دەستور و یاسای "دەوڵەت" بۆ ئەوە دادەمەزرێت کە پەیوەندییەکانمان ڕێکبخاتەوە، ئەوا دەبێت لە پێشدا لەسەر ئەوە ڕێکبکەوین کە پەیوەندییە کۆنەکانمان هەڵبوەشێنینەوە، چونکە دوو دەستە جۆری پەیوەندی لەیەککاتدا ناکرێت پەیڕەو بکرێت، کە هەر یەکەیان نەفی ئەوی تریان بکات و لەڕاستیشدا دژ بەیەکبن.

ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت بەبێ دیموکراتی، دەقمان بە کۆمەڵێک بنەمای پەیوەندییەوە گرتووە کە قاڵب و سنور و دابونەریتی خۆی هەیە لە پەیڕەوکردندا و دەماو دەم و پشتاوپشت و نەوە لەدوای نەوە، بەبێ ئەوەی لە هیچ جێگایەکدا نوسرابێتەوە، بەبێ ئەوەی پرسیاری لەسەربکەین، جێبەجێی دەکەین و بەردەوامی پێدەدەین. جارجاریش لە دوای زەمەنێکی زۆر، خۆی وردە وردە گۆڕانی بەسەرردادێت و خۆی تازەدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی کەس خاوەنی ئەو داهێنان و گۆڕانانە بێت، بەڵکو خۆی خۆی لەگەڵ باری تازەدا دەگونجێنێت. (سوڵحی عەشایریی، زاراوەیەکی بەرفراوانە بۆ کۆمەڵێک کردار و سەودا و هەڵسوکەت، لە بچوکترین گیروگرفتەوە تا بەرزترین ڕێککەوتنی ئاستی سیاسی، بەکردەوە بەکاردەهێنرێت).

لە واقیعی بەکردەوەی ڕۆژانەدا، ناکرێت لە تەنیشت ئەو کۆمەڵە پەیوەندییە، یاخود ڕاستتر، ئەو تۆڕە پەیوەندییە تێکچڕاو و ئاڵۆزەوە، کۆمەڵێک، یاخود جۆرێکی تری پەیوەندی و پەیوەستبوونەوە بهێنرێتە ئاراوە و بویسترێت کاری پێبکرێت و جێگە بە تێکڕایی

پەیوەستبوونە کۆنەکان لەقکات و بەتەمابین لە تەنیشتییەوە سەوزبێت. لەڕاستیدا ئەوەی ئێستا ئێمە دەیکەین، شتێکە لەوبابەتە و دەمانەوێت بەزۆر دیموکراتییەت بترنجێنینە ناو ئەو پەیوەندیە عەشایرییەی کە هەمانە و کاری پێدەکەین و دەمانەوێت لەگەڵ خوونەریتی باوی کۆمەڵگادا بیگونجێنین، نەک بە پێچەوانەوە، کە دەبێت هەوڵ بدەین خوونەریتی کۆمەڵایەتی بە شێوازێک لەگەڵ دیموکراتییەتدا بگونجێت کە مۆرکی خۆماڵی پێوەبێت بەبێ ئەوەی مافی هاووڵاتییبوون لەکەس بسەندرێتەوە.

ئەگەر جێگە بۆ ئەو سێتە تازەیەی پەیوەندی خۆشنەکرێت، کە خۆی لە دەستور و یاسادا دەبینێتەوە، شێوازی پەیوەندییەکانمان سەرلەنوێ ڕێکنەخاتەوە و لێککەوتنەکانمان بۆ جیانەکاتەوە و ململانێ و کێشەکانمان بۆ یەکالا نەکاتەوە و دادپەروەرانە فەرمانڕەوا نەبێت، ئەوا ئەو کاتە لە مەفهومی دیموکراتیدا، تەنها قاوغەکەیمان وەرگرتووە و لە ناوەرۆکە عەمەلییەکەی بەتاڵمان کردۆتەوە.

دیموکراتی ناتوانێت/ناکرێت کەسیی (شخسی) بێت، یاخود لایەنخواز بێت. لەڕاستیدا تاکەکان و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک، لەبەردەم دەستور و یاسادا دەسڕدرێتەوە و دەبنە هاووڵاتیی و هەموو هاووڵاتییەکیش وەکو یەک لەبەردەم یاسادا یەکسانن و هەمان ماف و ئەرک دەیانگرێتەوە. دادگا بەو شێوەیە سەربەخۆیە، کە لەسەرو دەوڵەتیشەوەیە و دەتوانێت تاکەکانی فەرمانڕەواش، لە کاتی سەرپێچی یاساییدا، ڕاپێچی لێپرسینەوە بکات. ئەوەی لە پشت دادگاشەوەیە، ئەو دامەزراوە سەربەخۆیەیە کە موڵکی کەس نیە و هی هەموو کەسێکیشە و ناوی دەوڵەتە. دیموکراتییەت ناتوانرێت بەبێ ئەو دامەزراوانە کار بکات و چالاک بێت. دیموکراتییەت تەنها بەومانایە دێت کە مافی کەس نەخورێت، یاخود کەس نەتوانێت مافی یەکێکی تر پێشێل بکات و ئازادیش بێت و بۆشی بچێتەسەر. ڕەنگە بتوانرێت بوترێت کە دیموکراتییەت هەوڵدانێکە بۆئەوەی، تا ڕادەیەکی زۆر، دادپەروەری کۆمەڵایەتی بچەسپێنرێت. مەبەست لە، تا ڕادەیەکی زۆر، ئەوەیە کە تەنانەت لە دیموکراتییەتیشدا بواری پێشێلکردنی مافەکانی ئەوانی تر هەیە (بەتایبەتی لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا کە بە هیچ شێوەیەک پەیڕەو ناکرێت و هەتا ئێستا یاسای جەنگەڵ، واتە کێ بەهێزترە، ئەوا ئەو دەیباتەوە و بەشی شێر هی ئەوە، یاخود بەهێزەکان لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون و بەشی لاوازەکان دەخۆن). دادپەروەری ڕاستودروست ئەوەیە کە حیکمەت لە جیهاندا دەسەلاتدار بێت، نەک سیاسەت. دادپەروەری لە حەقدا بێت و حەقیش لە دادپەروەریدا.

*لە کۆمەڵگاکانی ئێمە و هاوشێوەی ئێمەدا کە بە تۆپەڵ دەژین، تاک و تاکایەتی دروست نەبووە، کەچی عەقڵییەتی تاک فەرمانڕەوایە، نەک عەقڵییەتی بەکۆمەڵ و دیموکراتی و سەربەخۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتدا. لە دیموکراتییەتدا تاک و تاکایەتی دروستدەبێت، کەچی*

*عەقڵییەتی بەکۆمەڵ فەرمانڕەوایە و کاردەکات، نەک تاک. هەر بۆیە لەلای ئێمە دامەزراوە بەناو ڕەسمی و دەوڵەتییەکانیش بەرگی شخسی لەبەردەکرێت و لایەنخواز دەردەچێت.*

بۆ ئێمەی کورد دیموکراتییەتمان بۆ ئەوە دەوێت کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان و کەسییەکان و پەیوەندییە خزمایەتی و وهۆزایەتی ... تا دەگاتە پەیوەندییەکانی کار و خوێندن و پەروەردە و فەرمانگە و سیاسەت و دەوڵەت، هەڵوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ لەسەر یاساگەلێکی گشتی بابەتیانە دامەزرێنێتەوە کە شخسی/ نەریتی/بۆماوە نەبێت. چونکە هەموو پەیوەندییە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە بە درێژایی مێژوو لەسەر پەیوەندی شخسی دروستبووە و دروستکراوە.
دیموکراتییەت بۆ ئێمە مانای دوبارە پێکهێنانەوە و دروستکردنی پەیوەندی نێوان من و منە، من و ئەوانی تر. ئەمە خاڵی سەرەکی دروستبوونی هاووڵاتییە بە شێوە ڕەسمیەکەی، بە شێوازە مەدەنییەکەی. ڕێکخستنی پەیوەندی من و من، بە واتای جیاکردنەوەی منی شخسی لە منی ڕەسمی و پێناسەکردنی جیابەجیای هەردووکیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا و لە یاسا و دەستوری پەیڕەوکراودا. هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە تا دواڕۆژی ژیان. ئێمە نەک هەر ئەزمونی دیموکراتییەتمان نیە، بەڵکو ئەزمونی هیچ شێوازێکی مۆدێرن و کلاسیکی فەرمانڕەوایەتیشمان نیە و وەک وتمان هەموو پەیوەندییە ڕەسمییەکانمان لەسەر بناغەی شخسی و پەیوەندییە شخسییەکان دارِشتووە، نەک هەر ڕەسمی و شخسی جیانەکراوەتەوە و پێناسەنەکراوە، بەڵکو کەسایەتی شخسی زاڵە بەسەر کەسایەتی فەرمیدا.
لە دیموکراتییەتدا، ئەگەر بمانەوێت مافەکان پێشێل نەکرێن، دەبێت ژیانی شخسیی من جیاکرابێتەوە لەگەڵ ژیانی ڕەسمیی مندا و یاساگەلێک هەبێت لەدەرەوەی منەوە پێناسەی کەسێتیی ڕەسمیی من بکات و چوارچێوەی هاووڵاتییبوونم بچەسپێنێت. لە هەر جێگا و ڕێگایەکدا هەڵسوکەوت بکەم و بجوڵێمەوە، هەموو بەریەککەوتنەکان بەپێی یاسا پەیڕەو بکرێت و یاسا کۆی پەیوەندییەکان بگرێتەوە و ڕێکیبخات، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ چاوی دەسەڵاتدارێتیشی لەسەر بێت. ئەوسا دەتوانم بڵێم مافەکانم پارێزراوە و دەتوانم ئازادانە لەو پەیوەندییانەی چواردەورمدا هەڵسوکەوت بکەم، بەبێ ئەوەی ترسی ئەوەم هەبێت کە مافەکانم پێشێل دەکرێت و پێویستم بە کەس نەبێت ئیشوکارەکانم بۆ ڕاپەڕێنێت و جێگاوڕێگام بۆ بکاتەوە. ئەوەندە دەبێت بەس بێت کە ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگایەبم و پێویستە بچمە هەر جێگایەک، پەیوەندیی یاسایی و ئیلتیزامی یاسایی، شێوازی دیالۆگەکان و ئیشوکارەکان ڕێکبخات، نەک من کوڕی کێم و کێ دەناسم، یاخود بە پێچەوانەوە کەس ناناسم و لە هیچ شوێنێک جێگام نابێتەوە.

لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا کە پەیوەنییە ڕەسمییەکان لەسەر بناغەی پەیوەندی شخسی بەڕێوەدەچێت، ئەگەر کەسێک هەڵەیەک بکات یاخود پێگەکەی خراپبەکاربهێنێت، کەسێکی تر دێت کە لە هەرەمی دەسەڵات/ یاخود حیزبدا بەرزترە، لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات، نەک یاسایەکی بێلایەن و دادگایەکی دادپەروەرانە.
ئێمە ماوەی چواردەساڵە باس لە دیموکراتییەت دەکەین بەبێ ئەوەی ملیمەترێک لە دیموکراتییەت نزیکبوبێتینەوە، یاخود بە ئەندازەی گەردێک لەگەڵ خۆماندا/ لەناو خۆماندا دیموکراتی بووبیین.
دیموکراسی بۆ ئێمەی نامۆ بە دیموکراسی، وەک وتمان هەڵوەشاندنەوەی کۆی پەیوەندییە کۆنەکانە، کەچی لە هەموو ئەو ماوەیەی ڕابوردوودا کە باس لە دیموکراتی دەکەین، تەنها پەیوەندییە کۆنەکان و پەیوەستبوونە شخسییەکانمان تۆخکردۆتەوە کە ڕۆژانە بەدرێژایی مێژوو لەسەری ڕاهاتووین و لەسەری ڕاهێنراوین، هەر لەسەردەمی حوکمڕانە کۆنەکان و سەردەستەکان تا ئەم فەرمانڕەوایەتییە تازانە، تەنها جیاوازییەک ئەوەیە ئێمە خۆمان بواری ئەو تۆخکردنەوە و تۆکمەکردنانەمان نەبووە و ئێستا "لە ئازادیدا" هەمانە. ئێمە پەیوەندییە خێڵەکییەکانمان زیندوو کردەوە، هەر لەناو خێزانەوە تا دەگاتە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتدارێتی.
ئەوەی ئێمە دەبێت لە دیموکراتی تێبگەین و بمانەوێت بیسەلمێنین، لە پێش هەموو شتێکەوە ئەوەیە کە لەم مادە خامەی بەردەستمان، لەم کۆمەڵگا سەرەتاییەدا، بونەوەرێک بخولقێنین کە پێی بوترێت "مرۆڤ" ئەو بونەوەرەی کە بە مافەکانی خۆی بەئاگا بێت و ڕێزی لێبگیردرێت. بەبێ ئەو بونەوەرە، خۆناسین و ناسینەوە ڕونادات و سنورەکانی خۆی و ئەوانی تر نازانێت و نایناسێت و ڕەهەندەکان تێکەڵ دەبێت و دوورییەکان وندەبێت و لەو نێوەندەشدا بواری مافخواردنەکان گەورەتر دەبن. ئەو ناسینەی ئەمڕۆ تەنها لە جەستەدا گیریخواردووە و بەپێی غەریزەکان دەجوڵێتەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر دامەزراوە، کۆمەڵگای کردۆتە زیندانی بۆچوونە شەخسییەکان و تاکەکەسەکانی تیادا فریودەدرێت و لەخشتەدەبرێت و دەکڕێت و دەفرۆشرێت و دوابەدواش بەکۆیلەکردن و سزادان و ئەشکەنجەدانیشی بەدوادا دێت، تا دەگاتە نەفیکردنی جەسەدیش.
بەبێ مافی هاووڵاتیبوون و ڕێزلێگرتن و ساغبوونەوەی لە دەستوور و یاساکاندا و پەیڕەوکردنی، تەنانەت مەسەلەی نەتەوایەتی و ئینتیما بۆ نیشتمان، دەبێت بە سەراب و کارێکی دژوار و باوەڕپێنەکراو و بێمانا.
ئەو مرۆڤەی بە مافی خۆی وشیار بێت، مافی ئەوەی دەبێت کە بپرسێت و نەترسێت و گوێیلێبگیردرێت و وەڵامی بدرێتەوە و داواکارییەکانی جێبەجێبکرێت. مرۆڤ لە نەزانیندا، ئەو نەزانییەی بۆی خەملێنراوە، دەترسێت و ناوێرێت بپرسێت و دەڵێت "خوا خراپتر نەدات"

"بەس نییە ئەوەش هەیە" وەنەبێت ئەو قەناعەتانە لە تێگەشتنی دنیا و ئیمان و سۆفێتییەوە هاتبێت، بەڵکو لە نەزانی و ترس و داپلۆسین و چاوترساندنەوە سەرچاوەی گرتووە.
خەڵکی ئەم تۆپەڵگایەی ئێمە هەرچییەکی لێبکەیت هەر ورتە ناکات. ئێرە لە سەربازگەیەکی گەورە دەچێت زیاتر لەوەی کە کۆمەڵگایەکی ئاسایی بێت، لە سەربازگەدا هیچ یاسایەکی مەدەنی ناخوات و ئەحکامی سەربازی ڕێگە بە هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێک دەدات لەگەڵ سەربازەکاندا "دانیشتوانەکەی" ئەنجامبدرێت. ئاو ببڕە، کارەبای مەدەرێ، نرخ بەرزکەرەوە، شتی خراپی دەرخواردده، سزای بدە، بیخەرە ژێر ئەشکەنجەوە، ئیعترافی پێبکە، بیکە بە چەکدار و لە تەقە زیاتر هیچی تری فێر مەکە.....هتد.
کەس هەیە بزانێت بە چ یاسایەک هەوشارییەک ڕاپێچی لێپرسینەوە دەکرێت؟ کەس هەیە بزانێت بە چ یاسایەک زەوی شار و لادێ و وڵات دابەشدەکرێت و دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت؟ کەس هەیە بڵێ بۆ؟ کەس هەیە بڵێ ئیتر بەسە؟ کەس هەیە بڵێ بەسە ئیتر خۆ ئێرە سەربازگە نیە و کۆمەڵگای مەدەنییە؟ کوا ئەرکەکانم؟ کوا بەرپرسیارێتم؟ کوا مافەکانم؟ دیموکراتییەت واتە ئەو مافە سەرەتاییانە کە بتوانیت بپرسیت و جێگایەک/ دەزگایەک/ شوێنێک هەبێت گوێی لێبگرێت و بتوانێت وەڵامیان بداتەوە.

2005

**بەجیهانیبوون و بەربەریەت**

لە سیستەمە داخراوەکانی پێش شەڕی سارددا، دەسەڵاتدارە تاکحیزبییەکان، جیهانیان بۆ میللەتەکانیان بچوکدەکردەوە و مێژوویان بۆ کورتدەکردنەوە و ڕایاندەکێشانەوە ناو سنوری دەوڵەتەکانیان و تەلبەندیان دەکردن. هەوڵدەدرا هەر کەسماڵی خۆی، لەوی تر بپارێزێت و نەهێڵرێت بەهیچ سەرێکدا، دەنگوڕەنگ دزەبکات و ئاڵوگۆڕی پێبکرێت. سیستەمێک کە بیرۆکراتییەتی تاکە حیزب تیادا باڵادەستبوو، کۆمەڵگا لەسەرەوە بەرەوخوار و توندوتۆڵ، بەزەبری ئاگروئاسن ڕادەگیردرا.

سیستەمی داخراو، واتە تێترنجانی میللەتێک لە چوارچێوەیەکی جوگرافیدا و قەناعەت پێکردنیان (بەخۆشی یا بە ناخۆشی) کە لەدەرەوە هیچ شتێک نیە بەکەڵکی ئەوان بێت و بەدەنگ هاواریانەوە بڕوات و ئەمان، واتە دەسەڵاتداران، باشترین و دڵسۆزترین پەناوپشتن کە گوێڕایەڵیان بن و ئەم فەرمانڕەواییە وەک فەرمانی خوایە بەسەریانەوە و دەبێت ملکەچی بن.

ئەمڕۆ شەپۆلی ئەو تەوژمانەی بە دیموکراتی و بەجیهانیبوون ناسراوە، کۆمەڵێکی زۆری لەو فەرمانڕەوایە کۆنانە ڕاماڵی و دیوارەکانی ڕماندن و میللەتان بۆ یەکەمجار چاویان بەیەکترکەوتەوە و بۆیان دەرکەوت کە لە پشت دیواری هەڵچنراوی دەوڵەتەکانیانەوە، جیهان و میللەت و کەلتور و... مرۆڤی دیکەش هەیە و لەوەش تێگەیشتن کە دەشێت بە شێوازێکی تریش میللەت و فەرمانڕەوا پێکەوە ببسترێتەوە، بەبێ ئەوەی هەمیشە دوژمنی یەکتری بن.

لەدوای لێشاوی بەجیهانیبوون و داڕمانی سیستەمی داخراوی کۆمۆنیزمی یەک بەدوای یەکی جیهانیی، هەندێک لە وردە شەپۆلەکانیش بەر ئێمە کەوتن و یەکێک لە دڕندەترین دیکتاتۆرەکانی سەدەی بیستەمی ڕاماڵی و ئێمەش پەنجەرەیەکمان لێکرایەوە کە لێوەی سەیری جیهان بکەین و بزانین چی دەگوزەرێت. ئێمەیەک کە بەدرێژایی مێژوو، خاک و نیشتیمانمان لێکرابوە دۆزەخ و لەجیاتی هەموو پێگەشتن و پیاگەشتن و پێشکەوتنێک، جەرگمان داخ دەکراو پیایدا دەچزاین و برینمان تێدەکەوت و برینمان دەکولایەوە. ئێستا کە دەڕوانینە دەرەوەی خۆمان، جیهانێک و مێژوویەک و مرۆڤایەتییەک و کەلتورێک و شارستانییەتێک دەبینین، کە وەک کێوێکی سەخت لەبەردەمماندا قوتبۆتەوە و هیچی لێنازانین و نایناسین، سەرەڕای ئەوەی هیچ دیوارێکیش لەنێوانماندا نیە و ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوی بوینەتەوە.

ئێستا دەرک بەوە دەکەین کە چەند پاشخراوین و چەند دواکەوتووین. لە هەڵپەی پیاگەشتن و پێگەشتنەوە و تێگەشتندا، هەندێک جار بەسەر شانوملی یەکتریدا دەمانەوێت سەرکەوین و چیتریش ئاوڕ بۆ دواوە نەدەینەوە.
ئێمە کێشەی نەتەوەیمان هەیە و هەتا ئێستا چارەسەر نەکراوە، کەچی دەبینین شارستانییەت دووجار، دوو سوڕ بەدەوریدا خولاوەتەوە و بەجێیهێشتووە. جارێک لەسەرەتاکانی ڕێنیسانسەوە و جاریکی تریش لە دوای ڕوخاندنی بلۆکی کۆمۆنیستیەوە.
ئێمە کێشەی نەبوونی دەوڵەتمان هەیە و بۆتە گرێکوێرەی دەرونیی بۆمان، کەچی دەبینین هەزارویەک شێوازی خۆی گۆڕیوە و ئێستا لە دیموکراتیەتدا گیرساوەتەوە.
ئێمە کێشەی نەبوونی فەلسەفە و ناسین و خۆناسینەوەمان هەیە، کەچی دەبینین بوار نەماوە پەی پێنەبرێت و کونوقوژبنی نەکۆڵرێتەوە.
ئێمە کێشەی بە مرۆڤبوون و هاووڵاتیبوون و مافی ژنان و منداڵان و ...و هەموو مافەکانی تریشمان هەیە، کەچی دەبینین چەندین دۆخی بڕیوە و چەندین قۆناغی بینیوە و لە مرۆڤدا چەقیبەستووە.
ئێمە کێشەی ناساندن و ساغنەبوونەوەی مێژوویی و گیرخواردوویی نەزانینمان هەیە، کەچی دەبینین کەم میللەت هەیە ڕەچەڵەک و ڕەگوڕیشە و ڕەگەزی خۆی نەناسێ و نەزانێ یەکەم کۆچی لەکوێوە دەستیپێکردووە.
ئێمەیەک کە تا ئێستا بەدوای پەیوەندییە خێڵایەتییەکانمانەوە تەپەمان دێت و ناتوانین پێناسەیەک بۆ کۆمەڵگا پەیدابکەین و لە کێشەی بوون و نەبوون و ئیمان و فەلسەفەدا، تەنها ئیسلام شک دەبەین و ئیسلامیش هیچ دەردێکمان بۆ دەرمان ناکات و لەجێگای دەرگا لەسەرکردنەوە، دەرگاکانمان لەسەر دادەخات و لە تاریکیدا دەمانهێڵێتەوە، کەچی دەبینین فەلسەفە چەندین جار و چەندین جۆر مرۆڤی هەڵوەشاندۆتەوە و میتافیزیک دەرگا بەدوای دەرگادا دەیکاتەوە و ڕۆژبەڕۆژ لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و لە زانستەکان نزیک دەبێتەوە و والاکردن ڕۆشنکردنەوەی مرۆڤ دەستەبەردەکات.
لەم جەنجاڵی بەریەککەوتنەدا، جگە لەوەی تووشی ڕاچڵەکین بووین و دەبین،هەندێک توشی سڵەمینەوەش دەبێت، هەندێکمان یەکسەر بۆ دواوە دەگەڕێینەوە بۆ دۆزینەوەی چەکێکی بەرەنگاریی، هەندێکی ترمان دەچێتەوە قۆزاخەکەی خۆی و "وەکو جاران" لێدەخورێت. هەندێکیشمان سەرکەشە و دەیەوێت بەسەر ئەو کێوەدا سەرکەوێت و ئەو جیهانە تازەیە پەیپێبەرێت.
لە نێوانی هەموو ئەوانەدا، توێژێک هەیە کە هەندێک تایبەتمەندێتی هەیە و لە هەموو ئەوانی تری جیادەکاتەوە. ئەو توێژە جیهانی تازە بە دوژمن دانانێ و بە دۆستی ناناسێ، بەڵکو بە هەل و دەرفەت دەیبینێ و نە دەیەوێت لێیتێبگات،نە دەیەوێت پێیڕابگات، تەنها

بیرکردنەوەی ئەوەیە کە "چۆن باشترین قازانجی لێهەڵکرێنێت". ئەو توێژە ڕووبەڕووی جیهانی نوێ نابێتەوە، تێکەڵاوی نابێت، ئەوەندە تێگەشتنی دەوێت کە لە خزمەتی خۆیدا بەکاریبهێنێت. ئەم توێژە مشەخۆرە بۆشایی ئەو ماوەیە بەکاردێنێ کە دەکەوێتە نێوان ئاڵوگۆڕەکانەوە، تا سیستەمی نوێ دەچەسپێت و دیموکراسی جێگیردەبێت و دادپەروەریی ڕێچەکەی خۆی دەدۆزێتەوە.

لێرەدا ئەم بارودۆخە، بۆ کۆمەڵگا داخراوەکانی ئەورپای خۆرهەڵات چەند ساڵیکی خایاند و لەو دیاردەی قۆناغی گواستنەوەیە تێپەڕبوون و هەر زوو ئەو کەلێن و درزەیان پڕکردەوە کە دەکەوێتە نێوانی داڕمانی سیستەمی کۆن و دامەزراندنی سیستەمی تازەوە و کۆمەڵگایان خستەوە سەر سکەی لەباریی مێژوویی. بەڵام لە حاڵەتەکەی ئێمەدا دوو هۆکاری گرنگی لادان هەیە لەو دۆخە کۆمەڵایەتییە و ڕیزپەڕە لەو یاسا و ڕێسا کاتییانەی قۆناغی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان و ناهێڵێت بە ئاسانی کۆمەڵگا ڕزگاری بێت و بکەوێتەوە سەر ڕاستە، واتە سکەی مێژوویی خۆی و پەیوەستبوونەوەی بە مێژووی جیهانی و شارستانییەتەوە.

یەکەم ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە پانتاییەکی فراوانی لە دانیشتوان گرتۆتەوە، چ وەک ئەوەی ئێستا بەکردەوە لە پرۆسێسەکەدایە، چ وەک ئەوەی ئەگەر بواری بۆهەڵکەوێت نکوڵی لێناکات. ئەمەش بە حوکمی ئەوەی ئێمە هیچ پێشینەیەکی حوکمڕانی و شارستانییەتمان نیە و لە سفرەوە دەستپێدەکەین، کە زۆر جیاوازە لە حاڵەتی ئەورووپای کۆمۆنیستی کە خاوەنی پێشینەیەکی مێژوویی و شێوەیەک لە شارستانییەت بووە و میللەتەکانی لەخۆئامادەکردندا بوون بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییە و هەرگیز ئاوات و هیوای دواڕۆژیان وننەکردبوو.

خاڵی دووەم ئەوەیە کە ئەو توێژە، بە حوکمی بەرفراوانییەکەی و پاشخانی دەگمەنیی و نەبوونیی و پەیوەسیت نەبوونی ئەو توێژە بە هیچ بنەما و پرنسیپێکی کۆمەڵایەتی و ئاکارییەوە، هەلومەرجی بۆڕەخساوە باڵبکێشێتە ناو دەسەڵاتەوە و لەگەڵیدا تێکەڵ بێت و ئەمڕۆ بە شێوەیەک ئاوێتە بوون کە مەحاڵە لەیەکتری جیابکرێنەوە. ئەم بارودۆخەی ئێستا باشترین فرستەی خستۆتە بەردەست کە بە ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات لێدەخوڕێت و ئەوەی تەنها بەکەڵکی خۆی دێت، پەروەردەی دەکات و پێیدەگەیێنێت و ئامادەی دەکات، نەک ئەوەی کە کۆمەڵگا پێویستی پێیەتی و نەک وەک ئەوەی هەوڵبدرێت کۆمەڵگا بخرێتە سەر ڕاستە و سەر سکەی مێژوویی خۆی. بەڵکو لە واقیعی بەکردەوەدا پێچەوانە کاردەکات و هەوڵدەدرێت لەو ڕاستە ڕێیە دووربخرێتەوە و بە لۆکاڵی بهێڵرێتەوە. ئەوەیە کە قوربانییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە و هەموو لادانێک لە ئاڕاستەی ڕاستەقینەی مێژوویی، دەبێت هاووڵاتییان باجەکەی بدەن. ئەو لادانەی کە دەبوایە کاتیی بووایە، هەوڵدەدرێت درێژبکرێتەوە و بەهەمیشەیی بکرێت و ڕێگەی لێهەڵەشەبکرێت.

ئەوەی لە بەجیهانیبوون بەر ئێمە دەکەوێت، تەنها بەربەریەتەکەیەتی، نەوەک جاران سەر بەکۆمەڵگایەکی داخراوی تاکڕەویی حیزبایەتیین، نە سەر بە جیهانێکی کراوە و دیموکراسین. ئەوەندە دەرگا و پەنجەرە کراوەتەوە کە لە خزمەتی ئەو توێژە مشەخۆرەدایە وهەر ئەوانیش بڕیاری کردنەوە و داخستنی هەموو ڕێگاکانیان لەدەستدایە. هەر بۆیە دۆخەکە ئەوەندەی تر ئاڵۆز دەکات و زیاتر مەترسیدار دەبێتەوە و ئازار و باجەکانیش دەکەوێتە بەشی هاووڵاتیانەوە. کۆمەڵگاش بەگشتی بەلاڕێیەکدا دەخشێنرێت، کە جگە لە ماڵوێرانی و خراپ بەکارهێنانی تواناکان و گەندەڵی خستنەوە و کرمێبوونی هیواکان زیاتر، هیچی تری لێناکەوێتیەوە.

ئەوە ڕاڤەی ئەو بۆچوونانەیە کە دەویسترێت مێژووی کۆمەڵایەتی و گۆڕان و بەرەوپێشچوون بە ویست و خواستی تاکەکەسی و بە بەرژەوەندییەکانی لغاوبکرێت.

2005

## دەسەڵاتی کوردی و پرسی دەسەڵات

گەلێک جار گلەیی لە دەسەڵاتی کوردی دەکەین کە بۆچی فڵانە ئیش، یاخود فیسارە هەنگاو، یاخود ئەم لایەنەی کۆمەڵگا یاخود ئەو لایەنەی کۆمەڵگا، بۆ لایەکی لێناکەنەوە و چارەسەرێکی دەردی خەڵکی ناکەن. یاخود بۆچی گوێ لەکەس ناگرن و وەڵامی کەس نادەنەوە و پشتیان کردۆتە ئەو خەڵکەی هەتا دوێنێ تاکە سەرچاوە و پشتوپەنایان بوو. ئەو ڕەشەخەڵکەی سامی خۆی هەبوو بەرامبەر حکومەتی مەرکەزی و بەرامبەر بەرەی بەرەنگاربونەوە. لە هەردوولا، ئەو بارستاییە قورسە بوو کە حیسابی بۆدەکرا و شەڕی لە سەردەکرا، هەر خۆشی دەکرایە سوتەمەنی هەردولا.

ئەی بۆ لەدوای ڕاپەڕینەوە هیچ بۆ ئەو ڕەشەخەڵکە نەکراوە و ئەو کۆمەڵگایەی ئەوانی تیادەژین، هەر بەکەلاوەیی ماوەتەوە؟ کوا کۆمەڵگای مەدەنی؟ کوا کۆمەڵگای هاوچەرخ و شارستانی؟ ئەگەر هەر هیچ نەکرایە، ئایا نەدەکرا بناغەی کۆمەڵگایەکی شیاوتر لەوەی پێشوتر دابمەزرێنرێت بۆ ئەو ڕەشەخەڵکەی هیچ لەبارودۆخی نەگۆڕدراوە و هەروەک جاران بێدەنگە و هەروەک جاران قوربانییە؟
لە سەرێکی ترەوە یا لە ساکاری خۆمانەوەیە، یا لەگێلێتیەوە، دەنا ئەو جۆرە پرسیارانە ناکەین، لە کاڵفامی خۆمانەوەیە یاخود لە ساویلکەییەوە مێشکی خۆمان دەهەژێنین و دەمانەوێت ئەو حەسرەت و ئاخوداخەی دڵمان هەڵڕێژین و لە نائومێدیمان بێینە دەرەوە. دەنا بەبێ بیرکردنەوە دەبوایە بمانزانیایە کە سیاسەتی کوردی "هەموو بزووتنەوەکانی پێشوو" هیچ کاتێک هەڵگری دروشمی کۆمەڵگای شارستانی و دادپەروەری و مافی مرۆڤ و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی..... بەکورتییەکەی هەموو ئەو داواکاریانەی بۆ مرۆڤێکی هاوچەرخ پێویستە، نەبوون. بزوتنەوەکانی ئێمە، سیاسییەکانی ئێمە، شۆڕشەکانی ئێمە تەنها دروشمی کەمتازۆر ڕزگاری نیشتیمانیان بەرزکردبۆوە و ئێمە چاوەڕێی ڕزگارکردنی مرۆڤەکانیش بووین. ڕاستە ئێمە لە ژێر باری ژێردەستەیدا دەمانناڵاند، بەڵام باری ئازارە کۆمەلایەتییەکان لە ژێرەوە گەلێک قورستربوو و نەدەپەرژاینە سەر ئەوەی تەنانەت بیریشی لێبکەینەوە و هەموومان هەڵواسیبوو بە ڕزگاریی نیشتمانەوە. دەنا ئەوسا دەبوایە بمانپرسیایە کە خۆ ئەوەتا بەهەر چواردەورماندا بەناو میللەتانی ئازاد هەیە و کەچی لە ژێردەستەکان ژێردەستەترن. ئەوە عەرەب، ئەوە فارس، ئەوە ئەفغانی...و..هتد.
ساڵانێکی زۆر مارکسییەکان دەیانووت ئێمە شۆڕشی نەتەواویەتی/ڕزگاری نیشتمانیی ناکەین، چونکە هەردەبێ دوایی شۆڕشێکی تریش بکەین و چەوساوەکان ڕزگارکەین، لەبەر ئەوە هەر یەک شۆڕش دەکەین و یەکجار کۆمەڵگا ڕزگاردەکەین! ئەویش شۆڕشی چینایەتییە و بەسە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ و نیشتیمان لە چەوساندنەوە و ژێردەستەیی!. هەڵبەتە ئەو

شۆڕشەش بارودۆخی خۆی هەیە و لە هەموو کات و جێگایەکدا بەرپاناکرێت و دەبێت هەلومەرجی بابەتی و خۆیی ئامادەبێت... و .... هتد. بۆچوونەکانی ئەوانیش لە وەهمێک زیاتر نەبوو، نەدەیتوانی وەڵامە ساکارەکانی ژیان بداتەوە نە دەیتوانی بەگژ ئەو لێشاوی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی و کوشتن و بڕینەی میللەتی سەردەستدا بچێتەوە، نە ڕاڤەی ئەنفالی پێبوو نە دەیتوانی لە شەڕی ئێراق و ئێران تێبگات. هەموو پرسەکان دەبەسترایەوە بە ئیمپریالیزمی جیهانییەوە و ئەو تاکە تاوانبارێک بوو لە هەموو مەیدانەکاندا هەمیشە ئامادەیی هەبوو. جگە لەوەش لەم سەرزەمینە داگیرکراوەدا، نە سەرمایەداری لێبوو نە کرێکار، بەڵکو سەرتاپا پێکهاتبوو لە میللەتێکی ژێردەستەی بێچارەنووس و بێدوارۆژ، لەسەرێکی تریشەوە، تیوەری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا هیچ کاتێک لە دیکتاتۆرییەتێکی ڕووت زیاتر هیچی تر نەبووە و هیچی تریش نابێت. هەڵبەتە دەبێت دوعای ئەوە بکەین کە قوربانییەکی زۆریشمان نەدا بۆئەوەی ئەوان بێنە سەرکار و دەست بە دەسەڵاتەوە بگرن، دەنا جگە لەوەی دەبوینە ئەفغانستانی دووەم، ئەوا بەناوی بۆرژوا و وردە بۆرژوا و سەرمایەدار و دوژمنی گەل و خیانەتکار و ...کۆمەڵێک ناووناتۆرەی تریشەوە، نیوەی میللەتیان سوکدەکرد، ئەو میللەتە ڕەشوڕوتەی بەبێدەنگی ڕاوەستاوە و بەرگەی هەموو پەژارەکانی سەرزەمین دەگرێت و دەهێنرێت و دەبرێت و دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت و کەسیش ئاوڕی خێری لێناداتەوە. دوابەدواش وەک کاردانەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ناوخۆیی و دەرەکی، بنەچەی لادنیش لەناو ئێمەدا دەبوە ئەو شێرپەنجەیەی تا زەمانێکی دورودرێژ بناڵێنین بەدەستییەوە.

ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر بزوتنەوەکانی کورد، بۆ سەر شۆڕشەکانی کورد، دەبینین لەوەتەی جموجۆڵی تێکەوتوە هەر بۆ ڕزگارکردنی خاک بووە، نەک ئەو مرۆڤانەی لەو سەرزەمینەدا دەژین و لەڕاستیشدا هیچ کاتێک سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. ئەم حاڵەتە ناوازەیەی کە ئێستا ئێمە لەم بەشەی کوردستاندا خۆمانی تیادەبینینەوە، تەنها بەرهەمی خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی خۆمان نیە. ئێمە هیچ کاتێک نەمانتوانیوە چۆک بە دوژمن دابدەین و بە ویست و ئیرادەی خۆمان سەربەخۆییمان بسەپێنین. ڕەنگە هەتا ئێستا لەم گێژاوی دەسەڵاتەدا، کەم کەس هەبێت بە تەواوەتی هەست بەو ئازارە دەرونیانە بکات کەوەک تاکیکی کورد ڕوبەڕویبۆتەوە، کە بێئیرادەیە و شۆڕش و دەسەڵات وەرگرتنەکەشی هەر بێئیرادانە بووە و لە ئێستا بەدواوە چاوبەژێری ئەمریکایە.

ئەمە لە حاڵەتێکدایە کە ئێمە خۆمان نیشتیمانمان ڕزگار نەکردووە و خۆمان سەربەخۆیمان بەدەستنەهێناوە، ئەو هەموو لافوگەزافە بەسەرکەوتنەوە لێدەدەین و دەسەڵاتی کوردی خۆی بە شایستەی ئەو دەسەڵاتە دادەنێت و دەیەوێت کۆمەڵگا لەسەر خۆی داتاشێت، کە ئێمە

دەزانین هەر خودی بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی لەوە زیاتری تیانابێت کە قاوغی دەسەڵات بگۆڕێت و لەجیاتی دەسەڵاتداریێتی "بێگانە" دەسەڵاتی "خۆماڵی" بخاتە جێگەی.
ئەمڕۆ ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتی "خۆماڵیدا" هەتا ئیستا هیچمان بۆناکرێت و هیچمان بۆ ناوترێت، جاران لەگەڵ دەسەڵاتی "بێگانە/داگیرکەر"دا یەکجار دەمانگووت ئەوە "دوژمنە" و دژی من و گەل و نیشتیمان و خاک و ئاوی منە و منی ناویت، هێڵی جیاکردنەوە ئاسان و ئاشکرا و دیار بوو. دەمانگووت دەسەڵاتێک هەیە دژی منە، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ دەسەڵاتی "خۆماڵی"دا و لەدوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دەیەیەک، ئێمە لەزۆر پێوانەدا بەرەودواوە ڕۆیشتووین. ڕەنگوبۆی لۆکاڵیبوون و دورکەوتنەوە لە دەسەڵاتێکی مەرکەزی، ئەو دەسەڵاتەی کە بە هەمووماندا تێپەڕبێت و هەمووومان وەکیەک بگرێتەوە، بنەمای کۆمەڵگا کۆنەکە و شیرازەی پەیوەندییەکانی جارانیشی هەڵوەشاندۆتەوە. ئەو لامەرکەزییەتەی کە ئێستاش هەیە، تەنها دەسەڵاتی حیزبە و لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەوە چواردە ساڵە مرۆڤەکانی ئەم دەڤەرەیان ڕەنگوبۆکردووە و شار بە شار و ناوچە بە ناوچەی دادڕیوە و هەمووومانی لەو جێگایەی کە تیایدا دەژین، بەبێ ئەوەی ویستی خۆمانی تێدابێت، پیناسەکردووە و هیچ هاووڵاتییەکی بێلایەنی لێبەدەر نەکردوە. لەهەر ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی یەکێک لە حیزبەکاندا بژیت، ناتوانیت ڕەخنەگرێکی ڕاستەوخۆ بیت لەولایەنە و ئۆتۆماتیکی لەسەر ئەو لایە حسێب دەکرێت کە لەو شارەدا، لەو ناوچەیەدا زۆربەیە، یاخود ڕاستتر دەسەڵاتدارە. تەنانەت هەر لەم چواردە ساڵەی ڕابوردوودا، ساڵانێک هەبوون کە دەبوایە ڕاستەوخۆ سەربەلایەنیکیان بویتایە بۆئەوەی لە جێگایەکی دەوڵەتیش دابمەزرایتایە، کە لە ڕاستیدا هەتا ئێستاش دامودەزگای حیزبەکانە نەک دەوڵەت.
من ناڵیم ئەمە سیاسەتی بەعسە و بۆ ئێمە بەدیاری ماوەتەوە، چونکە بەعسیش حیزبێکی حاکم بوو، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەمڕۆ دانیشتوانی دەرەوەی هەریمی کوردستان ئازادترن لەبیروڕا دەربڕین و لە هەڵسوکەوت و لە هەڵبژاردنی حیزب و لایەنەکاندا و حیزبەکان شارەکانیان بەسەر خۆیاندا دابەشنەکردووە و لە هیچ جێگایەک دەسەڵاتی ڕەهایان نیە.
ئەگەر ئەو گەڕەلاوژێی کوشتن و بڕینەی ئێستا لە ناوەڕاست و باشوور نەمێنێت، ئەوا لەو بڕوایەدام کە فەزای بیروڕادەربڕین و ئازادییەکانی تریش، گەلێک بەرفراوانتر دەبێت لە هەریمی کوردستان، هەرچەندە ئەو گەڕەلاوژێیەش خۆی لەخۆیدا تعبیرێکی ناشیرینی ئەو ئازادییەیە، لە حاڵەتێکدا دەبوایە بەپێچەوانەوە بوایە و ئێمە زیاتر لە دەیەیەک لەپێش ئەوانەوە لەژێردەستی دەسەڵاتی مەرکەزی بەعس دەرچووین، کەچی هەر هێشتا ئەوان ئازادترن.
ڕاستە ئێمە هیچ ئەزمونێکی حوکمڕانیمان نیە و لەوەوپێش هیچ کاتێک دەسەڵاتمان لەدەستدا نەبووە، هەربۆیە لەوە دەچێت کە دەبێت بە هەموو شیوازەکانیدا تێپەڕبین و ئەوەی لێرەشدا

گەرەکمە بیڵێم ئەوەیە کە ڕزگاریی نیشتیمانیی لەدەستی داگیرکەر، لەم دەڤەرانەی ئێمەومانانەدا، مەرج نیە ڕزگاربوونی مرۆڤەکانیشی بەدوادابێت. ئەوەتا چەندین دەیەیە وڵاتە عەرەبییەکان شۆڕشیان بەرپاکردووە و داگیرکەری بێگانەیان وەلاوەناوە و خۆیان لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتوون، کەچی هەتا ئەمڕۆش تاکی مرۆڤی عەرەبی یەکێکە لە چەوساوەترین و زەلیلترین مەخلوقی سەر گۆی ئەم زەوییە.
ئێمە چی لە هەرێمی کوردستان بکەین و بمانەویت لە دەستوری ئێراقدا دانمانپیابنێن و بیچەسپێنن و لە ئەنجامیشدا زیندانێکی گەورەی لێبکەوێتەوە کە دەنگمان بە مەرکەزیشدا نەگات، بە حیسابیش سەربەخۆیە و داوای جیابونەوە دەکات. ئێمە چی لە دەستوری هەرێمی کوردستان بکەین (کە هەتا ئیستاش دانەمەزراوە) کە یەک حەرفی پەیڕەونەکرێت و هەموو بڕیارەکان لە مەکتەبی سیاسییەکانەوە دەربچێت؟ ئەی ئەو ڕەشەخەڵکەی هەر چاوەڕێیە ئازادبێت و باری ژیانی بگۆڕدرێت و پێناسەیەکی نەتەوەیی بۆپەیدابێت، نەک حیزبی و بتوانێت سەربەستانە و بە ویستی خۆی بڵێت کوردم و شەرم نەکات، چی بەسەردێت؟
جاری جاران دەمانگووت دەسەڵاتی سەرکوتکەر لە بەغدایە و لە مەرکەزە و دوژمنە و بۆ هەموو کەسێک ئاشکراوڕونە، ئەی ئەمڕۆ چیبڵێین نە دەسەڵاتی بێگانەیە و نە دوژمنە و نە دیارە و لەهەمان کاتیشدا ڕەشەخەڵکەکە هەروەک جارانن و تەنها ئەو جیاوازییە هەیە کە دەسەڵاتی لێ ونبووە و نایدۆزێتەوە، دەنا دڵەڕاوکێکەی هەر ماوە و ترس و بێمتمانەیی و ڕاڕایی و گومان و بڕوانەبوونەکەی، هەروەکو جاران مێشک و جەستەو دەرونی دەکرۆژێت.
جاران دەسەڵاتی لامەرکەزیمان دەویست چونکە دەسەڵاتی مەرکەزی داپڵۆسێنەر بوو، ئێستا دەبێت داوای پەیوەسبوونەوەیەک بکەین بە مەرکەزەوە، چونکە ترسی داپڵۆسێنەری دەسەڵاتی لامەرکەزی زۆرترە و واقیعی ترە. ئێمە ترسی دەسەڵاتی مەرکەزیمان نەماوە هێرش بکاتەوە سەرمان، بەڵام لەم لامەرکەزیەتەش دڵنیانین و دەمانەوێت مەرکەزییەتێک لە لێپرسینەوە و بەدەنگەوەهاتن هەبێت، پێش ئەوەی هەناسەمان لێببڕێت و بخنکێین و ئەوساش دەنگمان بەکەسدا نەگات. ترسی ئەوەی کە دەنگمان بە مەرکەزێک نەگات، گەورەترە لەوەی کە مەرکەز بمانچەوسێنێتەوە.
جاری جاران دەمانزانی دوژمن کێیە و من و تۆ کۆک بووین لەسەر ئەوەی کە ڕوبەڕوی کێ دەبینەوە و دڵمان لەلای یەکتری بوو، چەترێک هەبوو لە ژێریدا کۆببینەوە "ژێردەستەیی و خەباتکردن بۆ خۆڕزگارکردن" ئەمڕۆ پەرەوازەین و ژێردەستەنین و ڕۆژ بەڕۆژ پەرەوازەیمان لەزیادبوندایەو خەریکە بەتەواوەتی لەیەکتر نامۆدەبین، خەڵکی سلێمانی خەڵکی هەولێر ناناسێتەوە، دەڵێی خەڵکی دوو وڵاتین. جاران بەبۆن یەکتریمان دەناسییەوە و ئەمڕۆ حیزبەکان بەزۆر کۆماندەکەنەوە بۆخۆیان. دەیانەوێت لەدەرەوە قاڵبمان بۆ داتاشن، نەک

وەک هەستێکی ناوەکی و پێداویستییەکی ژیاریی و ئەرکێکی مێژوویی... ڕێگەمان بۆ خۆشکەن تا بەیەک ئاشنا ببینەوە.

ئەمڕۆ خوانەخواستە ئەگەر یەکێکمان لێی قەوما، ئەوا دەبێت ڕو لە مەرکەزکات، واتە بەغدا، ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا خۆمان بگەیێنینە ئەوروپا، ئەوا دەمانگێڕنەوە هەر بۆ ئەویَ و پێمان دەڵێن ئێراق هەر ئێراقە، ئەم هەرێمە نا ئەوی تر. ئێمە بە ڕەسمی دەوڵەت نین و کەسیش دانیپیانەناوین و خۆشمان داوامان نەکردووە. هەرێمی کوردستان هەر لەلای خۆمان دەخوات، لە دەستوردا هەبێت یاخود نەبێت، چ سودێکی هەیە
2005

**نوسەر و خوێنەر**

سەرچاوەی یەکەمی خوێندنەوەی هەموو ئەوانەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا خۆیان بە نوسەر لەقەڵەم دەدەن، ئەو کتێبانەن کە بە زمانێکی تر نوسراون، چ بەکوردیکراو، یاخود بە یەکێک لە زمانەکانی میللەتانی سەردەست "عەرەب، فارس، تورک" نوسراون. زۆربەی ئەو کتێبانەش کە هەڵدەبژێردرێن، ئەو کتێبانەن کە لە زمانێکی ئەوروپییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر ئەو زمانانە و بە دەگمەن نوسەری خودی ئەو میللەتانە بەسەردەکرێتەوە، ئەویش لە هەرە بەناوبانگەکانیان دەرناچێت. زیاتریش ئەوانەن کە لە بەرەی بەرهەڵستکارانی ڕژێمەکانی ئەو میللەتاندا خۆیان دەبیننەوە.

لەمەوە یەک دوو خاڵی گرنگمان بۆ ڕوندەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە نوسەرانی ئێمە بەحوکمی ئەو هەستیارییەی لەگەڵ دەسەڵاتدارێتی ئەو میللەتانەدا بۆیان دروستبووە، زمانەکانیشیان لەلا ناشیرین بووە و هەرچی شتێک بەو زمانانە نوسرابێت، جێگەی گومانە و ڕەتدەکرێتەوە. وەک حاڵەتێکی دەرونیی ژێردەستەییش، کارێکی دژوارە لەدژایەتیکردنی فەرمانڕەوایەتیەکانی ئەو میللەتانەدا، زمان و ئەدەب و فکریان قبوڵبکرێت. سەرەڕای ئەوەش لەچاو فیکری جیهانیدا، خاوەنی فکرێکی لاوازن.

لەبەر نەبونی سەرچاوەی کوردی، ئەوا بەناچاری بەو زمانانە دەخوێنرێتەوە و لە ڕاستیشدا تەنها وەک ئامرازێک بەکاردەبرێن بۆ خوێندنەوەی فکر و ئەدەبێکی تر کە بە زمانەکانی تر نوسراون و لە پێش کوردییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی میللەتە دەسەڵاتبەدەستەکان. لەلایەکی تریشەوە وەک کاردانەوەیەک بەکاردەبرێت بۆ ڕەتکردنەوەی خودی زمانی ئەو میللەتانە و بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی کاریگەریە نێگەتیڤەکانیان. چونکە کە کتێبێکی وەرگێڕدراو، بە عەرەبی، تورکی یاخود فارسی دەخوێندرێتەوە، خوێنەری کورد هەستناکات کە فیکری ئەو میللەتانەیە و حاڵەتێکی بێلایەنی هەیە کە هەردوو میللەتەکە لەوەدا یەکسان دەبنەوە کە فیکری میللەتی سێیەم دەخوێننەوە. بەڵام ئەوان ئیمتیازێکیان هەر دەمێنێت، ئەویش ئەوەیە کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی دایکیان و ئێمەش ئەو هەستیاریەمان هەر دەمێنێت کە زمانی سەردەستە و زمانی زگماکی خۆمان نیە.

ئەوەی زیاتریش وەک وتمان گرنگی پێدەدرێت، کتێبە وەرگێڕدراوەکانە کە لە زمانێکی خۆرئاواییەوە وەرگێڕدراون، ئێمە پەل بۆ چڵە پوشێکیش دەبەین تەنها لە کاریگەری ئەم چواردەورە ڕزگارمانکات. دور دەخوێنینەوە بۆئەوەی نزیک بەرینەوە و خۆمانی پێ ڕزگارکەین.

نامۆبوونی یەکەم لێرەوە دەستپێدەکات و ئەمە یەکەم گرێی دەرونیی خوێنەر و خوێنەری نوسەری ئێمەیە، بە حوکمی پێگەی جوگرافیشمان، هەمیشە ڕو لە خۆرئاوا دەکەین، خۆرئاوا، پێگەی زانست و تەکنەلۆژیا و پێگەشتن و شارستانیەت و دیموکراتی و مافی مرۆڤ.... بە نائاگاییش، بەدەگمەن بەرهەمە ڕۆژهەڵاتییەکان دەخوێنینەوە، تەنانەت ئەگەر بەرهەمی پوخت و نایابیش بێت. واتە بەئاگایی و نائاگایی ئاڕاستەی خۆمان بەوە دەستنیشان کردوە کە ڕزگاربوونمان لە وەرگرتن و لەبەرگرتنەوەی فەلسەفەی ژیانی خۆرئاوادایە.

هەڵبەتە خۆرئاوا دەمێکە لە هەوڵی ئەوەدایە کە بۆ هەموو جیهان بسەلمێنێت کە تەنها خۆی ڕاستە و تاکە ڕێگای ئاسودەییە و لە حەقیقەتیشدا لە وەهمێک، سەرابێک زیاتر نیە بۆ میللەتانی دەرەوەی خۆرئاوا و دەمێکە ئەو ڕاستیە دەزانێت کە ناکرێت و نایانەوێت هەموو جیهان بە شێوازی ژیانی ئەوان بژین، دەنا ئەوسا ئەفسانەی خۆرئاوا بەتاڵ دەبێتەوە و نە ئێمە ئەوەندە دوایان دەکەوین، نە ئەوانیش دەتوانن ئەوەندە بەسەرماندا نازبکەن و وامان نیشانبدەن کە جیهان تەنها ئەوروپایە. هەزارویەک جار ناشیرینمان دەکەن و ئێمە ئەوانمان هەر پێ جوانە.

لەلایەکی تریشەوە ناگونجێت هەموو جیهان بە یەک شێواز و بە یەک ڕیتم بڕوات بەڕێوە و ئەوەی لە ئەوروپا وەک مێژوو دامەزراوە و پێکهاتووە، تەنانەت لە ئەمریکاش دوبارە نەبۆتەوە. لە ڕاستیدا ئێمە کە دەڵێین خۆرئاوا، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مەبەستمان ئەوروپایە و دەمانەوێت وەک ئەوروپی بژین، لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدەین شتێکیان لێوە فێربین و لەگەڵ شتێکی خۆماندا بیگونجێنین و لە ژیان و مێژوودا شێوازی خۆمانی پێبدۆزینەوە.

هەروەک بۆ نمونە یابان، نە وەک ئەوروپا دەژین، نە وەک کۆمەڵگا کۆنە ڕۆژهەڵاتییەکەی جارانی خۆیان و لە هەمان کاتیشدا پێکهاتەیەکە لە پێکداچوونی هەردوو کەلتورەکە و کەلتوری ئەمڕۆی یابانیان پێکهێناوە. هەم پێگەی خۆیان هەیە لە کۆمەڵگای جیهانی و خۆرئاواییدا، هەم لەگەڵ مێژووی خۆشیاندا ڕۆشتوون و ئاڕاستەی خۆیان وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و مێژووی جیهان دابڕێن، یاخود دوابکەون.

هەتا ئێستاش بەدەگمەن خوێنەرێک، نوسەرێک دەبینین دوو کتێبی لەو "ڕۆژهەڵاتەوە" خوێندبێتەوە و توانیبێتی بە دوو دێڕ پێناسەیەکی ئەو گەلە بکات کە چۆن توانیویانە بەو ئاستە بەرزەی ژیان و ڕێکخستنە بگەن، کە تەنانەت لە جیهانیشدا کەم وێنەیە، نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتدا.

بۆئەوەی زۆر لە باسەکە دورنەکەوینەوە، دەچینەوە سەر کەلتوری خوێندنەوە و چۆنێتی پێکهاتەی ئەو کەلتورە. لە پێش ئەوەی خوێندنەوە بەهرەیەک بێت مرۆڤ پێوەی لەدایکبووبێت، ئەوا نەریتێکی کۆمەڵایەتیە و بە تایبەتی لە کۆمەڵگای شارستانییەتدا دەخولقێنرێت. شێوەی ڕاهێنانیش هەر لە منداڵییەوە دەستپێدەکات، تەنانەت لە پێش ئەوەی منداڵ فێری قسەکردن بێت گوێی بە چیرۆکی پێش خەوتن گۆشدەکرێت، ئەوەی لە هەموو جیهانی خۆرئاوادا پێیدەگوترێت چیرۆکی شەوباش. زۆر منداڵ لەسەرەتاوە وەڕس دەبن و هیچ تێناگەن، بەڵام وردە وردە و هێواش هێواش بارەکە هەڵدەگەڕێتەوە و بە شێوازێک دەشکێتەوە کە منداڵەکە بەبێ چیرۆکی شەوباش ناخەوێت. ئیدی ئەو منداڵە شەو لەدوای شەو لەگەڵ جیهانە بچکۆلەکەی چواردەوریدا، جیهانێکی تریش لە فەنتازیا و ڕەنگ و وشە دەخولقێنێت و ڕۆژبەڕۆژ خەیاڵی فراوانتر دەکات و پرسیاری لا دەوروژێنێت.

لەدوای ئەو قۆناغەشەوە، ئەو کردارە لە دایەنگە و باخچەی ساوایان و قوتابخانەشدا هەر بەردەوامە و بە شێوەیەک خوێندن و نوسین تێکەڵی ژیانی دەبێت، هەر وادەزانێت یارییە و خوێندنەوە دەبێتە ئەو بەشە زیندووەی ژیانی کە ناتوانێت بە ئاسانی لە ژیانی داهاتوویدا وازی لێبهێنێت و دەچێتە پاڵ چێژەکانی تری ژیانەوە و پێگەی سەربەخۆی خۆی بۆ دروستدەبێت. بەو شێوەیە کەلتوری خوێندنەوە دروست دەبێت و بۆ زۆربەیەک دەبێتە خولیایەکی هەمیشەیی و بەدرێژایی تەمەن بەردەوام دەبێت.

بەو شێوەیە کەلتوری خوێندنەوە خولقێنراوە و دەخولقێنرێت. ئەمەش لەسەردەمانێکەوە هاتۆتە ئاراوە کە تەنانەت نەک هەر تەلەفون و کۆمپیوتەر و یاری ئەلەکترۆنی نەبووە، بەڵکو ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنیش هێشتا نەدۆزراوەتەوە. هەربۆیە بە شێوەیەک ڕەگی داکوتاوە کە دوابەدواش ئەو ئامرازی گەیاندنانەی دوایش هاتونەتەگۆڕێ، هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کەلتوری خوێندنەوە بەجێنەهێشتووە و هەتا ئەمڕۆش لەگەڵ ئەو هەمووە ئامرازە ئەلەکترۆنییەدا، هێشتا کتێبی فیزیکی ڕۆڵی خۆی لەدەستنەداوە و لەوەش ناچێت بەمزوانە ئەو پێگە پیرۆزەی خۆی لەدەستبدات.

گرفتی ئێمەش هەر لەو سەرەتایەوە دەستپێدەکات و سەرەڕای ئەوەی ئەو بنەمایەمان نیە، ئەوا لە کاتێکدا کرداری خوێندنەوە لەلای ئێمە چۆتە قۆناغی جددیەوە، کە هەموو ئامرازەکانی تریش هاتونەتە مەیدانەکەوە، وەک ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و داوابەدواش کۆمپیوتەر هەموو ئامێرە ئەلەکترۆنییەکانی تری پەیوەستبوونەوە و گەیاندن. بە شێوەیەک هێشتا نەخوێندەواری بنەبڕنەکراوە، خۆمان لە گێژاوی هەموو ئەو ئامرازانەدا بینیوەتەوە.

**ئەمڕۆش کە باس لە شارستانیەت دەکەین، هیچ دەزگایەکی ڕەسمی و ناڕەسمی بیری لەو کێشە و گرفتە نەکردۆتەوە کە خوێندنەوە بکات بە بەشێک لە بەرنامەی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا. هەر وەک وتیشمان ئەگەر خوێندنەوە بەهرەیەکی خۆڕسکیش بێت و لەگەڵ لەدایکبووندا هاتبێتە ئاراوە، ئەوا بەدەگمەن دەتوانرێت بەردەوامی بەو بەهرەیە بدرێت کە هەموو کۆمەڵگا لەدژی بوەستێتەوە، هەر بۆیە بە گشتی کەلتوری خوێندنەوەی ئێمە لە خولیا و ئارەزوویەکی پچڕپچڕی هەندێک تاکەکەس تێناپەڕێت و هیچ جێگایەک، نەریتێک، ئاووهەوایەک بۆنی خوێندنەوەی لێنایەت و سیما و سروشی خوێندنەوە نابەخشێت.**

**بە پێچەوانەوە، گەر لە خودی خێزانەوە، کە یەکەم پێگەی منداڵە، دەستپێبکەین تا دەگاتە قوتابخانە، دژی خوێندنەوە دەوەستنەوە و مەیدانی لێتەسکدەکەنەوە.**

**ئێمە تەنها قوتابخانەمان هەیە کە خەڵک تیایدا فێری خوێندنەوە دەبێت، ئەو جێگایەی کە نەک خولیای خوێندنەوە دروستناکات، بەڵکو ئەگەر یەکێکێش ئارەزوی خوێندنەوەی تێدا بێت، ئەوا تیایدا دەکوژن.**

***قوتابخانە لەلای ئێمە ئەو جێگایەیە کە خوێندنەوە تێدا دەبێتە ئەرکێکی داسەپێنراوی مردوی هەراسانکەر و تەنها بۆ دەرچوون و لە کۆڵکردنەوە بەکاردەهێنرێت. مامۆستاکان لەجیاتی ئەوەی تۆوی خۆشەویستی کتێب بچێنن، وا لە خوێندکاران دەکەن ڕقیان لە کتێب و خوێندنەوە و بگرە هەموو ڕۆشنبیرییەکیش بێتەوە.***

**ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو کتێبە وەرگێڕدراوانە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی خۆیان، کە زۆربەی وەک وتمان یەکێکە لە زمانە ئەوروپییەکان و نزیکتریش بڕوانین دەبینین زمانی ئیگلیزی بە پلەی یەکەم و فەرەنسی و ئەڵمانی بە پلەی دووەم و تاکوتەراش ئیسپانی و زمانەکانی تر وەک سویدی و نەرویجی و دانیمارکی و هۆڵەندی.... تێدەکەوێت.**

**نوسین چ زانستی بێت یاخود فیکری و ئەدەبی، مێژوویەکی خۆی هەیە و لێوەی هەڵقوڵاوە و بۆی دروست بووە و بۆتە زنجیرێک، هەر جارەی ئەلقەیەک زیاد دەکات. ئەو ئەڵقەیە جگە لەوەی بە ڕەگی زنجیرەکەی خۆیەوە بەستراوەتەوە، ئەوا لەو کاتوشوێنەی تیایدا خەملاوە، خاوەنی مێژووی سەردەمەکەیەتی، وە تا ڕادەیەکی زۆر پڕاوپڕی زەمەنەکەیەتی و هیچ نەشازییەک ناخولقێنێت، چونکە هەمیشە وەک تەواوکەرێک، پڕکەرەوەیەک، بەرپەرچدانەوەیەک...هتد، دێتە ئاراوە، کە لەوەو پێش زەمینە و بنەمای بابەتەکە لە ئارادا بووە.**

هەمیشە دەرچوونی کتێبێکی نوێ، خستنەسەر خەرمانەی ئەوانی ترە کە لە پێش ئەوەوە هاتوون. بەوپێیەش بە خوێنەری زمانەکەی خۆیدا دەچەسپێت و سروشتیانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لێرەدا مەبەست لە باش یا خراپ نیە، بەڵکو ئەو ڕەوتە سروشیی و مێژوییە و ئەو پاشخانە فیکریەیە کە فیکری تیا دەخەملێت و وەک کتێبێک بەرهەم دەهێنرێت.

خاڵێکی گرنگ هەیە کە پێویستە بوترێت، ئەویش ئەوەیە کە کەلتور و شارستانیەتی خۆرئاوا، بە شێوەیەکی گشتی ئەوەندە لە یەکترەوە نزیکن و ئەوەندە تێکچڕاون کە لەیەک زەمەنی مێژوویی و پێشکەوتندان، یەک ئاستی شارستانیەتیان هەیە. ئەو تێکەڵاوییەی لە زانست و فیکر و ئەدەبدایە، سنوری نەتەوەیی و زمانەکانی بەزاندووە و هەموویان پێکەوە کەلتورێک پێک دەهێنن. واتە ئەلقەی هەر بوارێک، بەهەر زمانێکی ئەوروپی بخریتە سەر ئەو کەڵەکەیە، بە هی هەموو ئەوانی تریش دەزانرێت. گۆڕان و پێشکەوتن لە هەر بوارێکدا، کەم تا زۆر هەموویان دەگرێتەوە.

هەڵبەتە نابێت ئەوەش لەیادبکرێت کە ئەمڕۆ زمانی ئنگلیزی تەنگی بە زمانە خۆماڵییەکانی تر هەڵچنیوە و بۆتە زمانی یەکەمی تەکنەلۆژیی و سیاسی و ئەدەبیی و بگرە فەلسەفیی و جیهانی پەیوەندیی. بە حوکمی بەجیهانیبوونەکەشی، زمانی دووەمی هەموو وڵاتە ئەوروپییەکانە. هەروەها کاریگەری سیاسی و ئابوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر ئەوروپا و جیهان، فاکتەرێکی تری زاڵبوونی زمانی ئنگلیزییە، جگە لەوەی هەر خودی زمانەکەش لەچاو زمانەکانی تری جیهاندا، ئاسانترە و تا ڕادەیەکی زۆر هەموو مرۆڤەکانی سەرزەوی دەتوانن فێریببن و دەنگەکان نزیک لەخۆی بڵێنەوە.

هەرچەندە وڵاتە ئەوروپییەکان ئەم حاڵەتەیان پێخۆش نیە و ساڵانە بەشێکی بودجەی وڵاتەکەیان تەرخان دەکەن بۆ پاراستن و پەرەپێدانی زمان و کەلتوری خۆماڵی. بەوەش لە هەندێک بواری بچوکدا سەرکەوتوون و لە هەندێکی تریشدا ناچارن مل بەو لێشاوە زۆرەی زمانی ئنگلیزی بدەن، چ وەک زاراوە و چ وەک بەرهەمی چاپکراو و بەردەستێتی ئەو سەرچاوانە بە نرخێکی هەرزان لەچاو وەرگێڕدراوە خۆماڵییەکاندا، کە ناتوانرێت پێشبڕکێی ئەو بازاڕە بکرێت کە بە لێشاو دەردەچێت و بۆ هەموو جیهان دەڕوات.

سەرەڕای ئەوانەش زۆربەی خەڵکی ئەوروپی زمانی ئنگلیزی دەزانێت و زۆر جار پێی چاکترە بە زمانی یەکەم بخوێنێتەوە و چاوەڕێی وەرگێڕدراوە خۆماڵییەکە نەکات. ئەمە جگە لەوەی ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە ئەگەر نوسەرێک بیەوێت نوسینەکانی بەجیهانیی ببن، ئەوا بە زمانی خۆماڵی خۆی نانوسێت و زمانی ئنگلیزی هەڵدەبژێرێت.

خاڵێکی تریش هەیە پەیوەستە بە خەرمانەی کەڵەکەبووی زانست و فیکری ئەوروپییەوە، ئەویش ئەوەیە کە بە حوکمی ئەوەی چەند سەد ساڵێکە میللەتانی ئەوروپی لەدوی زانین دەگەڕێن و لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەش شتێکیان دەستکەوتبێت، خێرا گەڕاندویانەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان و ئەمڕۆ دەربارەی هەموو میللەتانی جیهان زانیارییەکی زۆریان کۆکردۆتەوە و ئەگەر کتێبێک لە یەکێک لەو زمانانەی دەرەوەی ئەوروپاوە وەرگێڕدرێتە سەر زمانی ئنگلیزی، بۆ نمونە، ئەوا یەکسەر دەچێتە سەر ئەو خەرمانەیەی لەوەو پێش هەبووە و بنەمای هەیە و دەبێتە تەواوکەری، واتە نەشاز دەرناچێت و جێگەی خۆی دەگرێت، بە پێچەوانەی ئەو حاڵەتەی کە لەلای ئێمە هەیە.

ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای خۆمان، کاتێک یەکێک لە ئێمە کتێبێک "ئەلقەیەک لە زنجیرەکە" هەڵدەبژێرێت و دەیخوێنێتەوە، ئەگەر کتێبەکە سەرنجڕاکێش بێت، یەکسەر بیر لەوە دەکاتەوە کە بریا ئەو کتێبە بەکوردی بکرایە! و لە بەردەستی خوێنەرانی کوردیشدا هەبوایە، لە ڕاستیشدا کێشەیەکی زۆریش هەر لەوێوە دەستپێدەکات.

خوێندنەوەی تاکەکەسی و هەڵبژاردنی کتێبێک زۆر جیاوازە لەوەی کە وا هەستبکرێت ئیتر بۆ هەموو میللەت دەشێت، لە هەر قۆناغێکی مێژوویی و لە هەر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیشدا بێت. هەر بۆیە زۆربەی ئەو کتێبانەی بەو شێوەیە هەڵدەبژێردرێن بۆ وەرگێڕان، بە هەتیووی لەدایک دەبن و ڕەگوڕیشەیان لەگەڵدا نایەت. یەکەم چونکە بنەمایەک نیە پیابنوسێت، دووەم قۆناغی کۆمەڵگاکان، بیرکردنەوەکان، تێگەشتنەکان، بۆچونەکان.... جیاوازە. هەرچەندە لە سەریەک زەمین دەژین، بەڵام لە زەمەنی پچڕپچڕ و دابڕاو لەیەکتری. هەر پارچە زەمینێک لە دورگەیەک دەچێت لە ناوەڕاستی دەریایەکی گەورەدا، دوور لەیەکتری سەردەمەکان تێدەپەڕێنن.

ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ نوسەری خوێنەر و واز لە هەڵبژاردنی کتێبە وەرگێڕدراوەکان بهێنین، دەبینین بە حوکمی سەرچاوەکانی بەردەستی و نەبوونی سەرچاوەی کوردی، ئەوا زۆر بەکەمی دەتوانێت واقیعی "ئێمە"ی کوردیی بخوێنێتەوە و لێوەی فێربێت و بۆی بنوسێتەوە. بە پلەی یەکەم واقیعی "ئەوان" دەخوێنێتەوە و لەژێر کاریگەری ئەو واقیعانەدا "هەڵبەتە بە کاڵ و کرچی" دەیانەوێت بۆ ئەم واقیعە بنوسن. هەربۆیە زۆرجار دوورییەکی فراوان دەکەوێتە نێوانی بەرهەمی نوسراو و واقیعی بەکردەوەی ڕۆژانەوە و بەم زەمەن و جێگایەدا نانوسێت و بە نامۆیی دەمێنێتەوە، هەرچەندە بەزمانی کوردیش نوسرابێت و نوسەرەکەشی کوردبێت.

ئەگەر نوسین بە سروشتیەکەی خۆی لەدایکبێت، هەمیشە کەسانێک، توێژێک لەو واقیعەدا هەست دەکەن کە بۆ ئەوان نوسراوە و دەتوانێت لە واقیعی بەکردەوەی ژیانیاندا ڕەنگدانەوەی

هەبێت، سەرەڕای ئەوەی ڕەنگە ببێتە هۆکاری گۆڕینی بیرکردنەوەیان و تێکەڵ بەژیانی ڕۆژانەیان بێت، یاخود هەڵسوکەوتی پێبگۆڕن.

تەنها لەو حاڵەتانەدایە کە نوسین ئامانجی خۆی پێکاوە و بە شێوەیەک لە خوێنەر نزیکبۆتەوە کە هەر دەڵێیت نوسەر باسی ئەو دەکات و بۆ ئەوە نوسراوە کە ئەم پەیڕەوی بکات.

نەمانی یاخود نەبوونی بۆشایی نێوان نوسین و ژیانی ڕۆژانەی خوێنەر، حاڵەتێکی ئاسایی و ڕاڕەوە سروشتییەکەی خۆی لەوێدا دەردەکەوێت. بە واتایەکی تر لە فیکری مردوەوە دەگۆڕدرێتە سەر ژیانێکی زیندوو. لەوێدایە هەست بە زیندوێتیی کتێب/ نوسین دەکرێت کە بەشێکی لێکنەپچڕاوە و لێکجیانەبووەوەی واقیعە.

گەوهەری مەسەلەکە لێرەدایە کە ئێمە نوسەرمان کەمە بتوانێت لە واقیعەوە بنوسێت، یاخود واقیعی ژیانمان سەرچاوەی یەکەمی بێت، نەک سەرچاوەکانی تری هەموو جیهان.

ئەمە ڕەتکردنەوەی خوێندنەوەی فیکری دەرەوە نیە، بەڵکو چۆنێتی هەرسکردنی ئەو فیکرەیە و چۆنێتی دوبارە بەرهەمهێنانەوەیەتی کە واقیع دەبێتە سەرچاوەی یەکەمی. واتە هەموو خوێندنەوەکانی تر دەرخواردی ئەو واقیعە هەرسکراوە دەدرێت کە دەزانرێت لە کەیدا چی پێویستە. نوسەرمان زۆرە کە بتوانێت بە زمانی بێگانە بخوێنێتەوە، بەڵام نوسەرمان کەمە بتوانێت ژیانی واقیعی خۆماڵی بخوێنێتەوە. هەموو ئەو کەمە نوسراوانەی لە واقیعەوە نوسراون، بەدڵ و دەرونی زۆربەدا دەنوسێت بەهی خۆیانی دەزانن و هەست دەکەن خۆیان نوسیویانە، یاخود بۆ ئەوان نوسراوە. لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە دۆخە سروشتییەکەی نوسین لەلای ئێمە نادیار و نائامادەیە، هەربۆیە ئەو نوسینانەی چ لە زمانێکی ترەوە وەرگێڕدراون و چ لە مێشکی نوسەرێکی نامۆوە بە کوردی داڕێژراون، بە خوێنەر نامۆن و لەدوای خوێندنەوەی کە سەیرێکی واقیعی چواردەوری دەکات، هیچ پەیوەستبوونەوە و پەیوەندییەکی بۆ نادۆزرێتەوە، ئەگەرچی لەکاتی خوێندنەوەشدا چێژی لێوەرگرتبێت. واتە لە دوای خوێندنەوەوە کردارەکە تەوا دەبێت و دەمرێت و هیچ کاردانەوەیەکی تری بەدوادا نایەت. نەک وەک ئەو حاڵەتە سروشتییەی باسمان کرد کە بە زیندوێتی دەمێنێتەوە و دەبێتە بەشێک لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و تێکەڵ بەژیانبوون.

دیسانەوە بە حوکمی سەرچاوەی خوێندنەوەمان، کۆمەڵێک خوێنەر و نوسەری خوێنەر هەڵتۆقیون، سەری زمان و بنی زمانیان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە و هەموو ڕێباز و ڕێچکەیەکە کە لە کەڵە فەیلەسوفە ئەوروپییەکانەوە کەوتۆتەوە و دوبارە و سێبارە دەبێتەوە

و به زۆری زۆرداری دەیانەوێت قەناعەت به هەموو کەسێک بێنن که دەبێت وا بیربکرێتەوە و تەنها چارەمان هەر ئەو ڕێگایانەیە.

هەندێکیان ئەوەندە تێکەڵاوی ئەو فەزایانە بوون کە باڵیان بۆ پەیدابووە و هەمیشە بە ئاسمانەوەن و ناتوانن لەسەر ئەم سەرزەمینە بنیشنەوە، بە شێوەیەک کە میللەت و دەسەڵات و مێژوو و بیروباوەڕ و تەنانەت داروبەردی ئەم کۆمەڵگایەشیان لێبێزراوە و لێیان بووە بە دوژمن و بە هەموو شتێک نامۆن، بە خۆیان، بە ژیانیان، بە چواردەوریان...هتد. بە شێوازێکیش نامۆن کە ژیانیان لە خۆیان تاڵکردوە. زۆربەیان دەیانەوێت کێشەی دەسەڵات و کێشەی سیاسەت و کێشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی وەک فەرەنسا و ئەڵمانیا چارەسەر بکرێت، یاخود بە یەک لێکدانەوە و بە یەک بنەما، بچوێنرێت.

بەڵام ئەگەر بتەوێت لە بنەچەی خێڵایەتی و چۆنێتی داڕشتنی ڕۆژهەڵاتی و تێکەڵاوبوونی ئاین و ئاکاری کوردەواری و نەخوێندەواری و دەسەڵاتدارێتیت بۆ ڕونبکەنەوە، ئەوا ئەوان هیچ بۆچونێکیان پێنیە و هیچ لێکدانەوەیەکیان لانیە و لەڕاستیشدا تەواو پێی نامۆن.

هەڵبەتە هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی نیە پێویستی بە فەلسەفە نەبێت، پێویستی بە فیکر نەبێت، پێویستی بە ئەدەب نەبێت و بە پێچەوانەشەوە ئەو کۆمەڵگایانەی لەو بەهرانە بێبەشن، ئەوا هێشتا پێیان نەخستۆتە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە.

کێشەکەی ئێمە لەوەدایە کە سەرچاوەی یەکەمی خوێندنەوەی خۆمان کردوە بەو بابەتانەی لە دەرەوە نوسراون و نەکراونەتە ئامڕازی واقیعخوێنەرەوە و دەویسترێت کتومت پراکتیزە بکرێت و جێگەشی ببێتەوە. لەلایەکی تریشەوە دەتوانین بڵێین هیچ کۆمەڵگایەک ناتوانێت دەستبەرداری خەرمانەی فیکری مرۆڤایەتی بێت و موڵکی هەموویەتی، بەڵام ئەمڕۆ کە کۆمەڵگاکانی مرۆڤ ئەوەندە لەیەکتردابڕاون و سیاسەت کارێکی کردووە کە لە مێژوو و زەمەنی جیاوازدا بژین، سەردەمانێکی زۆریشە کە ئەو جیاوازیانە کەوتونەتەوە و ئەمڕۆ کەلێنی نێوان کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی و کۆمەڵگاکانی چواردەوری ئەوەندە گەورەیە کە هەندێک جار ئەگەر وەک زەمەن بیپێوین، جیاوازی ئەو دوو زەمەنە بە چەند سەدەیەک دەچێت، هەربۆیە هونەر لەوێدا دەردەکەوێت کە چۆن ئەو خەرمانە کەڵەکەبووەی فیکری مرۆڤایەتی بۆ کۆمەڵگایەکی وەک ئێمەومانان دوبارە بەرهەمبهێنریتەوە، نەک هەر بە ڕەقوتەقی بکێشرێت بەسەروچاوی خوێنەردا و بوترێت ئەوەتا تۆش لێی بێبەش مەبە! بەوە ناوترێت بەشداری لە کەلتوری جیهاندا، بەڵکو ئەوە خۆخڵەتاندنێکە کە زۆر زوو پەردەی لەڕوو هەڵدەماڵرێت، چونکە لە واقیعی بەکردەوەدا هیچ کاریگەرییەک دروستناکات و هیچ پاشماوەیەک بەجێناهێڵێت.

## ڕۆشنبیریی و دەسەڵات/ پێداویستی ڕۆشنبیری

1

دەبێت ڕۆشنبیر هەبێت، دەبێت دەستەی پێشەنگ هەبێت و ئامڕازی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی بۆ برەخسێنرێت. هەرچەندە سەرەتا وا دەردەکەوێت کە مرۆڤ و پێداویستییەکانی ئەوەندە ئالۆز نین و دەتوانرێت ڕاست و ڕەوان بیری لێبکرێتەوە و ڕێگە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و پڕبکرێتەوە بەبێ ئەوەی کرداری بیرکردنەوە ببێ بە ئامێری وشیارکردنەوە.
ئێمە لە چی وشیار بکرێینەوە، ئەگەر کەس هەڵنەخڵەتێنرێت و بە خراپ بەکارنەهێنرێت و ئەشکەنجە نەدرێت و لەخشتە نەبرێت؟ ئەمڕۆ هەموو ئەو دیاردانە هەن و ڕۆژانە ڕودەدەن و بەردەوامن و پاڵەپەستۆیەکی دەرونیی و جەستەیین لەسەر هاووڵاتیان.
ئەگەر بە سروشتی کرداری گەشەکردنی کۆمەڵگا برۆشتایە، کە نەدەڕۆشت و هەر دەبوایە بەو ئاڕاستەیەدا بگوزەرانرایە، چونکە خاوەندارێتی و خۆپەرستیی غەریزیی و غەریزەی گەشەپێدراو، لە پێش ئەوەوەیە کە مرۆڤ لە سەر تێرییەوە بیریکردبێتەوە. ئەو کاتەی بەشێک گەشتە تێری و دەرکی بەوە کرد کە چەند خوار ڕۆشتووە، تازە کار لەکار ترازابوو. ئیتر خاوەندارێتی و خۆپەرستی بووبوو بە بەشێک لە سیستەم و دەسەڵات. بۆیە دەڵێین ئەو ئەنجامی گەشەکردنەی ئەمڕۆ دەبوایە بەو ئاڕاستەیەی ئەمڕۆدا برۆشتایە کە پیاڕۆشتووە.
واتە پێداویستی مادی و فکری پێکەوە گەشەیەیان نەکردووە و بواری تیا نەبووە، بۆیە هەمیشە فکر بوە بە ئامرازی دەستی پێداویستیی مادی و لە خزمەتیدا بەکارهێنراوە. کە بەشێک لە فکر هەڵگری هوممی مرۆڤایەتییە و پێداویستی گیانی و سەلماندنی هەقی بەدوادا دێت بۆ ئەوەی یەکەیەک پێک بێت لە ڕوبەڕوبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکاندا، ئەوا لە پێشدا دەبێت ئەو ململانێ گەورەیە بکات کە جێگەی خۆی بکاتەوە، خۆی وەک بەدیلێک بخاتەڕو و ببێتە سەرداری ڕێکخەری پێداویستی و دابینکردنی بە شێوەی کردەوەیی.
هەرچەندە هەتا ئیستا دەسەڵاتی ژێر چنگ نەکەوتووە و لە تەوەرێکی تەسکدا دەخولێتەوە و بواری سەردەرهێنانی پێنادرێت، نەک ڕێگەی سەرداریی وەرگرتن. کەواتە ئیشەکەی دەبێت بەوەی کە زەمینە بۆ خۆی پەیداکات و جێگەی خۆی بکاتەوە و خەڵک تێبگەیەنێت کە دەبێت سیستەمەکە بگۆڕدرێت و دوایی بە ساکاری خۆیان بژین. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ساکارییەکە ئەوەندە زاڵە، بواری ئەوە نادات کە فکر جێگەی خۆی بکاتەوە و یەکجار مرۆڤایەتی ڕزگاری بێت. ئەمە جگە لەوەی کە باسی بەرهەمهێنانی سارکاریی و ساویلکەیی ناکەین کە سیاسەتێکی پەیڕەوکراوە بۆ گەمژەکردن و گومڕاکردنی کومەڵانی خەڵک.

سیستەمەکانی ئەمڕۆ هەتا لایەنێکی ساکاری ژیان دابین دەکەن، ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵک پێویستی پێیەتی، لە هەزار لایەنی ترەوە خراپ بەکاریدەهێنن، بەو لەخشتنەبردنەی کە هەرئەوەندەی تیا دەبێت.
لەبەرئەوەی هەڵخڵەتاندن هەیە، ئەوا دەبێت لە بەرامبەریدا بەرگریی هەبێت، وشیارکردنەوە هەبێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو بارودۆخە. وشیارکردنەوەش پێویستی بە کۆمەڵێک شارەزا و لێکۆڵەرەوە هەیە. واتە دەستەی پێشەنگ، دەنا پێشەنگایەتی پێویست ناکات هەبێت (هەڵبەتە هەر بوونی دەمێنێت، بەڵام لە فۆرمێکی تردا، کۆمەڵێک دانا کە دەتوانن پیلانی ژیانێکی باشتر داڕێژن) هەتا حەقیقەت لە خەڵک بشاردرێتەوە و ڕۆژی هەزارەها تاوان بکرێت، ئەوا ڕۆشنبیر دەبێت بوونی خۆی بسەلمێنێت بە لەڕوهەڵماڵینی ئەو حاڵەتانە/ ڕوداوانە و ژمارەیەکی زۆر ئاگادارکاتەوە لەوەی کە چی لە واقیعدا ڕودەدات.
کێشەکە لە دابەشکردندایە کە هەر کەس وایان ڕاهێناوە کە تەنها خۆی هەیە و دەبێت هەر کەس بە دوای ژیانی خۆیدا ڕاکات. ئەم پەیڕەوە دەبوایە تەنها لە جیهانی ئاژەڵدا قەتیس بمایە و درێژنەبوایەتەوە بۆ ناو جیهانی مرۆڤ. دەنا ئەگەر مرۆڤ مرۆڤ بێت لەیەکتری سڵناکەنەوە، ئەوا هەموو کەس پێکەوە هەن و هەموو کەس پێکەوە دەتوانن بۆ ژیانێکی باشتر و دابینکراوتر هەوڵبدەن کە ناتوانرێت ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەک تەنانەت بهێنرێتە پێشچاویش کە چ ژیانێک دەبێت.
هەتا ئیستا تەنها ڕەنگوبۆیەکی ئەو ناوەرۆکە کۆمەڵایەتیە بە پەیوەندیەوە هەیە و شێوە سروشتیەکەی ماوەتەوە، بەڵام هێندە تەسککراوەتەوە کە ئەگەر بڵێین نزیکترین پەیوەندی کە پەیوەندی ژن و پیاوە، ئەوا لە سەر پەیڕەوی دابڕان و دابەشکردن داڕێژراوە و بە شێوازێکی تر بەیەکەوە گرێدراوەتەوە کە زیندویێتی تیادا خنکێنراوە و تینی لێبڕاوە. زۆربەی زۆری پەیوەندییەکان هاتۆتە سەر خۆبەتاڵکردنەوە لە ڕێگەی زمانەوە، لە ڕێگەی قسەکردنەوە.

2

لەگەڵ ڕودانی هەر واقیعەیەکدا، دەبێت هەڵسەنگاندنێک بە دوایدا بێت و هەوڵی ئەوە بدرێت کە نرخەکان/ بەهاکان لە جێگەی خۆیاندا دابنرێن یاخود بخرێنەوە جێگەی خۆیان کە پڕاوپڕی خودی ئەو واقیعەیە بێت. هەڵسەنگاندنێک لە دەرەوەی ئەو ڕوداوەوە کە ڕودەدات و دەبێت ناکەسێتی بێت. ساغکردنەوەی هەر واقیعەیەک بە شێوەیەکی گشتگیر، هەڵسەنگاندنێکی بێلایەنی دەوێت، کە چاودێربێت بەسەریەوە. یاخود ئەگەر بڵێین چاودێرێک لە دەرەوەی زەمینەی واقیعەوە هەبێت، ئەوسا ڕودانی واقیعەتەکان زیاتر لە بواری مەعقولدا خۆی دەنوێنێت وەک لەوەی کە تەنها هەڵسەنگاندنێک بێت بە دوایدا، بەبێ ئەوەی

دەسەڵاتی بڕیاردانی هەبێت. ئەو دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنە، واڵاکردنی حەقیقەتێکە کە نە زۆربە دەنگی بۆ دەدات، نە بەهێز، نە لاواز، نە دەسەڵاتداریێتی سەردەست. ئەوە سەرداریێتی ئەو ئامانجانەیە کە مرۆڤایەتی بە نائاگایی لە یەکەم ڕۆژی ژیانی بە کۆمەڵیەوە بەرەو ڕوی ڕۆشتووە. لە نائاگایی مرۆڤدا کە بەرەو سەلامەتی، خۆپاراستن، چێژ، جوانکاری.. دەڕوات. نەبوونی ئەو سەرداریێتیە بۆ ئەو هەڵسەنگاندنە بابەتییە، بوار دەکاتەوە بۆ دەسەڵاتداریێتی سەردەست کە ڕەوتی ئەو ئامانجە مرۆڤایەتیە خاوکاتەوە و درێژیبکاتەوە، لە لایەکی تریشەوە ڕێگە خۆش دەکات و چاوپۆشی دەکات لەوەی کە هەڵەکان دووبارە بێتەوە، نەک بە نائاگایی، بەڵکو بە ئاگایی و مەبەستی تەواوە کە لە خزمەتکردنی سەرداریێتی ئەو دەسەڵاتداریێتیەدا بێت.

ئەوە ڕۆی کە بڵێین مرۆڤایەتی ئاگایی نەبووە و نەگەشتۆتە ئەوەی کە دەرک بە پێکهاتەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نەکات، کە تا ڕادەیەکی واقیعیانە دادپەروەرانە بێت. ئەمڕۆ کە هەڵخڵەتاندن و خراپبەکاربردن هەیە، لە ئاگاییەوەیە، نەک لە کەم دەرامەتی و دەگمەنیی و نەزانین و نادیارییەوە. مرۆڤ لە نائاگاییەوە بە ئەنجامی کارەکانی خۆی گەشتوە. بە ئاگایی بە کار و ئەنجامەکانی خۆی و هەتا ڕادەیەکی زۆریش بە سەرداریێتی خۆی بەسەر سروشت و خودی خۆیدا گەشتوە.

تاوانەکانی ئەمڕۆ بە ئاگاییەوە دەکرێن و بە مەبەستی تایبەتی و بە ئامانجی دیاریکراو ئەنجام دەدرێن. ئەو نائاگاییەی کە کۆمەڵگا بەرەو ڕوی دەڕۆشت، کە لە دەرەوەی ئاگایی مرۆڤ و کۆمەڵگا و مێژووەوە گەشەی دەکرد یاخود دەگۆڕا لە ژیر حوکمی دەگمەنێتیدا، ئەوا ئەمڕۆ مێژوو لە پێشەوە دەچنرێت و کۆمەڵگای پیادەبرێت و دەزانرێت کە چی لێدێت و چۆن دەڕوات بەڕیوە. هەموو هەنگاوێک حسابی وردی خۆی بۆ کراوە کە ئامانجەکانی چۆن دەکەوێتەوە یاخود بەچی دەگات. واتە ئەو نادیارە ڕونبۆتەوە کە لە سەرو کۆمەڵگاوە بێت و لە ژیر ئیرادەی مرۆڤدا نەبێت، ئیستا زۆربەی زۆری لە ناوەوەی کۆمەڵگاوە بڕیاری لەسەر دەدرێت کە چۆن گەشەبکات و بگۆڕدرێت.

هەموو هەنگاوێکی بەکردەوە، زیاتر کۆمەڵگای لە ئەفسانە دورخستۆتەوە، بە هەمان ئەندازەش مرۆڤایەتی لە نائاگایی مێژووییەوە بەرەو ئاگایی مێژوویی پەلکێشکردووە و بە هێمنی دەسەڵاتی پێک هێناوە کە بڕیاری گەشەکردن و گۆڕانی مێژوویی دەدات و ڕێچکەی مێژووش دەستنیشان دەکات.

دەتوانین بڵێین ئەوەی کە هەرگیز ناتوانرێت دەسەڵات بکێشرێت بەسەریدا، ناوەرۆکی ئازادی مرۆڤایەتییە کە بە هەموو شێوازێک هەوڵدەدرێت ئەویش بخرێتە ژیر بارەوە و کەمبکرێتەوە و کورتبکرێتەوە و ماڵیبکرێت. ئەو هەڵسەنگاندنە بابەتییەی کە لە سەرەتاوە باسمان کرد، کە ڕۆشنبیریی ڕۆڵێکی سەرەکی تێدا دەبینێت و واتایەکی فەلسەفی بە ژیان دەدات و

دیسانەوە بە ئاگاییەوە گەشە و گۆڕان بە کۆمەڵگا دەدات، بەڵام نەک بە مەبەستی دواخستن و کاولکردن و خەساندنی، بەڵکو بەکراوەیی و نەهێشتنی هەڵە مێژووییەکان و تاوانەکانی.

3

فەیلەسوف، بیریار تەنها داوای جێگەی خۆی دەکات، جێگەی خۆی؛ جێگەی بیرکردنەوەکەیەتی لە بواری کۆمەڵایەتییدا. کاری بیرەوەر تەنها دۆزینەوەی تاڵەکانی نێوان بوارە کۆمەڵایەتیەکانە و بیرلێکردنەوە و لێکۆلینەوەیانە بۆ دۆزینەوەی لۆژیک تیایاندا، واتە تێهەڵکێشەکان و سەرچاوەکانیان بەو پێیەی کە تەنها داوەریی دەبێتە کاری ئەو بیریارە، نەک دەسەڵاتداریێتی، یاخود بون بە خاوەن دەسەڵات.
دۆزینەوەی تاڵی تێهەڵکێشەکان و هەڵدانەوەی چینەکانی پەیوەندی، دەبێتە کاری بیریار و بیرەوەر، واتە هەوڵدان بۆ ساغکردنەوەی ڕەوایەتی لە مرونەیەکی نیسبیدا.
بیر داوای دەسەڵاتداریێتی دەکات، نەک بیرەوەر، ئەوساش ناتوانین پێی بڵێین دەسەڵات، یاخود دەسەڵاتداریێتی، چونکە کەس خاوەنی نیە و لە بەرژەوەندیی تایبەتیدا کارناکات و گشتێتی ئەو قۆناغە دەگرێتەوە کە تیایدا لەدایک دەبێت.
ئەگەر بیریار لە سەرەتاوە نەدۆزرێتەوە (یاخود خۆی خۆی نەدۆزێتەوە)، ئەوا لە گێژاوی کۆمەڵدا وندەبێت و لە بوارێکی لابەلای ناڕازیدا خۆی ساغدەکاتەوە. چ وەک کۆمەڵگایەکی سەرکوتکەر کە ڕێگەی نادات ڕێوشوێنی خۆی بدۆزیتەوە، چ وەک کۆمەڵگایەکی ڕۆژئاوایی کە لە مادییاتدا نوقمی دەکات. هەمووی لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە، ئەو ئارەزووە تاکەکەسیەی بیریار خۆی، بە داماڵراوی لە بیرەکانی کە کەسێکی ئاساییە و دەشێت ژیانی بەکردەوە لە خشتەی بەرێت و دەنگی ناوەوەی خۆی پێ سەرکوتکات و لەگەڵ تەوژمە گشتیەکەدا لول بێت.
زۆر جار بیریار، بیرەکەی بەکار دەهێنێت بۆ خۆجێکردنەوەی لە واقیعدا وەک وەسیلەیەکی مادی کۆنکرێت، نەک وەک وەسیلەیەکی فکری (بیرئاسا) لە پێگەیەکی فکریدا، هەروەها نەک وەک وەسیلەیەکی مادی لە پێگەیەکی مادییدا. واتە ناو ئاستی کۆمەڵ خۆی نەک لە تەنیشتییەوە. بەو پێیە پەیوەندی ڕاستەوخۆ دروست دەکات و بۆخۆی دەیەوێت دەست بەسەر دەسەڵاتداریێتییەکدا بگرێت (لە بوارێکدا) کە جێگەی ئەو نیە. ڕۆشنبیر، بیرەوەر دەبێت لە تەنیشتی کۆمەڵەکەیەوە بڕوات، بەو پێیە داوای هیچ شێوەیەک لە دەسەڵاتداریێتی ناکات. ئەو کاتەی کە هیچ شێوەیەکی دەسەڵاتداریێتی وجودی نەما، ئەوسا ئەو جیاکردنەوەیەی تەنیشت و ناوەوە، هیچ دەورێک نابینێت. چونکە خۆی لە خۆیدا ئەو سنورە وەهمیانە نامێنێت.

هەروەک چۆن تەکنەلۆژیا و زانست توانیویەتی ڕەگی کۆمەڵێک کێشە بدۆزێتەوە و هۆیە بنەڕەتیەکانی، بە شێوەیەکی پڕاوپڕ چارەسەربکات، واتە چارەسەرکردنی بنچینەیی کێشەیەک، نەک چارەسەرکردنی ئەنجامی کێشەیەک کە خۆی بوە بە کێشەیەکی سەربەخۆ، ئاواش دەبێت بیر دەست بداتە ئەو ڕەگانە و بیدۆزیتەوە و لە بنەڕەتەوە چارەسەریان بۆ هەڵبهێنجێت. ئەوسا هەموو خولانەوەکانی دەوری کێشە بنەڕەتیەکە، کە خۆیان بە بەدیل لەقەڵەمداوە، هەڵدەوەرن و لە ڕەگەوە هۆی یەکەمی کێشەکان چارەسەردەکرێت. بەو پێیە لە زۆر ئالۆزبوون ڕزگاری دەبێت کە ئەمڕۆ کێشە خۆی تیادەبینێتەوە و ئەوەی هەیە زیاتر چارەسەری ئەنجامی کێشەکانە و بە ئاستەم دەگاتە ناوەرۆکەکەی، چونکە بە هەزارەها ڕوپۆش داپۆشراوە.

بیر، وەک هەموو کێشە ماددییە، زانستیەکانی تر پێویستی بە توانا و لێهاتوویی و کات و جێگە هەیە، هەربۆیە کێشە فکرییەکان وەک کێشە مادیی و زانستییەکان، لە سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە هەتا ئەمڕۆ بە چەندین قۆناغدا تیپەڕیوون و وەک ئەوان بەدیلی زۆری تێفرێدراوە و ئەوەندەی تر کێشەکەی ئالۆز کردووە، بەو پێیەش پێویستی بە تایبەتمەندە کە کۆمەڵێک بنەمای ساغبکاتەوە لە ڕەگەوە پاکیبکات و کاکڵەکەی بخاتە بەردەست. بەو پێیەش پێویست بە ئالۆزکاویی و پچڕپچڕیی و تیکەڵاوبوون ناکات.

هەتا زانست پێشبکەوێت، چارەسەرکردنەکان وردتر و ساکارتر و ئاسانتر دەبێت. بەو پێیەش دەبێت فیکر پێشبکەوێت و بتوانێت بەدیلی پڕاوپڕ هەڵبهێنجێت.  ناگونجێت بۆ کێشەیەکی دیاریکراو، دوو بەدیل، دوو چارەسەر هەبێت و هەردووکیان ڕاست بن. دەبێت تەنها یەک بەدیلی پڕاوپڕ هەبێت کە چارەسەری ئەو کێشەیە لە ڕەگەوە بکات و هەڵیتەکێنێت.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە کێشە فیکریەکان/ کۆمەڵایەتیەکان، لە یەک سەرەوە ناتوانرێت وەک کێشە زانستیەکان چارەسەربکرێت. کێشەی زانستی کە لە ڕەگەوە چارەسەرکرا، ئەوا ئیتر هەموو ئەنجامەکانی ئەو کێشەیە بە خیراییەکی سەیر هەڵدەوەرێت و هیچ کاریگەرییەکی نامێنێت، بەڵام کێشە کۆمەڵایەتیەکان بە حوکمی ئەوەی کە هەتا زیاتر بمێنێتەوە، ئەوا کێشەی نوێ دەخولقێنێت، زۆر جار بە چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکە، وردە کێشەکانی کە لە ئەنجامی ئەو کێشە سەرەکییەوە کەوتونەتەوە، هەڵناوەرێت و دەبێت بە جیا چارەسەربکرێن، یاخود ماوەیەکی زەمەنی زیاتری دەوێت بۆ شیبونەوەی. چونکە زۆر جار لە مێشکی مرۆڤدا دەبێتە ئالۆزکاوی، تێکپچڕاوی و تیایدا دەچەسپێت و لێرەولەوێ هەڵدەداتەوە.

مێژووی کۆمەڵایەتی کە مادی نیە و بێگیان نیە، لە نائاگایی مرۆڤدا و لە پێکهێنانی کەسایەتی و ویژدان و هەستی تاکەکەسەکاندا، لە جوڵە و جێگیربوون و سڕینەوە و گۆڕاندایە. لە مامەڵە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدایە. بۆ نموونە ئەگەر بیر لە کێشەی

نەتەوایەتی بکەینەوە، چەندین بەدیل خۆی تێفڕێدەدات، کە لە ڕاستیدا کێشەیەکی سەرەکی نیە و تەنها ئەنجامی کێشەیەکی قوڵترە و نەتەوایەتی کراوە بە ڕوپۆشەکەی و کشێنراوە و گەورەکراوە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی داکەوتووە و کەوتۆتەوە، ئەوا دەبێت چارەسەرێکی بنەڕەتیشی بە جیا بۆ بدۆزرێتەوە وەک ئەوەی کێشەیەکی سەرەکییە. بەڵام بۆ ئەوەی کێشەی پیسبوونی ژینگە بگۆڕدرێت، ئەوە بەسە کە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان بگۆڕدرێت، ئەوسا چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکە کە پیسکردنی ژینگەیە، هەڵدەوەرێت، چونکە کێشەیەکی مادیی و دەستنیشانکراوە و داماڵراو و بێگیانە. لێرەدا باسی ئەوە ناکەین کە دیسانەوە کێشەی بۆ نموونە پیسبوونی شوینەوار، دەبێتەوە بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و فکری و شارستانێتی و هەموو کەسێک دەگرێتەوە، کە داوای ئەو ئاگاییە دەکات ڕێگە لەو جۆرە بەرهەمهێنانانە بگیردرێت کە بۆ شوێنەواری ژیانەوەری زەرەرمەندە، بۆیە دەبێت وەک بیر کە هەڵگری کێشە کۆمەڵایەتیەکانە، ئاواش بیر لە باشتر ژیانی شوێنەواریی ژیانەوەری بکرێتەوە.

هەرچەندە وەک بینیمان جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان کێشەی کۆمەڵایەتی و مادییدا هەربۆیە کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە زیادبوندایە و ئالۆزترە و ئەنجامی کێشە کۆمەڵایەتیەکان دیسانەوە دەبنەوە بە کێشەی نوێ و داوای چارەسەرکردن دەکەن، هێشتا ئەوە ناگەیەنێت لە ئەنجامی کێشە سەرەکیەکانەوە دەستپێبکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبێت هەر لە ڕەگەوە کێشە فیکری و کۆمەڵایەتیەکان چارەسەربکرێن، ئەوسا کێشە لاوەکی و چڵییەکان ئاسانتر چارەسەردەکرێت و ڕێگای بۆ کورتدەکرێتەوە.

هەروەک چۆن زانست، تەکنەلۆژیا، ئیشی مرۆڤ ئاسان دەکات و هەتا زیاتر پێشبکەوێت، زیاتر ئازادی بۆ مرۆڤ دەڕەخسێنێت و پێویستییەکانی پڕدەکاتەوە، ئاواش فکر دەتوانێت لە کۆمەڵێکی زۆر زیاتر کێشە و پیاهەڵواسرانەکانی مرۆڤ و خەیاڵ و خەیاڵپەروەری ڕزگاری بکات و ئەو سەربەخۆییەی پێببەخشێت کە پێویستی پێیەتی وەک خودێک، واتە ئەو دەورەیە تەواو بکات کە زانست و تەکنەلۆژیا دەستیان پێکردووە. لێرەدا نابێت ئەوەمان لەبیربچێت، هەتا ئێستا یاخود ئەو خەوەی مرۆڤ دەیبینێت کە دەسەڵاتی بەسەر سروشتدا بشکێت و لە خزمەتی خۆیدا بەکاری بهێنێت، تەنها کاولکردنی سروشتی گرتۆتەوە و نەزانیی و نەشارەزایی و دڕندەیی سەرمایەدار نیشان دەدات کە چۆن بەو هەڵپە و گوڕەیان سروشتیان کردوە بە کەلاوە لە پێناوی سود و قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بەناوی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا و شارستانیەتەوە.

4

دەسەڵاتداریتی لە ڕۆژئاوادا، ئاگادارە کەچی ڕوودەدات، واتە مرونەی دەسەڵاتداریتی دەزانیت کە بیریار یاخود ڕۆشنبیر، دەکەویتە کویوە و چ ڕۆڵیک دەبینیت و چۆن سودی لیدەبینیت. ڕۆشنبیر هەرگیز ناگاتە ئەو خاڵەی لە ژیر باڵی دەسەڵاتداریتی دەرچیت/ بیتەدەرەوە و لە بەرامبەریدا دژی بوەستیتەوە، بەڵکو هەمیشە ئەو دەسەڵاتداریتییە کە زیاتر ئاگادارترە لە ڕۆشنبیر، جیگە و ڕیگای بۆ ئامادەکردوە و لە کاتی پیویستی خۆیدا دەیهینیتەوە مەیدان و سەرکار و بەکاریدەهینیت. ئاگایی و وشیاریی دەسەڵاتداریتی، زۆر گشتی و ڕاشکاوترە لە ئاگایی و وشیاری ڕۆشنبیر، یاخود تەنانەت دەسەتەی پیشەنگ. هەمیشە بواری خۆنیشاندان و خۆدەرخستنی ئەو دەستەیە، لە باوەشی پەیوەندی دەسەڵاتداریتیدا بەرجەستە دەبیت و ڕوودەدات، نەک لە جەمسەریکی دژ و دەرەوە.

زەمەنی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی، زەمەنیکی ونبوو و نادیارە و هەوڵی دەسەڵاتداریتی ئەوەیە لەو نازەمەنیەدا بیهێڵیتەوە و تەنها دەسەڵاتداریتی توانای بڕیاردانی ئەوەی هەبیت کە کەی ئەو ڕۆشنبیرییە و لە چ کاتیکدا بەکاردەبریت و چ کاتیک پیویستییەک پردەکاتەوە کە تیایدا دەخوڵقیت و تیایدا دەژی و دژی دەسەڵاتداریتی دەوەستیتەوە.

ڕۆشنبیری جیهانی دوو، ڕۆشنبیری ساتییە، هی ئەو دەمەیە کە تیادەژی.

لە ڕۆژئاوادا، کاتیک پیبزانریت کە دەستەی پیشەنگ یاخود ڕۆشنبیر یاخود دامەزراویکی ڕۆشنبیریی، لەو ساتە وەختەدا کار دەکەن کە تیایدا دەژین، واتە ئەو نازەمەنییە یاخود ئەو نادیارییەی کە پییدراوە ساغبیتەوە و لە ئیستادا کاربکەن، کاریگەرییەکی نیگەتیڤ دەخاتە سەر دەسەڵاتداریتی و هەڕەشەی لیدەکات، لەو بوارەی کە کاری تیدا دەکات، هەر زو سەدای دەبیستریتەوە و پیدەزانریت و کاریگەری دەخاتەوە، ئەوا ئاساییە بە ناوی هەزارەها بیانووەوە، بە دامەزراوەکەشەوە پەرش و بڵاوبکریتەوە.

ڕۆژئاوا وەک هەموو ئیحتیاتیکی مادیی تر، دەیەویت ڕۆشنبیریی و فکریش بەو جۆرە لە ئەمباردا دابنریت. واتە هەڵگیرابیت لە دەرەوەی زەمەنی ئیستادا و هەر کاتیک بە تاک و تەنها پیویستی بە بابەتیکیان هەبوو، ئەوا ڕایکیشیتە دەرەوە و بەکاری بهینیت. هیچ کاتیک نایەویت ئەو ئیحتیاتە ئەمبارکراوە پیکەوە بخاتەڕو، چونکە لەناوچوونی خۆی تیدایە. واتە دەبیت هەر بەشە لە بواری خۆیدا و لە ناوخۆیدا گەشە بکات و سەرقاپەکەشی بنریتەوە، تا کاتی پیویستی بەکارهینانی دیت، واتە هەر بەسەر داپۆشراوی دەنیژریت، واتە خولقاندن و ونکردنی ڕۆشنبیریی، پیکهینان و پوچەڵکردنەوەی ئەو کایەیەی کە هەمیشە دەتوانیت تواناو هیزی نوێ بمژیت و لە کۆمەڵیک جیایکاتەوە و لە خۆیدا بیخەسینیت. واتە بە کردەوە، ڕۆشنبیریی و دامەزراوەکانی ئەو توانایەیە کە لە کاتی سەرهەڵدانی ڕۆشنبیردا دەتوانیت دەستی بەسەردا بگیردریت و لە خۆیدا ئەوەی دەیەویت بیداتێ و لە خۆشیدا گەشەی پیبدات و لە خۆشیدا هەڵیبگریت، بەو پییە هیچ کاتیک ڕۆشنبیر ناتوانیت خاوەنی سەربەخۆیی خۆی

بێت لە دەرەوەی کایەی دەسەڵاتداریێتی سەردەست و ناتوانێت دژی ئەو دەسەڵاتداریێتیە بوەستێتەوە و هەمیشە بەشێکی تەواوکەری دەسەڵاتداریێتیە و لە ژێر باڵیدا کردەبێت.
دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان هەموو بوارێک بۆ ڕۆشنبیر دەڕەخسێنن، بەبێ ئەوەی بە بینراوی هیچ ڕێگرێک لەبەردەمیدا دابنرێت و بەبێ ئەوەی بە ئاشکرا لە کۆمەڵگا دابنرێت و هەمیشە دەرگا لە بەردەمیدا کراوەیە. ڕۆشنبیرییەکەی ڕۆشنبیریش بەستراوەتەوە بە ژیان و بە چەقی بوونی خۆیەوە، ئامرازی خۆپێجێکردنەوەیەتی لە کۆمەڵگادا و ژیانی تایبەتی خۆی پێ مسۆگەر دەکات. بنەمای کۆمەڵگایەش زیاتر بنەمایەکی عەقڵانییە و ڕێکخراوە، هەموو کون و قوژبنێکی لێکدراوەتەوە و پەیوەستکراوەتەوە بە جۆرێ لە جۆرەکانی کایەی دەسەڵاتداریێتیەوە. مرۆڤی ڕۆژئاوایی پێش ئەوەی بکەوێتە بواری ڕۆشنبیرییەوە، لە بنەمایەکی مادییدا چاودەکاتەوە و گەورە دەبێت.
کە فکرە کەوتە سەر کاغەز، دەمرێت. ئەو دورییە فراوانەی نیوان ژیانی بەکردەوە و ژیانی فکریی، داپچڕانێکی ئیجگار گەورەیە.
لە دوای ئەوەی فکر دەبێتە کێشەیەکی تاکەکەسی، ئەوا موخۆرکەی خاوەنەکەیەتی. یەکەم مردنی، نوسینەوەیەتی کە لە خاوەنەکەی جیادەبێتەوە و خۆی پێ ڕزگار دەکات. دووەم مردنی چاپبوون و بڵاوکردنەوەیەتی و ڕیزکردنیەتی لە کتێبخانەکاندا، لە زانکۆکاندا، لە دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکاندا. واتە فکر لە پێش لەدایکبوونییەوە، مردنی بۆ ئامادەکراوە و لە نیوەی ڕێگادا دەوەستێنرێت و ناهێڵرێت پرۆسێسەکەی تەوابکات، واتە هاتنە مەیدانی واقیعی ڕۆژانەوە، لەو ساتە فکری و واقیعییەی کە خولقاندوییەتی. بەڵکو نوسەر/ بیریار زەمەنی وجودی جیادەکرێتەوە و ئەمباری دەکەن و لە زەمەنی فعلی/ واقیعی جیادەبێتەوە و تەنها لە کاتی پێویستیدا دەخرێتەوە جوڵە. واتە سستکردنی کرداری فکر و لەقاڵبدانی و جیاکردنەوەی زەمەنەکەی و خاوکردنەوەی، لە حاڵەتێکدا ئەگەر نەتوانرا زەمەنەکەی تەواو سست بکرێت.

5

ئەگەر بە پلەی یەکەم کێشەی فەلسەفە، گەڕان بێت بە دوای بونی مرۆڤدا و هەموو پارمەتیدەرەکانی تری کە لەو ڕێگەیەوە دەڕۆن بگەنە ئاستی ئەوەی ئەو بوارەی بۆخۆش بکەن، وەک زانین بە گشتی و فکر بە تایبەتی، ئەوا دەمەوێت بپرسم کە چ پێویستییەک بە فەلسەفە دەمێنێت؟
ئەوە کات و مێژوویەکی نەزانراوە کە کۆمەڵگا بگاتە ئەو ئاستە و مرۆڤ بە ئارەزووی بونی خۆی بگات. لێرەدا دەبێت بوترێت کە پێویستی فەلسەفە و ڕۆشنبیریی هەتا کێشەی بونی مرۆڤ ساغدەبێتەوە، هەر دەمێنێت. فکر لە بەرپەرچدانەوەی واقیع ناکەویت بۆ گەڕان و

**دابینکردنی خۆی، واتە مرۆڤەکە، واتە مرۆڤایەتی. کەواتە پێداویستی فکر بە گشتی و هەموو چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی تر و بەرهەمهێنانی زانین و زانیاری هەر لە ئارادا دەبێت و گەشەی خۆی دەکات و جێگەی خۆی هەیە لە ڕەوتی مێژوویيدا. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوەش دەسەلمێنێت کە پرۆسەی بیرکردنەوە خۆی لە خۆیدا ئامانج نیە و ئامرازی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەو بوونە. واتە لە دوای ئەو ساتەوە ئیتر لەکەلک دەکەوێت و کاریگەرییەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، واتە مرۆڤ لەدایک دەبێت.**

**لە جێگەیەکی تردا دەوری ڕۆشنبیر ڕونکراوەتەوە کە هەمیشە دەوری ڕاستی هەڵهێنجان دەبینێت و ڕەخنە لە سیاسەت دەگرێت و جەمسەرێکی دژ بە دەسەڵاتدارێتییە و لەگەڵ دروستبوونیدا دروست بووە و لەگەڵ لەناوچونیشیدا لەناودەچێت. ئەگەر هەموو شتێک ئاشکرا بوو، ئەوا هیچ شتێک نامێنێت پەردەی لەسەر لاببرێت و هەتا دەسەڵاتدارێتیش مابێت، ئەوا مرۆڤ چەواشە دەکرێت و لە حەقیقەتی ژیانی خۆی لادەدات و مفهومی بەکاربردن/ چەوساندنەوە دێتە ئاراوە.**

**مانەوەی دەسەڵاتدارێتی، مانەوەی چەوساندنەوە و هەڵخڵەتاندنە. ئامرازی دەسەڵاتدارێتی، سیاسەتە. هەموو پێشکەوتنێکی ڕۆشنبیریی و بوار بۆ کردنەوەی، کشانەوەی دەسەڵاتدارێتییە بۆ دواوە و جێگیرکردنی بنەمایەکی تری مرۆڤایەتییە. ڕۆڵی ڕۆشنبیریی/ فکر دیاریکردنی جێگەی مرۆڤە لەو ساتە مێژووییە جیاوازانەدا، لە نێوان ئەو جەمسەرە دژ بەیەکانەدا.**

**(کە فکر نوسرایەوە و بوو بە تێکست چی لێدێت؟ بە کورتییەکەی ئەگەر بواری گفتوگۆی واقیعی نەبێت کە بە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەرەو هەنگاوێکی بەکردەوە بڕوات و گۆڕان پێک بهێنێت، ئایا نامرێت؟ یا تەنانەت دەنوسرێتەوە و پارێزگاری لێدەکرێت؟ من چی لە هەزارەها نۆتەی مۆسیقا بکەم کە لە کتێبخانەدا ڕیزکرابێت، ئەگەر نەژەنرێت و گوێی لێ نەگرم؟)**

**زۆربەی بوارەکانی زانین لە بۆتەی واقیع و مارەسەی بەکردەوەدا خۆیان دەبیننەوە، تەنها فکر نەبێت کراوە بە پاشکۆیەکی بچوک بۆ تەواکەرێتی ئەو کردارە مێژووییە و لە قاڵبی زانکۆییدا بواری سەلماندنیان بۆ هێشتۆتەوە. بواری زانکۆیی، واتە خولقاندن و پوچەڵکردنەوەی فکر. بەرهەمهێنان و هەڵوەشاندنەوەی، هەر دوو کردارە دژبەیەکەکە خزمەتی یەکتری دەکەن، ئەویش لەبەر پێداویستی فکر کە لە پرۆسەی گەشە و داهێناندایە و دەبێت مەنفەزێک هەبێت لێوەی بێتە دەرەوە و هیچ دەورێکی بەکردەوەی لە مارەسەی کۆمەڵایەتیدا نەبێت، ئەو جێگایەش زانکۆیە. لەدایکبوونیش پێویستی بە سەلماندن هەیە، پێویستی بە مارەسە و گفتوگۆ هەیە کە لە واقیعدا جێی نابێتەوە، کەواتە دەبێت گەمارۆ بدرێت لە چوارچێوەیەکدا کە تەنها خۆبەخۆ بێت. لەدایکبون و فەوتاندنەکەی پێکەوە بێت و**

لەودیو دیواری زانکۆوە، یەک پولی قەڵب ناکات. هەزارەها لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی تەنها لە دوو تویی نوسراوەدا هەڵدەگیردرێت. گەورەترین بەڵگە بۆ نەبونی بواری سەلماندنی فکری مرۆڤ، کارەساتە مرۆڤایەتییەکانە، کە ڕۆژ نیە ڕونەدات. تەنیایی و داماڵران و ڕوتبونەوەی وجودی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، خۆکوشتن و دابڕان و تاوانە ڕۆژانەکانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین دەروازەی زانکۆکان کراوەن بۆ هەموو لێکۆڵینەوە و پشکنینێکی مرۆڤایەتی، کە تەنها بەڵگەی بوونی پێداویستییەکەیەتی و داماڵراوە لە هەموو ممارەسەکردنێکی. واتە لە پێش لەدایکبوونییەوە کوژراوە. بەو پێیە ئەو خزمەتە دەگەیەنێت کە ئەوەی قاچی لە ڕژێمی دەسەڵاتداریێتی ئەمڕۆ هەڵخلیسکێت، گۆمێکی تریان بۆ خولقاندووە کە بە جۆرێک ونبێت، هاتنە دەرەوەی نەبێت. واتە بەتاڵبونەوە و سەرنگومکردنی. هەروەها گەورەترین پروپاگەندەشە بۆ دیموکراتییەت و شێوەی دەسەڵاتدارێتی ئەمڕۆ.

ئەو شوێنانەی دەسەڵاتی مادیی تیا بە هێزە، پشتی دەسەڵاتی فکری تیاشکاوە و گەمارۆ دراوە و لە قاڵبدانێکی مێژووییدا چەسپێنراوە. ئەمڕۆ ئەو شوێنانەی کە دەسەڵاتدارێتی مادیی تیا کزە، زەمینەی فکریی بەهێزە. زۆرجار ئەو کەڵەکەبونە فکرییە دەتەقێتەوە و دەسەڵاتدارێتی مادی دەیەوێت لەقاڵبی بداتەوە، ئەمەش زۆرجار بە گۆماوێکی خوێن کۆتایی پێدێت.

کەڵەکەی فکری ڕۆژئاوایی تەقییەوە و لەبارچوو (لەباربراو و دەستکێشرا بەسەریدا و ئێستا لە ڕێچکەی تایبەتی خۆیدا، خۆبەخۆ گەشە دەکات و خۆی دەخواتەوە و خۆی بەرهەمدێنێت و خۆی دەفەوتێنێت)

ئەمڕۆ کێشەکە ڕۆژئاوا نیە، چونکە لە گیرفاندایە! بەڵکو چۆنێتی هەرسکردنی دەرەوەی ڕۆژئاوایە. نەدەتوانرێت وەک ڕۆژئاوای لێبکرێت، نەدەتوانرێت بەیەکجاری لەناوببرێت. تەنها چارەسەرێک هەوڵدانی هێشتنەوەیەتی لەو بارەیدا، بەماڵیکردنی بە کردارێکی لەسەرخۆ و پینەکردنێکی ڕۆژانە. جارجارەش کە دەتەقێتەوە، کرداری لەناوبردنی ئاسان و ناسراوە.

تەنها زەمینەیەکی فکر کە مابێت و بواری هەبێت بێتە سەر پانتایی واقیع، لە چواردەوری ڕۆژئاوادایە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە چەقی بیرکردنەوە ڕۆژئاوایە و گەمارۆدراوە و زەمینەکەی لە چواردەوریدایە و دەستی پیاناگات. ئەم دابەشبوونە یاخود ئەم دوورییە تەنها جوگرافی نیە، بەڵکو مێژووییە. شڵەژانێکی ئەو چواردەورە کە بەحاڵ مەترسی سەرهەڵدانی فکری لێبکرێت، لە هەموو لایەکەوە گەمارۆدەدرێت و لەناودەبرێت. واتە دەسەڵاتشکاندنی دەسەڵاتدارێتی مادیی کە لە ڕۆژئاوادا لەناو خۆیدایە، بە نیسبەت چواردەورەوە ئەو دەسەڵاتبەسەرداشکاندنە کەوتۆتە دەرەوەی کە ناگیردرێت و نابینرێت، کۆمەڵێ تاڵی

نەبینراو و شاراوەیە. ئەگەر ئەو تاڵانە ببڕدرێت، بوکەشوشەکان هەڵدەوەرن و مرۆڤ دەچێتەوە جێگایان. بڕینی تاڵەکان بەستراوەتەوە بە مانەوەی دەسەڵاتشکاندنی دەسەڵاتدارێتی ڕۆژئاواوە کە بەستراوەتەوە بە مێژووی ئەمڕۆوە، بڕینی ئەو مێژووە بەستراوەتەوە بە مێژووی چواردەورییەوە. واتە:

مێژوو----> دەسەڵاتدارێتی ----> مێژووی چواردەور ----> مێژوو ......

وەک باسکرا ئەنجامی فکر بەچی دەگات، ئەوا ئەوەندەش ئاسان نیە کە هەموو کەسێک پێی بگات. لە هەموو ئاستێکیدا وەک سواربوونی شەمەندەفەرێک وایە کە بەرەو پێشەوە دەڕوات و لە هەموو وێسگەیەک کۆمەڵێک دادەبەزێت و کەس سەرناکەوێت [ وەک تایبەتمەندێتی، تەمەن، وردبونەوە، ئارەزو و تەماحی تاکەکەسی و گێرمەوکێشەی ژیان... ] لە کۆتایدا دەبینین لە هەزاران، یەک دوانێک دەکەونە ئەو چاڵە قوڵەوە.

ئەگەر بڵێین ژیان هەمووی چاڵ چاڵە، ئەوا مرۆڤ هەر باز دەدات بۆئەوەی تێی نەکەوێت. یەکەم ئەو بازدانە خۆی لە چاڵدایە، دووەم لەو شوێنەی کە دەگیرسێتەوە و وادەزانێت کە ڕزگاری بووە و تێی نەکەوتووە، ئەوە چاڵی پڕ بە پێستی، پڕ بە باڵای خۆیەتی. ئیتر کەمتر سەیری ئەملاوئەولای خۆی دەکات و پێویستی بە هەوڵی زیاتر نیە. جاری وایە لە پاش ماوەیەک مرۆڤ دەیەوێت بچێتە چاڵێکی گەورەترەوە، لەم هاتنە دەرەوە و بازدانەدا ملی دەشکێت. جا ئەوەی زو ڕازی دەبێت، لە پەراوێزی کۆمەڵگادا بڕوا بە هەموو شتێک دێنێت (هەرچەندە زۆرجار بەناچارییە) دوابەدواش ئەوەی دوای هێڵی فیکر دەکەوێت، دەکەوێتە چاڵە قوڵەکەوە. لە پاش ئەو هەموو وزە زۆرە، لە کۆتایدا کابرای زانای کۆمەڵایەتی هیچی وای فەرق نیە لەگەڵ کرێکاری کارگەیەکی ماشێندا. هەردووکیان لە دوای کارەکەیان دەگەڕێنەوە ناو خیزان و کەسوکار. یەکەم کۆمەڵێک وانەی وتۆتەوە، دووەم کۆمەڵێک ماشێنی لەیەکداوە... ئەنجام هەردووکیان دەگەڕێنەوە ناو جەنگەڵەکە. دووەم لەماڵەوە دەحەوێتەوە، یەکەم ئەوەشی لەبەر هەڵگیراوە.

کێشەی مفکر، کێشەی کۆمەڵایەتی مرۆڤە لەو قۆناغە مێژووییەی کە مفکر تیایدا دەژی، جا لەبەر ئەو هۆیانەی باسی لێوەکرا کە ناتوانێت بواری بۆ بدۆزێتەوە لە زەمینەی واقیعیدا، دەبێتە کێشەیەکی تاکەکەسی، دەبێتە موخۆرکەی بیر. چونکە کرداری بیرکردنەوە دەبێت بەتاڵبکرێتەوە. ڕەنگە ئەگەر بواری سەلماندنی کۆمەڵایەتی هەبێت، کرداری بیرکردنەوە خۆی لەخۆیدا ببێتە کرداریکی بەکۆمەڵ، ئەوسا گرانی و قورسایی لەسەر کەسی مفکر لادەچێت و لە قاڵبی تاکەکەس دێتە دەرەوە. جا لەبەرئەوەی ئەو دەروازەیە داخراوە، ئەوا لە تاکەکەسەکەدا دەمێنێتەوە، بەو پێیە جینگڵی کێشەکان بەیەکدا دێن. لەبەرئەوەی لە بنەڕەتیشدا ئەو کێشانە کەسیی نین، بەڵکو کۆمەڵایەتین، واتە ئەو چڕبونەوەیە لە

تاکەکەسدا هەرچەندە دەبێتە سەرچاوەی خولقاندن و داهێنان، تاکەکەسەکە دادەوەشێنێت، چونکە کە کێشەکان بوون بە کەسیی، داوای چارەسەردەکەن بە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و نوسین، ئەوسا کێشەی ممارەسەکردنی دێتەوە گۆڕێ و لەبەرئەوەی نیە، ئەوا خاوەن فکر چاپی دەکات و خۆی لەو بارە گرانەی سەرشانی ڕزگار دەکات. کە بە نیسبەت نوسەرەکەیەوە دەبێتە دواهەمین دەربازگە کە تەنها ڕێگەی دەربڕین و بوار بۆکردنەوەی لە واقیعدا، چاپکردنیەتی و ڕیزکردنیەتی لە کتێبخانەکاندا. بە نیسبەت نوسەرەکەیەوە لەدەست کێشەیەکی تاکەکەسی ڕزگاری بووە کە بوە بەهی ئەو و بەهی خۆی زانیوە کە هی ئەو نەبووە. بەو پێیە دەچێتەوە دۆخە سەرەتاییەکەی خۆیەوە، بەڵام لە شێوە و بە ڕێگایەکی تردا کە شێواندن لەسەر شێواندنە. نوسین بۆی دەبێت بە منداڵبوون.

1996

## هەندێک بابەتی پەیوەندیدار بە تێگەشتنی مێژووەوە

1

مەفهومی قۆناغی مێژوویی، دەتوانرێت تەنها بۆ یەک مەبەست بەکاربهێنریت، ئەویش وەرگرتنی هەڵوێستە بەرامبەری. هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی پاڵەپەستۆی دەسەڵاتدارێتی لەو پێگەیەی کە مرۆڤ خۆی تیادەبینێتەوە، لەو جێگا و کاتە دیاریکراوەدا. واتە ئەو قۆناغە مێژووییەی تیایدا دەژی.

سەردەمانێک مەفهومی مێژوویی واتایەکی تری هەبوو. ئەویش تێگەشتن لە هەلومەرجی ژیانەوەری ئەو سەردەمە و بەکارهێنانی بە باشترین شێوە. واتە هێشتا زۆربەی خەڵک نەکەوتبونە پشتی/ ئەودیوی دەسەڵاتدارێتییەوە، بەڵکو دەسەڵاتدارێتی ڕاستەوخۆ و بەپێی هەلومەرجی مێژوویی و قۆناغی گەشەی کۆمەڵگا دەڕۆشت بەڕێوە. واتە پێویستی بە خۆشاردنەوە نەبووە. ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ دەسەڵات نێردراوی خوداوەند بووە لە سەرزەوی. ئەوسا کە بیر لە قۆناغی مێژوویی کراوەتەوە، ڕووبەڕوی نەزانین و نادیار و شاردراوە بونەتەوە. واتە هێشتا زانین/ زانیاری پێنەگەشتبوو کە بتوانێت کۆمەڵگا و مرۆڤ و مێژووی پێ شیبکرێتەوە و بزانن چیە و چی نیە، بەڵکو لە ژێر حوکمی پێداویستی ڕۆژانەدا گۆڕان ڕویداوە و بەرەوە مێژوویەکی نادیار هەنگاویان ناوە.

ئەوەی پێی دەوترێت ئاگایی مێژوویی، لەو سەرەتایەوە دەستپێکردووە کە ئیتر ئاگایی مێژوویی بەکەڵکی هیچ نەماوە. لەدوای کوشتنی خوداوە، مرۆڤ خۆی لە جێگەی دانیشتووە و ئاڕاستەی مێژووی کردوە، بەوپێیەی کە خواستی تاکە مرۆڤێک دەیخوازێت، یاخود تاقمێک (هەڵبەتە هەموو تاکەکەسێک نا).

واتە ئاگایی مێژووی، لێخوڕینی مێژوویی دەگرێتەوە بەو ئاڕاستەیەی ئەوانەی کە دەسەڵاتیان لە ژێردەستدایە و بۆ مەبەستەکان/ ئارەزووەکان/ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکاریدەهێنن. لەو ساتەوەی کە مێژوو لەدەست ڕێکەوت و بەناو حوکمی دەگمەنێتی و

پێداویستی دەرچووە، ئەوا مێژوو یاخود ئاگایی مێژوویی هیچ شتێکی تر ناگرێتەوە لەوەی زیاتر کە ئاڕاستە دەکرێت و بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ پێداویستی کۆمەڵانی خەڵکدا ناڕوات.

ئەو گەشەی تەکنەلۆژیایەی ئەمڕۆ دەیبینین، بەرهەمی پێویستی مرۆڤ نیە، بەڵکو بەرهەمی پێویستی بازاڕە. ڕاستە تا ڕادەیەک پێویستی خەڵک پڕدەکاتەوە، بەڵام بەو خێراییەی کە هەتا ئەمڕۆ شانی پیاکردووە، نامێنێتەوە و دەبێت خاو بکرێتەوە. چونکە پێویستیەکان تا ڕادەیەکی زۆر پڕکراونەتەوە. مرۆڤی ئەمڕۆ بەرهەمی مرۆڤە کە نازانێت چی لێبکات و بەرەو کوێی بەرێت.

مەفهومی "لەگەڵدا ڕۆشتن" نەک هەر مەفهومێکی بۆشە، بەڵکو لەگەڵ سروشتی گەشەی مرۆڤدا نەشازیشە. خێرایی گەشەی تەکنەلۆژی و کردنەوەی بازاڕ و پێشبڕکێی سەرمایەداریی، لەگەڵ گەشەی پێداویستی مرۆڤدا نەڕۆشتووە و ناڕوات.

2

داسەپاندنی واقیع (ئەمری واقع)، ئەو ڕوداوەی کە بە کردەوە (فعلی) ڕودەدات، واقیعی دیار دایدەپۆشێت و بە شتێکی تر لەقەڵەمی دەدات.

حەقیقەت نە ئەمری واقیعە و نە واقیعی زاڵ، یاخود دیار، بەڵام کە ئەمری واقیع ڕویدا، ئەوا جێگەی حەقیقەت ئەگرێتەوە، ئەوسا نەفی حەقیقەت دەکات و خۆی لە جێگەی دادەنیشێت و دەبێت بە حەقیقەت. دۆزینەوەی تاڵی/ پەیوەندی دەسەڵاتدارێتیانە، تا دەگاتە دۆزینەوەی تاڵی ئەمری واقیع، دەبێت بە "ئەوەی لە واقیعدا ڕودەدات" نەک حەقیقەت. چونکە ئەوەی لە حەقیقەتدا ڕودەدات، واتە لە حەقیقەتی ئەمری واقیدا، خزمەتی کۆمەڵێک ئامانجی دیاریکراوی کەسیی دەسەڵاتدارێتیانەی لایەنێک دەکات، بۆیە حەقیقەتی کۆمەڵی مرۆڤایەتی نیە.

بۆ گەشتنەوە بە حەقیقەتی مرۆڤایەتی، دەبێت مرۆڤ بگەڕێتەوە ناو خودی خۆی. هەڵبەتە ئەوەی لە ئەمری واقیعیشدا ڕودەدات ڕویەکە لە حەقیقەتی مرۆڤایەتی، ڕویەکی دیاری مادییە، واتە لۆژیکی مانەوەی سروشتیی و لۆژیکی بوونی واقیعی، واتە بوونی فەلسەفی نیە کە حەقیقەتی ڕەسەنی مرۆڤایەتییە.

"حەقیقەتی ڕەسەنی مرۆڤایەتی فەلسەفی، دەبێتە حەقیقەتی دیاری مرۆڤایەتی واقیعی، دەبێتە هۆی ڕودانی ئەمری واقیع، دەبێتە هۆی داپۆشینی بە واقیعی دیاری جوانکراو".

حەقیقەتی ڕەسەنی مرۆڤایەتی ئازادە/ ئازادییە. کە ئازادی یەکێک بۆ یەکێکی تر سەرشۆڕکرا، ئەوا سڕینەوەی بوونی (وجودی) یەکەمە بۆ دووەم. واتە نەمانی ژیان بە نیسبەت یەکەمەوە و قبوڵکردنی ئەمری واقیعی ژێردەستەیی، وەک حەقیقەتێک و نەبونی خۆی و لەوە بەدواوە ناتوانێت ببێت بەوەی کە خۆی دەیەوێت.

دەرخستنی، لەڕوهەڵماڵینی ئەمری واقیع، یاخود ئەوەی لە حەقیقەتدا ڕودەدات، دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە زۆربەی مرۆڤایەتی ملکەچی کەمێکە و بە شێوە دیارەکەشی/ ڕوکەشەکەشی هەموو کەس ئازادە.

ئەوەی کە هورکهایمر دەڵێت (هەتا ئازادی زیاتر بێت دادپەروەری کەمتر دەبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە) وەسفێکی واقیعی ئەمڕۆی جیهان/ جیهانی سەرمایەدارییە. کتومت ڕاستە و ئەمڕۆ ئەو ئازادییەی ئەو باسی لێوە دەکات، ئازادی ئەمری واقیعە، نەک ئازادی حەقیقەتی مرۆڤ و گەورەترین نادادپەروەری جیهانیشی بەدوادا هاتووە. لەبەرئەوەی ئەو ئازادییە، ئازادی کەمێکە لەسەر حیسابی زۆربەی مروڤایەتی.

ئێمە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دادپەروەریمان نەبینیوە هەتا حوکم بدەین بەسەر ئەوەی کەوا ئازادی دەستێنیشان دەکات و کەمی دەکاتەوە. ئەگەر باس لە باسی دادپەروەری بێت، کتومت بەستراوەتەوە بە ئازادیەوە، ئەو ئازادیەی کە هەر کەس پێگەی خۆی وەردەگرێت، واتە

جێگیربوونی حەق و هەر کەس وەک تاکێک، وەک کەسێک، توانامەندیەکانی خۆی لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتیدا جێگەی بۆ پەیدادەکات و خۆی تێدا دەسەلمێنێت.

ئەگەر وەکویەک بوار بۆ هەموو کەسێک کرابێتەوە کە بە ئازادی پێگەی خۆی هەڵبژێرێت کە لەگەڵ توانا و لێهاتوییدا بگونجێت، نەک هەر ڕێگە لە کەسی تر ناگیردرێت، بەڵکو بوار بۆ ئەوانی تریش دەکاتەوە کە پێگەی خۆیان هەڵبژێرن.

لە لایەکی ترەوە هورکهایمر باسی ئەوە دەکات کە هەتا ئازادی زیاتر بێت، ئەوا ئەوانەی کە لێزان و شارەزاو زیرەکن، دەتوانن ئەوانی تر بەخراپە بەکاربێنن لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا. لەوێدایە کە دادپەروەری لەناودەچێت. بێگومان ڕاستە ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات بەو شێوازەیە. ئەو پەیوەستەی نێوان زانست و دەسەڵاتدارێتییە. ئەوەی کە خاوەنی تەکنەلۆژیا و هێزو دەسەڵات بێت، سەردار و باڵادەست دەبێت و ئەوانی تر لە خزمەتی خۆیدا بەکاردەهێنێت. ڕاستیەکەی ناتوانرێت بەو بەرەڵاییە بوترێت ئازادی.

هورکهایمر باسی حەقیقەتی دیار/مادی مرۆڤایەتی دەکات کە چۆن دەیەوێت خۆی بپارێزێت و جێگەی خۆی لە واقیعدا بکاتەوە بەرامبەر ئەوانی تر. ئەوانی تر کە هەموو دوژمنن. ئەو بیروڕایەی کە ڕێگەخۆشکەری تاکایەتی بوو لە ڕۆژئاوادا. ئەمڕۆ بەو دەرئەنجامە دەگەین کە لە گەشەی فکری مرۆڤایەتیدا لە بۆگەنبوون زیاتر بە هیچ ڕێگایەکی تر نەگەشتووە.

تاکایەتی یاخود فەشەلی تاکایەتی کە دیوی دەرەوەی خۆپەرستییە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ حەقیقەتی ڕەسەنی وجودی مرۆڤایەتیدا دژ دەوەستێتەوە. ئەو مرۆڤەی کە خاوەنی زمانە و وجودی لەپەیوەندیکردنی بەردەوامیایەتی.

لێرەدایە کە نابێت تاکایەتی و سەربەخۆیی تێکەڵاو بکەین. سەربەخۆیی کەسایەتی مرۆڤ ڕاستەوخۆ بە ئازادی هەڵبژاردن و هەڵسوکەوتییەوە بەستراوەتەوە، بە بیرکردنەوەیەوە، بە کرانەوەی بوار لە بەردەمیدا بۆ پێشکەوتن و خۆپێگەیاندن و دۆزینەوەی پێگە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی مێژوویی خۆیدا. بەڵام تاکایەتی، واتە تەنها خۆبینین وەک نمونەی باڵا و

هەموو ئەوانی تر داردەستی بەردەستن و لەکوێدا بواری هەڵخڵەتاندن و بەکارهێنان بینرا، خێرا بقۆزرێتەوە و بەکاربهێنرێت.

کەسایەتی بەتاکایەتیکراو پەیوەستی بە هیچ کەسێک/ شتێک/ بابەتێک/ مێژوویەک/ ڕەوشتێکەوە نیە و داشێکە لە گەمەی دەسەڵاتداریتیدا جێبەجێدەکرێت و خۆشی ئاگادارە و بە وشیارییەوە (ئاگاییەوە) بەشداری تێدادەکات، بەو مەرجەی بە ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی بگات. بەڵام ئەگەر سەیری دەرئەنجامە کۆمەڵایەتی و خورەوشتییەکانی بکەین کە کۆمەڵێک (یاخود تۆپەڵێک) ئارەزووی پڕنەکراوە دەچن بەناویەکتریدا و دەخولێنەوە و هەر جارەی بە شێوەیەک بەشێک لە ئارەزووەکانیان بە تاکێتی پڕدەکرێتەوە و هەمیشە تینون و هیچ کاتێک ناگەنە ئەوەی کە چێژ لە خۆیان و بەختیاریی و جێگیربون ببینن. چونکە مەلەفی تاکایەتیدا جێگەی نابێتەوە، یاخود هەر تیانیە.

ڕاستە داماڵین و دابەشکردن لە جیهانی زانست و تەکنەلۆژیادا، دەبێتە هۆی تایبەتمەندێتی وەرگرتن و گەشەی جیاجیا و یەکتر تەواوکەر. بەڵام کە دەهێنرێت ئەو تێڕوانینە زانستی و تایبەتمەندێتی وەرگرتنە بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەسەلمێنرێت، ئەوا دەسکەوتەکانی بەپێچەوانە دەکەوێتەوە و بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. لە جیهانی تەکنەلۆژیادا، بەش بەش دەگیردرێت و تایبەتمەندێتی تێدا وەردەگیردرێت و گەشەی خۆی دەکات و لە گشتدا یەکدەگرێتەوە یاخود پێکەوە گشت پێکدەهێنن. واتە لەپێشدا بەش دوایی گشت. بەو شێوەیە گەشەکردن ڕۆشتووە. ئەو پەیڕەوە بەپێچەوانەوەیە لە جیهانی مرۆڤایەتیدا، واتە ئەگەر لە پێشدا گشت بگیردرێت و بەش بەش بکرێت، گەشەکردن ڕودەدات.

مرۆڤ بونەوەرێکی زیندووە و خاوەنی زمانە و لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندی پێکدەهێنن و هەتا بواری هەڵبژاردن و پێشکەوتنیان بە کۆمەڵ بدرێت، زیاتر پێشدەکەون و زوتر پێشکەوتن بڵاودەبێتەوە و باشتر مێشکی مرۆڤ دەبوژێنێتەوە و فراوانتری دەکات و باشتر بۆی هەرسدەکرێت و خۆی لەگەڵدا دەگونجێنێت و خۆی تیا دەدۆزێتەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە جیهاندا ڕودەدات، سەلماندنی تێڕوانینی گەشەی تەکنەلۆژیایە بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بە ئاگاییەوە. واتە دەزانرێت کە ئەگەر ئەو گەمارۆدان و سنورە لە سەر پێشکەوتن لاببرێت، زۆر زو بڵاودەبێتەوە و جیهان لە ماوەیەکی کەمدا ئاستی گەشەکردنی لە یەکترییەوە نزیک دەبێتەوە، ئەو ئەنجامەی کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەسەڵاتدارێتی و سەردارێتی جیهانی ڕۆژئاوا، بەو واتایەی لەدەستدانی جیهان لە ژێر کۆنترۆڵی ڕۆژئاوادا. لەبەرئەوە بەگاڵتە نیە کە بەزۆر و بە زۆرەملێ و سەردانەواندن و سەرکوتکردنی ڕێگەی پێشکەوتن لە سێ بەشی جیهان گیراوە. ئەمە وەک بڵاوبونەوە و گەشەی مرۆڤایەتی، یاخود گەشەی تەکنەلۆژیا لە جیهانێکی ئازاددا.

ئەوەی مەبەستە بوترێت ئەو سنوردانان و ئابلۆقەدان و پێشبرکێ نیودەوڵەتیەیە لەسەر دەستبەسەراگرتنی تەکنەلۆژیا و سەردارێتی جیهاندا، کە بۆتە هۆی پێشنکەوتنی جیهانی مرۆڤایەتی وەک مەفهومە ڕەسەنەکانی مرۆڤایەتی، وەک ئازادی/ سەربەخۆیی/ بوون/ وجودی ڕەسەن و فەلسەفی... چونکە تەنانەت خۆپاراستن لەوەی کە دراوسێکەم پێنەزانێت و نەگاتە ئەو ئاستەی کە منی تێدام، ڕێگرتنە لە کرانەوەی خۆم بەرامبەر بە خۆم.

ناتوانرێت جیهانی دەرەوە بسڕدرێتەوە (هەڵبەتە دەیانەوێت) یاخود کە لۆژیکی ژیانیش ڕو لەکردنەوەیە، دەیەوێت ئەو سنورانە تێپەڕێنێت کە ئەمڕۆ هەیە، بەڵام ناتوانێت، بۆیە بۆتە گەورەترین ڕێگر لەبەردەم گەشەی فکری مرۆڤ خۆیدا و بە تێپەڕبوونی زەمەنیش دەبێتە/ بۆتە هۆی بۆگەنکردنی تاکایەتی و مفهومی مرۆڤایەتیش لەلای ئەو دەستەیەی کە دەستی بەسەر زانست و دەسەڵاتدارێتی و سەردارێتیدا گرتووە، کە نازانێت خۆی و زانیار و زانستەکەی چی لێبکات و چۆنی بشارێتەوە و بۆ کوێی بەرێت.

گەورەترین زیانی ئەو دەسەڵاتدارێتیە و مانەوەی بەو شێوە پارێزگارکارانەیەی کە سەردارێتی هەر لە ژێر دەستی خۆیدا بمێنێتەوە، گەورەترین زیانی لە پێشکەوتنی مرۆڤ و خۆناسینەوەی داوە و بۆتە هۆی دواخستنی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بە گشتی.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دەرئەنجامی تاکایەتی کە چۆن فەشەلی کردووە لە نزیککردنەوەی مرۆڤەکان لە حەقیقەتی مرۆڤایەتی (خولقاندنی نامۆیی بۆ مرۆڤ) یاخود تەنانەت نزیککردنەوەی مرۆڤ لە مرۆڤ بە هەموو ئەو تەکنەلۆژیای پەیوەندی و پەیوەستبوونەوەیەوە، بە هەموو ئەو توانا و وزەیەی کە بەکاردەهێنرێت بۆئەوەی پەیوەندی نەپچڕێت و بەشداربوون ڕوبدات. دەبینین ئەوەی کە لێی دەترسن، دەمێکە ماکەکانی دەرکەوتووە، وەک تەنهایی، پشتگوێخستن، خۆکوشتن، بەرەڵایی، تاوانکردن... زۆر بە ساکاری دەتوانین بڵێین تەنها هەڵەکە لەوەدایە کە گەشەکردن بە ئاڕاستەیەکی هەڵەدا براوە و دەبرێت، چونکە لەو ڕێگەیەوە نیە کە مرۆڤ بە مرۆڤ دەگات و بە خۆی دەگاتەوە. واتە ئاڕاستەکە هەڵەیە، ئامانجەکە یەکێکە، ئەویش گەشتنی مرۆڤە بە خۆی.

(مرۆڤ دواهەمین گەشەی تەکنەلۆژیایە کە مرۆڤ پێیبگات)

3

"کە وەهم دەکرێت بە حەقیقەت، واتە حەقیقەت کراوە بە وەهم و شاردراوەتەوە".
ئەوەی لە واقیعدا ڕودەدات، لە ڕاستیدا چەسپاندنی/ سەلماندنی وەهمە، یاخود واقیع دروستکردنە کە حەقیقەت نیە. ئەگەر سەیری جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم بکەین، یاخود هەر ڕوداوێکی تری مێژوویی، بە کردەوە دەبینین کە جەنگە و خەڵک یەکتری دەکوژێت، هەر وڵاتە و داگیردەکرێت، هەر شارە و کاولدەکرێت. ئەوە ئەوەیە کە لە واقیعدا ڕودەدات، ئەو ڕوداوەیە کە ناسڕدرێتەوە چونکە بە فعلی ڕودەدات و جێپەنجەی خۆی لەو زەمان و جێگەیەدا بەسەر مرۆڤەکانەوە بەجێدێڵێت.

بەڵام کاتێک کە لەلایەکی ترەوە سەیری دەکەین، دەبینین کە ئاڕاستەکراوە و لە بەرژەوەندی کۆمەڵێک دەسەڵاتبەدەستدایە. واتە ئەوەی ئەوان پلانی بۆ دادەنێن و بەکردەوەی دەکەن و بە ئامانجی خۆیان دەگەن. مەبەست ئەوەیە، ئەوەی کە شاراوەیە حەقیقەتی جەنگە، نەک حەقیقەتی مرۆڤ (هەڵبەتە ئەگەر بەشێکی پچوکیش بێت، ئەوا هەر لە مرۆڤەوە دەردەچێت و لایەنێکی ئەو دەردەخات. لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە بزانین مرۆڤ چی لە خۆیدا حەشارداوە، بەڵکو زیاتر مەبەست لەوەیە کە ئەوەی پیادە دەکرێت لەگەڵ ئەوەی ئاڕاستە

دەکرێت و لەگەڵ ئەوەی کە بە خەڵکی دەوترێت، جیاوازە و ئاستی نهێنی و دەرخستنی خۆی هەیە، کە هەر یەکە لە زەمان و مێژوویەکدا دەخرێتە ڕوو).
ئەو مێژووە فیعلییەی کە ڕودەدات، لە پێشەوە دەچنرێت و دادەڕێژرێت و ڕوداوەکان بەئاگاییەوە ڕودەدات. هەردوو لایەنی وەهم و مێژووی فعلیی، حەقیقەتی گشتی مرۆڤایەتی دەرناخات، بەڵکو بە بوارێکی تەسکدا ئاڕاستەی دەکات و بەکاریدەبات.

4

هەندێک کەس لە دەرەوەی "ئەوەی لە واقیعدا ڕودەدات" دەتوانن جێگای خۆیان بکانەوە و خۆیان ئاوالآبکەن، وەک ئەوەی کە هەن. زۆر جار دەبیستین یەکێک ئیبداعی کردووە، ئەوا لە ڕاستیدا هیچی نەکردووە لەوەی زیاتر کە خۆی بووە و لە دەرەوەی مێژووی فعلییەوە وەستاوە. کە دەڵێین دەبێت مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکەی خۆی، مەبەست سروشت نیە، بەڵکو مەبەست لابردنی سنور، ئاڕاستەکردن، هەڵخڵەتاندن، خراپبەکاربردن، هەقخورانە.
ئەو ئاستەی کە ڕۆژئاوا گەیشتویەتێ لە ژیانی تاکایەتیدا، هەتا دێت کون دەکاتە ئاسمانی دەسەلآتدارێتی و خەڵکی وردە وردە بە ئازادی خۆیان دەگەنەوە و بەرەو ڕوی دەچن، بەلآم ئەگەر لەگەڵ ڕەسەنایەتی خودی مرۆڤدا بەراورد بکرێت، ئەوا هێشتا زۆر دورە بە حوکمی ئەوەی لادانەکە ئەوەندە گەورەیە کە بۆتە هۆی بۆگەنبوونی کۆمەلآیەتیی و خوڕەوشتیی و مرۆڤی چەواشەکردووە. یەکێکە لە هەرە دیاردە دیارەکانی تاکایەتیی، ئەو پلەیەیە کە تاکایەتی گەیشتویەتی، ئەو پلەیەی کە ئەگەر مرۆڤێک مرۆڤێکی تر بکات بە قوربانیی بۆ خۆی، ئەوا درێخی لێناکات وەک بازاڕی کڕین و فرۆشتنی پارچەی لەشی منداڵ بۆ ئەو نەخۆشانەی کە چارەسەر ناکرین و ناتوانن ئەندامی زیندوو لە ڕێگەیەکی ترەوە پەیدابکەن.
"کۆتایی مێژوو، کۆتایی مێژووی ئەمری واقیعە. واتە گەیشتنەوەی مرۆڤە بە خۆی".

5

"کە هەق خورا، پارسەنگ نادرێتەوە
کە چارەنوسی مرۆڤێک کەوتە دەستی مرۆڤێکی تر، مافی یەکەم دەفەوتێت
ڕودانی ڕوداوێک لە کات و شوێنێکی دیاریکراودایە کە دوبارە نابێتەوە و یەکجار ڕودەدات"

لەگەڵ خاوەندارێتی تایبەتیدا، ژیان بە تاکەکەسی دەشکێتەوە. گەشەکردنی مێژوویی، گەشەکردنێکی بەکۆمەڵە. ئەوەی دەیبینین ئەوەیە کە کۆمەڵ ئامڕازی گەشەکردنی تاکەکەسییە

لە مێژوودا. لەبەرئەوەی کە بڕیارەکان لە بەرژەوەندی خاوەنداریێتی تاکەکەسیدایە، بەوپێیە ڕەوتی مێژوو تاکەکەسییە و تاکەکەس دەتوانیت ڕۆڵێکی ئیجگار گەورە ببینێت، لە بڕیاردانی لێخورینی بەکۆمەڵی خەڵکدا، لە مێژوویەکی دیاریکراودا. لەو بارودۆخانەدا تەنها تاک پەسەند دەکرێت و لە ڕودەخرێت، ئەویش لەسەر بنچینەی خاوەنداریێتیەکەیەوە.

ئەم ناکۆکییە لە مێژوودا ئەو بۆشاییە دەردەخات کە نەک تەنها واز لە مێژوو ناهێنرێت گەشەی سروشتی خۆی بکات، بەڵکو تەنها بەش بە بەش پاڵ بە مێژووەوە دەنرێت، لەو جێگایانەدا کە مەبەستێکی تاکەکەسی لەپشتەوە وەستاوە. هەر بۆیە هەزارەها بوار بە بەتاڵی ماوەتەوە و دەمێنێتەوە و کەم کەس لای لێدەکاتەوە، چونکە لە بەرژەوەندی گشتیدایە و دژی تاکەکەسە. یاخود بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە بەرژەوەندی مێژووە کە هی گشت مرۆڤایەتیە، بەڵام هەتا ئێستا لەو خاڵانەدا خراوەتەگەڕ کە قازانجی تاکەکەسی لەدوایە و دەتوانێت ئەو "گشتە" بە سەلامەتی یا بە گێژێتی یا بە نائاگایی یا بەزۆر... بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت. واتە لە کاتێکدا تاڵێکی بەرژەوەندی دەگیردرێت، دەبێت حسابی ئەوەی بۆ کرابێت، کە یەکەم پاشماوەکە (جەماوەر) بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت. دووەم توانای هەبێت ببێت بەو ڕوپۆشەی "کە بکشێنرێت تا ڕوبەرەکە(مێژوو) هەمووی دەگرێتەوە" بۆ ئەوەی وەک ڕوی دیار وا دەرکەوێت کە ئەو بزوتنەوەیە، ئەو بەرەوپێشچونە هی هەموو مێژووە و هی گشت مرۆڤەکانە.

ڕۆڵی تاکەکەس ئەوەیە کە ئەو تۆڕە بدۆزێتەوە و تاڵەکانی شیبکاتەوە، ئەوانەی بە گشتەوە بەستراونەتەوە. ئەوسا دەتوانێت چەندەها تاڵی نادیار بدۆزیتەوە کە ڕانەکێشراوە و بواری ڕاکێشانی هەیە. یەکەم بە پێی توانای تاکەکەسی. دووەم بە پێی توانای بەردەست. سێیەم بەپێی ڕێپێدانی تۆڕی بەردەم.

مێژووی دروستکراو ئەو مێژووەیە کە بە قەبارەی مێژووی حەقیقی کشێنراوە کە لە واقیعدا وادەرکەوێت کە نوێنەری تۆڕە ڕەسەنەکەی مێژووە، بەڵام لە حەقیقەتدا تەنها سەرابێکی تۆڕە گشتییەکەیە. واتە لە ڕاستیدا تەنها چەند تاڵێک ڕاکێشراوە و کراوە بە نمونەی بەرژەوەندی گشتی کە لە حەقیقەتدا تەنها لە خزمەتی بەرژەوەندی تاکەکەسدایە.

6

کە دەڵێین مێژوو بەرەوتی بەرژەوەندی تاکەکەسدا دەبرێت بەڕێوە، مەبەستمان ئەوەیە کە لەسەر ئەو مەفهومە (تێگەشتنە) داڕێژراوە و بەو ڕاڕەوەدا دەخشێنرێت. کە دەڵێین تاکەکەس، نەک وەک تاکەکەسێکی دیاریکراو، بەڵکو وەک مەفهوم کە لە خزمەتی ئەو پێگەیە (موقع)

دایە کە تاکەکەس نوێنەریەتی. واتە بەرژەوەندی ئارەزوەکانی تاکەکەس لەبەرچاو دەگیردرێت نەک هی گشت، نەک هی مێژوو.
پێداویستی مێژوویی تەنها ئەو مفهومەی هەیە کە "موقیعیەتی تاکەکەس" (ئەوەی بالادەست و بڕیاربەدەستە) ناچاردەکات بەو ڕاڕەوەدا بیبات کە ئیمکانیاتەکانی ژێردەستی بۆی دەڕەخسێنێت.
ئەگەر مێژوو تاکەکەسی نەبوایە، ئەوا ڕێگە لە تاکەکەسیش نەدەگیردرا کە دەوری هەبێت. ئەمڕۆ ئەگەر تاکەکەس لەو سنورەی بۆی دیاریکراوە لابدات، ئەکەوێتە خوارەوە یا لێی دەدرێت. چونکە دژی کۆمەڵی تاکەکەسی تر دەوەستێتەوە. بواری دەسەڵاتداریێتی تاکەکەسی، نەبینراوە (شاراوەیە) کە تەنها نوینەری هەیە.
دەتوانین بڵێین کە مێژوو لە ئەنجامی بەرژەوەندی تاکەکەسدا گەشەی کردوە یاخود لە سێبەری بەرژەوەندی تاکەکەسدا. لە ئەنجامی ئارەزوو و پێداوستی بەکردەوەی تاکەکەسدا. گەشەکردن دەرئەنجامێکی لاوەکی مێژووی تاکەکەسە (تموحی تاکەکەس).

7

پێکداچونی مێژووەکان بەناویەکتریدا و لەیەک قۆناغی مێژوویی‌دا/ پێکەوە ژیانی کۆمەڵێ قۆناغی مێژووی جیاواز لەیەک کاتدا بوونی هەیە. وەک بۆ نمونە جیهانی ئاژەڵ لەگەڵ هەموو جیابونەوە و گەشەکردنێکی تازەدا، کۆنەکەشی لەگەڵدا ماوەتەوە و پێکەوە (یا بە جیا) بەردەوامیان بە ژیان داوە. هەرچەندە وردە وردە نەوە کۆنەکان لەناوچوون، بەڵام لە ماوەیەکی زۆردا ئەو کردارە جێگەی خۆی کردۆتەوە. کۆمەڵگای مرۆڤ هەتا ئێستا لەوە تێنەپەڕیوە کە یەک مێژووی هەبێت، واتە مرۆڤ بەگشتی لە یەک قۆناغی مێژووییدا بژی کە نزیک بێت لە ئاستی یەکترییەوە. لەگەڵ پێشکەوتوترین قۆناغی مرۆڤایەتیدا، هیشتا سەرەتاترین کۆمەڵگای مرۆڤ هەرماوەتەوە. هەرچەندە ئەو لەیەکدابڕان و لێکجیابونەوە و دابەشبونەی مێژوو، فاکتەری یەکەم بوە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردن، بەڵام دەرئەنجامە نێگەتیڤەکەی ئەوەیە کە کۆمەڵێکی زۆری مرۆڤایەتی لە قۆناغێکی زۆر دواکەوتودا هێشتۆتەوە. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە ئەمە ئاماژەکردنێکە بۆ ئەوەی کە لە مێژوودا تەنها ئامانجە گەورەکان گرنگن نەک مرۆڤەکان. لە مێژوودا مرۆڤەکان تەنها داردەستن (ئەداتن، وەسیلەن).
مێژوو بە وردی دابەشدەکرێت بۆ بەشە وردەکانی. واتە مێژوو بەیەکەوە گەشەی نەکردووە. بەڵکو بەشەکانی بەجیا جیا گەشەیان کردووە. ئەگەر لە کاتێکی دیاریکراودا گەشەی هەر بەشێکیان بەجیا بگرین و لەگەڵ بەشەکانی تردا بەراوردی بکەین، ئەوا بە ئەنجامێکی ئەوتۆ

ناگەین چونکە بۆمان دەردەکەوێت کە پاش و پێش کەوتوون و هەر یەکەی تاڕادەیەکی زۆر بە سەربەخۆیی گەشەی کردووە لەگەڵ ئەو هەموو لەیەک تێکپچڕانەیدا. ئەگەر مرۆڤێک بگرین و مێژووی پێشکەوتنی شیکەینەوە بۆ بەشەکانی، دەبینین (زۆر جار) لە هەندێک لایەندا بەڕێژەی لایەنەکانی تریەوە پێشکەوتوترە یاخود دواکەوتوترە و هەندێکی لە ئاستێکی دیاریکراودا وەستاوە. ئەو نمونەیەی سەرەوە ناتوانین بچوێنین بە مێژووی گشتی، چونکە مێژوو دەبێت لە هەموو لایەنەکانیدا بەرەو کامڵبوونی گشتی بڕوات بەڕێوە، واتە مێژوو هەمەلایەنە، گشتە. بەڵام مەبەست ئەوەیە ئەگەر لە ئێستادا بمانەوێت سەیری مێژوو بکەین، ناتوانین حوکمی ئەو گشتێتییەش بدەین بەسەر مێژوودا. لە ئەنجامی بەراوردکردنێکی بچوکدا، گەلێک جیاوازی گەورەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئابڕوچوونە بە نیسبەت مرۆڤایەتییەوە لە بواری پێشکەوتن و دواکەتنی مێژووییدا، چ بەنیسبەت یەک تاکە مرۆڤەوە و چ بە نیسبەت کۆمەڵگاکانەوە، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو گەشەکردنانەی لە هەندێک بەشدا ڕویانداوە، تەنها پێویستیی سەپاندوییەتی و داواکاری و پاڵەپەستۆی واقیعی لەسەر بوە و بەشەکانی تری بۆ کراوە بە قوربانی/ ژێر پێخراوە. چونکە نەبۆتە هۆی بەربەرەکانێ لەبەکارهێنانی ڕۆژانەدا. بەوپێیە بۆمان دەردەکەوێت کە گەشەکردنی مێژوو و گەشەکردنی تاکە مرۆڤ، گەشەکردنێکی لۆجیکیی نیە، یاخود تەنها ڕێپێنەدانی گەشەکردنی سروشتی چەسپێنراوە. بەڵکو تێکڕا داکەوتەیەکی سەپێنراوی ڕۆژانە بووە. واتە دەتوانین بڵێین کە توانایەکی زۆر و چەندین بواری پێشکەوتن پاشگوێخراوە، کە دەشێت بە سروشتی/ لۆجیکی وزەیەکی گەلێک گەورە بدات بەدەستەوە. هەرچەندە ئەو شێوە گەشەکردنە چەندین توانا و وزەی لەباربردوە و گۆجی کردوە، لەهەمان کاتدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە لەو بوارانەدا بەکاربردراوە و وشراوە تا دوا دڵۆپەی، بۆ ئەو مەبەستانەی کە لە پشتیەوە ئامادەکراوە کە بەو ڕاڕەوەدا بڕوات. بۆیە لەو کاتانەدا تەنها ئەو شێوە گەشەکردنە یا ڕودانە، تەنها شێوەی بوونی واقعی بووە، نەک شێوەیەکی تر.

## 8

هەر بابەتێک مێژووییەکی سەربەخۆێ خۆی هەیە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کات/ژیانی ڕۆژانەوە نیە. بنچینەی هەر بابەتێک (هەرچەندە سەرەتا وا دەردەکەوێت کە تێگلاوی کۆمەڵێ بابەتی ترە، وەک سەرەتای مێژووی بیر) بەجیا دەیەوێت گەشەی خۆی بکات و لەکوێدا ناتەواوییەکانی دەرکەوێت، دەیەوێت/ هەوڵدەدات پڕی بکاتەوە و وردی بکاتەوە و هەڵیوەشێنێت و لێیبکۆڵێتەوە. جا دەرکەوتنی هەر بابەتێک/ دیاردەیەک لە داکەوتەیەکی

مێژووییدا (له كاتێكی مێژوویی دیاریكراودا) مەرج نیه تەنها نوێنەری یەک بیر یا تیوەری بێت. له زۆر كاتدا دژی دەوەستێتەوە و ڕەفزی دەكات، له زۆر كاتدا دایدەپۆشێت یاخود جێیهێشتوە.
واته لەیەک یەكەی كات/ مێژوویی واقیعدا كۆمەڵێ بنەمای كۆمەڵایەتی هەیە كه كێشەی خولقاندووە و تەنها بنەماكەی دیار نیه لەو ساتەدا ئاشكرایەدا "باوەدا"، بەڵكو هەر ماوەیەک هەڵگری كۆمەڵێ بنەمایە، كۆمەڵێ كێشەیە كه داوای چارەسەركردن دەكات. له زۆر كاتدا تەنها یەک یا چەند لایەنێكی دەردەكەوێت و دەبێت بە كێشەی باو یاخود سەردەم و ئەوانی تر تا ڕادەیەكی زۆر دادەپۆشرێت. بۆ نموونە له كاتی جەنگدا ئەوەی باو و سەردەمە چۆنێتی چارەسەركردنی ئەو جەنگەیە له كاتێكدا كێشەی بوون، ڕۆشنبیریی، هونەر، بیر ... هتد. هەر بوونیان دەمێنێت. هەرچەندە لەو كاتە تەنگانانەیەدا لەسەر یەكتری كاریگەریشن و تێكدەپچڕێن "لەیەک دەئاڵێن" جێپەنجەی نێگەتیڤ یا پۆزەتیف لەسەریەكتری بەجێدێڵن و ڕێبازی نوی دەخولقێنن لەهەر یەكێ له بنەماكانی تر و لەسەر یەكتری، ئەوا هەر بنەمایەكیش سەربەخۆیی خۆی هەیە و بۆچونی تایبەتی خۆی لەسەر دیاردەی سەردەم ساغدەكاتەوە.
هەر بنەمایەک گەشەی خۆی بە جیا دەكات تا دەگاتە دوا پێگەشتنی (كامڵبوونی) و بەو پێیە بەشێک له بنەماكانی مرۆڤ پڕدەبێتەوە و بەرەو زیاتر پێگەشتنی دەبات. بۆ نموونە ئەگەر مەسەلەی جەنگ له جیهاندا بنەبڕكرا، ئەوا ئەو بەشە ترسەی كه مرۆڤ هەیەتی بەرامبەر بە جەنگ و كاولبوون و سەرگەردانی وماڵكاولی... دادەخرێت و ئەگاتە دەرئەنجامێک، ڕونبونەوەیەک، دڵنیاییەک و ئیتر لەوەولا زیاتر بیری لێناكاتەوە بۆ لێ ڕێگرتن له جەنگ و نەهێشتی، بەڵكو ئەو وزەیە دەچێتە سەر لایەنێكی پڕنەكراوەی بنەمایەكی تر. "بۆ ئەوەی بیر له بابەتێک نەكرێتەوە، دەبێت بیری لێبكرێتەوە و له ڕەگەوە چارەسەر بكرێت".

9

پێداگرتن لەسەر بە كەسیبوونی ڕێڕەوی مێژوویی، یاخود تایبەتی بوونی بزوتنەوەی مێژوویی هەر له سەردەمانێكی زوەوە هەتا ئەمڕۆ، واته پێكهاتنی بواری تاكەكەسی كه دیسانەوە واته ڕێكردنی مێژوویی لەگەڵڕۆشتنی بەرژەوەندی تاكەكەسدا و پێكهاتنی ئەو بوارانەی لەو ڕێگەیەوە دەڕوات. ئەمڕۆ كه دەبینین دیكتاتۆرێكی جیهانی لەبیركراو بە چ شێوەیەک میللەتەكەی خۆی دەڕەتێنێت، ئەوا تێدەگەین كه تا چەند ڕەوتی مێژوو بە بەتاڵی دەڕوات بەڕێوە كه دورە له هەموو لۆجیكێكی كۆمەڵایەتی و فەلسەفی مرۆڤەوە. تەنانەت

ئەگەر ئەو ڕژێمەش لە لایەن یەکێک لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانەوە پاڵپشت کرابێت ئەوا لە بەرژەوەندی خودی ئەو دەسەڵاتداریتییەی ڕۆژئاوادایە.
ئاسمانی مرۆڤایەتی هەتا ئێستا ئاسمانێکی بۆشە و ڕێکخراوێکی جیهانی سەرتاسەری نیە کە لە هەر یەک لە دەوڵەتان بپرسێتەوە و لە ئاستێکی معقولدا مافی مرۆڤ بەسەربکاتەوە.
ئەمڕۆ زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی گەشتونەتە ئەو قۆناغەی کە توانیویانە کۆمەڵگا ئامادەبکەن کە جێگای کۆمەڵایەتی خۆیان بکەنەوە. واتە بەدامەزرێنراو، ڕێکخراو کە بەئاگان بە بەرژەوەندی خودی خۆیان و ژیانی ڕۆژانەیان. واتە لە ڕاستیدا دەوڵەت بەنیسبەت میللەتەکەی خۆیەوە تەنها هەڵواسراوە بە قاڵبێکی بۆشەوە و وردە وردە ئاسمانی مێژوویی کۆمەڵایەتی بەرەو پڕبونەوە چوە و دەچێت، ئەو ئاڕاستەیەی دەبوایە زۆر لەمەو پێش بیگرتایەتەبەر. ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی زۆر مرۆڤ لە ڕۆژئاوادا دەتوانێت بەرگری لە مافەکانی خۆی بکات بەرامبەر ئەو قاوغە دەسەڵاتداریتییەی کە هەتا ئەمڕۆ هەر ماوەتەوە و لە ڕاستیدا لە زۆربەی ناواخنەکانی پوچەڵبۆتەوە. ڕۆژ بەڕۆژ ڕێکخراوە مەدەنیەکان زیاتر سەربەخۆیی خۆیان بەدەست دەهێنن و هەرجارەی لە لایەکەوە کون دەکەنە ئاسمانی دەسەڵاتداریتی و بەرزدەبنەوە و ئاسمانی خۆیان دیاری دەکەن و دەیچەسپێنن بەوەی کە سەربەخۆن و بەستراونەتەوە بەو زەوییەوە کە خۆیانی لەسەر وەستاون. هەرچەندە مانەوەی قاوغی دەسەڵاتداریتی هەتا ئێستا ڕێگرە لەبەردەم ناسینەوە و گەڵاڵە بوونی تەواوەتی هەموو بنەما کۆمەڵایەتییەکاندا.

10

شیلەتێنکردنی مێژوو

هەتا ئەمڕۆ مێژوو دابەشکراوە بە چەند قۆناغێکەوە و بەپێی قۆناغی ڕۆژئاوا دەپێورێت. هەوڵدەدرێت هەر مێژوویەکیش لە قۆناغی خۆیدا، یاخود پێش خۆیدا بهێڵرێتەوە. واتە یەکەم دابەشکردنی. دووەم هەوڵدان بۆ یەکنەگرتنەوەی. سێیەم ڕاوەستانی کە تا ڕادەیەکی زۆر مەحاڵە، یا خاوکردنەوەی. لە هەمووی گرنگتر پاراستنی نێوان سنوری ئەو مێژووانەیە. لەوەش گرنگتر کە پارێزگاری لێدەکرێت، مێژووی تەوەرە کە ڕۆژئاوایە. پێشڕەوایەتی و چەقێتی لە پێشکەوتندا، لە هێز و دەسەڵات و تواناداا. مێژووی چواردەوریش دەبێت لە سنوری دەوڵەتەکانیاندا بمێنێتەوە، بە شێوەیەکی تایبەتی و بە گشتیش لە چوارچێوەی نێودەوڵەتی چەقدا (تەوەردا) دەرنەچێت و نەگات بە مێژووی تەوەر و هەمیشە نەک هەنگاوێک، بەڵکو سەدان هەنگاو لەدوایەوە بێت، دەبێت هەمیشە دەسەڵات و توانا و پێشکەوتن لە سەرەوە دابەزێتە خوارەوە. واتە لە چەقەوە بەرەو چواردەورەکەی کە چۆڕە

چۆرە پێی دەدرێت و هەزاران ملکەچی پێدەبڕێت و پێی پڕدەکرێتەوە، هەتا ئاوڕێکی لێدەدرێتەوە. لە زۆر بارودۆخیشدا، ئەگەر زانرا وڵاتێک نەختێک دەسەڵاتی گەڵاڵە کردوە، ئەوە دەبێت لێبدرێت و دابەشبکرێت و لەگەڵ دەوڵەتەکانی تری چواردەوردا تەخت بکرێتەوە. ئەگەر بڵێین بارودۆخی شۆڕش و هەڵگەڕانەوەی بارودۆخ لە ڕۆژئاوادا ئاوابوە، ئەوا چواردەور هەمیشە پێویستی بە پێگەشتنەوەی مێژوویی هەیە. لە پێش هەموو شتێکەوە ئەگەر هەڵگەڕانەوەی بارودۆخ ڕوبدات، ئەوا لە مێژووەکەی خۆیدا دەیکات و بەنیسبەت مێژووی چەقەوە ناڕاستەوخۆیە و کاریکی ئەوتۆی تێناکات. مەبەست لە گۆڕان و هەڵگەڕانەوەیە. بەڵام لە مێژووی سێیەمدا، کە چەق و چواردەور بەیەکەوە دەگرێتەوە و پێکیانەوە دەبەستێتەوە لە سەر گۆی زەوی لەگەڵ ئەو هێز و پەیوەندییەی یەکەم لەگەڵ دووەمدا هەڵێبەستووەوە و دایڕشتووە بەپێی پێویستییەکانی، ئەوا هەر گۆڕان و هەڵگەڕانەوەیەک لە تەوەردا ڕوبدات ڕاستەوخۆ کاریگەری لە چواردەور دەکات بە حوکمی چواردەورێتی و پێوەلکاندنی و دابەستنی لە مێژووی خۆی و چواردەورەکەیدا. کەواتە ڕوداوو و ئاڵوگۆڕ و هەڵگەڕانەوە یەکسەرەیە، لە چەقەوە بەرەو چواردەور، لە هێزەوە بەرەو ناوچەی لاوازی، لە دەسەڵاتەوە بۆ ژێرەوە. لە هەمووی گرنگتر، لە مێژوویەکی پێشکەوتووەوە بۆ مێژوویەکی دواکەوتوو. واتە لە مێژوویەکی داخراو و هێڵراوە لە قۆناغێکدا، مەحاڵە کاریگەری لە مێژوویەکی پێش خۆی بکات. لە هەزاران لایەنەوە و بە هەزاران هەنگاو و لە هەزاران بواردا لە پێشیەوەیەتی.

هەڵبەتە هەمیشە چەق، چواردەوری پەراوێزکراو بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، یاخود دوری دەخاتەوە. نەک بە پێچەوانەوە. چەق وەکو ئیسفنجێک وایە کە پەراوێزی ئاوئاسا هەڵدەمژێت و لە خۆیدا کۆیدەکاتەوە و قورسایی خۆی پێدەخەملێنێت. واتە هەرچی توانای چواردەوریش هەیە (ئەگەر شتێک، یەکێک بێت) ئەوا بەرەو چەق کێش دەکرێت و لەوێ جێگیر دەبێت. هەر بە هەمان شێوە زیندوێتی و وزەی چواردەور بەرەو چەق دەڕوا و دەنۆشرێت. کەواتە هەرگیز چەق بێهێز نابێت، هەتا چواردەورێک هەبێت خۆراکی دەرخوارد بدات. چواردەوریش هەرگیز بەهێز نابێت هەتا "چەقێک" هەبێت توانا و وزەی بمژێت. ئەو سارد و گەرمە دەبێت شیلەتێن بکرێت، کە هەرگیز چەق ڕێگەی پێنادات. چونکە فەوتاندنی خودی چەقی تیدایە وەک چەق و مێژوو دەبێتەوە بە یەک مێژوو.

لەدوای خۆبەدەستەوەدانی سۆڤیەت، وەک چەقێکی دژی چەقی ڕۆژئاوا، یاخود بڵێین ئیحتوای چەقێکی سەرەکی بۆ چەقێکی لاوەکی لە جیهاندا، یاخود چۆک پێدادانی و قوتدانی، یاخود ماڵیکردنی و دەستەمۆکردنی و مژینی، ئەوا جارێکی تر هیچ هێزێکی تر لە چواردەوردا ناتوانێت بە شێوەیەک لە شێوەکان دژایەتی چەق بکات. تەنانەت ناشتوانێت لە جێگەی خۆیدا سەربەرزبکاتەوە.

(ئەو کێشانەی لە چواردەوردا پێک دێن، نایەڵن بگاتە مێژووی چەق و هەر لە سنوری مێژووی چواردەورەکەیدا کپی دەکەنەوە"دەیهێڵنەوە".)

11

چۆن دەشێت چواردەور لە ناوەند هەڵگەڕێتەوە؟ لە چ شتێکدا پەراوێز لە پێش ناوەندداپە؟ چۆن پەراوێز دەتوانێت ناوەند داگیربکات؟ چواردەور تەنها دامێنێکی ناوەندە کە چۆڕ چۆڕ دەرمانی وەک خۆبونی پێدەدات. کە نەختە نەختە بە خوێن لەسەر شێوەی خۆی دایئەڕێژێت و هێواش هێواش لاسایی خۆی پێدەکاتەوە. چۆن ئەو هەموو سەردانەواندن و بێ دەرامەتییە دەتوانێت ڕوبەڕوی ئەو سەرداریێتیی و هێزە بوەستێتەوە؟ چۆن لەبەرشۆراوە دەتوانی جێگەی ڕەسەن لەقکات و بیرو‌خێنێت؟ وەک چۆن هەموو دەرد و بەڵا و ڕێڕەوی ژیان لە ناوەندەوە پەخش دەبێت، هەروەهاش دەبێت ئەو شۆڕشە چاوەڕوانکراوە، هەر لە ناوەندەوە بەرەو پەراوێز بڕوات و بیگرێتەوە، نەک بە پێچەوانەوە.

12

لاوازی مرۆڤ و پێداویستی بە ناوەرۆک و ناوەندێتی، نەبونی مرۆڤ و پێداویستی بە چوارچێوەیەک، بە هاوبەشیکردن لە ناوەندا، لە چەقی دەسەڵاتداریێتیدا، بۆ ئەوەیە کە لە کاتی ترس و هێرشدا بگەڕێتەوە بۆی. تەختبوونی مێژوو، هەمان تەختبوونی ناوەرۆکە. واتە تەقینەوەی ناوەند و نەمانی و پێکهاتنی مرۆڤی دواڕۆژ و کامڵ. ئەگەر خۆشەویستی و پەیوەستبوون لە ناتەواوی/نەبونی وجودەوە هاتبێت، بە پڕکردنەوەی ئەو ناتەواوییە، ئەو خۆشەویستیی و پەیوەستبوونە لەگەڵ ناوەندا دەپچڕێت. جا ئەو پەیوەستە دایک بێت، نەتەوە بێت، وڵات بێت، خیزان بێت....هتد.

تەنها بە هۆی پروپاگەندەوە نیە کە مرۆڤەکانی جیهانی پەراوێز چاویان لە ڕۆژئاواوەیە، بەڵکو ئەو ڕاستییە دەزانن کە مرۆڤ لە ڕۆژئاوادا لە ئاستێکی بەرزدا دەژی و هەتا بەو ئاستە نەگات، ئەوا هەر خۆی بەکەمتر دەزانێت و هەمیشە ئەو دژایەتیەی ڕۆژئاوا دەکات بۆ خۆجێکردنەوەی، بۆ وەرگرتنی بەشێک لەو ئاستە و چونە ناوی و بەشداربوون تیایدا. بەتایبەتیش لەدوای ئەوەی لە زۆر لا ئاشکرایە کە ئەو بەختیارییەی ڕۆژئاوا لەسەر شانی ئەوان پێکهێنراوە.

ئێمە هەتا دەمرین، دوو وجودمان دەبێت. وجودێک وەک واقیعی مێژوویی؛ ئەوەی سەپێنراوە بەسەرماندا: واتە دژی ئەو مێژووە بوەستینەوە کە بەزۆر دەڵێن ئەوە مێژووی ئێوەیە و لەدواوەن و دەبێت خەباتی بۆ بکەن. دووەم وجود، وەک ئەوەی کە لە ناوەندا مرۆڤ پێیگەشتووە و ئەوەی هەتا ئێستا خەباتی بۆ دەکرێت کە زیاتر قوڵبکرێتەوە و چەسپاوتر بکرێت.

ئێمە لە هەموو هەنگاوێکی واقیعی ڕۆژانە و مێژوویماندا، ناتوانین چاو لە ناوەندی جیهان بپۆشین کە دەمانەوێت مێژووی ئێمەش کراوە بێت و لەگەڵ ناوەندا یەک چارەنوسمان هەبێت. ئێمە دەبێت بنمیچێک کونکەین، بۆئەوەی لە مێژووەکەی خۆماندا هەناسەیەک بدەین و هەرگیز بە ئاسمانی ناوەند ناگەین، یاخود سەرمان بەر هیچ ناکەوێت کە بتوانین کونی بکەین. واتە هەر لە شوینی خۆمان هەڵدەبەزینەوە و بنمیچەکەش لەوێ نیە....

لەدوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووەمەوە، ئێمە لە جەنگدا دەژین. لە شێوەیەک لە شێوە نالەبارەکانی جەنگدا. جەنگ لەسەر ئێمە تەواوبوو، ئێستا خزینراوەتە ناو خۆمانەوە و خۆیان لێ بەدەرکردوە و تەماشای دەکەن. جەنگ تەواونەبووە. ئێمە بە فەرمانڕەواکانیشمانەوە بوینەتە قوربانی جەنگ.

ئاوارەیی، پەناهەندەیی، شەهیدبوون، زیندانیی بوون، ژیانی ئۆردوگا، دورخستنەوە، سەرکوتکردن، داپڵۆسین...... بەشێکی ژیانی ڕۆژانەی ئەو خەڵکەیە. ئەی ئەوە ئەگەر جەنگ نەبێ، ئەبێ جەنگ چی بێت؟ شەڕ، جەنگی نێونەتەوەیی و ناوخۆیی، پارتیزانی، تیرۆر و برسیتی....ناهەمواری.........

هەتا دوێنی بوو، ئۆپۆزیسیۆن سەرکوتدەکرا و لەناودەبرا. ئەمڕۆ ئەگەر ئەو بەرگرییەش نەمێنێت، دروستی دەکەنەوە. تەنها بۆئەوەی جەنگ بەردەوامبێت و نەوەستێت. هەزار جۆر پارتیزان دەخولقێنن، ئینجا سەرکوتی دەکەن و ئینجا لەناوی دەبەن و هەموو "وڵات"ی پێ دەوروژێنن. کاتێک پێدەزانرێت بەرە لە ژێر پێی هەردوو لای ناکۆکییەکەدا ڕاکێشراوە. نمونەکانی هەموو ئەو جێگایانەن کە کەوتونەتە دەرەوەی ناوەند و کەوتونەتە دەرەوەی مێژووەوە. ئەو مێژووەی کە تەنها ڕۆژئاوا قبوڵ دەکات، چونکە دەستکردی خۆیەتی و نایەوێت کەس بەشداری بکات و دەیپارێزێت و نایەڵێت کەسی تر پێی بگات و کەسیش بۆی نیە لێی بپرسێتەوە.

گەلانی جیهانی پەراوێز هیچ کاتێک ناتوانن پاڵپشتی ڕژێمی فەرمانڕەواکانیان بن، چونکە چاویان لە ناوەندی فەرمانڕەوایەتیەکی ترە کە ڕۆژئاوایە. کە مرۆڤ بە زۆربەی پێداویستییە ڕۆژانەکانی گەشتووە. گەلانی پەراوێز ناتوانن واز لە داواکارییەکانیان بێنن تا دەگەنە ئەو ئاستە مادییە/ ڕۆحییە. کێشەکە لە سنوری جیاکەرەوەی ڕۆژئاوا و جیهانی دووەمدایە، کە ئایا بوار هەیە ئەو سنورانە هەڵبگیردرێت و گەلانی جیهان یەکتری بناسنەوە و بە یەکتری

بگەنەوە؟ ئەمڕۆ دوژمنایەتیەکە خزێنراوەتە نێوانی گەلانەوە، بە حوکمی جیاوازی ئاستی مادی، شارستانێتی و مێژوو لەیەک ترازێنراوەوە. دوو مێژوویی کراوە بە واقیعێکی بینراو و هەستپێکراو کە بە زەقی جیاوازییەکان بۆ هەر دوو لا دیار بێت و هەر دوو لا قەناعەتیان پێکراوە کە ئێمە ناتوانین یەکبگرین لەبەر ئەو جیاوازییە مێژووییانە. دەتوانرێت سەرچاوەی جیاوازییەکان بدۆزرێتەوە کە لە کوێوە سەریانهەڵداوە کە هیچ پەیوەندی بە مرۆڤ و سروشتی مرۆڤەوە نیە. هەروەها دەتوانرێت دەستنیشانی ئەوە بکرێت کە چۆن ئەو جیاوازیانە کراون بە "دابڕان" و "جیاکەرەوە" و بەکاردەهێنرێت بۆ مانەوە و پاراستنی جیهانی ڕۆژئاوا و هێشتنەوەی وەک سەرداری جیهان و هێشتنەوەی ناوەندی جیهان و چڕکردنەوەی ئەو چەقە و دابڕان و دورکەوتنەوەی لە چواردەورەکەی بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە بۆ پێکهینانی مێژوییەک کە تایبەت بێت تەنها بە خۆی و مێژووچکەش بە چواردەور. واتە پێکهێنانی برا گەورە و برا بچوک، نێر/ مێ، گەورە/ منداڵ، شارستانی/ دڕندەیی.. ئایا ئەو نەفیکردنە ڕابردووی خۆی نیە دەیەوێت لە نائاگاییدا بیسڕێتەوە؟

ڕۆژئاوا دەیەوێت مردنەکەی خۆی بدات بەسەر شانی پەراوێزدا. هێشتنەوەی لە مەمرەمەژیدا و ڕەزیلکردنی و دوابەدواش خێرپێکردنی و ڕاکێشانی بەدوای خۆیدا. لەوە دەچێت کە خۆی پاکبکاتەوە. واتە تەنها پوختەی خۆی بهێڵێتەوە و پیسی و مردن و لاوازی و ڕەزالەتیش بدات بەسەر شانی ئەوانی تردا کە پەراوێزن.

شەڕی مردووەکان لە نێوانی خۆیاندا هیچ ئەنجامێکی نیە، شەڕ لە مەیدانێکی داخراودا دەکەن. شەڕ بگاتە دوا ترۆپکەش، ناهێڵن لە سنوری ناو دەوڵەتەکە دەرچێت. شەڕە مردوو یا شەڕی نێوانیان پێویستییە و دڵنەوایی یەکتری پێدەدەنەوە. داشکاندنی یەکتری، یەکتر داپڵۆسین، یەکتر نەهێشتن، حەسرەتی دڵ دەرکردنە، داخ و دەرد و مردوێتی هەڵڕشتنە، بەڵام بەبێ هیوای گەیشتن بە زیندوبونەوە، بە ژیان.

13

ڕۆژئاویی لە مێژوویەکدا دەژی کە مێژووی تری لە پێشەوە نیە. مێژووی سات بە ساتە. تازەترین داهێنان، تازەترین لێکۆڵینەوەی زانستی و کۆمەڵایەتی، تازەترین ئامێری بەرهەمهێنان، تازەترین گۆرانی و مۆسیقا...تازەترین میتۆدی پەروەردەکردن... هەر کەسێ لەدایک دەبێت، لە مێژووەکەی خۆیدا لەدایک دەبێت و تیایدا دەژی بەبێ کەم و زیاد. هەموو ئەو شتانەی لەبەردەستدا دەبێت کە مرۆڤایەتی لەو ساتەدا پێی گشتووە و خۆزگە ناخوازی کە بگات بە مێژوویەکی تر کە وجودی نیە. بۆیە ژیانی خۆی دەژی بە مانای وشە و سات بە سات دەیچنێت و لە هیچ پەشیمان نابێتەوە و چێژی لیدەبینێت و دڵنیایە کە لە ترۆپکدایە و

بەجارێک سێ بەشی جیهان لە دوایەوە دەڕوات. واتە لە ژیاندا بەدەسەڵاتە (مسۆگەرە) و دڵنیایە و تازەترین هەواڵی ئەو ساتە دەبیستێت. تەنانەت ئەگەر نەخوێنەواریش بێت، لەو ژیانە دەوڵەمەندەدا دەژی کە بە هەموو زانیارییەک دەوڵەمەندە و ناتوانێت خۆی لێ لابدات.
هەرچەندە ئەو ژیانەی خۆی مەرج نیە کە باشترین بێت لەسەر گۆی زەوی کە لەوە زیاتر بواری تیدا نەبێت، بەڵام لەبەرئەوەی دەبینێت کە زۆر لە خۆی خراپتر هەیە، ئەوا بێدەنگ دەبێت و بواری جوڵەی کەمتر دەبێت. یاخود بڵێین گوڕی خاودەبێتەوە، چونکە هەڕەشەی لێدەکرێت بە ژیانی پەراوێز. واتە ئەو گەشەکردنەی کە دەبوایە ڕوبیدایە، ڕونادات لەبەر پەیوەستکردنی ئەو دواکەوتوویی و پێشکەوتوویە، یاخود ئەو ئاستە بەرزەی گوزەرانی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا. واتە پێکەوە گرێدانیان بۆ بێدەنگکردنی هەردوو لایانە و نەچونە پێشەوەیانە.

14

نامەیەکی کراوە بۆ مرۆڤێکی ئاسایی ڕۆژئاوایی
(تەوەر نەفی چواردەوری دەکات بەهەمان خولانەوەی چەرخئاسا، بەوەی تەنها جوگرافیای زەوی ئەوانی لەسەرن و کەسی تر نا. هەموو دەلیلەکان جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەنەوە کە تەوەر چواردەوری خۆی فڕێدەدات ـ دوردەخاتەوە ـ و خۆی دەپارێزێت و پاڵەپەستۆی دەخاتەسەر بەرەو لەناوچون و هەوڵدەدات تەنها وەک سروشت بیهێڵێتەوە، تەنانەت بەو ئاژەڵانەشەوە کە لەسەری دەژین. لە ڕاستیشدا هەر بەو چاوەوە سەیرکراوە و بەو ڕوانگەیەشەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کراوە. وەک مێژوویەکی لەبیرکراو، وەک سروشتێکی خام کە بەکارنەبراوە).
هەی قوڕ بەسەرت مرۆڤی ئەو سروشتە کە چۆن یاری بە چارەنوست دەکرێت. کە مرۆڤێکی ئەو سروشتە دەکەوێتە چەقی دواڕۆژەوە! جگە لەو هەموو ڕق و کینەیەی ڕوبەروی دەبێتەوە، دەبێت لە مێژووی پێش زایینیەوە کتوپڕ خۆی لەسەر مێژووی ساڵی دوو هەزار ڕابهێنێت. ئەگەر بڵێین ئێستاکە مرۆڤێک لە ڕۆژئاوادا زیندوودەبێتەوە کە لە پێش زاییندا ژیانی بەسەربردبێت، هیچی لەوە کەمتر نیە کە ئێستا مرۆڤێک لە چواردەوری تەوەرەوە دەگاتە ڕۆژئاواو و دەیەوێت تیایدا بژی. ئەوساش مرۆڤ خەونی دەبینی بە کۆمەڵگای دواڕۆژەوە و خەیاڵی پێوە لێدەدا کە چەند پێشکەوتوو دەبێت و خەڵک و پەیوەندی چی بەسەردێت. ئێستاش مرۆڤی سروشتی تەنها جیاوازیەکەی ئەوەیە کە دەزانێت ئەو مێژووە هەیە و جار جارێک شتێک دەبیستێت/ دەبینێت (لە ڕێگەی تەلەفیزۆنەوە کە لە هەندی جێگادا ئەوەش نیە) و خەڵک خۆی مەزەنەی دەکات کە چیە. جا چ جیاوازیەک لە نێوانی مرۆڤی ئێستای

سروشتدا هەیە، کە تەنها پشتی بە کشتوکاڵ بەستوە و کشتوکاڵکردنەکەشی بە ئامێر و ئامرازی پێش زایینە، لەگەڵ ئەو مرۆڤەی لە ڕۆژئاوادا دەژیا لە پێش زایینەوە. با پێت بڵێم جیاوازیەکەی چیە، مرۆڤی سروشتیی ئەمڕۆ لە نێوانی کۆمەڵێک زەمەندا دەژی کە هیچی زەمەنی مێژوویی خۆی نیە. ئەگەر مرۆڤایەتی لەسەر گۆی ئەم زەویە، یەک مێژووی هەبێت ئەوا بەو پێیە ئەو بەشدار نیە تیایدا و لە دەرەوەیەتی. چونکە ئەم مێژووەی ئەمڕۆ لەسەر چەق/ تەوەر دەپێورێت و سروشتەمرۆڤ لە مێژووەکەی خۆیدا گومڕایە و سەرلێشیواوە، چونکە لە دەرەوەی مێژوودایە و لە ناو زەمەنێکی خۆماڵیدایە، کە کەم و جارجار دەنگدانەوەیەکی نزمی مێژووی یەکەم دەبیستێت و لێی ون دەبێتەوە. جگە لەوەش لە هەمان مێژووی خۆیدا، زۆر شتی مێژووی دواڕۆژی یەکەم، بازی داوەتە ناو مێژووەکەیەوە بەبێ ئەوەی لێی تێبگات و دەشبێت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات. واتە زەمەن بۆ ئەو میللەتانە ئەوەندە شێواوە کە هەرچی پێی بوترێت ڕەسەنایەتی و بنەڕەتیی پێوەی نەماوە و ناتوانرێت جیابکرێتەوە یاخود دەستنیشانبکرێت یا ڕێکبخرێت. لە هەندی ناوچەدا لە تەنیشت کۆمپیوتەرەوە، سەرەتاترین ئامرازی بەرهەمهێنان بەکاردەهێنرێت، کە نەک هەر لەگەڵ یەکتریدا ناگونجێن، بەڵکو زۆرجار دژ دەوەستنەوە. ئەوە هیچ، ئەگەر لەهەمان ناوچەوە یاخود هەمان شارەوە بەرەو لادێیەکی نزیک بڕۆین، ئەوا زەمەن بەتەواوەتی سست دەبێت و سەدەی پێش زایینە. کە هەر خوێنەواری تیانیە و هیچ ڕوکەشێک و ڕواڵەتێکی شارستانیەتی پێنەگەشتووە. ئایا ئەو جیاوازیەی شار و لادێ ئەوەیە کە لە ڕۆژئاوادا هەبوو؟ ئەوەیە کە مارکس و ئەنگلس باسیان کردوە، کە دەبێت جیاوازییەکەیان بسڕدرێتەوە؟ قوربەسەرت مرۆڤی سروشت.

کە مرۆڤێکی سروشتی دەکەوێتە چەقی تەوەرەوە یاخود ئەو مێژووە داهاتووەوە، پێی دەڵێن کە ناتوانێت خۆی ڕابهێنێت و بگونجێت، چونکە جیاوازی "کەلتوریی" هەیە. ئەوە جیاوازی کەلتورە یا جیاوازی ماوەی مێژووییە؟ هەڵبەتە ئاسان نیە مرۆڤێکی چاخە بەردینەکان بهێنیت و بتەوێت لەگەڵ ئەو هەموو گەشەی مێژووەدا بگونجێت. ئاخر چۆن دەبێت لە سروشتەوە بەرەو ئاسمان؟ ئەی باشە بۆ جیاوازی "کەلتوریی" نیە کە مرۆڤێکی ڕۆژئاوایی لە وڵاتێکەوە دەچێتە وڵاتێکی تر؟ چونکە بەبێ ئەمسەروئەوسەر و بیرکردنەوە، لەیەک مێژوودا دەژین، ئیتر هەموو جیاوازیەکانی تر، وەک کەلتور و زمان و ... هتد. نابێت بە ڕێگر و لە ماوەیەکی کەمدا دەتوێتەوە و شوێنەواری نامێنێت.

کە لە ڕۆژئاواوە باسی مێژووی لەبیرکراو دەکرێت، وەک ئەوە وایە باسی گۆی زەوییەکی تر بکەن، کە لە نێوانی دوو هۆزدا یاخود دوو ئیمپراتۆری پێش مێژوو لەگەڵ یەکتریدا شەڕ دەکەن و یەکتری دەخۆن. زۆر بە ئاسانی وەستاویی زەمەن دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت. زۆرجاریش بەرەو دواوە ڕۆشتنی. خاو ڕۆشتنی زەمەن و مێژووی زۆر خراپترە لە ئەوروپای

چاخە ناوەڕاستەکان کە بە هیچ شێوەیەک بەراورد ناکرێت. سستی و خاوڕۆشتنی مێژوو بەرەو دواوەوەیە و گوزەرانی خەڵک لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەڕوات و لە دڕندەییەوە بەرەو دڕەندەتر دەچێت. ڕەنجبێوەرن، وەک ئاژەڵ ئیش دەکەن و بە هیچ ناگەن.
وەرن سەیری مێژووی هەرە کۆنی باوباپیرانتان بکەن. لە هەموو شێوە و قۆناغێکمان هەیە. هەر لە فرۆکەکە دابەزیت، ئیتر مێژوو دەگۆڕێت و هەر لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە هەتا دوو هەزار ساڵ، تا کۆنتر، هەرچیەکت دەوێت ئەی مرۆڤی ڕۆژئاوایی هەڵبژێرە و سەیری بکە و بە ڕاستەقینەیی ئەو مێژووە ببینە و وانەی لێوەربگرە. زۆرجار پێویست ناکات یەک دوو وڵات بکەیت بۆئەوەی یەک دوو قۆناغی مێژوویی تاقیبکەیتەوە، بەڵکو دەتوانیت تەنها لە وڵاتێکدا ئەوە ئەنجام بدەیت بە گواستنەوە و گەڕان لە ناوچەیەکیەوە بەرەو ناوچەیەکی تری، لە شارێکییەوە بەرەو لادێیەکی، بۆ گەڕەکێکی. هەرچیت دەوێت بە ڕاستەقینەیی ببینیت، هەیە، هەر لە شەڕی براکوژی و ئاینی و شەڕ لەسەر لەوەڕگا و خاک و ئاو و شەڕی هۆزایەتی و هەر لە ئیمپراتۆریەتیی و کۆمۆنی سەرەتایی و دەرەبەگایەتی و تەنانەت ئەگەر هەر زۆر ئارەزوی کۆنتریش دەکەیت، واتە قۆناغی ڕاو، ئەوا هەمانە و ئێستاش تیروکەوان بۆ ڕاوکردن بەکاردێت و مرۆڤ بۆ مانەوەی لەگەڵ سروشتدا بەشەڕدێت.
وەرە با ئەو خەڵکە دەستێک بگێڕن بە سەروباڵای مرۆڤی دواڕۆژدا و ئاواتەخوازبن کە مناڵی مناڵەکەیان پێی بگات. وەرە، شارستانیەتی چی و نرخ و خوڕەوشتی چی لەلایان ساغبێتەوە، ئەوان هەتا ئێستاش لە ململانیی ژیان و مردندان. بەچی؟ لەکوێ؟ چۆن؟ ... بۆچی؟ هەموو ڕۆژێ دووجار بچیتە گەرماو و دزی نەکات و ڕێزی مرۆڤ بگرێت.... و هەموو ئەو خوڕەوشتانەی کە پەیوەندی بە مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤەوە هەیە، لەوێ نیە و جێگای نابێتەوە. وەرە ڕێزت لێدەگرن و نازانن بۆ. ئەوەندە دەزانن کە تۆ مرۆڤی مێژوویت و ئەوانیش ئاژەڵی مێژوو. بیانهێنن، زۆرن، خامن، لەجیاتی هێزی ماسولکەی ئاژەڵ، ئەوان بەکاربێنن. باشتر ڕێکدەخرێن و مرۆڤیش باڵاترین ئاژەڵە و بەگوڕترینیانە. بیانهێنن، ئەوەی ئێوە بەجێتان هێشتوە و لێی جیابونەتەوە، شایانی مرۆڤی بەمێژوو نیە، ئەوا ئاژەڵ زۆرە بیکات و جێبەجێی بکات. ئەگەر زانیتان لە وڵاتەکانی خۆتاندا بێزارتان دەکەن و ئەوبێ مێژووانە قەد نابن بە بەشەر، دەتوانن هەر لە تەویلەکانی خۆیاندا تەلبەندێکیان بە دەوردا بچنن. هەر وەک ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن سنور و ئەوەی دەتانەوێت، داوای بکەن و بە قامچی ڕێکیانبخەن و بیانخەنەگەڕ. داواکارییان هیچ نیە، لەتێ نان و تەویلەکە بەسە. ئەگەر هەر زانیشتان زۆرن و هەموویان بەکەڵک نایەن و زۆر دەخۆن و دەزێن، ئەوا خۆیان سروشتێکی خامن و هاوجوتن لەگەڵ سروشتدا، هەر چەشنە ئاژاوەیەکتان دەوێت، نەختێک زەمینەکەی خۆشکەن و ئیتر لێی گەڕێن. شەڕە نەتەوایەتی، ئاو، زەوی، ئاین.. هەر کاتێکیش زانیتان لایەکی داغان بووە و دوای ئەوەی ژمارەکەیان گونجاو دەبێت و بەدڵتان

دەبێت، بیگرسێننەوە. ئەگەر هەر زۆر دەکەوێت لەسەرتان، ئەوا کونی خواردنەکەیان لێبگرن و خۆیان وردە وردە لەبرسا دەمرن بەبێ ئەوەی یەک دۆلاری تێبچێت. هەر بەڕاستی، ئەو بونەوەرانە هەر زۆر زۆرن و بەکەڵکی هیچیش نایەن. تازە ئەو سەردەمەش بەسەرچوو هێزی ماسولکەی ئاژەڵ بەکاربهێنرێت. ئێستا هەمووی تەکنەلۆژیا دەیکات. ئەو نەختە کەمەی کە کاتی خۆی ڕاتانکێشابوو، ئێستا نازانن چی لێبکەن و چۆن بیان پەڕێنەوە بۆ دەرەوەی مێژوو. زۆر زۆرن چیان لێدەکەن. شەڕ زۆری تێدەچێت و لەبرسا کوشتنیش تا ڕادەیەک سەردەگرێت و زۆر دەکەوێ لەسەرتان. چیان لێدەکەن، بیانسوتێنن، نا نا نەخۆشیان تیادا بڵاوبکەنەوە و وردە وردە ئایدز کیشوەری ئەفریقا سوک دەکات، دوایش شتێکی تر پەیداکەن بۆ ڕۆژهەڵات. هند زۆرە، چین زۆرە. بەڕاست هند و چین چ دەورێکیان هەیە لە مێژوودا و بۆچی باشن؟ هیچ! هەر جێگایان گرتووە و زۆر دەخۆن و سروشت پیس دەکەن. لەو ڕادەیەش دەرچوون کە هاوسەنگی سروشت ڕابگرن. ئەگەر تا ڕادەیەک ژمارەیان گونجاو بێت، ئەوا وەک هەموو ئاژەڵێکی تر پارێزگاری و هاوسەنگی سروشت ڕادەگرن.

لە خوا بەزیاد بێت ئەزمونگا کیمیاویەکانتان ئەوەندە پێشکەوتووە و خاوەنی هەزارەها میکرۆبی کوشندەن. زانستی بایەلۆژیا ئەوەندە پێشکەوتووە، دەتوانن لە ماوەیەکی کەمدا لایەکی دانیشتوان سوک کەن، بەڵام لەوە دەترسن تەشە بکات و خۆشتان بگرێتەوە، هەر وەک نەخۆشی ئایدز. نا ئەو ڕێگایەش باش نییە!.

ئەو شوێنانەی کۆکائین و هیرۆین بەرهەم دێنن، ئەوا خۆیان وردە وردە لەناودەچن. زۆر ئاسان بڵاودەبێتەوە و هیچ شتێک بەرگری لێناکات، بەتایبەتی لەناو ئەو میللەتانەدا کە هیچ بنەمایەکی شارستانیەت و ڕۆشنبیری تیانیە و تەنانەت خوێنداواریشی تیا کەمە. هەرچەندە لە زۆر باردا ئابوری تەپاندن لە زۆر شتی تر باشترە. قەد مەهێڵن تێربن و هەتا دەتوانن دزی ئابوریان لێبکەن و ئەو کاتە یەک لە پێنجی منداڵەکان ئەژین و گەورە دەبن و تێکڕایی تەمەنیان دادەبەزێت، زو دەمرن. مەهێڵن ڕۆشنبیریی بیانگاتێ، یاخود شارستانیی و شتی لەو بابەتە وەک تەندروستی و خوێندەواری... هتد. قەد نەهێڵن ئەو شتانە جێگە خۆشکەن. ئەوانە هەموویان دەبن بە دوژمن و لەلایەکی تریشەوە فێردەبن بەرگری لەخۆیان بکەن و ئەوسا زو نافەوتێن و زو هەڵناخڵەتێن. بەو پێیەش زۆری تێدەچێت و زۆر دەکەوێت لەسەرتان و دەبێت ڕاستەوخۆ پارەیەکی زۆری تیا خەرج بکەن.

دەزانن ئەوەی لەو چواردەورەدا کرتان لەچی دەچێت؟ سروشتێکی خام بوو، بە سروشت و بونەوەرەکانی سەریەوە. هاتن ڕاستەوخۆ خستانە ژێر دەستی خۆتان و حوکمتانکرد. ئەوەی کە کردتان، کردتان. ئەوەی کە لە هەمووی گرنگتر بوو، ئەوەبوو کە هەموو کەرەسە خامەکانتان لە چەندین قاڵبی جیاوازدا ڕێکخست. حساباتی دواڕۆژی خۆتان لەسەرکرد. دوایی بونەوەرەکانی ناوەوەتان ئەوەندە پێگەیاند کە بتوانن خۆیان لەسەرپێ بگرن و بتوانن

به شێوەیەکی سەرەتایی، واتە ئەوەی پێویستیتان پێیەتی، ئەوان ئەنجامی بدەن. ئیتر بە دڵنیاییەوە کشانەوە دواوە و خۆبەخۆ دەڕوات و ئێوەش خۆشاوەکەی وەردەگرن. ئیتر نە ئێوە تاوانبارن و نە ئەوان تاوانلێکراو. ئەوەتا فەرمانڕەواکانی خۆیانە کە میللەتەکانیان دەڕەتێنن و دەیان کوژن و بە دەستی خۆیان مێژووی خۆیان سست دەکەن و خاوی دەکەنەوە و ئێوە بە هیچ شێوەیەک دەستی تێوە وەرنادەن!. خۆبەخۆ دەڕوات و ئێوە تەنها خۆشاوەکە وەردەگرن. قابیلە ئەوەشتان پێنەبڕێت؟

واتە ئەوەی ئێستا دەیبینین، تەواوکەری قۆناغی پێشووی بەڕێزتانە. ئیتر چۆن خۆیان خۆیان دەخۆن، گرنگ نیە. گرنگ ئەوەیە نەیەنە دەرەوە، پێشنەکەون، هیچ نەزانن، دژنەوەستنەوە، بەرگری نەکەن. ئێوە پێویست ناکات هیچ بکەن، هەر چیەکتان دەوێت جێبەجێ ببێت، ئەوا لەلایەن فەرمانڕەوا نیشتمانیەکانیانەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت، تەنها چاودێرییەکی ساکاری لای جەنابتانی دەوێت. هەر ئەوەندەیە چاوێکتان لێبێت بزانن باش سەرکوتدەکرێن و ئەوەی خۆشاوی ئێوە مسۆگەر دەکات هەر وەک جاران دەڕوات؟ ئەگەر دەشزانن بواری باشتری تیایە، ئەوە پاڵەپەستۆیەکی بچوکی دەوێت لەلای بەڕێزتانەوە. ئەوەندە پێوستە ئاگاداربن کە لە هێڵ لانەدەن، ئەوەش ئیشێکی گران نیە و زۆری تێناچێت، هەر وەک ئامێری ئۆتۆماتیک خۆبەخۆ کاردەکات و تەنها پێویستی بە چاودێریی و جارجار چەورکردن و چاککردن و گەشەپێدان هەیە. مەگەر تازەترین ئامێری ئەشکەنجە لە یابانەوە ناهێنرێتە ناو وڵاتەوە؟ ئەوە چەورکردنەوە و گوڕ و توانای ئامێرەکە تازە دەکاتەوە و ڕۆحی سەردەمی پێدەبەخشێت "یەکجار دەستی تیدەخەیت و نینۆکی هەر پێنج پەنجەکەت هەڵدەکێشێت"

(تەنها بۆ زانین: گەلی یابانی خۆیان بە پاکترین و باشترین و بەڕێزترین و ....هتد. دەزانن. کە تەنانەت خواردنەوەی ئەلکهولیش کردەوەیەکی ناشیرین و شورەیی ئاوەرە!! بەڵام بەرهەمهێنانی ئامێری ئەشکەنجە بۆ وڵاتانی جیهانی دوو، بازرگانیە! و پەیوەندی بە خوڕەوشت و خوونەریتی خۆیانەوە نییە.)

1998 –1997

## هەندێک بابەتی پەیوەندیدار بە پێگەی دەسەڵاتدارێتیەوە

1

ئەوانەی کە زۆربەی کۆمەڵ پێکدەهێنن و زۆر بە ئاستەم دەگەن بە تەوەری دەسەڵاتدارێتی و لە لایەن دەسەڵاتدارێتیە سەرەکیەکەوە گوشراون کە لەو بازنەیەدا بمێننەوە (هەڵبەزنەوە) بەبێ ئەوەی بتوانن زیاتر بڕۆن، چونکە زیاتر نیە، بەڵکو زیاتر لەلایەکی ترەوەیە کە بنەمایەکی تری هەیە و سەربەخۆیی خۆی هەیە. ئەوانەی لە خوارەوەی هەرەمەکەدان، ئەوا شیرازەکراون واتە پابەندکراون و بواری زیاتر تێپەڕینیان نیە.
دەبوایە کۆمەڵگا یەک یەکە بوایە و هەرکەس تەنها نوێنەری خۆی بوایە و هەرکەس جێگای خۆی داگیربکردایە.
ئەوانەی کە هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە: هێز، دەسەڵاتدارێتی، پەیوەندی و پەیوەستبوونەوە بەو هێز و دەسەڵاتدارێتیەوەیە.
هەمیشە بۆئەوەی لە بابەتێک تێبگەین، دەبێت لەپێشدا بگەڕێین بە شوین ڕەسەنایەتی ئەو بابەتەدا، یاخود ئەو دیاردەیەدا کە تا چەند ڕەگی هەیە و تا چەند دروستکراوە. بۆ نمونە، ئەمڕۆ ئەگەر هەر کۆمەڵگایەک بگرین، دەبینین دەستەیەکی دیاریکراو و بە ژمارە کەم، هێز و دەسەڵاتیان هەیە. هەڵبەتە بەشێکیان دیار و ئاشکران و خەڵکی دەیانناسێتەوە و هەندێکیشیان شاراوە و نادیارن و زیاتر لە ژێرەوە کار دەکەن و کەم کەس دەیانناسێتەوە. زیاتر ئەوانەی لە ڕۆژئاوادا دەسەڵاتیان لە ژێر دەستدایە و خاوەنی بڕیاردانن، ئەوا ڕاستەوخۆ کارناکەن و هەمیشە دەموچاوێکی تر دەکەن بە پێشەنگا و بوکەشوشە کە نوێنەرایەتی بیروبۆچونەکانیان بکات و ببن بە داردەستیان. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ئەو دیاردەیە هەموو کۆمەڵگای ئەمڕۆی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، واتە دیاردەیەکی باوی ڕۆژانەیە و خەڵکی ڕۆژانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات. بۆیە هەموو کەس داوای دەکات و هەوڵی بۆ دەدات کە پێیبگات.
زۆربەی خەڵک لەلای ئاشکراو ڕونە کە بە چ ئیمتیازێک دەگات، ئەگەر ببێتە خاوەنی دەسەڵات، هەر بەو شێوەیەش ئاشکرایە کە هەموو کەس پێی ناگات. چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بنەڕەت، ئەوا هێز و دەسەڵاتدارێتی دوو دیاردەی مرۆڤایەتی نین، بەڵکو دروستکراوە لە ڕەوتی مێژوویی مرۆڤایەتیدا. هەر بۆیە نە دەتوانرێت و نە بواری تیادەبێت کە هەموو کەس لەو دیاردە دروستکراوانەدا بەشدار بن، چونکە ڕەگێکی ڕەسەنی نیە. هەر چەندە ئەوانەی خاوەنی دەسەڵاتدارێتین هەزار بەڵگەی ڕەوایەتی دێننەوە کە بونیان

پێداویستیە و بە هەموو شێوەیەک دەیپارێزن و نایانەوێت جێگەیان پێ لەق بێت، یاخود بە ئارەزوی خۆیان واز لە پێگەکەیان بێنن.
دیسانەوە دەبێت بگەڕێینەوە سەرەتای دروستبوونی ئەو دیاردەیە لە شەبەقی مێژووەوە. کە دەڵێین ئەو دیاردەیە ڕەسەن نیە، مانای ئەوە نیە کە گرنگیی نیە، بەپێچەوانەوە لەبەرئەوەی زۆر گرنگە و هەتا ئێستا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ژیانی هەر یەکێکماندا، چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ، زۆر جاریش بۆ زۆربەی خەڵکی،ماڵکاولی لێکەوتۆتەوە وەک ئەنجامێکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی ناکۆکی و ململانێی هێزەکان، بە تایبەتی ئەوانەی کە بە هیچ شێوەیەک بۆیان نیە خاوەنی ژیانی خۆیان بن. یاخود ڕاستر بڵێین ئەوانەی سەربەست نین و ناتوانن بڕیاری ژیانیان لەدەست خۆیاندا بێت. ئەوانەی کە کۆمەڵێکی تر یاخود دەستەیەک خۆیان کردووە بە خاوەنیان و بە زۆر و بە خۆشی و بە خڵەتاندن و لێخوڕینیان لە پێناوی بەرژەوەندیەکی تایبەتیدا، یاخود لە پێناوی مانەوەی هێز و دەسەڵاتداریێتیاندا، ئاڕاستەیان دەکەن.
هەر بۆیە دەڵێین کە هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، چونکە ئەمڕۆ بە شێوەیەک تێژبۆتەوە کە ئەوەی نەختێک بواری هەبێت و لە هەر پلەیەکی دەسەڵاتدارێتیدا بێت، ئەوا ئەوانەی خوار خۆی قامچیڕێژ دەکات و سەرکوتیان دەکات. جا ئەگەر باسی دووجیهانیی جیهانی دەسەڵاتدارێتی بکەین، ئەوا سێ بەشی مرۆڤایەتی کەوتۆتە ژێر ئاستی ئەو دەسەڵاتدارێتییەوە کە لە جیهانی ڕۆژئاواوە سەرچاوە وەردەگرێت. واتە چەندین میللەت خاوەنی دوارۆژ و سەربەخۆیی خۆیان نین و چارەنووسیان لەدەست خۆیاندا نیە. تەنها لەبەرئەوەی جیهانی ڕۆژئاوا خاوەنی قسەی یەکەم بێت و ئەو دەسەڵاتەی لەدەستیدایە، هەر بمێنێتەوە و ئەو ئیمتیازەی کە هەیەتی هەر بەردەوام بێت.
دیسانەوە ناچار دەبین بگەڕێینەوە بەدوای سەرچاوەی ئەو هێز و دەسەڵاتدارێتیەدا لە پێکهاتەی یەک مرۆڤدا و گەڕان بەدوای توانای گەشەکردن و هۆی گەشەکردن و هێشتنەوە و بەخێوکردنی.
هەڵبەتە ئێمە لەو بڕوایەدانین کە مرۆڤەکانی جیهانی دوو یاخود مرۆڤەکانی چواردەوری چەقی ڕۆژئاوا پێغەمبەرن و ئەگەر بواریان هەبوایە و بۆیان بلوایە بە شێوەیەکی تر سەیری چواردەوری خۆیان دەکرد. واتە مرۆڤ لە هەرکوێ بێت، یەک بنەما و بنەڕەتی هەیە و دەبێت لەوێوە دەستپێبکەین. مرۆڤ لە هەرکوێ بێت، دەیەوێت، ئەگەر بۆی هەڵکەوێت، ئەوەی بەرامبەری بڕەتێنێت و زەوتی بکات، بۆئەوەی بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات.

که دەسەڵات وەک مفهوم و کردار وجودی هەبوو، ئەوا ئازادی لەناودەچێت. ئازادی لەگەڵ پێکهێنانی دەسەڵاتدا دەسڕدرێتەوە، واتە هیچ کاتێک ناتوانین لە ژێر سایەی دەسەڵاتدا بەدوای ئازادیدا بگەڕێین، یاخود بیناسینەوە. تەنها یەکێکیان، لەیەک جێکاتدا (جێگا و کات) دەتوانێت هەبێت و بژی.

دەسەڵات بەسەرداشکاندن، دەسەڵات نیە، بەڵکو وشیاری و وریایی و شارەزاییە. واتە توانابەسەرداشکاندن.

مرۆڤ لە چاوەڕوانیدا ئازادی لەدەستدەدات، هەروەها ئەو مرۆڤە ئازاد نیە کە هەموو بەرجەستەبونێکی خۆی لە هەڵپەکردن وپەلاماردانیدا دەبینێتەوە، واتە تەنها وەرگرتن.

ئازادی کاتێک ڕەنگ دەداتەوە کە دەسەڵاتبەسەرداشکاندن هەبێت، لەو چرکەساتەی مرۆڤ خۆی تیادەبینێتەوە لە پانتاییەکی دیاریکراوی مێژوویيدا. ئازادی تەواو واتە خۆبەدەستەوەدانی تەواو بە پڕاوپڕی و لەسەدا سەد، ئەوسا مرۆڤ خۆی بە پڕاوپڕی وەردەگرێتەوە و ئازادە.

ئەو کاتانەی کە مرۆڤ بواری ئەوەی نیە خۆی ساغکاتەوە کە چی ئەوێت و چۆن دەیەوێت بژی، واتە ئەگەر داپلۆسینی کۆمەڵگا و سیستەم لابەرین و بوار بۆ هەموو کەسێک بکرێتەوە کە بە ئازادی ئەو ڕێگایە هەڵبژێرێت کە لە ژیانیدا دەیەوێت، ئەوسا دەتوانین باری دەروونی هەر یەکێک هەڵسەنگێنین کە لە چ قۆناغێکدایە. هەڵبەتە ئازادی هەڵبژاردن ناکۆک دەوەستێتەوە لەگەڵ نەزانیدا. سەرەتا دەبێت زانین گەشتبێتە ئەو ڕادەیەی کە خەڵک بتوانێت ئەزمونی خۆی پێ بژار بکات و دەرئەنجامی لێهەڵهێنجێت.

ڕاستە نەزانی ژێردەستەییە و خاوەنەکەی سەربەخۆیی خۆی لەدەستدەدات و دەبێتە دیلی نەزانییەکەی خۆی. ئەوەی زانیاریی بۆ بەکارهینانی ئەوانی تر بەکاردێنێت، زۆرزانە نەک بەزانین ڕوناکبوەوە، واتە زانا نیە. ئەوەی زانا بێت نەزان بەکارناهێنێت، بەڵکو ڕوناکی دەکاتەوە.

ترسی لەدەستدان و خۆپیاهەڵواسین دەبێتە هۆی پێکهێنانی جۆرە ئاکار و هەڵسوکەوتێک کە خاوەنەکەی پێوەی دەبەسترێتەوە/ پێوەی دەنوسێت. ئەگەر بمانەوێت لە ئاکار بگەین و تیایدا بژین، ئەوا دەبێت لە ئازادیدا بێت، واتە هەڵنەواسرانی خاوەنەکەی بە هیچ شتێکەوە، بە هیچ کەسێکەوە، بە هیچ پێویستیەکەوە، واتە بە داماڵراوی لە هەموو پەیوەندیەک بە جیهانی دەرەوە.

کە ئازادی لەدەستچوو، ئاکاریش لەگەڵ خۆی دەبات، ئەو کاتەش مرۆڤ هەرچیەک دەکات ڕێگاپێدراوە.

دەبێت مرۆڤ لە حەقیقەتدا خۆی ونبکات بۆئەوەی خۆی بدۆزێتەوە، کەچی لە واقیعدا دەبێت مرۆڤ خۆی بدۆزێتەوە بۆئەوەی ون بێت.
هەموو حەقیقەتێک ئاوێنەیەکی واقیعی هەیە کە پێچەوانەیەتی. لە حەقیقەتدا، دەبێت مرۆڤ خۆی بدات بەدەستەوە و لە واقیعدا دەبێت بەرگری بکات.
ئەوەی لەیەکتریمان جیادەکاتەوە، هەرئەوەیە کە بەیەکتریمانەوە دەنوسێنێت.
ئێمە بەیەکتردا دەنوسێین و پەیوەندی پێکناهێنین. هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانمان لەسەر بنچینەی پیانوسانە، نەک پەیوەندی بەیەکەوەکردن.

3

هەتا بەرەو باڵا بڕۆین مۆرکی دیاریکراوەکان زیاتر ڕوندەبێتەوە و زیاتر ورددەبێتەوە. ئامادەکراوەکانی قاڵبی دەورە کۆمەڵایەتیەکان "پلە"ی دەسەڵاتدارێتی کە دەبێت نوێنەرایەتی بکرێت، ئامادە دەبێت. لەبەرئەوە نفوز یا کەسایەتی ئەو کەسە یا تاکەی کە ئەو پلە کۆمەڵایەتییە پڕدەکاتەوە، زۆر بەئاستەم دەتوانێت لەو سنورە لابدات کە جێگاکە ڕێگەی پێدەدات. هەڵبەتە دەبێت ئەو کەسە لێهاتوو بێت بۆ جێگاکە. هەتا بەرەو جێگا کۆمەڵایەتیەکانی خوارەوە بڕۆین، ڕێگرەکان و پەیوەستەکان کەمتر دەبنەوە، خاوتر دەبنەوە. چونکە بەرپرسیارییەتەکە کەمتر دەبێتەوە و دەسەڵاتی کەمتر تیا دەبینرێت. بەو پێیەش تەگەرە یاخود ڕێگر کەمتر دەبێتەوە .. تا دەگەینە ئاستێک کە هیچ ڕێگرێکی تیا نیە.
بواری دەسەڵاتدارێتی بواری تاکەکەس نیە هەرچەندە تاکەکەس دروستیکردوە و لە خزمەتی بەرژەوەندی تاکەکەسدایە. تاکەکەس ناتوانێت لەو ڕۆڵە تایبەتییەی کە بوارەکە ڕێگەی پێدەدات لابدات، دەنا هەر ئەو بوارە لەناویدەبات. بوار کۆنکرێتییە و ئەو تاکەکەسەی پڕیدەکاتەوە نەرمییە (مرونە)یە لە ناویدا ئەو نەرمییە کە زیاد دەڕوات لەوەی کە بوارەکە پێویستی پێیەتی، ئەوە وەک وتمان هەمان بوار لەناوی دەبات چونکە پلە و جێگای دەسەڵاتدارێتییە. هەرچەندە بە تێکڕایی و هەمیشە دەبێت ئەو بوارە بە زیندوێتی بهێڵرێتەوە نەک بە بەتاڵی. بەزیندوێتی هیشتنەوە واتە داگیرکردنی لەلایەن کەسێکەوە.

4

دەسەڵاتدارێتی لەلای ئێمە بە خامی ماوەتەوە بە شێوە سەرەتاییەکەی، واتە مەبەست شێوە جەنگەڵیەکەیەتی. ئێمە تەنها یەک زمانیان فێرکردووین، ئەویش زمانی سەردانەواندنە،

زمانی قبوڵکردن و ڕازیبوون و جێبەجێکردنە، زمانی سوژدەبردن و پاڕانەوە و دوعاکردن و زمانی لێبووردنە.
زمانی ئێمە گەشەی نەکردووە کە بگاتە ئاستی زمانی بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاریی و زمانی سەربەخۆیی و هاوتایی بوون و هەڵسەنگاندن.
دەسەڵاتدارییە سەرەتاییەکەی لای ئیمە، ڕۆژانە بە زیندویێتی دەبینرێت و بەردەکەوێت و مامەڵەیەکی ڕۆژانەی پێدەکرێت و نەبوە بە تۆڕێکی نەبینراو و خۆی نەشاردۆتەوە، بەڵکو ئامادەی هەموو گفتوگۆیەکە و لە پشت هەموو هەڵسوکەوتێکەوەیە.
ئەو شێوە دەسەڵاتدارێتییە نەگۆڕە و دینامیکی نیە و گەشەناکات و لەسەر شێوەی خۆی خۆی بەرهەم دێنێتەوە. ئیمە دەسەڵاتمان نیە، پەرەوازەی بەرەڵاکراوین، چەقی دەسەڵاتدارێتی سەردەست نەفی بوونمان دەکات.
دەسەڵاتدارێتی لەلای ئێمە بوارەکانی نەدڕیوە/نەبڕیوە، بەڵکو لەسەرەوە داسەپێنراوە. دەسەڵاتدارێتی لەلای ئێمە داخراوە و هەتا بتوانرێت تەسک دەکرێتەوە تا دەخنکێنرێت و وشک دەکرێتەوە. دەسەڵاتدارێتی یەک سیفەتی هەیە، لە دەست هەرکەسێکدا بێت (تاقم، گروپ، پارت، تاکەکەس) حەزدەکات تەسکی بکاتەوە و بەقەدەر ئەوەی بهێڵێتەوە کە لەگەڵ ڕێڕەو و ڕەوشت و بەرژەوەندی خۆیدا دەگونجێت.

5

دەسەڵاتدارێتی ڕۆژئاوا بە زانین/ زانیاری دەڕوات بەڕێوە. بە زانست و ئامرازی پەیوەندی... هەتا چەندێتی و چۆنێتی ئەو زانیاریانە وردتر و زۆرتر بێت، دەرئەنجامی باشتری هەیە و ئەنجامی باشتر دەدات بەدەستەوە. دانیشتوان دەبێت شت زۆر بزانن، دەبێت ئاگاداری هەموو لایەنێک بن. ئەمانە هەمووی بە پێچەوانەی لای ئێمەوەیە، دەسەڵاتدارێتی لەسەر نەزانین داڕێژراوە. کەس نابێت هیچ بزانێت، هەتا خەڵک دواکەوتووبێت و نەزان بێت، دەسەڵاتدارێتی زیاتر جێپێی خۆی قایم دەکات و زیاتر دەتوانی خەڵک هەڵبخڵەتێنێت و بەردەوامی بە خۆی بدات. لەسەرێکی ترەوە دەبێت ئاماژەی بەوە بکەین کە دەبێت تاکەکەسەکان بەزۆر جێگای خۆیان بکەنەوە، دەنا خۆیان لە پەراوێزی کۆمەڵگادا دەبیننەوە و دەبێت تاکەکەس هەوڵی ئەوە بدات کە "لەگەڵدا بڕوات" و بەجێ نەمێنێت. کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی ئەرکی ژیانی خستۆتە سەر هەوڵی تاکەکەسی و ئاوڕ لەکەس ناداتەوە، هەرچەندە وەک پرنسیپ هەموو توانا و ئیمکانیاتێکی بۆ تاکەکەسەکان ئامادەکردووە کە بەکاریبهێنن و سودی لێوەربگرن. واتە ئیمکانیاتەکان ئامادەیە، ئەگەر تاکەکەسەکان ئامادەبن و جێگەی خۆیانی پێ بدۆزنەوە. بۆیە دەبێت تاکەکەسەکان خۆیان هەوڵی ئەوە بدەن کە لەگەڵیدا بڕۆن

و بەجێ نەمێنن. ئەویش بە بون بەخاوەنی زانیاری و زانست و خۆپێشخستن. دەنا هەموو وەستانێک، دابڕانێکە لەو جوڵانەوە خێرایەی کە لەژێر کۆنترۆڵی کەسدا نییە.

1998– 1997